ڕاجر سێیڤری

# ئێرانی سەردەمی سەفەوی

وەرگێڕ

سەلاحەددین ئاشتی

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٦

٩٥٥,٢
س ٤٧٢ سییڤری، ڕاجر
ئێرانی سەردەمی سەفەوی/ دانانی ڕاجر سێڤری؛ وەرگێڕانی سەلاحەدین ئاشتی،
سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٦.
٤٣٢ل: وێنە، پاشکۆ، مەخشە، (١٦,٥×٢٣ سم).
پاشکۆ: کارەسات و ڕووداوەکانی قەڵای دم دم/ ئەسکەندەر بەگی تورکمان، وەرگێڕانی هێمن.
١- ئێران- مێژوو- سەردەمی سەفەوی ٢- قەڵای دم دم ٣- کوردستان- مێژوو
ئ- ئەسکەندەربەگی تورکمان (دانەر) ب- سەلاحەدین ئاشتی (وەرگێڕ) پ- ناونیشان- کارەسات و ڕووداوەکانی قەڵای دم دم.
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتاییی پێڕست و پۆلێنی ئامادەکردووە

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

**زنجیرە: ٤١**

**کتێب: ئێرانی سەردەمی سەفەوی**

**نووسەر: ڕاجر سێڤری**

**وەرگێڕ: سەلاحەدین ئاشتی**

**تایپ و مۆنتاج: پەری عەزیزئامان**

**ڕووبەرگ: قادر میرخان**

**خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید**

**تیراژ: ١٠٠٠**

**شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان**

**ژمارەی سپاردن: ٦٨٢ی ساڵی ٢٠٠٦**

ئەم کتێبە لەم سەرچاوەیەوە وەرگێڕدراوە: راجر سیوری، ایران عصر صفوی، ترجمەی کامبیز عزیزی، چاپ دوازدهم، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٣، ناونیشانە ئینگلیسییەکەی ئەمەیە: Roger Savory, Iran Under the Safavids

لە بڵاوکراوەکانی

**بنکەی ژین**

بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی
*هەرێمی کوردستانی عیراق- سلێمانی، گەڕەکی ١٠٤ ئاشتی، کۆڵانی ٣٩، ژمارەی خانوو ١٠،*
*(بەرامبەر بە قوتابخانەی سەرەتاییی ئەردەڵان)، سنووقی پۆست: ١٤*
تەلەفۆن: ٣١٣٣١٠٥ مۆبایل: ئاسیا ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یا ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤
E.mail: bnkaizhin@

# پێرست


پێشەکی........................................................................ ٥

بەشی ١

خوداوەندانی ئەردەوێڵ........................................................ ٣١

بەشی ٢

دین سالاری: فەرمانڕەوایەتی شاسمایلی یەکەم... ........................ ٦٩

بەشی ٣

ناکۆکییەکانی نێوخۆیی و دوژمنانی دەرەکی... ........................ ١٠١

بەشی ٤

ئیمپراتۆرێتی سەفەوییە دەگاتە پەرپەرۆچکەی دەسەلات... ........... ١٣٧

بەشی ٥

پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژاوا لە سەردەمی سەفەوییەدا ............... ١٧٣

بەشی ٦

گەشەی هونەر لە سەردەمی سەفەوییەدا ................................ ٢٠٥

بەشی ٧

«ئیسفەهان نیوەی جیهان» ، ئیسفەهانی سەردەمی شاعەبباس............. ٢٤١

بەشی ٨

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەوڵەتی سەفەوی ..................... ٢٧١

بەشی ٩


ژیانی فکری لە سەردەمی سەفەوییەدا ................................... ٣٠٩

بەشی ١٠

داڕووخان و نەمانی سەفەوییە.............................................. ٣٤٥

پاشکۆ ............................................................................ ٣٨٥

لیزگەی ناوەکان ................................................................ ٤١٧




**ئیمپراتۆریەتی سەفەوییە لە سەدەکانی شازدەهەم و حەڤدەهەمدا**

## پێشەکی

گەڕانەوە بە کوێرەڕێی مێژووی پڕ هەوراز و لێژی ئێراندا کارێکی ئەستەم و تاقەتپرووکێنە. باشقەڵەم و میرزاچاکی دەرک و دیوانان کە هەمیشە پارووی چەوریان لەبەر خۆشڕاوێژی و لەبلەبانی و مەرایی و دەڵەچەیی و ڕامووسانی لاشیپانی پیرۆزی دەرانەی پادشا و میر و حاکمان وەبەر گوردی هاتووە، مەگین بۆ پێهەڵاگوتن و تاریفات، دەنا ببڕای‌ببڕ خۆیان لە باسی چەنگ بەخوێنی و خیرەسەری، سەحەتسووکانی سایەچەوریان نەداوە. قەڵەمبەدەستانی خوار و ژوور هەرچەندی خۆیان پاراستبێ و نەیانویستبێ تەواو بەم زلکاوەدا ڕۆبچن، دیسانیش لەبەر توخم و بنەمای سرشتی ئادەمیزادانە و جەغزی تەنگەبەری ئاسۆی ڕوانین نەیانتوانیوە قوتاربن و سەریان لەم داوداوێنەی ژیانە دەرنەبردووە. کۆمەڵ هەر جارەی کۆڵی بۆ مەزنەپادشایەک و قوڵەمیرێک هەڵگرتووە و قۆڵی لە سەر کێشاوە و بە سوێندانەوە ڕەش و شین بۆتەوە کە نەخێر بابە ئەم فرشتەی ڕزگارییە، کەس تای ناکا بۆ پیاوچاکی و دڵاوایی و دلۆڤانی و پێوقەدەمی بەخێروبێر دەبێ و جا بزانن چۆن وڵاتمان بۆ دەڕەنگێنێ!

پاش ئەوەی میر لە پاڵپشتی گەوهەربەندی دەسەڵات پاڵی داوەتەوە و بە هەزاران بەندەی زێڕخڕید و غولامی ڕستەکراوی لە دەوروبەری خۆی بینیوە و بەهاربەند و یەختەرمەخانی ڕەوەی بێژماری یەکسمی لێبەستراوەتەوە و

قۆشەنی وەک دەریای بێئامان هەر ژاوەی هاتووە، چاوی لە ئاست گەشەی بیر و نەشەی ژیانی خەڵک قووچاندووە و چۆنی مەیل بردوویەتی ئاوای پێ پێوەناوە. جەماوەریش کە بێ پەنا و پەسیو ماونەوە و غەیری پیشخواردنەوە و ددان کرۆژتن و خەیاڵات پەسارێکی دیکەیان شک نەبردووە، کەوتوونە پێوشوێنی سەرجەلەکانی مانگ و ڕۆژپەرست و گوێیان شل کردووە بۆ مەزنی موغانی ئاورگاکان و قەشە و ڕەبەنی کلیسایان و باشمەلا و کۆلکەمەلای مزگەوتان. ئەوانیش ئەوەی زانیویانە چۆن ئادەمی دڵی پێیخۆش دەبێ بۆیان لە پرێسکەوە پێچاوە و وێیان داوە و گوتوویانە جا برۆ و پێیەوە بمرە و مەیکەوە، چونکە ژیانی هەتاهەتایی لە دوویە... . حاکم و خونکاران هەزاران ئافەریم و بارەقەڵلایان کردوون و چما پێویست بووبێ لە شانی ڕاستی خۆیان ڕۆیانناون و لە تەگبیریان دەرنەچوون. بە کۆما ماڵی دنیایان لە پێش هەڵڕشتوون و هێزی بەخوداهاتنەوەی کۆمەڵیان بە دەستی خۆیان پێناشتوون... . مێژووی ئێران کوێرەڕێیە و ئەوەندەی خوارەکە و پێچەکەی سەیر و سەمەرە وەبەردێ کە وریای تێدا گێژە و سەری سەتحی دەمێنێ. خوێندنەوە و توێژینەوەی ئەم ڕەوگە دووروودرێژەی کە لە سەدان مزڵیدا گەلێک سەرەڕۆی دەسساز و بەرهەمی کۆمەڵی لێوەدی هاتووە، بە دەستی چاوەشانی دەرگای میران وا ئاڵۆزکاوە مەلی داودۆزیش تێدەمێنێ. بەڵام چ دەکرێ؟ ئەوەی هەیە و ماوەتەوە هەر ئەوانەن کە ئەو دیرۆکساز و مێژوونووسانە خڕیان کردوونەوە و لەبەر دەستی ئێمەیان هەڵداونەوە. جا وەرە لە نێو ئەم گشتە درۆنەخشینی و لامەلامە و بوختانانەدا، ڕاستی بدۆزە و لێکیبدەوە و بیکە سەرمایەی ژیان و بڵێ کامەی چەوتە با نەیکەمە سەرمەشقی خۆم و کێهەی باشە بکەومە پێوشوێنی و وێنەی لێهەڵگرمەوە کە بەڕاستی کارێکی ئێجگار ئەستەمە! دژوارە ئەویش بۆ من کە کوردم و ئەگەر لەو سەرچاوانەدا ناوم هاتبێ مەگین بە هەڵکەوت دەنا چی ناوونیتکەی خراپە پێمەوە هەڵبەستراوە. چما باپیرانمان لەبەر دڵی حاکمانی سەردەست دەگژ یەکتر ڕاچووبن یان بەرەنگاری دوژمنیان بووبنەوە، دەنا خودا هەر بۆ نەبوون سازی کردوون... .

کورد بوون لە سەدان ساڵ لێرەوبەرەوە ئەگەر زۆریش خراپ بووبێ ڕێگای نەگرتووە لە حاکمان و میرانی کورد کە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیاندا

حکوومەتێکی نیمچەسەربەخۆ دامەزرێنن و لە بەرژەوەندی خۆیـان و بنەماڵـە و دارودەستە و پاشان جەماوەر هەڵیسووڕێنن. لـە دوای ڕووخـان و خاشـەبڕانی دەوڵەتی ساسانیڕا کە عەرەب و ترک و مەغوول هرووژمیان هێنا و هەزارەزیلەی قۆشەنی ئێران تەق و ڕەوی تێکەوت یان سەری وەبەر باڵی خەنیمان هێنـا، ئـەم هەلومەرجە هەروا نێوەنێوە باڵی ئەنگاتووە و چمـا تـەکولۆشـی تێکـەوتبێ، چیوای نەبردووە. بەڵام لـە ساڵـی ١٥٠١ی زایینـیڕا کـە شـاسمایلی سـەفەوی مەزهەبی شیعەی کردە ئایینی ڕەسمیی وڵات و هەزاران مرۆڤی تەنیا بـە تـاوانی سوننی بوون کوشت و ڕوانییە ڕوانگەی باوک و باپیری، باروهەواکە ئەوەنـدەی دیکە ڕووی کردە گرژی. کورد بی و سوننیگەریشت لە سەر ببێتە تاوان، جا بزانە چیت بە سەر دێ؟ گرینگترین ئاوێنەی ئەم هەڵسوکەوتەی پادشـایانی سـەفەوی لەگەڵ کوردان مێـژووی «عالـەمئـارای عەبباسـی»یـە کـە «ئەسـکەندەر بـەگی تورکمان» سەبارەت بەم خانەدانە نووسـیویەتی و خـۆی بـە ڕایـەخڕامووسـی فەرمانڕەوایانی سەفەوی داناوە. کێ لە حاند پادشا گوتبێتی لەل، بـا هـەقیش بووبێ، ئەسکەندەربەگ بـە غـەیانی دانـاوە و پەلـپ و بیـانووی پێگرتـووە و نەیتوانیوە نێوەڕاستی دارەدەست بگرێ. زۆر ڕووداوی واش هەیە کە زانیویـەتـی شا دڵی پێیدەژاکێ یان ڕەنگە پێیەوە دڵمەند بێ، خۆی لێنەداوە، یا تیژتێپـەڕ و بە سەرچڵی باسی کردووە.

ئەسکەندەربەگ خۆی بەشداری پەلاماری هێزەکانی سەفەوی بـووە بـۆ سـەر خاکی کوردستان و گـەمارۆدانی قـەڵای «دمدم» و سـەنگەر و شـووره و قایمـەی ئەمیرخانی برادۆستی دیتووە و تەواوێک سەروبەری ڕووداوەکـانی پێکهێنـاوە و سەرەڕای ناخۆشەویستی کوردان گەلێک ڕاستیشی درکاندووە کە لە هـەمووانیان بەرچاوتر پیاوەتی ئەمیرخانە لەگەڵ ئەسیران و ناکەسبەچـەیی و نـاجوامێری هێزەکانی شاعەبباسی سەفەوییە لەگەڵ دیلان و دەسبەسەران و میوانان.

لەم وەرگێڕانەدا نەمدەویست پێ بنێمە ئەم ڕێگا ئەستەمە، بـەڵام وەختایـەک تەماشام کردە «ڕاجر سێیڤری» لە ئاست هێنـدێک گیروگرفـت زۆر بـە هەشـتاو تێپەڕیوە یان هەر خۆی لێنەداوە، گوتم بێتوو هەڵنەدەمێ، کـەلێن و تاریکـایی سەبارەت بە کێشەی دەسـەڵات و ئـایین و ڕەگـەز بەتایبـەت لـەو سـەردەمیدا

هەروەک خۆیان دەمێننەوە. هەرچی کردم و کراندم ئەمەشم بە لاوە پەسند نەبوو. چونکە ئەگەر قەرار وایە سیستمێکی سیاسی سەرەڕۆ کە لە کۆنەوە ئێرانی لە سەر دەڕوا و نەپساوەتەوە بخرێتە بەرباس، پێویستە بارە لەبار و نالەبارەکانی تێکڕا دەرکەون، هەتا داوەری لەسەر کرانی هەر نەبێ هێندێک ساکارتر بێتەوە و کوێی بۆتە خاڵی لاواز سەبارەت بە مافی سروشتی و یاسایی ئادەمیزاد هەڵوەشێتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ بە باری زانستیدا مادامێکی بگەڕێینەوە سەر بنج و بناوانی کەڵەزەری و زۆرەملی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە مرۆڤ پەند و گۆڵمەزی زەمانەی هەر خۆی بە خۆی کردووە و پەیوەندی نێوان پادشا و گەل بە پاڵپشتی شێوەی بیر کردنەوەی کۆمەڵەوە پتەو بووە. لە کۆمەڵگایەکدا کە مافی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتووری بۆ هیچ کەس بە ڕوونی وەبەرچاو نەگیراوە و ئادەمیزادێکی حاکم دەتوانێ خودایەتی بکا یان هەر خودی خودا بێ و کەس فزەی لێوەنەیا و باوەشی پەرستنی بۆ بکرێتەوە، ژیان گێژاوێکی بەسام و خولانەوەیە لە بازنەدا.

کۆمەڵانی سەر ئەم خاک و نیشتمانەی کە هەر لە دێرزەمانەوە بە ئێران ناسراوە گەلێکیان ئەزموونی تاڵ و ناخۆش لە بواری چەوسانەوە فکریدا لەسەریەک کەڵەکە کردووە، بەڵام بەداخەوە ئەم خەزێنەیە پتر بە مۆری ماوەتەوە و هەرکات کەسانێک ویستوویانە دەستی بۆ بەرن هاواری پڤەیە بەرز بۆتەوە یان تاوانێک خراوەتە ئەستۆی ئەوەی سەر نەفسی هەڵاویشتووە. ئێران وڵاتێکی فرەدین و فرەڕەگەزە و هەر مێژوونووسێکی بێتوو دارشتی کۆمەڵایەتی وەبەرچاو نەگرێ و لێی قووڵ نەبێتەوە ڕەنگە توێژینەوەکەی زۆری بڕوا پێنەکرێ یان بە هێند وەرنەگیرێ، بەتایبەت لە لایەن خەڵکانی بندەستەوە... .

✧ ✧ ✧

لێرەدا باسەکەمان دێتەوە سەر ئەم بەرهەمە کە هەتا ئێستا ١٢جار چاپ کراوەتەوە و لام وایە ئەویش دەگەڕێتەوە سەر سێ هۆی سەرەکێ:

١- هەتا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی ئاوا سەربەخۆ دەربارەی خانەدانی سەفەوی لە سەرەتاوە تا سەرەنجام نەنووسراوە.

٢- ئەم بەرهەمە زۆر کەم زەرەدی هەیە بۆ پەز و حکوومەتی سەر دەسەڵات پێوەی وەرەز نیە.
٣- خوێندکارانی بەشی مێژوو بە ڕاڕەویش بێ دەیخوێنن و بە ژێدەرێکی زانستی دادەندرێ.

ڕاستە سێیڤری نەیویستووە تووشی هەر خاڵێکی دزێو بێ بیشارێتەوە یان شێر و ڕێوی بۆ بێنێتەوە، بەڵام گەلێک مەبەستی واش هەن یان هەر نەیدیتوون یا بە لایەوە گرینگ نەبوون و بۆ باسەکەی خۆی زۆر بە کەلکی نەزانیون. بۆیە هاتمە سەر ئەم باوەڕە خۆ بدەمە خوێندنەوە و ڕۆچوون بە هێندێک سەرچاوەی دیکەدا کە سەبارەت بەم بنەماڵەیە نووسراون. بایەخدارترین بەرهەم لە بابەت چۆنیەتی سەرهەڵدان و پەیدابوونی خانەدانی سەفەوی کتێبی «شاسمایلی یەکەم»ە بە قەڵەمی دوکتۆر «مەنووچێهری پارسادووست» کە تەواوێک هەوڵی داوە ئەوەندەی دەکرێ خۆی لە دەمارگرژێتی ئایینی و ڕەگەزایەتی بپارێزێ و جێی متمانە بێ. بە لای منەوە ئاگادار بوون لە ژیانی شاسمایل و چۆنیەتی دامەزراندنی شیعەگەری وەک ئایینی داسەپاوی وڵات و بە زەبری شیر، ڕووکاری حکوومەتی ئاشکرا و نەهێنی مەزنەمەلایانی شیعەمان بۆ دەردەخا و نیشانی دەدا کە قازانج و بەرژەوەندیی کاتی و لەخۆوە چی بە سەر گەلانی ناوچەیەکی پانوبەرینی ئەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە هێناوە و چۆنی ڕێخۆش کردووە بۆ سوڵتانانی ترکی گوێنەبیست کە بە ناوی داژدار بوونی مەزەبی سوننییەوە، خەڵک بهاروژێنن و تێکیانبەردەن و هەرێمی دەسەڵاتیانی پێ بەرفرەوانتر بکەن... .

وەک ئاماژەم پێکرد مێژووی عالەمئارای عەبباسی یەکێک لەو سەرچاوانەیە کە باسی فەرمانڕەوایانی برادۆست و موکری تێدایە و بەختەوەرانە مامۆستا «هێمن»ی ڕەحمەتی هەموو ئەو بەشەی کردۆتە کوردی و لە «توحفەی موزەففەرییە»دا بە بیانووی بەیتی «دمدم»ەوە چاپی کردووە و منیش بڕیارم دا وەک پاشکۆ و لە جێی خۆیدا بیخەمەوە بەرچاوان هەتا ڕێم تەخت کردبێ بۆ هەموو ئەوانەی دڵبەستەی ئەو مەبەستانەن و دەیانهەوێ سەربوردەی خۆیان بزانن و بیکەنە چرای ڕێگای داهاتوویەکی ڕووناک.

✧✧✧

جا ئێستا دەچمە سۆراغی کتێبی «شاسمایلی یەکەم» کە پێشتر باسم کرد و لەگەڵ چەند سەرچاوەی دیکە دەیانپشکنم و هەموو مەبەستەکان بەکورتی و پوختی دەخەمە بەردەس و پێشم خۆش نیە هیچ وشەیەک لە قازانج و بەرژەوەندی چ ڕەگەز و ئایینێک ئاوەژوو بکەمەوە.

«ئیبنووبەززاز کە یەکێک لە مریدان و سۆفییەکانی شێخ سەدرەددینی کوڕی شێخ سەفییەددین بوو، کتێبێکی قەبەی بە ناوی «صفوة‌الصفا» دەربارەی حاڵوباڵی شێخ سەفی و کەرامەتەکانی لە ساڵی ١٣٥٨ی زایینی‌دا نووسیوە... ئەم کتێبە بە دەستووری شاتەهماسبی یەکەم لە لایەن میرئەبولفەتح حوسێنی پێداچوونەوەی لەسەر کراوە و هەڵەکانی [؟] بۆهەڵگیراوەتەوە و دەستی تێوەردراوە و گۆڕانی بە سەر هاتووە.»[1]

بەپێی ئەم دەقە دەستێوەردراوە بنەوبنەچەکەی میرانی سەفەوی دەچێتەوە سەر ئیمام مووسای کازم، هەڵبەت وادیارە کە ئەبولفەتح حوسێنی دەستی بە هەموو دەقەکانی «صفوة‌الصفا» ڕانەگەیشتووە. دەقی هاڵۆزێندراو کە «غولامرەزا تەباتەبایی‌مەجد» پێی‌داچۆتەوە و بۆتە سەرچاوەی دوکتۆر «پارسادووست» ئاوا باسی تۆرەمەی شێخ سەفییەددین دەکا:

«شێخ سەفییەددین ئەبولفەتح ئیسحاق کوڕی شێخ ئەمینەددین جوبرەئیل کوڕی ساڵح کوڕی قوتبەددین‌ئەبووبەکر کوڕی سەلاحەددین‌ڕەشید کوڕی محەممەدحافزی‌کەلامولڵلا کوڕی عەواز کوڕی پیرووزی کوردی سەنجانی (ڕەزای خودای لێ بێ) فیرووزشای زێڕین‌کڵاو کوڕی محەممەدشەرفشا کوڕی محەممەد کوڕی حەسەن کوڕی محەممەد کوڕی بڕایم کوڕی جەعفەر کوڕی محەممەدئیسماعیل کوڕی محەممەد کوڕی ئەحمەدئەعرابی کوڕی ئەبوومحەممەدقاسم کوڕی ئەبووقاسمهەمزە کوڕی مووسا کازمە...»[2]

---

١. شاسمایلی یەکەم ...، دوکتۆر مەنووچێهر پارسادووست، چاپی یەکەم، شەریکەی سەهامی ئینتیشار، تاران ١٣٧٥ (١٩٩٦)، ل ١٧٨.

٢. هەمان، ل ١٧٨ – ١٧٩.

بەڵام ئەحمەد کەسرەوی مێژوونووسی ئێرانی پێیوایە ئەمە ڕەگەزمانەیەکی هەڵبەستراوە و تەواو بێنەوبەرەی پێکراوە. هێندێک لایان وایە کە هەم شێخ زاهیدی گیلانی کە پیر و مرادی شێخ سەفییەددینە کوردی «سەنگان»ی لای خوافی خوراسان بووە کە عەرەب کردوویانەتە «سەنجان» و دواتر گۆڕاوە بە سەنجار و سەنگار و شەنگار و هەم خودی شێخ سەفییەددینیش هەر خەڵکی وێ بووە؛ با بڕوانین:

«شێخ زاهید کوڕی شێخ ڕەوشەنئەمیر کوڕی بابل کوڕی شێخ بوندار (بیدار)ی کوردی سەنجانی و ناوی تاجەددین بوو. ئەو لە گوندی سیاوڕوودی گیلان لە دایک بووە.»[3]

غولامڕەزا تەباتەبایی‌مەجد بە پاڵەوپشتی قسە و توێژینەوەکانی مێژونووسی ترک زەکی وەلیدی تۆغان دەنووسی:

«مێژووی دەستێوەردان و هەڵگێڕانەوەی دەقی سەرەکی سەفوەتوسسەفا لانیکەم دەگەڕێتەوە بۆ ٤٠ ساڵ بەر لە دەستووری شاتەهماسب کە میرئەبولفەتح حوسێنی ڕاسپارد هەتا گۆڕانی تێدا بەدی بێنێ.»[4]

«گەلێک بەڵگە لە گۆڕێدان کە دەریدەخەن خانەدانی سەفەوییان ناچنەوە سەر ئیمامانی شیعان و لە ئاکامدا ئەوان سەید نین، چونکە شێخ سەفییەددین و کوڕانی هەرگیز بە سەید ناویان نەهاتووە و هەموویان پێیان گوتراوە شێخ یان خواجە...»[5]

«تۆرەمە و وەچەی ئیمامانی شیعە سەر لەبەریان شیعە بوون، بەڵام بەڵگەنامەکانی مێژوویی دەریدەخەن کە شێخ سەفی نەک تەنیا ڕێبازی شیعەی نەبووە، بەڵکوو سوننی شافعی‌مەزب بووە. حەمدوڵڵا مستەوفی لە کتێبی جوغرافیای خۆیا بە ناوی نزهـةالقلوب کە ساڵی ١٣٣٩ی زایینی، واتە پێنج ساڵ دوای مردنی شێخ سەفییەددین نووسیویەتی دەڵێ زۆربەی

---

٣. هەمان، ل ١١٧.

٤. هەمان، ل ١٩٢.

٥. هەمان، ل ١٨٠.

www.zheen.org

خەڵــکی ئازەربایجــان ســوننی بــوون. حەمدوڵـــڵا مســتەوفی وێــڕای باسکردنی شارەکان، ڕەنگی مەزهەبیشیان دێنێتــە گــۆڕ. ســەبارەت بــە دانیشتووانی ئەردەوێڵی هێلانەی سەرەکی شــێخ ســەفییەددین دەڵــێ کــە زۆربەیان لەسەر ڕێبازی ئیمامی شافعین و مریدی شێخ سەفین. کە باســی سەڵماس، ورمێ، سەراب (سەراو)، مەراغە، دێهخوارقان (دێخورگــان) و تەورێز دەکا، هەموویان بە سوننی دینپاکی شــافعی یــان حەنــەفی نــاو دەبا...»[6]

ئەحمەد کەسرەوی کە یەکێک لە پێشڕەوانی کۆڵینەوەیە سەبارەت بــە شــێخ سەفییەددین و بنەماڵەکەی جەخت لەسەر ئەم مەبەستە دەکاتەوە و دەڵێ:

«سوننی بوونی شێخ سەفی هەر بۆ قســە لێکــردن نابــێ و لەبــەرەوەی پاشەوارەکانی بوونە شیعە، ویستوویانە مەزهەبی شــێخیش بــە شــیعە بنوێنن.»[7]

«لارێنس لۆکهارت، ئێرانناسی ئینگلیسی دەڵێ: ئەگەرچی زۆرێــک لــە توخم و تۆرەمەکانی شێخ سەفی شیعەی توندڕەو بوون، بەڵام ئەو خــۆی سوننی بووە.»[8]

هەڵبەت دیارە «ڕۆمێر»ی ئاڵمانیش ئەم بۆچوونانەی سەرەوە دەســەلمێنێ، بەڵام هێندێک نیشانە هەن کە خواجەعەلی لە ڕێبازی باوک و باپیرانی لادابــێ و بووبێتە شیعە.

وەک پێشتر باسی کرا شێخ سەفییەددین کورد بووە و تەنانەت بــە کــوردیش شــێعری هۆنیتــەوە و «جــەمیل ڕۆژبــەیانی لــە ڕۆژنامــەی هاوکــاری ڕۆژی ۱۹۸۹/٦/۱۲ی‌دا گوتوویەتی خۆم گەلێک قەسیدەی کوردی شێخ ســەفییەددینم لــە دەقێکی دەسنووسی «صفوة‌الصفا»دا دیتووە کە لە کتێبخانەی میللی تارانە.»[9] دەبێ ئەم وتەیەی ڕۆژبەیانی قسەی لەسەر نەبێ، بەڵام دوو چوارینــە کــە لــە کتێبــی

---

٦. هەمان، ل ١٨٤ – ١٨٥.
٧. هەمان، ل ١٨٥.
٨. هەمان، ل ١٨٨.
٩. تابلۆکانی شەرەفنامە، عبدالرقیب یوسف، چاپی سێهەم، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥، ل ٢٤١.

بنکەی ژین
www.zheen.org

شاسمایل دا هاتوون، لەبەروەی نووسەران کوردییان نەزانیوە ئەوەندەیان هەڵە تێدایە کە ساخ کردنەوەیان دەستی نەدا و بە شێعری ئازەری لــە قەڵــەم دراون و گوتوویانە ئازەری غەیری ترکییە و زمــانی خەڵــکانی ئازەربایجانــە و ئێســتا ڕەنگە لە هێندێک گوند پێیبئاخێون و پێیدەڵێن «تاتی».

بەڵام هەر دوای هێنــدێک گــەڕان و پشــکنین تەماشــام کــرد ڕۆژبــەیانی لــە بەرهەمێکی دیکەیدا چوارخشتەکییەکی شــێخ ســەفییەددینی هێنــاوە و تۆمــاری کردووە و لە «صفوةالصفا» ڕایگواستوو:

«دێــرکێن ســەر بــە ســەودای ئــەگێجێ
دێــرکێن چــەش چــو خــوینن ئەســرەیجێ
دێــرکێن ســەر بــە ئاســتانەچ تــە دارم
خود نەواچــی کــووڕبەخــتی چو گێــجێ؟

واتە: دەمێکە و لە دێرگاڤێکە سەر لە سەودای تۆدا گێــژە. دێروەختێکــە چــاو فرمێسکی خوێنین ئەڕێژێ. دەمێکە سەرم بە ئاستانەی تۆوەیە، تــۆ ناڵــێی ئــەم بەخت کەچ و کووڕەی چ گێژە؟!»[١٠]

زەکی وەلیدی مێژوونووسی ترک چەندین دەقــی دەسنووســی «صفوةالصــفا»ی ئیبنووبەززازی پێکەوە بەراورد کردوون و لــە کۆتــاییدا بۆچــوونی خــۆی ئــاوا دەربڕیوە: «هیچ گومانی تێــدا نیــە کــە شــاسمایل و شــاتەهماسب ئەوەنــدەی توانیویانە هەوڵیان داوە کە ڕەگەزی کورد بوونی خۆیــان لــە لاپــەڕەی دیــرۆک بسترنەوە و فیرووزی کورد بەرنەوە ســەر خانــەدانی پێغەمبــەر. ئــەو ئۆباڵــی کێشاوە کە ئەحمەد کەسرەوی توێژەرەوەی ئێرانی زووتر گەیوەتە ئەم ئاکامــە و لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی شێخ ســەفی و بنەچەکــەی، ڕوون کردنــەوەی بــە دەستەوە داوە.»[١١]

ئەگەرچی «ئیسماعیل حەققی ئووزوون چارشلی» پێی وایە ســەفەوی تــرکن، بەڵام «خودی شێخ سەفی بۆمەیلی خۆی سەبارەت بە ترکان دەربڕیوە و تەنانەت

---

١٠. وڵاتەکەت باشتر بناسە، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، چاپی یەکــەم، دەزگــای ئــاراس، هــەولێر ٢٠٠٥، ل ٢١.

١١. شاسمایلی یەکەم ... ، ل ١٨٩.

وەختایەک قۆتلۆغمەلیک کچی سوڵتانکەیخاتوو جلوبەرگ و هێندێک شتومەکی دیکەی بە دیاری بۆ دەنێرێ، دەستیان بۆ نابا. شێخ سەدرەددینی کوڕی لێیدەپرسێ بۆچی وا سەرساردی، شێخ لە وەڵاما دەڵێ: ... لەبەروەی ناوی ترکی و پادشازادەیی و فەرمانڕەوایەتییان لەسەرە دڵم بۆیان ناچێ.»[١٢]

نەسروڵڵا فەلسەفی مێژوونووسی ئێرانی دەنووسێ:

«سەفییەددین بە حەوت پشتان دەچێتەوە سەر فیرووزشای زێرینکڵاو کە دەوروبەری ساڵی ٥٦٩ی کۆچی (١١٧٣ی زایینی) لە کوردستانەوە هاتوونە ئازەربایجان و ئەژدادی سەفەوییە بە ڕەچەڵاک ئێرانی بوون...»[١٣]

«محەممەدئەمین ڕیاحی توێژەرەوەی ئێرانی پێی وایە سەفەوی لەڕەگەزی کوردانی یەزیدی [ئێزەدی]ن کە لە ناوچەی سەنجار [شەنگار]ی مووسڵ ژیاون و لەوێوە هاتوونە ئازەربایجان.»[١٤]

پاش ئەم پێداهاتنەخوار و خورد بوونەوانە دەگەینە ئەم ئاکامە کە شێخ سەفی و باب و باپیرانی کورد بوون و بە کوردی دواون و لە سەر ڕێبازی سوننی ڕۆیشتوون، بەڵام نەوە و نەتیژەکانی هەوڵیان داوە ڕەگەزنامەی خۆیان بگۆڕن و گۆڕیویانە و بە زمان بوونە ترک و بە ڕێبازیش وەسەر شیعەیەتی گەڕاون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

✦✦✦

سەبارەت بە ڕچە و ڕێبازی شێخ سەفییەددین کە گۆیا لە تافی لاویدا ئۆقرەی لێهەڵگیراوە و بە شوێن دۆزینەوەی پیر و مرادێکا تۆتەکەی نەگرتووە و بێروبەوێدا خولاوەتەوە و ئاخرییەکەی لای شێخ زاهیدی گیلانی (گەیلانی) بە مرازی دڵی گەیشتووە و مەخسوودی حاسڵ بووە، مەبەستێکی ڕاستە و هەر بۆیە کەسێکی وەک «ئیلیا پاولۆویچ پێترۆشفسکی» کە کابرایەکی ڕۆژهەڵاتناسە لای وایە: «بناغەدانەری ڕاستەقینەی ئەم ڕێبازە شێخ تاجەددین زاهیدی گیلانی، مامۆستا و خەزووری شێخ سەفییەددینە نەک خودی وی.»[١٥] دیارە ئەم ڕۆژهەڵاتناسە کاریگەریی و بڕشتی شێخ زاهیدی لەسەر شێخ کردۆتە بەڵگە و لای

---

١٢. هەمان، ل ١٩٠.
١٣. هەمان، ل ١٩٠.
١٤. هەمان، ل ١٩١.
١٥. هەمان، ل ١١٩.

وایە ئەو پەروەراندوویەتی و هانی داوە و باڵی گرتووە و پاراستوویەتی، بەڵام دەبێ لەبیرمان نەچێ کە:

«هەموو نیشانە و بەڵگە و بۆنەکانی مێژوویی دەریدەخەن کە شێخ سەفییەددینی ئەردەوێلی لە زەمانی خۆیدا خەڵک تەواو دەستی ڕێزیان لێناوە و مریدی لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا هەڵکەوتوون و لە تالش، ئازەربایجان، ئاسیای بچووک، شام و دیاربەکرەوە ڕوویان تێکردووە... ئەو نەک هەر توانی جەماوەری ئاسایی و کاسپکاران و جووتیاران بەرەو خۆی ڕابکێشێ، بەڵکوو خانانی مەغوول و خووڵاتیشی نەرم کردن و بوو بە پەنا و پەسیوێک لە دژی زوڵمی زاڵمان... شێخ سەفی لە بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممۆی ١٢ی محەڕڕەمی ٧٣٥ی کۆچی (١٢ی سێپتامبری ١٣٣٤ی ز.) لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا، لە ئەردەوێل کۆچیدوایی کرد...»[١٦]

«دوای شێخ سەفییەدین، بەدرەددینموووسای کوڕی جێی گرتەوە و شێخ سەفی بە پێچەوانەی شێخ زاهید جووڵایەوە و شێخایەتی و بەرماڵی سەرگەلەیەتی لە خانەدانی خۆی نەگواستەوە بۆ جێیەکی تر. شێخ سەدرەددینیش وەک باوکی حەشیمەتێکی بەربڵاوی وەخۆی خست و ملکوماش و سامانێکی زۆروزەوەندی هاویشتە سەریەک... شێخ سەدەرددین پاش ٥٩ ساڵ ڕێبەرایەتی دەروێشان لە ٩٠ ساڵیدا (ساڵی ١٣٩٢ی ز.) مرد و بەر لە تەواو بوونی خواجەعەلی کوڕی لە جێی خۆی دانا... باپیرانی شاسمایل لە سەردەمی خواجەعەلیڕا، باوەڕی خۆیان سەبارەت بە مەزهەبی شیعە دەربڕی. خواجەعەلی زۆرتر جلی ڕەشی دەپۆشی و هەر بۆیە بە خواجەعەلی ڕەشپۆش ناسرا... ئەویش وەک پێشینیانی خۆی خەلیفەی ناردن بۆ وڵاتان و پێیدەگوتن هاتوچۆ کەم مەکەنەوە چونکە ڕێبازی هەقی دوازدەئیمامی هەر بینا خۆی دەرخست کە پێویستی بە گیانفیدایی ئێوەیە... خواجەعەلی لە کۆتایی تەمەنیدا ڕووی کردە ماڵی خودا و برایمی کوڕی لە جێی خۆی دانا، بەڵام برایم دڵی ئۆقرەی نەگرت و ئەردەوێلی بەجێهێشت و کەوتە شوێن باوکی. ئەوان پاش بەجێهێنانی ڕێوڕەسمی حەج، ڕوویان کرد بەیتولموقەددەس بەڵام خواجەعەلی ڕۆژی ١٥ی مانگی مەی ١٤٢٧ لەوێ مرد...

١٦. هەمان، ل ١٢٤.

شێخ برایم ناسراو بە شێخشا جێی باوکی گرتەوە و هاتەوە ئەردەوێڵ و خەڵک ئەوەندەیان ڕووتێدەکرد کە بە کردەوە ببوو بە حوکمڕانی ئەدەوێڵ... ڕێز و بڕشتی شێخانی سەفەوی ڕۆژبەڕۆژ پەرەی دەگرت و ڕێبازی چاکەیان وەبەر خەڵکی دەنا و لەوپەڕی خواترسیدا دەژیان... سەرەنجام شێخ برایم ساڵی ٨٥١ی کۆچی (١٤٤٧ی ز.) ماڵاوایی لە ژیان کرد... شێخ برایم بەر لە مردنی، شێخ جونەیدی کوڕە چکۆلەی کردە جێنشینی خۆی، بەڵام شێخ جەعفەری مامی کە پیاوێکی زانای خوێندەواری ئایینی و یەکێکی خۆ بەزلزان بوو، بەرسینگەی لە جونەید بڕییەوە و منداڵکارەبوونی لێکردە بیانوو... جونەید ئەوەندەی بۆی دەکرا دە مامی دەڕزا و بە ئاشکرا سۆفییەکانی بۆ شەڕ لەگەڵ کافران و لادینان دنە دەدا و گاڵەی سەرخۆشانەی بە مەزەبی شیعە دەکرد... ئاخرییەکەی لە ساڵی ١٤٤٧دا جونەید لە جێی مامی پاڵی داوە و ساڵێک دواتر لە ئەردەوێڵەوە ڕووی کردە ئاناتۆلی... ئەو لە ڕێبازی شیعەدا گەلێک توندی لێدەخوڕی و شەڕی دەکرد. هەمیشە سۆفی پڕ دەکرن ئامادە بن بۆ کوشتن و خۆ بە کوشتدان. سۆفیش کە جەزبە دەیگرتن و خۆیان دەدایە سەما و زکر و حایوهوو، پێیان وابوو خودا هاتۆتە خوار و چۆتە قاپۆڕی جونەیدەوە و بە یەزدانی زیندوویان دەزانی... جێگای سەرنجە ئەگەرچی لە سەدەی ١٥ی زایینیدا، مەزهەب بە هۆکارێکی گرینگ و چارەنووسساز دادەندرا، لە پەیوەندیی نێوان جیهانشا و حەسەنبەگدا لەگەڵ جونەید کەمتر وەبەرچاو گیرا و بەرژەوەندییەکانی حکوومەت و دەسەڵاتی سیاسی بە هێند داندران. قەرەقۆیوونلووەکان شیعە و ئاققۆیوونلووەکان سوننی بوون. بەڵام جیهانشای قەرەقۆیوونلوو جونەیدی شیعەی بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی دادەنا... جونەید کە مۆرکی شێخی بۆ ئاواتەکانی پێ لەبار نەبوو، سەرناوی سوڵتانی لەسەر خۆی دانا... جونەید ساڵی ١٤٥٦ پەلاماری ترابووزانی دا، بەڵام چیبەچی نەکرد و کە سپای عوسمانی ڕووی کردە ترابووزان جونەید خۆی پێنەگیرا و ساڵی ١٤٥٧ تێیتەقاند بۆ دیاربەکر و حەسەنبەگی ئاققۆیوونلوو بە گەرمی پێشوازی لێکرد و هەڵیگرت بۆ دوژمنایەتی لەگەڵ قەرەقۆیوونلووەکان... جونەید ٣ ساڵان لەوێ مایەوە و دوای ١١ ساڵ دووری لە ئەردەوێڵ گەڕایەوە ئەو شارە. جیهانشا ئەوجار بەگەرمە کەوتە وێزەی و ڕایسپارد کە پنجی هەڵدەکەنێ... جونەید کە دەیزانی

www.zheen.org

خۆی پێـڕاناگیرێ بـە بیـانووی شـەڕ لەگـەڵ چرکەسـان ئیزنـی لـە خـەلیل شیروانشای شیروان خواست لێیگەڕێ بە وڵاتی ئەوا تێپەڕێ... بەڵام حوکمـڕانی شیروان لێینووسی وا چاکە دەسهەڵگرێ و لە چـاخی لاویدا خـۆ بداتـە شـەڕ لەگەڵ ویستی دەروونی و خۆی ڕابێنێ... جونەید جـوابی نـەداوە و لـە ژێـرەوە خەلیفەی لە وڵاتان هەڵکردبوون. ئەوان توانیبوویان ١٠٠٠٠ کـەس کۆبکەنـەوە و چەکیان بدەنە دەستی و پاییزی ١٤٥٩ی زایینی بە بیانووی جیهاد لەگەڵ کافرانی چرکەس ڕووی کردە شیروان. خەلیل شیروانشا بە یارمەتی هێزێکی یاریدەر کـە جیهانشا بۆی ناردبوو لە تەبەرسەران بـەرەنگاری بـۆوە. سـپاکەی تێکشـکا و خۆشی کوژرا. مریدەکانی هێندەیان بروا پێی بـوو کـە دوای کوژرانیشـی پێیـان لێنەدەنا نەماوە. ئەوان ئەویان بە خودا دەزانی کـە هەمیشـە دەمێنـێ و بـەرگی هەرمانی بە باڵای براوە و هاواریان دەکرد هُوالحَّیُ لا اله الاهو... گێژی و نـەفامی ئادەمی جاری وایە دەگاتە جێیەک کە دەتوانێ بێئەوەی خۆی بزانێ وەک بـەرخ سەری ببڕن و بیکەنە قوربانی... ئەم کارانەی جونەید، یانی ساز کردنی ئـاوری دووبەرەکی نێوان شیعە و سوننییان کارێکی وای کرد و هێندەی خۆڕاگرت کە بوو بە هۆی نەپشکوانی فکریی جەماوەری ئێران و دواکەوتوویی بۆکردنـە دیـاری... جونەید زەبری زۆر زیانەونانەی لە مێژووی خەڵکی ئێران دا. ئەو بتی لە خـۆی ساز کرد و پەیڕەوانی گاڵ دا بۆ پەسن و پەرستنی. بە خۆی گوت خودا و ئەم بڕوا هەڵەیەی بە سەر مریدەکانیدا سەپاند. بت سازکردن و بتپەرسـتن کـە نزمـی و چووک بوونەوە لەگەڵ خۆی دێنێ لە تەواویساڵانی تەمـەنی شـێخ حەیـدەری کوڕی و شاسمایلی نەوەیدا وەک خـوێن لـە دەمـاری پەیـڕەوانیاندا دەگـەڕا و پەرەی پێدەدرا. پاش ئەوانیش بت سازکردن لە کەسایەتییەکانی مێژوویی ئێـران و پەسن و پەرستنیان هەر درێژەیکێشا و ئێستاش کە سەدەی بیست و یـەکەمـە ئەم پەتایە نەبڕاوەتەوە... .»[١٧]

«دەبێ وەختایەکی جونەید کوژرا، حەیدەری کوڕی لە دیاربـەکر لـە کۆشـی دایکی بەربووبێتەوە... حەسەنبەگ کە پێشتر خوشکی خۆی دابوو بـە جونەیـد، بوو بە داژداری حەیدەری خوشـکەزای ... حەیـدەر یەکـەمین کەسـی بنەماڵـەی

١٧. هەمان، ل ١٢٤، ١٢٨، ١٣٩، ١٣١، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٤، ١٣٦، ١٣٧، ١٣٨، ١٣٩، ١٤٠، ١٤١.

سەفەوییە کە هەر لە سەرەتاوە هەلومەرجی پادشایەتی و پێشەوایەتی دینی بۆ ڕەخسا... ئەو کە کوشتە و مردەی دەسەلات بوو برستی ئایینی خۆی لە ئەردەوێڵ بە کەیفێ نەبوو. کاتێک میرایەتی خاڵی دەهاتە بەرچاوی، پێی خۆش بوو هەم پادشا بێ و هەم سەرجەللەی ئایینی... ئەویش وەک باوکی پشتی بە مریدەکانی بەست و هەتا جێیەک پێهەلاچوو کە بە خودا داندرا و سەروەبەرهێنانی فەرمانەکانیان بە واجب دانا... حەیدەر بۆ دەربڕینی دەمارگرژێتی سەبارەت بە مەزهەبی شیعە وەپێش باوکی کەوتەوە و سەردەقێکی ناحەزی شکاند کە شوێنهاتی گەلێک نالەبار و خەسارباری بۆ مسولمانانی جیهان و بەتایبەت بۆ ئێرانییەکان و دراوسێیانی وەک ترکانی عوسمانی و ئۆزبەکان لێکەوتەوە. دەستەیەکی تازەی لە شیعان ڕێکخست و ناوی‌نان دەستەی حەیدەرییە. شیعەکانی حەیدەرییە زۆریان سەبارەت بە سوننییان پرکێشی دەکرد و دەگژیان ڕۆدەچوون و ڕقیان لێیان‌دەبۆوە. ئەوان لەسەر پێ‌وشوێنی قسەی شێخ حەیدەر لایان وابوو کە خێری کوشتنی سوننییەک کە پێی‌دەڵێن سەگ بارتەقای چاکەی کوشتنی پێنج‌کەس کافری شەرکەرە. سوننی مارەیان نایا، خوێنییان بەفیرۆ دەچێ و ماڵیان حەلاڵە. واجبە کە زگی ژنانی دووگیانیان بدڕێ و منداڵی نێرینەیان بە سەرەنێزەوە بکرێ. کڕین و فرۆشتنی سوننییان حەلاڵە، چونکە لە ئیسلام بە دەرن. نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج ئێستا واجب نییە، چونکە خودای مەزن خێری نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەجی سوننییان دەدا بە حەیدەرییە... حەیدەر کە دەیزانی سوننی بەوان فەرمانان هەڵدەبەزنەوە، لە پەیرەوانی خۆی ڕاسپارد کە ڕوانگەی خۆیان نەدرکێنن و هانی‌دان بۆ خۆپاراستن و تەقییە کردن... شێخ حەیدەر بۆ ئەوەی کە مریدانی گیانبازی لە مەیدانی شەڕاندا ئامادە بکا، تەگبیرێکی شیاوی هێنایە گۆڕ. کلاوێکی تایبەتی سازکرد و دەستووری دا لەبری تەپلەی تورکمانی بیکەنە سەریان و دوازدە پەڕەی بە یادی دوازدەئیمامی شیعان لێنا و بە تاجی سووری ناودێر کرد... شێخ حەیدەر هەمیشە بیری لە شیروان دەکردەوە و ڕۆژێکی خەجیج‌خانمی دایکی ناردە لای یاقووب‌بەگی خاڵۆزای کە دوای باوکی ببوو بە حاکمی هەموو وڵات و پێشتر جیهانشای قەرەقۆیوونلوو بە دەستیان تێداچووبوو... خەجیج‌بەگم داوای لە برازاکەی کرد فەڕوخ‌یەسار شیروانشا ڕازی بکا هەتا شێخ حەیدەر بەوێدا

بچێتە شەڕی چرکەسانی کافر. یاقووببەگ لەبەر پێداگری پلکی ڕێگای بۆ کردەوە... حەیدەر بە خۆی و ٦٠٠٠ چەکدارەوە بە هەر جێیەکدا ڕۆیی وێرانی کرد و دەستی دایە کوشت و کوشتاری خەڵکی بێتاوان و خوێنی جەماوەری بێچەک و هەژار شێلاوگەی بەست...لە لای شاری شەمماخی فەڕڕوخیەسار بەری لێگرت بەڵام دەرەقەتی نەهات و رایکرد و پەنای بردە نێو قەڵای گوڵستان. شێخ حەیدەر شاری شەمماخی تاڵان کرد و کەوتە کوشتنی پیاوچاکان و مامۆستایانی سوننی و کێی وەچنگ هاتن متەقی لێبڕین... ئەو هەڵمەت و دەسبزێوییانەی حەیدەر پەرەی سەند و لە شەڕێکدا هێندەی نەمابوو قوشەنی فەڕڕوخیەسار و یاقووببەگ کە هاتبوویە هانای بشکێن کە لەپڕ تیرێک گەرووی شێخ حەیدەری پێکا و چاوی پێ سپی کرد... یاقووببەگ دوای کوژرانی شێخ حەیدەر، حەلیمەبەیگیئاغا خێزانی شێخ حەیدەر و سێ کوڕەکەی عەلی، برایم و سمایلی لە ساڵی ١٤٨٨دا بەڕێ کرد بۆ شیراز و دەسبەسەری کردن...»[١٨]

«بەم شێوەیە تۆرەمەی سەفەوی لە زیندانی ئیستەخری فارسدا بۆ ماوەی چوار ساڵ و نیو مانەوە و لەبەر شەڕ و ناکۆکی نێو بنەماڵەی ئاققۆیوونلوو بە دەستی یەکێک لە خوازیارانی تاج و تەخت بە ناوی ڕۆستەمبەگ ئازاد کران... ڕۆستەمبەگ کە لەو کاتیدا شاری تەورێزی بە دەستەوە گرتبوو، وەچەی سەفەوی بانگهێشتە ئەم شوێنە هەتا بەڵکوو بە پاڵپشتی هێزی دینی و دنیایی ئەوان و مریدانیان بتوانێ بەرپەرچی خەنیمەکانی بداتەوە. سمایل و دوو براکەی کە ساڵی ١٤٨٨ بەند کرابوون، ساڵی ١٤٩٢ ئازاد کران. ڕۆستەمبەگ لەگەڵ کاکی سمایل کە پێیدەگوترا «سوڵتانعەلیپادشا» زور بەرێز جووڵایەوە و خەڵاتی دایە و هەموو ماڵ و ملکی بنەماڵەی بۆ گێڕایەوە... بە هاتنی کوڕانی شێخ حەیدەر کۆمەڵێکی بەرچاو لە مریدەکانیان لێیان کۆبوونەوە. ڕۆستەمبەگ، عەلی کە شۆڕەلاوێکی ئازا بوو گاڵی دا بۆ شەڕ لەگەڵ بایسونقوری دوژمنی... پاش چەند شەڕ و پاشەکشە بایسونقور کوژرا و لەشکرەکەی شکستی هێنا... ڕۆستەمبەگ لە چاکەی عەلی ڕێگای بۆ خۆش کردن بگەڕێنەوە ئەردەوێل... وەختایەک کۆمەڵی

١٨. هەمان، ل ١٤٣، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٧، ١٤٨، ١٥٠، ١٥١، ١٥٢، ١٥٣، ١٥٤.

مریدانی سەفەوی لە دەوری ئەم بەرەبابە کۆ بوونەوە، ڕۆستەمبەگ کێچی دە کەولی کەوت و لە تاوان ڕستی کردنەوە بۆ تەوریز... دوای ماوەیەک مانەوەیان لە تەوریز کاتێک عەلی بیستی ڕۆستەمبەگ لێبڕاوە بیانکوژێ لەگەڵ براکانی بەرەو ئەردەوێڵ تێیانتەقاند... ڕۆستەمبەگ سوارەی بە شوێنیدا ناردن و لە گوندێکی دەوروبەری ئەردەوێڵ گەیشتنەوە سەریان و دەگژیان ڕاچوون. عەلی کە کوژرانی خۆی لەبەر چاوی بوو، سمایلی برا چووکەی کردە جێنشین و کەوتە بەرەنگاری و لەم شەڕەدا کە ساڵی ١٤٩٤ی زایینی ڕووی دا، ئەم کوڕە نەترسە سەرکەوت و سپای شکستەی هەڵبڕی، بەڵام لە سواری ئەسپ هەڵدێرا و ملی شکا و پشووی لێبڕا... دوای ئەم بگرەوبەردەیە ڕۆستەمبەگ هەولی دا سمایل و برایمی برای بگرێ، بەڵام دەستی نەدا و سەرۆکانی سۆفییان ئەوانیان لەگەڵ ٨٠ کەس سۆفی ڕاگواست بۆ ڕەشت... لەم ماوەیەدا دەسەڵاتی خانەدانی ئاققۆیوونلوو لەبەر ناتەبایی و دەمتێکنانی نێوخۆیی هەر دەهات و لە کزی دەدا و خەڵک لە دەس زوڵم و زۆر و هەڵلا و بگر و خاپوورکرانی خانە و لانەیان وەزاڵە هاتبوون و فریاڕەسێکیان دەویست، بەڵام سمایل و برایمی برای هێشتا نەگەیشتبوونە تەمەنێک چی وایان لە چنگ بێ... دەربارەی عەلی برای هەرە گەورەی سمایل شتێکی ورد بە دەستەوە نیە و داخوا ئەویش لەسەر پێوشوێنی باوکی ڕۆیشتووە یان چلۆنی بیر کردۆتەوە... برایمی برا گەورەی سمایل پتر ناسراوە... دەڵێن بۆیە عەلی نەیکردە جێگرەوەی خۆی چونکە بە باری سیاسی و ئایینیدا زۆری مەیل نەبزووتووە و دڵی بۆ هەراوهوریای دنیایی نەچووە و لەبری کڵاوی سەفەوی، تەپلەی تورکمانی کردۆتە سەری... مێژوونووسانی سەفەوی سەبارەت بە پاشماوەی ژیانی برایم متەقیان لە خۆیان بڕیوە...»[١٩]

وادیارە دەبێ عەلی و برایمی تۆرەمەی سەفەوی زۆریان مەیل بۆ شیعەگەرێتی نەبزووتبێ و ڕەنگە سمایلیش لە پێشدا هەر وا بووبێ. چونکە ئەوان زۆر بە منداڵی لەم بیر و باوەڕە هەڵپچڕاون و دەبێ کەوتبنە ژێر کاردانەوەی مەزەبی دایکیان و ماڵی خاڵوانیان کە سوننی ئاققۆیوونلوو بوون. بەڵام بەڕاستی هیچ ئاشکرا نیە کە خواجەعەلی چۆن و لە چیڕا ڕووی کردۆتە ئەم ڕێبازە و چلۆن

١٩. هەمان، ل ٢١٧، ٢١٨، ٢١٩، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٢٢، ٢٤٣ و ٢٤٤.

دەستی لە ڕچەی پێشووی هەڵگرتووە. ئەوەنـدەی ڕێـی تێـدەچێ زوڵـم و زۆری دەسەڵاتدارانی مەغوول و خانانی خۆجێیی سوننیمەزەب وای کرد جەماوەر پتـر پەنا بەرنە خانەقای ئەردەوێڵ و ڕەنگە داستانی ئازایـەتـی حوسـێنی ئیمـامی سێهەمی شیعان و کوژرانی و خەون و خەیاڵاتی منداڵانەی خواجەعـەلی کـە لـە تـاوی حوسـێن جلـی ڕەشـی پۆشـی، بووبێتـە هـەوێنی هەڵـگەڕانەوەی و عەلەوییەکانی عەنەدۆڵ کە ڕوویان دەکردە ئەم خانەدانە و باڵیان دەگرتن دنەیان دابێ بۆ ڕەچاو کردنی ئەم مەزەبە. هەڵبەت نابێ کێشەی توورانی و ئێرانی (ترک و تاجیک)مان لەبەر چاوی ون بێ کە هەستی ڕەگەزایەتی هەردک لای دەبـزاوت و سوڵتانەکانی عوسمانی لە ژێرەوە پەرەیان بەم شێوە بیر کردنەوەیە دەدا. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ شیعەگەرێتی بنەماڵەی سەفەوی «کوفری پیرۆز»ی هێنایە نێـو ئـایینی ئیسـلامەوە و ڕێبـەرەکانی جێگـای خودایـان گرتـەوە و توانیـان بـە گرێپووچکەدانی بیری مریدەکانیان هەتا هەڵدێر و هەڵەمووتی بێدینـی پاڵـیان پێوە بنێن. بزاوتنی ڕەگی شیعەگەرێتی ئاوا توندوتیژ و نالەباری ئێرانییانە لـە بنـەڕەتڕا دەچێتـەوە سـەر بنەماڵـەی سـەفەوی کـە ملـهوڕانی عوسمـانیش قۆزتیانەوە و هەزاران مرۆڤیان تێدا کردە دەستەچیلەی ئاگرێکی تووکلێکراو...

«هەلومەرجی ژیانی سمایل دوای ئەوەی ڕفاندیان بۆ گیلان تـەواو کەوتۆتـە تـاریکی و مێژوونووسـانی سـەفەوی کـڕ کەوتوونـەوە. وادیـارە دەبـێ زۆر وەبەرچاوان نەهاتبێ... من لام وایە دەمارگرژێتی سمایل لە لاهیجـان گـووراوە، چونکە وەختایەک پێدەنێتە ئەو شوێنە تەمـەنی لـە ٨ ساڵـی تێنەپەڕانـدووە. سمایل هەتا ١٣ ساڵی کە ڕاپەڕی و لاهیجـانی بەجێهێشـت لـە ئـارامیدا ژیـا و جەماوەری دەوروبەری زۆریان دەکەوتە بەردڵـی... لـە لایـەکـی دیکـەوە نابـێ لەبیرمان بچێ کە حەوت کەس لە سەرۆکانی سۆفییە بـۆڕاهێنـان و پـەروەرینی سمایل ئەرکێکی زۆریان کێشـاوە و لەسـەر ئـەم بـارە ڕایانهێنـاوە... مـەولانا شەمسەددینی لاهیجانی لەسەر ڕاسپاردەی حاکمی لاهیجان کارکیا میرزاعـەلی، قورئان و فارسی و عەرەبی فێری سمایل کـرد... نووسـەری جواهرالاخبـار دەڵـێ میرزاعەلی، سمایلی زۆر خۆش دەویست و دەیگوت لێیگەڕێن با تیروکـەوان بـە دەستەوە بگرێ و قاز و مراوی و مریشکی کە وەبەر تیری هاتن پێیاندابێ و کەس

هەقی نیە وستە بکا و کەلاکەکان باوێنە پێش سەگان... لێرەدا پرسیارێکی گرینگ بە مێشکی ئادەمیدا دێ کە باشە چلۆن کوڕێکی کاڵی تەمەن ١٥ ساڵ وەختایەک دەبێتە پادشا ئەوەندە بۆتە شیعەیەکی دەمارگرژ و لە کوشتنی سوننییاندا ئاوای پێ لێهەڵێناوە و دڵڕەقێتی نواندووە. کوژرانی باوک و باپیری بە دەستی شیروانشایانی سوننی ناتوانێ بووبێتە هۆکاری زەبروزەنگی ئاوا توندڕەوانەی مەزهەبی، بەتایبەت کە باب و کاڵانی سمایل خۆ لەبەر ڕێبازی شیعە نەکوژران، بەڵکوو دەیانویست خاک و هەرێمی حاکمان داگیر بکەن و ئەوانیش لێیانوەدەست هاتن... بێگومان تایبەتمەندێتی سروشتیی سمایل کە هەڵیدەبوێری لە باوک و باپیران و براکانی تەواو کاریان کردۆتە سەر ڕوانگەی تەسک و دەغەزدارانەی...»[٢٠]

«سمایلی یەکەم هەر ئەو ڕۆژەی کە بوو بە پادشا و لە تەورێز تاجی نایە سەر، مەزهەبی شیعەی کردە مەزهەبی ڕەسمیی وڵات... ڕۆژی هەینی خۆی بە شیری ڕووتەوە ڕووی کردە مزگەوتی گەورەی شار و لە نێوان هەر دوو کەسی سوننیدا قزڵباشێکی بە شیر و خەنجەرەوە دانا و فەرمانی دا مەلا خوتبە بە ناوی ئیمامانی شیعە بخوێنێتەوە و جنێو بدا بە سێ خەلیفەی بەرایی: ئەبووبەکر، عومەر و عوسمان. هاواری بەرز بۆوە و گوتی هەر کەس نەڵێ وایە بیکوژن و هەر واش جووڵانەوە و جەماوەرێکی یەکجار زۆریان خەڵتانی خوێن کرد... بەم شێوەیە شاسمایل ئاوا ڕێبازی شیعەی بە خەڵک نیشان دا و بە کەڵەزەری مەزەبی بە سەردا سەپاندن. ئەو دەستووری دا «اشهد ان علیاً ولی اللـه» و «حیّ علی خیرالعمل» لە بانگ زیاد بکەن و هەر کەس بە دابی سوننییان دەسنوێژ هەڵگرێ و نوێژ بکا، سەری ببڕن... خۆ خەڵکی تەورێز، دەستیان وەبەر شاسمایل نەهێنابوو، بەڵام بە تاوانی سوننی بوون قەڵاچۆی کردن... لەسەر فەرمانی شاسمایل، قزڵباش هەر کەسێک بە حاڵودووبەڵا بێمەیلی نواندبا سەبارەت بە مەزهەبی شیعە دەیانکوشت و تەنانەت زگی ژنانی ئاوسیان دەدڕی... گۆیا تەنیا لە شاری تەورێز ٢٠٠٠٠ کەسی لە خوێن گەوزاندووە... بازرگانێکی وێنیزی کە بە چاوی خۆی دڵڕەقی و بێڕەحمییەکانی

٢٠. هەمان، ل ٢٤٤، ٢٤٥ و ٢٤٧.

سمایلی دیتووە نووسیویەتی: گومان هەیە کە لە زەمانی «نێرۆن»ەوە تا ئێستا فەرمانڕەوایەکی ئاوا زاڵمی خوێنخۆر هەرگیز پێی نابێتە جەغزی ژیانەوە... دەبێ ئەوەندەمان لە بیر بێ کە قزڵباشان جگە لە ڕەگەزیی ئێرانیی تالش، هەموویان لە وڵاتانی بێگانەوە هاتبوون و لە ژێر سەرکردایەتی شاسمایلدا گەیشتبوونە دەسەڵات. بە لای ئەوانە خەڵک و خاکی ئێران پووشێکی سووتاوی نەدێنا...»[21]

شاسمایل دوای ئەوەی بناغەی حکوومەتەکەی هێندێکی خۆ گرت کەوتە پەلاماردانی هەرێم و مەڵبەند و ناوچەکان و وڵاتی بە خوێن ڕەنگاند. «تەنانەت وەختایەک دژداران و نیشتەجێیانی قەڵای ئۆستا خۆیان بە دەستەوە دا، شا فەرمانی قەڵتوبڕی ١٠٠٠٠ کەسی دەرکرد. شاسمایل لە شەڕی ئۆستادا دەستوورێکی قێزەونانەی دا و مرادبەگی بایندور کە کوڕمامی دایکی بوو بە زیندووی کردیانە کەباب و خواردیان... هەر کەسانێک یان خەڵکی هەر جێیەک کە زانیبای لە کۆنا بەشداری شەڕێک بوون و خزمێکی ئەوی تێدا کوژراوە دەیدانە بەر مەودای شیر و تیران و جووقەواری لێدەبڕین...»[22]

«کوردان هەمیشە گرێ و کۆسپێکی گەورە بوون لەسەر ڕێی شاسمایلی یەکەم و پادشاکانی دیکەی سەفەوی. ئەوان بە ڕەگەز ئێرانین و زمانیان لقێکە لە زمانەکانی ئێرانی. ئەگەرچی زۆربەیان سوننین، بەڵام لەبەروەی میرانی قەرەقۆیوونلوو، بە نەرمی لەگەڵیان دەجووڵاونەوە، پشتیوانییان لەوان دەکرد. حەسەنبەگی ئاققۆیوونلوو کە سوننیمەسەب بوو کەوتە شەڕی کوردانی سوننی و خاک و مەڵبەندی میرانی کوردی، بەتایبەت هەرێمی بەرفراوانی چەشمکەزەک (کوردستان)ی گرت. لە ساڵی ٩١٢ی کۆچی (١٥٠٦ی زایینی)دا، کاتێک کە شاسمایل لە گیلانەوە گەڕایەوە و لە خۆیە بنەی خست، بایرامبەگی قەرامانلوو، خادمبەگی خەلیفە، عەبدیبەگی شاملوو و ساروو‌عەلیبەگی لەگەڵ تاقمێکی زۆری قزڵباشان گاڵ دا بۆ سەرکوتی سارمی کوڕی سەیفەددینی موکری، حاکمی هەرێمی موکری لە کوردستان. سارم سەرەتا پەنای بردە چیاکان. قزڵباشان

٢١. هەمان، ل ٢٧٧، ٢٧٨، ٢٧٩ و ٢٨٠.

٢٢. هەمان، ل، ٢٩٥.

مەڵبەندی موکریانیان تاڵان کرد و گەلێک کوردیان لە خوێنی خۆیــان گەوزانــد. سارم دوای ئەوەی بەم دەست نەپاراستن و دڵڕەقییانەی قزڵباشــانی زانــی، لــە کێوان داوەری و کەوتە کوتانی هێزەکانی قزڵــباش. شــەڕێکی ســەخت قــەوما و قزڵباش بەزین و بە دانی کوشــتە و زامــارێکی زۆرەوە ڕەویــن و گەڕانــەوە نێــو هۆردووی شاسمایل. لەو شەڕەدا عەبدیبەگی شاملوو کە خوشکی شای لە بــاڵدا بوو لەگەڵ سارووعەلیبەگی مۆردار کوژران.»[٢٣]

«بەر لە ســەفەوییەکان، میرانــی مــوکری دەســەڵاتــداری بەشــی باشــووری دەوروبەری گۆلی ورمێ بوون. کاتێک شاسمایل ویســتی دەســەڵاتــی سیاســی و مەزەبی خۆیان بە سەردا بسەپێنێ، بەرەوڕووی بەربەرەکانی سارمبەگی مــوکری بۆوە. سەید عەلیئەکبەری خەتایی، لە لاپەڕە ١٩٧ی سەفەرنامەکەیدا دەنووسێ: ئەو کاتەی ڕێمان کەوتە تەورێز، سارم بەرەوڕووی قزڵباشەکان وێستابوو. لەو شەڕ و تێکهەڵچوونانەدا برایەک و کوڕێکی ســارم بــە دیــل گیرابــوون. لەســەر فەرمانی شا کوڕی سارمیان بە زیندوویی کردە کــەباب و بــۆ خــۆی یەکــەم پلــی خوارد و ئەوانی تریش کەوتنە شوێنی و خواردیان؛ براکەشیان بە زینــدوویی لــە مەنجەڵدا کوڵاند و... .»[٢٤]

ئەوەی ڕاستی بێ شاسمایل بەختی چاکی هێنابوو، چونکە سوڵتان بایەزیــدی عوسمانی هیچ مەیلی لە شەڕ و خوێنڕژانــدنی خەڵــک نــەبوو، بۆیــە هــەرچی سمایــل هەڵتۆزهەڵــتۆزی کــرد و جاروبــارە خەڵــکی لــێ هــان و ناوچــەکانی ژێردەسەڵاتی هەژاند لای لێنەکردەوە و هەر بە سەری زمان لاواندییــەوە و چەنــد جاران بە نامە ئامۆژگاری کرد. بەڵام وەختایــەک سوڵــتان ســەلیم هاتــە ســەر دەسەڵات، دەماری سوننیگەرێتی وەک شیعەگەرێتی شاسمایل بــزووت و خــۆی دایە کوشتاری خەڵکانی بێگوناهی شــیعە. لــەم بەینــەدا هەوڵــی دا و لــە ڕێــی مەزنەمەلای کورد ئیدریس بدلیسییەوە لەگەڵ میرانی کورد ڕێککەوت و زۆری بــە قازانجی شکایەوە... بەیانــەی ڕۆژی چوارشــەممۆ ٢ی ڕەجــەبی ٩٢٠ی ک. (٢٣ی

---

٢٣. هەمان، ل ٢٩٥، ٢٩٦.

٢٤. نەتەوەخوازی، دوکتۆر عەبدوڵــلا ئەبریشــەمی، وەرگێــڕانی ســەلاحەددین ئاشــتی، چــاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ل ١٧٤.

ئووتی ١٥١٤ی ز) سوڵتان سەلیم لە دەشتی چاڵدێران لەشکری گەورە و گرانی بەرەورووی قزڵباشان کردەوە و چەند کاتەژمێرێکی پێنەچوو کە شاسمایل شکا و بە برینداری ڕایکرد. شاسمایل کە خۆی بە ڕاسپاردەی خودا دەزانی، پووچیی بۆچوونەکانی لێ ڕوون بۆوە و بڕوای قزڵباشانیش بە کزیدا کەوت. شاسمایلی یەکەم دوای ئەم تەزینە خەمۆکی بە سەردا هات و میزەری ڕەشی نایە سەری و ئالای قەترانی هەڵدا و لە سەری نووسی «القصاص». ئەوەندەی تەمەنی کە پاش لێکدانی چاڵدێران ڕایبوارد کەمتر بزەی نیشتە سەر لێوی و زیاتر خەریکی شەراب خواردنەوە، مێبازی، نێربازی و ڕاو، بەتایبەت ڕاوە هەوێردە بوو. ڕەنگە شاسمایل ئالای ڕەشی بۆ ئیمام حوسێن هەڵدابێ و فرمێسکی بۆ ڕشتبێ، بەڵام ئەوەی کردی تەواو پێچەوانەی ئایینی ئیسلام بوو کە خۆی ناوی نابوو شیعەگەری. هەرچی بێ و هەر چۆنێک بێ شاسمایل دوای ٢٤ ساڵ پادشایەتی لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا مرد و بردیانەوە لای شێخ سەفیەددین و لە وێ ناشتیان. پاش شاسمایل شاتۆماسب هاتە سەر دەسەڵات کە زۆر لە باوکی ئارامتر هەنگاوی دەنا و بە نەرمی لەگەڵ خەڵک دەجووڵایەوە. «دوای سارمبەگ میرانی موکری پشتیان وەپشت شاتۆماسب دا. ئەمەش دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ سەفەوییەکان و بە شکستێکی سیاسی بۆ عوسمانییەکان دادەندار. دووەم دەسکەوتی شاتۆماسب پەنا هێنانی شەرەفخانی حاکمی بدلیس بوو بۆ لای دەوڵەتی ئێران. خەریک بوو لەنگەرەکە بە سوودی شاتەهماسب تێکبچێ، بەڵام سوڵتانسولەیمان بە حەرەکەتێک، تای تەرازووەکەی بە لای خۆیدا شکاندەوە و بە گەلەکۆمەگیی میرانی کوردستان، لەشکری نارده سەر فەرمانڕەوای موکری و تێکیشکاند و نەیهێشت ئەمارەتی موکری ببێتە پێگەی سەفەوییەکان... دوای مەرگی شاتەهماسب، شاسمایلی دووەم هاتە سەر تەخت. هەر لەڕێوە ڕایگەیاند مەزهەبەکەی بۆتە سوننی. بەم کارە دڵخۆشیی تەواو ئەو کەسانەی دایەوە کە لێیان دابڕابوون...»[٢٥]

---

٢٥. کوردستان و ستراتێژیی دەوڵەتان، حوسێنی مەدەنی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی، بەرگی یەکەم، ل ١٠٢ – ١٠٣.

پاش شاتۆماسب محەممەدی خودابەندە دێتە سەر دەسەڵات و ئەویش فەرمانڕەوایەکی فەقیرحاڵەی بەستەزمانە بوو کە شتێکی ئەوتۆی جگە لەوەی سێیڤری نووسیویەتی نییەتی کە شیاوی باس بێ. بەڵام دوای ئەو عەبباسی یەکەم دێتە سەر حوکم کە گەشە دەدا بە دەوڵەتی سەفەوی و سەرەڕای شەتەکدانی مەزنەمەلایانی شیعە، گەلێک کەلتووری سەر بەم ڕێبازەی دەوڵەمەند کرد. سێیڤری زۆر بە وردی بە ژیانی شاعەبباس‌دا چۆتەوە و یەکێک لەو مەبەستانەی کە باسی نەکردووە مەسەلەی بەرەوڕووبوونەوەیەتی لەگەڵ میر کوردەکان و عەشیرەتان و جەماوەری کوردستان. وەک ئاشکرایە شاعەبباس گەلێک خێزانی کوردی ڕاگواست بۆ خوراسان و هەم مەترسیی ئەوانی بۆ سەر دەوڵەتی ناوەندی کەم کردەوە و هەم وەک شوورەیەک لە بەرامبەر دوژمنانی دەرەکی‌دا سنووری پێ‌تەنین.

«ڕوژهەڵاتناسی ڕووس خاتوو ئۆلگا ژیگالینا لە بارەی کوردەکانی خوراسانەوە دەڵێ: زیاتر لە ٢٥٠ هەزار کورد لە کاتی سەفەوییەکانەوە لە خوراسان نیشتەجێ و نیمچەکۆچەر دەژین. شاعەبباس ١٥ هەزار خێزانی کوردی لە باکووری خوراسان نیشتەجێ کرد... لە نێو کوردا دوو بۆچوون هەیە لە بارەی ڕاگویزانی ئەو کوردانەوە بۆ خوراسان. یەکەمیان ئەمەیە کە ئەم کوردانە بە هۆی بزێوییانەوە لە لایەن تەیمووری لەنگەوە لە سووریاوە بۆ خارەزم و بوخارا گوێزراونەتەوە. ئەم کوردانە، مردنی تەیمووری لەنگ و بەرپابوونی شەڕوشووڕیان لە نێوان کوڕەکانی‌دا بە هەل زانی بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر خاک و زێدی خۆیان، بەڵام بەشێکیان ناوچەکانی دەرەگەز و قۆچان و بوجنووردیان بە باش زانی بۆ مەڕ و ماڵات بەخێو کردن و لە خوراسان مانەوە. بەپێی بۆچوونی دووەم لە کاتی شاسمایلی سەفەوی‌دا نیزیکەی ٣٠ هەزار خێزانی

کورد بۆ ناوچەکانی دەرەگەز و بوجنوورد و قۆچان ڕاگوێزران و ئەرکی پاراستنی سنووریان لە بەرامبەر تورکمانەکاندا پێسپێردرا...»[٢٦]

جا با لــە کــورتی ببڕینــەوە و بێینــە ســەر باســی ئــەمیرخانی برادۆســت. بەگوێرەی هێندێک سەرچاوەی باوەڕپێکراو، خانی کورد لــە شــەڕێکا دەســتێکی دەپەڕێ و شاعەبباس لەبەر ئازایەتی و مەردایەتی ئــەم کەڵــەمێردە، دەســتوور دەدا دەستێکی لە زێڕی سوور بۆ ساز بکەن و لەو دەمیڕا بە خــانی لــەپزێــڕین ناوبانگی دەڕوا و حکوومەتی ورمێ و شنۆشی پێ دەسپێردرێ. «ئەمیرخان کە لــە نێو دوو بەرداشی گــەورەدا مــابۆوە، هەمیشــە بــیری لــە دوارۆژی دەســەڵاتــی دەکردەوە کە داخوا چلۆن خۆی پێ لــە نێــو ئــەو بەرداشــانەدا ڕاگــیرێ؟ هــیچ بڕوایەکی بە دۆستایەتیی درێژخایەنی ترکانی عوسمــانی و عەجــەمی ســەفەوی نەبوو. لەبەر ئەوە دەستی کرد بە ســاز کردنــەوەی کۆنەقــەڵای دمدم لــە گەڵــی قاسملوو... عەجەم پێیان‌ناخۆش بوو و کەوتنە کەتن‌گێڕان و بڕیاریان دا تاقمێک لــە عەشــیرەتی جــەلالیی لــە ناوچــەی برادۆســت نیشــتەجێ بکــەن و ئــاگری پێهەڵاییسێنن. بەڵام ئەمیرخان ملی نەدا. شاعەبباس ئــەمیرخانی تەڵــەب کــرد. خان گوێی نەدایە و گوتی: ئەگەر ئەو شایە، منیش میرم. شاعەبباس بەو قسەیە ئاوری گرت، لەشکرێکی بێدادی ناردە سەری، دوای شەڕێکی خوێناوی کە پتر لە سێ مانگی خایانــد قــەڵای دمدم بــە دەس ســپای قزڵــباش گــیرا و کۆتــایی بــە میرایەتیی خانی لەپزێڕینیش هات (١٠١٧ کۆچی / ١٦٠٨ی زایینی)...»[٢٧]

دوای ئەمیرخان نۆرە دەگاتە میرنشینی مــوکری. شــاعەبباس کــە داوای لــە قوبادخان کردبوو بچێتە شەڕی خانی لەپزێڕین و ئەویش گوێی نەدابوویە زۆری پێ تووڕە بوو. شای سەفەوی هەر لە بیری مابوو کە جارێکیان کــوڕە کــوردێکی

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

٢٦. لاهووتی کرماشانی، شــاعیری شۆڕشــگێڕی کــورد، ئــەنوەر سوڵــتانی، بنکــەی ژیــن، بــۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کــوردی، چــاپی یەکــەم، ساڵــی ٢٠٠٦، سلێمانی، ل ٢٣٤ – ٢٣٦.

٢٧. کوردستان و ستراتێژیی دەوڵەتان، حوسێنی مەدەنی، چاپی یەکەم، ساڵــی ٢٠٠٠ی زایینــی، بەرگی یەکەم، ل ١١٠.

ئازای موکری ویستبووی بە خەنجەری ژاراوی بیکوژێ، بەڵام وەبەر گوردی نەهاتبوو. هەمووی ئەوانەی کردە بیانوو و هەڵلای «موکری قڕان»ی نایەوە و تۆزی لە بنەماڵەی میرانی موکریان بە با کرد... .

«سیاسەتی شاعەبباس بۆ ڕام کردن و هێزوەبەرنانی کوردانی ئەمارەتی ئەردەڵان لەگەڵ میرنشینەکانی تر جیاوازی هەبوو. هەڵۆخان لە ٩٨٣ی ک. (١٥٧٥ی ز.) ئالای سەربەخۆیی هەڵکردبوو. ئەوەندە بەهێز بوو شاسمایلی دووەمی بە هیچ دانەدەنا... کە شاعەبباس هاتە سەر کار کەوتە بیری شکاندنی و خانئەحمەدخانی کوڕی هەڵفریواند و خوشکی خۆی دایە و دەگژ باوکی ڕۆکرد... هەڵۆخان کە بیستی کوڕەکەی ساڵی ١٠٢٢ی ک. (١٦١٣ی ز.) لەگەڵ لەشکری قزڵباشان هاتۆتە سەری، گوتی: انا للە و انا الیە راجعون، چونکە زۆری پێناچێ بانگی ڕافزی هەموو کوردستان دەگرێتەوە... سەرەنجام ئەحمەدخان باوکی بە قوڵبەستکراوی دەنێرێ بۆ ئیسفەهان و جێی باوکی دەگرێتەوە. هەتا شاعەبباسی مابوو، خانئەحمەدخان هەر بە قسەی وی هەڵدەسووڕا و تەنانەت شەڕی بڵباس و موکریشی بۆ دەکرد. دواتر ناردی هەرێمی دووچۆمان، مووسڵ، کەرکووک و بەغداشی پێگرت. ئەمەش سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بوو کە ساڵی ١٠٣٩ی ک. (١٦ابی ز.) بۆ شای ئێرانی دەستەبەر کرد. بەڵام بە مردنی شاعەبباس، شاسەفی بە دەرهێنانی چاوی سورخاببەگی کوڕی خانئەحمەدخان، ئەم میرەی لە سەفەوییەکان کردەوە. ئەحمەدخان پەنای بۆ دەربـاری سوڵتانی عوسمانی برد. هەر ئەو وەختیش لە ڕێوڕەسمێکدا جێژنی سەربەخۆیی خۆی بەرپا کرد. بە ناوی خۆی سکەی لێدا و لە هەموو قەڵەمڕەوی ژێر دەسەڵاتیدا خوتبەیان بە ناوی شای سەربەستی کوردستان دەخوێندەوە. ئیتر کوردستان تازە نە قەڵەمڕەوی عوسمانی بوو نە خاکی سەفەوی...»[٢٨]

وادیارە لە دوای شاسەفیڕا میرانی سەفەوی هەوڵیان داوە لەگەڵ میرنشینانی کورد بحاوێنەوە و ئەوانیش ئەوەندەی بۆیان کراوە خۆیان لە گێرە و کێشەی

---

٢٨. هەمان، ل ١١١، ١١٢، ١١٣.

لابەلا پاراستووە. هەڵبەت وەک سێیڤری باسی دەکا هەر لە دوای دەورانی شاعەبباسی یەکەمەوە گلۆڵەی پادشایانی سەفەوی کەوتبووە لێژی و لەبەر لێنەوەشاوەیی و بێدەماری و خۆشڕابواردنی میران و تەنینەوەی دەسەڵاتی حەرەمخانە و خواجەکانی بارگا و نەمانی قزڵباشانی گیانفیدا و هەڵچۆڕانی خەزێنە، خاشەیان بڕایەوە و کێشەی کوردیش هەر بە نیوە و نیوەچڵی مایەوە...

⁂

ئەم کتێبە لە ڕووی دەقی فارسی چاپی یازدەهەمەوە کراوەتە کوردی کە بەڕێز کامبیز عەزیزی لە ئینگلیسییەوە وەریگێڕاوە و گەلێک پەراوێزی پێویستی بۆ کردووە.

«ڕاجر سێیڤری کە ئێرانناسێکی گەورەیە لە ٢٧ی ژانوییەی ١٩٢٥دا لە وڵاتی بریتانیا هاتۆتە نێو جەغزی ژیانەوە. لە مەودای ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٧ سەرەتا پێی ناوەتە سپا و دواتر وەک کارمەندی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە ئێران بنەگر بووە. پاش گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆی، ساڵی ١٩٥٨ لە زانکۆی لەندەن دوکتۆرای ئێراناسیی وەرگرتووە. هێندێک لە بەرهەمەکانی بریتین لە: نووسینی کۆمەڵێک وتار لە «دایرەتولمەعاریفی ئیسلام»دا؛ هاوکاری کردن لە نووسینی کتێبی «ئێرانی دوای ئیسلام، پێداچوونەوەیەک بە سەر مێژوو، کەلتوور و زمانیاندا» (١٩٦٤)؛ هەڵەبڕکردنی کتێبی «پێشەکییەک لەسەر شارستانییەتی ئیسلامی» (١٩٦٧) و وەرگێڕانی «مێژووی عالەمئارای عەبباسی» (٢ بەرگ، ١٩٧٨).»[٢٩]

سەلاحەددین ئاشتی

١٤ / ٤ / ١٣٨٥ ( ٥ / ٧ / ٢٠٠٦)

---

٢٩. لاپەڕە ١١ی دەقی فارسی ئەم بەرهەمە.

www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

١

# خوداوەندانی ئەردەوێڵ

شاری ئەردەوێڵ لە ڕۆژهەڵاتی ئازەربایجان و باکووری ڕۆژاوای ئێران، کەم و زۆر کەوتۆتە بەرزایی و دەستەوهەورازی ١٥٢٤ میتری. ئەم شارە لە دەشتێکی نێوان کۆمەڵە شاخێکا پەڕی هەڵداوە کە بەرزترینیان گرکانی خامۆشی «سەبەلان»ە و ٤٨١٠ میتر بڵیندە. ئەم کێوە تەنانەت هاوینانیش کەم وا هەیە تەواو بەفری بچێتەوە و قەڵافەتی مەزنی لە سی کیلۆمیتری ڕۆژاوای شار چەقیوە و سەری قوت کردۆتەوە.

لە سەدەی دەیەمی زایینیدا ئەردەوێڵ بۆ ماوەیەکی کەمخایەن ببوو بە یەکێک لە شارە قەوغا و بەرچاوەکانی ئازەربایجان، بەڵام تەورێز کە کەوتۆتە ٢٠٠ کیلۆمیتر ئەولاتری باڵی ڕۆژاوای، زوویەکی جێی گرتەوە. تەورێز بەخێرایی بوو بە وێستگەیەکی گرینگ لە سەر ڕێی یەکێک لە گەورەترین ڕێوبانە بازرگانییەکانی جیهان لە ڕۆژهەڵاتی دوور و ئاسیای ناوەندی و هەروەها بوو بە چەقی ڕایەڵەی کۆمەڵێک شارێ کە دووچۆمان (بین‌النهرین) و بەندەرەکانی مەدیتەرانە و ئاناتۆلی و قوستەنتەنییەیان پێکەوە دەبەستەوە و لە لای باکوور بە قەفقازدا دەکشانە ئۆکراین و کریمە و ئورووپای ڕۆژهەڵاتی. تەورێز بۆیە لە چاو ئەردەوێڵ گەشەی کرد، چونکە ئەو شارە لە ساڵی ١٢٢٠ی زایینی (٦١٦-١٧ی

کۆچی)دا بە دەستی مەغوولان تالان و خاپوور کرا و ساڵی دواتر تەوریز بە دانی سزانەغدینەیەکی قورس خۆی لەو چارەنووسە پاراست. لە سەرەتای سەدەی چاردە (هەشتەم)دا، ئەردەوێڵ هەر وەک ئەمڕۆ، ببوو بە شارێکی بچووک و تا رادەیەک لاپەڕ و دوور لە ڕەوگەی هاتوچۆ.

جا بۆیە لە یەکەم نیگادا وا نەدەهاتە بەرچاو کە ئەردەوێڵ ببێتە ناوەندی سەرکردایەتی جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە. لەگەڵ ئەمەشدا، دوورەدەستیی و کەمتاکورتێک بێبایەخی شارەکە گەلێک بە قازانجی ڕێبەرانی ئەم جووڵانەوەیە بوو کە دەیانویست چەندی بۆیان دەکرێ کەمتر هەستی دڕدۆنگیی حوکمڕانانی تەوریز ببزێون یان دوژمنایەتی کەم و زۆر مسۆگەری ئەوان ڕابکێشن. کۆسار و لێڕەوار و زۆنگاوی چڕ و پڕ و تیرتێنەچووی «گیلان»یش کەوتبوونە دەوروبەری ئەردەوێڵ و نیزیکایەتی ئەو پەنا و پەسیوە بوو بە هۆی دەربازبوونی ئەم جووڵانەوەیە و تێدانەچوونی لە کۆتایی سەدەی پازدە (نۆهەم)دا.

بەڵام هیچ وێناچێ یەکەم کەسی خانەدانی سەفەوی کە ئێمە کۆمەڵێکمان زانیاری مێژووی دەربارەی هەیە، تێبینی ئەو مەبەستانەی کردبێ. ئەو پیاوە کەسێکە بە ناوی فیرووزشای زێرینکڵاو کە لە سەدەی یازدە (پێنجەم)دا ژیاوە و ملکدارێکی دەوڵەمەند بووە لە ناوچەی ئەردەوێڵ. تۆرەمەی بنە و بنەچەکەی خانەدانی سەفەوی هێشتاش کەوتۆتە ژێر پەردەیەکی تەماوی. «هینتس» سەبارەت بە بانگەشەی کۆچ و کۆچباری فیرووزشا لە «یەمەن»ەوە بۆ ئازەربایجان دواوە و ئەمەی بە نیشانەیەکی عەرەببوونی بنەماڵەی سەفەوی لە قەڵەم داوە.[1] «ئایالۆن» بانگەشەی کردووە کە سەفەوییە ترک بوون. «کەسرەوی» پاش توێژینەوە و پێداچوونەوەی وردی نیشانە و بەڵگەنامەکان گەیشتۆتە ئەم ئاکامە کە سەفەوییە دانشتووانی خۆولاتی ئێران و لە ڕەگەزی ڕەسەنی ئاریایی (ئێرانی) بوون؛ کەچی بە ڕاوێژی ئازەری کە چەشنێکە لە ترکی و زمانی خۆجێیی ئازەربایجانە دواون. تەنیا خاڵی لێڵ و نادیار بۆ کەسرەوی ئەمە بوو کە داخوا خانەدانی سەفەوی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن نیشتەجێی ئازەربایجان بوون یان لە کوردستانەوە کۆچیان کردووە بۆ وێندەرێ. لەم ئاخرییانەدا «تۆگان» [تۆغان] سەرلەنوێ بە بەڵگەنامەکان داچۆوە و گەیشتە ئەم ئاکامە کە ڕەنگە بنەچەکەی سەفەوییە لە وەختی گیرانی ناوچەکانی ئەردەوێڵ، ئاران[2]، موغان و داربووم،

لە ساڵی ١٠٢٥ (١٦-٤١٥)دا، بە دەستی ئەمیری ڕەوادی کورد، مەمەلانی کوڕی وەهسودان[٣]، لەگەڵی هاتبن.

باشە بۆچی سەبارەت بە ڕەگەز و بنەچەکەی زنجیرەی ئەم خانەدانە گرینگە کە دیسانەوە هەوێنی پێناسەی ئێرانی زیندوو کردەوە و دوای هەشتسەدە و نیو فەرمانڕەوایەتی میرانی بێگانە، ولاتێکی سەربەخۆی ئێرانیی بنیات نایەوە، هێندە ئاڵۆزکاوی و چەواشەیی لە گۆڕێ دایە؟ ئەمە لەبەر ئەوەیە کە سەوفەییە هەر ئەوەندەی لە ڕێی هێزی بەرەو گەشەی بیروباوەڕێکی تایبەت دەسەلاتیان گرتە دەست، بەئانقەست کەوتنە تێدابردنی تەواوی ئەو بەڵگەنامانەی باسی سەرینچاوەی بنەچەکەی دەکردن و ڕەنگبوو برستی بیروباوەڕیان دابەزێنێ و بناغەکانی کە ئەم بیروباوەڕەی لە سەر دامەزرابوو، بیخاتە ژێر پرسیارەوە. بە مەبەستی تێگەیشتن لەم هەڵوێستەی سەفەوییە کە بۆچی و چلۆن بەڵگە و نیشانەکانی سەبارەت بە ڕەگەزی خۆیان ئاوەژوو کردەوە، سەرەتا دەبێ دەربارەی بانگەشەی سەفەوییە و بنەماکانی هێز و دەسەلاتی پادشایانی سەفەوی، تەواو ئاگادار بین.

دەسەلاتی پادشاکانی سەفەوی لە سەر سێ بنەمای دیار و ئاشکرا سەقامگیر ببوو: یەکەم هەبوونی بیروباوەڕی مافی خواپێداویی پاشایانی ئێرانی؛ ئەم مافە دەگەڕایەوە سەر بنەڕەتی بڕوا بەوەی کە ئەم میرانە «مەزنیی و پیرۆزیی یەزدانی»ن. ئەم بۆچوونە کۆنە کە دەگەڕایەوە سەردەمانی بەر لە ئیسلام، بە هەموو شکۆی پێشوویەوە خرایەوە گەڕ و لە قەلافەت و ڕوخسارێکی نوێدا کە فەرمانڕەوا «سێبەری خوایە لە سەر زەوی» دووبارە خۆی نواندەوە؛ دووەم خاڵ، بانگەشەی پادشایانی سەفەوی بوو کە دەیانگوت ئێمە نوێنەری «مەهدی»ن لە سەر زەوی کە دوازدەهەمین و ئاخرین ئیمامی شیعەکانی دوازدەئیمامییە و لە ساڵی ٨٧٠ (٢٥٥ی کۆچی)ڕا بزرە و گەڕانەوەی نیشانەی ڕۆژی داوەرییە؛ خاڵی سێهەم، پلەی پادشایانی سەفەوییە وەک پیر و خەلیفەی بێبەرهەڵستی پەیڕەوانی ڕێبازی سۆفییە کە بە ناوی سەفەوییە ناسراون.

بەرلەوەی بچینە نێو وردەکاری ئەو باسانەی سەرەوە، دەبێ ئاماژە بەو سەرچاوانە بکرێ کە دەشێ بە گێڕانەوەی «ڕەسمیی» دابندرێن سەبارەت بە مێژووی سەردەمی سەرەتاکانی خانەدانی سەفەوییە. کۆنترین ڕەگەزنامەی

خانەدانی سەفەوییە لە «صفوةالصفا»ی نووسراوی «ئیبنووبەززاز»دا تۆمار کراوە. ئەم بەرهەمە دەوروبەری ساڵی ١٣٥٧-٨ (٧٥٩) نووسراوە، یانی کەمتر لە ٢٥ ساڵ دوای مردنی شێخ سەفییەددین ئەبولفەتح ئیسحاقی ئەردەوێڵی ١٢٥٢-١٣٣٤ی زایینی (٦٥٠-٧٣٥ی کۆچی) بناغەدانەری ڕێبازی سەفەوییە و ڕێخۆشکەری خانەدانی سەفەوییە لە پێشکەوتن بەرەو مەزنایەتی داهاتوو. «صفوةالصفا» لە پلەی یەکەمدا سەربوردەی پیاوچاکانە و کەوایە دەبێ بە پارێزەوە کەلکی لێوەربگیرێ، بەڵام هەم لەبەروەی زۆر کۆن نووسراوە و هەم بەخاتری ئەو پێداچوونەوە و هەڵپەرتاوتنانەی تێیدا کراوە لە لایەن هەموو مێژووەکانی دواتر، بۆ وێنە «سلسلةالنسب صفویە» بە ڕەسمیی دانیپێداهاتووە و ئۆباڵی بۆ کێشراوە، ئەم بەرهەمە خاوەنی نرخ و بایەخی بنەڕەتییە. «سلسلةالنسب صفویە» شوێنەوارێکە کە ئاخروئۆخری ڕۆژگاری دەسەڵاتی سەفەوییەدا و لە سەردەمی حوکمڕانێتی شاسلێمان ١٦٦٦-١٦٩٤ (١٠٧٧-١١٠٦)دا بە قەڵەمی یەکێک لە پاشەوارەکانی شێخ زاهیدی گیلانی کە پیر و ڕێنوێنی شێخ سەفییەددین بوو، نووسراوە.

ئامانج لە نووسینی ڕەگەزنامەی «ڕەسمیی» سەفەوییە سەلماندن و چەسپاندنی ئەم مەبەستە بوو کە خانەدانی سەفەوییە لە تۆو و تۆرەمەی مووساکازم، ئیمامی حەوتەمی شیعەن و لەویڕا دەچنەوە سەر عەلی، یەکەمین ئیمامی شیعان. بەڵام تەنانەت لە ڕەگەزنامەی «ڕەسمیی» سەفەوییەشدا ناتەبایی و دژاودژی سەبارەت بە ژمارەی چەند پشتەی زنجیرەی خانەدانەکەدا وەبەرچاو دێ. هیچ ناکۆکییەک نیە لە بابەت پێنج پشتی یەکەم لە ئیمام مووساکازمەوە و لە مەودای نێوان فیرووزشای زێڕینکڵاو و شێخ سەفییەددینیشدا تەنیا چەند جیاوازییەکی کەم بەدی دەکرێ. بەڵام بەشی نێوەڕاستی زنجیرەی ڕەگەزنامەکە کە بەپێی سەرچاوەی «ڕەسمیی» بریتییە لە هەشت پشت، گەلێک جێی گومانە، چونکە لە نێو هەشت کەسەکەدا، چواریان بە ناوی محەممەد دیار نیە کێن.


بەپێی ئەم سەرچاوە «ڕەسمیی»یە لە بابەت مێژووی ڕۆژگارانی پێشینی سەفەوییە، وادیارە دەبێ فیرووزشا لە لایەن یەکێک لە کوڕانی «ئیبراهیم»ی «ئەدهەم»ەوە کە وەک «پادشای ئێران» ناوی براوە، کراوەتە حوکمڕانی ناوچەی

ئەردەوێڵ و مەڵبەندەکانی دەوروبەری. برایمی کوڕی ئەدهەم یەکێکە لە پیاوچاکانی سەدەی هەشتەم (دووەم) کە ژیانی کەوتۆتە ژێر تویژاڵێک ئەفسانەوە. هیچ نیشانەیەکی مێژوویی لەسەر ئەم بۆچوونە بە دەستەوە نیە کە برایم شازادەکی بەلخی بووبێ و تاموچێژی ژینی دنیایی وەلانابێ و ڕووی کردبێتە ژیانێکی خواترسانە. هەروەها دەگوترێ فیرووزشا خەڵکی ئازەربایجان و موغان کە کافر بوون، مسوڵمانی کردن. ئەم دوو قسەیە بەئاشکرا وانین و هەڵەن. برایمی ئەدهەم لە ساڵی ٧٧٧ (١٦٠ی ک.)دا مرد، کەوایە ناکرێ لە سەدەی یازدەهەم (پێنجەم)دا هیچ کوڕێکی مابێ؛ هەروابێتەوە خەڵکی موغان و ئاران لە مەودای سەدەی حەوتەم و هەشتەمی زایینیدا مسوڵمان ببوون. فیرووزشا پیاوێکی بەدەسەڵات و زۆر دەوڵەمەند بوو. ئەوەندەی ماڵ و مەڕ هەبوو کە ناوچەیەکی پڕ لەوەڕگەی باشی بە ناوی ڕەنگین لە لێواری لێرەوارەکانی گیلان بۆ نیشتەجێ بوونی هەڵبژارد. فیرووزشا لەبەر ڕەسەن بوونی کەسایەتی، ئاکاری شایان، خەیاڵ و سرشتی ناسک و جوامێری خێرایەکی کەوتە بەر سەرنج، دەیانگوت کە سەیدە و جەماوەری ناوچە لەبەر دینداری و پاراستنی ڕێبازی ئایین بە شێوەیەک توند و پتەو، بوونە مریدی. دوای مردنی، «عیوەز»ی کوڕی ماڵی بردە ئاوایی ئەسفەرەنجان لە ناوچەی ئەردەوێڵ. لە لایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی «بێلایەن» دەڵێ فیرووزشا یەکەم کەسی خانەدانی سەفەوی بوو کە هاتە ئەردەوێڵ؛ ئەم گوتەیە دەکرێ هیچ لەگەڵ گێڕانەوەی «ڕەسمیی» ناتەبا نەبێ، چونکە «ئەردەوێڵ» ڕەنگە بە مانای «ناوچەی ئەردەوێڵ» بێ.

کوڕی عیوەز «عیوض» بە ناوی محەممەدحافز لە حەوت ساڵیدا ون بوو و ڕێوڕەسمی باوی تازیەداری و چەمەریگێڕانی بۆ بەرپا کرا. حەوت ساڵ دواتر محەممەد سەرلەنوێ خۆی نیشان دایەوە و کەوڵێکی سوورمەرەزی کردبووە بەری و بە دابی ڕۆژگار مێزەرێکی سپی لە دەوری کڵاوەکەی هاڵاندبوو و نووسراوەی کەلامی خوداشی لە گەردنییەوە هەڵواسیبوو. لە وڵامی پرسیاری سەبارەت بە برزبوونی خۆیەوە گوتی کە جندۆکە بردوویانە و فێری قورئان و ڕێوشوێن و پێویستییەکانی زانستی دابونەریتی ئایینیان کردووە. لەوی بەولاوە محەممەدحافز بە پتەوی ڕێگای پیاوچاکی و دینداری گرتە بەر. لەم قۆناغەدا دوو هۆکاری نوێی چاوەڕوان کراو خراوەتە پاڵ ڕاپۆرتی «ڕەسمیی»: هۆکاری

ئەوپەڕسروشتی (ڕفێندران بە دەس جندۆکان) و دووپات بوونەوەی ژمـارەی «٧» کە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی - مەزهەبیڕا گرینگـە. سـەلاحەددینڕەشـید، کـوڕی محەممەد، ژیانێکی بێکارەسات و ڕووداوی وەک مڵکدارێکی بچووک جووتیارێک لە گوندی «کەڵخۆران»ی نیزیک ئەردەوێڵ تێپەڕ کرد. بەپێـی کتێبـی زنجـیرەی ڕەگەزنامەی سەفەوییە، قوتبەددین ئەبولباقی ئەحمـەد، کـوڕی سـەلاحەددین، ساڵی ١٢٠٣-٤ (٦٠٠) لە کاتی هێرشـی گورجییـەکان بـۆ سـەر ئێـران و گیرانـی ئەردەوێڵ، ماڵی لە کەڵخۆران بووە. لە وەختی تالان و داڕووتاندنی ئـەردەوێڵدا قوتبەددین وێڕای ئەمینەددین جوبرەئیلی کوڕە بچکۆلەی لە ژێرخانێکدا خۆیان شاردبۆوە[٤] و یەکێک لـە مریـدەکانیشـی لـە دەرەوە ئێشـکی دەداشـت. کاتێـک شەڕەخۆرێکی گورجی پەلاماری پاسدێرەی دا، کابرا لێی وەدەس هات و کوشتی، کەچی قریوە و گرمەی لێکدانەکە کۆمەڵـێک گـورجی تـری بـەرەو ئـەو شـوێنە پەلکێش کرد، بەڵام نیگابانەکە بەرلەوەی ئەوان بگەنەجێ کەندوویەکی گەورەی پاڵدا بۆ زارکی دەرگای ژێرخانەکە. گورجییەکان نیگابانەیان کوشت و ڕۆیشـتن. ژێرخانەکە بۆ ئەو تاقمەی تێیدا خۆیان حەشار دابـوو و زۆربـەیان ژن و منـاڵ بـوون تەنگەبـەر بـوو، بـەناچاری قوتبـەددین کەوتـە شـوێن دۆزینـەوەی حەشارگەیەکی دیکە. پێش ئەوەی جێیەکی تازە بدۆزێتەوە، گورجییەکان گرتیان و برینێکی قورسیان خستە ئەستۆی و بەرەڵـلایـان کـرد هـەتا بمـرێ. پاشـان پۆلێک لاتەوپاتە کە خەریکی ڕەشەدزی و تالان بوون، لە نێو کۆمـای تەرمـەکی جەماوەری کوژراوان دەریانکێشا و بردیانەوە ژێرخانەکە هەتا خزمانی چاویـان بە سەرییەوە بێ. لە کاتی پێنانە جەغزی ژیانی شـێخ سـەفییەددین لـە ١٢٥٢ی زایینی (٦٥٠ی کۆچی)دا، قوتبەددین هێشتا مابوو. شێخ سـەفییەددین زۆر دواتـر وەختایەک ئەو ڕووداوانەی دەگێڕایەوە دەیگوت کاتێک قوتبەددین هەڵیدەگرت و دەیخستە سەر قەڵاندۆشی، ئەو دەیتوانی چوار قامکی بخاتە نێو ئەو قەڵشـتەی کە پاشماوەی زامی شمشێرەکە بوو.

ئەمینەددین جوبرەئیل هەروەک باوک و باپیرانی سـەرکەوتوانە خـۆی دایـە کاری کشتوکاڵ و ژیـانی پیاوچاکانـە. هـەرگیز تێکەڵـی جـەماوەری ئاسـایی نەدەبوو و هەمیشە هێدی و هێمن خۆی بە نوێژ و نزا و پاڕانەوە سەرقاڵ دەکـرد. ئەمینەددین، مەولانا ئیمامی ڕەببانی خواجە کەمالەددین عەرەبشای، وەک پیر و



١ ـ دەروێشی ناسری بوخاری

مرادی خۆی هەڵبژارد و لەگەڵ دەوڵەتی کچی عومەر بارووقی زەماوەندی کرد کە لە ساڵی ١٢٥٢ (٦٥٠ی کۆچی)دا، شێخ سەفییەددینی لێکەوتەوە و شەش ساڵ دواتر ئەمینەددین جوبرەئیل ڕووی کردە دنیای خامۆشان و بە یەکجاری سەری نایەوە.

بە لە دایک بوونی شێخ سەفییەددین، مێژووی سەفەوییە پێ دەنێتە قۆناخێکی تازە و چارەنووسساز. بەپێی نەریتی ڕابردوو تەواوی ئەو شتانەی سەبارەت بە پیاوچاکان گوتوویانە، کۆمەڵێک نیشانەی مەزنایەتی داهاتوو هەر لە تافی منداڵیڕا لە نێوچاوانی نووسرابوو. ئەو لەبری تێکەڵی لەگەڵ کوڕەکانی تر خۆی دەدایە نوێژ و ڕۆژوو، هەتا ئەو کاتەی کە خوداوەند ڕووبەندی لەسەر دڵ و دەروونی وەلادا. سەفییەددین لە خەیاڵیدا تەماشای دەکرد کە فریشتەکان لە سەر ڕوخساری مەلان دەهاتنە سەر دیمەنی ئادەمیزاد و دەیاندواند. جاروبارە «ئەوتاد» و «ئەبدال»[٥] لێی نیزیک دەبوونەوە و دڵخۆشییان دەدایەوە و مزگێنییان دەدایە کە دەگاتە هەرێمی «درەوشانەوەی دڵ و دەروون»ی و «دیمەنی مرادی خۆی» دەبینێ و دەبێتە «ڕووگەی بەختەوەری و کابەی ئاواتی جیهان».[٦]

لە دەوروبەری تەمەنی بیست ساڵیدا، شێخ سەفییەددین کەوتە شوێن دۆزینەوەی پیرێکی دەستگیر لە نێو پیاوچاکانی ئەردەوێڵدا، بەڵام هیچیان نەیاندەتوانی دڵی ڕۆمرکێنن و داخوازی وەدیبێنن. گوتیان وا باشە بچی بۆ لای شێخ«نەجیبەددینی بۆزغووش»ی دانیشتووی شیراز؛ سەفییەدین بەرەو ئەو شارە بزووت، بەڵام بەر لەوەی بگاتێ شێخ نەجیبەددین کۆچیدوایی کردبوو. سەفییەددین ماوەیەک لە شیراز مایەوە. گەلێک دەروێش لێی کۆبوونەوە و کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵی و ئەویش درێژەی دا بە پرسیارەکانی سەبارەت بە دیتنەوەی پیر و مرادێک. سەرەنجام پێیان گوت کە هیچکەس جگە لە شێخ زاهیدی گیلانی ناتوانێ لە حاڵوباڵی پڕ ڕەمز و ڕازی حاڵی بێ و خەون و خەیاڵاتەکانی بۆ لێکبداتەوە. سەفییەددین پاش پشکنین و گەڕانێکی زۆر و پڕ تەنگ و چەڵەمە و نەخۆشی، بێپسانەوە خەون و خەیاڵی وای بە سەردا دەهات کە شێخ زاهیدیشی تێدابوو، ئاخرییەکەی لە گوندێکی لێواری دەریای خەزەر شێخی دیتەوە. لە مانگی ڕەمەزاندا گەیشتە نشیمەنگای پیر و ئەگەرچی شێخ

دابی وابوو کە لەو مانگەدا چاوی بە میوانان نەکەوێ، هەر لەرێوە رێی سەفییەددینی دا بچێتە خزمەتی. شێخ زاهید بە پێچەوانەی ئەو سەرجەلە و پیرانەی کە ئەو دیداری لەگەڵ کردبوون، رووی لێوەرنەگێرا، بەڵکوو یەکبین چاوی لەسەر نەترووکاند و سەفییەددین زانی کە بە مرادی دڵی خۆی گەیشتووە. دەستەوبەجێ تۆبەی کرد و هەتا ئاخری مانگی رۆژووان لە ماڵی شێخ زاهید مایەوە. لە ماوەی مانگی رەمەزاندا سەفییەددین جارێکیتریش چۆوە خزمەت شێخ، چونکە دوودڵ بوو داخوا حاڵوباڵی رازمەندانە و خەون و خەیالاتی لە لایەن خوداوە پێی ئیلهام دەکرێ یان شەیتان. شێخ زاهید گرێی گومانەکانی رەواندەوە و وڵامی پرسیارەکانی دایەوە و ئۆباڵی بۆ حاڵوباڵی رووحی بەرزەفڕی کێشا و گوتی تەنیا پەردەیەک لە نێوان سەفییەددین و خودادا هەبوو کە ئەویش لادرا.

وەختایەک سەفییەددین لە ١٢٧٦-٧ (٦٧٥)دا گەیشتە گیلان، ٢٥ ساڵانە و شێخ زاهید ٦٠ ساڵە بوو. ئەو بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ، هەتا کاتی مردنی شێخ زاهید لە ١٣٠١ (٧٠٠)دا، مریدی بوو. شێخ زاهید هەتا پیرتر دەبوو، پتر بە سەفییەددینەوە، دەبەسترایەوە. وەختایەک شێخ موقرایی داهات، سەفییەددین لە پەنای دادەنیشت و میوانەکانی پێ دەناساند و لە وتووێژدا یاریدەی دەدا. هەر لەم سەردەمەدا پەیوەندیی نیزیکی ئەم دوو کەسە لە رێی ژن و ژنخوازیڕا پتەوتر بوو: سەفییەددین «بیبیفاتمە»ی کچی شێخ زاهیدی خواست و کچی خۆشی دا بە حاجی شەمسەددین محەممەدی کوڕی شێخ زاهید. سەفییەددین سێ کوڕی لە بیبیفاتمە بوو: محێدین کە لە ساڵی ١٣٢٣-٤ (٧٢٣)دا مرد، سەدرولمیللەوەددین مووسا و ئەبووسەعید.

هێندێک لە مریدانی شێخ زاهید ئێرەییان بە پلەی سەرەتی و شوێندانانی سەفییەددین لەسەر شێخ دەبرد و شێخیش رێز و خۆشەویستی خۆی سەبارەت بە سەفییەددین بەئاشکرا دەردەبڕی، هەروەک جارێکیان گوتی: «گەلۆ! ئەم دەستە [دەستی سەفی] دەستی منە و هەر کەس تۆبەکاری ئەو بێ، تۆبەکاری منە و هەر کەس تۆبەکاری منە و تۆبەکاری ئەو نیە، منی نابێ و ئەویشی نابێ... من سەفیم و سەفی منم.»

کۆڕی جەماوەری ئەردەوێڵی کە ئەمەیان بیست دەستیان کرد بە سەما و شادمانی و جەزم بوون.[٧] شێخ زاهید سەری لەقاند و گوتی: «بەڵێ، بەڵێ هەقتانە بیکەنە خۆشی و شادی، چونکە ڕۆژ ڕۆژی ئێوەیە.»[٨]

شێخ هەروا بەئاشکرا و ڕاست و ڕەوان سەفییەددینی کردە سەرۆکی ڕەوت و ڕێبازی زاهیدییە و وەختایەک دیتی کە سەفییەددین شایانی سەرگەلەیی و جڵەوداریێتی رووحیی مریدانە، پلە و ئیزنی وانەگوتنەوەی خەڵات کرد. سەفییەددین ناشیاوی خۆی بۆ ئەو کارە هێنایە گۆڕ و گوتی کە تەنیا ئامانجی ئەوەیە لە ژێر سێبەری دەرگانەی شێخ بمێنێتەوە. زاهید لە وڵاما گوتی:

«سەفی، خوای مەزن تۆی بە خەڵک نیشان داوە و ئەمە فەرمانی ئەوە، تۆ دەبێ ملی پێدابێنی... سەفی دڵت خۆشکە چونکە داردەستی گۆیەنی هەموو خەنیمەکانتم شکاند و گۆم هاویشتە بەرپێی تۆ، چۆنی پێتخۆشە ئاوای لێدە، چون مەیدان، مەیدانی تۆیە. من بۆم هەیە و دەگونجێ پەنا بەرمە پەسیو و کونجێ، بەڵام بۆ تۆ بووز ناخوا و بۆ هەر جێیەک بانگێشتنت بکەن، دەبێ بچی و خەڵک تۆبە دابدەی و قنیاتیان پێ بێنی، چونکە ئەم پلە و پایەی ڕاهێنان و ڕێ نیشاندانە خوای مەزن پێیداوی.»[٩]

ئەگەرچی ڕەنگە ئەم پارچە پەخشانە ماوەیەک دوای ڕووداوەکە نووسرابێ، بەڵام ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە پاش ئەوەی شێخ سەفی گەیشتە پلەی ڕێبەرایەتی ڕێبازی زاهیدییە و لەوی بەولاوە بە ناوی خۆیەوە کرا و بە سەفەوییە ناسرا، دەور و خولێکی تازەی گەشە و پێشکەوتی چالاکانەی ئەم ڕێبازە نوێیە دەستی پێکرد و ئەو ڕەوتەی پێشتر لە سەر پێوشوێنی سۆفییانە دەڕۆیشت و تەنیا خاوەنی بایەخی ناوچەیی و خۆجێیی بوو، کردی بە جووڵانەوەیەکی مەزهەبی و پەلی هاویشت بۆ نێوخۆی ئێران و سووریا و ئاسیای بچووک.

وەختایەک شێخ سەفی بوو بە جێنشین، کۆمەڵێک لە ئەندامانی بنەماڵەی شێخ زاهید پێیان ناخۆش بوو. یەکێک لە دژبەرانی بەرچاوی شێخ سەفی، جەمالەددینی کوڕی شێخ زاهید بوو لە ژنی یەکەمی کە پێی وابوو خۆی جێگای دەگرێتەوە. لەبەروەی پێودانی گرینگ بۆ جێنشینایەتی، هەڵبژێران بوو لە لایەن شێخی بڕیار بەدەستەوە نەک پەیوەندی باوک و فرزەندی، کەوایە

لایەنگرانی شێخ سەفی خاوەنی هەڵوێست و بەرەیەکی پتەوتر بوون. بەڵام جێی سەرنجە کە پاش ئەوەی شێخ سەفی بوو بە جڵەوداری ڕێبازەکە پەیوەندی باوک و فرزەندی نەک تەنیا بوو بە هۆکارێکی بنەڕەتی بو هەڵبژێرانی ڕێبەری دوایی، بەڵکوو ناڕاستەوخۆش قبووڵ کرا کە ئەمە تەنیا پێودانی پێویستە بۆ دانانی پێشەوا. بڕیاری شێخ سەفی لەسەر پاراستنی ڕێبەرایەتی ڕێبازەکە لە بنەماڵەی خۆیدا دەریدەخا کە ئەو هەر لە سەرەتای کارەوە لێبڕاوبوو ڕەوت و ڕێبازەکە وەک پەیژەیەک بێنێتە کایەوە بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی.

شێخ سەفی هەموو ساڵێک دەچووە زیارەتی گۆڕی شێخ زاهیدی پیر و مورادی و گەلێک دیاری گرانبایی دەبرد بۆ مناڵانی شێخ و زێوانانی موغبەرەکە. حاجی شەمسەددین محەممەدی کوڕی شێخ زاهید و زاوای سەفی، زۆر دەکەوتە بەر سەرنجی. وەختایەک شێخ سەفی کچی خۆی دایە ماڵ و ملکوماشێکی باشی باربوو کرد و هەموو ساڵێک دیاری زیاتری بۆ دەنارد و قەرزەکانی بۆ دەدایەوە. شێخ سەفی پێشنیاری خێزانەکەی بردەوە پاش کە دەیگوت دوو لەسەر سێی زەویوزاری خۆی بدا بە زاواکەی، بەڵام قبووڵی کرد کە داهاتی ملکوماشەکانی بداتێیە. بەڵام چاکەی شێخ سەفی کوڕانی جەمالەددین عەلی نەگرتەوە کە لەسەر ڕێبەرایەتی لێیهەڵبەزیبوونەوە و ملەیان لەگەڵ دەکرد. وادیارە شێخ سەفی لە وەرگرتنی داهاتی زەویوزاری وەقفی تایبەت بە بەدرەددینی کوڕی جەمالەددین، لەگەڵ زاواکەی شەریک بووە. ئەم مەوقووفانە بە باری حقووقییدا هی بەدرەددین بوون، چونکە «ئەبووسەعید»ی ئیلخانی مەغوول لە ساڵی ١٣٢٠ (٢٠-٧١٩)دا فەرمانی گێڕانەوەی ئەو داهاتانەی بۆ بەدرەددین دەرکردبوو. لە لایەکی دیکەوە شێخ سەفی ئامادە بوو ئەگەر دەسدرێژی بکرێتە سەر مافی مناڵەکانی حاجی شەمسەددین وەدەنگ بێ. بۆ وێنە چما یەکێک لە میرانی مەغوول هەوڵی دابا کە بەشێک لە ملکوماشی ئەوان بکاتە لەوەرگەی خێڵی خۆی یان سنووربەزاندن هاتبا گۆڕ، شێخ سەفی حازر بوو لەگەڵ پایەبەرزانی مەغوول بکەوێتە شەڕ و لێکدان.

شێخ سەفی لە بنەبانی ژیانیدا سەرنجی کەوتە سەر سەدرەددین مووسای کوڕی نێونجی و کردی بە جێنشین و بریکاری خۆی و کۆ کردنەوە و وەرگرتنی خێر و خێرات و ڕاگرتنی ماڵ و هەڵسووڕاندنی ملکوماشی تایبەتی ڕێبازەکەی

خستە ئەستۆی و درێژەی ئەرکی تێرکردنی هەژارانی لە دەرگانەی خوداوەند نایە سەر شانی. شێخ سەفییەددین لە ١٢ی سێپتامبری ١٣٣٤ (١٢ی محەڕڕەمی ٧٣٥ی کۆچی)دا مرد. سەدرەددین مووسا لە ١٣٠٥ (٧٠٤)دا پێی نابوویە بازنەی ژیان. کەوایە وەختایەک پاش باوکی ڕێبەرایەتی ڕێبازی سەفەوییەی وەرگرت، تەمەنی سی ساڵ بوو. لەبەروەی کە برا گەورەکەی بەر لە مردنی شێخ سەفییەددین کۆچی‌دوایی کرد و سێ برای لە خۆی بچووکتریشی ماوەیەکی کەم پاش شێخ سەفی بارگەیان بەرەو جیهانی بێدەنگی تێکەوەپێچا و هیچ پاشەوارێکیان لە پاش بەجێنەما، شێخ سەدرەددین تەواوی ملکوماش و سامانی کردن بە ئی خۆی و بەم شێوەیە نە تەنیا بوو بە تاقە میراتگری مەعنەوی شێخ سەفییەددین، بەڵکوو هەرچی ماڵ و سامانیشە هەر بەو برا.

ماوەی درێژخایەنی سەرۆکایەتی شێخ سەدرەددین ١٣٣٤ - ١٣٩١ (٧٣٥ - ٧٩٣) شاهیدی ڕووداوێکی گرینگ بوو: داندرانی گومبەزی نەزرگەی خانەدانی سەفەوی لە ئەردەوێڵ دەستی پێکرد و بە درێژایی دە ساڵان لە ژێر چاوەدێری ئەودا کۆتایی پێهات. گومبەزی شێخ سەفییەددین کۆنترە لە ئەندەروونیی کە لە مابەینی ١٣٢٤ (٧٢٥) و ١٣٣٤ (٧٣٥)دا ساز کراوە، بەڵام زۆرێک لە خانووبەرەکانی سەر بەوێ، سەدرەددین مووسا پێیەوە زیاد کردوون، بۆ نموونە ئەو ژوورانەی کە تایبەت بوون بە پەردەنشینی، نزا و پاڕانەوە، نشیمەنگای قورئان خوێنان و چینی‌خانە یان ئەو دیوەی کە دواتر چینییە باربووکراوەکانی شاعەبباسی یەکەمیان لێدانا، بەڵام ئەو هۆدەیە دیار نیە پێشتر بۆچی کەلکی لێوەرگیراوە. دوای دامەزرانی زنجیرەی خانەدانی سەفەوییە گەلێک بینای دیکە بە دەستی شاسمایلی یەکەم و شاتەهماسب زیاد کران و شاعەبباسی یەکەمیش بەشێکی زوری موغبەرەکەی ڕازاندەوە و نوێسازی کردەوە. شێخ سەدرەددین هاوکات کەوتە شوێن هەوڵەکانی باوکی بو پەرەپێدانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ڕێبازی سەفەوییە و گەلێک لە سەرۆکانی ئێلخانی و ماقووڵانی مەغوول بوونە مریدی شێخانی ئەردەوێڵ. هەر لە ڕۆژگاری خودی شێخ سەفییەددین‌دا، ڕەشیدەددین، مەزنەوەزیری دوو ئێلخانی مەغوول: غازان‌خان و ئولجایتوو، زۆری ڕێز لە شێخی سەفەوی دەگرت و لە نێو مەزن و میرانی مەغوول‌دا کە خۆیان بە مریدی شێخ سەفی دادەنا، کەسێکی دەسەڵاتداری وەک

ئەمیرچووپان خۆی دەنواند. گەلێک سەرچاوە بانگەشەی وتووێژێکی نێوان شێخ سەفییەددین و ئەمیرچووپانیان گێڕاوەتەوە. دەڵێن لە وڵامی ئەو پرسیارەی ئەمیردا کە داخوا چەکدارانی شا زیاترن یا مریدەکانی وی، شێخ گوتی کە مریدەکانی دوو هێندەن. بەگوێرەی گێڕانەوەیەکی دیکە شێخ لە جوابدا گوتوویەتی لە ئێرانا لە بەرامبەر هەر سەربازێکا سەت سۆفی هەیە. بەپێی ئەم سەرچاوەیە، ئەمیر وڵامی داوەتەوە:

> «ڕاست دەفەرمووی، چونکە من لە جەیحوونەوە هەتا میسر و لە هۆمزەوە هەتا بابولئەلباب (دەربەند) کە دوورترین هەرێم و قەڵەمڕەوی ئەم پادشایەتییەیە سەفەرم کردووە و مریدانی شێخم دیون کە بە دیاری و خەڵاتی شێخ ڕازابوونەوە و کۆڕی زکر[١٠] و نزا و پاڕانەوەی خۆیان لەو ناوچانە پەرەپێدابوو.»[١١]

پەیوەندی ڕێکوپێکی نێوان ئەردەوێڵ و ئەم جەماوەرە نوێمسوڵمانە دەپارێزرا و ڕێکخستنی بنەڕەتیی ڕێبازی سەفەوییە بە دەستی شێخ سەفییەددین بناغەی بۆ داڕژا. تۆڕ و ڕایەڵەی چالاکی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی سەفەوییە هەر لەو سەردەمەدا هەتا ئاناتۆلی ڕۆژهەڵاتی و سووریا پەلی هاویشتبوو و گەلێ کەسی خێڵاتی ئاژەڵداری تورکمان کە نیشتەجێی ئەو ناوچانە بوون، بڕوایان پێهێنابوو. پیاوانی ئەم خێڵانە دواتر بوونە هێزی هەرەهەڵبژاردە و دەسکەرەوەی سەفەوییە و شایانی باسە کە لە مەودای ساڵانی یەکەمی سەدەی چاردەهەم (هەشتەم)دا ڕێبازی سەفەوییە لە چەند مەڵبەندێک پنجی داکوتا و بە خۆی داهات کە دواتر بوو بە هۆی بەدیهاتنی دڵەڕاوکەی هەرچی زیاتری سوڵتانەکانی عوسمانی. هاتوچۆی نێوان ئەردەوێڵ و ئەم ناوچانە زۆر بوو؛ وەک گوتوویانە ژمارەی مریدانی تازە و گیانفیدایان کە تەنیا لە ڕێی مەراغە و تەورێز لە ماوەی سێ مانگا دەچوونە دیداری شێخ سەفییەددین سەری گەیوتە ١٣٠٠٠ کەس و پۆلپۆلی ئەو کەسانەش کە لە شوێنی دیکەوە چوون خۆی لە ئەوەندە داوە.

ئەو سەردەمەی کە شێخ سەدرەددین بوو بە ڕێبەری ڕێبازی سەفەوییە، هاوکات بوو لەگەڵ لێکهەڵوەشانی ئیمپراتۆرێتی ئیلخانی لە ئێران و هەرێمی دووچۆمان. لەبەر نەبوونی دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندیی، چەند خانەدانێکی

دەسەڵاتداری وەک چووپانییان و جەلایرییان؛ گەلێک ناوچە و مەڵبەندیان خستە سەر قەڵەمڕەوی خۆیان. لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەرمەنستان لــە دەوروبــەری گۆلی وان، هێزی یەکێتی هۆزە تورکمانەکان بــە نــاوی قــەرەقۆیوونلوو بــەرەو پێهەلاچوون بوو. ئەوان کە ســەرەتا ســەریان وەبــەر جەلایرییــەکان هێنــابوو، وردەوردە هەوسار و جڵەوی ناوچەی ئازەربایجانیان لە ساڵی ١٣٩٠ (٧٩٢)دا لــە دەستی ئاغاکانی خۆیان دەرهێنا. لە چەند هەرێمێکی دیکەی ئێران وەک هیرات و سەبزەوار لە خوراسان و ناوچەکانی فارس و کرمــان، قوڵــەمیرانــی خــۆجێیی ئێرانی بناغەی حکوومەتی خۆیان پتەوتر کرد.

بێشک شێواوی و ئاڵۆزکاوی ئەم قۆناغە شوێنێکی دڵنەخوازی دەکردە ســەر جێگە و پێگەی شێخانی سەفەوی لە ئــەردەوێڵ. خــودی ئــەم شــارە زۆر جــاران دەستاودەستی کرد. بێگومان مەلیک ئەشرەف چەشنی میرانی چووپانی نەبوو کە ڕێزیان لە پێشەوای ڕێبازی سەفەوییە دەگرت، هەر بۆیــە بــە فــێڵ و تەڵــەکە و قسەی خۆش[١٢]پەلکێشی کرد بــۆ تــەورێز و لــە زینــدانی پەســتاوت. ئەگــەرچی زاندراوە کە ئەشرەف ئارا و نێوانێکی خۆشی لەگەڵ زانایان و بەتایبەت ڕێبەرانی ئایینی نەبووە، بەڵام ڕەنگە بکرێ لە ڕووی ئەم هەڵوێست و کردەوەیڕا بــە دژی ڕێبەری سەفەوییە، کەمتاکورتێک ناسیاوی سەبارەت بــە گرینگایــەتی سیاســی بەرەو گەشەی جووڵانەوەی سەفەوییە وەبەرچاو بێ. لە لایەکی ترەوە گەلێک لە شێخان و بیرمەندانی ئایینی و زانایان بــە مەبەســتی ڕاکــردن لــە ژێــر ڕکێفــی زاڵمانەی مەلیک ئەشرەف، بە مەیلی خۆیان ڕێی تاراوگەیان دەگرتە بەر. مەلیک ئەشرەف لە سێمانگەی زیندانی کرانی شێخ سەدرەددیندا خــەونێکی نــاخۆش و خۆفناکی دیت و لە ئاکامدا وێڕای داوای لێبووردنێکی زۆر، ئازادی کرد. ماوەیەک دواتر مەلیک ئەشرەف لەو کارەی پەشیمان بۆوە و دەســتەیەکی بــۆ گرتنــەوەی گاڵدا بۆ ئەردەوێڵ. شێخ سەدرەددین کە بە هێزی ئاوێنەی ڕووحی بــە ئامــانجی حوکمڕانی زانیبوو، کورسی دەسەڵاتی ئایینی خۆی بەجێهێشت و ڕایکردە گیلان. ئەم ڕاستەقینەیە کە مەلیک ئەشرەف بە پێویستی زانی سەر لە نۆی هەوڵ بدا بۆ گرتنەوەی پێشەوای سەفەوییە بە بڕوای من نیشاندەری ئەوەیە کە دوژمنایــەتی حوکمڕان لەگەڵ شێخ سەدرەددین دەگەڕێتەوە سەر بنچینە و بنەمای سیاسی.

www.zheen.org

ژمارەیەکی زۆر لەو مەلایانەی کە لەم قۆناغەدا ئازەربایجانیان بەجێهێشت بە ڕێی شاخستانەکانی قەوقاز (قفقاز)دا چوونە باکوور و پەنایان بردە بەر یەکێک لە نەوە و نەتیژەکانی چەنگیزخان بە ناوی جانیبەگ مەحموود فەرمانڕەوای هۆردووی ئەزرەق لە دەشتی قەبچاق (١٣٤٠ - ١٣٥٧ / ٧٤٠ - ٧٥٩). سکاڵاکانی ئەم پەنابەرانە دەربارەی کردەوەی نالەباری مەلیک ئەشرەف بیانوویەکی باشی دایە دەس جانیبەگ هەتا پەلاماری ئازەربایجان بدا. ئەم حاکمە مەلیک ئەشرەفی لە نیزیک ئەردەوێڵ بە دیل گرت و کوشتی. جانیبەگ لە هۆردووبەزی خۆی لە «ئۆجان»ی نیزیک تەورێز، شێخ سەدرەددینی وەک سوڵتانێک پێشوازی کرد. بەپێی داب و نەریتی سەفەوییە جانیبەگ بەتەنیا و بە شێوەیەکی تایبەت دیداری لەگەڵ شێخ کرد و پێیگوت بیستوویەتی شێخ ماوەیەکی درێژ لە تاراوگە ژیاوە و بارودۆخی دروێشەکانی سەفەوی کە لە نەزرگەی باوک و باپیرانی لە ئەردەوێڵن نالەبارتر بووە. ئەو شێخی ڕاسپارد کە بگەڕێتەوە ئەردەوێڵ و یارمەتی هەژاران بدا و گوتی پێویستە پێرستی تەواوی زەویوزار و کارگە وماڵوملکی خۆی و پەیڕەوانی ئامادە بکا هەتا ئەو (جانیبەگ) بتوانێ وەک «سۆیوورغال»[١٣] و بەپێی ڕێوشوێنی ئایینی بیدا بە شێخ و داهاتی ئەم ملکوماشانە تایبەت بدرێ بە ڕێبازی سەفەوییە. بەدبەختانە نووسین و ڕێکوپێک کردنی پێرستە پێویستەکان بەر لە چوونەدەری جانیبەگ لە ئێران دەستی نەدا و فەرمانی گەڕانەوەی ماڵ و سامان و داهات لە لایەن خانەوە دەرنەکرا.

تەنانەت ئەگەر ئەو فەرمانانەش دەرچووبان، جێی گومانە کە شێخانی سەفەوییە توانیبایان بێنێوبڕ و بە شێوەیەکی باش و لەبار کەلک لەم داهاتانە وەربگرن، چونکە لە ماوەی دوایین چارەکە سەدەی چاردەهەم (هەشتەم)دا ناوچەی ئەردەوێڵ ببوو بە مەیدانی شەڕانخێوی حوکمڕانانی ڕکەبەر. لە دەوروبەریساڵی ١٣٧٢ (٧٧٣-٧٧٤)دا میری جەلایری، ئەحمەدی کوڕی وەیس، لە لایەن باوکیڕا کرایە پاوانخۆری ئەردەوێڵ. وا وێدەچێ کە شێخانی سەفەوییە کەوتبنە ژێر باڵی و پیشتیوانی لێکردبن چونکە لە فەرمانێکی ڕێکەوتی ١٣٧٢ (٧٧٣)دا، لە حوکمڕانان و کاربەدەستانی میری کە کەوتوونە جەغزی قەڵەمڕەوی وی ڕاسپێردراوە: «ئەو ملکوماش و شوێنانەی کە بە دەس مریدەکانی [شێخ

سەدرەددین]ەوەن، پیتاکیان لە سەر نەنووسن و داوای هیچیان لێنەکەن.»[١٤]
وادیارە ملک و ماڵی ڕێبازدارانی سەفەوییە بو ماوەیەکی درێژخایەن لە دانی باج خەلەستوون، چونکە فەرمانەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە «باج و سەرانەی [زێدەپیتاکی دیاریکراو لە بڕی خۆی] ملکوماش و وەقفەکانی نەزرگەی پیرۆزی ئەوان بەپێی بڕیارنامەی دیوانی حکوومەت وەبەر ڕێوشوێنی بەخشینی باج و پیتاک دەکەون.»[١٥]

لە ١٣٩٠ (٧٩٢)دا میرانی قەرەقۆیوونلوو، ئازەربایجانیان لە جەلایرییان ئەستاندەوە و ئەردەوێڵ وەک «سۆیوورغال» (پاوانخۆری) درا بە سەرۆکانی تورکمانی «جاگیرلوو» کە هاوینان سواران و خزمەتکاران و ڕعێتەکانیان دەبردە لەوەڕگە و هاوینەهەوارەکانی ئەردەوێڵ. لە ١٤١٣ (٨١٥-١٦)دا دەمەقرەی نێوان خانی جاگیرلوو و فەرمانڕەوای قەرەقۆیوونلووی ئاغا و ئەربابی، تالان و بڕۆی ماڵ و سامانی سەفەوییە لە ئەردەوێڵ و گیرانی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی سەفەوی لە لایەن خانی جاگیرلووڕا لێکەوتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا وا دیارە کە سەرەڕای هەرەجمەرەجی سیاسی شێخ سەدرەددین بە لێوەشاوەیی خۆی توانی بەر بە داگیرکرانی ماڵ و دارایی سەر بە نەزرگە و گومبەزی ئەردەوێڵ و زەویوزارەکانی شار و دەوروبەری بگرێ کە هی خانەدانی سەفەوی بوون و داهاتی ئەو شوێنانەی لە دەستدرێژی کاربەدەستانی خۆجێیی و سەرکردەکانی لەشکریی پاراست.

شێخ سەدرەددین لە ١٣٩١-٢ (٧٩٣) مرد و هەروەک باوکی لە زیارەتگای ئەردەوێڵ نێژرا. ئەو بەر لە مردنی، خواجەعەلی کوڕی بە جێنشین و بریکاری خۆی دانابوو و «بەرماڵی ڕێنوێنی و ڕاهێنانی عەبدانی»[١٦] پێ سپاردبوو. خواجەعەلی لە ١٣٩١-٢ (٧٩٣)ڕا هەتا کاتی مردنی لە ١٥ی مانگی مەی ١٤٢٧ (١٨ی ڕەجەبی ٨٣٠ی کۆچی) پێشەوای ڕێبازی سەفەوی بوو. بە ڕێبەرایەتی خواجەعەلی مەشق و ڕاهێنانی نیوەنەهێنی ڕێبازی سەفەوییە بە ئاشکرا ڕەنگی شیعەگەری لێنیشت. بەڵام دەبێ زۆر بە پارێزەوە هەنگاو باویژرێ و جیاوازی دابندرێ لە نێوان نەقڵ و نەزیلەی سازکراوی مریدان و پێوەلکاوەکانی بیردۆزانی پاشینی سەفەوی لەگەڵ ڕاستییەکانی مێژوویی. سەید ئەحمەدی کەسرەوی[١٧] و هەروەها «هۆرست»یش[١٨] حیکایەتی سێجار دیداری خواجەعەلی لەگەڵ پادشای

سەرکەوتەی مەزن «تەیموور»یان وەدرۆ خستۆتەوە، کە بە هێرشی پەیتاپەیتای لە مابەینی سالآنی ١٣٨١ (٧٨٢) تا ١٤٠٤ (٨٠٦) ڕۆژاوای ئاسیای کردبووە مەیدانی تالآن و بڕۆی خۆی. ئاخرینی ئەم دیدارانە دەگەڕێتەوە بۆ ١٤٠٤ (٨٠٦)، یانی ماوەیەکی بەر لە مردنی تەیموور و کاتێک کە ئەو پاش سەرکەوتنی پڕشنگداری بە سەر بایەزیدی یەکەمی سوڵتانی عوسمانیدا لە شەڕی ئانقەرە (٢٧ی ژووئیەی ١٤٠٢ / ٢٥ی زیحەججە (قوربان)ی ٨٠٤) لە ڕێی ئەردەوێڵەوە دەگەڕایەوە ئاسیای ناوەندی.

بەپێی گێڕانەوەی کۆنی سەفەوییە، تەیموور خواجەعەلی بانگ کرد و جامێکی ژاراوی دایە کە بیخواتەوە. پۆلێک لە دەروێشانی ئامادەبوو کەوتنە سەر هەوا و زکری «لا اله الا اللـه». وەختایەک کۆڕی زکر بلێسەی دا خواجەعەلی هۆش لە سەری پەڕی و هەستا و لەگەڵیان کەوتە سەما. تین و تاوی خۆبادان و هەڵسووڕان، ژارەکەی کردە ئارەقە و لە دەروونی دەرکێشا. تەیموور وای سەر سوڕما کە داوێنی کەوڵی بالآپۆشی خواجەعەلی گرت و بوو بە مرید و پەیڕەوی بێگرێی. «تاریخی عالەمئارای عەبباسی» هیچ ئاماژەیەک بە پیاڵە ژارەکە ناکا، بەلآم دەڵێ پاش خۆنواندنی هێزی هزر و بیری شێخ، تەیموور بوو بە مریدی خواجەعەلی. تەیموور ئەسیرانی شەڕی عوسمانییەکانی ڕادەستی خواجەعەلی کرد. خواجەعەلی دیلەکانی بەردا و لە نیزیک نێژگەی پیرۆزی گەنجی بەکوول نیشتەجێی کردن و پاشەواریان بە سۆفی ڕۆملوو ناسران.[19] «تاریخی ئیسماعیل»[20] کە نووسەرەکەی نەناسراوە، گێڕانەوەیەکی چڕوپڕتر دەخاتەڕوو:

«شێخ [خواجەعەلی] داوای بەردانی زیندانیانی ڕۆمی[21] کرد و تەیموور هەموویانی بەردا و بە غولامی خانەدانی ئەردەوێڵی دانان. ئەو هەروەها فەرمانێکی بەرەوڕووی حوکمڕانان و میرانی ڕۆم کردەوە و نووسی ئەوانەی کە ئازادی کردوون و «سۆفی خانەدانی سەفەوین» لە هەر جێیەک بن، نابێ زوڵمیان لێبکرێ یان بەر بە هاتوچۆیان بگیرێ بۆ لای پیر و مرادیان؛ ئەوانە دەبێ لە دانی باج و سەرانە بەخشراو بن.» تەیموور لە بەشی قانوونیی ماڵ و سامانی خۆی، زەویوزار و دێهاتەکانی دەوروبەری ئەردەوێڵی کڕی و کردنی بە وەقفی نەزرگەی شێخ سەفی و گومبەزەکەی بە «پەنای پارێزران» دانا. هەروەها ملکانەی ئەو مەڵبەندەی خستە سەر داهاتی خانەدانی سەفەوی و باربووی کردن. ئەو

دیلانەی کە مەیلیان لێبوو بگەڕێنەوە ڕۆم، ئیزن دران. سوڵتانی بەرزەجێ [خواجەعەلی] خەلیفەی بۆ تەواوی هۆز و خێلان هەلبژارد و گوتی: «دەبێ هاتوچۆتان زۆر بێ، چونکە دەرکەوتنی مەزهەبی هەقی دوازدەئیمامی نیزیک بۆتەوە و ئێوە دەبێ ئامادەی گیان فیدا کردن بن.»

مووچە و مەزرای کردراوی تەیموور تەنیا ناوچەی ئەردەوێلی نەدەگرتەوە بەڵکوو پەلی داویشت بۆ تەواوی ئاوایی و دێهاتەکانی ناوچە دوورەدەستەکانی ئیسفەهان و هەمەدان. بەگوێرەی گێڕانەوەی «سلسلة‌النسب» تەیموور ئەو زەویوزارانەی وەقفی ئەولادی نێرینەی خواجەعەلی کردبوو، بەڵام چونکە ئەم مووچە و مەزرایانە هەتا بەر لە مردنی تەیموور لە ساڵی دوایی‌دا (١٤٠٥ / ٨٠٧) تەواو بە ملکایەتی نەکەوتبوونە بەردەستی خانەدانی سەفەویە وەقفەکە نەکەوتە بواری جێبەجێ کردن و لە کاتی نووسرانی سلسلة‌النسب (دەوروبەری ١٦٦٠ی ز. (١٠٧٠-٧١ی ک.)دا هیچکام لەم ملکە بەرباسانە بە دەست پاشەواری خواجەعەلییەوە نەبوون. بە مەبەستی جوانکاری و ڕازاندنەوەی ئەم ڕاپۆرتە گوتراوە کە لە ساڵی ١٦٠٢-١٦٠٣ (١٠١١)دا تاپۆی سەبارەت بەو وەقفە لە نزیک بەلخ کەوتۆتە چنگ لەشکرچییانی شاعەبباسی یەکەم. عەبباسی یەکەم خۆی لە بەڕەسمیی ناسینی ملکایەتی خانەدانی سەفەوی لەو زەویوزارانەدا پاراست و گوتی ئەمە سەودایەکی پادشاهی بووە و ڕەنگە قەباڵەی نووسرابێ، بەڵام خاوەن مەزراکان پووڵ و پارەیەکیان وەرنەگرتووە، پاشان بەڵگەی دیکەی هێنایەوە و گوتی بێتوو وا نەبووبا لانیکەم بەشێک لەو زەویوزارانە هێشتاش بە دەست سەرپەرستی وەقفەکانەوە دەبوون.[٢٢] ئەم بۆچوونە کە خودی نەزیلەی وەقفی تەیموور بۆ خواجەعەلی و منالەکانی یان بۆ موغبەرەی شێخ سەفییەددین، شتێکی سازکراو و هەڵبەستراوە، لە لایەن مێژوونووسی گەورەی سەردەمی سەفەوی «ئەسکەندەربەگی مونشی» وەبالی بۆ کێشراوە. ئەو بە ڕووڕاستی باوی خۆی دەنووسێ: «ئەگەرچی ئەم نەزیلەیە لە کتێبەکانی مێژوویی و سەرچاوەکانی هۆنراوە و پەخشانی سەبارەت بەم خانەدانەدا وەبەرچاوی منی هەژار نەهاتووە، بەڵام لەبەر ئەوپەڕی ناوبانگ و دەمبەدەم هاتن و گوترانەوە و جوورانەوە نووسیمەوە.»

کەچی لە درێژەدا دەنووسێ: «پەڕاوی وەقفنامەکەش بە خەتی کۆن و ڕازاوە بە «مۆرنەقیمی ئاڵ»ی مەغوولی و هێمای مۆری ئەمیر تەیموور لە سەفەری بەلخ و لە کاتی گیرانی قەڵای «ئەندەخوو»دا وەچنگ غازییەکان کەوت و خرایە بەرچاوی شای مەزنەپیرۆزی سێبەری خوداوەندگار.»[٢٣]

گوتوویانە کە «شاڕوخ»ی کوڕی «تەیموور»یش ڕێزی خواجەعەلی گرتووە. شاڕوخ لەساڵی ١٤٢٠(٨٢٣)دا وەختایەک لەشکری کردە سەر قەرەقۆیوونلووەکان لە باکووری ڕۆژاوای ئێران، پێی نایە ئەردەوێڵ و چووە زیارەتی گڵکۆی شێخ سەفییەددین و داوای متفەڕکی لە خواجەعەلی کرد. شاڕوخ دابی وابوو بە هەر شوێنێکدا تێپەڕیبا هەستی ئایینی خەڵکی دەپاراست و ڕێزی پیاوچاکانی دەگرت و دەچووە زیارەتی گۆڕستانی شێخە مەزنەکانیان. بەڵام دیداری وی لەگەڵ خواجەعەلی، بەتایبەت ئەو دەمی کە ڕێبازی سەفەوییە بەئاشکرا مەیلەو شیعەگەری داشکابوو، جێی سەرنجە. ڕەنگە لە ڕوانگەی حوکمڕانی سوننیڕا قازانج و بەرژوەندی سیاسییانەی کارێکی ئەوتۆ بە سەر ئەگەری دوژمنایەتی مەزهەبی ئەودا زاڵ بووبێ و ڕوودانی ئەم مەبەستە کە شاڕوخ چەند جارێک موغبەرەی ئیمامی هەشتەمی شیعانی لە مەشهەد زیارەت کرد، ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ.

لە نیزیک ساڵی ١٤٢٧ (٨٣٠ کۆچی)دا خواجەعەلی تەمای گرت ڕوو بکاتە «مەککە» هەر بۆیە «برایم»ی کوڕی سێهەمی لە جێی خۆی دانا و کردی بە سەرجەلە و سەرپەرستی نەزرگە و گومبەزی سەفەوییە لە ئەردەوێڵ و چووە حەج. برایم دڵی لە دووری باوکی ئۆقرەی نەگرت و کەوتە شوێنی بەرەو مەککە و حەجی لەگەڵ کرد. لە مەککەوە چوونە بەیتولموقەددەس و خواجەعەلی لەوێ مرد و برایم تەسلیم بە خاکی کرد. پاشان گەڕایەوە ئەردەوێڵ هەتا وەک جێنشینی باوکی ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ و تا کاتی مردنی لە ١٤٤٧ (٨٥١)دا هەر سەرقاڵی ئەم کارە بوو. سەبارەت بە چۆنیەتی ئاڵوگۆڕی ڕەوت و ڕێبازی سەفەوییە لەم قۆناخەدا زانیارییەکی ئەوتۆ بە دەستەوە نیە. بەڵام ئەوەندە دیارە کە برایم تۆڕ و دەستەی لایەنگرانی خۆیانی کە چالاکانە خەریکی گەشەپێدان و ڕاگەیاندنی بیر و بۆچوونی ڕێبازی سەفەوییە بوون لە ئاناتۆلی و ناوچەکانی دیکە، هێزی وەبەرنان و پاراستنی. مەزن و پلەدارێک کە پێیدەگوترا

«خليفةالخلفا» سەرۆکایەتی ئـەم ڕێکخـراوەی لـە ئەسـتۆ بـوو. مینۆرسـکی زۆر بەوردی پێداچووە و ئەم پلەدارەی بە «کارگێـڕی تایبـەتی کاروبـاری سـۆفییە» ناودێر کردووە. پێشەواکانی ڕێبازی سەفەوییە و دواتر پادشایانی سـەفەوی لـە ڕێـی مەزنــەخەلیفـە و بەردەسـتانیڕا بـە نـاوی پـیر، لـە دەر و ژووری وڵات چاوەدێری مریدانی خۆیان دەکرد و پەیوەندی نیزیکیان لـەگـەڵ دادەمەزرانـدن. سەرەنجام عوسمانییەکان هەبوونی جەماوەرێکی زۆری لایـەنگرانی سـەفەوییان لە ئاناتۆلی ڕۆژهەڵاتی وەک مەترسییەکانی توند و ناکاو بۆ سـەر دەسـەڵاتـی خۆیان لەو ناوچەیە لە قەڵەم دا. مەزنەخەلیفـە (خلیفـةالخلفا) بـە یاریـدەدەر و بریکاری خودی پێشەوای ڕێبازی سەفەوییە دادەندرا. هەموو مریـدانی ڕێبازەکـە فەرمانی مەزنەخەلیفـەیان وەک فـەرمانی ڕێبـەرەکـەیان وەردەگـرت و ملیـان پێدادێنا. ئەرکی سەر شانی تەواوی سۆفییەکانی ڕێبازی سەفەوییە بوو کە بچنە زیارەتی موغبەرەی سەفەوییە لە ئەردەوێل و لە حـوزووری شـێخ بـە گەشـە و نەشەی ڕووحی ببووژێنەوە. گێڕاویانەتەوە کە لە ڕۆژگاری شێخ برایمدا خەڵـک ئەوەنـدە لـە دەوری پەرسـتگای سـەفەوییە کـۆ دەبوونـەوە کـە هـەموویان نەیاندەتوانی بە خزمەت شێخ بگەن. برایم لە ڕاپەڕاندن و پێڕاگەیشـتنی حـاڵ و باڵی هەژاران و مسکێناندا تەنانەت وەپێش ئەژدادیشی کەوت. زیارەتگا ئەوەندە دەوڵەمەند ببوو کە لە چێشتخانەکانیدا مەنجەڵ و هەوروهاڵی زێڕ و زێو خویان دەنواند و شێخ وەک شاهان بەڕێدەچوو.

وەختایـەک «جونەیـد»ی کـوڕی بـرایم بـوو بـە ڕێبـەری ڕێبـازی سەفەوییە، بزووتنەوەی سەفەوییە دیسان پێینایە قۆنـاخێکی گرینگـی دیکـەی دووسەدە خۆسازدانێکی نەرم و نیان و لەسـەرەخۆ بـۆ دامەزرانـدنی زنجـیرەی خانەدانی سەفەوییە. جونەید لەو ڕۆژەوە جڵـەوی سـەرکردایەتی گرتـە دەسـت بەئاشکرا نیشانی دا کە مەیلی لە دەسەڵاتی دنیـایی و پادشـایەتییە. لـەخۆڕا و بەهەڵکەوت نیە کە ئەو وەک یەکەمین پێشەوای سەفەوییە نازناوی سوڵتانی بـە باڵای بڕا کە نیشاندەری دەسەڵاتی دنیاییە. ئـەو داب و نەریتـەی ئـایینی کـە پێیخۆش بووە نازناوی سوڵتان بۆ ڕێبەرانی بەرایی سەفەوییەش دەکـار بکـا، بایەخێکی ئەوتۆی نیە. جونەید کە تازە تەنیا بە دەسەڵاتی مەعنەوی ڕووت ڕازی نەبوو، بە هاندانی مریـدانی بـۆ جیهـاد دژی کـافران[٢٤]، تـینوتـاو و هەسـتی

شەڕوەنی هێنایە نێو ڕێبازەکە. ئەم هەڵسووڕانە و چالاکییانە سەرەتا بوونە هۆی دڕدۆنگی و پاشان بزاوتنی جیهانشای قەرەقۆیوونلوو، حوکمڕانی ڕۆژاوای ئێران کە قەڵەمڕەوی لە ئازەربایجان و سنوورەکانی گورجستانەوە دەستی پێدەکرد و هەتا کەنداوی فارس پەڕی هەڵدەدا. جیهانشا زۆر پتەو فەرمانی کردە سەر جونەید کە هێزەکانی بڵاوە پێبکا و لە ئەردەوێڵ وەدەرکەوێ و هەرجێیەک حوکمڕانیی ئەو نەیگرێتەوە ئازادە بچێ و بێتوو بە قسەی نەکا، ئەردەوێڵ خاپوور دەکرێ. جونەید لەگەڵ تاقمێک سۆفی خانەدانی سەفەوی ئەردەوێڵی بەجێهێشت و پاش تێپەڕ کردنی چەند ساڵێک لە ئاسیای بچووک و سووریا سەرەنجام «ئووزوون حەسەن»ی، حوکمڕانی ئاققۆیوونلوو و دوژمنی جیهانشا کە ئەو کاتی بنکەی لە دیاربەکر بوو، پەنای دا. جونەید سێ ساڵ (١٤٥٦-١٤٥٩ / ٨٦٠-٨٦٣) لە دیاربەکر مایەوە و «خەدیجەبەگم»ی خوشکی ئووزوون حەسەنی خواست و پەیوەندی و یەکانگیری سیاسی خۆی لەگەڵ حوکمڕانی ئاققۆیوونلوو پتەو کرد. ئووزوون حەسەن، جونەیدی بە هاوپەیمانێکی بەکەلک دەزانی لە بەرامبەر هێرشی قەرەقۆیوونلووەکان و هرووژمی لەشکری خۆی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ نێوخۆی ئێران. هەروەها تەمای ڕێبەری سەفەوییە بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ حوکمڕانی سوننیمەزەبی ئاققۆیوونلوو بەپێی بەرژەوەندی ڕامیاری و لەشکری گیرابوو. سەرەڕای ئەوەی کە قەرەقۆیوونلووەکان بە باری لەشکریدا هێندە بەهێز بوون کە دەیانتوانی بەر بە هەر چەشنە بزووتنەوە و ڕاپەڕینێکی سەرکەوتووانەی سەفەوییە بگرن لە ئازەربایجان، بە باری مەزهەبیشدا بە خەنیم و ڕکەبەری ئەوان دادەندران. جونەدیش بە وەدەرکەوتن لە ئەردەوێڵی ناوەندی جووڵانەوەی سەفەوییە، ناڕاستەوخۆ دانی بەو مەبەستە داهێنابوو. ئەگەرچی قەرەقۆیوونلووەکان خاوەنی بیروباوەڕی شەڕکەرانەی شیعانە نەبوون، بەڵام «هەوڵیان دەدا کە سەرۆکانی هۆز لەسەر بنەمای بیروڕای شیعەگەری بکەنە هاوپشت و یەکانگیر.»[٢٥] کەوایە ئەگەری تێکهەڵچوونی ئەوان لەگەڵ سەفەوییەکان بەپێی هۆکاری بیروباوەڕی ئایینی زۆر زیاتر بوو لە ئاققۆیوونلووەکان.

لە ١٤٦٠ (٨٦٠)دا جونەید بە لەشکرێکی دەهەزار کەسییەوە ڕووی کردە شیروان. بەگوێرەی گێڕانەوەی هێندێک لە سەرچاوەکان ئەم کارە دووپاتی پەلامارەکانی

پێشوو بوو بۆ سەر خاک و مەڵبەندی «چرکەس»ەکان لە بازنەیەکی بەرفرەوانتردا و ئەو تەنیا دەیویست بە تێپەڕین بە ناوچەی دەسەڵاتی «شیروانشا»دا بگاتە سەرزەوی چرکەسەکان. بەڵام هێندێک سەرچاوەی دیکە دەڵێن ئامانجی جونەید گرتنی شیروان بوو کە پاشان دەبوو بە بنکەیەکی لەبار بو پەلاماردانی داهاتووی ئێران. بە وردبوونەوە لە ژمارەی چەکدارانی هێزی جونەید بۆچوونی دووەم پتر ڕێی تێدەچێ. هەرچۆنێک بێ هەڵمەتەکە بە کارەسات بڕایەوە، چونکە لە ٤ی مارسی ١٤٦٠ (٨٦٠)دا*، لە بەستێنی ڕووباری کوڕ، نیزیکی «تەبەرسەران» جونەید کەوتە بەر هێرشی شیروانشا و لە شەڕدا کوژرا.

نرخ و بایەخی ڕۆژگارانی دوورودرێژی خوسازدانی هێمنانەی بیروباوەڕی مەزهەبی لە لایەن ڕێکخستنی سەفەوییەڕا بۆ وەدەسهێنانی دەسەڵات لە ئێرانا، لەم سەردەمەدا ئاشکرا بوو. نەک تەنیا بزووتنەوەی سەفەوییە هەڵنەوەشا، بەڵکوو بە هاتنەڕووی حەیدەری کوڕی جونەید، تێکۆشانی جوولانەوەکە بۆ وەچنگ‌هێنانی دەسەڵاتی دنیایی تیژتر کەوتە سەر گەڕ. یەکەم هەنگاوی حەیدەر درێژەی هاوپەیمانێتی سیاسی و لەشکری بوو لەگەڵ ئاققۆیوونلووەکان و بە خواستنی عالمشا بەگم (حەلیمە بەگم ئاغا یان مارتا) کچی ئووزوون حەسەن کە دایکی «دێسپینا خاتوون»ی کیژی «کالۆ یووهانس»[٢٦] ئیمپراتۆری ترابووزان بوو، خزمایەتییەکەی تازە کردەوە. حەیدەریش وەک باوکی هەم دەسەڵاتی دینی و هەم دنیایی هێنایە مەیدانی کار پێکردن. «لە ناخ و دەروونـدا لەسەر پێ‌وشوێنی شێخان و پیاوانی خودا و ڕێڕەوانی ڕەوگەی ڕێنموونی و دینپەروەری دەڕۆیشت و لە ڕووکاردا چاوی لە پادشایانی خاوەن تاج و تەختی بەرزەجێ دەکرد.»[٢٧] هێندەی پێنەچوو کە حەیدەریش چەشنی باوکی کەوتە پێ‌وشوێنی وەدەسهێنانی قەڵەمڕەوێکی دەسەڵات. بەڵام حەیدەر بەر لە تێکهەڵچوون لەگەڵ قەرەقۆیوونلووەکان، پەلاماری کافرانی چرکەسی و داغستانی دا. (ڕەنگە مەبەست ئالانەکانی مەسیحی (ئۆسێتەکان)ی باکووری گەرووڵەی داریال و چرکەسەکانی کابارد بێ.) پاشان ڕێی باوکی کوێر نەکردەوە و خۆیدایە مەشق پێکردن و ڕاهێنانی شەڕکەرانی و کۆکردنەوەی ئەزموون. بۆ گەیشتنە ئەم ناوچانە، حەیدەر بەناچار دەبوو بە خاکی شیروانشادا تێپەڕێ کە لە ساڵی ١٤٦٠

(٨٦٠)دا باوکی بەزاند و کوشتی. شیروانشا لە دوو لەشکرکێشانی بەرایی حەیدەر لە ١٤٨٣ (٨٨٨) یان ١٤٨٦ (٨٩١) و ١٤٨٧ (٨٩٢)دا ڕێی پێنەگرتن و لە خاکی خۆیا بەرهەڵستیان نەبۆوە. بەڵام وەختایەک حەیدەر لە ١٤٨٨ (٨٩٣)دا شاری «شەمماخی» پایتەختی شیروانی تاڵان کرد، شیروانشای فەرڕوخ یەسار داوای لە «یاقووب»ی میری ئاققۆیوونلوو کرد یاریدەی بدا و گوتی: «ئەمڕۆ کە [حەیدەر] هیچ وڵاتێکی بە دەستەوە نیە لەشکرێکی شەڕکەری وای کۆ کردۆتەوە کە شانۆی ژیانی ئەو هەرێمە خۆ لەبەر شکۆی بەختی ناگرێ. جا بزانە هەر کات ببێتە خاوەنی وڵاتێکی وا، بەو هێندە هەرێمە بچووکە ڕاناوەستێ و دەرگاکانی دەسدرێژی بۆ سەر خاک و سەرزەوی تر بە ڕووی ئاواتەکانیدا دەکرێنەوە.»[٢٨]

سوڵتانیاقووب کە قنیاتی بەم قسانە هێنابوو، ٤٠٠٠ کەسی نارده یاریدەی فەرڕوخ یەسار. ئەم دەستەیە لە تێکشکاندنی لەشکری حەیدەر، لە ٩ی ژووئیەی ١٤٨٨ (٢٠ی ڕەجەبی ٨٩٤)دا لە تەبەرسەرانی نیزیک ئەو شوێنەی باوکی لێیکوژرابوو، دەوری سەرەکی گێڕا. لە گەرمەی شەڕا تیرێکی گیانئەستێن حەیدەری پێکا و متەقی لێبڕی و پەیڕەوانی لە مەیدانی تێکهەڵچوونا ناشتیان.

گۆڕانی هەڵوێست و ڕەوت و ڕێبازی ئاققۆیوونلوو لە بەرامبەر سەفەوییەدا دەگەڕێتەوە سەر چ هۆکارێک؟ ئووزوون حەسەنی فەرمانڕەوای گەورەی ئاققۆیوونلوو لە ساڵی ١٤٧٨ (٨٨٢)دا مردبوو؛ سەرەتا خەلیل و پاشان هەر لەو ساڵیدا کوڕەی لاوتری کە دەبێتە یاقووب جێیگرتەوە. هەر لە هەوەڵەوە نێوانی حەیدەر و یاقووب خۆش نەبوو و حەیدەر زانی کە تازە لە دەرباری ئاققۆیوونلوو پێشوازی لێناکرێ. بەڵام ئووزوون حەسەن جونەیدی بە هاوپەیمانێکی بەکەلک دەزانی دژی قەرەقۆیوونلووەکان و حازر بوو دۆستایەتی لەگەڵ حەیدەر، تەنانەت پاش تەفروتونا بوونی ئیمپراتۆرێتی قەرەقۆیوونلوو بە دەستی خۆی لە ساڵی ١٤٦٧ (٨٧٢)دا، نەپسێنێ و درێژەی پێبدا؛ کەچی یاقووب گەشە و پەرەی ڕۆژبەڕۆژی هێزێکی تەیار و مەشق پێکراوی سەفەوی لە هەرێمی دەسەڵاتیدا بە مەترسییەکی ناکاو دەزانی بۆ سەر پلە و پایەی خۆی.

حەیدەر ماوەیەک پێش سێهەمین لەشکرکێشانی کارەساتباری خۆی بۆ شیروان لە ١٤٨٨ (٨٩٣)دا، کڵاوێکی تایبەتی ڕەنگ سووری دوازدەسووچە (دوازدەپەڕە)ی بە بۆنەی دوازدەئیمامی شیعان بۆ پەیڕەوانی خۆی داهێنا کە



٢ ـ یەكێك لە پایەبەرزانی قزڵباش (پەردەداری بارگا)

بنكەی ژین www.zheen.org

ئیمامیعەلی لە خەونیدا فێـری كردبـوو. لەویبـەولاوە ئـەم كـــڵاوە بـوو بـە نیشانەی دیار و ئاشكرای لایەنگرانی وەجاخزادەكانی سەفەوی و وای لێهات كـە عوسمانییەكان بۆ گاڵتە و پێڕابواردن نازناوی سەرسوور (قزڵباش)یان لێنـان. ئەم ناوە كە عوسمانییەكان بە مەبەستی گاڵتەجـاڕی و سـووكایەتی دەكاریـان دەكرد، لە لایەن سەفەوییەكانەوە وەك نیشانەی شانازی قبووڵ كرا. لــە مانــای ورد و باریكی خۆیدا، قزڵـباش (سەرسـوور) تـەنیا ئـەو خێڵـە توركمانانــەی دەگرتــەوە كــە دانیشــتووی ئاناتۆڵــی ڕۆژهــەڵاتیــی و بــاكووری ســووریا و بەرزاییيەكانی ئەرمەنستان بوون و كەوتبوونە شوێن سەفەوییە و شێخەكانیان لە ئەردەوێڵ و بە مرید دەناسران. بەڵام ئاخرییەكەی ئەم ناوە شانی بۆ شل كرا و هێندێك لە لایــەنگرانی ناتوركمــانی سەفەوییەشــی گرتــەوە. بــەپێی مێـژووی «شاسمایل» كە نووسەرەكەی نادیارە، وەختایەك حەیدەر بۆ یەكـەم جـار ئــەم تانجەی سۆفییەی - ئەو ناوەی كە سەرەنجام ئەم كـڵاوە تایبەتــە بــە خۆیــەوە

گرت - بە ئووزوون حەسەنی نیشان دا، لێیوەرگرت و ماچی کـرد و نایەسـەری. بەڵام یاقووبی کوڕی نەینایە سەری و دوژمنایەتی حەیـدەر و یـاقووب لێـرەوە سەری هەڵدا. ئەم حیکایەتە تەنانەت ئەگـەر ڕاسـتیش نـەبێ - چونکـە بێتـوو ڕێکەوتی داهێنانی تانجەکە بە دەستی حەیدەر دروست بێ، نـاکرێ مەبەسـتەکە ڕاست بێ، چون ئـووزوون حەسـەن لـە ١٤٧٨ (٨٨٢)دا مـرد - بـەڵام دیسـانیش وێدەچێ. گوتوویانە کـە یـاقووب دوای مـەرگی حەیـدەر، قەدەغـەی کـرد کـە جەماوەری ژێر دەسەڵاتی تاجی قزڵـباش بکەنـە سـەریان، ڕووداونووسـەوەی سەفەوییە بە ڕاوێژێکی ڕواڵـەتییانەی ئامـاڵ پیاوچاکانـە دەڵـێ ئـەم کـردارە چەپەڵانە زنجیرەی خانەدانی ئاققۆیوونلووی هەپروون بە هەپروون کرد.

بزووتنەوەی سەفەوییە بۆ دووەم جار لە مەیدانی شەڕا سـەرۆکی خـۆی لـە دەس دابوو، بەڵام هێز و بڕشتی دەروونیی بێوچـان بـەرەو گەشـە و پێشـکەوت پاڵی پێوەنا. لە نێو کوڕانی حەیدەردا هەر ئەو سێیانەی بە ناوی عەلی، برایم و سمایل کە لە عالمشا بەگم کەوتبوونەوە خاوەنی سـەنگ و بایـەخن. لـەم سـێ کەسە، وادیارە برایم پەنای بردە بەر ئاققۆیوونلووەکان[٢٩]؛ ئـەم کـارە دەتوانـێ پاساوێک بـێ بـۆ بێـدەنگیی مێژووەکـانی سـەفەوی سـەبارەت بـە چۆنیـەتی چارەنووسی. عەلی، کوڕە گەورەی شێخ حەیدەر، وەک جێنشینی باوکی بوو بـە کاروانسالاری ڕێبازی سەفەوییە و خۆی بە پادشا نـاودێر کـرد و بـەم چەشـنە ئاواتـە سیاسـییەکانی سـەفەوییەی پتـر لـە پـەردە هێنایـەدەر. دڵـەڕاوکەی سوڵتانیاقووب کە بە مردنی حەیدەر بە شێوەی کاتی بنەی بڕابوو، بـە هـاتنی کۆمەڵێک ڕاپۆرت دەربارەی خۆسازدانی عەلی بە مەبەستی وەرگرتنەوەی تۆڵەی خوێنی بـاوکی، دیسـانەوە بـە چەشـنێکی قـەیراناوی و مەترسـیدارتر خـۆی نواندەوە. یاقووب پۆلە سوارێکی ناردە ئەردەوێڵ هەتا سێ برالە و دایکیان - کە خوشکی خۆی بوو - بگرن؛ زیندانییەکان لە قەڵای ئیستەخری فـارس ڕاگـیران و ژیانی عەلی تەنیا بە نێوبژیوانی دایکی ڕزگاری هات.

دیمـەنگای کۆتـایی سـەرکەوتووانەی نەخشەکێشـراوەکانی سـەفەوییە بـۆ وەچنگ هێنانی دەسەڵات لە ئێرانا دووری دەنوانـد. بـەڵام لـە دێسـامبری ١٤٩٠ (سەفەری ٨٦٩)دا سوڵتانیاقووب کۆچیدوایی کرد و لەو حاڵەدا کـە هـەرکام لـە

خوازیـــارانی تـــاج و تـــەخت هەولـــی تێـــدابردنی ڕکەبـــەرانی خۆیـــان دەدا، ئیمپراتۆرێتی ئاققۆیوونلوو لەبەر شەڕەکانی نێوخۆ لێکهەڵوەشا.

یەکێک لەم خوازیارانەی دەسەڵات بە ناوی ڕۆستەم کەوتە سەر ئەو فکرە کـە لە ڕاگەیاندنی شەڕی لایەنگرانی سەفەوییە بە قازانجی کەڵەوەکێشـی و ملانـەی خۆی دژی ڕکەبەرانی کەلک وەربگـرێ. هـەر بۆیـە لـە ساڵـی ١٤٩٣دا برایـانی سەفەوی دوای چوارساڵ و نیو گیران، ئازاد کران. عەلی لە تەورێزی پایتـەختی ئاققۆیوونلوو زۆر بەڕێزەوە لە لایەن ڕۆستەمەوە پێشوازی لێکرا و سوڵتان بـە ڕێبەری سەفەوییەی گوت:

«بە سەر چوو ئەوەی دەرهەق بە تۆم کرد؛ بە هیوای خودای مەزن هەوڵ دەدەم تۆڵەت بۆ بکەمەوە و تۆ کوڕمی و پاش من پادشایەتی ئێران بە تۆ دەبڕێ.»[30]

هێزەکانی عەلی دەورێکی بووژێنەوەیان گێڕا لە سەرکەوتنی ڕۆستەم بە سەر خەنیمی سەرەکیدا، بەڵام هەر ساڵی دواتر لە ١٤٩٤ (٨٩٩-٩٠٠)دا ڕۆسـتەمیش بـە نۆرەی خۆی لە پەرەگرتنی هێز و دەسەڵاتی ئاشکرای لایەنگرانی سەفەوییە تۆقی و بۆ جارێکی تر عەلی و براکانی دەسبەسەر کردەوە. عەلـی کە بیسـتی ڕۆستەم هاتۆتە سەر کوشتنی، وێڕای تـاقمێکی حـەوت کەسـەی لایـەنگرانی گیانفیـدای سەفەوییە لە هۆردووگای ڕۆستەمەوە بەرەو ئەردەوێڵ ڕەوی. ئەو پۆلە سـوارەی هاوڕێی کە دورێکی زۆر بەرچاویان لـە پێگەیشـتنی شۆڕشـی سـەرکەوتووانەی سەفەوییەدا گیرا بە ناوی «باوەڕمەندانی تایبەت» ناسران. ڕۆستەم تێگـەیی کـە پەیکەردەی بێسێودووی برایانی سەفەوی بەر لەوەی بتوانن پەیوەندی بکەن بـە ناوەند و بنکەیانەوە لە ئەردەوێڵ زۆر پێویستە. ئەو گوتی: «پەنا بۆ خودا! چمـا بگاتەوە ئەردەوێڵ، دەبێ هەزار تورکمان بکوژرێن هەتا وەچنـگ بـێ.» لـە ڕێـی ئەردەوێڵدا سوڵتانعەلی سێبەری مەرگی خۆی هەست پێکرد و سمایلی برای بـە جێنشین و پێشەوای ڕێبازی سەفەوییە دانا. ئەو گوتی: «دەمهەوێ تۆڵەی خوێنی من و باپیرت لە تۆرەمەی حەسەنپاشا بستێنییەوە و پشکی مراد بە ناوی بەختی پیرۆزی تۆ وەدەرکەوت. هێندەی پێناچێ کە لـە قۆڵـی گیلانـەوە بـە شمشـێری جیهانگیرییەوە سەر هەڵدەدەی و بە زەبری شـیر ژەنگـی کـوفر لـە ڕووی دنیـا دادەماڵی.»[31]

تاقمۆکەی سەفەوی لە نیزیک ئەردەوێڵ دەگاز سوارانی ئاققۆیوونلوو کەوت و عەلی کوژرا. سمایل بە سەلامەتی گەیشتە ئەردەوێڵ و سەرەتا پەنای بردە بەر گومبەزی سەفەوییە. پاشان وەختایەک ڕۆستەم بۆ دۆزینەوەی کەوتە پشکنینی ماڵبەماڵی ئەردەوێڵ، لایەنگرانی بۆ ماوەی شەش حەوتوو کوناوکونیان پێکرد و شاردیانەوە. دایکی کەوتە بەر پەلاماری ئەشکەنجەی ئاققۆیوونلووەکان بەڵام بێهوودە بوو، چونکە بە حەشارگەی کوڕەکەی نەدەزانی. پاش ئەو ماوەیە و خەلەستن لە داوی گیران لە ئەردەوێڵ، سمایل لە لایەن گیانفیدایان و لایەنگرانی سەفەوییەڕا دەستاودەستی پێکرا هەتا گەیشتە بارگای حوکمڕانێکی ناوچەی گیلان لە لاهیجان بە ناوی «کارکیا میرزاعەلی» و لەوێ پەنا درا. ئاققۆیوونلوو هیشتا زۆر توند بە شوێنیدا دەگەڕان. ژنێک لە خێڵی «ذوالقدر» یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە ئەردەوێڵ پەنای دابوو، پێیانزانی و گیرا و پاش درکاندنی ئەو مەبەستانەی دەربارەی ڕەوگەی ڕەوینی دەیزانی، کوژرا. ڕۆستەم چەند سیخوڕێکی لە جلوبەرگی سۆفییاندا بەرێ کرد بو گیلان هەتا هەوڵ بدەن حەشارگەی سمایل بدۆزنەوە. وەختایەک ئەوان ڕاپۆرتیان دا سمایل لە لاهیجانە، ڕۆستەم سێجاران پەیتاپەیتا پیاوی نارده بارگای کارکیا میرزاعەلی و داوای ڕادەست کرانەوەی کرد. کارکیا میرزا بە ترس و لەرزەوە ئەم داوایانەی بردەوە پاش. یەکێک لەو لەقوپۆپانەی پەیڕەوانی سەفەوییە بەم بەسەرهاتەیانەوە زیاد کردووە دەڵێ وەختایەک کارکیا میرزا سوێندی بۆ نێردراوانی ڕۆستەم دەخوارد کە پێی سمایل لە سەر هیچ بستە زەمینێکی گیلان نیە، دەستووری دابوو لە سەوتەیەکدا هەڵیواسن هەتا سوێندی بەدرۆی نەخواردبێ. ڕۆستەم کە قنیاتی بە قسەکانی کارکیا میرزا نەهێنابوو، خەریکی خۆ کۆکردنەوە بوو تا بە هێزێکی مەزنەوە پەلاماری گیلان بدا، کەچی قەڵەمڕەوەکەی لە لایەن ئامۆزایەوە کەوتە بەر هێرش و خۆی کوژرا (٩٠٢/١٤٩٧).

گێرە و کێشەی دواتری نێوان شازادەکانی ڕقەبەری ئاققۆیوونلوو کە کوژرانی کۆمەڵێکی لێکەوتەوە، هەلی بۆ سمایل ڕەخساند سەرلەنوێ بە هێزەکانیدا بچێتەوە و لەگەڵ ڕاوێژکارانی نیزیکی ئاخرین نەخشەی چڕوپڕی خۆیان بە مەبەستی تێکۆشان لە ڕێی ڕووخاندنی دەوڵەتی ئاققۆیوونلوو لە ئێراندا گەڵاڵە کرد. زۆرتر خەڵک وا دەزانێ کە سمایل لەبەر ڕێبەرایەتی سەرسوڕهێنی

بەتەنیایی بەرپرسی سەرکەوتنی شۆڕشی سەفەوییەیە. بەڵام بێتوو بە وردی بڕوانین دەبینین کە سمایل وەختایەک ڕایکردە گیلان تەنیا حەوتساڵی تەمەن بوو؛ هەروەها کاتێک هەوڵەکانی خۆی لە گیلانەوە بۆ وەدەسهێنانی دەسەڵات لە ١٤٩٩ (٩٠٥)دا خستە گەڕ، دوازدە ساڵانە بوو؛ هەروابێتە وەختایەک لە ١٥٠١ (٩٠٧)دا لە تەورێز وەک یەکەم پادشای زنجیرەی خانەدانی سەفەوییە تاجی نایە سەر تەمەنی لە چاردە ساڵ تێنەپەڕیبوو، جا بۆیە دەردەکەوێ کە ئەم بۆچوونە دروست نیە. لە ڕاستیدا بەرپرسایەتی پاراستنی هێزی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی سەفەوییە بە دەس تاقمێکی بچووکی حەوت کەسی بوو لە ڕاوێژکارانی نیزیکی بە ناوی «باوەڕمەندانی تایبەت» کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا. بۆ یەکەم جار «و. مینۆرسکی» سەرنجی کەوتە سەر ئەو پرسە کە «بنەمای یەکەمین ڕێکخستنی سەرەتای سەفەوییە... زۆر وەک سیستمی تاکحیزبی وڵاتانی تۆتالیتێر (پاونخوان)ی هاوچەرخ»[٣٢] وا بوو. هەروەها ئەرکی باوەڕمەندانی تایبەت زۆر وەک ئەو تاقمە بچووکە دەچوو کە لێنین بە دەستی ئەوان جووڵانەوەی بۆلشویکی بەر لە شۆڕش هەڵدەسووڕاند و لە ساڵی ١٩١٩ڕا بەڕەسمیی بە دەفتەری سیاسی (پۆلیت بۆرۆ) ناودێر کرا.[٣٣]

لە ماوەی نیزیک بەو پێنج ساڵەدا کە سمایل لە لاهیجان خۆی شاردبۆوە، پەیوەندی بەگەرمەی لەگەڵ مریدەکانی لە ئاناتۆلی و قەفقازی باشووری و ئازەربایجان درێژە پێدابوو. لەبەروەی کە لایەنگرانی سەرسوور (قزڵباش)ی سمایل زۆربەیان پیاوانی خێڵە تورکمانەکان بوون، ئەو لە قسەکانیدا شێعری ساکاری بە ڕاوێژ و زاراوی ترکی ئازەری بۆ دەخوێندنەوە هەتا پتر دنەیان بدا. سمایل لەو هۆنراوانەدا نازناوی «خەتایی» بۆ خۆی دانابوو. هیچ گومانی تێدا نیە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی پازدە (نۆهەم)دا، بەر لە دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوییە، ڕێبەری سەفەوییە لە پڕوپاگەندەی ئەم ڕێبازەدا تەنیا نوێنەری ئیمامی غایب (ئیمامی ون = مەهدی) نەبوو، بەڵکوو خودی ئیمامەکە بوو؛ تەنانەت پێشەوای سەفەوییان هەتا ئەو جێیە پێهەڵدەبرد کە بانگەشەیان دەکرد خوداوەند خزیوەتە نێو جەستەی. گوتراوە کە مریدانی جونەید (١٤٤٧-١٤٦٠) بەئاشکرا بە خۆیان دەگوت «خودا» و کوڕەکەیان بە «کوڕی خودا» ناودێر دەکرد و بۆ تاریف و پێهەڵدانی دەیانگوت: «هوالحی‌القیوم، لا اله الا هو».[٣٤] وەختایەک

حەیدەر لە ١٤٦٠ی زایینیدا بوو بە سەرجەلەی ڕێبازی سەفەوییە، خەلیفەکانی سۆفی «لە هەموو لایەکەوە هاتن و نەفامانە مزگێنی خوداوەند بوونی خۆیان دایە.»[٣٥] نێوەرۆکی شێعرەکانی خودی سمایلیش نیشانەیەکی ڕوونن کە پێیخۆش بووە پەیڕەوەکانی ئەو بە جەستەیەکی خوداوەندیی بزانن. بۆنموونە دەکرێ ئەو هۆنراوەی خوارەوە بخرێتە بەرچاو:

عین اللهم، عین اللهم، عین اللـه

کل ایمدی حقی کور ای کور گمراه

منم اول فاعل مطلق که دیرلار[٣٦]

چلۆن بیروباوەڕی وا توندوتیژ و پێچەوانەی داب و نەریتی سەردەم ئاوا بە هاسانی لە سەدەی چاردەهەم (هەشتەم)دا لە ئاناتۆلی و کوردستان قبووڵ کران؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارە دەبێ بگەڕێینەوە سەر گیرانی بەغدا بە دەس مەغوولان لە ١٢٥٨ (٦٥٦)دا و تێداچوونی پلەی خەلافەت. ئەم ڕووداوە نە تەنیا وەرچەخانێکە لە مێژووی سیاسی جیهانی ئیسلامدا، بەڵکوو بە قووڵی شوێنی کردە سەر ڕەوت و ڕێبازەکانی ئایینیش. بۆ ماوەی ٦٠٠ ساڵان خەلیفەکان ڕەمز و سەمبولی بەرچاوی یەکانگیری دنیای ئیسلام و ڕاگرانی داب و ڕێسانی ئیسلامی بوون. شل گرتن و سینگفرەوانی مەزهەبیی حوکمڕانانی مەغوول (ڕەنگە دەستەیەک پێی بڵێن بە هێند نەگرتن) ئیسلامی سوننی یان «کۆنباو»ی لە شوێن و پلەی بەرزی خۆی ترازاند و هەلومەرجێکی وای بەدی هێنا کە نە تەنیا بوو بە ڕێخۆشکەری گەشەی شیعەگەری، بەڵکوو دەرگای بۆ هەر باوەڕێکی مەزهەبی جەماوەرپەسند خستە سەر گازەرای پشت. لە کلکەی سەدەی سێزدەهەمی زایینیڕا بەرەودوا گەلێک ڕەوت و ڕێبازی توندڕەوی شیعە لە ئاناتۆلی و کوردستانا گەشەیان کرد[٣٧] و زۆرێک لەم تاقمانە خۆیان وەپەنای چەتری «بەرفرەوان و ڕوانگەبەرزی دام و دەزگای بەکتاشی»[٣٨]دا و لە ئازار و ئێشاندنی حکوومەتی عوسمانی بە تاوانی «رافضی» بوون، خەلەستن. بەتایبەت ئاناتۆلی لە ڕاستیدا وەک بۆتەی تێکەڵبوونی ڕا و بۆچوون و باوەڕی دینی لێهات. لەم نێوەدا دوو ڕەوتی سەرەکی، شیعەگەری و سۆفیگەری بوون کە لە ماوەی سەدەی چاردەهەم(هەشتەم)دا بۆ هەمیشە یەکتریان گرتەوە و تێکەڵ بوون. من ئەگەرچی

نــاتوانم لەگــەڵ بۆچوونــەکانی «هــانری کۆربــۆن» هاودەنــگ بم کــە دەڵــێ: «شیعەگەری ڕاستەقینە هەمان سۆفیگەرییە و سۆفیگەری ڕەسەن و ڕاســتەقینەش ناکرێ هیچ شتێک بێ جگە لــە شــیعەگەری»[٣٩]، بــەڵام ئــەم بۆچوونــە هەڵــگری چەشنێک ڕوانگەی تونــدوتیژە لــە حەقیقــەتی دۆزینــەوەی کلیلــی تێگەیشــتنی مێژووی ئێران لەو سەدانەدا کە بــڵاوکەرەوەکانی سەفەوییە بێوچــان خــەریکی خرهەڵدان و ڕاکێشانی مریدان و خۆش کردنی بواری شۆڕشی ســەفەوییە بــوون. سەید حوسێنی نەسر ئاماژەی کردووە کە ئاڵقەی وێککەوتنــەوەی شــیعەگەری و سۆفیگەری ئیمامی یەکەم عەلییە: «عەلی ئەوەندەی بە ســەرچاوەی شــیعەگەری دادەندرێ، ئەوەندەش وەک نوێنەرێکی پایەبەرزی گەڕانەوە نێــو نــاخ و دەروون وایە لە ئیسلامدا، هەر بۆیە سەرچاوەی شیعەگەری و سۆفیگەری یەکێکە و ئــەم دووە گەلێک توخم و تۆوی هاوبەشیان هەیە.»[٤٠]

بە تێکەڵ بوونی ئەو دوو پاژە، پاش قۆنــاخێکی ترشــان و گــۆڕان، شــەرابی دڵخوازی مەســتیهێنــی خوایــەتی ڕێبــەرانی ســەفەوی پاڵــێورا و ورەیــەکی وا شەڕکەرانەی دەمارگرژانەی لە دەروونی ئەو کەسانەدا بــەدیهێنــا کــە یــەکبین پیاڵــەیان فــڕ کــرد کــە ڕاپــۆرتی بازرگــانێکی وێنیــزی هاوچــەرخی ئــەو ڕۆژگارە، دیمەنێکی بێلایەنانەی لێدەخاتە بەرچاو:

«هەموو خەڵکەکەی و بەتایبەت پێشــمەرگەکانی وەک خوداوەنــد ئــەم سۆفییەیان خۆش دەوێ و ڕێزی بۆ دادەنێن و دەستەیەک لە چەکدارەکانی بێ زرێ دەچنە مەیدانی شــەڕ بــەو هیوایــەی کــە سمــایلی «مــەولا»یــان بیانپارێزێ و نیگاداریان بێ. بە سەرانسەری ئێرانا ناوی خودا لــە بــیران چۆتەوە و تەنیا ناوی ئیسماعیل لە یادان ماوە. ئەگەر سوارێک بگلێ یــان بە دەستی دوژمن لە خاک وەربدرێ، غەیری شێخ هاواری هیچ خودایــەکی دیکە ناکا و بە دوو چەشن ناوی دەبــەن: یەکــەم وەک خوداوەنــد و دووەم وەک پێغەمبەر. هەر وەک مسوڵــمانان دەڵــێن: «لا الــه الا اللّــه و محمــداً رسول اللّه»، ئیرانییەکان دەڵێن: «لا الــه الا اللّــه (و) اســماعیل ولــی اللّــه»؛ بێجگە لەمەش هەموو کەس بەتایبەت گیانفیداکانی پێیان وایە نەمرە.»[٤١]

نازناوی «ولی اللّه» کە پەیڕەوەکانی داویانە بـە سمایـل، دەریـدەخا ئـەوان ئەویان بە هاوشانی خودی «عـەلی» وەک نوێنـەر یـان جێنشـینی خوداوەنـدی مەزنی پایەبەرز داناوە.

لە ئووتی ١٤٩٩ (محەڕڕەمی ٩٠٥)دا، سمایل یان زۆر وێـدەچێ «باوەڕمەنـدانی تایبەت» گەیشتنە ئەو ئاکامە کە هەلی لەبار بـۆ تێکۆشـانی کۆتـایی لـە ڕێـی وەدەسهێنانی دەسەلاتا ڕەخساوە. ئەم زەمانە لە ڕاستیدا کاتوساتی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕاستەقینە بوو بۆ بزووتنەوەی سەفەوییە. بـە کـوژرانی دوا بـە دوای یەکتری سێ ڕێبەر لە مەیدانی شەڕا، جووڵانەوەکـە ئێسـتا پتـر لـە هـەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی دیکە لە مێژوودا تووشی تەنگوچەڵەمە هاتبۆوە و بە سەر کەندوکۆسپی ئاستەمی زیاتردا زاڵ ببوو. نە تەنیا وێنەدەچوو کە ورەی قزڵباشەکان لە شکستێکی دیکە بە سـلامەت دەرباز بێ، بەڵکوو تەنانەت سمایلی پێشەواش جێگرەوەیەکی نەبوو. ئەمە خودی سۆفییەکان بوون کە پێیان داگرتبوو دەبێ پێودانی دیاری کردنی جێنشین پەیوەندی باوک - فرزەندی بێ، واتە یاسا و ڕێسایەکی پادشایەتی نەک دەقی ڕێوشوێنی هەڵبژاردن. سمایل هێشتا کوڕێکی نەبوو و برایمی براشی خوێ دابوویە ژێر داڵدەی ئـاققۆیوونلووەکـان. کارکیـا میرزا هەوڵی دا سمایل لەم کارە پەشیمان بکاتەوە، زۆری جەخت لەسەر تەمەنی مێرمنالانەی کرد و چارەنووسی پێشینییەکانی وەبیر هێنایەوە. سمایل بـێهـیچ دوودڵییەک لەگەڵ «باوەڕمەندانی تایبەت» لە لاهیجانەوە ڕووی کردە ئـەردەوێڵ و لە ڕێگادا ١٥٠٠ کەس لە سووریا و ئاسیای بچووکەوە داوەرین و تێکەڵی بوون. لەبەر هەڕەشەی حوکمڕانی ئاققۆیوونلووی ئەردەوێڵ، سمایل کە هێـزی خـۆی بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ مەترسی بە ناتەواو دەزانی، پاشەکشـەی کـرد بـۆ ناوچەی «تالش»ی نێوان سنووری ئازەربایجان و گـیلان. لـە مـاوەی زسـتانی ١٤٩٩ - ١٥٠٠ (٩٠٥)دا هەم ئاققۆیوونلووەکان و هەم شیروانشای فـەڕڕوخیەسـار چەند هەوڵێکی ناسەرکەوتووانەیان دا بۆ ڕفاندن یان کوشتنی سمایل.

سمایل لە بەهاری ١٥٠٠ (٩٠٥)دا گەڕایەوە ئەردەوێڵ و چەند پەیک و قاسیدێکی نارده لای لایەنگرانی لە سووریا و ئاسیایی بچووک و لێیڕاسـپاردن کـە بچنـە دیداری لە شوێنێکی ئەرزەنجان لە بەرزاییەکانی ئەرمەنستان. لەسەر ڕێی وی هەتا شوێنی دیدار تاقمێک لە تورکمانەکانی خێڵی «بای بوورتلوو» دایانـە پـاڵ

سمایل و وەختایەک گەیشتە ئەرزەنجان ٧٠٠٠ کەس لە خێـڵاتـی ئۆسـتاجلوو، شاملوو، ڕۆملوو، تەکەلوو، زولقەدر، ئەفشار، قاجـار و وەرسـاق چـاوەڕێی بوون. هەر لەو سەروبەندەدا دوو شازادەی ئاققۆیوونلوو بـە نـاوی ئەلوەنـد و مراد کە لە ئاخرین تێکهەڵچوونی نێوخۆی بنەماڵەیی قوتـار ببـوون، تـەمایان گرت بە شێوەیەکی هێمنانە ئیمپراتۆرێتی ئاققۆیوونلـوو لـە مابـەینی خۆیانـا دابەش کەن: ئەلوەنـد ئازەربایجـان، ئـاران، موغـان و دیاربـەکر (بـاکوور و ڕۆژاوا)ی وەبـەر کـەوت و مـراد ئێراقـی عەجـەم و کرمـان و فـارس (ناوەنـد و باشوور)ی پێبڕا.

ئیسماعیل سەرەتا پەلاماری ئیمپراتۆرێتی ئاققۆیوونلووی نەدا و هەڵیکوتایە سەر شیروانشا. ڕەنگە دوو هۆکار لەسەر ئەم تەمایە شـوێنیان دانابـێ: یەکـەم مەیلێکی سروشتی بۆ تاقیکردنەوەی لەشکرەکەی خۆی لـە بەرامبـەر دوژمنێکـی لاوازتردا بەرلەوەی بکەوێتە مەترسی شەڕێکی بەگەرمە لەگەڵ ئـاققۆیوونلـوو؛ دووهەمیش بوونی هۆکار و هاندەرێکی ڕووحی، واتە هەژان بـۆ تۆڵـەکردنەوەی خوێنی باوک و باوەگەورەی لە حاکمانی شیروان. سمایـل لـە دێسـامبری ١٥٠٠ (جیمادی یەکەم و جیمادی دووەمی ٩٠٦)دا لە ڕووباری کوڕ پەڕییەوە و لە نیزیـک قەڵای گوڵستان کەوتە شەڕی فەڕڕوخ یەسار؛ فەڕڕوخ یەسار شکا و کوژرا. سمایل بەرەو بەستێن ئاژاوتی و باکۆی گرت، بەڵام کە بیستی ئەلوەند لە چۆمی ئاراس پەڕیوەتەوە و کەوتۆتە شوێنی، بەرەو نەخجەوان گەڕاوە دوایە. دوو لەشـکرەکە لە شەروور تێکهەڵەنگوتن و پێکداهاتن. سمایل لە بەرامبەر سپای ٣٠٠٠٠ کەسەی ئەلوەندا تەنیا ٧٠٠٠ کەسی لەگەڵ بوو، بەڵام سەرکەوتنی وی ئەوەندە پتەو خۆی نواند کە نیزیکـەی ٨٠٠٠ کـەس لـە چەکـدارانی ئـاققۆیوونلـوو کـوژران. ئـەم سەرکەوتنە بڕندە و بەرچاوە، جڵەوی ئازەربایجانی دایە دەس سمایل و بزووت پێی نایە تەورێز و لە هاوینی ١٥٠١ (٩٠٧)دا هەر لەوێ تاجی نایە سەر. ئەگەرچی ئەلوەند لە ئەرزەنجان سەرقاڵی کۆکردنەوەی سپایەکی دیکە بوو و مراد بە خۆی و لەشکری گەورە و نەشکاوی لە باشوور دەهـاژا، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا شـەڕی شەروور یەکلاکەرەوە بوو. سمایل تـەورێزی پایتـەختی ئـاققۆیوونلووەکـانی هێنابوویـە ژێـر دەسـەڵاتـی خـۆی و شۆڕشـی سـەفەوییە پـاش دوو سـەدە خۆسازدان، ڕەوت و ڕووداوێکی بە ئەنجام گەیشتوو بوو. گەلێک سکە بـە نـاوی

ئیسماعیل لێدران، بەڵام گرینگترین کاری وی ڕاگەیاندنی مەزهەبی شیعەی دوازدەئیمامی بوو وەک مەزهەبی ڕەسمیی وڵاتی تازەی سەوفەییەکان. کاردانەوە و شوێنهاتی ئەم فەرمانە کە تێکڕای ڕەوت و ڕەوگەی بزووتنی مێژووی داهاتووی ئێرانی گۆڕی، لە بەشی داهاتوودا دەکەوێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پەراوێزەکان

> تێبینی: تەواوی ئەو ڕستە و بڕگانەی پەراوێزەکانی ئەم کتێبە کە کەوتوونە نێو دوو قولاپ یان بە ئەستێرە و پیتی «و» نیشانە کراون، وەرگێڕی دەقی فارسی ڕێزدار کامبیز عەزیزی زیادی کردوون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١. ئیمامیعەلی بڕواننە: والتر هینتس، «پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئێرانا، حکوومەتی ئاققۆیوونلوو و پەیدابوونی دەوڵەتی سەفەوی»، وەرگێڕدراوی «کەیکاوس جیهانداری، ڕێبەندانی ١٣٤٦ی هەتاوی (١٩٦٧) بڵاوکراوی کۆمیسیۆنی معارف، ل ٣ و ١٦١ - و.

٢. یان ئەرران، ناوچەیەکە لە ئازەربایجان - و.

٣. ئەبوومەنسوور شەرەفەددین مەمەلانی بنیوەهسودان یەکێکە لە میرانی خانەدانی مەشهوور بە وەهسودانییەکان یا ڕەوادییان کە بە سەر مەڵبەند و ناوچەکانی تاروم، شمیران، تەورێز، مەراغە و گەنجەدا حکوومەتیان دەکرد. میرنشینی مەمەلان لە ٤٥٠ تا ٥١١ی کۆچی (١٠٥٨-١١١٧ی زایینی) پایەدار بووە - و.

٤. ئەمە گێڕانەوەی «صفوةالصفا»یە؛ «سلسلةالنسب صفویه» کە درەنگتر نووسراوە، ناوی کوڕی قوتبەددینی بە ساڵح هێناوە و ئەمین جوبرەئیل بە نەوەی وی دەزانێ. هەروەها «سەفوەتوسسەفا»، ناوی قوتبەددینی بە ئەبووبەکر تۆمار کردووە نەک «ئەبولباقی ئەحمەد». هێندێک لە سەرچاوەکانی سەفەوییە بێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوە بدەن، کۆمەڵێک بەڵگە و بۆنەی دژاودژ لەم بابەتەوە دەخەنەڕوو.

٥. ئەوتاد و ئەبداڵ بە ڕیز دەکەونە پلەی سێهەم و پێنجەمی زنجیرەی چینبەندییەکانی پیاوچاکانی سۆفییە (پیاوانی ون). ئەم کەسانە کە «بۆ جەماوەر نەناسیاون بە برشتی بەهێزیان بەشداری پاراستنی ڕایەڵوپۆی دنیای هەبوونن.» بڕواننە:

I. Goldzihr, article “Abdäl” in Encyclopedia of Islam, 2nd ed, vol.
1.(London and Leiden 1960), pp. 94-5; hereinafter referred to as EP.

٦. شێخ حوسێن کوڕی شێخ ئەبدالّی پیرزادەی زاهیدی، «سلسلةالنسب صفویه»، بێرلین، ١٩٢٤، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئێرانشار، ل ١٧ - و.

٧. سەمای ئایینی سۆفییان کە زۆربەی جاران مووسیقای لەگەڵە و ئامانج ورووژانی بەرەو جەزم بوونی سەماکەرە.

٨. [سلسلةالنسب، ل ٨٤]، هەروەها بڕواننە:

R.M.Savory, “The Development of the Early Safawid State Ismäil and Tahmäsp”, unpublished University of London Ph.D.thesis (1958),p.13.

٩. [سلسلةالنسب، ل ٨٦] هەروەها بڕواننە: Savory, “Development”, p.14.

10. A.H. Morton, “The Ardabil Shrine in the Reign of Shäh Tahmäsp I” , in Iran, XII (1974),p.51.

بۆ قسە و باسی زیاتر دەربارەی گۆڕخانەی ئەردەوێڵ، بڕواننە ئەم وتارە و وتاری دواتر کە دیسانیش هەر مۆرتۆن نووسیویەتی لە: Iran, XIII (1975) , pp. 39-58

11. Savory, “Development”, pp.90-1.

١٢. سلسلةالنسب، ل ٤٢.

١٣. سۆیوورغال بریتییە لە زەوی یان داهاتی زەوی کە لەبری مانگانە یان مووچەیەکی دیاریکراو باربووی کەسانێک دەکرێ.

A.K.S.Lambton, Landlord and Peasant in Persia (Oxford 1953),p. 440.

[ئەم کتێبە کراوەتە فارسی: ئێی. ک. س. لێمبتۆن، «ملّکدار و جووتیار لە ئێرانا»، وەرگێڕاوی مەنووچێهر ئەمیری، چاپی دووەم، ١٣٤٥ی هـ. (١٩٦٦)، ناوەندی وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی کتێب. مانای واژەی «سۆیوورغال»ی سەرەوە کەوتۆتە لاپەڕە ٧٧٣ی ئەم وەرگێڕادراوە.]

14. Savory, “Development”, and Lambton. Landlord and Peasant,p.104.

[ل ٢١٠ی وەرگێڕدراوی فارسی.]

١٥. هەر ئەو شوێنە – و.

١٦. سلسلةالنسب، ل ٤٥ – و.

17. سەید ئەحمەد کەسرەوی، «دیسانیش سەفەوییە»، گۆڤاری «ئایندە»، ژمارە ١١، ڕەشەمەی ١٣٠٦ی هەتاوی (١٩٢٧ی ز.)، تاران، ل ٨٠٦.

18. H.Horst, Timur und Hogä’Ali (Wiesbaden 1958).

www.zheen.org

١٩. شێخ حوسێن کوڕی شێخ ئەبداڵی پیرزادەی زاهیدی، «سلسلة‌النسب صفویة»، بێرلین، ١٩٢٤، دەزگای چاپ و بـڵاوکردنەوەی ئێرانشار، ل ٤٨.

20. Tadhkirat al-Mulük, translated and explained by V.Minorsky (London 1943), pp. 189-90 (hereinafter cited as TM).

من هێندێکم گێڕانەوەکەی مینۆرسکی ڕاست کردۆتەوە.

[ئەم بەرهەمە بە ئینگلیسی کراوی «تذکرة‌الملوک»ە بە قەڵـەمی مینۆرسـکی. ئـەم کتێبـە بریتییە لە وەرگێڕدراوی ئینگلیسـی «تـذکرة‌الملوک»، دەقـە فارسـییەکەی و لێـدوانێکی دووروودرێژ سەبارەت بە سەردەمی سەفەوییە. تەواوی بڕگەکانی کە نووسەری ئەم کتێبە (ئێرانی سەردەمی سەفەوی) لەم بەرهەمـەی وەرگرتـوون سـەبارەتـن بـە لێکدانـەوە و شیکردنەوەکانی مینۆرسکی - جگە لە یەکیان کە لە جێی خۆیدا قسـەی لێکـراوە - جـا کەوایە لە وەرگێڕانی فارسی ئەم کتێبەدا، دەقی ئینگلیسی تەرجەمە کراوە. پێویسـت بـە ڕوون کردنەوەیە کە هەم «تـذکرة‌الملوک» و هـەم وەرگێـڕدراوی فارسـیی پـەراوێزەکانی مینۆرسکی لە ئێرانا چاپ کراوە کە ناو و نیشانییەکانی لە ژێـرەوە نووسـراوە، بـەڵام بەداخەوە دەستمان وەهیچیان ڕانەگەیشت:

ئەلف) تذکرة‌الملوک، ئامادەکردنی محەممەد دەبیرسیاقی.

ب) ڕێکخسـتنی دەزگـای بەڕێوەبـەرایـەتی حکوومـەتی سـەفەوییە، لێکۆڵـینەوە و پەراوێزەکانی مامۆستا مینۆرسکی لەسەر کتێبی «تذکرة‌الملوک»، وەگێڕدراوی مەسـعوود ڕەجەبنیا، تاران ١٣٣٤ی هـ. (١٩٥٥)، ئەنجوومەنی کتێب.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی «مێژووی شاسمایل» بڕواننە:

ئەلف) ئێدوارد براون، مێژووی ئەدەبیاتی ئێران، وەرگێڕدراوی ڕەشید یاسەمـی، ب ٤، چاپی ٣، تاران ١٣٤٥ی هـ. (١٩٦٦) کتێبخانەی ئیبنوسینا، ل ٥٦، یەکەم پەراوێز.

ب) عالەمئارای شاسمایل (نووسەر نادیار)، ئەسـغەر مونتەزیرسـاحێب پێشـەکـی بـۆ نووسیوە و پێیداچۆتەوە و کۆبەی لێناوە، تاران ١٣٤٩ی هەتاوی (١٩٧٠ی ز.)، ناوەندی وەرگێڕان و بـڵاوکردنەوەی کتێب، ل ٣٠ (لە پێشەکی هەڵەبڕ وەرگیراوە).]

٢١. ئاسیای بچووک.

٢٢. سلسلة‌النسب، ل ٤٨-٤٩ - و.

23. Iskandar Beg Munshï, Tärïkh-I ‘Älam-ärä-yi- Abbäsï, translated by R.M.Savory, Persian Heritage Series, ed. Ehsan Yarshater, no. 28, 2 vols. (Boulder, Colorado, 1978). Vol.I,P.28 (transliteration adapted); hereinafter referred to as Shah’Abbas.

[ئەم کتێبە تەرجەمەی ئینگلیسی «سێیڤری»یە لە خودی دەقی فارسی: ئەسکەندەربەگی مونشی، «مێژووی عالەمئارای عەبباسی»، ٢ بەرگ لە بەرگێکدا، چاپی سەنگی، ١٣١٤ی ک. (١٨٩٦) تاران. لە هەر جێیەک نووسەر برگەیەکی لەم کتێبە هێناوە، گەڕاوەمەوە سەر خودی دەقی فارسی. لێرە بەم لاوە بە «عالەمئارا» ناوی دێ.]

٢٤. لێرەدا مەبەست لە «کافرەکان» جەماوەری مەسیحیی خاکی چرکەسان (قرقیزستان)، گورجستان و شیروانە. [چرکەسەکان لە خێڵەکانی قەفقاز و دانیشتووی باکووری ڕۆژاوای قەفقازی پەنای دەریای ڕەش بوون. ئێستا پێیان دەڵێن قزقیز.]

25. V. Minorsky. “Jihän-shäh Qarä-qoyünlü and his Poetry”. In Bulletin of the School of Oriental and African Studies. XVI (1954).p.274.

★بەپێی ڕۆژەژمێری ووستنفێلد، ٤ی مارسی ١٤٦٠ بەرامبەرە لەگەڵ ١١ی جیمادی یەکەمی ٨٦٤ی کۆچی، کەچی لە سەرچاوەکانی فارسیدا ڕێکەوتی مردنی جونەید ٨٦٠ی کۆچی نووسراوە.

٢٦. Calo Johannes، لە زۆربەی تەرجەمەکانی فارسیدا «کالۆ یۆئانس» نووسراوە - و.

٢٧. عالەمئارا، ل ١٤.

٢٨. عالەمئارا، ل ١٥.

29. John E. Woods, The Aqquyunlu, Bibliotheca Islamica (Minneapolis and Chicago 1976), p. 289.

بنکەی ژین
www.zheen.org

30. R.M. Savory, “The Struggle for Supremacy in Persia after the Death of Timür”, in Der Islam, XL (1964), p. 58.

٣١. هەردک گێڕانەوەکە ئی ئەم سەرچاوەی پێشوون (ژمارە ٣٠) کە وەدەستمان نەکەوت تا سەرچاوەی سەرەکی بدۆزینەوە، بەڵام ئەم برگانەی هاتوون لە کتێبی «عالەمئارای شاسمایل»دا خراونە بەرچاو، ل ٣٢ – و.

٣٢. وەرگێڕدراوی مینۆرسکی لە تذکرةالملوک، ل ١.

٣٣. ئەو کەسانەی کە پێیانخۆشە بە شوێن ئەم بۆچوونەدا بچن، دەتوانن بڕواننە ئەم وتارەی من:

“Some Reflections on Totalitarian Tendencies in the Safavid State”, in Der Islam, LIII (1976), pp. 226-41.

٣٤. دەقی جێگۆڕکە پێکراوی دەستەواژەی باوی مسوڵمانانە بۆ دەربڕینی باوەڕ: «لا الە الە اللە».

35. Michel M. Mazzaoui, The origin of the Safawids (Wiesbaden 1972), p. 73.

36. V. Minorsky, “The poetry of shäh Ismäïl I”, in Bulletin of the School of Oriental and African Studies, X (1942), p. 1047 a.

هەروەها بڕواننە چەندین بەرهەمی «ت. گەنجی» لەم بابەتەوە.

37. A.S. Tritton , Islam, Belief and Practice (London 1951), p.83; and M.G.S. Hodgson, Article “Ghulät”, in EP, vol. II, pp. 1093-5.

38. J.Spencer Trimingham, The Sufi Order in Islam (Oxford 1971), p.83; and article “Bektäshiyya” in E12.

39. Mazzaoui, p. 83.

40. Ideals and Realities of Islam (Boston 1972), p. 127.

41. Travels of Venetians in Persia, Hakluyt Society (London 1873), p. 206.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٢

# دین‌سالاری: فەرمانڕەوایەتی شاسمایلی یەکەم

## (١٥٠١- ١٥٢٤ / ٩٠٧- ٩٣٠)

ڕاگەیاندنی مەزەبی شیعەی دوازدەئیمامی (اثنی‌عشری) لە ساڵی ١٥٠١دا وەک ئایینی نوێباوی وڵاتی تازەدامەزراوی نەبەگەی سەفەوییە لە لایەن شاسمایلەوە لە تەورێز، گرینگترین بڕیاری بوو. هەروەک پێشتر باسی کرا، مەزەبی دوازدەئیمامی بنەمای یەکێک لە پایەکانی دەسەڵاتی ڕێبەرانی سەفەوییە بوو، واتە ئەوەی کە دەیانگوت نوێنەری ئیمامی دوازدەهەم «مەهدی»ن (ئەگەر خودی ئیمامیش نەبن). ڕێبازی عەلی لانیکەم لە سەدەی سێزدەهەم(حەوتم)ڕا پەیوەندییەکی نیزیکی لەگەڵ گەشە و تەنینەوەی سۆفیگەری ئێرانی یان گەڕانەوە ناخ و بادانەوە بۆ نێو دەروونی ئیسلامییانەی لێکەوتبۆوە و پلەی پیر و مورشیدی کامیل دووەمین پایەی دەسەڵاتی پێشەوایانی سەفەوییە بوو. سەرەنجام بە دەربڕینی ئەم مەبەستە کە «حوسێن»ی کوڕە چووکەی «عەلی» لەگەڵ کچی یەزگردی سێهەمی ئاخرین پادشای ساسانی زەماوەندی کردووە، شیعەکان خانەدانی عەلییان بە میراتگری کۆنی پادشایەتی لە ئێران دانا و ئەو مەبەستەیان بردەوە سەر مافێکی یەزدانیی بۆ پادشایانی ئێران کە سەرچاوەکەی

«شکۆی ئیزەدی» بوو. ئەمەیان سێهەمین کۆڵەکەی هێز و دەسەڵاتی شاهانی سەفەوی بوو. کەوایە شیعەگەرێتی دوازدەئیمامی گرینگترین هۆکار بوو لە بڵاو کردنەوە و ڕاگەیاندنی مەزهەبی و ئیدئۆلۆژی سیاسی سەفەوییەدا.

لە ڕاستیدا شیعەگەری بزووتنەوەیەکی سیاسی بوو کە یارانی عەلی پشتیوانییان لە داخوازی خەلافەتی ئەم ئیمامەی ئامۆزا و زاوای پێغەمبەر دەکرد. شیعەکان لایان وایە کە «محەممەد» ساڵی ٦٣٢ی زایینی (١٠ی کۆچی)، لە ڕێوڕەسمێکا لە «غەدیری خوم» بەڕەسیمی عەلی کردۆتە جێنشینی خۆی. کەوایە شیعان سێ خەلیفەی بەرایی (ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان) بە داگیرکەر دەزانن و بە لەعنەت کردنی ئەو سێیە هەمیشە وەک بەشێک لە ئەرکە پەسند و ڕەواکانی شیعان وا بووە؛ ئەگەرچی جەخت لەسەر کردنەوەی بەپێی ڕۆژگار گۆڕانی بە سەردا هاتووە. لە قۆناخی یەکەمی دەوڵەتی سەفەویدا کە تینوتاوی شۆڕشگێڕانە هێشتا لە گڕی خۆیدا بوو، زۆر پێداگری لەسەر سووکایەتی کردن بە سێ خەلیفەکە دەکرایەوە. لایەنگرانی سەفەوییە کە بە ناوی «تەبەررائیان» (کەسانێک کە ڕووح و جەستەی خۆیان کردۆتە وەقفی شا) دەناسران*، بە کۆڵان و بازاڕاندا دەگەڕان و نە تەنیا جنێویان بە سێ خەلیفەی ڕاشدین دەدا، بەڵکوو تووکیان دەکرد لە تەواوی دوژمنانی عەلی و ئیمامەکانی دیکە و بەگشتیی سوننیمەزهەبانیان نەدەپاراست. هەرکەس لەو ڕێوە جوابی نەدابانەوە و نەیگوتبا: «زۆر و بێ و کەم نەبێ!» ترسی ئەوەی لەسەر بوو کە دەستەوبەجێ خوێنی بڕژێ.[1]

سەرەڕای دوو سەدە هەڵسووڕان و چالاکی بڵاوکردنەوەی ڕێبازی سەفەوییە، برەو پێدان و وەگەڕخستنی شیعەگەری وەک مەزهەبی ڕەسمیی وڵات مەترسیداری دەنواند و هێندێک لە ڕاوێژکارانی سمایل لە کاردانەوەی پاشەڕۆژی ئەم کارە نیگەران بوون. ئەوان دەیانگوت: «لە دووسەت - سێسەدهەزار کەسی جەماوەری تەورێز، دوو لەسەر سێیان سوننین... ئێمە دەترسێین خەڵک بڵێن فەرمانڕەوای شیعەمان ناوێ و ئەگەر خوای نەکردە! خەڵک سەر وەبەر مەزەبی شیعە نەهێنن چمان پێدەکرێ؟» وڵامی سمایل سازانی لەگەڵ نەدەکرا و دەیگوت ڕاسپێراوی ئەنجامدانی ئەم کارەیە و خوداوەند و ئیمامانی پاک وێڕای ئەون و لە کەسیش ناترسێ. هەروەها درێژەی دەدا و دەیگوت: «ئەگەر جەماوەر وەدەنگ بێ و وستە

بکا بە پشتیوانی خودا هەڵدەکێشمە شمشێر و جووقەواریان لێدەبڕم.» بەڕاستی ئەم قسانە دلێرانەن؛ بەڵام بە باری سیاسیدا ئەوەی ڕاستی بێ «ئەلوەند»ی شازادەی ئاققۆیوونلوو کە لە شەڕی «شەروور»دا شکابوو سەرقاڵی کۆکردنەوەی لەشکرێکی تازەپشوو بوو لە شاخستانەکانی ئاناتۆلی و لە باڵی باشوور شازادەکەی تری ئاققۆیوونلوو، سوڵتانمراد سپایەکی حەفتاهەزار کەسی لە ژێر ڕکێفیدا دەبزووت کە نیزیکەی شەش هێندەی ئەو چەکدارانە بوو وا سمایل دەیتوانی بەرەو شەڕگە گاڵیان بدا. سمایل بەپێچەوانەی ئەو قسانەی کە بەرەورووی خەڵک دەیدرکاندن، نیگەرانی ئاکامەکە بوو، بەڵام عەلی لە خەون و خەیاڵیدا دڵخۆشی دایەوە و ورەی وەبەر نا: «ئەی کوڕم دڵاودڵێ مەکە و لە ڕۆژی هەینیدا دەستوور بدە کە قزڵباشان خۆیان لە زرێ و چەکاندا ڕەش هەڵگێڕن و لە نێوان هەر دوو کەسی تەورێز یەکیان دابنیشێ و لەو کاتەدا خوتبە بخوێنەوە و هەر کەس بیهەوێ لە جێی خۆی دەس بزوێ، دەیکوژن.»[٢]

ئاشکرایە کە دانانی ڕێوشوێنی شیعەگەری لە وڵاتێکا کە لانیکەم بە شێوەی ڕەسمیی بەشی هەرە زۆری جەماوەرەکەی سوننی بوون، بەبێ دژایەتی یان ئازار و پەیکەردەی ئەو کەسانەی سەریان وەبەر نەدێنا، بووزی نەدەخوارد. سزای سەرپێچی تا سنووری مەرگیش دەیتەنییەوە و هەڕەشە و گوڕەشەی چزاندن و ئەشکەنجە هەر لە سەرەتاوە دەستی پێدەکرد. بۆ خەڵکی ئاسایی هەبوونی ئەم هەڕەشانە بە مەبەستی گۆڕینی مەزهەب بەس بوو، بەڵام زانایانی ئایینی پتر خۆیان ڕادەگرت. هێندێکیان کوژران و دەستەیەکی زیاتر ڕایانکردە ناوچەکانی سوننینشین بۆ پەنای بارگای تەیمووری لە هیرات و دوای گیرانی خوراسان لە لایەن سەفەوییەڕا بۆ پایتەختی ئۆزبەکان.[٣]

ئەم کارەی سمایل چ قازانجێکی هەبوو؟ یەکەم ئەوەی کە وزە و توانای ئیدئۆلۆژییەکی مەزهەبیی بەرەو گەشەی دەخستە گەڕ بۆ خزمەتی دەوڵەتی تازە و بەم شێوەیە هێزی وەبەر دێنا کە بە سەر کۆسپەکانی بەراییدا زاڵ بێ و هەروەها بڕست و دەسەڵاتی بەرەوپێش بردنی وڵاتی بە نێو ئەو قەیرانە ئاستەمانەدا بەدیهێنا کە حکوومەتی سەفەوی پاش مەرگی شاسمایلی یەکەم لە ١٥٢٤ (٩٣٠)دا بەرەورووی بۆوە. خاڵی دووەم بەدیهێنانی جیاوازییەکی ئاشکرا بوو لە نێوان دەوڵەتی سەفەوی و ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا کە بە یەکەم

دەسەڵاتی گەورەی جیهانی ئیسلام داندەدرا لە سەدەی شازدەی زایینیدا. هەڵبەت دەکرێ بەڵگەی بۆ بێتەوە کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی شەڕکەری شیعە شانبەشانی سنوورەکانی عوسمانی کردارێکی هارووژێن و هاندەرانە بوو کە سەرهەڵدانی ناکۆکی بە دژی ئێرانی مسۆگەر دەکرد. بەڵام چ ڕاپەڕینی سەفەوییە سەرکەوتووبا یان شکابا، ڕەنگە ئێران لە سەدەی شازدە (دەهەم)دا هەر کەوتبا بەر دەسدرێژی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی کە لە سەریئەوسەری پەرەگرتنی خاکی خۆیدا بوو. سەرکەوتنی شۆڕش لانیکەم ئەم بەختەی بە سەر دەوڵەتی سەفەویدا باراند کە لە ئاست خۆفناکترین جەنجەڕی شەڕ کە لە جیهانی ئیسلاما بەدیکراوە، خۆی ڕاگرت. بەکورتی خرانە گەڕی شیعەگەری وەک مەزهەبی ڕەسمیی وڵات لە لایەن سەفەوییەڕا بوو بە هۆی ڕوون بوونەوەی زیاتری خەڵک دەربارەی ناسنامەی نەتەوەیی و دامەزرانی دەوڵەتێکی کۆدەسەڵات و بەهێزی ناوەندی.



٣ ـ شاسمایلی یەکەم

پاش ڕاگەیاندنی مەزهەبی شیعەی دوازدەئیمامی وەک مەزهەبی ڕەسمیی وڵات لە لایەن سمایلەوە، نیاز و پێداویستییەکی بەپەلـە بـە مەبەسـتی پەیـدابوونی هاوسەنگی و بارتەقایی فکری لـە ڕێـی ڕێنمـوونی و بـڵاوکردنـەوەی خێـرای بیروباوەڕی شیعەچێتی بەدیهات. دەڵێن قەیرانێکی سەخت لە بابەت نـەبوونی ڕێوشـوێن و کتێبـی شـەرعی شـیعەدا وڵاتـی تـەنیبۆوە و قازییـەکی شـەرع دەسنووسی نامیلکەیەکی کۆنی دەربارەی بنەماکانی بیروباوەڕیان ڕێکوپێک کرد کـە وەک سـەرچاوە بـۆ ڕاهێنـانی ئـایینی کـەلکی لێـوەردەگیرا. هـەروەها مامۆستایانی مەزهەبی شیعەش تاقولۆق وەبەرچاو دەهاتن و ئیسماعیل ناچـار بوو کە چەند مەلایەکی شیعە لە سووریاوە بێنێ. سمایل بە مەبەستی چاوەدێری بە سەر چۆنیەتی پەرە و تەنینەوەی شیعەگەری و سەرۆکایەتی کردنی چینی مەلا و فەقێیاندا، پلەیەکی بە ناوی «صـدر» (سەرۆک = مەزنەمەلا) دیاری کرد. پلـەی «سـەرۆکایەتی» لـە دەوڵـەتانی تـەیمووری و تورکمـانیشدا هـەبوو؛ بـەڵام تایبەتمەندیی گرینگی ئەم پلەیە لە دەوڵەتی سەفەویدا دیارە کە «مەزنـەمـەلا» هەڵبژاردەیەکی سیاسی بووە و پادشایانی سەفەوی بۆ چاوەدێری کردنی پیاوانی ئایینی کەلکیان لێوەردەگرت. لەو گۆشـەنیگایەوە کـە سـەفەوییەکان بـڕوا بـە مەزهەبی ڕەسمییان بارتەقای وەفاداری بە دەوڵەت دادەنا، بنەبـڕکردنی بـیر و باوەڕی ناکۆک و پێچەوانە بـە مەبەسـتێکی پێویسـت دادەنـدرا و ئـەم کـارەش بەشێک بوو لە ئەرکەکانی مەزنی مەلایان. کار و چالاکی و هەڵسووڕانی لـەباری حکوومەت و هێز و توانستی خوراگری لـە بەرامبـەر پـەلامارەکانی دوژمنانـەی دراوسێیانی سوننیدا، دەگەڕایەوە سەر پێکهێنانی هاوسەنگی و بارتەقایی بیر و بۆچوون. ئەو کارە کە سەرەتا وەک بەشی هەرە گرینگی ئەرکی مەزنەمەلا (صدر) دادەندرا، هەتا کۆتایی پادشـایەتی سمایـل بـە شـێوەیەکی بەربـڵاو ئـەنجام درابوو. لەوی بەولاوە ئەرک و ڕاسپاردەی مەزنەمەلا لە چوارچێوەی ڕاپەڕانـدنی کاری دام و دەزگای مەزهەبی و چاوەدێری بـە سـەر وەقفـاندا خـولی دەدا؛ لـە ئاکامدا بڕشتی سیاسی مەزنەمەلا دابەزی.

سیستمی ئیداری دامودەزگای دەوڵەتی سەفەوییە لە پێشدا تێکەڵپێکەڵ بـوو: لە لایەکەوە سۆفییەکان میراتگری دەزگای بەڕێوەبەرایەتی وڵات بـوون کـە وەک دەزگای سەرۆکایەتی کۆنبـاوی دەوڵـەتێکی مسوڵـمانی سـەدەکانی نێوەڕاسـت

دەچوو؛ لە لایەکی دیکەوە شاسمایل بەرەورووی گرفتی تێکەڵ کردنی ڕێکخستنی یەکریز و یەکانگیری سۆفییەکانی ڕێبازی سەفەوییە ببۆوە کە ڕێیان بو شۆڕشی سەفەوییە و سەرکەوتنی خۆش کردبوو.یەکێک لەو تەنگەژە سیاسییانەی کە تەواوی ڕێبەرانی شۆڕشگێڕ لەگەڵی بەرەورووون، ئەمەیە کە پاش سەرەونخوون کردنی دەسەڵاتی دوژمن، چلۆن شۆڕشەکە ڕاوەستێنن و ئەوەی کە «ترۆتسکی» پێی‌دەڵێ «کەش و هەوای داغ و سوورەوە بوو»ی خەباتی شۆڕشگێڕانە، ڕۆیمرکێنن و ڕایەلوپۆی بەرێوەبەرایەتی دەوڵەت نوێسازی بکەنەوە و یاسا و ڕێسا دامەزرێنن و بگەڕێنەوە سەر گەشەی ئابووری. هەڵبەت هەمیشە لە نێو ڕیزی خەباتکاراندا کەسانێکی وا هەن کە پێیان‌خۆش نیە ژیان بگەڕێتەوە سەر ڕەوتی ئاسایی خۆی و دەیانهەوێ هەمیشە لە کەش و هەوای شۆڕشدا بژین و خوازیاری درێژەی مانی پەل و پۆلەکانی شۆڕش وەک «هەیکەل و قەڵافەتی خەبات و خۆ سازدانن بۆ شۆڕشێکی نوێ.» بەلام ئەو کەسانەی کە لە دەوڵەتی تازەدا خاوەن دەسەلاتن دەیانهەوێ ئەو دەستە و پەلانە ببن بە «کۆمەڵێک ڕەمز بۆ بە پیرۆز کردنی سەرکەوتن» و بکەونە ژێر دەسەلاتی حکوومەتی ناوەندی.[٤] گرێ و کۆسپەکە وەختایەک پتر ئاڵۆزکا و تەنگەژەی لێکەوتەوە کە تەنانەت پاش دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوییە لە ١٥٠١ی زایینیدا، مریدانی تازە لە ئاناتۆلیڕا ڕوویان دەکردە ئێران و ڕاست وەک ئەو کەسانەی سەفەوییەکانیان لەسەر تەختی دەسەلات دانابوو، ئاوا بلێسەیان دەدا و لە تینوتاوی شۆڕشگێڕانەدا پەلیان دەکوتا. سمایل بە مەبەستی دەرباز بوون لەم گڕ و تینە سەرکەشەی شۆڕشگێڕانە، چەند جارێکی قۆشەن دەنگ دا بۆ ئاناتۆلی کە ئاخرینیان لەشکرکێشانێکی بەربلاو بوو بە سەرۆکایەتی نوورعەلی خەلیفە لە ١٥١٢ (٩١٧ - ٩١٨)دا. ئەم هێزە تا قوولایی ئاناتۆلی (عەنەدۆڵ) بری و تێراچوو و شاری «تۆغات»ی تالان کرد و شکستێکی زۆری بە سەر لەشکرەکانی عوسمانی هێنا. ئەم هێرشانە بۆ سەر خاکی عوسمانی یەکێک لەو هۆکارانە بوو کە لە ساڵی ١٥١٤ (٩٢٠)دا پەلاماری عوسمانی بۆ سەر ئێرانی لێکەوتەوە.

هۆکارێکی دیکەی کە شاسمایلی لە ١٥٠١ (٩٠٧)دا تووشی بارودۆخێکی ئاڵۆزکاو کردبۆوە، نێوان‌ناخۆشی و ملبەملەی نێوان توخم و تۆرەمەکانی تاجیک یان ئێرانی بوو لە کۆمەڵی سەفەوییەدا لەگەڵ هێزەکانی خێڵەکی ترک یا

بە شێوەیەکی دروستر تورکمان (قزڵباش) کە ئـەرکی سـەرەکی گەیشـتنە سـەر دەسەڵاتی سەفەوییەیان کـەوتبووە سەرشـانی، بـەڵام زۆربـەیان لـە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەوە هاتبوون. تێکهەڵچوون و لێکمکوڕ بوونی ئەم دوو توخمە بەری پێنەدەگیرا، چونکە هەروەک مینۆرسکی دەڵێ: «قزڵباشەکان لە نێو میرات و کەلـەپووری نەتـەوەیی ئێرانـیدا خـاوەنی جـێپێیـەک نـەبوون. ئێرانـی و تورکمانەکان وەک ئـاو و ڕۆن بـە سـانایی تێکـەڵ نـەدەبوون و تایبەتمەنـدی دووتۆوەی جەماوەرەکە شوێنێکی قووڵی هەم دادەنایە سەر سپا و هـەم دەزگـای بەڕێوەبەرایەتی وڵات.»[٥] بە شێوەیەکی گشتیی تۆرەمەی ئێرانی «پیاوانی قەڵەم» بوون لە کۆمەڵی کۆنبـاوی ئیسـلامیدا. ئـەوان دەکەوتنـە ڕیـزی دیوانـداران و نوێنەرانی کەلەپووری لـەمێژینی دیـوانسـالاریی ئێرانـی بـوون کـە تەمـەنی دەگەیشتەوە پێش ئیسلام و پاش وەئیسلامیگەڕانی ئەو وڵاتە و میراتێکی ئـەوتۆ نەپسـانەوەی هـەودای بـەڕێوەچوونی وڵات لـە ڕۆژگـارانی فەرمانڕەوایـەتی بێگانەکانی عەرەب، تـرک، مـەغوول، تاتـار و تورکمانـانی لێکەوتـەوە. لـە ڕوانگەی قزڵباشانەوە، واژەی تاجیک یان «غەیرە ترک»، قسەیەکی سووک بوو کە لە پارسەنگی ئێرانییـەکانیان دەنـا و بەشـی هـەرەزۆریان تـەنیا شـیاوی ڕاپەڕاندنی کاروباری ئیداری و بە سەرکردنەوەی حیسـابات بـوون. ئـەوان لـە سپادا نەیاندەتوانی ببنە سەرکردە و قزڵباشەکان (سەرسوورەکان) خزمەت کردن لە ژێر فەرمانی پلەدارێکی ئێرانییان بە سووکایەتی دەزانی سەبارەت بە خۆیان. سەرسوورەکان «پیاوانی شمشێر» بـوون. ڕوانگـەی ئێرانییـەکانیش دەربـارەی سەرسوورەکان بە هەمان ڕادە چەقبەستە بوو. ئەگـەر بـاڵادەسـتانی قزڵـباش پلەیەکی سیاسییان درابایە یان سنووربەزیان کردبا بۆ بەشـی بەڕێوەبەرایـەتی کە ئێرانی بە بەستێنی پاوانی خۆیان دەزانی، پێی تێکدەچوون و دڵـیان گـەردی لێدەنیشت. ئێرانی چاویان لەوەی نەبوو کە قزڵباش بکەونە هۆنینەوەی شێعر و دەس بەرن بۆ هونەری ناسک، چونکە ئەم مافەیان بە ئی وەجاخزادە ڕوونـاکبیر و ژیارمەندەکانی خۆیان دەزانی.

هەڵبەت بۆچوونی هەرکام لەو دوو ڕەگەزە سەبارەت بە یەکتر شتێکی وشک و چەقبەستوو بوو. بەڵام ڕیشەی دەگەڕایەوە سەر کۆمەڵـێک ڕاسـتەقینە کـە بـۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی وەدەسهێنانی دەسەڵاتی دوو تاقمەکە لە سـەرەتـای

www.zheen.org بنکەی ژین

دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوییەدا بەس بوو. شاسمایل چ هەنگاوێکی بە مەبەستی لێکدان و تێکەڵ کردنی ئەم دوو توخمە نەسازاو و دووتۆوە و گۆڕینیان بۆ پێکهێنانی دامەزراوەیەکی بەڕێوەبەرایەتی ڕێک و یەکدەنگ هەڵێنایەوە؟ بەر لە هەموو شتێک ئەو پلەیەکی تازەی داهێنا بە ناوی «وەکیلی نەفسی نەفیسی هومایوون» (نوێنەری زاتی هێژای موبارەک). ئەم پایەبەرزە وەک بریکاری شا کاری دەکرد و هەم نوێنەری بوو لە کاروباری ئایینیدا وەک مەزنەپێشەوای ڕێبازی سەفەوییە و هەمیش کاروباری دنیایی پادشای دەکەوتە ئەستۆ. بەدیهێنانی ئەم پلەیە نیشاندەری تێکۆشانی سمایلە بۆ پڕ کردنەوەی کەلێنی نێوان لایەنەکانی دینسالاری و دیوانسالاری حکوومەت. لەبەروەی کە قزڵباشەکان پێیان وابوو چونکە گەلێکیان هەول داوە بۆ بەدیهاتنی ئامانجی سەفەوییە دەبێ هەرچی پلەی بالایە بدرێ بە وان، سروشتی بوو یەکەم وەرگری ئەو پلەیە کە سەرەتا خاوەنی زۆرترین دەسەلات بوو لە دەوڵەتی تازەدا، یەکێک لەوان بێ. بەم پێیە سمایل یەکێک لە پلەدارانی قزڵباشی هەڵبژارد کە ئەندامی دەستەی «باوەڕمەندانی تایبەت» بوو بە ناوی «حوسێنبەگی لەلەی شاملوو». دووهەمین هەنگاوی سمایل بۆ پڕ کردنەوە کەلەبەری نێوان تورکمان و تاجیکان گۆڕینی سەرۆکی پیاوانی ئایینی واتە «مەزنەمەلا» بوو بۆ هەڵبژاردەیەکی سیاسی. لەبەروەی ئەم کارە بڕشت و توانستی سیاسی ئەو کەسەی پێهەلادەبرد، ئەو دەبوو بە پردێکی پەیوەندی لە نێوان ڕێزەکانی پیاوانی ئایینی کە زۆربەیان ئێرانی بوون و لقی سیاسی ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی کە لە سەرەتای سەردەمی سەفەوییەدا لە ژێر ڕکێفی فەرماندەرانی قزڵباشدا بوو.

ئاماژەمان بە نێوەرۆکی دینسالارانە و تایبەتمەندی یەکجار سەربازییانەی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی سەفەوی کرد لە زەمانی پادشایەتی شاسمایلی یەکەمدا. ڕەنگە ئەم دووە گرینگترین لایەنە دیارەکانی دەوڵەتی سەفەوی بن لە مەودای سالانی ١٥٠١ - ١٥١٤ی زایینیدا. شا لە سەرووی تێکڕای پێکهاتەی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی ولات پالی دابۆوە و بە لانی تێئۆریدا بە دەسەلاتی بێئەملا و ئەولا دادەندرا. ئەو نیشانە و درەوشانەوەی زیندووی خودایەتی و سێبەری خوا بوو لەسەر زەوی. لەبەروەی کە فەرمانڕەوا بە هەڵبژێراوی ڕاستەوخۆی خودا دادەندرا، ژێردەستانی پێویست بوو کە مل بۆ دەستوورەکانی دانەوێنن، جا چ

دادپەروەرانە بووایەن یان نادادپەروەرانە. شای سەفەوی وەک نوێنەری مەهدی لەچاو خەڵکانی تر لە سەرچاوەی ڕاستەقینەی بێئەملا و ئەولا نیزیکتر بوو بۆیە چما ژێردەستانی لە قسەی دەرچووبان بە گوناهێکی گەورە دادەندرا. خەڵک لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە کەموکووڕییەکانی فەرمانڕەوا وەک بریکاری خودا، خەلیفەی پێغەمبەر، جێنشینی ئیمامان و نوێنەری مەهدی لە ماوەی برزبوونیدا، پلە و پایەی نەوی ناکا و نایرووشێنێ. هەروەک دیتمان زۆرێک لە قزڵباشان لەسەر ئەم باوەڕە بوون کە سمایل درەوشانەوە و دەرکەوتنی خودی خوداوندە. لە ئاکامدا دەسەڵاتی شا جەغز و دارولەلەی بۆ دانەندرا و کەس نەیتوانی دەستی وەبەربێنێ. لە ڕاستیدا ئەو چاوەدێرە زیرەکەی سەدەی حەڤدە، واتە «شاردێن»ی فەرانسەوی کە گەواهێرفرۆشێکی پرۆتستان بوو، دەسەڵاتی پادشایانی ئێرانی لە دەسەڵاتی تەواوی پاتشایانی دیکەی سەرانسەری جیهان بە زیاتر دەزانی. سرشت و تایبەتمەندی بێئەملا و ئەولای دەسەڵاتی شا نەک بەرگێڕەوە بەڵکوو دەستەبەری ئازادی و ئاسایشی ئەندامانی چین و توێژەکانی خواردەستەی کۆمەڵ بوو؛ مەبەستێک کە لە ڕواڵەتا سەیر دێتە بەرچاو، بەڵام لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەیەکی ڕاست و ڕەوانی کۆمەڵێکە کە هیچ ڕێکخستن و دامەزراوەیەکی مەدەنی و مافپەروەرانەی بەهێز و تۆزێک سەربەستی تێدا نییە. سێرجان مێلکۆم پوختەی مەبەستەکان ئاوا دەخاتەڕوو: «ئەگەر ترس نەبێ لە شا، گەل لە ژێر ڕکێفی تاقمێکی زاڵماندا گیرۆدەی دەرد و مەرەدی پتر دەبێتەوە.»[٦] ئەو کەسانەی کە دەکەوتنە نێوان شا و جەماوەری خەڵک، واتە مەزن و ماقووڵان، کاربەدەستانی بارگا، ڕیزە تێکتەندراوەکانی پلەدارانی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی و لەشکریی، پیاوانی ئایینی و نائایینی ڕەنگبوو بێسێودوو گرفتاری تووڕەیی شا بووبانەوە و هەمیشە لە مەرگی خۆیان دەترسان، هەر کەس لە حکوومەتا خاوەنی پلەیەک بووایە بە غولامی شا دادەندرا؛ ماڵ و گیانی خۆی و منداڵەکانی لەبەر دەستی شادا بوو کە بە لێکدانەوەی ئەو زەمانی خاوەنی دەسەڵاتی بێگرێی «کردنەوە و داخستن»ی [پەنجەرەی ژیان] بوو.

زاڵ بوونی بارودۆخی سپاسالارانە لە سەرەتای دەوڵەتی سەفەوییەدا بەرهەمی هەلومەرجی ئەو ڕۆژگارە بوو کە سەفەوییە تێیدا سەرکەوت. هۆکاری

www.zheen.org

پێشوازی و ڕووتێکردنی خەڵک لە ئامانجی سەفەوییە شتێک بوو کە مینۆرسکی ناوی ناوە «ئیدئۆلۆژی بەرەو گەشە». بەڵام ئەم ئارمانجە بە بێ شمشێری تیژی سەرسووران (قزڵباشان) نەدەگەیشتە دەسەڵاتی ڕامیاری و هەروەک دیتمان قزڵباشەکان خۆیان ئەمەیان دەزانی. هێنانەگۆڕ و کەلک لێوەرگرتنی چەند زاراوەیەکی وەک قەڵەمڕەوی قزڵباش، دەوڵەتی قزڵباش و وڵاتی قزڵباش بۆ نیشاندانی ڕوخسار و پێکهاتەی دەوڵەتی سەفەوی ئەمە بە تەواوی ئاشکرا دەکا. هەروەها شاش پتر وەک پادشای قزڵباش ناوی دەهات کە وا دیارە کۆمەڵانی ئێرانیی ژێرفەرمانی ناگرێتەوە و هەڵیاندەبوێرێ![٧] بۆیە نابێ جێی سەرسوڕمان بێ کە پاش چوونە سەر دەسەڵاتی شاسمایل، قزڵباشەکان بوونە خوازیاری وەرگرتنی پلە سەرەکییەکانی دەوڵەتی و وەدەستیان هێنان. هەروەک پێشتر باسی کرا قزڵباشێک گەیشتە پلەی تازەی «وەکیلی نەفسی نەفیسی هومایوون» و لە ئاکامدا پاش پادشا بوو بە دەسەڵاتی دووەم لە حکوومەتا. هەر بەم پێیە دوو پلەی باڵای لەشکری واتە سەرۆکایەتی سەرکردان یان فەرماندەرێتی گشتیی سپا (سپاسالارێتی) درا بە پایەبەرزانی قزڵباش. ئەرک و کاری قۆرچیباشی (سەرکردەی چەکداران) سەرەنجام وەک فەرماندەی تەواوی هێزە چەکدارەکان یان پۆلەکانی خێڵەکی قزڵباش کە جێی سەرۆکی سەرکردانی گرتەوە، لە پێشدا نادیارە. بەم شێوەیە قزڵباشەکان وەدەسگرتنی سێ پلەی باڵا و گرینگیان لە پێنج پایەبەرزەکەی زەمانی شاسمایلی یەکەم وەچنگ هێنا. ئێرانییەکان بوونە خاوەنی پلەی سەدارەت و وەزارەت. وەزیر کە زیاتر سەرۆکی دیواندارا و لە ئاکاما یەکێک لە بەدەسەڵاتترین پلەبەرزانی دەوڵەتی بوو لە ماوەی پادشایەتی سمایلی یەکەمدا هەتا ئاستی کاربەدەستێکی پلە دوو دابەزی و ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر دوو هۆ: یەکەم داندارانی پلەی نوێنەر (بریکار) کە کەوتە «سەرووی وەزیر» و دووەم تەنینەوەی مەیل و تاسەی دوو پلەداری بەدەسەڵاتی لەشکری یانی سەرۆکی سەرکردان و فەرماندەی هێزە چەکدارەکان بۆ دەسهاویشتنە نێو جەغزی دەسەڵاتی پایەبەرزانی دیکە و بە شێوەیەکی گشتیی گێڕانی دەورێکی بەرچاو لە کاروباری سیاسیدا.

کەوایە لە سەردەمی حکوومەتی شاسمایلی یەکەمدا لقوپۆپە چەشناوچەشنەکانی حکوومەت، مەزهەب، سیاسەت و سپا بە تەواوی

لێکدابڕاو و سەربەخۆ نەبوون. ئەرک و کارەکان بە چەشنێکی بەرچاو تێکەڵ دەکران و پارسەنگی بایەخی کاربەدەستە بالاکان بەپێی ڕۆژگار گۆڕانی بە سەردا دەهات. جا بۆیە وەختایەک باسی ئەم سەردەمە دەکرێ، دەبێ زاراوەی وەک بەشی: «نیشتمانی» (دەزگای ئیداری)، «لەشکری»، «مەزهەبی» و «سیاسی» بە پارێزەوە دەکار بکرێن و لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەو کاتی کابرادا هەتا ئەو جێیەی دەلوێ، لێکبدرێنەوە. ڕەنگە دیارترین نموونە بۆ نیشاندانی تەنینەوەی دەسەڵاتی سپا بە سەر کۆمەڵدا ئەمە بێ کە ئەندامانی چینەکانی ئایینی وەک سەرۆکانی ئایینی و دادوەران زۆربەیان نەک تەنیا خاوەنی پلەی لەشکری، بەڵکوو فەرماندەش بوون.

وەختایەک کە سمایل ساڵی ١٥٠١ لە تەورێز تاجی نایە سەر تەنیا ناوچەی ئازەربایجانی لە ژێر دەسەڵاتی‌دا بوو؛ دە ساڵی پێچوو هەتا توانی هەموو ئێران بگرێ. ئەو بەغداشی گرت، بەڵام لە بەخت و چارەی ئەو شارە نەنووسرابوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر بە دەست سەفەوییانەوە بێ. قۆناخە سەرەکییەکانی پەرەگرتنی ئیمپراتۆرێتی سەفەوییە بریتی بوون لە: شکاندنی پاشماوەی هێزەکانی ئاققۆیوونلوو لە نیزیک هەمەدان (١٥٠٣ / ٩٠٩) کە ناوەند و باشووری ئێرانی خستە ژێر ڕکێفی سمایل؛ پێمل کردنی ناوچەکانی مازندەران و گورگان لە پەنای بەستێنی دەریای خەزەر و گرتنی یەزد لە باشووری ڕۆژهەڵاتی (٥٠٤/٩٠٩-٩١٠)؛ هێور کردنەوەی بارودۆخی سنوورەکانی ڕۆژاوا و وەسەر خاکی خۆ خستنی دیاربەکر (١٥٠٥-٧/٩١٠-١١ تا ٩١٢-١٣)؛ گرتنی بەغدا و داگیرکردنی باشووری ڕۆژاوای ئێران (١٥٠٨/٩١٣-١٤)؛ سەرپێ‌دانەواندنی شیروان (٥٠٩-١٠/٩١٥) و گرتنی خوراسان (١٥١٠/٩١٥-١٦) کە سێ ساڵ پێشتر بە دەست ئۆزبەکانی ئەوبەری ڕووبار (ماوراءالنهر) لە تەیمورییان ئەستێندرابوو. تەواوی ئەم هەڵمەتانە جاری وابوو شەڕ و لێکدانی قورسیان لێدەکەوتەوە. هێرش بۆ سەر مازندەران لە ١٥٠٣-٤ (٩٠٩)دا گەلێک توندوتیژی بە شوێنەوە بوو؛ ئەویش ڕەنگە بۆیە بێ کە حاکمی بەرەنگاری ئیسماعیل بە ناوی ئەمیرحوسێنی کیاچولاوی، خۆی شیعە بوو و لە ڕوانگەی فەرمانڕەوای سەفەوی‌ڕا سەرەڕای ڕەقەبەری سیاسی، بە ڕکەبەرێکی مەزهەبیش دادەندرا. هەڵبەت بەرزەفڕی و خۆبەزل زانینی سیاسی وی گومانی لێنەدەکرا، چونکە پاش سەرکەوتنی سمایل لە

نیزیک هەمەدان لە ١٥٠٣ (٩٠٩)دا، زۆربەی سوارە و پیادەی شکستەی سپای ئاققۆیوونلووی پەنا دابوو. بەلام بێشک گەورەترین سەرکەوتنی سمایل لە شەڕی مەرو لە دووەمی دێسامبری ١٥١٠ (٢٦ی شابانی ٩١٦)دا وەدەس هات. ئۆزبەکان دوای گیرانی خوراسان لە ١٥٠٧ (٩١٢-١٣)دا بە شەڕی پارتیزانی و وەشاندنی شەوگورز زەبریان سریواندە ناوچەی کرمان. وەختایەک سمایل سەبارەت بەم هەڵمەتانە ناڕەزامەندی دەربڕی، سەرۆکی ئۆزبەکان «محەممەد شەیبانیخان» ولامێکی گاڵتەجاڕییانەی بۆ ناردەوە و پێشنیاری پێکرد بگەڕێتەوە سەر کار و پیشەی باب و باپیرانی کە سۆفیگەرییە. لە نوامبری ١٥١٠ (ڕەجەبی ٩١٦)دا سمایل پێینایە خوراسان و لە دووەمی دێسامبر (٢٦ی شابان)دا توانی کە ئۆزبەکان لە نێو مەتەرێزی شوورە و حەساری مەرودا تووشی شەڕێکی قورس و بەگەرمە بکا. محەممەد شەیبانیخان و دەهەزار کەس لە پیاوەکانی کوژران. شای سەفەوی سەری خانی ئۆزبەکی نارد بۆ سوڵتانی عوسمانی، بایەزیدی دووەم و دەڵێن ئەم کارە ئاگری تۆڵەی لە دەروونی سەلیمە مۆنەی[٨] کوڕی سوڵتان و حوکمڕانی دواترا هەڵگراند. لە ئاکامی ئەم سەرکەوتنەدا ناوچەی خوراسان کەوتە ژێر دەسەلاتی سەفەوییە و شاری هیرات بوو بە دووەمین شار و شوێنی نیشتەجێ بوونی جێنشینی داهاتووی میری.

لە کۆنزەمانەوە، سنووری ئەفسانەیی نێوان ئێران، خاک و هەرێمی ئاریاییەکان یان ئێرانییان لەگەڵ توورانی سەرزەوی خەڵکی ترک، ڕووباری جەیحوون بوو. سەفەوییەکان دەیانویست ڕووباری جەیحوون لە باکووری ڕۆژهەلاتی بکەنە کەوشەنی ئیمپراتۆریتی خۆیان، بەلام باژێری بەلخیان بۆ ڕانەدەگیرا کە خاوەنی نرخ و بایەخی بنەڕەتی بوو. پاش گێچەڵنانەوەی کارەساتباری سمایلی یەکەم لە ناوچەی ئەوبەریڕووبار سەفەوییەکان بۆ هەمیشە دەستیان لە دەسدرێژی و داگیرکردنی خاک و زەوی ئەوبەری جەیحوون هەڵگرت. لە ١٥١١ (٩١٨)دا «زەهیرەددین بابۆر»ی شازادەی تەیمووری، بە مەبەستی ئەستاندنەوەی قەڵەمڕەوەکەی لەوبەری ڕووبار کە ئۆزبەکان ڕەپاڵیان نابوو، سمایلی هان دا کە هێرش بکاتە سەر سەمەرقەند. بابۆر بەڵێنی دا لە بەرامبەر یارمەتی سمایلدا، سکەی بە ناوی لێبدا و لە خوتبەدا ناوی بەرێ. حوکمڕانی سەفەوی هێزێکی ناردە یاریدەی و «بابۆر» توانی لە ئۆکتۆبری ١٥١١

(ڕەجەب - شابانی ٩١٧)دا سەمەرقەند و پاش ماوەیەکی کورت بوخارا بگرێ. لەم قۆناخەدا بابۆر هەڵەی کرد و شەڕکەرانی سەفەوی ناردنەوە. لە مانگی مەی ١٥١٢ (سەفەر - ڕەبیعی یەکەم (مەولوود)ی ٩١٨)دا، ئۆزبەک گەڕانەوە و بابۆریان لە بوخارا وەدەرنا و لە «حەساری شادمان»دا گەمارۆیان دا. سمایل لەشکرێکی گەورەی بە سەرکردایەتی یارئەحمەدی ئیسفەهانی کە خاوەنی پلەی بریکاری میر بوو ناردییە یارمەتی بابۆر. وادیارە ئەو ڕووداوانەی کە پاش وی قەومان جەخت کردنەوە بوون لەسەر شکستی یەکێک لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی سمایل، واتە هەوڵدان بۆ ئاشت کردنەوەی دوو تیرە و ڕەگەزی دژبەری قزڵباش و ئێرانی لە دەوڵەتا.

گوتمان کە سمایل بۆیە پلەی «وەکیلی نەفسی نەفیسی هومایوون»ی داهێنابوو کە بریکاری بێ و پاش وی بەدەسەڵاتترین مەزن بێ لە کاروباری سیاسی و مەزهەبیدا. بە هەڵبژاردنی حوسێنبەگی لەلەی شاملوو لە ساڵی ١٥٠١دا کە یەکێک بوو لە پایەبەرزانی قزڵباش و ئەندامانی دەستەی «باوەڕمەندانی تایبەت»ی ڕێبازی سەفەوییە کە بۆ ماوەی چوار ساڵ و نیوان سمایلیان لە چنگ گیران بە دەس ئاقۆیوونلوو قوتار کردبوو، گرینگایەتی ئەم پلەیەمان لە ڕوانگەی فەرمانڕەوای سەفەوی‌ڕا بۆ دەردەکەوێ. حوسێنبەگ دوای شەش ساڵ بە ئەستۆەبوونی پلەی نوێنەرایەتی بە فەرمانی شا لە کار لادرا و زێڕینگەڕێکی ڕەشتی بە ناوی «ئەمیر نەجم» لە جێی داندار. بایەخی ئەم کارە لەمەدا بوو کە کابرای جێگرەوە ئێرانی بوو. تەنیا هۆیەکی کە سەرچاوەکان بۆ لابرانی حوسێنبەگی شاملوو دەیخەنەڕوو، واتە لێ دڕدۆنگ بوونی شا لەبەر خافڵگیر کرانی لە لایەن کوردانەوە لە هەڵمەت و پەلاماری ساڵی ١٥٠٧ (٩١٢-١٣)دا و تێداچوونی ٣٠٠ کەس، جێی قنیات پێکران نیە؛ چونکە ماوەیەکی کورت پاش لادرانی لە پلەی نوێنەرایەتی، ساڵی ١٥٠٨ (٩١٣-١٤) دەکرێتە سەرکردەی لەشکری سەفەوییە لە هرووژمێکا کە گیرانی بەغدای لێکەوتەوە. کەوایە ئاکامی حاشاهەڵنەگر ئەمەیە کە لادرانی حوسێنبەگ تەنیا دەگەڕێتەوە سەر هۆکاری ڕامیاری. سمایل بەئاشکرا لە تەنینەوەی دەسەڵاتی فەرماندەرانی قزڵباش کە تەنیا حەوت ساڵ پێشتر دایاننابوویە سەر تەختی دەسەڵات تۆقیبوو. دانانی کەسێکی ئێرانی وەک نوێنەر لە ١٥٠٨ (٩١٣ - ١٤)دا هەوڵێکی ئاشکرا بوو بە

مەبەستی سنووردانان بۆ دەسەلاتی قزلّباشان و پێکهێنانی هاوسەنگی و بارتەقاییەکی باشتر لە نێوان قزلّباشان و تاجیکاندا لە پلە و پایە بەرزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ولاتا. بۆ بەدبەختییان هەلوێست و سیاسەتی تازە، سەرکەوتنێکی زیاتری نەبوو لەچاو سیاسەتی یەکەم. ئەمیرنەجم تەنیا دووسالان لەم پایەدا مایەوە، بەلام تەنانەت لە درێژەی ئەم ماوەیەشدا کۆمەلێک سرتوخورتی پڕهەڕەشەی ناڕەزامەندانە لە نێو قزلّباشەکاندا دەهات و دەچوو کە هەستیان دەکرد جێگە و پێگەیان بە شێوەیەکی نەشیاو لەرزۆک کراوە. سەرەڕای ئەمەش دەستی لەم ڕەوتە بەرنەدا و بە مردنی ئەمیر نەجم لە ١٥٠٩-١٠ (٩١٥)دا، ئێرانییەکی دیکەی بە ناوی ئەمیر یارئەحمەدی ئیسفەهانی لە جێی دانا. ناڕەزامەندی و دلّناخۆشی قزلّباشان خێرایەکی مۆنجی دایەوە و وەختایەک نوێنەر (وەکیل)ی تازە لە ١٥١٢ (٩١٨)دا سەرکردایەتی هرووژمی بۆ ناوچەی ئەوبەرڕووبار (ماوراءالنهر) وەئەستۆ گرت، ئەم دلّمەندییە پتری تەنییەوە. پاش چەند سەرکەوتنێکی سەرەتایی، لەشکرە هاوپەیمانەکانی ئەمیر یارئەحمەدی ئیسفەهانی و بابۆر قەلای «غۆجدۆوان»یان* گەمارۆ دا. وەختایەک پێراگەیشتن و تێر و تەیار کردنی هێزەکانی رووی نایە کەم بوونەوە، بابۆر و هێندێک لە سەرکردەکانی قزلّباش پێشنیاریان دا کە دابەزێنە چەند مزلّگایەکی زستانە و هەلّمەتی خۆیان لە بەهاردا دەست پێبکەن، بەلام ئەمیر یارئەحمەد قبوولّی نەکرد. لە ١٢ی نوامبری ١٥١٢ (٣ی ڕەمەزانی ٩١٨ی کۆچی)دا لەشکرێکی زۆروزەوەندی ئۆزبەکان بۆ گرتنەوەی قەلا گەیشتەجێ و لەڕێوە کەوتە شەڕ. زۆربەی سەرکردە گەورەکانی قزلّباش یان دروست بەر لە دەسپێکی شەڕ یا هەر لەگەلّ تێکهەلّچوون مەیدانیان چۆل کرد و ئەمەش دەگەڕایەوە سەر بوغزاندنی وەکیل و خزمەت کردنیان لە ژێر فەرمانی ویدا بە چەشنێک سووکایەتی پێکران دەزانی. «بابۆر»یش ڕایکرد. وەکیل کە ئازایەتییەکەی بە سەر تێگەیشتنی سیاسیدا دەشکایەوە، درێژەی بە شەڕ دا و بە دەس ئۆزبەکان گیرا و لەڕێوە کوژرا. پاشماوەی لەشکرەکەشی بەتەواوی تەفروتونا کرا و ئۆزبەکان بە سەر خوراسانیان دادا و شارەکانی «هیرات» و «مەشهەد»یان گرت. سالّی دواتر سمایل بارودۆخی سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەلاتی ئاسایی کردەوە و شەڕوەستانێکی لەرزۆک بۆ ماوەی نیزیک هەشت سالان لەگەلّ ئۆزبەکان دیاری

کرا. کاتێک شا گەیشتە خوراسان، سەرکردەی قزڵباش، دەدەبەگی تالش کە یەکەم ڕاکردووی مەیدانی شەڕی غۆجدۆوان بوو، لەبەر چاوی خەڵک سووکایەتی پێکرا و ئابرووی ڕژا. ڕیشیان تاشی و جلکی ژنانەیان کردەبەر و بە سواری کەر بە دەورەی هۆردووگادا گێڕایان. ئەگەر دەدەبەگی تالش یەکێک نەبووبا لە ئەندامانی دەستەی باوەڕمەندانی تایبەت و کۆڕی ناوەندیی ڕێبازی سەفەوییە کە سمایل زۆریان ئەمەگدار بوو، بێگومان خراپتری بە سەر دەهات؛ ساتێک دواتر هەر لەو ڕۆژەدا دەدەبەگ بەخشرا و خەڵات کرا.

ئەگەرچی شکستی کارەساتباری ئەوبەرڕووبار لە پلەی یەکەمدا دەگەڕایەوە سەر دوژمنایەتی نێوان فەرماندەرانی قزڵباش و ئەمیر یارئەحمەدی ئێرانی و سەرکردەی گشتیی هێزەکان، سمایل هەروا درێژەی دا بەو ڕێوشوێنە و بریکار (نوێنەر = وەکیل)ی هەر لە ئێرانییەکان هەڵبژارد. ئەمە تەنیا دەتوانێ بەم مانایە بێ کە لە ڕوانگەی شاسمایلەوە لە دوو ڕێی تێکهەڵچوونی نێوان ترکان و ئێرانییەکان لەسەر بالاترین پلەی حکوومەتی و کۆبوونەوەی دووبارەی تەواوی هێزەکان لە دەس قزڵباشاندا، ڕێگای یەکەم کەمەترسیتر بوو. سمایل لە مەودای نێوان ساڵی ١٥١٢ هەتا کاتی مردنی لە ١٥٢٤دا، سێ ئێرانی دیکەی بۆ پلەی وەکیل هەڵبژارد. یەکەم کەس ساڵی ١٥١٤ (٩٢٠) لە شەڕێکا کوژرا. دووەم کەس میرزا شاحوسێنی ئیسفەهانی بوو کە بە بڕوای قزڵباشان بە هیچ و خۆڕایی شای بە جارێکی هێنابووە ژێر چۆکی خۆی و ئەمە وای کرد کە هێندەی پێوە وەڕەز بوون، خەریکبوو لە حەیفان شێت بن، بەلام سەرەتا لە ترسی شا هەر پیشیان دەخواردەوە و نەیاندەدرکاند، کەچی سەرەنجام خۆیان بۆ ڕانەگیرا و دوای چەندجارێک هەوڵ و تێکۆشانی ناسەرکەوتوو، لە ١٥٢٣ (٩٢٩-٣٠)دا، کوشتیان و فزەیان لێبڕی.

بێگومان کەموزۆر سەرچاوەی بڕیاری شا دەربارەی دانان و هەڵبژاردنی ئێرانییەکان بۆ پلەی نوێنەرایەتی، دەگەڕێتەوە سەر نیگەرانی و دڵەڕاوکەی سەبارەت بە هێز و دەسەلاتی سەرکردەکانی قزڵباش. ئەمە هەوڵێکی ئاگایانە بوو لە لایەن شاوە بە مەبەستی تێکەڵ کردنی کاربەدەستانی ترک و ئێرانی لە دەوڵەتی تازەدامەزراوی سەفەوییەدا. بەلام قزڵباشەکان بۆیان قووت نەدەچوو کە بالاترین پلەی حکوومەتی لە دەس کەسێکی تاجیکدا بێ و بە مەبەستی

دەرهێنانەوەی ئەم پلەیە لە چنگ ئێرانییەکان ترسیان نەبوو لە کوشتنی کابرای بەرپرسیار. هەر ئەوەی کە پاش مەرگی ئیسماعیل لە ١٥٢٤ (٩٣٠)دا قزلباشەکان لەرێوە جڵەوی دەوڵەتیان بە دەستەوە گرت، دەریدەخا کە هەرەشە لە دەسەڵاتی شا زۆر پتەو و توندوتیژ بوو. بەم بارەدا شکستی سمایل لە درێژخایەندا شوێنهاتی قورسی بۆ دەوڵەتی سەفەوییە بە دواوە بوو.

تێشکان لە ئەوبەرىڕووبار خێرایەکی کەوتە ژێر کاریگەرێتی مەترسی بەگەرمەتری پەلاماری عوسمانییەکان. دامەزرانی دەوڵەتێکی خاوەن بیروڕای شەرکەری شیعە شانبەشانی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتیی ئیمپراتۆرێتی سوننیمەزەبی عوسمانی، خودبەخود بە هەرەشەیەکی قورس دادەندرا بۆ سەر ئەم وڵاتە. بەتایبەت چونکە جەماوەرێکی زۆری تورکمانی دانیشتووی خاکی عوسمانی سەبارەت بە بانگەشەکانی شاسمایل کە دەیگوت خۆی نیوەخودایەکە، هاودڵییان دەنواند و بۆ دانانی دەوڵەتێکی شیعە لە ئێرانا پشتیوانییان لێدەکرد. ئەوان هێزێکیان پێکدێنا کە ئەمڕۆ پێیان دەگوترێ «سپای پێنجەم» (جاش). لەبەروەی کە عوسمانییەکان پێشتر کەموزۆر لە لایەن هەمان سۆفیگەری نوێباوڕا کە بنەمای هێز و توانستی سەفەوییە بوو، پشتیوانییان لێکرابوو، مەترسی خەڵەتانی تورکمانەکان لە ڕێی پروپاگەندەی سەفەوییانڕا پتری دەتەنییەوە. ئەگەرچی لە ماوەی سەدەی چاردە(هەشتەم)دا سوڵتانەکانی عوسمانی «وردەوردە ڕوویان کردە ژیانی ژیارمەندانە لە کۆشکاندا» و «پتر لە پێشوو کەوتنە ژێر سایەی دابی ڕۆژگار»[9] جەماوەری وڵاتەکەیان لە ناوچە و مەڵبەندە دوورەدەستەکانی شاخستانی لە ئاناتۆلی ڕۆژهەڵاتیی لای سنوورەکانی ئێران هەروا بە شێوەگەلی جۆراوجۆر سەر بە تاقم و دەستە توندڕەوەکانی شیعە بوون کە دواییتر بە مەبەستی ڕاکردن لە ئازار و ئێشاندنی حکوومەتی عوسمانی بە تاوانی «رافضی» بوون «مافی پەنا بردنە بەر چەتری پانوبەرین و خەتاپۆشی دامودەزگای بەکتاشییان وەدەس هێنا.»[10] کەسانی خێڵە تورکمانەکانی سەر بەو تاقمە شیعانە بوارێکی لەباریان بۆ گەشە و بڵاوکرانەوەی بیروڕای ڕێبازی سەفەوییە ڕەخساندبوو. ئەوان ڕێزی سمایلیان دەگرت و هەزارهەزار دەچوونە ژێر ئاڵاکەی. نیزیک ئەو پێنج ساڵەی کە سمایل لە لاهیجان خۆی شاردەوە (١٤٩٤-٩ / ٩٠٠-٥) لە ڕێی دەستە و دەیارەیەکی

بەربڵاورا بە ناوی خەلیفە، دەدە، لەلە و پیرەوە، هەمیشە پەیوەندی بەم مریدانەوە هەبوو. مریدەکانی بە مەبەستی پێشکێش کردنی دیاری بە خزمەت مەزنەپێشوای خۆیان، بێنێوبڕ دەهاتنە گیلان. لە کلکەی هاوینی ١٤٩٩ی زایینیدا کە سمایل هەوڵی دەدا بۆ وەچنگ هێنانی دەسەڵات، یەکەم دەستە چەکدارێکی کە هاتنە ژێر ڕکێفی، سۆفییەکانی تورکمان و زۆربەیان خەڵکی ئاناتۆلی بوون. لە بەهاری ١٥٠٠(٩٠٥)دا سمایل قاسیدەکانی لە ئەردەوێڵەوە بۆ بانگهێشتنی پەیڕەوانی و کۆبوونەوەیان لە ئەرزەنجان گاڵ دا، باڵوێزەکانی بە گەرمی وەرگیران. بۆ وێنە عێلی ئۆستاجلوو «بە مەیلی خۆیان لەگەڵ ژن و زارۆکیان هاتن و هەزار خێزان بوون... بۆیە وەختایەک خەڵکی ناوچەکانی دیکە بیستیان کە عێلی ئۆستاجلوو چۆن داوەریوە، هەموو کەس لێبڕا کە [چاویان لێبکا]. جەماوەر پۆلپۆل دەهاتن هەتا بوونە ٧٠٠٠ کەس.»[11] بێگومان لایەنگرێتی و خۆشەویستی سەفەوییە لە لایەن زۆرینەی دانیشتووانی ئاناتۆلیڕا بە بۆنەی چالاکی سیاسی - مەزهەبی ئەوانەوە، هۆی هەرەبەرچاوی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان دوو دەوڵەتەکەی لێکەوتەوە: «ئەگەر عوسمانییەکان خێرا و بە شێوەیەکی توند و پتەو وەخۆ نەکەوتبان و بەریان بەم ڕەوتە نەگرتبا، دەسەڵاتیان بە سەر ناوچەیەکی هەراوی مەڵبەندەکانی ڕۆژهەڵاتیی قەڵەمڕەویاندا کەوتبووە مەترسییەوە و قوتابخانەی شیعەگەری یەکێک لە تەواوترین سەرکەوتنەکانی خۆی وەدەست دێنا.»[12] بایەزیدی دووەم کە لەگەڵ ئەگەری لە دەسچوونی وەفاداری ئاناتۆلی ڕۆژهەڵاتی سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانی بەرەڕوو ببۆوە، لە ١٥٠٢(٩٠٧-٨)دا فەرمانی دوورخرانەوەی زۆرێک لە شیعەکانی دا بۆ مۆریا.* ساڵی ١٥١١ ڕاپەڕینی بەربڵاوی شیعەکان لە «تەکە»ی لێواری مەدیتەرانەیی ئاسیای بچووک نیشانی دا کە هێشتاش مەترسی هەر ماوە و هەر لەو ساڵیدا ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی هۆزی تەکەلوو بە مەبەستی بەهێز کردنی سپای سمایل لە گەرمیانەوە گەیشتنە ئێران. ئەم دوو ڕووداوە نیشاندەری دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیکی سەفەوییەیە نەک تەنیا لە ئاناتۆلی ڕۆژهەڵاتی، بەڵکوو لە ئاناتۆلی ناوەندیشدا.

هۆکاری سەرەکی قەومانی شەڕ دوو بوون: یەکەم کار و هەنگاوەکانی نوورعەلی خەلیفە لە ئاناتۆلی ڕۆژهەڵاتی لە ساڵی ١٥١٢دا کە بە لەشکرێکی

پێکهاتوو لە سۆفییەکانی ڕێبازی سەفەوییەی ئەو ناوچەیە ئەنجامی دەدا؛ دووەم پشتیوانی کردنی شاسمایل لە ڕەقیبانی سەلیم پاش مردنی سولتانبازید (بایەزید) هەر لەو ساڵیدا. سمایل سەرەتا پشتیوانیی دەکرد لە «ئەحمەد» کە جێنشینی ڕاستەوخۆی فەرمانڕەوایەتی بوو بەڵام دوای کوژرانی بە دەستووری سەلیم، ڕووی کردە «مراد»ی کوڕی. سمایل دەیویست مراد بە کار بێنێ بۆ تەیار کردنی ناحەزانی سەلیم، بەڵام وەختایەک مراد کەسێکی وای پێوەنەنووسا، لەو نەخشەیەی پەشیمان بۆوە. مراد لە ئێرانا پەنا درا و دواتر لە کاشان مرد. سولتانسەلیم پاش قایم و پتەو کردنی پایەکانی حکوومەتەکەی، وردەوردە کەوتە خۆسازدان بە مەبەستی هێرش بۆ سەر ئێران بە لەشکرێکی ٢٠٠٠٠٠ کەسییەوە کە لە شەڕەکانی ئەو سەردەمانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا بە ژمارەیەکی بەرچاو دادەندرا. بە مەبەستی دڵنیا بوون لە پارێزرانی پشتەسەری، بەر لە جووڵان «شیعەگەری تەکفیر کرد و لە قەڵەمڕەوی خۆیدا قەدەغە و قۆرغی لەسەر دانا و دەستی دایە قەڵاچۆی تەواوی ئەو شیعانەی وەچنگی کەوتن.»[١٣] گۆیا ژمارەی ئەو شیعانەی کوژراون گەیوەتە ٤٠٠٠٠ کەس، بەڵام وێدەچێ ئەمە ژمارەیەکی دەمبڕ بێ و تەنیا بۆ نیشاندانی ڕێژەی زۆری کوژراوانە. ئەو کەسانەش کە نەکوژران داغ و درۆشم کران و نێردرانە خاک و هەرێمەکانی عوسمانی لە ئورووپا.

سولتانسەلیم لە یەکەمی ژووئیەی ١٥١٤(٧ی جیمادی یەکەمی ٩٢٠)دا گەیشتە سیواس. لەوێ هێزەکانی بەسەر کردەوە و پێیان داهات و پشکنینی و ئەو پۆلانەی لاوازتر بوون هەڵیوەشاندن. پاشان بەئارامی کەوتە پێشڕەوی بە ڕەوگەی شارێیەکدا کە سەری دەچۆوە ئەرزەنجان و بە نێو ناوچەیەکا تێدەپەڕی کە بە شێوەیەکی ڕێک لە لایەن محەممەدخانی ئۆستاجلووی والی دیاربەکرەوە خاپوور کرابوو. لە ٢٢ی ئووتی ١٥١٤(یەکەمی ڕەجەبی ٩٢٠ی کۆچی)دا سپای عوسمانی گەیشتە دەشتی چاڵدێران لە باکووری ڕۆژاوای خۆی لە ئازەربایجان و ڕۆژی دواتر قۆشەنی سەفەوییە هەڵمەتی دەسپێکرد.

سەبارەت بە ژمارەی چەکدارانی دوو لەشکرەی خەنیم لە شەڕی بارناسکی چاڵدێراندا، ژمارەکان زۆر جیاوازن و لە لایەن سەرچاوەکانی ئێرانی و ترکەوە گەلێکیان خوار و ژوور پێکراوە. بەڵام ڕەنگە ئەو ژمارانەی کە حەکیمەددین

www.zheen.org

ئیدریس بدلیسی مێژوونووسی عوسمانی خستوونییەڕوو، لە ڕاستی نزیکتر بن: سپای عوسمانی بریتی بوو لە ١٠٠٠٠٠ کەس و سپای سەفەوییە ٤٠٠٠٠. شاسمایل دوو سەرکردەی هەبوو، محەممەدخانی ئۆستاجلوو و نوورعەلی خەلیفە کە ئەزموونێکی گەرماوگەرمی لە شێوازی شەڕی عوسمانییەکان بە دەستەوە بوو. ئەوان بڕوایان وابوو کە دەبێ خێرا و بەرلەوەی عوسمانی دەرفەتی بەخۆداهاتن و دامەزرانیان هەبێ و مەتەرێزان قایم بکەن، پەلامار بدرێن. هەروەها بە بڕوای محەممەدخانی ئۆستاجلوو، لەبەر هێز و وزەی تۆپخانەی عوسمانی، نەدەبوو لە پێشەوەڕا هێرش بکرێ. ئەم بۆچوونە ڕوون و پتەوە هەم لە لایەن فەرماندەیەکی باڵای قزڵباشەوە بە ناوی دورمیش‌خانی شاملوو و هەم لە لایەن ئیسماعیلەوە ڕەت کرایەوە، کە ئاکامەکانی بۆ ئامانجی سەفەوییە کەسەربارە. دورمیش‌خان لەبەر تێکەڵی و پەیوەندییەکانی، لە بارگادا خاوەنی جێگە و پێگەیەکی بەرز بوو: باوکی یەکێک بوو لە دەستەی ئەندامانی بڕوامەندانی تایبەت یان یارانی گەرموگوڕی شاسمایل و دایکی خوشکی شا بوو. دورمیش‌خان زۆر ڕووهەڵماڵاوانە قسەکانی محەممەدخانی بردەوە پاش و گوتی: «تۆ تەنیا والی دیاربەکری!»[١٤] خانی شاملوو ئەو پێشنیارە سەیرەی دا کە لەبری پەلاماری خێرا، وا باشە هێزەکانی سەفەوی ڕاوەستن هەتا عوسمانییەکان بە خۆیان دابێن و تەواو لەنگەر بگرن (بەڕواڵەت لەبەروەی کە پەلاماری خێرا سەیری خۆش نابێ)! شا لەجیایی وەی بەو پێشنیارە پێبکەنێ، وەباڵی بۆ کێشا و گوتی: «من چەتەی سەر ڕێی کاروانان نیم، هەرچی خودا نووسیبێتی ڕەتبوونەوەی بۆ نیە.»[١٥] دەڵێن کە ڕۆژگارانی دواتر شاتەهماسبی کوڕی ئیسماعیل هەروەختایەک باسی شەڕی چاڵدێران دەکرا، لەعنەتی دەنارد بۆ دورمیش‌خان.

بەم شێوەیە عوسمانییەکان توانیان بە خەیاڵی ئاسوودەوە جێی خۆیان و چەکوچۆڵەکانیان ڕێکوپێک و قایم بکەن. دوازدەهەزار «یەنیچەری»[١٦] تەیار بە شەمخاڵ (تفەنگی سەرپڕ) لە پشت لەمپەری تۆپان کە بە زنجیر تێکخرابوون، دامەزران. ئەو کۆست و لەمپەرە وەک شوورەیەکی لەگیراننەهاتوو بەرەورووی چەکدارانی سەفەوییە سەری قوت کردەوە کە بەشی هەرەزۆری بە سپای سوارە تێکتەندرابوو. سەرچاوەکان سەبارەت بە ڕووی ڕاستی ڕووداوی شەڕەکە ڕاپۆرتی دژاودژ دەخەنە بەردەست. وادیارە قۆڵی ڕاستی سپای سەفەوی کە خودی شا

سەرکردایەتی دەکرد، باڵی چەپی عوسمانی کردە تۆوی هەرزن و حەسەن پاشای فەرماندەی کوشت. بەڵام جەرگەی لەشکری عوسمانی کە یـەنیچـەری و بەشـی هەرەزۆری تۆپخانە تەنیبوویان، دەستی وێرانەگەیشت و هیچی لێ لار نـەبۆوە. لەم وەختەدا ڕێژنەی ئـاگری ٢٠٠ تـۆپ و ١٠٠ خۆمپـارەهـاوێژی خاپوورکـەری عوسمانی خۆی نواند. محەممەدخانی ئۆستاجلوو کە سەرکردایەتی باڵی چـەپی سپای سەفەوییەی بە ئەستۆوە بوو کوژرا و پیاوەکانی پشتیان لێکبەردا. سمایـل چەکـدارەکانی کـۆکردەوە و چەنـد جارێـک زۆر ئازایانــە هەڵــیکوتایە ســەر سەنگەرەکانی عوسمانی. تۆپچییەکانی عوسمانی لەو دیوی مەتەرێزانەوە ئاگری مەرگیان بەرەوڕووی سوارانی سەفەوی کردەوە کە بۆ وەدەسهاتن و بــەرەنگاری چەکی وەک ئەوانیان پێنەبوو. سمایل پاش کەوتنەوەی کوژرا و زامارێکی زیــاتر بەناچار دەستی هەڵگرت و کشایەوە. ژمارەی ئەو کوژراوانەی کـە سـەرچاوەکان باسی دەکەن جێی متمانە نین، بەڵام گەورەیی کارەساتەکە بـۆ سـەفەوییان لــە ڕووی لیزگــەی کــوژرانی ســەرکردە و فەرمانــدەرانی پایەبــەرزی قزڵباشــەوە دەرکەوێ: بۆ وێنە حوسێنبەگی لەلــەی شـاملوو کـە پێشـتر وەکیلـی نەفسـی هومایوون بوو؛ سارۆپیر (سارۆبیرە)ی ئۆستاجلوو سەرکردەی هێزە چەکدارەکان؛ ژمارەیەک لە حوکمڕانانی هەرێمەکان؛ ئەمیر نیزامەددین عەبـدولباقی خـاوەنی پلەی «صـدارت» و هەروەها یەکێک لە سەدرەکانی پێشوو. عوسمانیش کـەمیان لێنەکوژرابوو: بەو جۆرە کە «نۆڵز» بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لــە «مێــژووی گشتیی ترکان»دا باسی دەکا «ئەو [سەلیم] سەرەڕای لە دەست دانــی چەکـدارانی پیادەی کە زۆریشی بە لاوە گرینگ نەبوون و هێندەشی پاڵ وێنەدابــوون، بەشــی زۆری سوارانی ئیلیریایی، مەقدوونی، سێربی، ئێپیرووت (خەڵکی ئێپیرووس)، تێسالی و تراسی* خۆی کە بێگومان سەرگوڵ و هێزی سەرەکی لەشکرچییەکانی بوون، لە دەستی دان و کەموزۆر هەموویان لەو شەڕە خوێناوییەدا کـوژران یــان بە سەختی بریندار کەوتنەوە.»[١٧] کاتێک کە شاسمایل مەیدانی شەڕی چۆل کـرد، سوڵتانسەلیم بە گومــانی ئــەوەی کــە ڕەنگــە فــێڵ و تەڵــەکە بــێ، نەکەوتــە پەیکەردەی. سەلیم چەند ڕۆژێک دواتر پێی نایە تەورێزی پایتەختی ســەفەوییە کە لە ٥ی سێپتامبری ١٥١٤(١٥ی ڕەجەبی ٩٢٠)دا گرتبووی. سوڵــتانی عوسمــانی پێشنیـاری کرد کە زستانێ لە ئێران بنەی دابکوتێ و بەهارێ پێمل کردنــی ئێــران

بگەیەنێتە سەرەنجام، بەڵام فەرماندەکانی سەربزێوانە ملیان بادا و مانەوەیان لە تەوریز بردەوە پاش و سەلیم دوای هەشت ڕۆژ دانیشتن لە تەوریز، ئەو شارەی بەجێهێشت و گەڕایەوە مزلگاکانی زستانە لە ئاماسییە.

هێندێک لە ئاگاداران سەرکەوتنی عوسمانییەکان لە چاڵدێران بە پلەی یەکەم دەبەنەوە سەر دابین بوونی پێویستییەکانی لەشکری. هەڵبەت گواستنەوە و گاڵ دانی سپایەکی ئاوا زۆروزەوەند و تەیار بەو ژمارە تۆپەوە لە مەودایەکی پتر لە ١٦٠٠ کیلۆمیتری‌ڕا، لە ئیستانبووڵەوە تا دەشتی چاڵدێران بەشی کۆتایی ئەو ڕەوگەیە و تێپەڕین بوو بە ناوچە سەخت و ئەستەمەکانی شاخستانی‌دا، کارێکی شاز و گەورەیە. تەنانەت گوتوویانە کە ٦٠٠٠٠ سەر وشتر بار و بارخانەی سپای گواستۆتەوە و بەشی ڕاپەڕاندنی کاری پێراگەیشتن و کڕینی پێداویستییەکانی قۆشەن گەیوەتە ٥٠٠٠ کەس. بەڵام هۆکاری سەرەکی و یەکلاکەرەوەی سەرکەوتنی عوسمانییەکان لێزمەی هێزی ئاگرباری تۆپەکانیان بوو و ڕاپۆرتێک کە لەو زەمانی‌دا بە قەڵەمی «کاتێرینۆ زێنۆ»ی باڵوێزی پێشووی «وێنیز» لە دەرباری ئووزوون حەسەن‌دا نووسراوە و ڕێکوپێک کراوە ئەم مەبەستە دەسەلمێنێ:

«سوڵتان[سەلیم] بە دیتنی کوشت و کوشتار کەوتە پاشەکشە و گەڕایەوە و لەسەر هەڵاتن بوو کە «سنان‌پاشا» دروست وەختی خۆی گەیشتێ و دەستووری دا تا تۆپخانەکە بەرنە بەرەی پێشەوە و هەم ئاگری باراندە سەر یەنی‌چەرییەکان و هەم ئێرانییەکان. ئەسپی ئێرانییان بە بیستنی شریخ‌وهۆڕی ئەو ئامرازە جەهەننەمییە تۆقین و بە دەشتەکەوە وەربوون و هەوساریان بە دەس سوارەکانییانەوە نەما... بە دڵنیایی‌یەوە گوتراوە کە ئەگەر بێتوو گرم‌وهۆڕی قەت‌نەبیستووی تۆپخانە یەکسەمی ئێرانییەکانی نەڕواندباوە، هەموو هێزەکانی سوڵتان تەفروتونا دەبوون و بە لەپە شیران قەڵتوبڕ دەکران.»[١٨]

د. ئایالۆن دەنووسێ:

«ئەگەر بێتوو عوسمانییەکان لە شەڕی چاڵدێران و شەڕەکانی دواترا ئاوا بە شێوەیەکی بەربڵاو کەلکیان لە چەکی ئاگردار وەرنەگرتبا، بە دڵنیایی‌یەوە دەکرێ بڵێی سەرکەوتنیان – بێتوو توانیبایان سەرکەون – زۆر بە کەمی مسۆگەر دەبوو. بە واتەیەکی دیکە ئەگەر وابووبا،

عوسمانییەکان بەشێکی زۆر کەمتری خاک و هەرێمەکانی سەفەوییەیان وەچنگ دێنا و بەشێکی گەلێک زیاتری قۆشەنی سەفەوییە مۆری نەدەشکا هەتا بۆ شەڕێکی تۆڵەکردنەوە ئامادە بێ... لە چاڵدێران... تۆپخانە و تفەنگی سەرپڕی عوسمانییەکان ترس و تۆقینیان خستە نێو ڕیزەکانی سپای سەفەوییان کە چەکی وەک ئەوانیان پێنەبوو بۆ وڵام دانەوە و بەرەنگاری کردن.»[١٩]

بۆچی لەشکرییانی شاسمایل تەیار نەبوون بە چەکی ئاگرین؟ بەپێچەوانەی عوسمانییەکان کە یەکەمین دەوڵەتی مسوڵمان بوون کە چەکی ئاگرداریان دەکار کرد و بە شێوەیەکی بەربڵاو لە شەڕاندا کەلکیان لێوەردەگرت، سەفەوییەکان لە سەردەمی سمایلدا دەست بردن بۆ ئەو چەکوچۆڵانەیان بە ناجوامێری و ترسەنۆکی دەزانی. میرانی ژێردەستەی میسر و سووریاش هەروا بە سپای سوارەی خۆیان پێبەند مانەوە و چەند ساڵ پاش شەڕی چاڵدێران بە شێوەیەکی ئەوتۆ لە بەرامبەر عوسمانییەکانا بەزین. کەلک وەرنەگرتنی سمایل لە تۆپ و تفەنگ بێگومان ناگەڕێتەوە سەر بێخەبەری وی سەبارەت بە بوونی چەکوچۆڵێکی ئەوتۆ، ئەگەرچی زیاتر هەروا دەگوترێ: ئەو ئەفسانەیە کە چەکی ئاگردار بۆ یەکەم جار سەدەیەک دواتر و لە لایەن دوو سەربەگێچەڵی ئینگلیسی بە ناوی «سێر ئانتۆنی شێرلی» و «سێر ڕابێرت شێرلی» برایە ئێران. هەمیشە دووپات کراوەتەوە، بەڵام بەڵگە و نیشانەکان هەم لە سەرچاوەکانی ئورووپایی و هەم لە ژێدەرانی ئێرانیدا بە ڕوونی دەریدەخەن کە ئەم بانگەشەیە تەواو بێمانایە. لە ئورووپا تۆپ بەر لە تفەنگ ساز کراوە. لە نیوەی دووەمی سەدەی چاردە (هەشتەم)دا تەواو کەڵەهێزە لەشکردارەکانی ئورووپا بۆ نموونە ئینگلستان و ئیسپانیا و پۆرتۆغال تۆپخانەیان دەکار دەکرد. عوسمانییەکان ئەم چەکە تازەیان کە بوو بە هۆی شۆڕش و ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە ڕێوشوێن و فەندەکانی شەڕا، لە دەوروبەری ساڵی ١٤٢٠ (٨٢٣)دا دەکار دەکرد و لە کاتی ئاڵقەدانی قوستەنتەنییە لە ١٤٥٣ (٨٥٧)دا ئەوەندە چاکیان لێدەزانی کە تۆپیان لە قەوارەی زۆر گەورەدا دادەڕشت.

بە پێچەوانەی باوەڕی گشتیی، حوکمڕانانی ئێران لەم پێشکەوتە نائاگا نەبوون، ئەگەرچی قسەی تێدا نیە کە ئەوان هێندەی عوسمانی پەیوەندی و

نێوانیان لەگەڵ ئورووپا گەرم نەبوو. لە ساڵی ١٤٧١ (٨٧٥-٦)دا حوکمڕانی وێنیز بار و بارخانەیەکی چەکی ئاگرداری نارد بۆ «ئوززوون حەسەن»ی فەرمانڕەوای ئاققۆیوونلوو کە لە قوبروس دەستی بە سەردا گیرا. دوو ساڵ دواتر لە ١٤٧٣(٨٧٧)دا عوسمانییەکان بە شکاندنی ئوززوونحەسەن، لە فوراتی سەروو شانۆیەکیان لە کارکردی تۆپخانە پێنیشان دا. ئوززوونحەسەن داوای یارمەتی لە وێنیز کرد و لە ١٤٧٨(٨٨٢-٣)دا وێنیزییەکان «سەد کەس تۆپچی بەئەزموون و لێزانیان»[٢٠] بۆ نارد. ڕەنگە بە بۆنەی تێکۆشانی ئەم کەسانەوە بێ کە هەر لەو ساڵیدا، «خەلیل»ی شازادەی ئاققۆیوونلوو دەبینین وا دژی خەنیمەکانی دەس دەبا بۆ تۆپ و لەوی بەولاوە گەلێک ئاماژە دەربارەی تۆپ و کەلک لێوەرگیرانی لە گەمارۆکاندا وەبەرچاو دێن. یەکەم کارپێکرانی تۆمار کراوی تۆپ لە لایەن سەفەوییەڕا دەگەڕێتەوە ساڵی ١٤٨٨(٨٩٣) کە شێخ حەیدەر لە دەورەدانی قەڵای گوڵستاندا دەستی بۆ بردووە و ئەمە بیست و شەش ساڵ بەر لە تێکهەڵچوونی چاڵدێرانە. دوو خاڵی بنەڕەتی و بەرچاو سەبارەت بە کەلک وەرگرتنی ئێرانییەکان لە تۆپ بریتین لە:یەکەم، دوودڵ بوون لە دەکار هێنانی و دووەم، بە پێچەوانەی عوسمانییەکان قەت بەگەرمە لە شەڕاندا ئاگریان پێنەنایەوە و پتر مەیلیان وابوو لە بازنەی تەنگەبەری گەمارۆدا کاری پێبکرێ. سووکەڵەچەکی دەستی سەرەتا لە ئورووپا لە دەسپێکی سەدەی پازدە(نۆهەم)دا خۆی نواند و بە ماوەیەکی کورتی دواتر عوسمانی کاریان پێکرد. چەکی سەرەتایی یان تفەنگی پڵیتەیی بوون یان سەرپڕ. جارێکی دیکەش عوسمانییەکان بەئاشکرا لە بابەت دەکار کردنی چەکوچۆڵی تازەوە لە وڵاتانی مسوڵمانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەرتر بوون. جێی سەرنجە کە تەنانەت لە ئورووپادا دژایەتی و بەربەرەکانییەکی بەرچاو سەبارەت بە دەکار کردنی لە گۆڕێدا بوو. وادیارە تفەنگ لە ١٤٧٨(٨٨٢-٣)دا لە ئێران کاری پێکراوە، بە واتەیەکی تر ئەگەرچی چەکی دەستی درەنگتر لە تۆپ ساز کرابوو، ڕەنگە هاوکات لەگەڵ تۆپ گەیشتبێتە ئێران.

کەوایە دەگەینە ئەم ئاکامە ئاشکرایە کە سەفەوی لە شەڕی چاڵدێراندا کەلکیان لە چەکی ئاگردار وەرنەگرت، چونکە مەیل و تەمایان لێنەبوو. ئەوان لەبەر بیروبڕوایان سەبارەت بە چەکە ئاگردارەکان، بەرەوڕووی شکستێکی

بنکەی ژین
www.zheen.org

گەورە بوونەوە بە دەستی عوسمانییان کە ڕەنگبوو بۆ دەوڵەتی شلک و ناسکی سەفەوییە کە تەنیا سێزدە ساڵی تەمەن بوو کوشندە بووایە. ئەمەی کە بەزین و تێکشکانیان گیرانی هەموو یان بەشی هەرەزۆری ئیمپراتۆریێتی سەفەوییەی لێنەکەوتەوە، هەتا ڕادەیەک بەرهەمی هەڵوێست و سیاسەتی سەرکەوتوویانە لە بابەت تێدابردنی تەواوی سەرچاوە و پێداویستییەکانی سەر ڕێ و ڕەوگەی پێشڕەوی عوسمانییەکانە. بێمەیلی چەکدارانی عوسمانی سەبارەت بە مانەوەی وەرزی زستان لە تەوریز هەتا ئەندازەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی ئازۆخە بۆ خۆیان و تفاق بۆ ئەسپ و بارگین و وشتر و یەسترەکانیان. نەبوون و دابین نەکرانی پێداویستییەکان بەتایبەت بۆیە مەترسیدار بوو، چونکە سپای عوسمانی کەتبووە بنەبانی هێڵی پەیوەندییەکانی ڕێوبانێکی زۆر دوورودرێژ کە هەتا ئەوپەڕی خۆی پەلوپۆی ڕاکێشابوو. سەفەوییەکان بە هۆی شکانیان لە چاڵدێران، لە شەڕ و لێکدانی درێژخایەنیاندا لەگەڵ عوسمانییەکان ڕادرانە بەرە و سەنگەری خۆپاراستن و بۆ ماوەی سێچارەگە سەدە هەتا دەورانی فەرمانڕەوایەتی شاعەبباسی گەورە، نەیانتوانی بکەونە پێش و بەرسینگەیان لێببڕنەوە. نێوەرۆکی چارەنووسسازی شەڕی چاڵدێران لەبەر چاوی چاوەدێرانی ئەو سەردەمی ون نەبوو: «ئەگەر تورکەکان بەزیبان، دەسەڵاتی سمایل لە هێز و دەسەڵاتی تەیمووری لەنگەیش پتری پەرە دەگرت و تەنیا بە کەلک وەرگرتن لە ناوبانگی ئەو سەرکەوتنە، خۆی دەکردە خاوەندگاری بیئەملا و ئەولای خاکی ڕۆژهەڵات.»[٢١]

کاردانەوەی بێسێودووی شکستی سەفەوییە لە چاڵدێران، لە دەسچوونی مەڵبەندی دیاربەکر بوو کە ساڵی ١٥١٦-١٧(٩٢٢) خرایە سەر ئیمپراتۆریێتی عوسمانی. عوسمانییەکان هەروەها زنجیرەی میرانی «زولقەدر»یان[٢٢] لە مەرعەش و ئەلبۆستان بنەبڕ کرد و ئەو ناوچانەشیان خستە سەر خاکی خۆیان. کاردانەوەی ڕوحیی شکستی شەڕەکە لەسەر خودی شاسمایل و شوێندانانی لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ قزڵباشان زۆر قورستر بوو لەچاو لە دەسدانی بەشێکی قەڵەمڕەوەکەی. شەڕی چاڵدێران یەکەم تێکشکانی ئیسماعیل بوو. نەسروڵڵا فەلسەفی، یەکێک لە گەورەترین مێژوونووسانی هاوچەرخی ئێرانی سەبارەت بە سەفەوییە ئاوا دەنووسێ: «شاسمایل هەتا ئەو وەختی لە

هیچ شەڕێکا نە شکابوو، نە بریندار ببوو و چون هەمیشە خۆی سەرکەوتە و دوژمنانی بەزیوو دیبوو، هیچکەسی بە پاڵەوانی هاوشانی نەدەزانی و شکستی لە چارەی خۆی نەنووسیبوو. شکانی چاڵدێران شوێنێکی زۆری کردە سەر ڕەوشت و ئاکاری. خۆ بە زلزانی و فیز و دەماری بە باری ناهومێدی و وەڕەزیدا شکایەوە.»[٢٣] بەپێی قسەی «فەلسەفی»، سمایل پاش شکستی چاڵدێران خۆی دایە تازیەداری. باڵاپۆشی ڕەشی بە شانی دادەدا و مێزەری سیای دەکردە سەری؛ ئاڵاکان وەڕەنگی ڕەش گەڕان و لە سەریان نووسرا «القصاص» (تۆڵە). لە ماوەی دە ساڵی پاشماوەی حکوومەتی سمایلدا، تازە خودی خۆی قەت سەرکردایەتی هێزەکانی وەئەستۆ نەگرت؛ گەرچی هەم ئۆزبەکان و هەم بابۆری هاوپەیمانی پێشووی کە دەسەڵاتی بەرەو سەر دەچوو، بەڕیز دوو شاری بارناسک و سەرسنووریی بەلخ و قەندەهاریان گرت. سەرەنجام بابۆر لە ١٥٢٦(٩٣٢)دا دێهلی و «ئۆکرا»ی هێنایە ژێر دەسەڵاتی و ئیمپراتۆرێتی مەغوولی لە هیند دامەزراند.[٢٤] هەروەها سمایل وەک پێشوو خۆی نەدەدایە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی دەوڵەت. بەپێچەوانە دەتگوت هەوڵی دەدا کە مەینۆشی دەرد و پەژارەی ڕۆمرکێنێ. بەگوێرەی ڕووداونامەیەکی سەفەوی: «مەودای شەوان و ڕۆژان زیاتر سەرقاڵی ڕاو و خەریکی ڕابواردن لەگەڵ گەنجانی گوڵڕوخسار و خواردنەوەی پیالەی شەرابی ئاڵ و گوی دانە شێعر و گۆرانی دەبوو.»[٢٥]

چاڵدێران وای کرد کە باوەڕی قزڵباشان بە ڕێبەرەکەیان وەک بوونەوەرێکی خودایی و نیمچەخودایی کە شکستی بە سەردانایە، تێدا بچێ. ڕایەڵوپۆیەکی ڕەمزاوی کە پیر و مریدی پێکەوە گرێ دەدان، پسان و تازە وەک خۆیان لێنەهاتەوە. ئەگەرچی قزڵباشەکان دیسانیش هەر بە پێشەوای خۆیان دەگوت «مورشید»، بەڵام ئەو نازناوە بۆش و قالۆر و ڕواڵەتیی بوو. هەروەها ئەگەرچی هێشتاش شوێنەوارێک لە ڕێکخستنی بەرایی سەفەوییە بە شێوەیەکی چەقبەستوو مابوو، بەڵام ئەوان ئیتر هیچ ئەرکێکی پێسپێراوی ڕێکخستنیان لە دیاریکردنی سیاسەتەکانی سەفەوییەدا نەبوو. قزڵباشەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خۆیان لە ڕێچکەی پەیوەندی مرید و مرادی کلا کرد و ئاکاریان وردەوردە چەشنی ڕەوشت و ئاکاری بارۆنەکانی سەدەکانی نێوەڕاستی لێهات و

بە هێندێک باراندا وەک ئەوان دەچوون. ئەم بۆچوونە لە رووی ئەم رووداوانەوە ئۆبالی بۆ دەکێشرێ کە تەنیا دوو ساڵ پاش قەومانی چاڵدێران، حوکمڕانی قزڵباشی خوراسان کەوتە ملانەیەکی توند لەگەڵ دەسەڵاتی سمایل و ماوەی ساڵێک دوای مردنی فەرمانڕەوای سەفەوییە، شەڕی نێوخۆ لەسەر وەدەسهێنانی جڵەوی حکوومەت لە نێوان خێڵ و هۆزەکانی قزڵباشدا هەڵگیرسا. ئەم هۆزانە لووتیان بە پیرۆز بوونی شادا نەدێنا و لایان لێنەدەکردەوە و بایەخێکی ئەوتۆیان بۆ پلە و پێگەی دەسەڵاتی بێئەم و ئەولای دینی و دنیایی شاش دانەدەنا. ئەسکەندەربەگی مونشی، نووسەری هەڵکەوتە و مێژوونووسی سەردەمی سەفەوییە کە نیزیکەی سەدساڵ دوای شەڕی چاڵدێران «تاریخی عالەمئارای عەبباسی» نووسیوە، لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی جێی ئافەریم و دەسخۆشانەی لە بابەت شکستی سەفەوییەوە خستۆتەروو:

> «بێشک خودای مەزن وای دانابوو کە شاسمایل لە شەڕی چاڵدێران بشکێ، چونکە ئەگەر لەو شەڕەشدا سەرکەوتبا، مەترسی ئەمە لە گۆڕێدا بوو کە دین و ئیمانی قزڵباشە ساکار و کاڵفامەکان سەبارەت بە هێزی شاسمایل گەیشتبا جێیەکی وا کە لە ڕێی ڕاست تلاسا بووبان و کەوتبانە گومانی هەڵەوە.»[٢٦]

لە ڕاستیدا ئەمە هەوڵێکی بوێرانەیە بە مەبەستی مەنتیقی نیشاندانی شکستی سەفەوییە، بەڵام بە بڕوای مسوڵمانانی سوننی، قزڵباشەکان زۆر پێش چاڵدێران تووشی «بۆچوونی هەڵە» ببوون.

خۆکێشانەوەی ئیسماعیل لە بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆی کاروباری وڵات پاش رووداوی چاڵدێران، هەلی بۆ هێندێک لە پایەبەرزان ڕەخساند کە هەر کەس بەپێی پلەی خۆی دەسەڵاتی پێهەڵابەرێ. گەلێک لە پایەبەرزترین کاربەدەستانی قزڵباش لە چاڵدێران کوژرابوون و لە ئاکامدا دەسەڵاتی قزڵباشەکان بە شێوەیەکی کاتی سێبەری بە سەر کشابوو. ئەم بارودۆخە وای کرد کە سەرۆکی دیوانداران واتە وەزیر کە بەگوێری دابی ڕۆژگار ئێرانی بوو، بەڵام لەبەر داندرانی پلەی نوێنەرایەتی و پێگەی پتەوی سەرکردەکانی قزڵباشی سپا لە دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی سەفەوییە لە ماوەی دە ساڵەی یەکەمی فەرمانڕەوایەتی سمایلدا، نرخ و بایەخی دابەزیبوو، دەسەڵاتی بەرز پێهەڵاچێ.

سەبارەت بەم مەبەستە کە داخوا میرزا شاحوسێنی ئیسفەهانی کە شا لــە جێــی ئەمیرعەبدولباقی وەکیلی دانا کە لە چاڵدێران کوژرابوو، نازنــاوی «وەکیــل»ی درایە یان تەنیا پێیدەگوترا وەزیر، بەڵگە و نیشــانەی دژاودژ بــە دەســتەوەن، بەڵام ئەمە ئاشکرایە کە پاش چاڵدێران گۆڕانێکی بنەڕەتی لــە نێــوەرۆکی پلــەی نوێنەرایەتیدا بەدی هــات. دوای چاڵــدێران ئیــدی نازنــاوی «وەکیلــی نەفســی نەفیسی هومایوون» کە نیشاندەری نوێنەرایــەتی کردنــی پادشــا بــوو، تۆمــار نەکراوە. لەوی بەولاوە تەنیا وشەی وەکیل بێ پاشکو یان بە هەڵــکەوت وەکیلــی سەنتەنەت دەکار دەکرا کە نیشاندەری وەفاداری زیاتری وەکیلە بە دەوڵەت هەتا بە خودی شا. گۆڕانکاری گرینگ پاش چاڵدێران ئاڵوگۆڕی بەرچاوی ئەو شتەیە کــە مینۆرســکی نــاوی دەنــێ «شــانەبەرزەی لــە ڕادەبــەدەری بریکــاری فەرمانڕەوایــەتی». ئێســتا وەکیــل (نوێنــەر = دەمڕاســت = بریکــار) تەنانــەت وەختایەک کە ئەم نازناوەی بە بەژنی بڕابوو، لە پلــەی یەکــەما بــە ســەرۆکی دیوانداران یان بە واتایەکی دیکە بە وەزیر دادەنــدرا. بــۆ ماوەیــەک وەکیــل بــە جۆرێک دەکەوتە سەرووی وەزیر و هێشتا وەزارەت لە پلەیەکی خوارتر لەنگەری دەگرت. بەڵام هەر کە هۆکاری هەبوونی پلەی وەکیل تۆزی لێبەبا کرا، هێنــدەی پێنەچوو کە ئەم نازناوەش کەوتە گێژاوی لەبیران چوونەوە و بــوو بــە بــەردی بنگۆم. ئەم گۆڕانکارییە نیشاندەری قۆناخێکی تازەی دابڕاوە لە ڕەوتی پێشووی دینسالارانەی دەوڵەت و ڕوو وەرگێڕانی هەرچی زیــاترە بــەرەو دابــەشبــوونی دەسەڵاتەکانی دینی و سیاسی لە بازنــەی حکوومــەتا. هــەرچۆنێک بــێ مــیرزا شاحوسێن کەلکی وەرگرت لە خۆکێشانەوەی شــا لــە بــەڕێوەبردنی کاروبــاری ڕۆژانە بۆ پێهەڵاچوونی دەسەڵاتی. ئەو لەبەر هاوپیاڵە بــوونی شــا لــە کــۆڕی مەینۆشیدا کە پاش چاڵدێران ڕووی کردبووە پێلێهەڵێنان، بە بڕوای قزڵباشان بە ناهەق، توانی حوکمڕان زۆر بخاتە ژێر کاریگەریی خــۆی. بــەو جــۆرەی کــە ڕووداونامەیەکی ئەو ڕۆژگاری دەیگێڕێتــەوە: «تــەواوی ئــەمیران و لایــەنگرانی دەوڵەت و هەموو وەزیرەکان و ماقووڵانی دەربار دەبــوو ســەری وەبــەر بێــنن و نیری فەرمانبەرداری بخەنە سەر ملیان و بــێ ئاگــاداری و قســەی وی لــە هــیچ کارێکی گرینگ یان بچووکدا پێ هەڵنەهێننەوە.» [٢٧]

لە ١٥٢١(٩٢٧)دا میرزا شاحوسێن دەسەڵاتی خۆی بە فایق بوون بە سەر سەرۆکی پێشووی خۆیدا واتە دورمیشخانی شاملوو کە لە سەرکردە پایەبەرزەکانی قزڵباش بوو، نیشان دا. یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی لە سەرەتای سەردەمی سەفەوییەدا ئەمە بوو وەختایەک کە سەرکردە قزڵباشەکانی سپا دەکرانە حاکمی ناوچەیەک - هەر وەک لە ڕۆژگاری شاسمایل و شاتەهماسبدا باو بوو - خۆیان دەچوونە شوێنی دیاری کراو و دەسەڵاتەکانی قانوونییان بە دەستەوە دەگرت. لەم بابەتەدا دورمیشخان دەگمەن بوو. کاتێک کە لە ١٥٠٣(٩٠٨-٩)دا کرایە حوکمڕانی ئیسفەهان، چەشنی مەزن و ماقووڵانی سەدەی حەڤدەی فەرانسە لە وێرسای، لە بارگا مایەوە و یەکێک لە هاوڕێیانی کە سەروەستایەک بوو بە ناوی میرزا شاحوسێن لە ئیسفەهان، کردی بە وەزیر و جێنشینی خۆی هەتا لەبری وی کاروباری ئیسفەهان هەڵسووڕێنێ. بێگومان لەبەروەی کە دورمیشخان خوشکەزای شا بوو پێگەیەکی باڵاتری لە بارگادا بۆ هەڵدەسووڕا و لەوێ پلەی «ئیشیک ئاقاسی» (سەرۆکایەتی بەڕێوەبردنی کاروباری بارگا)ی وەچنگ هێنا. ئەو لە ١٥١٧ (٩٢٣)دا کرایە «لەلە»ی «سام میرزا»ی کوڕی دووەمی شاسمایل. بوون و دانیشتنی بێپسانەوەی وی لە دەرباردا، دڵی میرزا شاحوسێنی ڕێکدەکوشی، چونکە هەمیشە ڕەگەزی نزمتری دێنایەوە یادی. بەڵام سەرەڕای پێگەی بەرزی دورمیشخان لە نێو میرانی قزڵباشدا لەبەر خزمایەتی نیزیک و گەرموگوڕ بوونی لەگەڵ شا، ڕعێتی پێشوو ئێستا پێشاوبڕکەی ئاغای کۆنی خۆی دابوویەوە و ساڵی ١٥٢١(٩٢٧) میرزا شاحوسێن توانی دورمیش دوور بخاتەوە و بیکاتە حوکمڕانی هیرات. سەرەنجام میرزا شاحوسێن بوو بە قوربانیی فیز و دەماری خۆی و لە ئاوریلی ١٥٢٣(جیمادی یەکەم - جیمادی دووەمی ٩٢٩)دا بە دەستی تاقمێک سەرسوور (قزڵباش) کوژرا و بەم شێوەیە ناوی خۆی لە لیزگەی قوربانییەکانی ملانە و بەربەرەکانی نێوان ترک و ئێرانییەکان لە سەرەتای دەوڵەتی سەفەوییەدا زیاد و تۆمار کرد.

ساڵێک دواتر لە ٢٣ی مانگی مەی ١٥٢٤(١٩ی ڕەجەبی ٩٣٠)دا شاسمایلی، دامەزرێنی دەوڵەتی سەفەوییە مرد و لە گۆڕستانی بنەماڵەیی لە ئەردەوێڵ نێژرا. وەختایەک مرد، دوو مانگی مابوو بۆ سیوهەشت ساڵی و نیزیکەی

بیست و سێ ساڵی حکوومەت کردبوو. ساڵی ١٥٠١ (٩٠٧) لە چاردە ساڵیدا ڕۆنیشتە سەر تەختی پادشایەتی و هەر لەڕێوە تووشی گەلێک گرێ و کۆسپی پڕ پێچوفلووچ بۆوە کە بریتین لە: تەنگەژەی چۆنیەتی تێکەڵ کردنی ڕێکخستنی سۆفییەکانی ڕێبازی سەفەوییە کە ئەو مورشیدی هەرەباڵایان بوو، لە نێو دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی تازەدا کە خۆی پادشای بوو؛ تەنگەژەی چۆنیەتی ئاشت کردنەوەی «پیاوانی شمشێر» واتە چەکدارانی هەڵبژاردەی تورکمان کە ئەویان گەیاندبووە دەسەڵات لەگەڵ «پیاوانی قەڵەم» یانی ئێرانییانی دیوانسالار کە خاوەنی میرات و کەلەپوورێکی کۆن بوون لە بواری پسپۆڕیدا و بو هەڵسووڕانی هاسانی دەزگای حکوومەتیی پشتی وێدابوون؛ تەنگەژەی دنەدانی ورەی شەڕکەرانەی شیعانە و لە هەمان کاتا بەرگرتن لە تەنینەوەی دەسەڵاتی چین و توێژەکانی ئایینی لە وڵاتا؛ تەنگەژەی پتەو کردنی پایەکانی فەرمانڕەوایەتی سەفەوییە لە نێوخۆی سنوورەکانی کۆنباوی ئێران و پاشان پاراستنی ئەم کەوشەنانە لە بەرامبەر دراوسێ بەهێزەکانی سوننی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا. سمایل خاوەنی هێزی کێش کردن و توانایی ڕێبەرایەتی و ئازایەتی بوو، ئەگەرچی لە پلەی سەرکردایەتی سپادا بۆ باری پارێز کردن و بلیمەتی لە فێڵ و فەندی شەڕ و شێوازی هەڵمەت و چالاکیدا دەسکی لە دووی شاعەبباسی یەکەم نەدەکرد. شاسمایل سیاسەتوانێکی لێزان و وریا بوو، گەرچی ڕێچارە چاوەڕوان نەکراو و پتر تازەکاتی بۆ چارەسەری ئەو گرێ و کۆسپە باسکراوانە زیاتر لە کورتماوەدا بەسوود بوون هەتا درێژخایەن، بەڵام پێویستە بزانین کە ئەمە زۆرتر دەگەڕێتەوە سەر گەورەیی کۆسپ و تەگەرەکان هەتا نابەجێبوونی ڕێچارەکان.

# پەراوێزەکان

★ نووسەر لە شیکردنەوەی زاراوەی «تەبەررائیان»دا تووشی هەڵە بووە. تەبەررائیان تاقم و چینێکی شیعانن کە لەبەر بڕوا بوون بە واجب بوونی پێشەوایەتی عەلی، سەبارەت بە خانەدانی عەلی خۆشەویستی دەنوێنن و لە ئاست خەلیفەکاندا [ئەبووبکر و عومەر و عوسمان - وەرگێڕ.] بێزاری دەردەبڕن و خۆیان لێدەشۆنەوە. لە دەورانێکیدا کە شیعە کەوتوونە ژێر گوشار و چەوسانەوە، بەپێی ڕێوشوێنی «تەقییە» (پارێزکردن) بەئاشکرا ئەم کارەیان نەدەکرد، بەڵام دەورانێکی کە دەسەڵات بە چنگ شیعانەوە بوو - بەتایبەت لە سەردەمی سەفەوییەڕا - دەربڕینی بێزاری و ناخۆشەویستی سەبارەت بە داگیرکەرانی مافی خانەدانی پێغەمبەر بەئاشکرا ئەنجام دەدرا.

١. نەسروڵڵا فەلسەفی، «ژیاننامەی شاعەبباسی یەکەم» بەرگی ٣، بەفرانباری ١٣٤٥ هـ. (١٩٦٦)، دەزگای بڵاوکەرەوەی زانکۆی تاران، ل ٣١؛ هەروەها لەم بەرهەمەی خوارەوەشدا گێڕدراوەتەوە:

R.M.Savory. "Iran:A 2.500 year historical and cultural tradition", in Iranian Civilization and Culture, ed. Charies J.Adams (Montreal 1972), p.85.

٢. تەواو گێرانەوەکانی ئەم بڕگەیە لەم بەرهەمەوە ڕاگوێزراوە:

British Library MS. Or 3248, fols. 73b-74b. See R.M. Savory. "The Development of the Early Safawid State", unpublished University of Lodon Ph.D. thesis (1958), pp.90-1.

[وەرگیراوە لە عالەمئارای شاسمایل، ل ٦٠.]

3. R.M. Savory, "Safavid Persia", in Cambridge History of Islam, 2 vols. (Cambridge 1970).vol.I,p. 398.

4. R.M Savory, "Some Refiections on Totalitarian Tendencies in the Safavid State", in Der Islam, LIII (1976), p. 235;

هەروەها بڕواننە:

Leon Trotsky, The History of the Russian Revolution, 3 vol. (London 1967), vol. I,p. 212.

[ئەم کتێبەی سەرەوە لە ڕووی وەرگێڕدراوی ئینگلیسییەوە کراوەتە فارسی: لیئۆن ترۆتسکی، مێژووی شۆڕشی ڕووسیا، وەرگێڕدراوی سەعید باستانی، ٣ بەرگ، چاپی یەکەم، تاران ١٣٦٠ی هـ . (١٩٨١). شەریکەی بڵاوکردنەوەی فانووسا.]

٥. وەرگێڕدراوی منیۆرسکی لە تذکرةالملوک، ل .١٨٨

6 . History of Persia, 2 vols. (London 1815), vol.I,P.481.

[ئەم کتێبە کراوەتە فارسی: سێرجان مێلکۆم، مێژووی ئێران، تەرجەمەی میرزا ئیسماعیل حیرەت، ٢ بەرگ لە بەرگێکدا، مانگی مەی ١٨٨٦، بەمبەئی و کتێبفرۆشی سەعدی لە تاران؛ ئەم کتێبە بەم زووانە چاپ کراوەتەوە.]

٧. بڕواننە وتاری من بە ناوی «Kizil-bash» لە ئینسکلۆپێدیای ئیسلامدا.

٨. سەلیمی یەکەمی سوڵتانی عوسمانی. مێژوونووسانی تورک ناویان ناوە «یاووز» (بڕندەی تیژ) و ئورووپایی بە دڕندەیان ناودێر کردووە. لەم کتێبەدا نازناوی «Grim» هاتووە کە بە «مۆن» تەرجەمە کراوە – و.

★ دێیەک بووە لە نیزیک بەلخ.

★ غۆجدۆوان گوندێک بووە سەر بە بوخارا.

9. H.A.R. Gibb and Harold Bowen, Islamic Society and the West (Oxford 1957), vol.I.part 2, 189.

10. J. Spencer Trimingham, The Sufi Orders in Islam (Oxford 1971), p.83.

11. R.M.Savory, "The Consolidation of Safawid Power in Persia", in Der Islam, XLI (1965),p. 86.

www.zheen.org

12. D.Ayalon, Gunpowder and Fireams in the Mamlük Kingdom (London 1956), p. 109.

★MORE، ناوی کۆنی شێوەدوڕگەی پلۆپۆنز.

13. Gibb and Bowen, vol.I.part 2, p. 189.

14. Savory, "Consolidation", p.88.

١٥. عالەمئارا، ل .٣١

١٦. ئەم واژە ترکییە بە مانای «سپای تازە»یە.

★ ئیلیریا لە لێواری ڕۆژهەڵاتیی دەریای باڵتیک، ئێپیرووس لە باکووری ڕۆژاوای یۆنان، تێسالی لە ڕۆژهەڵاتی یۆنان و نێوان چیاکانی پیندووس و دەریای ئێژە و تراس لە ڕۆژهەڵاتی شێوەدوڕگەی باڵکان هەڵکەوتوون.

١٧. لەم سەرچاوەیەدا گێڕدراوەتەوە:

Travels of Venetians in Persia, Hakluyt society (London 1873), p. 62,n.I.

18. Caterino Zeno, "Travels in Parsia", p. 61. in A Narrative of Italian Travels in Persia in the 15th and 16th centuries, translated and edited by Charles Grey, in Travels of Venetians in Persia.

19. Ayalon, pp. 109-10.

20. R.M.Savory. article "Bärüd. V. The Safawids", in EP, p. 1067.

21. Caterino Zeno, p.61.

۲۲. زولقەدرییە، زنجیرەیەکی بچووکی تورکمانان کە لە ساڵی ۷۸۰ تا ۹۲۱ی کۆچی (۱۳۷۸-۱۵۱۵ی زایینی) لە مەرعەش و دەوروبەری حکوومەتیان دەکرد و ناوەندەکەیان «ئەلبۆستان» بوو – و.

۲۳. «شەڕی چاڵدێران»، گۆڤاری کۆلێژی ئەدەبیاتی تاران، شمارە ۲، ساڵی یەکەم، بەفرانباری ۱۳۳۲ی هەتاوی (۱۹۵٤ی زایینی)، ل. ۱۲۱.

۲٤. ئەم لیزگە میرانە لە زمانی فارسیدا بە «گوورەکانییانی هیند» یان «تەیموورییانی هیند» ناویان دێ و لە زمانی ئینگلیسیدا بە «مەغوولانی گەورە» دەناسرێن. لەم بەرهەمەدا ئەم خانەدانە بە «تەیموورییانی هیند» ناویان هاتووە – و.

25. Savory. "Consolidation", p. 93.

۲٦. ئەم بڕگەیە لە خودی کتێبەکە تەرجەمە کراوە... . واوێدەچێ کە لە دەقی دەسنووسی چاپکراوی ۱۸۹٦ی تاراندا، چەند ڕستەیەکی دەقی سەرەکی پەڕیبێ – و.

27. R.M. Savory, "The Principal Offices of the Safawid State During the Reign of Shäh Ismäïl I (907 – 30/1501 – 24)", in Bulletin of the School of Oriental and African Studies, XXIII (1960), p. 98.

www.zheen.org

٣

## ناكۆكییەكانی نێوخۆیی و دوژمنانی دەركی: دەوڵەتی سەفەوییە لە ١٥٢٤ڕا هەتا ١٥٨٨(٩٣٠ تا ٩٦٦)

www.ktebnaz.org

لە دوایین دە ساڵەی حكوومەتی سمایلی یەكەمدا، بزووتن و جووڵانەوەیەك بە مەبەستی كشانەوە و دابڕان لە ڕوخسار و شێوازی دینسالارانەی دەسەڵات، كە تایبەتمەندێتی گرینگی سەرەتاكانی دەوڵەتی سەفەوی بوو، بەدیهاتبوو. ڕەوتێكی گشتی و هەمووانی بەرەو ئامانجی جویٚ بوونەوەی هێزەكانی ئایینی و سیاسی لە یەكتر و دابەزینی دەسەڵاتی سەرسووران لە كاروباری وڵاتا دەستی پێكردبوو. هەروەک لە بەشی پێشوودا باس كرا گۆڕانێک لە ئاستی دەسەڵاتی وەكیلا بەدیهاتبوو. لە ١٥١٤(٩٢٠)ڕا بەرەودوا گۆڕانێكی ورد و باریک لە نێوەرۆكی ئەم پلەیەدا هاتە گۆڕ؛ بەم مانایە كە لایەنگری كردن لە ڕەوتێک پەرەی گرت كە كەمتر بایەخی دەدا بە پلەی وەكیل وەک بریكاری شا و وەكیل تەنیا سەرۆكی دیوانداران یان بە وتەیەكی تر بە وەزیر دادەندرا. هەروەها سمایل چەند هەنگاوێكی لە بابەت كەم كردنەوەی دەسەڵاتی پلەی سەرۆكی گشتیی هێزە چەكدارەكان هەڵێنایەوە كە یەكێكی دیكە لەو پلە گرینگانەی دەوڵەتی بوو لە ژێر ڕكێفی قزڵباشەكاندا هەڵدەسووڕا. لە ١٥٠٩-١٠ (٩١٥)دا حوسێنبەگی لەلەی

شاملوو ئەو ئەرک و لێپراسراوێتییەی لێ ئەستێندرایەوە. سمایل یەکی دیکەی لە سەرۆکانی مەزنی قزڵباشان نەکردە جێنشینی، بەڵکوو کاربەدەستێکی گومناوی بە ناوی «محەممەدبەگی ئۆستاجلوو»ی لەبری وی دانا کە خاوەن پلەی نیمچە نزمی خوانسالاری بوو. بۆ ئەوەی کە پێگەی کۆمەڵایەتی محەممەدبەگ لە پلەی تازەی وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان یەکتر بگرێتەوە، پلەی «سوڵتان»ی درایە و نازناوی «چایانسوڵتان»ی بۆ برایەوە.[1] ئەوەی دیسانیش دیارە و بایەخی زیاترە ئەمەیە کە چایانسوڵتان نە تەنیا بوو بە خاوەنی پلەی حوسێنبەگی لەلەی شاملوو، بەڵکوو ئوولکە (ناوچەی خێڵاتی) و ڕعێتەکانیشی بوونە ئی وی. ئەم کارەی شا زەبری لە ڕەگ و ڕیشەی ڕایەڵوپۆی خێڵەکی قزڵباشان وەشاند. خێڵە گەورەکانی قزڵباش کە پێیان دەگوتری «ئویماق» بە سەر هەشت تا نۆ تایفەدا دابەش دەبوون و بنەمای هەست و سۆزی شەرکەرانەیان، دەگەڕایەوە سەر خێڵخۆشەویستییەکی توند و دەمارگرژانەی قزڵباشایەتی. پشتیوانێتی خێڵی شاملوو بۆ سەرکردەی تازەی هێزە چەکدارەکان کە «ئۆستاجلوو»یەک بوو، دەستی نەدەدا و نەدەلوا. وادیارە ئەم هەنگاوە لە ڕوانگەی شاسمایلەوە سەرکەوتوو بووە، چونکە ئەگەرچی چایانسوڵتان هەتا زەمانی مردنی لە ١٥٢٣ (٩٢٩)دا لەم پایە دانەبەزی، بەڵام ئیتر هیچ ئاماژەیەکی گرینگی پێنەکراوە. سەنگ و بایەخی تایبەتی ئەم کارەی ئیسماعیل ئەنگووتنی ئاسۆی تازەی دەسپێک و سەردەقی چەند ڕێ و ڕەوتێکە کە دوایی‌تر لە لایەن شاعەبباسی گەورەوە بە مەبەستی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی قزڵباشەکان وەبەرچاو گیران.

تەهماسبی کوڕە گەورەی سمایل لە ٢٢ی فێورییەی ١٥١٤ (٢٦ی قوربانی ٩١٩)دا پێی‌نایە جەغزی ژیان. کەوایە وەختایەک لە جێی باوکی بوو بە فەرمانڕەوا تەنیا دە ساڵ و سێ مانگی تەمەن بوو. قزڵباشەکان خێرایەکی ئەم بارودۆخەیان بە مەبەستی بەرپەرچدانەوە و هەڵگێڕانەوەی ئەو ڕەوتە قۆزتەوە کە خەریک بوو بەشی زیاتری دەدا بە ئێرانییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی وڵاتا. ئەوان جڵەوی دەوڵەتیان بە دەستەوە گرت و بۆ ماوەی دە ساڵان چنگیان هاویشتە سەر هێز و دەسەڵاتی شا. یەکێک لە سەرۆکانی قزڵباش بە ناوی دێوسوڵتانی ڕۆملوو، سەرۆک و سەرکردەی خێڵەکانی دیکەی بۆ کۆبوونەوەیەک بانگهێشتن کرد. لەم

کۆڕەدا دێوسوڵتانی ڕۆملوو وەسێتنامەی شای کۆچکردووی نیشـاندا کـە تێـیدا دێوسوڵتان کرابوویە سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و لەلەی شاتۆماسـب (تەهماسب)ی مێرمناڵ. بە مەبەستی نیشاندانی جێنشینایەتی مـیری، نازنـاوی کۆنی «ئەتابەیگ» کە ترکـانی سـەلجووقی و حوکمـڕانی تورکمـانی ئێـران لـە سەدەی پازدەی زایینیدا دەکاریان دەکرد، سەرلەنوێ زیندوو کرایەوە. زۆربـەی سەرۆکانی خێڵەکانی ڕۆملوو، تەکەلوو و زولقەدر بڕیاریان دا کە دێوسوڵتان بە ڕێبەر و ڕیشسپی خۆیان بزانن. دوو کەس لە میرانی مەزنی شـاملوو بـە نـاوی «دورمیشخان»ی حاکمی هیرات و «زەینەڵخـان»ی حوکمـڕانی ئەسـتەراباد کـە خۆیـان نـەهاتبوون، بەڵـێنی پشـتیوانی کردنیـان دا و سـایری سـەرۆکانی شاملووشیان بـۆ ئـەم کـار و هەڵوێسـتە دنـە دا. هێنـدێک لـە سـەرکردەکانی ئۆستاجلووش دایانە پـاڵ دێوسوڵـتان، بـەڵام زۆربـەی سـەرۆکانی خـێڵ بـە ڕێبەرایەتی «کۆپەکسوڵتانی ئۆستاجلوو»ی برای چایـانسوڵـتانی، سـەرۆکی سەرکردانی پێشوو، لـە جێنشـینی تـازەی مـیری هەڵـتەزینەوە و بـەرەنگاری وێستان. ئۆستاجلووەکان بـەوەی لـە پـێش بـوون کـە دەسـەڵاتـی تـەورێزی پایتەختیان بە دەستەوە بوو. هێندێک لە لایەنگرانی کۆپەکسوڵتان هانیان دا کە خۆ بداتە شەڕی جێنشینیمیری، بەڵام ئەو داوای لێبووردنی کرد و گوتی: حەیفە لەبەر دەسەڵاتی کاتیی دنیـا خـوێن و کوشـت و کوشـتار بکەوێتـە نێـوان دوو لەشکری زۆروزەوەندی ئـازا کـە فەرمانبـەرداری دەرگانەیـەکی خۆشەویسـتی حەزرەتی شا بن.»[٢]

بەڵام بریکـاری پادشـا (جێنشـینیمـیر = نایـبالسـلطنە) نـەک تـەنیا هـەر سەرکردەیەکی لێوەشاوە، بەڵکوو سیاسەتوانێکی زیرەکیش بوو کە بـە تـەواوی بەرسینگەی لە میری ئۆستاجلوو بڕییـەوە. لـە پـاییزی ١٥٢٥ (٩٣١)دا بریکـاری پادشا بەرەو تەورێز بزووت و پەیامێکی ئەوتۆی ڕاسپاردە لای ئۆسـتاجلووەکان کە شای خودالێخۆشبوو سەرپەرستێتی تەهماسبی لاوی داوەتە دەسـتی وی کـە دێوسوڵـتانە و یەکێکـە لـە سـۆفییە کۆنـەکانی خانـەدانی سـەفەوییە و سەرکردەکانیشی دیکەش لە بەرامبەر شای نەمردا سوێندیان خـواردووە کـە بـە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو (دێوسوڵتان) هیچ کارێک ڕانەپەڕێنن؛ کەوایـە لەسـەر هەموویان فەرزە کە ڕێز بۆ خواستی شـاسمایل دابنـێن. دێوسوڵـتان داوای لـە

سەرۆکی ئۆستاجلوو کرد کە لە تەورێز بێتە دیداری و جەختی کردەوە ئەگەر وا نەکا شەڕی نێوخۆیی هەڵدەگیرسێ و دوژمنانی ئێران ئەو هەل و دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێ کە چەندین ساڵە لێی خەفتاون. سەرۆکانی ئۆستاجلوو کە لە ناوزڕانی خۆیان تۆقیبوون، بانگهێشتنەکەیان قبووڵ کرد و ڕەزامەندییان دەربڕی کە بچنە دیداری بریکاری پادشا. دێوسوڵتان هەر لەڕێوە دوو کەس لە سەرۆکانی ئۆستاجلوو و قاجاری کوشت کە تاوانی ئاژاوەگێڕی نێوان خۆی و ئۆستاجلووەکانی خستبوونە ئەستۆی و هاوپەیمانییەکی سێ قۆڵی لە مابەینی خۆی و چووهاسوڵتانی تەکەلوو و کۆپەکسوڵتانی ئۆستاجلوودا بەدیهێنا. کۆپەکسوڵتان نە تەنیا هیوای خۆی بۆ حوکمڕانێتی هاوبەش لەگەڵ دێوسوڵتانی لە وڵاتا لێبوو بە بڵقی سەر ئاو، بەڵکوو بە زوویی دەرکەوت کە دەوری وی وەک دەوری «لێپیدووس» وایە لە هاوپەیمانێتی سێ قۆڵی و بەناوبانگی «ئۆکتاویووس»، «مارک ئانتۆنی» و «لێپیدووس» لە ساڵی ٣٤٠ی بەر لە زایینیدا.* ئەگەر چووهاسوڵتان مۆری خۆی لە ژێر ڕێککەوتننامەیەک دابا، ئەمە بە مانای ڕەزامەندی کۆپەکسوڵتانیش بوو. لەوەش خراپتر ئەمە بوو کە دێوسوڵتان و چووهاسوڵتان هەمیشە هەوڵیان دەدا کە بە بڵاوکردنی سەرۆکانی ئۆستاجلوو لە نێو زەویوزارە «پاوانەدەرەبەگی»یەکانیاندا ئەگەری هەر چەشنە نارەزامەندییەکی بەرچاو لەلایەن ئەوانەوە بڕەوێنن. کۆپەکسوڵتان کە تێگەیشت جێگە و پێگەی لەبەر ئەم کاکەوبرالەیە بەرگری لێناکرێ، گەڕایەوە «تیوول» (پاوانەدەرەبەگی) خۆی لە نەخجەوان و ئێرەوان. قسەیەکی دیکە پێی وایە کە دێوسوڵتان بە مەبەستی پەلاماردانی گورجستان گاڵی دابوو. هەر چۆنێک بێ نەمانی کۆپەکسوڵتان لە سەر شانۆ جا چ بە دڵخواز بووبێ و چ بە زۆری، هەلی بۆ دوو ڕەقیبی هاوپەیمانی ڕەخساند هەتا ئەو زەویوزارانەی پاوانی[٣] خێڵی ئۆستاجلوو بوو، دەستیان بە سەردا بگرن.

ئەم کارە خودبەسەرانەی جێنشینیمیر و چووهاسوڵتان هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆی نیزیکتر کردەوە. لە بەهاری ١٥٢٦(٩٣٢)دا، تەنیا ٢٥ ساڵ دوای تاج نانە سەری شاسمایل لە تەورێز، لایەنە ڕقەبەرەکان لە نیزیک سوڵتانییەی ئازەربایجان پێکداهاتن و تێکهەڵچوون و ئۆستاجلووەکان ناچار کران هەڵێن و پەنا بەرنە نێو لێرەوارەکانی گیلان. ساڵی دواتر کۆپەکسوڵتان گەڕایەوە،

ئەردەوێڵی گرت و بادنجانسوڵتانی ڕۆملووی پیری فەرمانـداری وێـی كوشـت و بەرەو تەورێز ئاژاوتی. لەو شەڕەدا كە كەوچكی تێنەدەگەڕا و لە نێوان ئەو و دوو هاوپەیمانەكەی پێشوویدا لە نیزیک «شەروور»[٤] قەوما، كۆپەكسوڵتان شـكا و كوژرا و ئەو چەكدارانەی ئۆستاجلو كە گیانیان دەربـاز كردبـوو، ڕایـانكردەوە لێرەوار.

شەڕی نێوخۆ وڵاتی زۆر خەساربار كـرد؛ هــەروەک ڕووداونامەیــەک دەڵــێ: «كۆمەڵ ترازابوو لەسەر تەوەرە و بستەی خۆی و سەرلێشێواوی وڵاتـی دابــەش كردبــوو.»[٥] زۆربــەی ســەرۆكانی قزڵباشـی دانیشـتووی خوراسـان لــە شــەڕ وەردرابــوون و ئۆزبــەكان كــە هەمیشــە چـاوەڕوانی هــەلێک بــوون لــە قۆڵــی سنوورەكانی باكووری ڕۆژهەڵاتی، تووس و ئەستەرابادیان داگیر كرد و بێهــیچ لەمپەر و بەرگرێک كەوتنە بازوبرد لــە بــەشــەكانی دیكــەی خوراسـانا. بــەڵام ڕووداوی ناخۆشتر بەڕێوە بوون. چووهاسوڵتان وای لە تەهماسـب گەیانـد كــە دێوسوڵتانی بریكاریمیر، ئاگری ناكۆكی نێوان قزڵباشەكانی هەڵگراندووە و وا باشە لە بەڵای وی قوتـار بـن. لــە ٥ی ژووئیــەی ١٥٢٧ (٥ی شەشــەكانی ٩٣٣)دا وەختایەک جێنشینیمیر پێینایە سەرسەرای حكوومەت، شای تـازەلاو تیرێكـی تێهەڵكرد و سەرەڕای بێهێزی تەهماسب، لە سینگی هەڵــچەقی و بــە ئامـاژەی شا، نیگابانان فزەیان لێبڕی. بەمجۆرە چووهاسوڵـتان بـوو بــە فەرمانــڕەوای ڕاستەقینەی وڵات. جڵەوی كاروباران تەواو لە دەستی ویدا بـوو و تۆماسـب لــە پادشایەتی تەنیا ناوێكی هەبوو. لە پێشدا پێگەی چووهاسوڵتان دەتگـوت قــەت تووشی خەسارباری نابێ. ئەو بە دنەدانی هێندێک لە سەرۆكانی ڕوووەرگێڕاوی ئۆستاجلوو، دووبارە هێنانییەوە مەیدان و وەفاداری ئەوانی ســەبارەت بــە شـا بووژاندەوە و بەم چەشنە سەركەوتنێكی سیاسی وەچنگ هێنـا. ئــەم تاقمــە لــە قەزوێن چوونە خزمەت شا و هــەركام پلــە و زەویوزارێكـی شـایانی وەرگـرت. چووهاسوڵتان كە تەنیا كەسی پاشماوەی هاوپەیمانێتی سێ قۆڵی بوو، زۆربەی مووچە و مەزراكانی ناوچە و مەڵبەندەكانی بە سەر ئەندامانی خێڵی خۆی، واتە تەكەلووەكانا دابەشی.

شاری هیرات لە سـنووری بـاكووری ڕۆژهــەڵاتـی چەنـد مانگێـک بـوو كـە ئۆزبەكان بە سەركردایەتی عوبەیدوڵــلاخان گەمارۆیان دابوو. لە هــاوینی ١٥٢٨

(٩٣٤)دا کە بە ڕواڵەت شەڕی نێوخۆ بنەی براببوو، شاتۆماسب بە مەبەستی ڕزگار کردن و شکاندنی ئالقەی تۆزبەکان بزووت. سپای سەفەوییەکان لە نیزیک «جام» لەگەڵ هێزی ئۆزبەکان کە بە ژمارە زۆر زیاتر بوون تێکهەڵچوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتێک، هێندێک لە سەرکردەکانی قزڵباش بۆ وێنە چووهاسوڵتان کە فەرماندەی باڵی ڕاست بوو، بە دیتنی سپای زۆروزەوەندی ئۆزبەک وا تۆقین کە بازرە بوون. سەرچاوەیەکی دیکە پێی وایە کە چووهاسوڵتان لە مەیدان چەقی، بەڵام پاشان زراوی چوو. بەپێی ڕاپۆرتی دووەم تەکەلووەکانی قۆڵی ڕاستی سەفەوییە لەبەر هەڵمەتی «جانیبەگسوڵتان»ی سەرکردەی ئۆزبەکان خۆیان نەگرت و ڕەوین و دوابەدوای وی هۆردووی باڵی چەپی سەفەوییش ڕایکرد. تەهماسب بە تەنیایی لە نێرینەی سپادا ئازایانە خۆی ڕاگرت و بەم چەشنە بۆ دووەمین جار نیشانی دا ئەوەندەش کە هێندێک لە سەرۆکانی قزڵباش لایان وابوو، بێبڕشت و تووک نەرم نیە. شا فەرمانی دا بە جەرگەی سپای سەفەوییە کە بریتی بوون لە شاملووەکان و زولقەدرەکان ڕانەوەستن و بە گژ دوژمندا بچنەوە و لەو کێشمەکێشمەدا، عوبەیدوڵلاخانی سەرکردەی ئۆزبەکان وەبەرهات و برینی لێنیشت و پیاوەکانی سەریان لێشێوا و بە هەڕەمە مەیدانیان چۆڵ کرد. لەم گرمە و هەرایەدا جانیبەگسوڵتان کە قۆڵی ڕاستی سپای هاڕیبوو و سەرقاڵی بازوبرد بوو لە پشت لەشکری سەفەوییە، ئالای شاتەهماسبی لەگەڵ ئالای عوبەیدوڵلاخان لێتێکچوو و هاتە پێش. تەهماسب تەمای گرت لەڕێوە هەڵکاتە سەری، بەڵام چووهاسوڵتان بە شێوەیەکی قێزەون چۆکی دادا و داوای کرد جارێ چاوەڕوانی ئەو قزڵباشان بوێستن کە لە مەیدان ڕەویبوون.

ئەگەرچی بێگومان شاتەهماسب بێزی لەو ئاکارەی چووهاسوڵتان هەستابوو، بەڵام وادیارە هێشتا هێندەی خۆی بەدەسەڵات نەدەدی کە دژی هاوپەیمانێتی سێ قۆڵی وەخۆ کەوێ، چونکە چووهاسوڵتان پاش ئەم ڕووداوەش هەروا بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی لە ژێر دەسەڵاتیدا بوو. بارودۆخی هیرات هەروا قەیراناوی مایەوە، چونکە هەر کە لەشکری شا لە خوراسان کشایەوە، ئۆزبەکان دەورەی شاریان دایەوە. حوسێنخانی شاملووی حاکمی هیرات کە لە شەڕی جامدا دروست بە پێچەوانەی ئاکاری چووهاسوڵتان جووڵابوویەوە، بە سەختی بەرەورووی کەمبوونی ئازۆخە و پێداویستی بۆوە،

هەتا وای لێهات كە لەبەر نەگەیشتنی یارمەتی لە تەورێزەوە بەناچار لەگەڵ عوبەیدوڵلاخان كەوتە گفتگوگۆ. چووهاسوڵتان تەنیا لەبەر بوغزاندنی حوسێنخان ناردنی هێزی پشتیوانی بۆ هەرات وەدوا دەدا. ئاخرییەكەی حوسێنخان بەناچاری شاری بە دەستەوە دا، بەڵام مەرجەكانی خۆ بە دەستەوەدان زۆر دڵاوایانە بوو: خۆی، سامميرزای برای شا كە ئەو سەرپەرستی بوو، سەربازخانەی قزڵباش و ژمارەیەك لە شیعەكانی هەرات ئیزن دران كە بێئەوەی كەس دەستیان بۆ بەرێ شار بەجێبێڵن. ئەوان بە ڕێی سیستاندا چوونە شیراز و لەوێ حوسێنخان فەرمانێكی لە شا پێگەیشت كە بچێتە دەربار. میری شاملوو كە دەترسا گیرۆدەی داوی چووهاسوڵتان بێ، هێندێكی خۆ خافلاند، بەڵام سەرەنجام پاش وەرگرتنی نامەی بەخشران گەیشتە هۆردووی پادشایەتی لە نیزیك ئیسفەهان و شا زۆر ڕەزامەندانە ڕێی دا بچێتە خزمەتی.

ڕەزامەندی شا ئەوەندەی دیكەی قین و ناخۆشەویستی چووهاسوڵتان سەبارەت بە حوسێنخانی شاملوو زیاتر كرد و نەخشەیەكی كێشا كە لە میوانییەكدا حوسێنخان بكووژێ. حوسێنخان بەو پیلانەی زانی و تەمای گرت خۆی زەبری یەكەم بوەشێنێ، هەر بۆیە وێڕای تاقمێك لە پیاوانی شاملوو پەلاماری خێوەتی چووهاسوڵتانی دا. چووهاسوڵتان رایكرد و پەنای بردە سەراپەردەی شا و لەوێ بگرەوبەردەیەك ڕووی دا كە دوو تیریش وە تاجی شا كەوت. لەو كاتیدا ڕەنگە قسەكانی «شاردێن»ی گەوهەرفرۆشی پرۆتستانی فەرانسەوی، كە لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەدا گوترابوون، لەبەر چاوی شا بێمانایان نواندبێ: «حكوومەتی ئێران پادشایەتی و سەرەڕۆیانەی بێئەملا و ئەولایە و تەواوی دەسەڵاتەكان بە دەست كەسێكەوەن و ئەو چ بە باری كاروباری دینی و چ دنیاییدا سوڵتانی سەروویە و تەواو خاوەنی سەروبەری گیان و ماڵی جەماوەری ژێر دەستەیەتی. بێگومان هیچ سوڵتانێك لە جیهاندا بە قەدرایە شای ئێران خاوەن دەسەڵاتێكی هەوسارپساو نیە...»[٦] لەگەڵ تەواوی ئەمانەشدا تەهماسب بەزوویی دەریخست كە تەمای وایە بێ لە ناوی پادشایەتی، دەسەڵاتەكانیشی لە خۆ بگرێ. هەر بەهەڵكەوت نیگابانەكانی ئامادە لەوێ سەر بە خێڵی زولقەدر بوون و لایەنی شاملووەكانیان گرت و یەكێكیان برینێكی كوشندەی خستە جەستەی چووهاسوڵتان. تەكەلووەكان

لاشەی چووهاسوڵتانیان برد و بەهێزێکی پترەوە گەڕانەوە و بە سەر شاملووەکاندا سەرکەوتن و ٣٠٠ کەسیان لێگرتن و لەجێوە کوشتیانن. تەکەلووەکان هەروا بە سەربزێوی مانەوە و چەند ڕۆژ دواتر تووشی شەڕێک بوون لەگەڵ خێڵە قزڵباشەکانی دیکە لە نیزیک هەمەدان. یەکێک لە لایەنگرانی تەکەلووەکان هەڵەی کرد و ویستی شا بڕفێنێ و بیباتە هۆردووبەزی تەکەلووەکان. تەهماسب کە بەئاشکرا بنەی سەبری بڕابوو فەرمانی کوشتنی دا و بێبەزانە دەستووری قەڵتوبڕی خێڵی تەکەلووی دەرکرد. جەماوەرێکی زۆر لە دەوروبەری سەراپەردەی شا کوژران؛ ئەوەی مابوون ڕایانکردە بەغدا و حاکمی سەفەوی ئەو شارە کە خۆی تەکەلوو بوو بە مەبەستی سەلماندنی وەفاداری سەبارەت بە شا، تاقمێکی کوشت و سەرەکانی ناردنەوە بۆ فەرمانڕەوا؛ دەستەیەکیش سەرەنجام پەنایان بردە بەر عوسمانییەکان. مادە تاریخی ئەم ڕووداوە «فاجعه تکەلو»ە کە دەکاتە ٩٣٧ی کۆچی (١٥٣٠-٣١ی زایینی). ئەم مادە تاریخە بۆنەیەکی تایبەتی هەیە، چونکە لەوی بەولاوە خێڵی تەکەلوو تازە دەورێکی بەرچاوی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتا نەگێڕا.*

شاتەهماسب کە ئەودەمی شازدە حەڤدەساڵی پتر تەمەن نەبوو تەواو نیشانی دابوو کە ئیزن نادا قزڵباشەکان بۆ هەمیشە مافەکانی پادشایەتی وی داگیر بکەن یان کەسانێک کە بە واتایەک «مریدی» بوون بەئاشکرا لێی هەڵتەزنەوە. بەڵام حوسێنخانی شاملوو کە لە پلەی بەهێزترین سەرۆکی قزڵباش لە وڵاتا جێی چووهاسوڵتانی گرتبۆوە، پەندی لە تێداچوونی سەرکردەی پێش خۆی وەرنەگرت. حوسێنخان بە ڕەزامەندی سەرۆکانی قزڵباش و باڵادەستانی دەوڵەتی کە ماوەیەک دواتر پادشایان لە تەمای خۆیان ئاگادار کردەوە، گەیشتە دەسەڵات. پاش چوار ساڵ مەزنایەتی و دەسڕۆیشتوویی تەکەلووەکان، ماوەی سێ ساڵ باڵادەسبوونی شاملووەکان داهات. هەروەک چۆن چووهاسوڵتان بۆ ئەسپاردنی کار بە تەکەلووەکان ئەوانی وەپێش خەڵک دەدا، حوسێنخانیش بەرپرسایەتییە باڵاکانی ناوچەکانی تایبەت دەدا بە شاملووان. حوسێنخان هەڵەکانی چووهاسوڵتانی بۆ پەراوێزخستنی شا لە کاری حکوومەتا و بە کەم گرتنی دووپات کردەوە. ئەو بە کوشتنی خودبەسەرانەی ئەمیرجەعفەری ساوجی وەزیر[٧] لە ١٥٣٣(٩٣٩-٤٠)دا شای هەڵگراند و لە خۆی دڕدۆنگ کرد کە وا دیارە لە

ژێرەوە خەریکی پیلانگێڕانە و دەیهەوێ سەرنخوونی بکا و ساممیرزای بـرای لـە جێی دابنێ و خراپتر لەوەش تۆمەتی وەی درایە پاڵ کە ویستوویەتی ڕابکاتە لای عوسمانییەکان و یاریدەیان بدا کە دیسانیش پـەلاماری ئێرانیـان دابـوو. پـاش ماوەیەکی کورت تەهماسب دەستووری کوژرانی حوسێنخانی دا. لەبـەروەی کـە حوسێنخانی شاملوو ئامۆزای شـا و لەلـەی کـوڕەی هـەتیوی محەممـەدمیرزا (لە دایک بووی ١٥٣١ (٩٣٧-٨)) بوو، کوشتنەکەی شوێنێکی قووڵـی کـردە سـەر سەرۆکانی دیکەی قزڵباش. ئەم کارە دەریدەخست کە شـا نـە تـەنیا شـێلگیرانە لێبڕاوە تا کۆتایی بێنێ بە دەسەڵاتی قزڵباشەکان، بەڵکوو ژمارەیەکی پێویسـت و تەواوی باڵادەستانی وەفادار لە ژێر ڕکیفی دایە هەتا بـڕیارەکانی ڕاپـەڕێنێ و بیانخاتە گەڕ.

کوژرانی حوسێنخانی شاملوو نیشانەی کۆتایی هاتنی دە ساڵ حوکمـڕانێتی قزڵباشان لە ١٥٢٤ڕا تا ١٥٣٣ و گەڕانەوەی دەسەڵاتی شا بوو. دابـەزینی پێگـەی قزڵباشان بە شێوەیەکی سروشتی چەند ئاڵوگۆڕێکی بە سەر گرینگایەتی ڕێژەیی پایەبەرزانی دەوڵەتیدا بەدی هێنابوو. پلەی وەکیل (بریکار) کـە لـە دە ساڵـەی ئاخری حکوومەتی شاسمایلدا بە دەست مەزنانی ئێرانییەوە بـوو، ئەرکـەکانی لەگەڵ کارەکانی وەزیر تێکەڵ ببـوو، بـەلام بەشـێکی زۆری سـەنگ و بایـەخی پێشووی وەدەست هێنایەوە. لە ڕاستیدا دەسەڵاتی لەشـکری و سیاسـی وی بـە ئەندازەیەک بوو کە لە سەرچاوەکانا گەلێ جـاران لەگـەڵ فەرمانـدەی گشـتیی لێکتر ناناسرێنەوە و هەڵە دێتە گۆڕ. چونکە بڕشت و دەسەڵاتی ویـش هـەروەک چاوەڕوان دەکـرێ، لـە سـەردەمی حکوومـەتی سـەرکردەکانی لەشـکریدا زۆر پێهەڵاچوو بوو. لەو یەکێتی و هاوپەیمانییە سێ قۆڵییانەی کە لـەم سـەردەمەدا پێکهاتن، سەرناوی پلەی وەکیل و فەرماندەی گشتیی بێجیاوزای دەکار دەکران و وادیارە لە ڕوانگەی مێژوونووسانی هاوچەرخی ئەو چاخەوە هیچ جیاوازییـەکی روون لە مابەینی ئەم دووپلەیەدا لە دەورەی لاوازیی و کەمدەستیی قزڵباشەکاندا لە گۆڕیدا نەبووە. کاتێک کە شاتۆماسب توانی جڵەوی کاروبارەکـانی دەوڵـەت بە دەستەوە بگرێ، ئەم نازناوانە هەردک کەوتنە چـاڵاوی لـەبیران چوونـەوە. تازە هیچ شتێکمان سەبارەت بە ئەمیریئەمیران وەک پلەیەک لە بنکەی ناوەندی بەڕێوەبەرایەتیدا بەرگوێ ناکەوێ و وەختایـەک شـاعەبباس لـە ١٥٨٨ (٩٦٦)دا

ڕۆنیشتە سەر تەختی دەسەڵات دانانی پلەیەکی وەها لە تەرکێن باسی نەکراوە. نازناوی وەکیلیش چاک کاڵ بووە و لە ڕووکاری ئاوێنەی ڕۆژگار شۆرایەوە. دابەزینی دەوری پیاوانی شمشێر لە بەڕێوەبەرایەتی وڵاتا بەناچار بوو بە هۆی پێهەڵچوونی بەرچاوی دەسەڵاتی سەرۆکی دیوانسالاری کە وەزیر بێ. قۆرچیباشی[٨] کە پلەدارێکی لەشکری و لە پێشوودا دەکەوتە ژێر فەرمانی مەزنی سەرکردان (امیرالامرا) بوو بە پایەبەرزێکی لەشکریی وڵات و هەتا وەختایەکی کە چەکدارانی سەرسوور هەمووی یان بەشی هەرە زۆری قۆشەنی سەفەوییەیان پێکدێنا، ئەم پلەیەی هەر پێبوو.

شەڕی نێوخۆی ئێران، وڵاتی زۆر کز و لاواز کردبوو. ئەم باروهەوایە هەلێکی چاوەڕواننەکراوی بۆ دوو لە پێداگرترین دوژمنانی سەفەوییە، واتە ترکانی عوسمانی لە ڕۆژاوا و ئۆزبەکان لە ڕۆژهەڵات ڕەخساند هەتا چەند جارێک پەلاماری جەرگەی خاکی سەفەوییە بدەن. پێشتر ئاماژەمان بە هرووژمەکانی ئۆزبەکان لە ڕۆژهەڵات و گیرانی هیرات کرد. لە مابەینی ساڵانی ١٥٢٤ و ١٥٣٨دا، ئۆزبەکان بە سەرکردایەتی ڕێبەری ئازا و دەسکەرەوەیان عوبەیدوڵلاخان، پێنج جار بە شێوەیەکی بەربڵاو پەلاماری خوراسانیان دا. هەڵبەت ئەمە بێجگە لەو زەبر و گورزانە بوو کە ساڵانە بە درێژایی سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی دەیانوەشاند. مەترسیدارتر لەمانە چوار هێرشی گەورەی عوسمانییەکان بوو بۆ سەر ئێران لە نێوان ساڵانی ١٥٣٣ و ١٥٥٣ (٩٣٩-٤٠ و ٩٦٠)دا بە سەرکردایەتی سوڵتان سولەیمانی گەورە کە ئەو سەردەمی لە پەرپەرۆچکەی هێز و دەسەڵاتی خۆیاندا بوون؛ ئەو سوڵتانەی کە عوسمانی پێیاندەگوت «سولەیمانی قانوونی» و ڕۆژاوایی بە ناوی «سولەیمانی شکۆمەند»* باسی دەکەن. خاڵی جێی سەرنج ئەوە نیە کە لەم هێرشانەدا سەفەوی زەمینێکی زۆریان لە دەست دا، بەڵکوو ئەمەیە کە بە تەواوی تێکنەشکان. شاتەهماسب کە سەرقاڵی بەربەرەکانی لەگەڵ ناکۆکی، نەبوونی وەفاداری و خەیانەت بوو لە پلەکانی سەرروودا، هەم لە لایەن سەرۆکانی قزڵباش و هەم لە باڵی براکانی خۆیەوەڕا، توانی دەوڵەتی سەفەوییە بۆ ماوەی نیوسەدە بە یەکپارچەیی ڕابگرێ. ئەم کارە ڕەنگە نیشانەی یەکێک لەم دوو خاڵە - یان ڕەنگە بەشێک لە هەردکیان - بێ: یان چوارچێوەی ئەو دامودەزگایەی سەرەتاکانی دەوڵەتی سەفەوییە کە شاسمایل دایمەزراند و

ئیدئۆلۆژی بەرەو گەشەی، هێزی تەواویان لە بەردا بوو هەتا سەرەڕای هەموو پێشهات و ڕووداوێک وڵات لە دەس تۆفان و گژەبا ڕزگار بکەن؛ یان خودی تەهماسب خاوەنی چەند تایبەتمەندییەک بوو کە هیچکام لە سەرچاوەکانی ڕۆژاوایی یان ڕۆژهەڵاتی ئاماژەیەکیان پێنەکردووە.

شاتۆماسب ماوەی پەنجا و دووساڵ و پتر لە هەر پادشایەکی تری سەفەوی فەرمانڕەوایەتی کرد. وادیارە خدە و ئاکار و تایبەتمەندییەکانی وی شوێنێکی کەم و دڵنەخوازی کردۆتە سەر چاوەدێرانی ڕۆژاوایی. ئەو وەک کەسێکی چنۆک باسی کراوە و دەڵێن ئەوەندە بەرچاوتەنگ بووە کە جلوبەرگە کۆنەکانی بۆ فرۆشتنەوە دەناردە بازاڕ. ئەویان وەک کابرایەکی وشکەسۆفی و پیاوچاکێکی ماخولیا نیشان داوە کە لە نێوان کێشانی تاڵی و سوێری پاکژکردنەوەی ڕووح و زێدەڕەوی بەربڵاودا سەروخواری دەکرد و دەیتوانی دەس بەرێ بۆ کردەوەی توندوتیژی یەکجار زۆر. دەڵێن تەواوی تەمەنی تەنیا «هەر خەریکی ڕابواردن و دەستەملانی بووە» و هەرگیز لە حەرەمخانەی دەرنەکەوتووە و «هەمیشە لەوێ کات و تەمەنی خۆی داوەتە دۆڕاندنی نەردێنی ئەوین لەگەڵ گراوییەکانی و گرتنەوەی فاڵ بۆ پێشبینی داهاتوو.»[٩] هیچ شتێکی لە بواری هونەر و کاری ورد و باریک یان فەند و فێڵ و ڕێوشوێنی شەڕ یان ئاشتی نەدراوەتە پاڵ.

ئەم دیمەن و ڕوخسارە بەئاشکرا لێڵ و تەنانەت ڕووشێندراوە. یەکەم ئەوەی کە شاتەهماسب هەر عەیبێکی کە بووبێتی ترسەنۆک و بێتاقەت نەبووە. شەڕی جام لە ١٥٢٨دا و بەڕواڵەت تەواو بەزین لە ئاست ئۆزبەکان، ئازایەتی و هێزی سەرکردایەتی شاتەهماسب هەڵیگێڕایەوە بە سەرکەوتن. نەترسانی لە کوشتنی دێوسوڵتانی بریکاریمیر لە ١٥٢٧ و فەرماندەی گشتیی حوسێنخانی شاملوو لە ١٥٣٣دا و دەرکردنی فەرمانی قەڵاچۆی تەکەلووەکانی سەربزێو لە ١٥٣٠ (٩٣٧)دا بە شێوەیەکی بەرچاو خۆی نواند. ئەو وەک سەرکردەیەکی لەشکری ڕەنگە شانی لە شانی سمایلی باوکی یان عەبباسی نەوەی نەدابێ. لە لایەکی دیکەوە تین و تاو و توانستی سمایل کە بوو بە هۆی سەرکەوتنی پرشنگداری بە سەر ئۆزبەکاندا، لە چاو بەربەرەکانی لەگەڵ عوسمانییەکان کە پێویستیی بە پشوودرێژی و لەسەرەخۆیی و داوەری کردنی دروست و هەبوون و زانینی ڕێوشوێنی باڵاتری شەڕ و تێکهەڵچوون بوو، سەرێشە نەبێ، هیچی بە دواوە

نەبوو. نوقسانییەکانی سەرکردایەتی سمایل لە شەڕی چالّدێراندا دەرکەوت و پاش ئەو بەزینە، سمایل خۆی لە خێوەتی کێشا و هەروەک «ئاشیل»* ڕووی وەگێڕا و تۆرا. پسپۆڕیی و لێزانینەکانی لەشکریی شاتەهماسب خاوەنی نێوەرۆکی بەربەرەکانی و بەرپەرچدانەوە بوون، بەڵام ئەویش غەیری بەرەنگاربوونەوە هیچ ڕێگایەکی دیکەی نەبوو. بۆ وێنە لە ١٥٣٣ (٩٣٩-٤٠)دا تەهماسب توانی ٧٠٠٠ کەس بە مەبەستی بەرەنگار بوونەوەی هێزی ٩٠٠٠٠ کەسی عوسمانییەکان بە سەرکردایەتی برایم پاشای مەزنەوەزیر کۆ بکاتەوە کە تەنانەت وەفادارىي زۆرێک لەو ٧٠٠٠ کەسەش جێی گومان بوو. توانایی مانەوە لە بەرامبەر ناهاوسەنگی ئاوادا دەریدەخا و دەیگەیەنێ کە تەهماسب مامۆستای فێڵ و فەندی پارێز و پارێزگارانە بوو. بۆ تێدابردنی سەرچاوەکان هەتا ئەو جێیەی بووزی دەخوارد هەنگاوی دەنا. ناوچە سنوورییەکانی ئازەربایجان کە دەبوو سپای پەلاماردەری عوسمانی پێیدا تێپەڕێ، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک وێران دەکرا. وەختایەک کە هێزەکانی عوسمانی دەگەیشتنە کەوشەنی ئێران دەکەوتنە بنەبانی هێڵ و ڕێبانە دوورودرێژەکانی پێکەوە بەسترانەوەیان و گەیاندنی پێداویستی بە دەس هێزەکانیان دەبوو بە گرێ و کۆسپێکی گەورە و هەتا زیاتر بە خاکی ئازەربایجانا ڕۆدەچوون، پتر دەکەوتنە تەنگەژەوە. لەشکرچییەکان زیاتر بەرەوڕووی کەم بوونی ئازۆخە دەبوونەوە و یەکسمەکانیان لەبەر نەبوونی ئالیک و تفاق بە لادا دەهاتن و دەتۆپین. کاتێک کە عوسمانییەکان ناچار دەبوون بکشێنەوە ناوچەکانی کێوپارەی ئازەربایجان و کوردستان، کوردان و ئەو خێلانەی کە تەنیا بە تالانی کاروانان و ڕووت کردنی موسافیران بەڕێدەچوون وەزاڵەیان دێنان؛ زستانی سەختی ئەم ناوچانەش چزووی لێدادەگرتن و تاقمێکی لێ ڕەق هەڵدێنان. تەهماسب دەیزانی کە بەزینێکی دیکەی هاوتای چالّدێران بە مانای کۆتایی تەمەنی دەوڵەتی سەفەوییەیە، بۆیە هێزی بچووکی وا بەپارێزەوە هەڵدەسووڕاند کە بتوانێ ئاگادار و چاوەدێری خەزێنەکانی بێ. چاکی پەند لە شەڕی چالّدێران وەرگرتبوو هەر بۆیە قەت ئەو هێزە زۆر کەمەی تووشی تێکهەڵچوون و بەرەنگار بوونەوەی بەگەرمە لەگەڵ عوسمانییەکان نەدەکرد. بەو حاڵەش چەند ساڵ دوای چوونە سەردەسەلات، چەند ئاماژەیەک سەبارەت بە بوونی تۆپچی و تفەنگداران لە

سپای سەفەی‌دا بەدی دەکرێ. دەس بردن بۆ تۆپ و کارپێکرانی هەروا لە بازنـەی چالاکی گەمارۆیاندا مایەوە. سەرچاوەکان تەنیا جارێـک وەک شـتێکی تایبـەت کەلک وەرگرتنی تەهماسبیان لە تۆپ لە مەیدانی شەڕا تۆمار کردووە و ئـەویش شەڕی «جام»ە کە دیارە لەبـەر نـەجووڵانـەوە و لەنگـەر گرتنیـان لـە ئاسـت هێزەکانی سووکەڵەی سوارە و بزێودا کە بەرەی هێرشی خۆیان دەگۆڕی، چییان بۆ نەکرا. بەڵام با ئەوەش بزانین کە لەو شـەڕەدا تۆپـەکانیان، تـۆپی قورسـی سەحرایی نەبوون، بەڵـکوو چەنـد تـۆپێکی سـووک بـوون (ڕەنگـە چەشـنێک خومپارەهاوێژ) کە لەسەر عارەبانە دابەسترابوون. وەختایەک لەو شەڕەدا تۆپ نەیتوانی کارساز بێ، سـەفەوییە ئەوەنـدەی دیکـەش لێـی بێـزران. لـە ١٥٣٩ (٩٤٥-٦)دا بۆ یەکەم جار ناوی پلەدارێکی لەشکریی تازە بە نـاوی تـۆپچی‌باشـی یان فەرماندەی گشتیی تۆپخانە بەرگوێ دەکەوێ. سـەبارەت بـە تفـەنگ دەبـێ بڵێین کە هەتا بەر لە مردنی شاسمایل ئەو پەل و دەستانەی کـە شـەمخاڵ یـان تفەنگی دیکەیان دەکار دەکرد بەشێک لە سپای سەفەوییان پێکدێنا و پاش ئەوەی تەهماسب گەیشـتە سـەر تـەختی دەسـەڵات زۆر جـاران ئاماژەیـان پێـدەکرێ. بارامیرزای برای تەهماسب هەتا زەمانی جوانەمـەرگ بـوونی لـە تەمـەنی ٣٢ساڵی لە ١٥٤٩ (٩٥٥-٦)دا، تەواو پشتیوانی لە شـا دەکـرد. ئـەو فەرماندەیـەکی نەترس و جاری وایە بێباک و لە زۆر بارانەوە وەک باوکی خۆی دەچـوو. بـەڵام دوو براکەی دیکەی تەهماسب بە ناوەکانی سام‌میرزا و ئـەلقاس‌مـیرزا تۆمـاتی خەیانەتیان درابوویە پاڵ. سام‌میرزا وەختایەک حوکمڕانی خوراسـان بـوو دژی شا ڕاپەڕی و لەگەڵ عوسمانییەکان کەوتە پیلانگێڕان؛ ئەلقاس‌مـیرزاش کاتێـک حاکمی شیروان بوو سەری هەڵدا و شانی دایە شانی عوسمانییـەکـان. لـە ١٥٤٨ (٩٥٤-٥)دا سوڵتان سولەیمان، ئەلقاس‌میرزای بە لەشکرێکەوە بەرەو ئێران گاڵ دا کـە تەهماسـب‌مـیرزا سـەرنخوون بکـا. خەیانـەتی ئـەو دوو برایـە دەرد و پەژارەیەکی قورس و گرانی نایە سەر دڵی شا.

ئەمەی کە شاتەهماسب کابرایەکی دەمارگرژی مەزهەبی بوو حاشاهەڵنەگرە. ڕووداوێکی مەنشوور کە ساڵی ١٥٦٢ (٩٦٩-٧٠) لـە کـاتی بـە خزمـەت گەیشـتنی «ئانتۆنی جێنکینسۆن»ی ئینگلیسی‌دا کە بە شوێن وەرگرتنی پشـک و سەرپشـکی بازرگانییەوە بوو، ڕووی دا، هەڵوێست و ڕێبازی شا لـە بەرامبـەر «کـافران»دا

بەگشتیی ڕوون دەکاتەوە (بڕواننە بەشی ٥). بێگومان شاتەهماسب خاوەنی تایبەتمەندیی کردارمەندانەی عەبباسی یەکەمی نەوەی نەبوو؛ چونکە کاتێک زانی و تێگەیشت کە سیاسەتی حاوانەوە و نەرمکێشانی ئایینی بە قازانجی کاروباری بازرگانییە، وەبەرچاوی گرت. لەچەری و نینۆکوشکی «تەهماسب»یش بە تەواوی بۆی لە گەردن دراوە. «ڕووداونامەی کارمێلییەکان لە ئێراندا»* دەڵێ:

«ئەو هەموو ڕۆژێک بو مشتومال و سپیکردنەوەی ڕووحی خۆی گەلێک لە باج و پیتاکان دەبەخشێ و لەسەر خەڵکیان هەڵدەگرێ. بەلام زۆربەی ئەمانە ناکەونە قۆناخی کارپێکران، چونکە دوای تێپەڕینی دووسێ ساڵ یەکجێ و بێسێودوو داوای هەموو بڕە دیاریکراوەکە دەکا، هەروەک زەمانێکی خۆم لەگەڵ دەربار بووم ئەو کارەی بە سەر جولفا هێنا. ئەم ناوچەیە تەواو ئەرمەنی نشینە و خەڵکەکەی بۆ ماوە هەشت ساڵان خەرج و پیتاکیان لەسەر هەڵگیرابوو، بەلام تەمای گرت تەواوی دواکەوتەی ڕابردوویان لەڕێوە لێبستێنێ و گوێ نەداتە کۆڵەواری و ماڵوێران بوونی ئەو مەسیحییە بێچارانە.»

تەهماسب جلە بیکەلکەکانی لەبری قەرزان دەدا و «هەرشتێکی بە دە قاتی نرخی خۆی حیساب دەکرد.» ئەو زۆر جاران زێڕ و جەواهێراتی دەفرۆشت و سەودای کالای دیکەی دەکرد و بە «وریایی چەرچییەکی گەڕۆک دەکەوتە کڕین و فرۆشتن.»[١٠] شا حەوتیەکی پیتاک لەسەر تەواوی کالاکانی بازرگانی دانا. سەرچاوەیەکی فارسی هاوچەرخی شا بیر و بۆچوونێکی ڕوون دەربارەی چاوچنۆکی وی دەخاتەڕوو:

«[شا تەهماسب] زۆر چنۆکانە خەریکی کۆکردنەوە و وەسەریەکنانی ماڵ و خەزێنە و سامان بوو. چونکە لە نێو پادشایانی ئێران و توورانەدا،[١١] پاش ڕووداوی چەنگیزخان، تەنانەت لەوەتی ئیسلام سەری هەڵداوە، هیچ پادشایەک لە هیچ دەور و ڕۆژگارێکدا ئەوەندەی هەوڵ نەداوە بۆ لەسەریەک هەڵدانەوەی نەغدینە و کالا و قوماش و کەلوپەل و قاپ و قاچاخی زێڕ و هەوروهالی زێو.»[١٢]

پێویستی شەڕ کردن لە دوو بەرەدا ئاڵقەیەکی بەرتەنگ و تەوژمێکی توندی لە دەورەی سەفەوییەکان هاڵاندبوو. ئەمە بەو مانایە بوو کە تەیار کردنی تەواوی توانای هێزی سەفەوییە لە ڕۆژاوا یان ڕۆژهەڵات بووزی نەدەخوارد و لە ڕاستیدا ژمارەی چەکدارانی سپای سەفەوییە هەمیشە لە دوو قۆشەنی عوسمانییەکان و ئۆزبەکان کەمتر بوو. بۆ نموونە لە شەڕی «جام»دا لە حاند ٨٠٠٠٠ کەس جەنگاوەری بەئەزموون و ڕێکوپێک و ٤٠٠٠٠ کەس چریکی چەکدار، تەهماسب ٢٤٠٠٠ کەسی بە دەستەوە بوو. پێشتر باسی هێزی بچووکی تەهماسب کراوە لە سەردەمی هرووژمی یەکەمی عوسمانییەکان، لە ١٥٣٤ (٩٤٠-٩٤١)دا. ئاگادار بوون لەوەی کە شا بەشی زۆری هێزەکانی بە مەبەستی بەربەرەکانی و بەرەنگاری لەگەڵ هەڕەشەی عوسمانی ڕاگواستۆتە ئازەربایجان، ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی هەتا ئۆزبەکان گوشاری خۆیان لە سنوورەکانی باکووریدا پتر پەرەپێبدەن و هەروەها زۆریش هەڵکەوت کە شاتەهماسب لەبەر هێرشی عوسمانییەکان لە ڕۆژاوارا نەیتوانی بکەوێتە چالاکی درێژخایەن دژی ئۆزبەکان. بۆ وێنە لە زستانی ١٥٣٣-٤ (٩٤٠)دا کاتێک تۆماسب تازە هیراتی پاش گەمارۆیەکی سەخت و تاقەتپرووکێنی هەژدە مانگە ڕزگار کردبوو - کە لەو ماوەیەدا پارێزەران و خەڵکی شار بەناچار خۆیان دابوویە خواردنی سەگ و پشیلە - خەریکی خۆ ئامادە کردنی باش بوو هەتا لەشکر بەرەو ئەوبەرڕووبار (ماوراءالنهر) دەنگ بدا، کەچی هەواڵیان بۆ هێنا کە هۆردووی سولتان سولەیمان پەلاماری ئازەربایجانی داوە؛ بۆیە تەهماسب ناچار بوو بگەڕێتەوە باڵی ڕۆژاوا. زنجیرە هەڵمەت و هێرشە بێپسانەوەکانی عوبەیدوڵلاخان لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا ڕۆژی مەرگی ئەم ڕێبەرەی ئۆزبەک لە ١٥٤٠ (٩٤٦-٧)دا کەم نەبۆوە.

عوسمانی لە هەوڵەکانیاندا بۆ گرتنی ئێران بەگەرمە لە لایەن سەرۆکانی هەڵگەڕاوەی قزڵباش لە سەفەوییە و ئەلقاسمیرزای برای غەیانی شا، یارمەتی دەدران. هاندەری یەکەمین هرووژمی سوڵتان سولەیمان بۆ سەر ئێران لە ١٥٣٤ (٩٤٠-٩٤١)دا کەتن و پیلانگێڕانەکانی ئۆلامەسوڵتانی تەکەلوو بوو کە وەک پەنانشین چووبووە ژێر داڵدەی عوسمانییان. وەختایەک کە لە نێو سێ ئەندامی پەیمانی سێقۆڵیدا چووهاسوڵتان بەکردەوە فەرمانڕەوای وڵات بوو، ئۆلامە سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئازەربایجان بوو. پاش وەرگەڕانی

تەخت و بەختی چووهاسوڵتان، ئۆلامە مەیلی لێبوو جێی بگرێتەوە و ببێتە بالاترین سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی وڵات. کاتێک حوسێن‌خانی شاملوو لە جێی چووهاسوڵتان داندرا، ئۆلامە بەڵێنی و پەیمانی وەفاداری خۆی سەبارەت بە خانەدانی سەفەوییە لە ئەستۆی داڕنی و پەنای بردە بەر عوسمانییەکان. ڕاستە کە لەبەر ئەو هەڵوێست و شێوازە توندوتیژەی کە لە ١٥٣٠-١ (٩٣٧)دا دژی خێڵی ڕاپەڕیوی تەکەلوو وەبەرچاو گیرا، تاقمێکی زۆر لە سەرکردەکانی تەکەلوو لە ترسی گیانیان هەڵاتن، بەڵام هیچ نیشانە و بەڵگەیەک لە گۆڕێدا نیە کە شا هەڕەشەی لەو کەسانەش کردبێ کە بەشداری سەرهەڵدانی کاتی مەرگی چووهاسوڵتان نەبوون. لێرەدا ئەو ڕاستییە کە بەرپرسانێکی وەک ئۆلامە بە کردەوە ئامادە بوون بچنە ژێر ڕکێفی عوسمانییەکان، دەریدەخا و نیشانی دەدا کە قزڵباشەکان قسەی دڵ و زاریان یەک نەماوە و سەرنەوی کردن بۆ مورشیدی باڵای خۆیان وەلاناوە. لە ١٥٣٣ (٩٣٩-٤٠)دا وەختایەک شا گەڵاڵەی پەلاماردانی ئەوبەرڕووبار (ماوراءالنهر)ی دادەڕشت، ئەمە ئۆلامە بوو کە سوڵتانی عوسمانی ئاگادار کردەوە و تێی‌گەیاند کە باکووری ڕۆژاوایی و ناوەندی ئێران بێ داشدار و بەرگر ماوەتەوە. سوڵتان سولەیمان هێزێکی ٨٠ - ٩٠ هەزار کەسی بە سەرکردایەتی برایم‌پاشای مەزنەوەزیری گاڵ دا و خۆشی لەگەڵ لەشکری سەرەکی کەوتە شوێنی. مەزنەوەزیر پەیوەندی کرد بە ئۆلامەوە و بە هێزێکەوە ناردی بەرەو ئەردەوێڵ.

شاتەهماسب لەوبەری ڕووبارەوە بەرەو ڕەی پاشەکشەی کرد و لە ڕێ‌پێوانێکی دووروودرێژدا ئەم مەودایەی بە بیستویەک ڕۆژان بڕی. بارودوخەکە تروووسکەی هیوای تێدا بەدی نەدەکرا. هێزەکانی سوڵتان سولەیمان و مەزنەوەزیر لێکیان دابوویەوە و سپای زەوەندی عوسمانی ئەو هێزە بچووکەی تەفروتونا کرد کە شا بۆ پاراستنی تەورێز ناردبووی. بۆ یەکەم ئیمانی تاقمێک سەبارەت بە وەجاخی سەفەوی شلکەی کرد. دەستەیەکی زیاتری لە بالادەستانی قزڵباش پەنایان برد و وەفاداری ئەو پۆلەش کە مانەوە کەوتە بەرگومان. لەم وەختە بارناسکەدا بەفرێکی قورس باری و دەشتی سوڵتانییەی داپۆشی کە عوسمانی هۆردووبەزیان لێکردبوو؛ گەلێک سەربازی ترک لە سەرمان ڕەق‌هەڵاتن. سوڵتان سولەیمان کە لەبەر نەبوونی ئازۆخە و تفاق لە

ئازەربایجان نەیدەتوانی بەو ڕێیەدا بگەڕێتەوە کە پێیا هـاتبوو، بـەناچار لـە کوردستانەوە پاشەکشەی کرد. شاتەهماسب کەوتە شوێن‌پێی ئۆلامـە و سـایری هەڵگەڕاوەکانی قزڵباش کە لە قەڵای «وان»دا پەنایان گرتبوو. بەڵام لەم بەینـەدا سوڵتان سولەیمان لەسەر بانگهێشتی سەربازگەی سەفەوی بەغدا کە پێکهـاتبوو لە چەکدارانی تەکەلوو، ئەوێی گرت. تەنیا سەرکردە و ٣٠٠ کـەس لـە پیـاوانی سەربازگە وەفادار مانەوە بە حکوومـەتی سـەفەوییە. لـەوی بـەولاوە بەغـدا و هەرێمی ئێراقی عەرەب کە لە سالـی ١٥٠٨دا بـە دەس شـاسمایل گیرابـوو، بـۆ ماوەیەکی کورت نەبێ لە مابەینی ١٦٢٣ و ١٦٣٨دا لە ژێر ڕکێفی عوسمانییەکان‌دا مایەوە.

دووەمین خولی هێرش و پـەلامارەکانی عوسمانییـان لـە سالـی داهـاتوورا دەستی پێکرد و سوڵتان سولەیمان لە بەغداوە سەرکردایەتی کرد. چەنـد شـەڕ و لێکدانێک لە ناوچەکانی نێوان کوردستان و بەرزاییەکانی ئەرمەنسـتانا ڕووی دا و سەفەوییەکان لە هەموویانا سەرکەوتن. ئۆلامەی هەڵگەڕاوە لـە سـەفەوییە سەرلەنوێ کەوتەوە هەڵسووڕان و تێکهەڵچوون لە بەرژەوەندی عوسمانییەکان. سێهەمین هرووژمی عوسمانی لە ١٥٤٨ (٩٥٤-٥)دا ڕووی دا و وەک هێرشی یەکـەم بە شێوەیەکی بەربـلاو بوو. سوڵتان‌سولەیمان لەگەڵ هۆردوویەکی گەورە کە لە ئاناتۆلی، سـووریا، میسـر، قـەرامان، دیـاری ڕەبیعـە و ئێراقـی عەرەبـەوە هاتبوون و تۆپخانەیەکی زل و ژمارەیەکی بەرچاوی سەربازانی «یـەنی‌چـەری» وێڕای بـوون، لـە ئیستانبووڵـەوە بـزووت. ئـەلقاس‌مـیرزای بـرای خـائینی «شاتەهماسب»یشی لەگەڵ بوو. ئەلقاس‌میرزا وەختایەک حوکمڕانی شیروان بوو دژی شا ڕاپەڕیبوو، بەخشرابوو، جـارێکی دیکـەش هەڵـگەڕابۆوە و لـە ترسـی توورەیی تەهماسب پەنای بردبووە بەر سوڵتانی عوسمانی. ئـەلقاس‌مـیرزا بـە سوڵتانی گوتبوو ئەگەر بێتوو بە سەرکردایەتی سپایەکی گەورە پێ بنێتە ئێران، خەڵک تێکڕا بۆ پشتیوانی لێکردنی ڕادەپەڕن.

تەهماسب کەوتە خۆ سازکردنی باو بـە مەبەسـتی بەرەنگاربوونـەوەی ئـەم پەلامارە. دەستووری دا کە تـەواوی ناوچـە و مەڵـبەندەکانی نێـوان تـەورێز و سنووری عوسمانی وا خاپوور بکرێن کە چێنکەی دەغڵ و دان و تەنانەت چڵە گیـا و لەوەڕێکیش بە پێوە نەمێنن. دانیشتوانی تەورێز زارکـی کارێزەکانیـان کـوێر

کردەوە، هەتا ئاوی خواردنەوە وەگیر نەکەوێ. کاری هاوشێوەش ئـەنجام دران تا دوژمن دەستی بە هیچ ئازۆقەیـەک ڕانـەگا. وەختایـەک سوڵـتانسـولەیمان گەیشتە سنووری ئێـران، ئۆلامـەی تەکـەلووی بـۆ گـەمارۆدانی وان گـاڵ دا و ئەلقاسمیرزای لەگەڵ ٤٠٠٠ کـەس بـەرەو «مەرەنـد» بـەڕێ کـرد. جـارێکی تـر عوسمانییەکان تەورێزیان گرتەوە، بـەڵام هێنـدەی پێنـەچوو کـە هێزەکانیـان گیرۆدەی کەمبوونی خوردوخۆراک و تفاق بوونـەوە. وەختایـەک کـە یەسـتر و بارگینەکانیان وەک مێش دەتولانەوە، دووبـارە سوڵـتانسـولەیمان فـەرمانی پاشەکشەی دا و لە هەر هەنگاوێکا کەوتـە بـەر پـەلاماری هێزەکـانی قزڵـباش. سوڵـتان چونکـە بـۆی ڕوون بـۆوە کـە قسـەکانی ئـەلقاسمـیرزا پووچـەڵ و بێنێوەرۆک بووە، زانی تازە پووڵێکی سووتاو ناهێنـێ، بۆیـە لەگـەڵ ئۆلامـە تاوی دان بۆ پێشەوە و هیوادار بوو کە بتوانن بەشێک لـەو هێـز و چەکدارانـەی کەوتوونە شوێنیان بە خۆیانەوە بیانخافڵێنن. ئەم هـەنگاوە ئامـانجی نـەپێکا. ئەلقاسمیرزا بەرەو قووڵایی ناوەندی ئێران کوتای و لە ڕێی «قوم»ەوە گەیشـتە کاشان. خەڵکی ئیسفەهان دەروازەکـانی شـاریان لـە ڕووی داخسـت و ئـەویش سەرنجی کەوتە سەر فارس لە لای داوێنی، بەڵام لە شیرازیش نەیانهێشـت پـێ بنێتە شار. ئـەلقاسمـیرزا پـاش هەوڵـێکی ناسـەرکەوتووانەی هاوشـێوە بـۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیتی خەڵکی خووزستان، بە ناهومێدییەوە گەڕایـەوە بەغدا. ئەو کە ئێستا تەنیا ببوو بە هۆی سەرئێشە بۆ عوسمانییەکان لـە بەغـدا دەرکرا و ڕایکردە کوردستان. لەوێ کەوتە دەست هێزەکانی سەفەوی و گرتیـان و بردیانە لای شا و ئەویش لەبەر ئاکاری خەیانەتبار و پڕشەرمەزارانەی بە سەری ڕۆیی و سەرکۆنەی کرد. لە گیانی خۆش بوو، بەڵام وێڕای برا خائینەکەی دیکەی شا، سامميرزا، لە قەڵای دوورەدەستی «قەهقەهە» زیندانی کرا.

پاش سەرکوتی ڕاپەڕینی ئەلقاسمیرزا، چـوارپێنج ساڵـێک ئاشـتی کەوتـە نێوان سەفەوییان و عوسمانییان. سەربزێوی بچووکی سـەرکردەکانی کـورد لـە سـەر سـنووران چاوپۆشـییان لێـدەکرا و شاتەهماسـب مـەیلی بـزووت بـۆ دەسپێکردنی وتوویژ بە مەبەستی سەقامگیر بوونی سوڵحێکی پتەو. بـەڵام بـەر لە بەرهەمدانەوەی ئـەم هـەنگاوە، بـە فیتـی ئەسکەندەرپاشـای حـاکمی وان و بزووتنەوەی حوکمڕانی ئەوسای ئەرزەڕۆم و پەلاماردانی «خـۆی» و «ئێـرەوان»

چوارەمین و ئــاخرین هرووژمــی عوسمانییــەکان بــۆ ســەر ئێــران لــە مــاوەی فەرمانڕەوایەتی سولتانسولەیمان‌دا قەوما. ئەمجارەیان گۆڕانێک بە سەر ڕەوتی باوی ڕووداوەکان‌دا هات. شاتەهماسب لەبری وەی دابنیشێ و چاوەڕوانی هــاتنی سپای عوسمانی بێ دەستی خۆی ڕەپێش دا. هەر ئەوەی کە دەیتوانی سپای خۆی بکاتە چواربەش و هەر یەکەی بینێرێتــە قولــێک، نیشــاندەری پێهــەڵاچــوونی بەرچاوی هێزی سپای سەفەوییە. ئەسکەندەرپاشا لە دەرەوەی ئەرزەڕۆم تووشی شکستێکی گــەورە بــۆوە و ٣٠٠٠ کەســی لــە دەســت دا. شــا چەنــدێک لــە قــەڵا گرینگەکانی سەرسنوورانی گرت. سەرەنجام وەختایەک کە سولتانسولەیمان لە هاوینی ١٥٣٣ (٩٣٩)دا گەیشتە نەخجەوان، زانی کە مانەوە لەو ناوچەیــە لەبــەر هەلوێست و سیاسەتی تێدابردنی سەرچاوەکان بە دەس سەفەوییە بووز ناخوا و بــەرەو ئــەرزەڕۆم کشــایەوە. لــە مــەودای پاشەکشــەدا، ســنانبــەگی دۆســتی خۆشەویست و بەردڵی سولتان بە سەر پەلێک چەکـداری گــەڕۆکی ســەفەوییەدا کەوت و بە دیل گیرا و ئەمە سولتانی پتر پاڵ پێوەنا بــۆ گفتوگــۆی گــەرموگــوڕ سەبارەت بە ئاشتی. ئاخرییەکەی لە ١٥٥٥ (٩٦٢)دا پەیمانی ئاشتی لە ئاماسـییە مۆر کرا و ئێران بە لانی برانەوەی پەلامارەکانی عوسمانی‌دا ئــۆخژنێکی زیــاتری لە دەروونی گــەڕا کــە زۆری نیــاز پێــی بــوو و ســی ساڵیشــی کێشــا. چونکــە دەرکەوتبوو کە تەورێز لە بەرامبەر پەلامارەکانی عوسمانی‌دا زۆر ناسـکە و زوو تووشی خەسار دەبێ، شا پایتەختی خۆی گواستەوە بۆ قەزوێن.

شاتەهماسب کە لە بارودۆخێکی تەواوێک ناهومێدانەوە دەستی پێکردبووە لە ماوەی سی ساڵی سەرەتای حکوومەتەکەی‌دا گەلێکی سەرکەوتن وەچنگ هێنــان. لە ماوەی دە ساڵ شەڕی نێوخۆی سەرۆکانی گەردنکەشی قزلــباش، ئــەو پلــەی خۆی پاراستبوو. شا بەو سەرچاوە کەم و ناچیزانــەی کــە کزەیــان لــە جــەرگی ئادەمی هەڵدەستاند و جێی بەزەیی بوون، لە بەرامبەر هێــرش و پــەلامارەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا بەربەرەکانی دەکرد. ئەو نە تەنیا خــۆی ڕاگــرت، بەڵــکوو وردەوردە بڕستی هێزە چەکدارەکانیشی پێهەڵابرد و بە یارمــەتی بــارامی تــەنیا بــرای وەفــاداری و سمــایلی کــوڕی لــە هەڵــمەت و چــالاکی ١٥٥٣ (٩٦٠)دا دژی عوسمانییەکان جغەی دەرکرد و هاتە سەر پێهەڵپڕژان. لــە ئاکــام‌دا وەختایــەک «بابیعالی» دەروازەی وتووێژەکانی خستە سەرپشت، دەیتــوانی هێنــدێک بــە

دەسەڵاتەوە بدوێ و بەندەکانی پەیمانی ئاماسییە بۆ ئێران نالەبار نەبوون. ئەگەر لە ١٥٣٤ (٩٤٠-٤١)دا تەهماسب بەناچار خۆی دابایە وتوویژی ئاشتی لەگەڵ عوسمانییەکان، بێگومان ناچار دەبوو بەشێکی هەراوی خاکی باکووری ڕۆژاوایی، بۆ نموونە تەورێزی پایتەختی بداتە ئەوان. بەڵام بەپێی پەیمانی ئاماسییە تەنیا ئاڵوگۆڕێکی بچووک لە درێژایی سنوورەکانی سەفەوی و عوسمانیدا ڕوویان دا و هەردک لا دایاننەواند و نەرمیان کێشا. گورجستان بۆ «ناوچەی دەسەڵات»ی قبووڵکراوی هەردوولا دابەشکرا و ئاشتی هەتا کۆتایی تەمەنی شاتەهماسب سەقامگیر بوو. پاش مردنی سولەیمان لە ١٥٦٦ (٩٧٤)دا، سوڵتانسەلیمی دووەمی کوڕی جێی گرتەوە و پاش ئەویش سوڵتانمراد گەیشتە سەر تەختی دەسەڵات کە لە ماوەی ژیانی تەهماسب و سمایلی دووەمدا «لەسەر ڕێبازی ڕاست و پتەوی تەساڵحە و دۆستایەتی دەڕۆیی.»[١٣]

لە مەودای ساڵانی ١٥٤٠ و ١٥٥٥دا، شاتەهماسب چوار جار پەلاماری قەفقازی دا. لەم هێرشانەدا گەلێک دیلی گورجی و چەرکەس و ئەرمەنی گیران و هێنرانە ئێران. هاتنی ئەو تاقمە تۆرەمە تازەیە ئاڵوگۆڕێکی قووڵی لە سرشتی کۆمەڵی سەفەویدا بەدیهێنا و زۆر شوێنی کردە سەر دامودەزگا و ڕێکخستنەکانی لەشکری و سیاسی وڵات. بەر لە هاتنی ئەم توخمە تازانە ڕقبەرقە و ملانەیەک لە نێوان «دوو ڕەگەزی دامەزرێنەر» واتە ئێرانییەکان و ترکاندا بۆ وەدەس هێنانی دەسەڵات و وەچنگ خستنی پلە باڵاکانی دەوڵەتی، لە گۆڕێدا بوو. لە ئاخروئۆخری حکوومەتی تەهماسبدا قزڵباشەکان زانیان کە هەلومەرجی باشیان وەک چینی هەڵبژاردەی لەشکری لە لایەن ئەندامانی تاقمە ڕەگەزییەکانی تازەوە کەوتە بەر هەڕەشە. بەتایبەت داوەرینی ژنانی گورجی و چرکەس بۆ نێو حەرەمخانەی پادشایەتی، کە لەبەر جوانی زۆر دەکەوتنە بەردڵان، بوو بە هۆی خێرایی و ئاژوانێکی تەواو تازە لە شێوەی ملانە و بەرەنگاری نێو خانەدانی فەرمانڕەوایەتیدا؛ چونکە ئەم ژنانە بۆ بردنە سەر دەسەڵاتی کوڕانی خۆیان تووشی کەتن و پیلانگێڕانی سیاسی بوونەوە.

بۆچی شاتەهماسب لەشکری کردە سەر قەفقاز و داخوا هێنان و تێوەردانی ئەم تۆرمە تازانەی قەفقازی لە کۆمەڵدا، سیاسەتێکی ئاگادارانەی بوو بە مەبەستی پارسەنگ ڕاگرتنی دەسەڵاتی قزڵباشەکان؟ وڵامی پرسیاری یەکەم

ئەمەیە کە ڕەنگە مەیلی تەهماسب بۆ ناردنی لەشکرییانی بۆ ناوچە و مەڵبەندەکانی هەر هەمان ویست و دڵخوازی باوک و باپیرانی، جونەید و حەیدەر و سمایل بووبێ، بە مەبەستی ئەزموون و دمەچێشتە کردنی چەکدارانی لە شەڕدا و هێنانی خەنیمەت. کلیساکانی گورجی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی زێڕ و جەواهێرات و شتومەکی جوان و گرانبایی بوون کە بەرەو خەزێنەکانی سەفەوییە سەرەولێژ دەبوون. لەبەر وەی کە بەشی زۆری دانیشتووانی ناوچەکانی قەفقاز مەسیحی بوون، پێویستی بە بزاوتن و ورووژاندنی قوربانییەکان نەدەکرد بۆ پەلاماردرانیان، بەڵکوو بیانووی لەباری جیهاد دژی کافران ڕیس‌وگوریسێکی چاکی دەخستە بەر دەست. ڕەنگە ئەو هرووژمانەی تەهماسب بەشێک لە هەڵوێست و سیاسەتێکی بەئانقەست بووبێ بە مەبەستی پاراستنی ورە و بڕشتی شەڕەکەرانەی قزڵباشەکان پاش ئەو برینە قووڵانەی کە لە چاڵدێران و شەڕی نێوخودا (١٥٢٥-١٥٣٣)وێیان کەوتبوو. لە ئاکامی ئەم لەشکرکێشییانەدا

«لە گورجستانی حەوتەوانە کە کافرانیان بە زەبری تیخی موجاهیدانی دینی پرشنگدار ملیان وەبەر نیری فەرمانبەرداری ناوە، حاکمەکانیان بوونە بەردەست و داندراوی ئەو بەرزەجێیە و باج و سەرانەی لادینی کەوتۆتە ئەستۆیان و خودبە و سکەیان بە ناوی مەشهوور و نازناوی بەرزی ئەو حەزرەتە ڕازاندۆتەوە.»[١٤]

وڵامی پرسیاری دووەم هێندە پتەو نیە. شاعەبباسی یەکەم کە لە ١٥٨٨ (٩٩٦)دا ڕۆنیشتە سەر تەختی دەسەڵات، بە پێکهێنانی ڕیزی غولامانی تایبەت بۆ خودی خاوەن شکۆی کە بەشێک بوون لە هێزەکانی دەزگای ئیداری و لەشکریی بەڕێوەبەری وڵات، بەرەسمی دانی بەم «هێزەی سێهەم»دا هێنا. غولامەکان وەختایەک دەگەیشتنە ئێران دەبوو مسوڵمان بووبان، ئەگەرچی ئەم گۆڕینی ئایینە بەتایبەت لە بابەت گورجییەکانەوە کەمتاکورتێک ڕواڵەتیی بوو. ئەوان پاشان دەکەوتنە ژێر مەشق و ڕاهێنانی تایبەت و دوای تەواو بوون، دەخزانە ڕیزی یەکێک لە لقە تازە دامەزراوەکانی غولامان یا لە دامودەزگای فەرمانڕەوایەتی یان لکێکی ئیدارە تایبەتەکاندا دایاندەنانە سەرکار. ئەمە ڕەوتێک بوو کە شاعەبباسی یەکەم دایهێنابوو. داخوا هیچکام لە ئامراز و

توخمەکانی لە سەردەمی تەهماسبدا بەدی دەکران؟ بە بڕوای من «بەڵێ» وەبەرچاو دەهاتن، بەڵام سەرچاوەکان روونی ناکەنەوە کە داخوا هاتنەدی ئەو ئاڵوگۆڕانە لە چوارچێوەی پێکهاتە و دامودەزگاکانی ڕەسمیی یان ڕایەڵوپۆی کر و ڕوخساری ڕێکخستنەکاندا بووە یان نەخێر. ئەگەر وابووبێ بە دڵنیاییی دەکرێ وا دابندرێ کە ئەم ئاڵوگۆڕانە ئاکامی وەبەرچاو گرتنی ڕێبازێکی ئاشکرا بووە لە لایەن تەهماسبەوە.

زۆربەی ئەم دیلانەی کە لە زەمانی پادشایەتی تەهماسبدا، لە قەفقازەوە هێنرانە ئێران، منداڵ یان ژن بوون. ئەم منداڵانە و پاشەوارەکانیان و زەوە زەوەی ئەم ژنانە بنەمای «هێزێکی سێهەم»یان پێکهێنا کە شاعەبباسی یەکەم ڕێکیخست. ژمارەی کەسانی نێو ئەم جەغزە بەرچاو بوو. بۆ نموونە لە پەلاماری ١٥٥٣-٤ی زایینی (٩٦١ی کۆچی)دا، ٣٠٠٠٠ ئەسیر هێنرانە ئێران. نابێ ئەم خاڵە فەرامۆش بکرێ کە هێندێک لە مەزنانی گورجی بە دڵخوازی خۆیان سەریان وەبەر پادشای سەفەوی هێنا. یەکێک لە پیاوانی پایەبەرزی خزمی خانەدانی فەرمانڕەوایەتی گورجستان کە وەک باڵوێز نێردرابوویە دەرباری سەفەوییە، بە خۆی و تەواوی خزمەتکاران و هاوڕکێفانییەوە سەری وەبەر سەفەوییە هێنا و سەرەنجام بوو بە حاکمی مەڵبەندی «شەککی» لە شیروان. لە ڕۆژگاری پادشایەتی محەممەدشا لە ١٥٨٥ (٩٣٢)دا مەزنوەجاخێکی گورجی لە پلەی لەلەیەتی یەکێک لە شازادەکانی سەفەویدا بەدی دەکەین. پلەی لەلەیەتی هەمیشە بە دەس قزڵباشانەوە بوو و زۆری پێوە وەڕەز بوون کە هەر بە خۆیان بێ و لە چنگیان دەرنەچێ. دانانی گورجییەک لەم پلەیەدا کە خاوەنی گرینگایەتییەکی ئاوا سیاسی بوو، نیشاندەری ئەمەیە کە ئاڵوگۆڕێکی گرینگی کۆمەڵایەتی بەر لە چوونە سەر دەسەڵاتی عەبباسی یەکەمەوە بەدی هاتبوو.

یەکێک لە مەشهوورترین ڕووداوەکانی ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی تۆماسب، دیداری «هومایوون» ئیمپراتۆری مەغوول و کوڕی بابۆر، بناغەدانەری ئیمپراتۆرێتی بابۆرییان بوو لە ئێران، لە ساڵی ١٥٢٦ (٩٣٢)دا.[15] کاتێک هومایوون گەیشتە دەسەڵات، ناچار بوو خۆ بداتە شەڕێکی توندوتیژ دژی برای پەیمانشکێنی و هێزە بەتواناکانی ئەفغان. هومایوون کە دووجار بە دەس ئەفغانان شکابوو و لە هەموو لایەکەوە بەرەورووی ڕاپەڕین ببۆوە، ڕووی کردە

قۆڵی قەندەهار لە نێوان سنووری ئیمپراتۆرێتی مەغوول و دەوڵەتی سەفەوی، بەڵام لەوێوەش ڕادرا و پەنای هێنایە بەر شاتەهماسب. دیداری ئەم فەرمانڕەوا سوننییە لە ١٥٤٤ (٩٥١)دا دەمارگرژێتی مەزهەبی تەهماسبی تەواو نیشان دا. تەهماسب دانی هەر چەشنە یارمەتییەكی سیاسی بەستەوە بە وەرگەڕانی بۆ سەر مەزهەبی شیعە و تێیگەیاند كە بێتوو سەری با بدا و لە قسەی دەربچێ، گیانی خۆی و ٧٠٠ كەس لە هاوڕێیانی وەفاداری دەكەوێتە مەترسی. هومایوون بە نابەدڵی مەزهەبی شیعەی قبووڵ كرد. ئەو پاش گەڕانەوەی بۆ هیند دووبارە بۆوە سوننی، بەڵام ئەو پیاوێكی سینگفراوان بوو لە بواری ئایینیدا و شیعەیەكی زۆر لە ئێرانەوە سەریان وەبەرهێنا و بە خزمەتكاری دەرچوون.[١٦] تەهماسب لە بەرامبەر پەنادانی ئیمپراتۆری مەغوول، داوای شاری قەندەهاری كرد كە بە باری هەڵكەوتی جوغرافیاییدا شوێنێكی گرینگ و لە زەمانی دامەزرانی ئیمپراتۆرێتی مەغوولەوە كێشەی نێوان هەردوو وڵاتی لەسەر بوو. هومایوون قەندەهاری بە دەستەوە دا، بەڵام ئەم شارە ماوەیەكی زۆر بە جەنگ سەفەوییانەوە نەما و هەمیشە دەستاودەستی دەكرد.

یەكێك لەو مەزنوەجاخانەی دیكە كە پەنای هێنایە بارگای تەهماسب، شازادەی ڕاكردوو، بایەزیدی دووەم بوو كە دژی سوڵتانسولەیمانی باوكی هەڵتەزیبۆوە و سەنگ و قورسایی ئەم شازادە هەتا ئەندازەیەك جیاواز بوو. بایەزید هەوڵی دا بۆ وەدیهاتنی ئامانجی دنەی پادشای ئێران بدا كە لەشكر بكاتە سەر عوسمانی، بەڵام هەروەك چاوەڕوان دەكرا، تەهماسب جوابی نەداوە و دژی تێكدانی ئەو سوڵحە ڕاوەستا كە بە تازەیی و بە هەزار دەردەسەر لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی پێكیهێنابوو. سەرەنجام شا لە بایەزید كە ١٠٠٠٠ چەكداری تەواو تەیاری لەگەڵ خۆی هێنابوو، وەشك كەوت كە خەریكی دارشتنی گەڵاڵەی كۆدەتایەكە لە قەزوێن و سوڵتانسولەیمان دەریخست كە درێژەی پەیمانی ئاشتی بەستراوەتەوە بە درانەوەی بایز. بەم پێیە تەهماسب لە ١٥٦٢ (٩٦٩)دا بایز و چوار كوڕەكەی ڕادەستی ئەو شاندەی عوسمانی كرد كە هاتبوون بۆ بردنەوەیان و بەندەكانی پەیمانی ئاماسییە دووبارە جەختییان لەسەر كرایەوە. بەپێی فەرمانی سوڵتانسولەیمان، دوای ئەوەی پێنج شازادە درانەوە دەس عوسمانییەكان، كوژران.

لە ١٥٧٤ (٩٨١-٢)دا شاتەهماسب نەخۆش کەوت. نەخۆشیی شا دوو مانگی خایاند و بناوبێر هێنای کە لەپڕ لێی توند کرد و کەوتە گیانەڵلا. بە هەڵگیرانی دەسەڵاتی پتەوی بە شێوەیەکی کاتی لەسەر کاروباران، دیسانەوە ناکۆکییەکانی قزڵباشان سەریان هەڵدایەوە. تەهماسب لە ١٥٣٣را کە دووبارە دەسەڵاتی شا بە سەر کاروباراندا شکاندبۆوە، بۆ ماوەی چل ساڵان پارسەنگێکی جێیڕەزامەندیی نێوان ڕقەبەرانی قزڵباش و تاجیکی لە وڵاتا بەدیهێنابوو. ئێستا کە نەخۆش بوو، قزڵباشەکان لایان وابوو دەتوانن وەک ڕۆژگارانی پێشووی پاش مەرگی شاسمایلی یەکەم کە تەهماسب هێشتا منداڵ بوو، جڵەوی دەوڵەت وەدەست بگرنەوە. بەڵام لە ١٥٧٤دا بارودۆخ زۆر ئاڵۆزتر بوو لە ١٥٢٤. لە ١٥٢٤ (٩٣٠)دا هەڵلا لەسەر وەی بوو کە کامە خێڵی قزڵباش یان کێها بەرەی یەکێتی خێڵەکان دەبنە جڵەودار و بەڕێوەبەری وڵاتێک کە تێیدا خێڵە سەرسوورەکان بەگشتیی خاوەن پلە و پێگەیەکی بەرز و باڵا بوون. لە ١٥٧٤ (٩٨١ – ٢)دا و بەتایبەت پاش کۆچیدوایی تەهماسب لە ١٥٧٦ (٩٨٤)دا کێشمەکێشم لەسەر ئەمە بوو کە داخوا قزڵباشەکان دەتوانن ئەو گەفەی بەرەورووی پلە و پایەی باڵایان بۆتەوە، بیرەوێنن یان نا؟! ئەم هەڕەشە و مەترسییە لە لایەن ئەو گورجی و چرکەس و ئەرمەنییانەوە بوو کە ئێستا هێزێکی سێهەمیان پێکدێنا. جونەید و حەیدەر، دوو ڕێبەری سەفەوییە، ژنیان لە تورکمانان خواستبوو و دایکی تەهماسبیش لەو ڕەگەزە بوو. کە شا هاتە سەر مردنێ، پرسی جێنشینایەتی ڕەنگی دایەوە و ژنانی گورجی و چرکەسی حەرەمخانەی میری کە کوڕیان لە شا ببوو، بە مەبەستی بردنە سەر دەسەڵاتی کوڕەکانیان وەخۆ کەوتن، چا ئەوان سەرکەوتبان یەکێک لە کوڕەکانیان بگەیەننە سەر تەختی دەسەڵات، ڕوون و ئاشکرا بوو کە هێز و بڕشتی کاربەدەستانی «هێزی سێهەم» لە بەڕێوەبردنی وڵاتا زیاتر پەرەی دەگرت.

لە نۆ کوڕی تەهماسب کە گەیشتنە تافی مێرمنداڵی، حەوتیان لە دایکانی چرکەسی و گورجی بوون و تەنیا دوویان دایکیان تورکمان بوو: محەممەدی خودابەندە و سمایل. گرێ و کۆسپی قزڵباشەکان بەم بارو‌هەوایە پتر دەئاڵۆزکا کە هیچکام لەم شازادانە شایانی فەرمانڕەوایەتی نەبوون. خودابەندە ئەوەندە

كوێرەمووشە بوو كە دەیدی و نەیـدەدی. سمایـل لــە ژیـانی سیاسـیدا چـاكی دەسپێكردبوو. ئەو لــە ١٥٤٧ (٩٥٣ - ٤)دا كرایــە حوكمــڕانی شـیروان و گــەلێک چالاكی سەركەوتووانەی دژی عوسمانییەكان لە قەفقاز و ئاناتۆلی ڕۆژهەڵاتیدا ئەنجام دا و ساڵی ١٥٥٦ (٩٦٣) كرایە حوكمداری خوراسان؛ بەڵام دوای تێپەڕاندنی چەند مانگ لە هیرات لەناكاو گیرا و گوێزرایــەوە بـۆ زینـدانی دوورەدەسـت و لاپەڕی «قەهقەهە» كە پتـر تایبــەتی زینــدانییانی مەترسـیداری سیاسـی بـوو. واوێدەچێ كە شا لەبەر هێندێک كردەوەی سمایـل لــە هـیرات لێـی غــەزریبێ و سـەبارەت بــە پیلانگێـڕانی ڕووخانــدنی حكوومەتەكــەی لێـی دڕدۆنـگ ببـوو. مەعسوومبەگی سەفەوی ئاگری ئەم گومانانەی خۆش دەكـرد. ئـەو یـەكێک لــە پایەبەرزانی بەدەسەڵات و سەر بە لقێكی لادەستەی سەفەوییە بوو كــە لــە ١٥٥٩ یان ڕەنگە زووترەوە كرابوویە سەرۆكی دەزگای بــەڕێوەبردنی ئیـدارەی بارگــا. مەعسوومبەگ هەروەها كرابوویە لەلەی حەیدەری كوڕی سێهەمی تەهماسب كــە دایكی كەنیزێكی گورجی بوو. ئەو بە شێوەیەكی سروشتی ئاواتــەخواز بــوو كــە شازادەی ژێر چاوەدێری و ڕاهێنانی خــۆی كــە حــەیـدەرە، ببێتــە جێگــرەوەی تەهماسب؛ هەر بۆیە هەموو هەلێكی بۆ زەبرەوەشاندن لــە سمایـل دەخوازتــەوە. مەعسوومبەگ لە ڕێی پلەی بەهێز و دەسەڵاتی خۆیڕا كە لە ناوەنــدی ئیـدارەی وڵات هەیبوو بە هاسانی دەیتوانی پادشا دڕدۆنگ بكا. خوا بەدگومانی شا بەجـێ بووبێ یان نا، سمایل لە ڕۆژی گیرانیڕا لە دێسامبری ١٥٥٦ هەتا زەمانی ئازادی و چوونە سەر تەختی دەسەڵات بە یارمەتی و پشتیوانێتی قزڵباشان لــە ئـووتی ١٥٧٦ (٢٧ی جیمادی یەكەمی ٩٨٤ی كۆچی)، نیزیكەی بیست ساڵــێک لــە زینـدانا مایەوە.

بەر لە چوونە سەر دەسەڵاتــی سمــایلی دووەم، هــەموو باڵــە ڕكەبــەرەكان بەگەرمە كەوتبوونە هەڵسووڕان و تێكۆشان. ئاشكرایە كە قزڵباشەكان لــەڕێوە لە نێوەرۆكی ڕاستەقینەی ئەو هەڕەشەیە نەگەیشـتن كــە لــە لایــەن باڵــەكانی گورجی و چركەسەوە سێرەی لە جێگە و پێگەیان گرتبوو؛ بۆیە لە ساڵــی ١٥٧٤دا دەستەیەک لە سەرۆكانی قزڵباش سەرقاڵــی پیلانێـک بــوون لــە بەرژەوەنــدی سلێمانمــیرزا كــە دایكــی خوشـكی یــەكێک لــە مــەزنانی چركــەس بــوو. لــە

١٥٧٥ (٩٨٢-٣)دا قزڵباشەکان ببوونە دوو باڵ، باڵێک پشتیوانی لە سمایل‌میرزا دەکرد و باڵەکەی دیکە لە حەیدەرمیرزا کە دایکی گورجی و لە ژنانی مارەکراوی شا بوو. دەڵێن کە خودی تەهماسب، حەیدەری پێ باشتر بووە، بەڵام ئەو بۆچوونەی نەدرکاندووە و پاسەوانێکی تایبەتی دانابوو بۆ پاراستنی گیانی سمایل لە ترسی وەی نەکا لایەنگرانی قۆڵی حەیدەر دەستی لێبوەشێنن. وەختایەک کە شا تۆماسب لە ١٤ی مانگی مەی ١٥٧٦ (١٥ی سەفەری ٩٨٤)دا مرد، گورجی و ئۆستاجلوو کەوتنە هەوڵێکی ناسەرکەوتوو بۆ ئەوەی حەیدەر بەرنە سەر تەختی دەسەڵات. تەنانەت حەیدەر تاجی نایە سەر و خۆی بە «شا» دانا، بەڵام بۆ چارەڕەشییان لەو ڕۆژەدا نیگابانانی کۆشک لە لایەنگرانی سمایل بوون - ئەفشار و ڕۆملوو و بەیات - کە حەیدەریان لە لایەنگرانی خۆی دابڕی. پاش تێکهاویشتنێکی کە بە دوای ئەو هەڵاوبگەڕەدا هات، حەیدەر کوژرا. ئەمجار ڕۆملوو و چرکەسەکان تێکۆشان شازادەیەک بەرنە سەر دەسەڵات کە دایکی کەنیزێکی چرکەس بوو، بەڵام ئەم هەوڵەش نەزۆک مایەوە. سەرەنجام زۆربەی قزڵباشەکان بە لایەنگرێتی لە «شازادەیەکی تورکمان» ڕاستەوە بوون. سی‌هەزار قزڵباش لە دەورەی قەڵای قەهقەهە گردبوونەوە. سمایل کە تەنیا پاش وەرگرتنی گفت و بەڵێنی قورس و قایم بۆ پشتیوانی کردنی، ئامادە بوو لە ژێر داڵدەی پاراستنی بەندیخانە دەرکەوێ، ڕۆژی ٢٢ی ئووتی ١٥٧٦ (٢٧ی جیمادی یەکەمی ٩٨٤ کۆچی) لە قەزوێن و لە تەمەنی چل ساڵیدا دانیشتە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی.

هەر خێرایەکی ڕوون بۆوە کە زیندانی کرانی درێژخایەن کاری کردۆتە سەر مێشکی سمایلی دووەم. لە ماوەی سێ مانگاندا کە بە سەر مەرگی باوکی سمایل و چوونە سەر دەسەڵاتی ئەوا تێپەڕی و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە چاوەڕوان بوونی وەخت و سەعاتی مبارک، سمایل نەک تەنیا زۆربەی لایەنگرانی حەیدەر بەتایبەت ئۆستاجلووەکانی قەڵاچۆ کرد، بەڵکوو لەگەڵ لایەنگرانی خۆشی کەوتە توندوتیژی. ئەو گەلێک لەو کەسانەشی کوشت کە تەنیا تاوانیان ئەمە بوو لە دەورانی باوکیدا خاوەنی پلەی باڵا بوون و گوتی: «خێوەتەکانی پادشایەتی ناکرێ بە پەت و ڕست و سەرتیلی کۆن هەڵبدرێن.» زوویەکی

دەرکەوت کە تاقە ئامانجی سمایلی دووەم ڕاگرتنی دەسەڵاتە بە هەر نرخ و بایەخێک. بۆ گەیشتن بەم مرازە، پێداهات و هەر شازادەیەکی بنەماڵەی میری کە گومانی لێدەکرا ببێتە ناوەندی پیلانگێڕان دژی وی، کوشتی یان کوێری کرد. پێنج کەس لە براکانی و چوار شازادەی تری سەفەوی کوژران یان موقرایییان لە چاوان برا. قزڵباشەکان کە زانیان ئەمە ئەو فەرمانڕەوایە نیە کە لێیدەگەڕان و هیوایان پێی بوو، هاتنە سەر پیلانی کوشتنی. هۆکارێک کە هەتا ڕادەیەک کارەکەیانی پاساو دەدایەوە ئەمە بوو کە سمایلی دووەم شیعەیەکی زۆر بەئیمان نەبوو. لەبەروەی کە سمایل تریاکی دەکێشا، کوشتنی کارێکی هاسان بوو. پیلانگێڕان بە چاوقووچاندن و دەنگ نەکردنی خاتووپەریخانی خوشکی سمایل، ژاریان کردە نێو ئەو ماجوومەی کە بە تریاک شکابۆوە و شا و یەکێک لە هاوبەزمانی دەیانهاویشت. سمایلی دووەم لە ٢٤ی نوامبری ١٥٧٧ (١٣ی ڕەمەزانی ٩٨٥) و هێندێک پتر لە ساڵێک پادشایەتی، مرد.

تەنیا ئەندامانی بنەماڵەی پادشایەتی سەفەوی کە لە ماوەی کورتی فەرمانڕەوایەتی سمایلی دووەمدا بە فەرمانی وی نەکوژران یان کوێر نەکران، محەممەدی خودابەندەی برا گەورەی و سێ کوڕەکانی ئەو بوون بە ناوی هەمزە و ئەبووتالب و عەبباس. ئەمانە تەنیا بۆیە لە تیغی پاڵاوتنی سمایل خەلەستن، چونکە بەرلەوەی فەرمانی کوژرانیان بکەوێتە گەڕ، خودی سمایل دەرمانداو کرا. بۆیە قزڵباشەکان هیچ چارەیەکیان نەما بێجگە لەوەی شازادەکەی کە پێشتر خۆیان لایان دابوو یانی محەممەدی خودابەندەیان دانایە سەر تەختی دەسەڵات، محەممەدی خودابەندە لە ١١ یان ١٣ی فێوریەی ١٥٧٨ (٣ یان ٥ی قوربانی ٩٨٥)دا لە شیرزاوە گەیشتە قەزوێن و سەرناوی سوڵتانمحەممەدشای لە خۆی نا. شای تازە پیاوێکی تووکنەرم، هەتا ئەندازەیەک دەروێشانی، جەفەنگباز و قسەخۆش بوو کە چاوی زەردایی دەکرد و نەدەکرد و بە نازناوی «فەهمی» شێعری دادەنا. پاش ماوەیەکی کەم، شا کەوتە نێوان ڕقبەرقەی دوو ژنی خۆبەزلزان و بێڕوحم. ئەم دوو کەسە بریتی بوون لە «مەهدیعولیا»ی خێزانی و «خاتووپەریخان»ی خوشکی. خاتووپەریخان بۆ کوژرانی سمایلی دووەم یاریدەی پیلانگێڕانی دابوو و پاش مەرگی سمایل کاروباری وڵاتی لە ڕێی کۆڕێکی مەزنانی

قزڵباشەوە هەڵدەسووڕاند. هیچکام لەم سەرکردانە نەیاندەوێرا لە قسەی ئەو ژنە دەرچن و دڵنیاش بوو کە سوڵتان محەممەدی براشی ملی بۆ نەوی دەکا. بەڵام وەختایەک کە دیواندارێکی بەئەزموونی ئێرانی بە ناوی میرزاسەلمان کە لە ژووەنی ١٥٧٧دا لە لایەن شاسمایلی دووەمڕا کرابوویە وەزیر، توانی ئیزنی چوونەدەر لە قەزوێن و بزووتن بەرەو شیراز لە خاتووپەریخان وەربگرێ، هەموو نەخشەکانی پەریخان بوونەوە بڵقی سەر ئاو. بەپێی هەستێکی سروشتی بۆ پاراستنی دیواندارانی ئێرانی کە بەرهەمی سەدان ساڵ نەریتی ڕابردوویە، میرزاسەلمان خێرایەکی بە لە قاودانی دەسەڵاتی بەهێزی خاتووپەریخان کە لە قەزوێن وەچنگی هێنابوو، خۆی گەیاندە سوڵتانمحەممەدشا و خێزانی. مەهدیعولیا لەڕێوە تێگەیی کە یان ئەو یا خوشکی شا دەبێ بکشێنەوە و ئەوەندی بۆی کرا کەوتە دابڕینی سەرۆکانی قزڵباش لە ڕەقیب. سوڵتانمحەممەدشا و مەهدیعولیا شەوی پاش گەیشتنە قەزوێن فەرمانی خنکاندنی خاتووپەریخانیان دەرکرد؛ خاڵیشی بە ناوی شەمخاڵ کە لە مەزنانی چرکەس بوو کوژرا و کوڕەی منالی سمایلی دووەمیش تێداچوو.

ئێستا مەهدیعولیا تەواو جڵەوی وڵاتی بە دەستەوە بوو. هەمزەمیرزای کوڕە گەورەی بوو بە بریکاری دەزگای بەڕێوەبەراتی دیوانی باڵا و دەستوور درا کە لە پای بەڵگەنامە ڕەسمییەکان و لە سەرووی مۆری میرزاسەلمانی وەزیر، مۆری خۆی لێ بدا. مەهدیعولیا بۆ ماوەی هەژدە مانگان فەرمانڕەوای بێبەرگێڕەوەی وڵات بوو. ئەو کچی حوکمڕانێکی خۆجێیی مازندەران بوو کە لەبەرەوەی بنەماڵەکەی بە خزمایەتی دەگەیشتنەوە «زەینولعابیدین»ی چوارەمین ئیمامی شیعان، بە خۆیان دەنازین. ئەو دژی بەرژەوەندی قزڵباشەکان دەجووڵایەوە و هەر کارێکی بۆ پتەو کردنی دەوری تاجیکان لە بەڕێوەبردنی وڵاتا بۆی کرا ئەنجامی دا و دیارە بو جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتە، وەزیر تەواو پشتیوانی لێدەکرد. مەهدیعولیا تەمای وابوو کە هەمزەی کوڕی خۆشەویستی بگەیەنێتە جێنشینیی مێردەکەی. شاژن بۆ ئەوەی عەبباسی کوڕی لاوتری نەخشەکانی لێتێکنەداتەوە، زۆر جاران هەوڵی دا بیهێنێتە قەزوێن، بەڵام عەلیقوڵیخانی شاملووی حوکمڕانی هیرات گوێی نەدایە فەرمانەکەی. یەکێکی تر لە ئاواتەکانی

مەهدیعولیا تۆڵەكردنەوە بوو لە پیاوێک كە لە مازندەران بـاوكی كوشـتبوو و لەو ناوچەیـە دەسـتی بـە سـەر مووچـە و مـەزرای خانەدانەكـەی داگرتبـوو. وەختایەک بكوژی باوكی بەرلـەوەی بـە مـرازی دڵـی بگـا و بیتـەزێنـێ مـرد، مەهدیعولیا ڕقی لە میرزاخانی كـوڕی هەڵـگرت. سـەرەنجام میرزاخـان پـاش وەرگرتنی پەناخوازیی ڕەسمیی، ملی دا كە بێتە قەزوێن، بەڵام وەختایەک لەگەڵ هاوڕێیانی قزڵباشی بەرەو قەزوێن بەڕێوە بوو، بـە دەسـت پیاوەكـانی شـاژن كوژرا. سەرۆكانی قزڵباش لەبەرووەی شاژن پێـی لـە سـوێندەكەی نـابوو، زۆر ڕەنجان، بەتایبەت چونكە یەكەم جار ئەوان میرزاخانیان هان دابوو كـە بچێتـە ژێر داڵدەی مەهدیعولیا.

سوڵتانمحەممەد بە تەخشانپەخشانی خەزێنـە هەوڵـی دەدا خۆشەویسـتی ژێردەستانی بەرەو خۆی ڕابكێشێ. تەواوی سەرۆكانی قزڵباش كە لـە ناوچـە و هەرێمەكاندا كارێكیان پێدەسپێردرا و دەبوونـە خـاوەنی شوغڵـێک، مووچـە و مانگانەی ساڵێک و جاری وابوو ئی دوو ساڵانیان لە پێشدا وەردەگـرت. كۆمـای ئەو دیاری و خەڵاتانەی كە لە خەزێنەدا كۆكرابوونەوە، لە نێـو پایـەبـەرزان، سەرۆكانی دارایی و پیتاک، كەڵانتـەران (شـارەوانان) و كاربەدەسـتانی دیكـەی خۆجێییدا دابەش كران. نیگابانـانی دامودەزگـای پادشـایەتی كـە مووچـەی دە ساڵیان وەرنەگرتبوو، تێكرا هەموویان وەرگرت. چەند پلەیەكی تازەی هاوشانی ئەمیری (سەركردایەتی) لە زنجـیرەی خـوار و ژووری پایـەكانی هـەر خێڵـێكی قزڵباشدا داندرا. لەبەرووەی هەموو ناوچەكان لە پێشدا بە مشە لەبری مانگانە، پاوان و دابەش كرابوون، دانی مووچەی ئەم سەركردە تازانە بارێكی دیكەی نایـە سەر خەزێنە و بەخێرایی هەڵچوڕا. ئەم دەسبـڵاوییـەی شـاهانە حكوومـەتێكی باشی لێنەكەوتەوە. زۆربەی خەڵک لە نـەبوونی ئاسـاییش و هێمنـی بەگلـەیی بوون. قزڵباشەكان كە دەیاندیت پلە و كەلێنوكولێنی تازە بۆ چنینەوەی مـاڵ و دارایی هەن، زیاتریان داوا دەكرد.

بۆچوونی گشتیی دنیای دەرەوە سەبارەت بە هەڵسووڕاندنی وڵات لـە لایـەن سوڵتانمحەممەدشـا و شـاژنەوە، دیمـەنێكی ناتـەبایی و لێكتـرازان و لاوازی نێوخۆی دەخستە بەرچاوان. دوژمنانی لەمێژینەی ئێران واتە عوسمانییـەكان و

ئۆزبەکان هەل و دەرفەتیان بۆ پەلامار دانــی ئێــران و هەڵسـەنگاندنی ڕاسـتی و دروستی ئەم بارودۆخە لە دەست نەدا. ئۆزبەکان دووبارە خوراسانیان دایەوە بەر هەڵمەت و لە باڵی ڕۆژاوا عوسمانییەکان وێڕای تاقمێک لە سەرکردەکانی کـورد ڕژانە سەر قــەڵا و قایمــەکانی ســەفەوییە لــە ئازەربایجــان و تێیــانڕاچــوون. وەختایەک کەساڵی ١٥٧٨ (٩٨٦) سوڵتانمراد لەشکرێکی زیادە لە ١٠٠٠٠٠ کەسی، بۆ نموونە گەلێک چەکداری تاتاری کریمە بــە مەبەسـتی گرتنــی ئازەربایجــان بەڕێ کرد، سەردەمی دوورودرێژی ئاشتی لەگەڵ عوسمانی بە تەواوێتی کۆتــایی هاتبوو. هێزەکانی سەفەوییە پەیتاپەیتا تووشــی شـکان و بــەزین دەبوونــەوە. بەشێکی پانوبەرینی گورجستان داگیرا کرا. ساڵی ١٥٧٩-٨٠ (٩٨٧) هــەمزەمیرزا و میرزاسەلمانی وەزیر خۆیان دایە پەرچەپەلامارێکی سەرکەوتووانە لە شیروان و قەراباغ و «عادڵگرایخان»ی سەرکردەی تاتاریان بە دیل گرت. ئەوان بە ئومێدی ئەوەی کە عادڵگرایخــان لــە عوسمانییــەکان هەڵــگێڕنەوە بــە ڕێــز لەگەڵــی جووڵانەوە و بردیانە یەکێک لە قەسـرەکانی پادشــایەتی لــە قــەزوێن. میرانــی قزڵباش گوشاریان خستە سەر شا کە خانی تاتار لە قەڵایــەکدا زینــدانی بکــا، چونکە دانان و بەرگێڕەوە لێنــەکردنیان لــە هــەلومــەرجێکی وادا کــە تــەواوی سەرکردەکان گیرۆدەی هەڵمەت و بەرەنگاری بوون، زۆر بە مەترسی دەزانی.

دوژمنایــەتی نێــوان شــاژن و ســەرۆکانی قزڵــباش تیــژ دەیتەنییــەوە. پیاوماقووڵانی قزڵباش تووڕە بوون لە هەڵوێست و سیاسـەتی مەهـدیعولیـا و پشتگیری کردنی تاجیکان، ئەو کەسانەی کە لەســەر قــەولی شــاژن بــۆ جــوان جووڵانەوە لەگەڵ میرزاخان، هانیــان دابــوو بــەرەو قــەزوێن ببــزوێ، کاتێــک خاتوونیشا پێی لە سوێندی خۆی نا، دەرهەڵــبوون. ئــەو تاقمــە پارێزەرانــەی پادشایەتی کە «میرزاڕەزاخان»یان کوشتبوو، بە بڕی ناتەواوی دەسخۆشانەیان نــاڕازی بــوون. ئــەوان لەبــەرەوەی شــاژن پێشــنیارەکەیانی لــە بابــەت عادڵگــرایخانــەوە وەبــەرچاو نــەگرتبوو، تــووڕە بــوون. بــە کــورتی ئــەوان مەهدیعولیا و هەر شتێکی سەر بە ئەویان ناخۆش دەویســت، بەتایبــەت وەڕەز بوون بە شکانەوەی دەسەڵاتی شاژن بە سەر شادا و دەیانزانی کە هیچ دەرفەتێک لە کیس نادا بۆ سووکایەتی کردن بــە قزڵباشــان. دەسـتەیەک لــە پیلانگێـڕانی

www.zheen.org

قزڵباش لێک گردەوە بوون هەتا مەهدیعولیا لە پێگەی دەسەڵاتەوە داکێشنە خوار. ئەوان پەیامێکی بەم نێوەرۆکەیان بو شا نارد:

«بیری پرشنگداری خاوەنشکۆ لێی روون و ئاشکرایە کە ژنان بۆ کەمفامی و لاوازی بۆچوون و ئینکەبەری ناودار و مەشهوورن و نەووابی عولیا هەمیشە دژایەتی دەوڵەتخوازانی کردووە و ئەوەی ئێمە بە قازانج و بەرژەوەندی دەوڵەتمان داناوە، خۆی لێلادەدا و بەپێچەوانەی ویستی خێر و چاکەی ریشسپییانی حکوومەتی توانا دەجووڵێتەوە. دەکەوێتە پێوشوێنی سووک کردنمان و هەتا ئێستا کە قەت لێی وەرنەسووڕاوینەوە و شتێکی وا کە جێی ترس بێ نەقەوماوە، لێی تۆقیبووین و لێی تۆقیوین، جا ئێستا کە لە هەموو لاوە دژایەتی رەنگی داوەتەوە و پەردەی شەرم لادراوە و دەرهەڵدەبێ و قسەی سارد لە پارسەنگی کەیخودایانی تایفان دەنێ و بە دووروومان دادەنێ و هەڕەشەی توندمان لێدەکا، چۆن لێی ئەمین بین؟ بەگشتیی بۆ دەوڵەت بە چاکی نازانین لە نێو میران و پادشایاندا ببێتە قاو کە هیچ قزڵباشێک لە جەرگەی خانەدانی پادشایەتیدا نەماوە، چونکە مێ لە کاروباری دەوڵەتدا بۆتە دەسەڵاتدار و جڵەوکێشی فەرمانڕەوایەتی. پوختە قسان ئەوەیە کە زاڵ بوون و تەنینەوەی دەسەڵاتی وی لە کاروباری میریدا ناحەز و بێزراوی بەردڵی هەموو خێڵ و تایفەکانی قزڵباشە و ئێمە بە هیچ کلۆجێک دانوومان لەگەڵی ناکوڵی و ئەگەر لانەچێ رەنگە چەند ئاژاوە و سەرهەڵدانێک روو بدا کە دین و دەوڵەتی پێ خەساربار بێ.»[١٧]

شا کە پیاوێکی دیندار و خواترس و نەرم و نیان بوو، پێشنیاری کرد کە خێزانی دوور بخاتەوە بۆ «قوم» یان گاڵی بدا بۆ مازندەران یا خۆی دەس لە کار بکێشێتەوە و هەڵبژاردنی جێنشینەکەی بخاتە ئەستۆی کەیخودایانی قزڵباش. شاژن سەبارەت بە هەوڵەکانی پادشا بۆ دڵخۆشی قزڵباشان نارەزامەندی دەربڕی و گوتی بە ئەندازەی سەرەموویەک لەو رێبازە لانادا کە وەبەری داوە. بە بیستنی ئەم قسانە پۆلێک لە پیلانگێڕان هرووژمیان کردە حەرەمخانە و خاتوونیان خنکاند. چەند رۆژ دواتر ئەمیرانی قزڵباش لە کۆشک کۆبوونەوە و

وەفاداری خۆیان بە شا و پاشان بە هەمزەمیرزا ڕاگەیاند. بێدەسەڵاتی شا و هەمزەمیرزا کە لە نەتوانینی بەرەنگاربوونەوە و سزادانی بکوژانی شاژنڕا بە ڕوونی دەرکەوتبوو، ڕقبەرقەی توندوتیژی نێوان خێڵە قزڵباشەکانی وروژاند کە وەبیرهێنەوەی دەستەبەندی و باڵباڵێنی باوی سەرەتای حکوومەتی تەهماسب بوو. لە بابەت تەهماسبەوە ئەوان دەیانتوانی بە هاسانی چنگ باوێنە سەر کوڕێکی دە ساڵانە و سەبارەت بە سوڵتانمحەممەد بۆیان دەکرا ویستی خۆیان بە سەر پیاوێکی دەنێوەچووی سەلیم و دڵپاکا بسەپێنن کە بە شێوەیەکی بەزەیی بزوێن بێهێز و تەواوێک کوێر بوو. لە قەزوێن خێڵەکانی تورکمان و تەکەلوو جڵەوی کارانیان بە دەستەوە بوو. ساڵی ١٥٨١ (٩٨٩) لە خوراسان دوو عێڵی ئۆستاجلوو و شاملوو پێکەوە پەیمانیان بەست و ئاڵای سەرهەڵدانیان هەڵدا و سەبارەت بە هەباس (عەبباس)ی کوڕی دە ساڵەی شا سوێندی وەفادارییان خوارد. لە نوامبری ١٥٨٢دا شا و هەمزەمیرزا وێڕای قۆشەنی خۆیان بە مەبەستی سەرکوتی ڕاپەڕینی خوراسان وەڕێکەوتن، بەڵام لە لایەن قزڵباشانەوە پتر بوونە گاڵتەجاڕ و سووکایەتییان پێکرا. سەرەتا هەموو شتێک بە ڕێوجێ بوو. مورشیدقولیخانی ڕێبەری ئۆستاجلووەکان وەفاداری خۆی بە هەمزەمیرزا ڕاگەیاند و شا لێی خۆش بوو و عەلیقولیخانی سەرۆکی شاملووەکان پەراوێز خرا و لە هیرات گەمارۆ درا. بەڵام نێوانناخۆشی بەینی سەرۆکانی قزڵباشی لەشکری پادشا و سەلمانمیرزای وەزیر کە پێشتر دەستی ڕاستی مەهدیعولیا بوو، تەشەنەی کرد. لەبەروەی کە قزڵباشەکانی سپای شا هیچ مەیلیان لە درێژەی گەمارۆی هاوقەتارانیان نەبوو لە هیرات، وەزیر بەئاشکرا تۆماتی کەترەخەمی - سەبارەت بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان - و نانەوەی ئاگری بشێوی دانەپاڵ. بە هۆی پشتیوانی کردنی وەزیر لە سیاسەتەکانی شاژنی کوژراو کە لاگیری تاجیکانی دەکرد و لەبەر وەرگرتنی پلەی لەشکری و گێڕانی دەورێکی بەرچاو لە پەلامارەکانی ساڵی ١٥٧٩ - ٨٠دا دژی عوسمانییەکان، قزڵباش هەر لە سەرەتاوە وەزیریان ناخۆش دەویست. بە واتایەکی تر ساڵی ١٥٨٣ (٩٩١) سازانی سەرسووران لەگەڵ ئەو خەیاڵ و بۆچوونەی کە کەسێکی تاجیک لافی لەشکرچێتی لێبدا، هەر ئەو ئەندازەیە بوو

کەساڵی ١٥١٢ واتە زەمانێکی کە دوژمنایەتییان لەگەڵ وەکیلی تاجیکی ئەو کاتی پەرەی سەند، شکست و کوژرانی ئەو پیاوەی لێکەوتەوە. ئەوان ئێستا بە قسەی تاڵ و سوێر میرزاسەلمانیان سەرکۆنە دەکرد. سەرسوور دەیانگوت کە ئەو بۆتە هۆی تێداچوونی وڵات و خەنیمی قزڵباشانە و دەیانویست لەسەر کاری لابەرن. میرزاسەلمان لەبەر چەند هۆیەک وای چاوەڕوانی دەکرد پشتیوانەکانی واتە شا و هەمزەمیرزا (ئەم شازادەیە زاواشی بوو) بیپارێزن، بەڵام ئەم دووە بێسێودوو دایانە دەس مەزنانی قزڵباش و ئەوانیش دوای دەست بە سەرداگرتنی ماڵ و سامانی کوشتیان.

پاش کوژرانی سەلمان، هەمزەمیرزای نۆزدەساڵانە، بەڕێوەبردنی وڵاتی گرتە ئەستۆ، بەڵام لەو چەرخە شێواوەدا هەمزە خاوەنی ئەو بیروبۆچوون و ئەزموونە سیاسییە پێویستەی ئەو دەورانە نەبوو. ئەو نە تەنیا کەسێکی ڕاڕا و توندەتەبیات، بەڵکوو مەیخۆرەوەیەکی تەواوعەیاریش بوو. هەڵەیەکی کوشندەی کە کردی ئەمە بوو کە پۆلێک لە باڵادەستانی لاوی قزڵباشی دانیشتووی قەزوێنی لەگەڵ خۆی کردە هاوپیاڵە. لە ئاکامدا هەر خێرایەکی تووشی دەستەبەندی و باڵباڵێنی قزڵباشان بووە. بارودۆخی لەشکری هەروا بەرەو نالەباری دەڕۆیی و لە ١٥٨٥ (٩٩٣)دا عوسمانییەکان تەورێزیان داگیر کرد. ئەمجار ئەوان بۆ ماوەی بیست ساڵان پایتەختی سەفەوییان خستە ژێر چۆکی خۆیان. هەر ئەو ساڵە هەمزەمیرزا سەرقاڵی سەرکوتی پیلانێک بوو کە بۆ لایەنگری لە تەهماسبی برای دراژابوو. هەمزەمیرزا لە ٦ی دێسامبری ١٥٨٦ (٥ی محەڕڕەمی ٩٩٥)دا وەختایەک لەشکری بەرەو قەراباغ گاڵ دابوو، بە چەشنێکی ڕەمزاوی کوژرا.

مانگی ژووئییەی ١٥٨٥، سەرۆکی باڵی ئۆستاجلووەکان لە خوراسان، مورشیدقولیخان، ئەمیری شاملووی ڕەقیبی خۆی هەڵفریواند و عەبباسمیرزای چاردە ساڵەی بردە لای خۆی. مردنی هەمزەمیرزا لە ساڵی دوایی‌دا و هێرشی بەربڵاوی ئۆزبەکان بۆ سەر خوراسان لە دێسامبری ١٥٨٧ (٩٩٦)دا بە فەرماندەرێتی عەبدوڵلاخانی سەرۆکی تازەیان کە هیراتی گەمارۆ دابوو و هەڕەشەی لە داگیرکردنی تەواوی ناوچە دەکرد، مورشیدقولیخانی هێنایە سەر

ئەو بڕوایە کە مەترسی وەڕێخستنی کۆدەتایەک لە قەزوێن بێنێتە سەر شـانی. وەختایەک ئەو گەیشتە قەزوێن خۆنیشاندانی گشتیی بە لاگیری کردنی عەبباس، گومان و دوودڵی هێندێک لە سەرۆکانی قزڵباشی دانیشتووی پایتـەختی ڕوون و یەکلایی کردەوە و لە یەکەمی ئۆکتۆبری ١٥٨٨ (٢٠ی نێوجێژنانی ٩٩٦ی کـۆچی)دا سوڵتانمحەممەدشا تاج و تەختی پادشایەتی ئەسپاردەی کوڕەکەی کرد. عەبباس بە ناوی شاعەبباسی یەکەم تاجی نایە سەر. مورشیدقوڵیخـانی ئۆسـتاجلووی تاجبەخش* بە شێوەیەکی کاتی بوو بە دەسڕۆیشتووترین کـەس لــە دەوڵــەتی سەفەویدا و بە نیشانەی ئەم پلەیە نازناوی وەکیلی دیوانی باڵای لەسـەر خـۆی تۆمار کرد. وەک ساڵی ١٥٣٤ ژیان و مـانی دەوڵـەتی سـەفەوی کـەوتبووە بـەر شەپۆلی مەترسی. هیرات پاش خـۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەیـەکی قارەمانانـە کەوتە دەست ئۆزبەکان و هێزەکانیان بەرەو مەشەد و سـەرەخس کوتایـان. لـە ڕۆژاوا تـەواوی هـەوڵ و تەوژمـەکان بـە مەبەسـتی ڕەپـاڵنـانی هێزەکـانی سـەربازخانەی عوسمـانی لــە تـەورێز تێکشـکابوون. ڕۆژگـار نیـازی بـە فەرمانڕەوایەکی زیرەک و بەدەسەڵات بوو؛ دەوڵەتی سەفەوی لە بەختی خـۆی و لە ڕاستیدا لە خۆشبەختی ئێران، عەبباسی حەڤدە ساڵانە کەسێکی ئاوا بوو.

www.zheen.org

# پەراوێزەکان

١. پایەبەزرانی قزڵباش خاوەنی سێ پلە بوون بەم چەشنە: بەگ، سوڵتان و خان. جێی سەرنجە کە حوسێنبەگی لەلەی شاملوو، تەنانەت دوای هەڵبژێرانی بۆ دوو پلەی باڵای وڵات، هەر بەو نازناوانە ناوی دەهات.

٢. عالەم ئارا، ل ٣٥؛ هەروەها بڕواننە:

R.M.Savory, "The Principal Offices of the Safawid State during the Reign of Shäh Tahmäsp I (930-84/1524-76)", in Bulletin of the school of Orintal and African Studies, XXIV (1961), p.66.

★یەکێتییەک بوو بۆ حکوومەت بە سەر ڕۆمدا کە تا ساڵی ٣٦ی بەر لە زایین خۆی ڕاگرت و تێیدا لێپیدووس دەورێکی ڕواڵەتییانە و ناکاریگەری دەگێڕا.

٣. تیوول بریتی بوو لە زەویوزاری پاوان (پاوانبەدەرەبەگی) کە لەبری مووچە دەدرانە باڵادەستانی حکوومەت. حوکمڕانانی لەشکری کە تیوولیان وەردەگرت دەبوو بەپێی داخوازی شا هێندێک بەشە قۆشەنی دیاریکراو بخەنە ژێر ڕکێفی حکوومەت.

٤. شوێنی سەرکەوتنی گەورەی سمایل بە سەر «ئەلوەند»ی حوکمڕانی ئاققۆیوونلوو لە ساڵی ١٥٠١ (٩٠٧)دا.

5. Savory, "Principal Offices", p.68.

6. Sir John Chardin, Voyages du Chevalier Chardin en Perse, et autres lieuxde I'Orient, 10 vols. (Amsterdam 1711), vol. VI, p.18.

[لە وەرگێڕدراوی فارسی سێرجان شاردێن، سیاحەتنامەی شاردێن، تەرجەمەی محەممەد عەبباسی، ١٠ بەرگ، تاران، ١٣٣٥ تا ١٣٤٥ی هەتاوی (١٩٥٦ – ١٩٦٦)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەمیرکەبیر، بەرگی ٨، ل ١٥٤.]

★ ئەمە تێگەیشتن و بۆچوونی نووسەرە لە مادەتاریخی ڕاپەڕینی تەکەلوویان کە هەڵبەت هەڵەیە، چونکە مادەتاریخی ئەم ڕووداوە «آفت تکەلویان»ە، بڕواننە: عالەمئارا، ل ٣٦، «فاجعەی (disadter) تکەلو» دروست نیە.

٧. لەو زەمانیدا دابێکی جێیسەرنج هەبوو کە بەپێی وی بە لای زۆریدا «پیاوانی قەڵەم» لەبەر ئاکاری نالەباریان نەدەکوژران.

٨. واژەی قــۆرچی ڕەگ و ڕیشــەی مەغوولییــە و بــە مانــای کەوانــدارە (تیرهــاوێژی کەوانداێر).

9. C.Thornton Forster and F.H.Blackburne Daniell, The life and Letters of Ogier Ghiselin de Busbedg (London 1881), vol. I, p.300.

★ شەڕکەر و ڕێبەری یۆنانی و قارەمانی «ئیلیاد»ی بەرهەمی هۆمێر.

★ Carmelite: تاقمێک لە تاقمەکانی گۆشەنشینانی مەسـیحی کـە دەوروبــەری ١١٦٠ی زایینی لە سووریا دامەزرا و ناوی لە چیاکانی «کارمێل»ی لوبنان وەرگرتووە.

10. Anon, A Chronicle of the Carmelites in Persia, 2 vol. (London 1939), vol. I, pp.47-8.

١١. تووران: سەرزەوی خەڵکی ترک کە لە بەرامبەر ئێران (خاکی جەماوەری ئاریــایی)دا دەکار دەکرا.

١٢. شەرەفەددین بدلیسی، شەرەفنامە، ئامادەکردنی وێلادیمیر ولیــامینۆف زێرنــۆف، ٢ بەرگ، پێترێزبوورگ، ١٨٦٢، ب ١، ل ٢٥١ – ٢٥٢.

١٣. عالەمئارا، ل ٥٩.

١٤. عالەمئارا، ب ٦٣.

١٥. بە مەبەستی زانیاری تەواو دەربارەی سـەردانی هومــایوون بــۆ ئێــران، بڕواننــە: ریاض‌الاسلام، پەیوەندییەکانی هیند و ئێران، تاران ١٣٤٩ی هەتاوی (١٩٧٠)، ل ٢٢ – ٤٧.

١٦. هەمان، ل ١٩٧.

١٧. عالەمئارا، ل ١٨١.

★ سیلەچاوێکە بۆ سەر ڕووداوی گەیاندنە سەر تەختی دەسەڵاتــی عــەبباس‌مــیرزا لــە لایەن مورشیدقولیخانەوە.

www.zheen.org

٤

# ئیمپراتۆرێتی سەفەوییە دەگاتە پەرپەرۆچکەی دەسەڵات لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی شاعەبباسی گەورەدا

## (١٥٨٨- ١٦٢٩ / ٩٩٦- ١٠٣٨)

ئەو بارودۆخەی کە شاعەبباسی یەکەم ساڵی ١٥٨٨ لە کاتی چوونە سەر دەسەڵاتا بەرەورووی بۆوە، زۆر تاڵوتوون بوو. لە لای ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوایی، زۆربەی هەرە زۆری ناوچە و مەڵبەندەکانی کە بە درێژایی سنووری ئیمپراتۆری عوسمانی شانیان تێکبەزاندبوو، بە دەست سپای عوسمانی داگیر کرابوون. لە قوڵی ڕۆژهەڵاتەوە نیوەی مەڵبەندی خوراسان پێخوستی پەلاماری ئۆزبەکان ببۆوە. لە جەغزی نێوخۆدا کە دوازدە ساڵ بە سەر مەرگی تەهماسبدا تێپەڕیبوو، دەسەڵاتی پادشا بە شێوەیەکی یەکجار ئاشکرا دابەزیبوو. لە ڕاستیدا پاش کوژرانی شاژن بە دەست پیلانگێڕانی قزلباش لە ١٥٧٩دا، شا و هەمزەمیرزای کوڕی لەوپەڕی بێ دەسەڵاتیدا ڕۆژگاریان هەڵدەبوارد. نە تەنیا دەستەبەندی خێڵەکەی قزلباشان بە چەشنێکی گرژتر سەری هەڵدابۆوە، بەڵکوو ڕووداوی کوشتنی میرزاسەلمان دەریخست کە دووباڵەکی بنەڕەتی نێوان ترکی دژی سەلمان (سلێمان) و ئێرانی لە دەوڵەتی سەفەویدا هەر ئەوەندە توندوتیژە

کە کاتی دامەزرانی حکوومەت لە هەشتا ساڵ لێرەوبەردا توند بوو. لەبەر نەبوونی هێزێکی دەسەڵاتدار و بەرگێرەوە، هەرکام لە پایەبەرزانی دەوڵەت تەنیا بە باری. قازانج و بەرژەوەندی خۆیدا دەجووڵایەوە و بارودۆخەکە شتێک بوو وەک هەرەچمەرەج. خەزێنە لەبەر دەس‌بڵاوی و تەخشان‌پەخشانەکانی محەممەدشا بەتاڵ‌وحەتاڵ کەوتبۆوە.

عەبباس بۆی نەدەکرا بەوەندەی کە بە دەستییەوەی بوو هاوکات بە تەواوی ئەو گرێ و کۆسپ و تەنگەژە سەختانە ڕابگا، کەوایە پێویست بوو هەنگاوی یەکەم و سەرپەڕی کاران دیاری بکرێن. عەبباس لەڕێوە وریایی خۆی لە کار و کردەوەدا نیشان دا کە یەکێک بوو لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی. ئەو کارە گرینگ و یەکەم هەنگاوانەی کە دیاری کردن بریتی بوون لە: ١ - بووژاندنەوەی تەناهی و هێمنایەتی نێوخۆ و سەقامگیر کردنەوەی بارودۆخ و قانوون، دارشتنەوەی ڕێکخستنی سپا و چاکسازی سیستمی دارایی. ٢ - دەرپەڕاندنی ئۆزبەکان لە خوراسان. ٣ - وەرگرتنەوەی خاک و ناوچەکانی داگیرکراوی دەستی عوسمانی. هەباس بۆ ئەوەی کە دەستی لە کاروباری نێوخۆدا ئاوەڵا بێ و ڕێک‌وپێکی و ورەی هێزە چەکدارەکان زیندوو بکاتەوە و بەم ڕوانگەیەوە کە لە بەرەی ڕۆژهەڵاتیدا هێزی پەلاماردەرانەی ڕەنگ بداتەوە، ساڵی ١٥٨٩ - ٩٠ (٩٨٨) بە برشتەوە خۆی دایە کارێکی تاڵ و ناخۆش و پەیمانێکی ئاشتی لەگەڵ عوسمانییەکان مۆر کرد کە بەشێک لە بەرێژەو و دەوڵەمەندترین هەرێمەکانی ئێرانی دەدا بە دوژمن و بریتی بوون لە: ئازەربایجان، قەراباغ، گەنجە، قەراچەداغ و چەند کوتێکی گورجستان و لوڕستان و کوردستان. قبووڵ کردنی هەلومەرجێکی ئاوا پڕ سووکایەتی ئاشتی، نیشاندەری جێگە و پێگەی لەرزۆکی عەبباسە لەو کاتیدا.

ئەستەمترین کێشەی هەباس ڕوون کردنەوەی ئەم مەبەستە بوو بۆ سەرۆکانی قزڵباش کە ئەگەرچی ئەوان کردبوویانە شا، بەڵام ئەو نەیدەویست کە داردەستیان بێ. شێوەی چوونە سەر دەسەڵاتی وی لە ڕێی کۆدەتایەکەوە کە باوکی، واتە فەرمانڕەوای قانوونی سەرەونخوون کردبوو، خودبەخود نیشانی دەدا چما بێتوو بە دڵی قزڵباشان نەجووڵابایەوە، ڕەنگە بۆ سەرەوخوار کردنی ئەویش پیلانێکی ئەوتۆیان دارشتبا. ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەی کە کەسایەتی

عەبباس تێیدا دەقی گرتبوو، تەواو سەبارەت بە مەزنانی قزلباش بێباوەڕی کردبوو. ساڵی ۱۵۸۱، وەختایەک کە لەوەی مێرمناڵتر بوو بتوانێ دەورێکی ڕاستەقینەی لە مەبەستەکەدا هەبێ، تاقمێک لە سەرۆکانی قزلباش لە خوراسان بە شایان ناودێر کرد، گەرچی خۆی هەرگیز نەیدەویست کە ببێتە ماکەی ڕاپەڕینێک دژی باوکی. لە کێشە و ملانەی نێوان عەلیقولیخانی شاملوو – دەمڕاست و سەرپەرستی کە حاکمی هیرات بوو و دەیهەویست هەموو سەرۆکانی قزلباش بکاتە هاوپەیمان بە مەبەستی پشتیوانی لێکردنی - لەگەڵ مورشیدقولیخانی ئۆستاجلوو کە حوکمڕانی مەشهەد بوو و فیز و دەماری ئیزنی نەدەدا پلەیەکی خوارتر لە عەلیقولیخان وەربگرێ، هەباس ئامرازێک بوو بۆ بەردەستان. سەرەنجام ساڵی ۱۵۸۵ (۹۹۳) لە تێکهەڵچوونی دوو باڵەکەدا، پیاوەکانی مورشیدقولیخان عەبباسیان بە دیل گرت و بە سەرکەوتنەوە هێنایانەوە مەشهەد. عەبباس لە نێو خێڵی شاملوودا گەورە ببوو و بێزی لەم ڕەوتی ڕووداوانە هەڵدەستا. مورشیدقولیخان کە بە دیلی بردبووی، دەوری سەرپەرستێتی ئەوی گرتە ئەستۆ و زۆر بادیهەوایانە نازناوی «وەکیل» نایە سەر خۆی.

بەڵام عەبباس ئەگەرچی مەیلی تەمێ و چزدانی قزلباشانی لەبەر بێوەفایی سەبارەت بە دەوڵەت لە دڵیدا بوو، دەبوو ئەم ڕاستییەی وەبەرچاو گرتبا کە ئەوان تیغەرەی پشتی هێزە چەکدارەکانیان پێکدێنا و وەلانان و هەڵاواردن و پاڵاوتنیان بە چەشنێکی بەربلاو دژی ئامانجی وی دەوێستان کە پێیخۆش بوو خاوەنی سپایەکی بەتوانا بێ. عەبباس تەمایەکی بنەڕەتی گرتبوو: گەڕانەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە سەرۆکانی قزلباش دەسەڵاتیان بە سەر وڵاتا تەنیبوویەوە یان هەلومەرجێکی کە لە نێوان ساڵانی ۱۵۳۳ و ۱۵۷٤دا باڵی ئەنگاوتبوو و شاتەهماسب زۆر ورد و باریک هاوسەنگی و پارسەنگی نێوان قازانج و بەرژەوەندی تورکمان و تاجیکانی ڕاگرتبوو کە دیارە ئێستا بە هیچ جۆرێک دەستی نەدەدا. تەمبێی وەبەرچاو گیراو بۆ بێوەفایی و دەستەوبەستەسازیی قزلباشان، سەرەولێژکردنی جێگە و پێگەی بەرز و باڵایان بوو لە وڵاتا. بەڵام دیارە کە یەکێک لە بنەماکانی دەسەڵاتی پادشایانی سەفەوی فەرمانبەرداری و ئاڵقەبەگوێی بێئەملا و ئەولای مریدانی قزلباشیان بوو. ئەگەرچی کردەوەی

قزڵباشان دوای شەڕی چاڵدێران بە ڕوونی دەریخستبوو کە ئیتر ئـەوان لەسـەر باری پێشوو وەک جەستەیەکی خودایی یان نیمچـەخـودایی ناڕواننـە ڕێبـەری خۆیان. بەڵام ئەو بیر و باوەڕە گەشەدارەی کە ڕووحی وەبەر یەکەم هەنگاوەکانی جووڵانەوەی سەفەوییە نابوو، هێشتا بە تەواوەتی تێدانەچووبوو. هەنووکـەش داوای یارمەتی و یاریدە لە قزڵباشانی شاهسەوەن (شاسەیوان = شاپەرست) لـە باروهـەوای قـەیراناویدا بـە شـێوەیەکی بـەرچاو جەماوەرەکـەی لێـک کـۆ دەکردنەوە. تانوپۆ و ڕێکخسـتنی سـەرەتا و دەسـپێکی سـۆفییانی سـەفەوییە هێشتاش مابوو، گەرچی هەبوونی سـێبەرینە خـۆی دەنوانـد و هـیچ ئـەرکێکی ڕێکخراوەیی و دیاریکراوی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتا نەخرابوویە ئەستۆ. سەرۆکی ئەو ڕێکخستنە واتە مـەزنیخـەلیفان هێشـتاش پێـیوابـوو دەبـێ بـە کەسایەتی دابندرێ و لە ڕیزی ماقووڵاندا بخوێندرێتەوە. ئـەو تەنانـەت ساڵـی ١٥٧٦ کەوتبووە ڕقبەرقە و ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتی شاسمایلی دووەم. سمایل بە مەبەسـتی بـەتاقیکردنـەوەی وەفـاداریی مـەزنیخـەلیفـان (خليفـةالخلفا) کـە حوسێنقولی خولەفای ڕۆملوو بێ، پێیگوت ئەگەر پێـیخۆشـە دەس لـە پلـەی سـەرۆکایەتی خـەلیفان هەڵـبگرێ، ئامادەیـە بیکاتـە وەکیلـی دیـوانی بـاڵا. حوسێنقولی لە وڵامدا گوتی: «من پلـەی خەلیفایـەتی لـە دەس نـادەم، ئەگـەر وەکالەتی دەخرێتە سەر زۆر باشە، دەنا بە وەکالەت ڕازی نـیم.»[1] ئـەو ئـاوای گوت، چونکە دەسەڵاتی خۆی وەک خەلیفە پێ لە پلە و دەسـەڵاتـی وەکیـل بـە سەرتر دەزانی.[2] ئەگەرچی وا وێدەچێ کە بەپێی هەلومـەرجی ڕۆژگـار لـە ١٥٧٦ (٩٨٣-٤)دا حوسێنقولی سەبارەت بە گرینگایەتی پلەی خـۆی پێـیلێهەڵـێنابێ، بەڵام ئاشکرایە کە شاعەبباس نەیدەتوانی بە هاسـانی کەسـێکی ئاڵـقەبـەگوێی خۆی کە بەشێکی دانەبڕاوی بیروباوەڕی سۆفییە بـوو، فتـی بکـا و بـە هێنـدی نەگرێ، ئەگەرچی ساڵی ١٥٨٨ تەنیا کەمینەیەکی قزڵباشان بەدڵ پێبەنـدی ئـەم بیروباوەڕە بوون.

کەوایە لێرەدا مەبەست ئەمـە بـوو کـە هـەباس دەتوانـێ چ هانـدەرێک بـۆ پشتیوانێتی خۆی بدۆزێتەوە کە بشێ وەفاداریی سەبارەت بەو بەرێتە هـەورازی بەرژەوەندی دەستەبازی!؟ شاعەبباس ڕێگاچارەی لە «هێزێکی سێهەم»دا دیتـەوە کە شاتەهماسـب لـە وڵاتـا بـەدیهێنـابوو، یـانی چرکەسـان و گورجییـان و

ئەرمەنییان کە بە غولامی شا دادەندران و پاش مسوڵمان بوون بۆ خزمەت لە سپا یان ماڵ و مزڵەکانی سەر بە کۆشکی پادشایەتیدا پەروەردە دەکران و ڕادەهاتن. وشەی غولام دەستەواژەی «قاپیقوولەر» (غولامی دەرگا = غولام دەرکەوان) لە دامودەزگای عوسمانیدا دەخاتەوە یاد. لە ڕاستیدا زاراوەی قوللەر (غولام = بەندە) خێرایەکی لە نێو سەفەوییانیشدا تەشەنەی کرد. عەبباس لەڕێوە کەوتە کۆکردنەوە و سازدانی چەند هێزێکی پێکهاتوو لە غولامان کە کاکڵی سپایەکی هەمیشەییان پێکدێنا. لە ئێرانی ئیسلامیدا چەمکی سپایەکی هەمیشەیی خودبەخود دەسپێشخەرییەک بوو. لە دەورانی نێوەڕاستی ئیسلامیدا، سپاکان لەسەر بنەمای خێڵەکی و لە هەلومەرجی زۆر پێویستا ڕێکدەخران و جاردان و کۆکردنەوەیان هێندێکی دەکێشا و کارێکی پڕ سەرێشە بوو. فەرمانڕەوا کە ڕەنگبوو پۆلێک پاسەوانی تایبەتی هەبێ، دەبوو پلە و قورساغ و سەنگبایی کەسایەتی خۆی و ئەو هۆکارانەی تر کە بنەمای دەسەڵاتیان پێکدێنا، تێکڕای پاراستبان. عەبباس بە سازکردنی ئەو هێزە تازانەی غولامان، سپایەکی دروست کرد کە هەمیشە بە دەستەوە بوو؛ دەیتوانی بە چووکترین ئاماژە بێتە مەیدان و تەنیا سەبارەت بە شا وەفادار بوو کە دەسکەوتێکی زۆر گرینگە. بوونی ئەم سپا تازەیە ئەوەندەی توانا وەبەر عەبباس هێنا کە ئەگەر قزڵباش بە حاڵودووبەڵا سەریان لە ئاست فەرمانی بادابا، بێڕەحمانە دەستی دەوەشاند.

ئەو هێزە تازانەی غولامان کە عەبباس سازی کردن بریتی بوون لە سوارەی چەکدار و تفەنگ بە دەست کە دەپازدەهەزار کەسێک دەبوون. بێجگە لەمە، عەبباس لەشکرێکی تفەنگداری پێکهێنا کە بەشی زۆریان ئێرانی بون و سەرەتا بڕیار وابوو بەشێک بن لە چەکدارانی پیادە، بەڵام وردەوردە ئەسپیان دانێیە و هەروابێتەوە لەشکرێکی تۆپخانەشی دامەزراند. هەرکام لەم لەشکرانە ١٢٠٠٠ کەسێک دەبوون. سەرەنجام پاسدێرانی پادشایەتی تا ٣٠٠٠ کەس پێهەڵاچوون و ئەم تاقمە تەنیا لە نێو غولامان هەڵدەبژێردران کە ئەمە نیشانەیەکی زەقی دیکەی بێباوەڕی پادشا بوو سەبارەت بە قزڵباشان. بەم شێوەیە سەرجەم شا سپایەکی هەمیشەیی نیزیک ٤٠٠٠٠ کەسەی لە ژێر فەرمانیدا بوو.

دوای پێکهێنانی سپایەکی هەمیشەیی، عەبباس بەرەورووی گرێ و کۆسپی دانی مووچەی چەکدارانی ئەم سپایە بۆوە. بەر لە شاعەبباسی یەکەم، بە لای

زۆریدا چەکدارانی قزڵباش هێـزی ئامادەیـان پێکهێنـا. حکوومـەتی مەڵـبەند و هەرێمە پاوانکراوەکان (تیوولەکان) دەدرانە سەرۆکانی قزڵباش. حوکمڕانی هەر هەرێمێک ئیزنی هەبوو بەشی زۆری داهاتی ئەو هەرێمە خەرج بکا بەم مەرجە کە ژمارەیەکی دیاریکراو چەکدار ڕابگرێ و لە کاتی پێویسـتا بـە دەسـتووری شـا گاڵیان بدا. ئەو هەرێمانـەی کـە بـەم شـێوەیە ڕێکخرابـوون، پێیـاندەگـوترا «مەمالێک» (مەملەکەت = هەرێمەکان)؛ تـەنیا بـڕێکی داهـاتی ئـەو هەرێمانـە، ئەویش زیاتر بە شێوەی دیاری و قەرز دەدران بـە شـا. کەوایـە بـڕی نەغدینـە (وشکەپووڵ)ی نێو خەزێنەی میری کەم بوو و بە سەرچاوەیەکی شیاو دانەدەندرا بۆ دانی مانگانەی سپایەکی نیزیک ٤٠٠٠٠ کەسی. ملکی تایبەت، سەرچاوەی داهاتی بەرچاوی شا بوون و داهاتی ئەو زەویوزارانە لە لایەن سەرکار و پاکارانی شاوە کۆدەکراونەوە. ڕێچارەیەکی کە شاعەبباس بۆ ئـەم گرفتـە وەبـەرچاوی گـرت گۆڕینی چۆنیەتی پێراگەیشتنی زەویوزاری هەرێمەکان و هەڵـگێڕانەوەیان بـوو بۆ ملکی تایبەت (تایبەت و پاوانی شا یان حکوومەت). ملکە تایبەتەکان لە لایەن سەرکار یان چاوەدێرێکی شاوە بەڕێوەدەچوون و ئەم کاربەدەستانە زیاتر لە نێو غولامان هەڵدەبژێران. بەم شێوەیە ئـەم ڕەوت و سیاسـەتە وێـڕای ئـەوەی کـە ژمارەی حاکمانی دەسەڵاتداری قزڵباشی کەم کـردەوە کـە هـەرکام لـە حـەغزی هەرێمی خۆیاندا بە سوڵتانێک دادەندران، پێگەی غولامـانی هـەوراز بـرد. بـەم چەشـنە دڵـگربوونی ئـەم سیاسـەتە بـۆ هـەباس بـوو بـە دوو هێنـدە و لـە کورتخایەندا گرفتەکانی چارەسەر کرد. بەڵام لە درێژخایەندا ڕەخنەی بنەڕەتی و پتەوی دەهاتەوە سەر. یەکەم ئـەوەی کـە لەسـەر پـێوشـوێنی ڕابـردوو کـە حاکمانی قزڵباش لە هەرێمەکان حوکماتیان دەکرد، بەرژەوەندی خودی خۆیـان دژی تەنینەوەی ترس و تۆقاندن و دەسدرێژی ڕادەوەستا، چونکە ئەگـەر ئـەوان هەوڵیان دابا برە دراوێک بە ناوی پیتاک یان بیـانووی جۆراوجـۆر وەربگـرن و جەماوەر بکڕوسێننەوە، ئابووری هەرێمەکە خەساری وێدەکەوت و لـە ئاکـامدا بەرهەم و داهات کەمدەبۆوە. لـە لایـەکی دیکـەوە لـە هەرێمـە تایبەتـەکاندا، چاوەدێری شا تەنیا دڵی بە شتێک خۆش بوو، ئـەویش کۆکردنـەوەی هـەرچـی زیاتری پیتاکی دیـاریکـراو، هـەتا بتوانـێ شوغڵـەکەی خـۆی بپـارێزێ. جـا لەبەروەی کە ئەو هیچ بەرژەوەندییەکی خۆی لەو هەرێمە بەرباسەدا نەدەبینی،

زۆری پێوە وەرەز نەبوو کە سەنگینی باری پیتاک و ملکانە ئاستی ژیانی خەلک دادەبەزێنێ یان نا. خالی دووەم نیشانی دەدا کە ئەم سیاسەتە لە درێژماوەدا بوو بە هۆی لاواز بوونی ولات بە باری لەشکرییدا، بەتایبەت لە رۆژگاری جێنشینانی عەبباسدا یانی شاسەفی (١٦٢٩-٤٢ / ١٠٣٨-٥٢) و عەبباسی دووەم (١٦٤٢-٦٦ / ١٠٥٢-٧٧) کە رەوتی گۆرانی پێراگەیشتنی زەویوزاری هەرێمەکان بۆ ملکی تایبەت (تایبەتی میری) کەوتە سەر بارێکی تیژئاژۆ. سەرەنجام ناوچە و هەرێمەکانی سنووریش جگە لە کاتی شەرا کە حوکمرانانی قزلباش دادەندرانەوە، بوونە هەرێمی تایبەت. دەرکەوتنی ئەو راستییە کە حاکمانی قزلباش لە کاتوساتی قەیراناویدا دووبارە دادەندرانەوە، خۆی پێلێنانە لەم مەبەستە کە ئەوان باشتر دەیانتوانی ئەو هەرێمانە بپارێزن. سەرکردەیەکی قزلباش کە ناوچە و هەرێمێکی وەک پاوانەدەرەبەگی (تیول - اقطاع) درابوویە، رەنگە بەرژەوەندی زیاتر لەو شوێنە هانی دابا باشتر دەسبکاتەوە لەچاو کاربەدەستێکی داندراوی دەولەت کە هیچ ئەرک و پەیمانێکی درێژماوەی لە ناوچەدا نەبوو. خالی سێهەم دەریدەخا کە غولامانی لەشکرچی ئەگەرچی لە هەلمەت دژی عوسمانییەکان و ئەوانیترا باش وەدەس دەهاتن و گەرچی هێندێک سەرکردەی هەلکەوتەیان لێپەیدا بوو، بەلام لە لێکدانەوەی کۆتاییدا روون دەبێتەوە کە خاوەنی ئەو شۆر و هەستە خۆراگرانەی شەرکەرانە نەبوون کە دەگەرایەوە سەر ورەی هاوپشت و سۆزی بەهێزی خێلەکی. هەر ئەو سۆزە دەروونییەی کە قزلباشانی کردبوو بە تاقانە سپایەکی رۆژهەلاتی نێوەراست کە ببوونە جێی ئافەریمی «یەنیچەری»یەکانی عوسمانی. لە راستیدا سەرسووران غولامانیان ناخۆش دەویست و پێیاندەگوتن «قەرەئۆغلوو» (کوری رەشان) یان بە مانای باو «کورانی نۆکەرانی رەش». کەوایە لە درێژخایەندا گۆرینی سیستمی بەرێوەبردنی زەویوزاری هەرێمەکان بۆ ملکی تایبەت، زیان و خەساری ئابووری و لاوازی لەشکری ولاتی لێکەوتەوە.

کەم کردنەوەی ژمارەی حوکمرانانی قزلباشی ناوچە و هەرێمەکان بە هیچ چەشنێک هەر تەنا هەنگاو و داهێنانی عەبباس نەبوو بۆ کەمکردنەوەی دەسەلاتی قزلباشان. ئەو بە شێوەیەکی رێکوپێک تاقمەکانی قزلباشی سەر بە خێلێکی کۆچ پێدەدا بۆ ئوولکە (لەوەرگە = سەرزەوی) یان ناوچەیەکی پاوانی

خێڵێکی تر. ئەمە تەنیا یەکێک لەو ڕێوشوێنە بەربڵاوانە بوو کە عەبباس بە مەبەستی کەمڕەنگ کردنەوەی مەیل و تاسەی هاوبەش و نیزیکی خێڵەکی کە سەرچاوەی دەسەڵاتی قزڵباشان بوو، وەبەرچاوی گرت. هێندێک جاران هەر بەئانقەست کەسێکی دەکردە بەرپرسی خێڵێک کە خۆی لەو خێڵە نەبوو. جاری وابوو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە خێڵ خاوەنی کەسێکی شیاوی ئەوتۆ نیە تا بتوانێ ڕێبەرایەتی بکا و غولامێکی دەکردە سەرۆکی ئەو خێڵە. ئەو کارانە لە کورتخایەندا ئامانجەکانی خۆیان پێکا، بەڵام درێژەی ئەم ڕەوتە لە لایەن جێنشینانی عەبباسەوە ئاخرییەکەی هێز و دەسەڵاتی لەشکریی ئیمپراتۆرێتی سەفەوی دابەزاند.

کاردانەوەی ئەم سیاسەتانە لەسەر کاروباری وڵات نابێ بە ناچیزە دابندرێن. لە ماوەیەکی کورتا گورجییان، ئەرمەنییان و چرکەسان گەیشتنە باڵاترین پلەکانی حکوومەتی. مینۆرسکی وای لێکداوەتەوە کە لە کۆتایی فەرمانڕەوایەتی شاعەبباسدا، پێنج یەکی پلە باڵاکانی بەڕێوەبەرایەتی وڵاتیان بە دەستەوە گرتبوو. هێندێک جاران ئەم نوێدەوڵەتانەی کۆمەڵی سەفەوی هەوڵیان داوە کە زنجیرەی دەسەڵاتدارانی بنەماڵەیی دامەزرێنن و نموونەی بەرچاویان «ئەڵڵاوێردیخان»ی مەنشوورە. هەتا ساڵی ١٥٩٥ (١٠٠٣-٤) ئەڵڵاوێردیخانی گورجی ببوو بە یەکێک لە دەسەڵاتدارترین گەورەپیاوانی وڵاتی سەفەوییە. ئەو نەک تەنیا خاوەنی پلەی قوللەرئاقاسی (سەرۆکی هێزە تایبەتەکانی بارگای میری) بوو کە بە یەکێک لە پێنج پلە باڵاکەی ئەو زەمانی دادەندرا، بەڵکوو حوکمڕانی هەرێمی دەوڵەمەندی فارسیش بوو. ئەم هەڵبژاردنە نیشاندەری گۆڕانێکی بەرچاوە لە سیاسەتی شاعەبباسی یەکەمدا. هەتا ئەم ڕۆژگارە تەواوی هەرێمە پانوبەرینەکان بە دەس ئەمیرانی قزڵباشەوە بەڕێوەدەچوون. کە ئەڵڵاوێردیخان کرایە حوکمڕان، شانی لە شانی سەرۆکانی قزڵباش دا و بوو بە یەکەمین نوێنەری مەزنایەتی نوێی غولامان. دەسەڵاتی وی ساڵی ١٥٩٨ (١٠٠٦-٧) کە کرایە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، گەیشتە لووتکەی خۆی. هەڵدان و گەشە و فڕین بۆ پلەیەکی وا بەرز لە ماوەیەکی ئاوا کورتا، دەکرێ بە تێڕاچوون و سەرکەوتنێکی برووسکانە ناودێر بکرێ. بە بەراورد و هەڵسەنگاندنی ئەم بارودۆخە لەگەڵ تەنیا دە ساڵ لێرەوبەری، خێرایی

ئاڵوگۆڕەکان بە دەس عەبباس تووشی سەرسوڕمانمان دەکا. ژیانی نێو جەغزی ئەم تازە ماقووڵبوونەی غولامان و دەوڵەمەندی و ژینی بنەماڵەیان تەواو بەرەورووی ئەو مەترسییانە بوو کە پۆلی ئەندامانی مەزنایەتی کۆنی قزڵباشان گیرۆدەی ببوون. وەختایەک ئەڵلاوێردیخان لە ساڵی ١٦١٣ی زایینی (١٠٢٢ی کۆچی)دا مرد، شاعەبباس، ئیمامقولیی کوڕی لە جێی دانا و کردی بە حوکمڕانی فارس، بەڵام ساڵی ١٦٣٣ (١٠٤٢) ئیمامقولیخان و تەواوی ئەندامانی بنەماڵەی بە فەرمانی شاسەفی کوژران، (بڕواننە بەشی ١٠).

عەبباس بەر لەوەی هەرکام لەم سیاسەتانە بکاتە ڕێوشوێن، دەبوو بەرەنگاری ئەو هەڕەشە بووبایەوە کە لە لایەن قزڵباشانەوە بە سەر دەسەڵاتەکانی دەکشا. سەرەتا میری دەسەڵاتداری قزڵباش مورشیدقولیخان کە ڕێبەری خێڵی ئۆستاجلوو و بەرپرسی بردنە سەر دەسەڵاتی عەباسی یەکەم بوو، پێیوابوو دەتوانێ وەکوو ڕابردوو شا بەو ڕێبازەدا بەرێ کە خۆی مەیلی لێیە. ئەم ڕێبەرەی ئۆستاجلوو کە شاسمایلی دووەم کوشتار و خەسارێکی زۆری بە ئەستۆی خێڵەکەی دابڕیبوو، بە نیشانەی ئەو دەورەی کە دەبوو بیگێڕێ و لە مێشکی خۆیدا بوو، نازناوی وەکیلیشا یان وەکیلیپادشایەتی باربووی خۆی کرد. ئەمە لاساکردنەوەیەکی دیار بوو کە ئەگەر مەبەست لەوی هەمان مانای پێشووی «وەکیلی نەفسی نەفیسی هومایوون» نەبوو، لانیکەم دەگەیشتە شانی پلەی وەکالەت لە قۆناخی مەزنایەتی قزڵباشان لە ساڵانی ١٥٢٤ تا ١٥٣٣. بێگومان مورشیدقولیخان دەیهەویست دەسەڵاتە بەرفرەوانەکانی جێنشینیمیری (بریکاریمیری) وە دەست بێنێ و پەیوەندییەکی تایبەت لەگەڵ شا دامەزرێنێ. هەباس نە قەت مورشیدقولیخانی وەک دەمڕاست و سەرپەرستی خۆی خۆشدەویست، نە مانەوە لە نێو خێڵی ئۆستاجلوویدا بە دڵ بوو. عەبباس پاش ئەوەی گەیشتە دەسەڵات، ئۆگری و خۆشەویستی سەبارەت بە وەکیلەکەی کە بڕشت و بڕستی هەروا پێهەڵادەچوو، لە ڕابردووش کەمتر ببۆوە. هەر تەنیا عەبباس وەکیلی ناخۆش نەدەویست، بەڵکوو دوای ماوەیەک تاقمێک لە سەرۆکانی قزڵباش پیلانێکیان بۆ کوشتنی کێشا و ڕقی خۆیان پێڕشت. مورشیدقولیخان زووتر بە پیلانەکەی زانی و پەنای بردە بەر کۆشکی پادشایەتی. پیلانگێڕان کە خۆیان لە چەکاندا ڕەشهەڵگێڕابوو هرووژمیان کرد

کۆشک و پاش تێپەڕین بە بەردەمی پاسەوانانەدا، چوونە سەرسەرای میوانداری. عەبباس ئەگەرچی پێیخۆش بوو بەلای وەکیلی لە کۆڵ بێتەوە، بەلام تێگەیی کە بیتوو پیلانگێڕانی لەبەر شوولێهەڵکێشان و بە زۆرەملی خۆ ڕەزگ کۆشکـنـان، بەو جۆرەی کە پێویستە نەیانچزێنێ و تەمێیان نەکا، وەک باوکی دەبێ سەر بۆ کەسانی دەوروبەری نەوی بکا. ئەم ڕووداوە ئەزموونێک بوو بـۆ ئـەو. عـەبباس هاواری لە شاسـەیوانان کـرد و هێنـدێک لـەو قزڵباشـانە بـەهەشـتاو ڕژانـە قەسرەوە. پیلانگێڕان داوایان کرد کـە عـەبباس شـووڕایەکـی وەک ئـەوەی لـە سەردەمی سوڵتانمحەممەدشادا هەبوو، پێکبێنێ. هەباس ئەم پێشـنیارەی ڕەت کـردەوە. وەختایـەک کـە یـەکێک لـە پیلانگێـڕان دەرهەڵـبوو و جنێـوی بـە مورشیدقوڵیخان دا، شا غەزری و نەڕاندی: «هۆی گەندەپیاوی چەپەڵ... بـوونی کەسانی وەک ئێوە کە داویانەتە خودبەسەری دڕکی گوڵـزاری دەوڵـەتە!»[٣] دڕوو خێرایەکی دروێنەکران و عەبباس بە یارمـەتی شاسـەیوانان تـەواوی ڕێبـەرانی سەرەکی پیلانەکەی کوشت. پاش تێپەڕ کردنی ئەم ئەزموونە، عەبباس ئەوەندەی خۆ بەهێز زانی کە لە بەلای وەکیلیش قوتار بێ و لە ٢٣ی ژووئییـەی ١٥٨٩ (١٠ی ڕەمەزانی ٩٩٧)دا، نۆ مانگ دوای چوونە سەر تەختی دەسـەلات، فـزەی لـەویش بڕی و کوشتی. چەند نموونەیەکی ئـاوا لـە بـەڕێوەچوونی خێـرای عەداڵـەتی میرانە، وای کرد هێندێک لە قزڵباشان لە ترسی گیانیان ڕابکەن، بەلام هـەباس بۆچوونی خـۆی سـپاندبوو و دەیگـوت: «لـەم ڕۆژگـارەدا دەبـێ ئـەو ڕێسـایە [ڕێوشوێنی زەمانی سوڵتانمحەممەدشا] فەرامۆش بکرێ. چی گرینگـە بـە دەس پادشایە.»

سەرلەنوێ ڕێکخستن و سازدانەوەی هێزە چەکدارەکان بـە شـەوێک و دووان دەستی نەدەدا و بارودۆخ لە سنووری ڕۆژهەلاتی هەروا بـەرەو گـرژی دەڕۆیـی. ئۆزبەکان مەڵبەندی سیستانیان لە داوێنی خوراسان کە کەمتر وەبەر پەلاماریان دەهات، کردبوویانە مەیدانی ڕاوێچکە و تراتێنی خۆیان. قەندەهار کـە لـە ١٥٣٧ (٩٤٣-٤)ڕا نێوەنێوە بە دەستی سەفەوییەوە بوو لە ساڵـی ١٥٩٠دا کەوتـە چنـگ تەیمووریيان. عەبباس بە لەشکرێکەوە ڕووی کردە خوراسان، بـەلام خـۆی لـە شەڕێکی بەڕاستی دەپاراست. ئەو سەرەتا لە پلەی سەرکردەیـەکی لەشکریدا وا مەند و بەپارێز خۆی تواند کە بوو بە یەکێک لە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی

لە شەڕەکانی داهاتوودا. سەرەنجام لـە ١٥٩٨ (١٠٠٦)دا، دە سـاڵ دوای دەسـپێکی حکوومەتی هەباس، مردنی ڕێبەری بەدەسەڵاتـی ئۆزبـەکان، عەبدوڵـلاخـانی دووەم، شەڕ و نێوانناخۆشییەکانی نێو خانەدانی میرانی ئۆزبەکی تیژتر کـرد و هەباس لە ڕۆژهەڵاتەوە هەلی لەباری بۆ ڕەخسا. ڕۆژی ٩ی ئـاوریلی ١٥٩٨ (١٢ی ڕەمەزانی ١٠٠٦) لـە ئیسـفەهانەوە لەشکری دەنـگ دا و ئەوەنـدەی بـە خـاکی خوراساندا ڕۆدەچوو، ئۆزبەکان بـێپسـانەوە دەکشـانەوە. ٢٩ی ژووئییـە (٥ی محەڕڕەمی ١٠٠٧) شا چووە زیارەتی گڵکۆی عەلیڕەزا، هەشتەمین ئیمامی شیعان لە مەشهەد. گومبەزەکەی شەق و شپرێو بوو. تەواوی چلچرا زێڕ و زێوەکـانی بـە تاڵان چووبوون و موغبەرەکە چ زێڕ و زێوی دیاری و خـەڵاتـی پێـوەنـەمابوو، غەیری پەرژینی زێڕینی دەوراندەوری قەبرەکەی ئیمام. شا ڕۆژی یەکەمی ئووت (٨ی مانگی محەڕڕەم) لە مەشهەدەوە بەرەو هیرات پێینایە ڕکێف بەو هیوایەی کە ئۆزبەکان لە شەڕ وەربدا کە ئێستا دیـنمحەممـەدخان سـەرۆکایەتی دەکـردن و ئەمەش بە هیچ چەشنێک کارێکی هاسان نەبوو. ئۆزبەکان وایان بە چاک دەزانی کە خۆ لە تێکهەڵـچوونی قـورس بپـارێزن و بکشـێنەوە خـاکی کـەسنـەکێڵ و بەردەڕقی بێ ناونیشانی ئەوبەری ڕووباری جەیحوون، ئەو شوێنەی کە ئەگـەر هاتبا و سپایەکی ڕێکوپێک سەری دە دوو نابان، خۆی دەخستە مەترسی. ئەوان ڕادەوەستان هەتا دەرفەتی لەباریان بو ڕەخسابا و سپای شا پاشەکشەی کردبا، جا ئەو دەمی لەسەر پێوشوێنی کۆنباوی خۆیـان وەخـۆ دەکـەوتن؛ لـە شـاران سەربازخانەکانی سەفەوییان داگیر دەکردن و گوندەکانیان دەکردە جێی بـازوبرد و مەیدانی تاڵانوبرۆیان. لەم ڕووداوەدا هەباس هەر ئەو فێڵەی دووپات کـردەوە کە سمایلی یەکەم لە سەرکەوتنی گەورەی بە سەر ئۆزبەکاندا لە مـەرو، ساڵـی ١٥١٠ (٩١٦) دە کاری کردبوو. شا فەرمانی دا بە پێشـەنگانی لەشـکر بکشـێنەوە و بیکەنە دەنگۆ کە لەبەر سەرهەڵدانی قەیران لە ڕۆژاوای وڵات فەرمانڕەوا بەناچار بایداوەتـەوە ئـەو قۆڵـە. دیـنمحەممـەدخان هەڵـفریوا و لـە قایمـە و قـەڵا و سەنگەرەکانی هیرات دەرپەڕی و شا کە مەودای دە ڕۆژەڕێیانی بـە چوارونیـوان بڕیبوو، ڕۆژی ٩ی ئووتی ١٥٩٨ (١٥ی محەڕڕەمی ١٠٠٧) ئۆزبـەکانی لـە دەشـت و بیروونێ خستە گازەوە. زۆرێک لە ژێرڕکێفان و هاوڕێیانی شا شەکەت ببـوون و ئەو لە ڕێکوتانی دوورودرێژیدا ئەوەندە لە جەرگەی سپاکەی وەپێش کـەوتبوو

کە تەنیا ١٠٠٠٠ کەسی لەگەڵ دەرچوو بوو، بەڵام ئۆزبەکان ١٢٠٠٠ کەس بوون. شەڕەکە توند و ئاکام هەروا نادیار بوو کە ٢٠٠ کەس لە قەرەوڵەکانی شا ترووسکانەوەی کڵاوخوود و زرێی ئەو سوارانەیان بە چاو ئەنگاوت کە لە قامیشەڵانەوە بەرەوپێش دەبزووتن؛ ئەمە خودی دینمحەممەدخان بوو لەگەڵ ١٠٠٠ کەس سوارەی دەسبژێری کە بۆ ڕۆژی تەنگانە ڕایگرتبوون. قەرەوڵەکانی شا تۆقین. شا هاواری کرد و تانووتی لێدان: «بۆ ڕاوەستاون! شەرمەزاریی ڕاکردن مەکەنە پەڕۆی سەر شان، مەردانە برۆنە مەیدان، چونکە کوژرانی مێرانە باشترە لە ژیان و مانی سەرشۆڕانە کە ئابڕوومان دۆڕابێ.»[٤] هێرشی لێبڕاوانەی پاسدێرانی شا، ڕیزەکانی ئۆزبەکانی تێکهەڵشێلا و وەختایەک کە دینمحەممەدخان بە زەبری نێزەیەک ئەنگوا، ئۆزبەکان بە پانەوە کشانەوە. سەفەوییان هەتا ئەسپەکانیان پسان و سەکەت بوون دەم لەسەر پشت کەوتنە شوێنیان و ئۆزبەکان ٤٠٠٠ کەسیان لێکوژرا. دینمحەممەدخان کە ئەوەندەی خوێن لەبەر ڕۆیشتبوو، لەسەرخۆ چووبوو، وادیارە لە مەودای کشانەوەدا کەوتەبەر پەلاماری خێڵەکانی سەرڕێی و کوژرا. هەباس بە سەرکەوتن لە «ڕەباتی پەریان» نە تەنیا هیراتی ئازاد کرد، بەڵکوو توانی بە بەستنی چەند پەیمانێکی یەکێتی لەگەڵ سەرۆکانی ئۆزبەک سەرکەوتنێکی بڕێک باش بۆ سەقامگیر کردنی سنووری باکووری ڕۆژهەڵاتی وەچنگ بێنێ. ئەم سەرکەوتنەی وای لێکرد کە ساڵی ١٦٠٢ (١٠١٠-١١) خۆ بداتە هەڵمەت و پەلامارێک دژی عوسمانییەکان.

هێندێک بەر لە دەنگ دانی لەشکر بۆ خوراسان، عەبباس پایتەختی خۆی لە قەزوێنەوە گواستبۆوە ئیسفەهان. نیزیکاتی پتری ئیسفەهان لە جەرگەی وڵات، جووڵاندنەوەی لەشکرەکانی بۆ هەموو قوڵان هاسانتر دەکردەوە. داهێنان و وردەکاری و هونەری شارسازی کە ئیسفەهانی کردە یەکێک لە جوانترین باژێرەکانی جیهان لە بەشەکانی داهاتوودا دەخرێتە بەرباس. شا دوای سەرکەوتن بە سەر ئۆزبەکاندا کە پێی نایە ئیسفەهان، بە نیشانەی ئەم ڕووداوە، چەند باج و پیتاکێکی بە بڕی ١٠٠٠٠٠ تمەنی ئێراقی بەخشی. ئەم لێخۆشبوونە بریتی بوو لە: ١ - بەخشرانی مەڕانە و بزنانە بە بڕی ٢٠٠٠٠ تمەن؛ لەبەروەی خەڵکی خوراسان لە سەردەمانی داگیرکرانی هەرێمەکەیان لە لایەن

ئۆزبەکانەوە بە گیان و ماڵ یارمەتی قۆشەنی شا و هاوولاتییـانی خوراسـانی و میوانانی هەمەچەشنی ڕەسمییان دابوو و لە ئاکـامدا تووشـی تەنگـەژەی دژوار ببوونەوە، شا بۆ هەمیشە وەرگیرانی مەڕانە و بزنانــە و کاوڕانــە و گیسـکانە و شەکانەی لەسەر خوراسان هەڵگرت. ٢ - بەخشرانی زێدەپیتاکی قەبـلاو کـە بـە شێوەیەکی ناقانوونی حاکمـان دەیانئەسـتاند و بـە بـڕی ٥٠٠٠٠ - ٦٠٠٠٠ تمـەن. ٣ - بەخشرانی پیتاکی یەک ساڵەی ئیسفەهان لە چاکەی خزمەتی ڕووڕاستانەی خەڵکی ئەو شارە بە بڕی ٢٠٠٠٠ تمەن.[٥]

لە ساڵی ١٥٨٩ - ٩٠ (٩٩٨)دا عەبباس خـاک و زەمینێکـی بەربـــلاوی ئێرانـــی بەپێی قەراروبڕی دابوو بە غەواران هەتا ناچار نەبێ لە دوو بەرەدا شەڕ بکا و لە پێداچوونەوە و پێراگەیشتنی بەپەلەی گرێ و کۆسـپەکانی نێوخـۆیی‌دا دەسـتی ئاواڵە بێ. لە ١٦٠٢دا بە هێور بوونەوەی کەوشەنی ڕۆژهەلاتی، لانیکەم بـۆ ئـەو قۆناخی و بە سـەقامگیربوونی تـەناهی نێوخـۆ، شـا سـەرنجی کەوتـە سـەر وەرگرتنەوەی دوو هەرێم لە گرینگترین ناوچە و مەڵـبەندەکانی ژێـر چەکمـەی عوسمانییـان واتــە ئازەربایجــان و شــیروان. هــەر وەختایــەک شــا پرســی وەرگرتنەوەی ناوچە لە دەسچووەکانی لەگەڵ ڕاوێژکارانی دێنایە گۆڕ، ئــەوان هێز و دەسەلاتی سوڵتانەکانی عوسمانی و ڕێژەی زیاتری سپا و لەشـکرەکانیان دەخستەوە بیری. یەکەم هەنگاوی عەبباس ڕووخاندنی قەلایەک بوو لە نەهاوەند کە عوسمانی وەک بنکەی پێشەوەی بــەرە بــەجێیان هێشـتبوو. شـا ڕایگەیانـد دەیهەوێ بچێتە مازندەران بۆ ڕاو و هەولێ دا ئەوەندەی بـۆی دەکـرێ دڕدۆنگـی عوسمانییەکان سەبارەت بە گەلالەی پــەلاماردانی ئازەربایجــان نــەهاروژێنێ. سەرەڕای ئەمەش چەند دەنگۆیەک کەوتە بەر گوێی «وەکیلپاشـا»ی فەرمانـدەی سەربازگەی عوسمانی لە تــەورێز. دەڵــێن وەکیـلپاشـا مەبەسـتەکەی لەگـەڵ فالگرێک هێنایە گۆڕ و تەمایان گرت لە دیوانی حافز فالێک بگرنەوە. لە لاپەڕەی دەستی ڕاست، دێڕی یەکەم، ئەم بەیتە نووسرابوو:

«ئێراق» و «فارس»ت گرت بە شێعری خۆت حافز

وەرە کە نـۆرەی «بەغـدا» و کاتی «تـەورێز»ە![٦]

لە ١٤ی سێپتامبری ١٦٠٣ (١٧ی ڕەبیعی یەکەمی ١٠١٢) شا بە بیانووی چوونـە مازندەران، ئیسفەهانی بەرەو باکوور و ڕوو لە کاشان جێهێشت. لــە کاشـانەوە

گەڕایەوە قەزوێن و پاشان لە مـاوەی شـەش ڕۆژاندا خـۆی گەیانـدە تـەورێز. وەختایەک کە قۆشەنی شا گەیشتنە نیزیک ٢٠ کیلـۆمیتری شـار، دانیشـتووانی خۆماڵی کە لە سەردەمی دەسـەڵاتـی سـپای داگیرکـەری عوسمـانیدا کـڵاوی تایبەتی سەفەوییان حەشار دابوو، لە سـەریان نایـەوە و چوونـە پێشـوازیان. وەختایەک پێشەنگانی سـەفەوییە چوونـە تـەورێز، هێنـدێک لـە پیاوەکـانی عوسانی لە قەڵا هاتبوونەدەر و لە بازاڕ خەریکی کڕینی شتومەک بوون. ئـەوان بە بیستنی قریوەقریو و فیکەوفیتەی خەڵکی شـار خێرایـەکی خۆیـان بـە قـەڵا داکردەوە و دەروازەکانیان گاڵە دا.

دیمەنی شار دڵبزوێن بوو، چونکە جەماوەرەکەی لـە سـەرەتای داگیرکـاری عوسمانییەکانەوە ڕەویبوون و سپای عوسمانی زەرەد و زیانێکی زۆری لە ماڵ و خانووبەران دابوو. لە ماوەی بیست ساڵەی ژێر چەپۆکەیی ئەو ناوچەیە، خەڵک کـە زۆریـان هـەموو مـاڵ و سـامانی خۆیـان لـە دەسـت دابـوو، وردەوردە گەڕابوونەوە، بەڵام خەساربارییی شار هەروا لە جێی خۆی بوو. لـە هـەر سـەت ماڵان بەهەڵکەوت یەکیان سێیەکی پێشووی مـابوو. دانیشـتووانی تـەورێز بـۆ وەرگرتنـەوەی تۆڵـە دەسـتیان نەپاراسـت و هـیچ بـەزیان نـەبزووت. ئەگـەر سەربازێکی عوسمانی کچێکی ڕاکێشـابووە ماڵـی خـۆی و منداڵـی لێـی ببـوو، کەسوکاری کچە بێئەوەی گوێیان بەم مەبەستە ببزوێ، پیاوەیان دەردەکێشـا و دەیانکوشت.

کاتێـک کـە هێزەکـانی شـا گەیشـتنە شـار، عـەلـیپاشـای فەرمانـدەی سەربازخانەی عوسمانی و ٥٠٠٠ کەس لە پیاوەکانی لەوێ نەبوون. عـەلیپاشـا بەرەو تەورێز گەڕایەوە، بەڵام لەشکرەکەی بە دەست هێزەکـانی سـەفەوییە کـە لانیکەم بۆ یەکەمجار بە ژمارە پتـر بـوون، لێکهەڵـبڕان و تێـداچوون. ئـەوکات بنکەی لەشکریی عوسمانی لە قەڵا دەستی دا. گەلێک لە چەکدارانی قەڵا کیسـیان لەم دەرفەتە هێنا و بـە وەرگرتنـی مووچـە و مانگانـەی دووهێنـدەی لەشـکری عوسمانی، دایانە پاڵ سپای سەفەوی. سـپای شـا لـە تـەورێزەوە ڕووی کـردە نەخجەوان و ئەوێی گرت. ئەم کارە وای کرد کە تەواوی هێزەکانی عوسمـانی لـە باشووری چۆمی ئاراس بکشـێنەوە ئێـرەوان و لـەوێ کـۆ ببنـەوە. هێزەکـانی عوسمانی لەم ناوچەیـە دەگەیشـتنە ١٢٠٠٠ کـەس و شـوورە و مەتـەرێزەکانی

ئێرەوان کە بریتی بوون لە سێ قەلای جودا، بــە یــەکێک لــە قــایمترین بــەرە و سەنگەرەکانی بەرنگاری و بەربەرەکانی دادەندران. ئەم سێ قەلایە کە یــەکتریان یارمــەتی دەدا و هــەرکام خــاوەنی چەکــداری ئامــادەی پێویســت و ئازۆخــە و کەلوپەلی بە لێشاو بوون، بە کۆسـپێکی گرینـگ دادەنـدران، بەتایبـەت لــەم گۆشەنیگایەوە کە سەفەوییان لە شەڕەکانیاندا لەگەڵ عوسمانییەکان بەدەگمەن توانیبوویان بە هرووژم و هەڵمەت دژێکیان لێبگرن. گەمارۆ لە مــاوەی زســتانی ١٦٠٣-٤ (١٠١٢)دا درێژەی کێشا، بەلام لەبەر سۆزەی سەرما و تۆف و بەند شتێکی وای پێشکەوت وەدەس نەهێنا، زەوی ئەوەنــدە ڕەق بــوو کــە لێــدانی خەنــدەک دەستی نەدەدا. سەرەنجام لە ژووەنی ١٦٠٤ (محەڕڕەم - سەفەری ١٠١٣ی کۆچی)دا قەلا خۆی بە دەستەوە دا و قۆشەنی سەفەوییە لە مەڵبەندی قەراباغ خۆیان دایــە گەلێک پەلامار. هێرشێکی لابرانەی عوسمانییەکان لە بەغداوە بەرپەرچ درایــەوە و سەرکردەکەی گیرا. ئەو هەوالانەی لە دوورەوە دەهاتن دەیانگوت کە عوسمانی لە ئیستانبووڵ سەرقاڵی خۆسازدانن بۆ هێرشێکی بەتەوژم؛ ئەمە وای کرد کە شا ناوچەی قارس و ئەرزەڕۆم لە ئاناتۆلی ڕۆژهەلاتی وێران بکا و دووســێ هــەزار خێزانی ئەرمەنی کە زیاتر هاوینان لەوێ خێڵبەزیان دەکرد، ڕاگوێزێتە ئێراقــی عەجەم. جوغالئۆغڵیپاشا، فەرماندەی سپای عوسمــانی هــەتا چــۆمی ئــاراس پالاوتی، بەلام لەبەروەی هێندەی نەمابوو بۆ زستان، گەڕایــەوە وان. ناوبــانگی شا لە ڕێکوتانی دوورودرێژدا وای کرد. هێزەکانی عوسمانی هێندە لە بنکەی وان نەترازێن و بتۆقن. سالێک هەردوولا هەر هاتنوچوون و خۆیان نواند و پێکیــان دانەدا. ئاخرییەکەی شا، ئەلــلاوێردیخــانی بــۆ شــەڕ نــاردە وان. ســەرکردەی گشتیی هێزەکان گەلێک سەرکەوتنی پرشنگداری لــە بەرامبــەر جوغــالئۆغڵــی و هێزێکی پشتیوان کە لە سیواســەوە نێردرابوویــە یاریــدەی، وەدەســت هێنــا و جوغالئۆغڵی ناچار بوو بە سواری لۆتکە بە گۆلی واندا بــاژوێ و ڕابکــا هــەتا بکەوێتە ئێلجاڕی و کۆکردنەوەی لەشکرێکی نــوێ. شــەڕی یەکلاکــەرەوەی ئــەم هرووژمە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ٦ی نوامبری ١٦٠٥ (٥ی ڕەجەبی ١٠١٤) لە سۆفیانی نیزیک تەورێز. لەم شەڕەدا عەبباس توانستە دیار و بەرچاوەکانی خۆی لە پلەی فەرماندەیەکی لەشکریدا نیشان دا. بەر لە تێکهەڵچوون، ئــەو نەیدەویســت کــە هەموو شتێک لە شەڕێکی بەگەرمەدا باوێتە مەترســی، بەلــکوو بــە قوونەشــەڕ

بنکەی ژین www.zheen.org

توانایی دوژمن دابەزێنێ. بەڵام بەڕێوەچوونی مووبەمووی فەرمانەکانی عەبباس لە لایەن «قەرەچەقایبەگ»ی یەکێک لە فەرماندە بەتواناکانی تۆرمەی غولامان بۆ خۆپاراستن لە هێرش بردن، وای کرد کە عوسمانی بە کەمدەسەڵاتی و بێهێزی لێکیبدنەوە و هەڵمەتیان دەست پێکرد. ئەم هێرشە شەڕێکی قورسی لێکەوتەوە کە هێزەکانی سەفەوییە تەواو تێیدا سەرکەوتن. هەتا ساڵی ١٦٠٧ (١٠١٥-١٦) یانی مەودای کەمتر لە پێنج ساڵان پاش دژەهێرشی شا بەرەورووی عوسمانییەکان، ئاخرین چەکداری عوسمانی لە خاکی ئێران دەرکرا کە بەپێی پەیماننامەی ئاماسییە لە ١٥٥٥ (٩٦٢)دا دیاری کرابوو.

عوسمانییەکان هێشتا حازر نەبوون کە بەپێی پەیمان خۆ بدەنە وتوویێژی تازە و شەڕ و پێکدادانی تەکولۆ بۆ چەند ساڵێک لە مابەینی هێزەکانی عوسمانی و سەفەویدا هەر نەبڕایەوە. وەختایەک کە «نەسووحپاشا» بوو بە جێنشینی مرادپاشا لە پلەی سەرکردایەتی گشتیی هێزەکاندا لە بەرەی ڕۆژهەڵاتی، گفتوگۆی گەرموگوڕی ئاشتی دەستی پێکردەوە. باڵوێزی سەفەوییان «غازیخان»ی وەزیر بۆ خزمەت سوڵتانئەحمەدی یەکەم ڕێگە درا. پاش باس و ڕاوێژێکی زۆر هاتنە سەر ئەوەی کە وتووێژەکان لەسەر بنەمای پەیماننامەی ئاماسییە ئەنجام بدرێن. لە ماوەی ئەو شێست ساڵەدا کە بە سەر مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکەدا تێپەڕیبوو، ئاڵوگۆڕێکی زۆر بە سەر سنوورەکان هاتبوو. بۆ نموونە ناوچەی «مێسخیا» لە گورجستان و قەڵاکانی مەڵبەندی «ئاخسێقە» کە بەپێی پەیماننامەی ئاماسییە بەشێک بوون لە خاکی ئێران، لەم ماوەیەدا عوسمانی داگیریان کردبوون. لە لایەکی دیکەوە چەند قەڵایەک لە ناوچەکانی عەرەبستان و بەغدا کە وەک بەشێک لە خاکی عوسمانی داندرابوون، ئێستا بە دەست سەفەوییانەوە بوون. هەردک لا قبووڵیان کرد کە دانەوەی خاکی ژێردەسەڵاتیان بە یەکتر دژوارە. کەوایە وا هاسانترە هەردوولا ئەو ناوچە و هەرێمانەی بە دەستیانەوەن لە کاتی مۆرکردنی پەیمانی تازەدا هەر بە چنگیانەوە بێ. بە مەبەستی دیاریکردنی سنوورە تازەکان لە ئازەربایجان و ئێراقی عەرەبا، هەردوولا کاربەدەستانی تەواو خاوەن دەسەڵاتیان دیاری کرد. کاری ئەم لێژنە ڕاسپێردراوە لەبەر کۆمەڵێک چالاکی گورجییەکان و کوردان بێئاکام مایەوە و ئەم ڕووداوانەی کە ئەوان لەسەر سنووران دەیانخولقاند بۆوە

هۆی هەڵگیرسانەوەی دوژمنایەتی و نێوان‌ناخۆشی مابەینی عوسمانییان و سەفەوییان. لە ١٦١٦ (١٠٢٥)دا لەشکرێکی گەورەی عوسمانییەکان دەورەی ئێرەوانی دا، کاتێک ئەم پەلامارە شکستی هێنا، محەممەدپاشای سەرکردەی عوسمانی دووبارە پرسی گفتوگۆکانی ئاشتی خستەوەڕوو. پادشا وڵامی داوە کە هەمیشە پێی‌خۆشە وتوویژەکانی ئاشتی لەسەر بنەمای یەکەم ڕێککەوتنەکانی نێوان غازی‌خان و نەسووح‌پاشا و بەپێی کاری ئەنجام دراو لە لایەن دوو لێژنەی دیاری‌کردنی سنوورانەوە کە دەقی وەباڵ بۆکێشراوی ڕاپۆرتەکەیان بە چنگ هەر دوو لاوەیە، دەس پێ‌بکاتەوە. لە ئەرزەڕۆم پەیماننامەی سەرەتایی ئاشتی هەر لەسەر بنەمای پێشوو پشتڕاست کرایەوە و سپای عوسمانی کشایەوە. پەیماننامەی بەرایی لە لایەن سوڵتان‌ئەحمەدەوە ڕەت کرایەوە و تۆمەتی هەڵنەستان بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی دایە پاڵ محەممەدپاشا و لێی‌خست. «خەلیل‌پاشا»ی جێنشینی فەرمانی پێدرا کە بۆ پەلاماردانی ئێران بە هاریکاری سەرلەنوێی تاتارەکانی کریمە خۆی ئامادە بکا. شا دەستووری دا بە قەرەچەقای‌خانی غولامی ئەرمەنی - کە زۆر خێرا بە لای شاوە پێهەڵچوو بوو و پاش مردنی ئەڵلاوێردی‌خان لە ١٦١٣ (١٠٢٢)دا کرابوویە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان - تا تەواوی ناوچەی ئێرەوان ـ وان کە دەبێ سپای پەلاماردەر پێی‌دا رابرێ، خاپوور بکا. ئەم کارە پێشڕەوی عوسمانییەکانی وەدوا خست و بەرلەوەی کە خەلیل‌پاشا بتوانێ قورسەی قۆشەنی بگەیەنێتە شوێنی مەبەست، سوڵتان‌ئەحمەدی یەکەم بە سەردا مرد و سوڵتان‌مستەفا هاتە سەر دەسەڵات کە کەمتر شەڕخواز بوو؛ هەر ئەم ڕووداوە هەلی بۆ دەس‌پێکردنەوەی وتوویژەکانی ئاشتی ڕەخساندەوە؛ ئەگەرچی ئاشتی یەکجارەکی ڕووی نەدا، بەڵام هەتا ساڵی ١٦٢٣ (١٠٣٢ - ٣٣) ئارامییەک باڵی بە سەر ملانەی هەردوولا کێشا. لەو ساڵەدا عەبباس هەلی ناکۆکی نێوخۆیی هەرێمی بەغدای ژێر دەسەڵاتی عوسمانی قۆزتەوە و پەلاماری دا و شاری بەغدای گرتەوە کە ساڵی ١٥٣٤ (٩٤٠ - ٤١) سوڵتان‌سولەیمان لە چنگ شاتەهماسبی دەرهێنابوو. مێژوونووسی سەفەوی، ئەسکەندەربەگی مونشی کە گیرانی شاری لە ١٤ی ژانوییەی ١٦٢٤ی زایینیدا[٧] تۆمار کردووە، بە تاسە و ئاواتێکی هەڵقوڵیو لە خۆشەویستی مەزهەبی نووسیویەتی: «ئومێدم وایە بە لوتفی بێ‌سنووری پەروەردگاری بەرزەناو کە

هەتا دنیا بە دنیایە لە ژێر دەسەڵاتی تیرە و تۆرەمەی خانەدانی سەفەوی‌دا هەر بمێنێ و سەقامگیر بێ.»[٨] ئەم ئاواتە بەدی نەهات، چونکە تەنیا دوای تێپەڕینی چاردەساڵ، لە ڕۆژگاری جێنشینی ناشیاوی عەبباس، واتە شاسەفی شارەکە دیسان کەوتەوە ژێر دەسەڵات عوسمانییەکان.

گیرانی بەغدا ورەی چەکدارانی عوسمانی لە بنکە و قەڵاکانی مووسڵ، کەرکووک و شارەزوورا، داڕووخاند و لەشکرچییانی عوسمانی وردەوردە جێ خزمەتی خۆیان بەجێهێشت و هەرسێک قەڵاکە کەوتنە چنگ سەفەوییە. شا چووە زیارەتی شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە کەربەلا، نەجەف، کازمین و سامەڕا. حافزئەحمەدپاشا کرایە مەزنەوەزیر و فەرماندەی گشتیی هێزەکانی عوسمانی لە درێژایی سنوورەکانی ئێران و فەرمانی پێدرا کە بەغدا بستێنێتەوە. شا دوای ئەوەی دەستووری تێدابردنی پێداویستی و داماڵێنی هەر چەشنە کەلوپەل و ئازۆقە و تفاقی سەر ڕەوگەی عوسمانی بە ناوچەی وان‌دا دەرکرد، سەربازگەی سەفەوی لە بەغدا بەهێزتر کرد و خۆی بە مەبەستی پاراستنی بەرەو ئەم شارە بزووت. لەشکری حافزئەحمەدپاشا لە نوامبری ١٦٢٥ (سەفەری ١٠٣٥)دا گەیشتە شار و لە سێ‌لاوە دەورەی قەڵای دا. بەرە و سەنگەرەکانی عوسمانییان بە درێژایی بەستێنی ڕۆژهەڵاتیی دیجلە و نیزیک شەش کیلۆمیترێک پەلی هاویشتبوو و بەشێکی هێزەکانیان لە سەر ڕووبار، لە نیزیک مەرقەدی ئەبووحەنیفە پردێکی لێدابوو و دەستی بە سەر بەغدای کۆن داگرتبوو. قۆشەنی گەمارۆدەری عوسمانی چاک تێر و تەیار دەکرا، چونکە تازە خرمان هەڵگیرابوون. هێزێکی زەبروەشێنی ١٠٠٠ کەسەی داخوازەرانی سەفەوی هێڵی مەتەرێزەکانی عوسمانی هەڵبوارد و باڕووت و قورقوشمی گەیاندە سەربازگەی خۆیان بە مەبەستی بەردەوام بوون لە تیرەندازی. لەگەڵ ئەمەش‌دا عوسمانییەکان زۆر پتەو درێژەی گەرۆیان دەدا و هێزی یاریدەدەری شا کە لە «هاروونئاباد»ەوە هاتبوو لەبەر لێدانی چەند پردێک لەسەر شوێنە سێلاوگرەکان کە لافاو باڵی لێ ئەنگاوتبوون، تێمابوون. حافزئەحمەدپاشا دەیهەویست بەرلەوەی شا بگاتێ بە هرووژمێک شار بگرێتەوە. پیاوەکانی شەو و ڕۆژ ڕانەدەوەستان و بەو کەلێن و پچڕاوییەی بەدی‌هاتووی حەساری شاردا هەڵمەتیان دەبرد، بەڵام تەنیا ئاکامیان بەرەوڕووبوونەوە بوو لەگەڵ شوورەی

پارێزگاری کە چەکدارانی سەربازگەی سەفەوی بە مەبەستی تووش بوونی بارودۆخی ئاوا سازیان کردبوو. عوسمانییەکان لەو هێرشە سەرنەکەوتووەدا ٥٠٠٠ کەسیان کوژرا.

سەرەنجام هەباس لە حەوتەمین مانگی گەمارۆدا گەیشتە بەغدا. نەخشەی عوسمانییەکان ئەمە بوو کە لەگەڵ شا تێنەکەون، بەڵکوو زۆر پتەو لە پشت قایمە و سەنگەرەکانی خۆیان دابنیشن کە بە خەندەک و هەروەها کۆمەڵێک لەمپەری عارەبانەی تۆپان و پەرژینی دارین کە تۆپەکان و تفەنگداران لە پشتەوەیان جێگیر ببوون، دەپارێزا. بەم شێوەیە ئەوان سەرەڕای ئەوەی خۆیان لە تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزی یاریدەدەری شا دەپاراست، دەیانتوانی هەروا درێژە بە گەمارۆی قەڵاش بدەن. عەبباس گەیشتە ئەم ئاکامە کە پەلاماردانی قۆشەنی عوسمانی هەم لە وشکانی و هەم لە تەڕانیڕا ڕابگرێ. ئەو هێزێکی بە مەبەستی ڕێگرتن لەو کەلوپەل و پێداویستییانەی کە بە لۆتکە لە دیاربەکر و مووسڵەوە دەگەیشتنە دەس عوسمانییەکان بەڕێ کرد. تاقمێکی دیکە لە ڕووباری دیالە پەڕینەوە و هۆردووگایەکی قایمان لە ڕۆژاوای ڕووبار دامەزراند. پۆلی سێهەم بە سواری لۆتکە و کەڵەکان لە دیجلە کە بە داوێنی شاردا دەخوشی، پەڕینەوە و بنکەیەکی گەرووگری دیکەیان لە ڕۆخی ڕۆژاوا دامەزراند. دەستەی سێهەم دەیتوانی دەست بە سەر تەواوی ئەو پێداویستیانە دابگرێ کە لە حللە و بەسرەوە دەگەیشتە سپای عوسمانی. لەگەڵ ئەمەشدا هێزێکی دیکە بە مەبەستی بەرەگە گرتنی ڕێگەی سەرەکی دابینکرانی پێداویستییەکانی عوسمانییان لە حەلەب و فالووجەوە نێردرا. ئەم کار و جووڵانەوانە زۆر سەرکەوتووانە بوون و کاروانێکی قورس کە لە حەلەبەوە دەهات دەستی بە سەر داگیرا. بەڵام لە ژووەنی ١٦٢٦دا پیاوەکانی سەفەوی لە قەڵادا بەرەوڕووی کەمبوونی خۆراک و خواردەمەنی بوونەوە. پۆلێک پیاوی ڕەشیدی نێو قەڵا، لە ژێر پەردەی تاریکی شەودا، چەند لۆتکەیەکیان بە دیجلەدا گەیاندە هۆردووگای شا. لەوێ لۆتکەکانیان پڕ کرد لە ئارد، گەنم، جۆ، برینج، ڕۆن، مامر، مەڕ و چەند خواردەمەنی دیکە وەک شیرنی و میوە، شەربەت، شەکر، نەبات چیوچی. ئەم بارانە دەبوو بۆ مەودای نیو فرسەخێک بە نێوان پەلاماری دوولایەنەی هێزەکانی عوسمانیدا تێپەڕێ کە لەبەر بە دەستەوە بوونی بەغدای کۆن، لە هەردک

بەستێنی ڕووباری دیجلە دامەزرابوون. بەشێک لەو بارانە بـە سـواری لۆتکـە و هێندێکی بە کاروانی وشتران بە لێواری ڕۆژاوایی‌دا بـەڕێ‌کـران و ڕەوگـەی ئـەم کاروانە لە لایەن دەستەیەکی ئازای چەکدارانی سـەفەوی‌ڕا دڕی پێـدەدرا و پـاک دەکرایەوە.

بووژاندنەوەی پێداویسـتییەکانی قـەڵا زەبرێکـی گـەورەی لـە نەخشـەکانی عوسمانییەکان وەشاند و حافزئەحمەدپاشا تەمای گرت مەترسیی هەڵگیرسـانی شەڕێکی بەگەرمە لەگەڵ هێزە یاریدەدەرەکان قبووڵ بکا. پیاوانی شا، زەبرێکـی سـەختیـان لـە قۆشـەنی عوسمـانی وەشـاند و گـەلێکیان کـوژراو و برینـدار لێ‌خستنەوە و گێڕایاننەوە سەنگەرەکانی خۆیان. بڕینی هێڵەکانی پەیوەنـدی و دابین‌کرانی پێداویستی عوسمانییەکان لە لایەن سەفەوییەڕا ئێسـتا کاردانـەوەی خۆی نیشان دەدا؛ گەمارۆدەران نە تەنیا بەرەوڕووی کـەمبـوونی خوردوخـۆراک ببوونەوە، بەڵکوو نەخۆشیش لە نێویان‌دا پەرەی سـەندبوو. لـە ٤ی ژووئیـەی ١٦٢٦ (٢٠ی شەشەکانی ١٠٣٥)دا حافزئەحمەدپاشا بەناچاری کەوتـە پاشەکشـە و لەبەر نەبوونی بارەبەر تۆپـەکانی خـۆرایی کـرد و ڕاینەگواسـتن. چەندهـەزار نەخۆش و ناساغی جواناوڕێژ لە بـەرەکانی عوسمـانی‌دا بـەجێمان. پسـاندنی گەمارۆی بەغدا وێنەیـەک بـوو وەک شـەڕی سـۆفییانی تـەورێز کـە وریـایی فەندوفێڵـی بـەرچاوی شـەرزانینی شاعەبباسـی دەردەخسـت. نامەیـەک کـە گەورەئەفسەرێکی عوسمای بۆ دۆستێکی خۆی لـە ئیسـتانبوول نووسـیویەتی، ڕاپۆرتێکی ڕوونە سەبارەت بە هەلومەرجی گەمارۆدەرانی عوسمانی پاش بـڕانی هێڵەکانی دابینی پێداویستی لە لایەن سەفەوییەکانەوە:

«ئەو دژخۆر و سەرگوڵپەسندانەی کە بۆ خوردوخۆراک ئاوا تونـدیان دەکێشا، ئەمڕۆ ئەگەر گۆشتی یەکسمیان وەگیر کەوێ شوکرانەبژێرن! ئەو پیاوە جوانی‌پەسند و تەڕپۆشانەی کە کراسـی میسـرییان بـە شـەرمەوە دەکردە بەریان، ئێستا شـادن ئەگـەر بێتـوو کۆنـە کەوایـەکی شـیتاڵ و بزگوڕی لەتە کوێنیان وەگیر بکەوێ کە ناگاتـە سـەر ئەژنۆشـیان! ئـەو پاڵەوانە غلloورانەی کە لە قاوەخانان‌دا قزڵباشانیان لەبـەر ترسـەنۆکی دەکردە گاڵتەجاڕ، ئێستا ئەگەر قوڵە چەکدارێکیان لـە یـەک فرسـەخی‌ڕا دەبینن، بە ڕۆستەمی داستانی هەڵدەسەنگێنن!»[٩]

ئاخرین خاڵ بە جوانی پێشکەوتەکانی لەشکریی عەبباسی یەکەم نیشان دەدا. ئەو لە سەرەتای حکوومەتەکەی‌دا ناچار ببوو کە دەوڵەمەندترین ناوچە و هەرێمەکانی ئێران بۆ عوسمانییەکان بەجێ‌بێڵێ. لە بنەبانی ژیانی‌دا ئیتر عوسمانییەکان تازە وەشوێن سەرکەوتنی هاسان و داگیرکردنی خاک نەدەکەوتن لە قەڵەمڕەوی سەفەوی‌دا.

دیتمان کە لە زەمانی دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوی‌ڕا (١٥٠١ / ٩٠٣) هەتا دەسپێکی فەرمانڕەوایەتی عەبباسی یەکەم لە ١٥٨٨ (٩٩٦)دا، خولی گۆڕان و ئەزموون بوو. بە مەبەستی تێکەڵ کردنی شانە و دەستەوبەستەکانی بەرایی سۆفییەکانی ڕێبازی سەفەوییە لە پێکهاتەی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی وڵاتا چەند هەوڵێک درا. هێندێک تەقەلا درا هەتا باری قورسی دەسەلاتی تورکمانان کەم بێتەوە کە دەیانویست تاجیک جێیان پێ‌لێژ بێ. ئەم هەولانە هەردک شکستیان هێنا. شکستی یەکەم بە مانای هەبوونی جوولان و بزووتنێکی بێ‌وچان بوو بەرەو دوورکەوتنەوە لە سەرچاوەی دین‌سالارانەی دەوڵەتی سەفەوی و لێکدابڕانی هەرچی زیاتری دەسەلاتەکانی ئایینی و سیاسی. شکستی دووەم هێنانی هێندێک توخم و تۆرەمەی وەک «هێزی سێهەم»ی لێکەوتەوە بە دەست شاتەهماسب کە نە تورکمانی قزڵباش بوون، نە ئێرانیانی تاجیک؛ ئەم کەسانە مەسیحیی قەفقازی بوون کە پێیان‌دەگوترا غولام یان قوڵەر و هۆکارێکی بەرچاو بوون بۆ ڕێکخستنەوەی دووبارەی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی وڵات و ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی کە لەگەڵ خۆیان هێنایان و شاعەبباسی یەکەم بە ئاکامی گەیاند. لەم ڕەوتە کۆمەڵایەتییە تازەدا تەنیا پێوەری پێشکەوتن، وەفاداری بوو بە شا نە ئەندامێتی لە چینی میرانی قزڵباش‌دا.

سەرهەڵدانی گۆڕان لە بنەمای کۆمەڵایەتی و سیاسی دەوڵەتی سەفەوی لە ڕۆژگاری عەبباسی یەکەم‌دا بە شێوەیەکی سروشتی لە تان‌وپۆی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی وڵاتا ڕەنگی دایەوە. پاش تێکۆشانی یەکەمی مورشیدقولی‌خانی ئۆستاجلوو بۆ زیندوو کردنەوەی پلەی کوێرەوەبووی وەکالەت، پایەی وەکیلی و فەرماندەرێتی گشتیی هێزەکان کە دەگەڕانەوە سەر بارودۆخی تایبەتی خۆیان، وردەوردە تێداچوون. سەرۆکی سەرکردان لە ڕۆژگارێک‌دا کە قزڵباشان بەکردەوە هێزی چەکداریان پێکدێنا، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان بوو. وەختایەک

کـە دەسـتە و پەلـەکانی قزڵـباش تـەواو بوونـە بەشـێک لـە تێکـڕای هێـزە چەکدارەکان، واژەی «قۆرچی» بوو بە واژەیـەکی ئاسـایی بـۆ ناونـانی سـپای سوارەی خێڵە قزڵباشەکانی قەدیم و فەرماندەکەیان بە ناوی «قۆرچیباشی» کـە لە زەمانی سمایلی دووەم و سوڵتانمحەممەدشادا دەسـەڵاتـی هـەم لـە بـواری سیاسی و هەم لەشکریدا یەکبین پێهەڵاچوو بوو. لە سەردەمی عەبباسی یەکەمدا هەروا وەک یەکێک لە پایەبـەرزانی وڵات مایـەوە و بۆچـوون و پێشـنیارەکانی دەورێکی گرینگی لە شکڵ گرتنـی کاروبـاری هـەموو‌انیدا دەگێـڕا. سـەرەوخوار بوونی قزڵباشان لـە پێگـەی پتەویانـەوە، بـە مانـای تێکهەڵـچوونی خێـرای دەسەڵاتی وەزیر بوو کە دەکەوتە لووتکەی دیوانسالاری و بەپێی دابـی دەوڵـەت ئێرانی بوو. یەکبنەکی و کۆدەسەڵاتی زیـاتری بـەڕێوەبردنی وڵات لـە زەمـانی عەبباسی یەکەمدا، کارێکی پتر، تەنانەت زیاتر لە ڕابردووشی خسـتە ئەسـتۆی دامودەزگای دیوانسالاری و پلەی سەرتری وەزیر لە ڕووی ئەو نازناوانـەڕا کـە ئەودەمـە بـاربووی دەکـرا، دەرکـەوێ: «اعتمادالدولـە» و بەهەڵـکەوتیش «صـدراعظم»، کە نازناوی مەزنـەوەزیری عوسمـانیش بـوو. لـەبری وەکیـل و سەرۆکی سەرکردان (ئەمیریئەمیران) لە ئاستی سەرووی تانوپۆی دامودەزگـای سـەفەوییەدا، دوو فەرمانـدەی تازەمـان بـۆ دوو سـپای نـوێ وەبـەرچاو دێ: قوللەرئاقاسی یان سەرکردەی لەشکری غولامان و تفەنگچی ئاقاسی یان سەرۆکی تفەنگداران. بەڵام هیچکام لـەم دووانـە جێـی ئـەمیریئـەمیرانی سـپایان وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی سەفەوی نەگرتەوە. بـۆ ڕاپەڕانـدنی ئـەم ئەرکە شاعەبباس پلەی تازە «سەدری لەشکر»ی داهێنا کە دواتر نازناوی کـۆنی ئێرانی واتە «سپاسالار» هەر بەو مانایە بووژێندرایەوە. ئـەم ناوانـە نیشـانەی زاڵبوونی کارگێڕانی تاجیکە لە وڵاتا، بەڵام ئەمە جێی سەرنجە یەکەم کەسـێکی کە گەیشتە ئەم پلەیـە غـولامی گـورجی، ئەڵـلاوێـردیخـان و دوای ئـەویش قەرەچەقایخانی غولامی ئەرمەنی بوو. شا بە وەبەرچاو گرتنی ئـەم سیاسـەتە خۆی لە هەڵگیرسانی ئەو دووبەرەکی و ناکۆکییە پاراست کە ئەگەر ترکێک یـان ئێرانییەکی هەڵبژاردبا، ڕێی دەربازبوونی نەبوو و توانی هێزە چەند تۆوەکـانی خۆی لە چوارچێوەیـەکدا تێکبـەزێنێ و قەوارەیـەکیان بـۆ دیـاری بکـا. جێـی سەرنجە کە تۆپچیباشی یان فەرماندەی تۆپخانە بە یەکێک لە پلەبەرزانی وڵات

دانەندراوە و بێگومان ئەمــە ڕەنگدانــەوەی بــێ مــەیلی ســەفەوییانە بەگشــتیی سەبارەت بە تۆپخانە. ئاخرین ئەنــدام لــە پــۆلی ڕایــەڵوپــۆی تازەتەنــدراوی کاربەدەستانی پایەبــەرزی وڵات، ئیشــیک‌ئاقاســی‌باشــی یــان مەزنەســەرۆکی تەشریفات بوو کە زۆربەی ئەرکەکانی تەشریفاتی بوو، بەڵام چونکــە هێنــدێکی زانیاری دەربارەی بارودۆخی نێوخۆی خانەدانی فەرمانڕەوایــەتی هــەبوو، لــە شووڕای دەوڵەتی دەستی دەڕۆیــی؛ بەرپرســایەتی ئــەم پلەیــە زیــاتر دەکەوتــە ئەستۆی قزڵباشان. پێداچوونەوە و چاکســازیی عەبباســی یەکــەم لــە دەزگــای بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتا، هێز و توانستێکی تازەی وەبەر وڵاتی ســەفەوییە نــا. ئەو دامودەزگای هەڵسووڕاندنی وڵاتی لەسەر بناغەیەکی وا پتەو ڕۆنا ئەگــەرچی زۆربەی جێنشینەکانی جگە لە عەبباسی دووەم پادشایانێکی لێنەوەشاوە بوون، دیسانیش نیزیکەی سەدەیەک پاش نەمانی عــەبباس خــۆی ڕاگــرت و لــە ســەر پاژنەی نەترازا. لە کۆتایی سەردەمی سەفەوییەدا ئەم دەزگایــە کــەم و زۆر هــەر بەو پێودانەی پێشووی کاری دەکــرد و دەبــزووت. ڕازی ســەرکەوتنی عــەبباس ڕاگرتنــی پارســـەنگ و هاوســـەنگی ورد و بـــاریکی نێـــوان تـــوخم و تـــۆوە چەشناوچەشنەکانی حکوومەت – ترکــان، ئێرانییــان و قەفقازییــەکان – بــوو. شکستی جێنشینانی لە پاراســتنی ئــەم پارســەنگەدا، ئاخرییەکــەی ڕووخــانی دەسەڵاتی ئەم خانەدانەی لێکەوتەوە.

لێکترازانی هەرچی زیاتر لە قەوارەی دینسالارانەی حکوومــەت لــە زەمــانی عەبباسی یەکەمدا، لە کەمبوونەوەی نرخ و بایەخی پلەی «مەزنەمــەلا»دا ڕەنگــی دایەوە کە سەرۆکایەتی توێژی مەلا و فەقێیانی لە ئەستۆ بــوو و لــە ســەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوییەدا بە یەکێک لە گەورەبەرپرســانی وڵات دادەنــدرا. بڕشتی «صدر» (مەزنەمەلا) کە هەڵبژاردەیەکی سیاسی بوو، بە یەکســان بــوونی دینباوەڕی لە سەرانسەری ئیمپراتۆریتی ســەفەویدا کــەم بــۆوە و لــە ئاکــامدا دەســـەڵاتــی پێشــەوایانی ئــایینی (مجتهــدان) گەشــەی کــرد. ســەفەوییان بــۆ وەدەس‌هێنانی دەسەڵات کەلکیان لــە ڕێکخســتنی ســۆفیگەری هێنــابوو و پــاش سەرکەوتن و گەیشتنە حکوومــەت، بــۆ پاراســتنی دەســەڵاتیــان ســوودیان لــە شیعەگەریی دوازدەئیمامی سازکراو وەرگرت. هەر بەو چەشنە کە «سانسۆن» تــا ڕادەیەک ڕەشبینانە، بەڵام لە هەمان کاتــا بــە ڕووڕاســتی دەیخاتــە بــەرچاو:

www.zheen.org بنکەی ژین

«تێکۆشانی شێخ سەفی بۆ دامەزراندنی ڕێبازێکی تایبەت کە هەتا ئەو ئەندازەیە جیاوازی هەبوو لەگەڵ ڕەوت و ڕێبازەکانی دیکەی مسوڵمانان، داهێنانێکی جێی ئافەریم بوو کە بەریدەگرت بە ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی خەڵک بە فیتی ترکان و تاتاران یان هیندییەکان کە هەموویان دراوسێی بوون.»[١٠] بە هاتنەڕووی هەرچی زیاتری دیمەن و قەوارەی خوداناسینی شیعەگەریی دوازدەئیمامی، پێشەوایانی بوونە دەسەڵاتدارترین ئەندامانی توێژی مەلایان. ئەم کارە بەناچار پلەی خودی شای بەرەوڕووی مەترسی دەکردەوە، چونکە هەروەک پێشتر باسی کرا، پادشایانی سەفەوی بانگەشەیان دەکرد کە نوێنەری ئیمامی ون «مەهدی»ن لەسەر زەوی. بەم بانگەشەیە ئەوان مافی مەلاگەورەکانیان کە نوێنەری ڕاستەقینە و یاسایی بوون، پێخوست کردبوو. بۆیە گەورەمەلاکان [ئەگەرچی بە نابەدڵی] ئیزنی داگیرکردنی ئەم مافەیان دابوو بە شا، چونکە دامەزرانی دەوڵەتێک بە مەزهەبی ڕەسمیی شیعەوە بە گشتیی، هێز و دەسەڵاتی توێژەکانی پیاوانی ئایینی زۆر پێهەڵابردبوو. بەڵام لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی شاتەهماسبدا گەلێک نموونەی دەگژیەکراچوونی نێوان «سەدر» کە نوێنەری دەسەڵاتی سیاسی بوو و زانایانی دینیدا ڕووی دا و ئەگەرچی بڕشت و قسەڕۆیشتوویی سەدر کەم دەبۆوە، تەنیا دەسەڵاتی خودی شا بوو کە جەغزی بە دەورەی بڕستی گەورەمەلایاندا دەگێڕا. لە ماوەی نیوسەدەی کۆتایی فەرمانڕەوایەتی سەفەوییەدا کە شاهان بێهێز ببوون، مەترسیی خودبەخودی زاڵبوونی چین و توێژەکانی پیاوانی ئایینی لە کاروباری سیاسیدا گەیشتە ئەنجام. لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی دەسەڵاتدارانەی کەسێکی وەک عەبباسدا، زانایانی ئایینی پێیان لە بەرەی خۆیان زیاتر ڕانەدەکێشا.

پێشتر چەند ئاماژەیەک کرا سەبارەت بە کێشە و ملانە لەسەر جێنشینایەتی فەرمانڕەوا کە پاش و پێش مردنی شاتەهماسب و دوای مەرگی سوڵتانمحەممەدشا ڕوویان دا و ئەندەروونی (حەرەمخانە) وەک سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی خۆی نواند. لە ماوەی حوکمڕانێتی شاعەبباسی یەکەمدا، ئەندەروونی بە شێوەیەک کەوتە سەر باری دەورگێڕان لە دیاری کردنی چارەنووسی داهاتووی وڵاتی سەفەوییەدا کە تەنانەت خەساربارتر لە بەرەوی پیلانگێڕان لە نێو خانەدانی میریدا، ڕەنگی هەڵێنا. بۆ وێنە عەبباسی یەکەم

درێژەی دا بە شێوازی کۆنباوی سەفەوییان لە دانان و هەڵبژاردنی شازادەکانی بنەماڵەی پادشایەتی بۆ حوکمڕانێتی هەرێمەکان لە ژێر چاوەدێری ئەمیرێکی قزڵباشدا. ئەم سەرکردەی قزڵباشە هەتا وەختایەکی کە شازادە منداڵ بوو، حاکمی بەکردەوەی هەرێم و هەروەها لەلە و دەمڕاست و مامۆستای شازادە و بەرپرسی تێری و تەسەلی و حەسانەوەی جەستەیی و رووحی وی بوو. لە سیستمێکی ئاوادا، شازادەکانی خانەدانی میری تەواو لە بواری ڕێوشوێنی بەڕێوەبەرایەتی و هونەری هەڵسووراندنی وڵات مەشقیان پێدەکرا. بۆ پەرەوراندنی جەستەش کۆمەڵێک مەشق و ڕاهێنانیان لە بوارەکانی سەرقاڵیی پیاوانە وەک تیرەندازی ئەسپسواری و شمشێروەشاندنیان بۆ دادەنان. ڕاپەڕینی یەکێک لە کوڕانی عەبباس وای کرد کە پادشا ئەم ڕەوتە کۆنباوە وەلا بنێ و دەستوور بدا کە لەوی بەولاوە شازادەکانی خانەدانی میری لە بازنەی حەرەمخانە وێوەتر نەچن، ئەو جێگایەی کە تەنیا هاونشینانیان بریتی بوون لە خواجەکانی بارگا و ژنانی ئەندەروونی. ئەوان لە هەر چەشنە دەسڕاگەیشتن بە دنیای دەرەوە بێبەش کرابوون و دۆستایەتی کردنیان مەترسی مەرگی پێوە بوو. ئەوان تەنیا وەختایەک کە دەبوونە هاورکێفی عەبباس لە کاتی لەشکرکێشیدا، دەیانتوانی لە پایتەخت وەدەربکەون و ئەویش تەنیا لەبەروەی عەبباس دەترسا نەکا ئەگەر لە پایتەخت بمێننەوە، ببنە چەق و ناوەندی پیلانێک دژی وی. ڕووداوێک کە نێوانی پادشا و کوڕانی ناخۆش کرد، ڕاپەڕینی یەکێک لە سەرۆکانی قزڵباش بوو لە ساڵی ١٥٨٩دا. ئەم سەرکردەیەی قزڵباش سەرپەرستی «حەسەن»ی کوڕی دووەمی عەبباس بوو کە حکوومەتی مەشەدی درابوویە. وادیارە ئەم ڕووداوە بیرەوەرییە تاڵەکانی شای لە ناخی لاویدا کە خۆی لە خوراسان بوو، زیندوو کردەوە کە چلۆن لە کۆدەتای قزڵباشدا دژی باوکی ببوو بە بووکەڵەی بەردەستان. هەر بۆیە پادشا بۆ جوێ کردنەوەی کوڕانی لە ڕێبەرانی سیاسی و لەشکریی وڵات گەلێک هەنگاوی ئەوپەڕئاسایی هەڵێنایەوە و دڕدۆنگ بوونی خۆفناکی وای کرد بێئەندازە گوێ بۆ قسەی سیخوڕان ڕابگرێ. ساڵی ١٦١٤-١٥ (١٠٢٣) بانگەشەی ئەمە کرا کە کوڕی گەورەی بۆتە ناوەندی کەتن و پیلان دژی باوکی و پیاوانی چرکەسی دەرباریش بەشداری ئەم کاکەوبرالەیە بوون. وەختایەک کە شا چەند کەسێکی بەرگومانی چرکەسی لە ناخێ ڕۆکرد،

سەرۆکانی تری چرکەس بەئاشکرا کەوتنە پیشتیوانی کردنی «محەممەدباقر» و شا لە مانگی فێورییەی ١٦١٥ (٣ی محەڕڕەمی ١٠٢٤)دا دەستووری کوژرانی کوڕەکەی دا. زۆر وێدەچێ کە محەممەدباقر بووبێتە بەلاگەردانێکی بێتاوانی پیلانگێڕانی چرکەس و عەبباس زۆر لە کردەی خۆی پەژیوان بوو. بۆ بەدبەختیان ئەو پیلانەی دووەم وای کرد کە عەبباس ئەوەندەی دیکە لە گیانی خۆی بترسێ. وەختایەک کە ساڵی ١٦٢١ (١٠٣٠-٣١) عەبباس نەخۆش کەوت، محەممەدی کوڕی سێهەمی کە بە ناو بابەگەورەیەوە کرابوو، بەرلەوەی باوکی گیانی دەرچێ، کردی بە جێژن و بەئاشکرا داوای لە قزڵباشان کرد کە پشتیوانی لێبکەن. کاتێک عەبباس کفنی دڕی و بووژایەوە دەستووری دا کە حەمەدەی کوێر کەن. ساڵی ١٦٢٦-٢٧ (١٠٣٦) ئیمامقولی میرزای کوڕی پێنجەمی هەباس تووشی چارەنووسێکی ئاوا بۆوە. لەبەروەی کە حەسەنی کوڕی دووەم و سمایلی کوڕی چوارەمی پێش باوکیان مردن، عەبباسی یەکەم کوڕێکی نەبوو کە جێی بگرێتەوە. ئەم بارودۆخە جگە لە دەرد و مەینەتێک کە تووشی شانی خودی شای کردەوە، هەڵوێست و سیاسەتی وی لەسەر پێوشوێنی چورتە لێبڕینی شازادەکانی خانەدانی پادشایەتی و بەستنەوەیان لە حەرەمخانەدا، بوو بە هۆی پووکانەوەی خانەدانی سەفەوی و دوایی‌تر یەکێک لە هۆکارەکانی ڕووخان و نەمانی. هەروابێتەوە، چاوەدێری خواجەکانی بارگا و ژنانی حەرەمخانە بە سەر شازادەکاندا، بوو بە هۆی پەرەگرتنی دەسەڵات و بڕشتی نابەهەق و سەرجەم زیانباریان لە کاروباری سیاسیدا، چونکە دایکانی شازادەکانی وەجاغی فەرمانڕەوایەتی بە یارمەتی و هاوبەشی کاربەدەستانی دەربار خەریکی پیلانگێڕانی بێبرانەوە دەبوون بە مەبەستی سەلماندن و چەسپاندنی جێنشینایەتی کوڕانی خۆیان و دانانیان لە پلەی پادشایەتیدا.

سەرکەوتنە لەشکری و سیاسییەکانی عەبباسی یەکەم گەرچی گەورە بوون، بەڵام تەنیا نیشاندەری یەک لایەنی ژیانی ئەم فەرمانڕەوا چەند ڕوخسار و ڕووکارە بوو. حوکمڕانێتی ئەو نیشانەی فڕینە بۆ چڵەپۆپەی گەشە و نەشەی پرشنگداری هونەری کە لە سەردەمی سەفەوییەدا بەدیهات. بە پشتیوانی و هان دانی وی مافوورە کردن لە ئاستی دەسکردێکی گوندەکیڕا هەتا شانی هونەرە ناسک و جوانەکان پێهەڵچوو. ئەو پارچە و کووتاڵانەی کە سەردەمی ئەو لە

ناوەندە گەورەکانی ڕستن و تەنینی ئیسفەهان، یەزد، کاشان و ڕەشتدا ئامادە دەکران، هەرگیز لە جوانی و خۆشڕەنگی و خۆشکریدا دەسکیان لە دوو نەکرا و تایان بۆ پەیدا نەبۆوە و ئاوریشم، هەریر و زەڕی ئێرانیش ئاوایان ناوبانگ دەرکرد. ئەمە شاعەبباس بوو کە بەرهەمهێنان و فرۆشی ئاوریشمی کێشایە ژێر ڕکێفی پلەی فەرمانڕەوا و پاوانی کرد. لە دەورانی پادشایەتی عەبباسدا «سنعاتی کتێبسازی» - نەخشاندن و وێنە کێشانەوە بۆ دەقە دەسنووسەکان، خۆشنووسینەوە و پەڕبەندی و بەرگتێگرتن – گەیشتە سەری ئەو سەری. سوالەتەکانی سەردەمی سەفەوی لە بازاڕەکانی ئورووپادا کەوتنە ڕقە لەگەڵ بەرهەمەکانی چینی. مزگەوتەکان، قوتابخانەکان (حوجرەی فەقێیان)، گومبەزەکان و بیناکانی دیکەی سەفەوی بە کۆمەڵێک کاشی نەخشینی خەستاوڕەنگدراو و موزاویکی جوانی بێوێنە، دەڕازانەوە. دەسکەوتە هونەرییەکانی سەفەوییە لە بەشی ٦دا بە شێوەیەکی بەربلاوتر دەکەوێتە بەر باس و لێدوان.

ئیسفەهان کە عەبباس ساڵی ١٥٩٨ (١٠٠٦) کردی بە پایتەخت، لە ڕاستیدا سازکراوی خۆی بوو. هەر لە زەمانی سازکرانی بەغدا لە سەدەی هەشتەمی زایینییەوە بە دەستی مەنسووری عەبباسی، وێنەیەکی ئاوا ڕیک و تەواو لە بواری شارسازی لە دنیای ئیسلامیدا نەبووە و گەورەیی و شێوازی هەڵخران و ڕێکخرانی شارەکە بە چاکی پلەی ئەو شوێنە وەک پایتەختی ئیمپراتۆرییەک نیشان دەدا. ناوەند و چەقی شارە تازەکە مەیدانی شکۆداری «نەقشی جیهان» بوو کە حەوت هێندەی گۆڕەپانی «سانمارکۆ»یە لە وێنیز. لە دەورەی ئەم مەیدانە کۆشکی «عالیقاپۆ»، «بازاڕی گەورەی شا» یان قەیسەری (تاریکەبازاڕ) و دوو لە گەورەترین شاکارەکانی نژیاروانی سەفەوییە یانی «مزگەوتی شا» و «مزگەوتی شێخ لوتفوڵلا» سازکرابوون. لە باشوورەوە، شەقامی بەرین و بەداروباری «چوارباغ» سەری دەگەیشتەوە شار و گەڕەکێکی گەورەی دەکرد بە دوو کوتەوە. خانووبەرەکانی ئەم گەڕەکە دەوڵەمەند و ماقووڵنشینە کە کەوتبوونە نێو ڕیزێک باغی پاڵەوپاڵ، هی کاربەدەستانی دەربار و مەزنانی تر بوون. ئەم شەقامە پاشان بە پردی ئەڵلاوێردیخاندا لە «زایەندەڕوود» دەپەڕییەوە و دەگەیشتە گەڕەکی بازرگانێتی و نیشمەنگای سەرەکی شار. ئیسفەهانی

شاعەبباس لە بەشی ٧دا بە چەشنێکی بڵاوتر دەکەوێتە بەر باس. کاری خانووبەرە و بیناسازیی عەبباس بە هیچ جۆرێک هەر تەنیا تایبەت نەبوو بە ئیسفەهان. نوێسازی و پەرەپێدانی نێژگەی هەشتەمین ئیمامی شیعان لە مەشەد و لێدانی ڕێگای سەنگچنی سەر لێواری زۆنگاوی دەریای خەزەر لە کارە شازترەکانی ئەوە. بە مەبەستی کارهاسانی و خزمەتکردنی بازرگانان و گەشتیاران، عەبباس لە سەرانسەری وڵاتا چەندین کاروانسەرای لەسەر شاڕێ سەرەکییەکان ساز کرد و لێدانی گەلێک پرد و دانانی نەخۆشخانە و گەرماوی گشتیی، چەند نموونەیەکن لەو کارانەی کە ئەم فەرمانڕەوایە لە بواری قازانجی تێکڕاییدا ئەنجامی داون. یەکێک لە مەشهوورترین گەڵاڵە ئەندازیارییەکانی وی کە بەدبەختانە لەبەر نەبوونی سنعات و تێکنۆلۆژی تەواو لەو سەردەمیدا بەرەورووی شکست بۆوە، هەوڵدان بوو بۆ لێکدانەوەی سەرچاوەکانی دوو ڕووباری زایەندەڕوود و کووهڕەنگ، (بڕواننە بەشی ٧).

بنکەی ژین
www.zheen.org



٤- باڵۆێزی ئۆزبەک لە بارگای شاسوڵتان حوسێن، ساڵی ١٧٠٠ (١١١١ی کۆچی)

ئۆگربوونی شاعەبباس بە ناوچەی مازندەرانەوە لە تەنیشت دەریای خـەزەر کە «تێونۆو» بە «تەنیا ناوچەی دڵگری سەراسەری ئێران»ی[11] دادەنا، وای کرد کە دوو قەسـری زسـتانەی «ئەشـرەف» و «فـەرەحئابـاد»ی لـێ سـاز بکـا. بـە چوونەسەری تەمەنی، عەبباس کـاتێکی زۆر زیـاتری لـەم جـێ حەسـانەوانەدا رادەبوارد و هەموو بەهاران زۆر بە نابەدڵی بە مەبەستی راپەرانـدنی کاروبـاری وڵات و هەڵمەت و چالاکی دژواری لەشکری دەگەرایەوە. عەبباس «فـەرەحئابـاد» کە پێشتر پێیدەگوترا «طاهان» لە ساڵی ١٦١١ یا ١٦١٢ (١٠٢٠)دا یـانی وەختایـەک کـە دەسـتووری سـازکردنی قەسـری پادشـایەتی دا لـەوێ، نـاوی لێنـا. لـە دەورانپیشتی کۆشک چەند شوێنی مانـەوە، بـاغ، گـەرماو، بـازار، مزگـەوت و کاروانسەرا ساز کـران. فـەرەحئابـاد لـە رێـی رێگـای سـەنگچنی مەشـهووری عەبباسەوە دەبەسترایەوە بە شاری ساری کە ٢٧ کیلۆمیتریـان مابـەین هـەبوو. «پیترۆ دێلا والە» کە ساڵی ١٦١٨ (١٠٢٧) چۆتە فەرەحئاباد، گوتوویـەتی ئەگـەر درێژایی دیوارەکانی پتر نەبێ لە شووره‌ی رۆم یان قوستەنتەنییە، لەوان کـەمتر نیە و لە نێو شارا چەند شەقامێک لێدراوە کە پتر لە فرسەخێک راکشـاون. ئـەو دەڵێ شا کۆمەڵانێکی لە رەگەزە چەشناوچەشنەکانی وەک مەسیحییانی گـورجی کە لە هەرێمە بەرپەلامارەکانی هێزەکانی سەفەوییەرا راگوێزرابوون، لـە شـارا نیشـتەجێی کردبوون. خانووبەرە و بیناکانی شـار سـاڵی ١٦٦٨ (١٠٧٨-٧٩) لـە هرووژمی قەززاقاندا وێران کران. کۆشکی ئەشرەف حەوت فرسـەخێک لـەولاتری باڵی باشووری رۆژهەڵاتی فەرەحئاباد و لە بەرزەبنارێکی لێرەوار، لە زنجـیرە چیای ئەلبورزا سینگی داکوتابوو. ئەم قەسرە دەیروانییـە دیمـەنـی دڵـبزوێنی کەنداوی ئەستەرئاباد لە قوڵی باکوورەوە. شاری تازەی ئەشـرەف (بێهشـەهری ئەمرۆ) دەوروبەری ساڵی ١٦١٢ (١٠٢١) بە فەرمانی عەبباسییەکەم بناغەی داندار. شار کە سەرەتا قەرار وابوو هاوینەهەوارێکی ساکار بێ، بریتی بوو لە کۆشـکی پادشایەتی و چەند خانووبەرەیەکی گونـدەکی دەوروبـەری، بـەڵام سـەرەنجام جێمانەوە و حەسانەوەکانی میری چاکیان پەرەگرت. چەند مزڵ و ماڵێکی گەورە بۆ میوانان و گەشتیاران ساز کران. لە نێو باغاندا چەندین پیادەرۆ لێـدران کـە داری کاژ و پرتەقاڵ و نارنج و لیمۆیان لە قەراخی ناشتبوون و بە ئاوی خەزێنە و ئەستێر و جۆباران پاراو دەکران. ئـاوی ئـەم رایەڵـەیە لـە سـەرچاوەیەکەوە

دەهات کە ئاوی گەلێک فەوارە (فیچقاو) و ئاوهەڵدێریشی دابین دەکرد. ئەشرەف بە دەست ئەفغانان و لە ماوەی شەڕی نێوخۆی نێوان زەندییە و قاجارییەدا کە دوابەدوای ڕووخانی حکوومەتی سەفەوییە و مەرگی نادرشادا قەوما، زۆر خەساربار بوو. فەرەحئاباد بەتایبەت ببوو بە چەشنێک پایتەختی دووەم. کاتێک کە شا سەرقاڵی لەشکرکێشی نەبوو، لە فەرەحئاباد دادەسەکنی و لێرەوە کاروباری وڵاتی ڕادەپەڕاند و نێردراوانی دەرەکی کە مەیلیان لێبوو بچنە دیداری، دەبوو لەوێیان دیدەنی کردبا.

لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی عەبباسی یەکەمدا، ئیسفەهان بوو بە شارێکی گەشەدار و برەودار. بازرگانان لە چین، هیند، ئاسیای ناوەندی، عەرەبستان، تورکیا و ئورووپاوە بۆ کڕینی کەلوپەلی جوانی دەسکردی سنعاتکارانی سەفەوی ڕوویان دەکردە ئیسفەهان. هەزاران سنعاتکاری دەسڕەنگینی ئەرمەنی لە جولفای سەرسنووری ئێستای ئێران و یەکێتی سۆڤییەت لە ئازەربایجانەوە، ڕاگوێزانە «جولفای نوێ» لە دەورانپشتی ئیسفەهان و لێواری باڵی ڕاستی ڕووباری زایەندەڕوود. جگە لەو تاجرانەی کە ئێستا بە شوێن وەچنگهێنانی زێدەپشکی بازرگانییەوە بوون، تاقمێکی بەرچاویش ئورووپایی ڕوویان کردە ئیسفەهان: چەند باڵوێزێک لە ئیسپانیا، پۆرتوگاڵ و بریتانیاوە؛ ژمارەیەک لە نوێنەرانی ئایین و ڕێبازە نامسوڵمانەکانی ڕەهبانی وەک ڕەبەنەکانی کارمێلی، ئاگوستینی و کاپووسن کە ئیزنی برەوپێدانی ئایین و دانانی دێر و کەنشتیان لە ئێران وەرگرت؛ چەند نەجیمزادەیەکی سەربەگێچەڵی وەک برایانی شێرلی کە یەکیان بە ناوی «ڕابێرت» چووە ڕیزی چەکدارانی شا و لە شەڕی دژی عوسمانییەکاندا دەوری گێڕا، کەوتە بەردڵی شا و کرایە «سەرفەرماندە لە شەڕ دژی ترکان» و هەروەها چەند گەڕۆکێکی وەک «پیترۆ دێلا والە» کە کۆمەڵێک ڕاپۆرتی بەنرخی دەربارەی ئێرانی سەردەمی سەفەوی نووسیوە و خستۆویەتەڕوو. ململانێ و ڕقبەرقەی توندوتیژی بازرگانێتی نێوان هولەندی و پۆرتوغالی و ئینگلیسییەکان لە کەنداوی فارس و ئوقیانووسی هیندا بە مانای پەرەگرتنی پەیوەندییەکانی دیپلۆماتێک بوو لە مابەینی ئێران و ڕۆژاوادا، (بڕواننە بەشی ٥).



٥ - سەفەری شا، ساڵی ١٦٧١ (١٠٨٢ - ١٠٨٦)

عەبباسی یەکەم کە لە هەموو بوارەکاندا پیاوی کار و کردەوە بوو، تێگەیشت کە وەبەرچاوگرتنی سیاسەتی نەرمکێشانی ئایینی سەبارەت بە قەشەکانی مەسیحی هەلێک دەرەخسێنێ کە تێیدا بازرگانێتی لەگەڵ ئورووپا دەتوانێ بەرەو گەشەسەندن پەل باوێ. هەروەها ڕێکخستن و دانانی مەشهەد بە شارێکی زیارەتگای شیعان، بەریگرت بە چوونەدەری بڕێکی زۆر دراو لە ئێران کە ئەگەر وانەبووبا ڕەنگە لە شوێنە پیرۆزەکانی دیکەی شیعە وەک کەربەلا، نەجەف، کازمین و سامەڕا خەرج کرابا، کە هەموویان کەوتوونە دووچۆمان و ماوەیەکی زۆر لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی عەبباس بە دەست عوسمانییەوە بوون. کەڵتە و ڕازاندنەوەی نەزرگە پیرۆزەکانی شیعە وەک مەشهەد و وەقفی زەویوزار و ماڵ بۆ پێڕاگەیشتنی موغبەرەکان، بوو بە هۆس گەشەی سامان و ئابڕووی مەلاکان و وای کرد کە بە ئامادەبوونێکی زیاترەوە سەر نەوی بکەن بۆ داگیرکرانی مافی تایبەتیان لە بابەت جێنشینایەتی هەمەلایەنەی مەهدی لە سەر گۆی زەوی لە لایەن فەرمانڕەوایانی سەفەوییەوە.

ئەمە بەو مانایە نیە کە بڵێین دینخۆشەویستی خودی عەبباس مەبەستێکی ڕاستی نەبوو. ئەو هەر کات کە لە خوراسان بووبا دەچوو زیارەتی موغبەرەی ئیمامی هەشتەم و شەونوێژی دەکرد و نەدەخەوت و وەک خزمەتکاران مافوورەکانی دەماڵی و شەمەکانی دەکوژاندەوە هەتا ئاڵقەبەگوێیی خۆی بسەلمێنێ. ساڵی ١٦٠١ (١٠٠٩-١٠) زیارەتە مەنشوورەکەی خۆی بە پێیان لە ئیسفەهانەوە تا مەشهەد لە ماوەی ٢٨ ڕۆژاندا ئەنجام دا. شا ڕوونی کردەوە کە هەرکام لە سەرۆکان و پایەبەرزانی وڵات و پاشکۆکانی دەربار کە پێیان خۆشە لەگەڵی بچنە زیارەت، دەتوانن بە سواری بێن، چونکە ئەو زیارەتی بە پێیانی هەر لەسەر شانی خۆی نەزر کردووە، بەڵام تاقمێکی زۆر لە هاوڕێیانی لێی هەڵنەبڕان و هەر بە پێیان چوون. ئەگەر ئەمانە ئاماژەیەک بوون سەبارەت بە گرینگایەتی پێدانی عەبباسی یەکەم سەبارەت بە گەشە و بەرەوی بنەماکانی ئیدئۆلۆژی شیعەگەرانەی سەفەوییە، ئەو بە هەمان ئەندازە وەک مورشیدی کامیلی ڕێبازی سەفەوییە لە بیری سەقامگیر کردنی ڕەوتی ڕێوشوێنی شێخانی سەفەوییەدا بوو لە ئەردەوێڵ. ئەو بەر لە هەر هێرش و لەشکر دەنگدانێک یان دانی هەر بڕیارێکی چارەنووسساز، دەچووە زیارەتی ئەژدادی لە ئەردەوێڵ و لەم زیارەتانەدا لەبەر شێخانی پیرۆزی ڕێبازی سەفەوییە دەپاڕایەوە خێر و خۆشی وەربێنن.



٦- شاعەبباسی یەکەم، بەرهەمی: بیشن داش (Bishn Das)

شاعەبباسی یەکەم خاوەنی گەلێک تایبەتمەندی باش بوو کە دەیکاتە شایانی نازناوی «گەورە». ئەو گەلاڵەدارێژی بەرنامەی درێژخایەن و نەخشەکێشێکی هەلکەوتەی لەشکری بوو کە دووربینی و پارێز لێی ببوونە خاڵی سەرەکی. ئەم فەرمانڕەوایە هەوڵی دەدا کە لەبری شەڕ، لە ڕێی دیپلۆماسییەوە بگاتە ئامانجەکانی و بۆ بە دوا داچوونیان لە مەیدانی شەڕا، پیاوەکانی دێنایە سەر کردەوەی بەدەر لە هێز و تابشتیان، نموونەیەکی جێی سەرنجی، ڕێکوتانە دوور و درێژە بەناوبانگەکانیەتی لەگەڵ پۆلێکی بچووکی چەکدارانی – هەروەک جولیووس سێزار – کە زۆر جاران حەبەسان و غافڵگیر بوونی دوژمنی بۆ بەدی دێنا. ئەو کە بۆ سزادانی کاربەدەستان و ڕاسپێراوانی بێئەمەگ و بێوەفا پتەو دەچەقی و توندی دەکێشا، بەڵام هاوڕکێفان و کۆنە یارانی باوەڕپێکراوی زۆر بەدڵ خۆشدەویست. شاعەبباس فەرمانی دابوو کە ئازایەتی کەسانی دەسکەرەوەی لە شەڕاندا بخەنە بەرگوێ هەتا خەڵاتێکی شیاویان باربوو بکا. عەبباس حازر بوو کە هەرچی زیاتر دەستی پیاوانی جێباوەڕی ئاواڵە بکا و تەواوێک سەربەست بن لە کردەوەدا. ئەم فەرمانڕەوایە خۆی دەگۆڕی و بە جلوبەرگی کەس نەناسەوە کاتێکی زۆری بەختی گەڕان و خولانەوەی نێو شەقام و بازارەکانی ئیسفەهان و دواندنی خەڵک لە چایخانەکان دەکرد. زۆر جەفەنگباز و ئاکار و بەرگی سادە و ساکار بوو. «مێلکۆم» پاش خستنەڕووی ڕووکاری ڕازاوە و شکۆداری کۆشک و خانووبەرەکانی دەوڵەتی و تالاری میوانداریی میری دەڵێ: «هەباس جلێکی ساکاری لە پارچەی سوور دەکردە بەری. هیچ زریقە و بریقەیەکی بە خۆیەوە هەڵنەداوەسی؛ تەنیا باڵچۆغەی شیرەکەی لە زێڕ بوو. ئەو مەزن و پایەبەرزانەش کە نیزیکتر لێیەوە دادەنیشتن، جلی ساکاریان دەپۆشی و ئاشکرا بوو کە شا بەو هەموو ماڵ و سامان و دەسەڵاتەی کە ئاڵقەیان لە دەوری دابوو، ساکاریی بە دڵەوە دەنووسا.»[١٢] سەبارەت بە ڕوخسار و ڕواڵەتی دیسانیش مێلکۆم باشترین دیمەنی خستۆتە بەرچاو:

«عەبباس پیاوێکی جوانچاک و بەرچاوترین تایبەتمەندی ڕوخساری کەپۆیەکی تیشکەڵە و درەوشانەوەی نیگای تیژی بوو. ڕدێنی دەتاشی، کەچی قەفی سمێڵی دەهێشتەوە. تۆزێک کورتەباڵا بوو، بەڵام دەبێ بە شێوەیەکی نائاسایی چالاک و هەڵسووڕاو و بەهێز بووبێ؛ چونکە لە

سەرانسەری ژیانیدا لەبەر تابشتهێنان و خۆڕاگرتن لە ئاست شەکەتیدا مەشهوور بوو و هەتا ئاخرین پشووی تەمەنی هەر ڕاوی دەکرد کە بەدڵ حەزی لێیبوو.»[١٣]

ڕەنگە داوەری کردنی «شاردێن» شیاوترین حوکم بێ دەربارەی عەبباسی یەکەم: «کاتێک کە ئەم پادشا گەورەیە بارگەی لەم جیهانە تێکەوپێچا، گەشە و نەشە و فەرعانیش لە ئێران کۆچباری لێنا!»

بنکەی ژین
www.zheen.org

# پەراوێزەکان

١. عالەمئارا، ل ١٤٤.

2. R.M. Savory, “The office of Khalïfat al-Khulafa under the Safavids”, in Journal of the American Oriental Society. LXXXV (1965), p. 449.

٣. ئەم گێرانەوەیە و گێرانەوەکەی داهاتوو لە عالەمئارا وەرگێراوە، ل .٣٩٤

٤. عالەمئارا، ل .٣٩٤

٥. لەساڵی ١٦٢٢دا، نرخی تمەن خۆی لە ٣ پۆند و ٦ شیلینگ و ٨ پێنی دەدا؛ بڕواننە:
Carmelites, vol. II,p. 775.

٦. «ئێراق» کە لەم شێعرەدا باسیکراوە، ئێراقی عەجەمە کە «ماد»ی قەدیمە نەک ناوچەی دووچۆمان. بەغدا لە پەلاماری دواتری شاعەبباس لە ١٦٢٣دا دووبارە گیرایەوە.

٧. ئەسکەندەربەگ گیرانی شاری لە ٢٣ی ڕەبیعی یەکەمی ١٠٣٣ی کۆچیدا تۆمار کردووە، بەڵام ١٤ی ژانوییەی ١٦٢٤ی زایینی بەپێی «ڕۆژەژمێری بەراوردکاری» فێردیناند ووستنفێڵد و ئێدوارد ماهلێر، بەرامبەرە لەگەڵ ٣ی ڕەبیعی ئاخری ١٠٣٣ – و.

٨. عالەمئارا، ل .٧٠٧

٩. هەموو دەقی ئەم نامەیە بە زمانی ترکی لە عالەمئارا، ل ٧٤١ – ٧٤٤دا هاتووە.

10. Nicolas Sanson, The Present State of Persia (Paris 1695), p. 128.

11. Jean de Thévenot, Travels of M. de Thévenot in the levant, newly done out of the French [by A. Lovell], part II: Persia (London 1687), p. 78.

12. Sir John Malcolm, History of Persia, 2 vols. (London 1815), vol. I,p. 550.

13. Malcome, p. 565.

14. Lt-Col. P. M. Sykes. A History of Persia, 2 vols. (London 1915), vol. II, p.268.
[ڕستەی تەرجەمەکراو ئی دەقی کتێبەکەیە و لێرەدا وەرگێردراوی فارسیی سەرچاوەی ئەم گێرانەوەیە (ژێنێراڵ سێرپێرسی سایکس، مێژووی ئێران، تەرجەمەی محەممەدتەقی فەخری داعیگیلانی، ٢ بەرگ، چاپی سێهەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی «عیلمی»، بەرگی ٢، ل ٢٨٢) کەلکی لێوەرنەگیرا، چونکە تەرجەمەکە ناتەواو دێتە بەرچاوان.]

## ٥

# پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژاوا لە سەردەمی سەفەوییەدا

هەر لە ڕۆژگارانی زۆر کۆنەوە، ئێران لە بواری جۆراوجۆردا تێکەڵی و پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژاوا دامەزراندووە کە بریتین لە پەیوەندی دیپلۆماتیک، سیاسی و لەشکری؛ پەیوەندی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی دوولایەنەی بیروڕای ئایینی. لە بابەت خاڵی یەکەمەوە، هاتوچۆ و پەیوەندی نێوان یۆنانییان و هەخامەنشییان، پارتییان و ڕۆمییان، ساسانییان و ڕۆمییەکان تەواو ئاشکرایە. سەبارەت بە خاڵی دووەم، چونکە ئێران لە لایەکەوە سەرزەمینی پێکەوە بەستنەوەی نێوان ئورووپا و ئاسیای بچووک و هەرێمەکانی مەدیتەرانەیی‌یە و لە لایەکی دیکەوە ئاسیای ناوەندی، ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژهەڵاتی دوور پێکەوە گرێ دەدا، هەر لە کۆنەوە بەشداری توجارەتی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا بووە؛ بۆ وێنە، ڕێی مەشهووری ئاوریشمی چین لە ئێرانەوە تێدەپەڕی و داهاتی بارانە و هەڵسووڕانی چەرخی ئەم بازرگانییە، سەرچاوەیەکی بەخێروبێر بوو بۆ فەرمانڕەوایانی ئێران. دەربارەی خاڵی سێهەم، سەرەتا ڕەوتەکە تەواو لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژاوا دەچوو. لە سەردەمی پارتییەکاندا ئایینی میترایی کاری کردە سەر لێژیۆنێرەکانی (پۆلە سەربازانی) ڕۆمی و لە ئاکامدا لە ڕۆم و هەرێمە دوورەدەستەکانی ڕۆژاوادا بڵاو بۆوە. بەڵام لە دەورانی

ساسانییەکاندا، مەسیحایەتی وردەوردە لە باڵی ڕۆژاوارا خزایە نێو ئێران. ئەم ڕەوتە وەختایەک کە شاپووری یەکەم گەلێک لە دانیشتووانی سووریا و ناوچە و مەڵبەندەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرێتی ڕۆمی بۆ ئێران کۆچ پێدا، زووتری تەنییەوە، چونکە ئەو خەڵکە گەلێکیان مەسیحی بوون. دوای ئەوەی مەسیحایەتی بوو بە دینی ڕەسمیی ئیمپراتۆرێتی ڕۆم، وەفاداری دانیشتووانی مەسیحی ئێران کەوتە بەرگومان و ئەوان بەرەوڕووی شەپۆلی ئازار و نێشاندن بوونەوە. ئێران لە بەرامبەر مەسیحایەتیدا ئایینی دووانەپەرستی مانەوی خستە بەرچاوی ڕۆژاوا کە توخمەکانی مەسیحایەتی و زەردەشتی تێکەڵاوی ببوون. ئەگەرچی مانەوییەت لە ئێرانا وەک ڕەوتێکی تازەی تلاسا و لادەر سەرکوت کرابوو، لە ڕۆژاوا هەتا فەرانسە باڵی ئەنگاوت و تەنانەت «سەنت ئاگوستین» ئۆسقۆفی پایەبەرزی «هیپۆ»ش* لە پێشدا مانەوی بوو.

لە سەدەی حەوتەم (یەکەمی کۆچی)دا، عەرەب ئێرانیان گرت و بەرەبەرە تەواوی ئێران دینی سەرکەوتووان واتە ئیسلامی قبووڵ کرد. ئێران لە پلەی دەسەڵاتێکی جیهانیڕا - هەڵبەت جیهانی ئەو سەردەمی - بە خۆی و میرات و کەلەپوورێکی سەدان ساڵی دوورودرێژی مێژووی پادشایەتی دابەزی بۆ بەشێکی ئیمپراتۆرێتی بەربڵاوی ئیسلامی کە ناوەندی دەسەڵاتی سەرەتا لە «مەدینە» و پاشان لە «دەمیشق» و سەرەنجام لە بەغدا بنەی دانا. ئەو دەمەی کەوا عەرەبان بەخێرایی دەسەڵاتی خۆیان بە سەر مەدیتەرانەی ڕۆژهەڵاتی و باکووری ئەفریقادا پەرەپێدا و ئەو کاتەی کە ترکان لە سەدەی یازدەی زایینییەوە بەرەودوا بەرەبەرە ئاسیای بچووکیان خستە ژێر چۆکی خۆیان، ئەم ئیمپراتۆرییە ئیسلامییە وەک بەرگر و بەرهەڵستێکی ئەستەمی پتەو کەوتە نێوان ئێران و ڕۆژاوا. لە ئاکامدا ئێران بوو بە هەرێمێکی فەرامۆش کراو. خاچپەرستانی کەیفخۆش بە گرتنی سەرزەوی پیرۆز، مەیلێکی ئەوتۆیان نەبوو بۆ ئەو وڵاتانەی کەوتبوونە دوورتری باڵی ڕۆژهەڵاتەوە. مێژینە بوونی ئەفسانەی «پەرەستەرجان» لەسەر بنەمای هەبوونی پادشایەکی خاوەندەسەڵاتی مەسیحی لە ئاسیای ناوەندیدا کە لە ڕۆژاوا وای بۆ دەچوون هاوپەیمانێکی بەکەلک بێ بۆ خەبات و بەربەرەکانی دژی عەرەبان، نیشانەی بەربڵاوی بێخەبەری ڕۆژاوا بوو سەبارەت بە ئاسیای سەدەکانی نێوەڕاست.

هرووژمی چەنگیزخان بۆ سەر بەشی ڕۆژهەڵاتیی جیهانی ئیسلام لە ساڵی ١٢١٩ (٦١٥ی کۆچی)دا و دوابەدوای وی دامەزرانی حکوومەتی مەغوولان لە چینەوە هەتا باڵکان، سەرلەنوێ پەیوەندی نێوان ئێران و ڕۆژاوای داگیرساندەوە و فەرمانڕەوایانی مەغوولی ئێران گەلێک حەولی بێئاکام و سەرنەکەوتوویان دا بۆ پێکهێنانی یەکێتی و هاوپەیمانییەک لەگەڵ پادشایانی ئورووپا دژی سوڵتانەکانی وڵاتانی میسر و لێوارەکانی ڕۆژهەڵاتیی مەدیتەرانە. دوای ساڵی ١٣٣٥ (٧٣٥-٦) دەوڵەتی مەغوول لە ئێراندا بوو بە چەند کوتولەتێکی بچووک کە زۆربەیان هەر لە سەر بنەمای سنووری هەرێمە کۆنەکانی پێشوو داندرابوون. یەکپارچەیی و تەناهی و هێمنایەتی وڵات بەگشتیی کەم بۆوە و بارودۆخی وڵات جاری وایە خۆی لە قەرەی هەرجمەرج دەدا و نەدەدا؛ دیارە ئەم هەلومەرجە بو بازرگانان هیچ جێی دڵخۆشی نەبوو و «وێنیزییەکان» و «جێنۆواییەکان»یش کە دەیانویرا خۆیان لە ئازەربایجان بخەنە مەترسی، زۆربەیان دەکەوتنە داوی چەتە و ڕێگران و زۆر جاران تێدادەچوون. هەڵمەتەکانی تەیموور بۆ سەر ئێران لە ساڵانی ١٣٨١-١٤٠٥ (٧٨٢-٨٠٧)دا جارێکیتر سەرنجی ڕۆژاوای ڕاکێشایەوە سەر ئێران، بەڵام ماوەیەکی کورت پاش مەرگی تەیموور لە ١٤٠٥دا، تەواوی باکووری ڕۆژاوا و ناوەندی ئێران کەوتە ژێر دەسەڵاتی دوابەدوای یەکی دوو زنجیرەی حوکمڕانانی تورکمانی قەرەقۆیوونلوو و ئاققۆیوونلوو. هەردوو خانەدانەکە تەوریزیان کردە پایتەختی خۆیان و لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوای گەورەی ئاققۆیوونلوو «ئوزوونحەسەن»دا، تەناهی نێوخۆیی ئەوەندە بەرەو باشی چوو کە دەوڵەتشارەکانی ئیتالیایی مەیلیان بزووت بۆ هەڵگیرساندنەوەی پەیوەندییەکانی دیپلۆماتیک و بازرگانی لەگەڵ ئێران. دە ساڵ پاش مردنی ئوزوونحەسەن، دەریاوانی پۆرتوغالی «بارتۆلۆمیۆ دیاس» قەپۆزەی «ئومیدنیک»ی دەور لێدا و دە ساڵ دواتر «واسکۆ دوگاما»ی هاونیشتمانی گەیشتە هیند. بەم شێوەیە ڕێی دەریایی لە ئورووپای ڕۆژاواییڕا بۆ ڕۆژهەڵات کە ئاواتی لەمێژینەی شازادە «هێنری» دەریاوان بوو، سێساڵ بەر لە دامەزرانی حکوومەتی سەفەوییە لە ئێرانا، کرابوویەوە. پۆرتۆغالییەکان نە تەنیا شوورەی وڵاتانی ئیسلامییان دەور لێدا کە چەندین سەدە تەواوێک ئێرانیان لە هەڵگیرساندنی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژاوا بێبەش کردبوو، بەڵکوو بێهیچ قرە و

بەرهەڵستبوونەوەیەکی وێنیزییان و هێزە بازرگانییەکانی دیکەی ئورووپایی کە لە ڕێی لەنگەرگاکانی مەدیتەرانەوە توجارەتیان لەگەڵ ئێران دەکرد، تێپەڕین.

پۆرتۆغالییەکان سەبارەت بە کەلک وەرگرتن لە پێشکەوتوویی خۆیان ساوەساویان نەکرد. ساڵی ١٥٠٧ (٩١٢) پەلێک هێزی دەریایی ئەم وڵاتە بە سەرکردایەتی «ئالفۆنس ئالبووکێرک» گەیشتە دوڕگەی هۆرمز لە کەنداوی فارس. نوێنەری فەرمانڕەوای پۆرتۆغال خێرایەکی تێگەیی کە ئەو شوێنە بۆ باری دامەزرانی سپا و هەڵسووڕانی کاری بازرگانی گەلێک گرینگە و سوارە بە سەر زارکی کەنداوی فارس‌دا و دەکرا پەیوەندی پۆرتۆغالی و هیندییەکان لەوێوە پارێزگاری لێکرابا. پۆرتۆغالییەکان دوڕگەیان گرت و حاکمی دوازدەساڵانەی هۆرمز سەری وەبەر پادشای پۆرتۆغال هێنا و ئەستۆی بۆ دانی پیتاکی ساڵانە کەچ کرد. ئەم کارە بوو بە هۆی تێکهەڵچوون لەگەڵ شاسمایلی یەکەم کە کوێخاکەی هێندێک دواتر هاتبوو بۆ وەرگرتنی پیتاک و لە هۆرمز دابەزیبوو. ئالبووکێرک لەبەر هەڕەشەی ڕاپەڕینی گەمیوانەکانی، بەناچار ساڵی ١٥٠٨ (٩١٣-١٤) لە هۆرمز بزووت، بەڵام زۆر پێەو تەمای وابوو کە لە یەکەم دەرفەتی ڕەخساودا وەریبگرێتەوە و لە ساڵی ١٥١٣ (٩١٨-١٩)دا «میگێل فێرڕەی ئێرا»ی وەک ڕاسپاردە بە پەیامێکی دۆستانەوە ناردە لای شاسمایل. ئالبووکێرک ساڵی ١٥١٥ (٩٢٠) گەڕایەوە هۆرمز و لەوێ میگێل فێرڕەی ئێرا و نێردراوی ئیسماعیل پێکەوە دیداریان کرد. شا کە خاوەنی هێزی دەریایی نەبوو و سپاکەی لەبەر شکستی مەینەتباری پار لە چاڵدێران زۆر لاواز کەوتبۆوە، دەبوو داگیرکرانی هۆرمز وەک کارێکی داسەپاو قبووڵ بکا. ئالبووکێرک ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ سمایل نووسی کە پێملبوونی حوکمڕانی هۆرمزی بۆ پۆرتۆغال دەسەلماند. ئالبووکێرک بە مەبەستی کەم کردنەوەی تاڵایی ئەم ڕووداوە، دوو هێندەی دیاری و خەڵاتێکی کە سمایل بۆی ناردبوو، باربووی کرد و بۆی بەڕێ کردەوە. هەروەها بەپێی ڕێککەوتننامەکە، پۆرتۆغالییەکان بەڵێنیان دا کە یارمەتی شاسمایل بدەن بۆ وەرگرتنەوەی دوڕگەکانی بەحرەین لە بنەماڵەی «جەبرید» و لەگەڵ ئێران دژی عوسمانی پاڵوێکدەن و لە سەرکوتی ڕاپەڕینی یەکێک لە خێڵە بەلووچەکانی «موکران» (مەکران)دا یاریدەی ئێران بدەن.[1] چەند ساڵ دواتر پۆرتۆغالییەکان دوڕگەکانی بەحرەینیان گرت، بەڵام بەپێچەوانەی

ڕێککەوتننامەکەی ١٥١٥ (٩٢٠) لەبری ئەوەی ڕادەستی ئێرانیان بکەنەوە، بۆ ماوەی هەشتا ساڵان دەستیان بە سەر داگرت.

پۆرتۆغالییەکان خێرایەکی دەستیان بە سەر باریکەیەکی لێواری کەنداوی فارس لە باکوور و باکووری ڕۆژاوای هۆرمز داگرت و بە ساز کردنی چەند قەڵا و قایمەیەک، دەسەڵاتی خۆیان لە دورگە پتر پێهەڵبرد. شاسمایل لە ١٥٢٣ (٩٢٩-٣٠)دا شاندی دووەمی پۆرتۆغالییەکانی بە سەرۆکایەتی «باڵتازار پێسۆئا» بەگەرمی وەرگرت و ئەگەری هەڕەشەی عوسمانییەکان بۆ سەر دەسەڵاتی دەریایی پۆرتۆغالییەکان لە ئاوەڕێیەکانی بەرەو کەنداوی فارس، وای کرد کە کاتی پەلاماری دووەمی سوڵتانسولەیمان بۆ سەر ئێران لە ١٥٤٨دا، پۆرتۆغالی تۆپ و هێزی دەسکەرەوەیان بۆ شاتۆماسب تەیار کرد.[٢] لە نیوەی دووەمی سەدەی شازدەدا شاندێکی بڵاوکەرەوەی ڕێبازی ئاگوستینی پۆرتۆغال لە هۆرمز بنەیان دانا. «یەسووعی»یەک بە ناوی «فرانسیشکۆ داکوشتا» وای پاپ «کلێمێنت»ی هەشتەم، تێگەیاند کە ئومێدی ئەوە لە گۆڕێدایە شاعەبباسی یەکەم ببێتە مەسیحی و پاپ دەستەوبەجێ «کوشتا»ی لەگەڵ پیاوێکی ناڕووحانی بە ناوی «دیەگۆ د میراندا» نارد هەتا شادمانی خۆی دەربارەی «بزووتنی مەیلی [شا] سەبارەت بە ئایینی مەسیحییەت» دەرببڕێ. هەروەها پاپ بەئاشکرا شای بۆ وەخۆکەوتنی هاوبەش دژی «ڕقەوەنترین دوژمن، یانی ترکە لاسارەکان» بانگهێشتن کرد «کە بە فیز و دەماری زل و ئیشتیای تێرەنەخۆرەیان بۆ حوکمڕانێتی، زۆر تامەزرۆیانە ئاواتیان سەرکوتی هەموو پادشایان و هەرێمەکان و سەر پێچەماندیانن بۆ ژێر ناخۆشترین نیری کۆیلەتی.»[٣] لەو وەختەدا ئەگەر بێتوو دەمەقاڵەیەکی ناشیاوی مابەینی «کوشتا» و «میراندا» هەڵنەگیرسابا کە تێیدا کوشتا جلەکانی میراندای دزی و ئەویش دەستووری دا کوشتا بخەنە نێو زنجیرەوە و هەموو شاندەکەی پێ سووک بوو، لانیکەم ڕەنگە وڵامی شا بۆ بەشی پاشینی پەیامی پاپ لەبار بووبا.[٤] لە ساڵی ١٦٠٢ (١٠١٠-١١)دا سێ پیاوی ئایینی سەر بە ڕێبازی ئاگوستینی لە «گوئا»وە گەیشتنە ئێران؛ هەرسێکیان شوێنێکی باشیان دانا لەسەر شاعەبباس و ئەو ئیزنی دان کە دەیرێک لە ئیسفەهان دامەزرێنن و کلیسایەکیش ساز بکەن؛ تەنانەت شا پێشنیاری کرد بەشێک لە خەرجوبەرجی ڕازاندنەوەی کلیساکە خۆی بیدا.

سەرۆکی ڕێچکەی ئاگوستینی لە ئیسفەهان بێجگە لە ئەرکی ئایینی، نوێنەرایەتی پادشای ئیسپانیاشی لە ئەستۆ بوو (لە مابەینی ساڵانی ١٥٨٠ تا ١٦٤٠ / ٩٨٨ تا ١٠٤٩ فەرمانڕەوایەتی پۆرتۆغال و ئیسپانیا ببوو بە یەک و پادشای ئیسپانیا حوکمڕانی هەردک بەران بوو.) بەم شێوەیە بە یەکەمین نوێنەری سیاسی هەمیشەیی ڕۆژاوا لە ئێران دادەندرا. هەروەها لە ساڵی ١٦٠٢ (١٠١٠)دا عەبباس بە دەرکردنی چەکدارانی سەربازگەی پۆرتۆغال لە دورگەکانی بەحرەین، لێبڕاوی خۆی سەبارەت بە خستنەگەڕی دەسەڵاتی تەواو لە وڵاتەکەیدا نیشان دا. وەدەرنانی پۆرتۆغالییەکان لە هۆرمز بیست سال دواتر کە عەبباس توانی مەیلی ئینگلسییەکان بۆ دانی یارمەتی دەریایی پێویست بجزوێنێ، وەکردەوە گەڕا.

پۆرتۆغالییەکان یەکەم کەسانێک بوون کە خۆیان دایە دامەزراندنی ئیمپراتۆریێتی سیاسی و بەرژەوەندی بازرگانێتی لە کەنداوی فارس. دۆزینەوەی ڕێگایەکی دەریایی بۆ ڕۆژهەڵات لە لایەن ئەوانەوە زەرەدێکی زۆری لە توجارەتی وێنیزییەکان و جێنۆوایییەکان دا و لە ئاکامدا بە درێژایی سەدەی شازدەهەم (دەهەمی کۆچی) پەیوەندییە بازرگانییەکانی ئیتالیایی و ئێرانییەکان کەم بۆوە. کۆمەڵەڕاپۆرتی بازرگانی هەمەچەشنی ئیتالیایی کە لە نێوان ساڵانی ١٥٠٠ و ١٥٢٠ (٩٠٥ و ٩٢٦)دا لە ئێران بوون و لە لایەن ئەنجومەنی «هەلکووت» لە کتێبی «لێدوانێک دەربارەی گەشت و گەڕانی ئیتالیاییەکان بە ئێرانا لە سەدەکانی پازدە و شازدەدا»[٥] چاپ کراوە، پڕە لە هەڵە و پەڵە، بەڵام چونکە بارودۆخی ئەو حەلە هەتا ئەندازەیەک ڕوون دەکاتەوە، بایەخدارە. هەوڵ و تێکۆشانی هێندێک لە گەورەهێزانی ئورووپایی بۆ بەستنی پەیمان لەگەڵ پادشایانی سەفەوی دژی دوژمنی هاوبەشیان واتە ترکانی عوسمانی سەرنجڕاکێشترە. وێڕای نیازپاکی بەرچاوی لایەنەکان، سستبوونی پەیوەندییەکان تەنگەژەیەکی چارەسەرنەکراو بوو. هەروەک سەدەی سێزدەهەم (حەوتەم) کە فەرمانڕەوایانی مەغوول هەڵسووڕابوون بۆ بەستنی پەیمانێکی ئەوتۆ لەگەڵ حوکمڕانانی ڕۆژاوایی دژی سوڵتانانی هەرێمەکانی میسر، دەرکەوت کە هەنگاوی هاوبەش بە شێوەیەکی هاوکات بووز ناخوا. گۆڕینەوەی یادداشتە دیپلۆماتییەکان لانیکەم دوو ساڵی پێدەچوو و داڕشتنی نەخشە و گەڵاڵە هاوبەشەکان بۆ داهاتوو کە بتوانێ ئەم

مەودا زەمانییە پڕ بکاتەوە، نەدەلوا. هەروەها زۆر وێدەچوو کە لەم مەودایەدا هەلومەرج لە ئێران یا وڵاتێکی ئورووپایی یان هەردووکیان گۆڕانی بە سەرا هاتبا. بۆ وێنە لە ساڵی ١٥٢٩ (٩٣٥-٦)دا ئیمپراتۆر شارلی پێنجەم نامەیەکی بۆ شاسمایل نووسی و وادیارە پێی‌نەزانیبوو کە سمایل پێنج ساڵ پێشتر مردووە! بەڵام هەردوولا زۆر گەشبین مانەوە و چالاکی دیپلۆماتیک لە درێژایی سەدەی شازدەدا زیادی کرد.

یەکەم مەزنەمیرانی ئورووپایی کە پێشنیاری هاوپەیمانێتی هاوبەشیان دژی سوڵتانەکانی عوسمانی خستە بەردەم شای ئێران، «شارل»ی یەکەم پادشای ئیسپانیا و «لودویک»ی دووەمی فەرمانڕەوای مەجارستان بوون. ساڵی ١٥٢٣ (٩٢٩-٣٠) سمایل نامەیەکی لاتینی بۆ شارل نارد کە ئێستا ببوو بە ئیمپراتۆر شارلی پێنجەم و تێی‌دا سەرسوڕمانی خۆی نیشان دا کە کەڵەهێزانی ئورووپایی لەبری ئەوەی پشتی یەکتر بگرن بۆ تەفروتونا کردنی ترکان، دەمیان تێکناوە و لەبەریەک ڕاچوون. سیاسەتی حکوومەتی فەرانسە لەم کاتەدا ڕاگرتن و پاراستنی پەیوەندی دۆستانە بوو لەگەڵ ترکان. لە جەنگەی هرووژمی سوڵتانسولەیمان بۆ سەر ئێران لە ساڵی ١٥٤٨ (٩٥٤-٥)دا باڵوێزی فەرانسە لە بابیعالی، پاوانخۆر و دەرەبەگ داراموون وێڕای بوو؛ لە گەمارۆی شاری «وان»دا، ڕێزدار داراموون بە ڕێنموونی کردنی تۆپچییانی ترک بە مەبەستی تەقە لە قەڵا، لە چوارچێوەی ئەرک و کاری باڵوێزێک سالمەخەتەی کرد. دامەزراندنی تۆپەکان لەسەر ڕێنوێنی ئەو، ئەوەندە کاریگەر بوو، کە ترک سەرکەوتن و سەربازگەی سەفەوی دەستی دا. پاش دامەزرانی کۆمپانیای لێوانت [ئەنگووتنی هەتاوی بەخت = ڕۆژهەڵاتی بەخت] لە ساڵی ١٥٨١ (٩٨٩)دا ئینگلستانیش مەیلی بزووت کە نێوان و پەیوەندی لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی بەرەو باشی بەرێ و چالاکی و هەڵسووڕانی بازرگانێتی خۆی گەشە پێبدا.

لە ساڵی ١٥٩٨ (١٠٠٦ی ک.)دا وەختایەک کە عەبباسی یەکەم دوای سەرکەوتنی گەورەی بە سەر ئۆزبەکاندا گەڕایەوە قەزوێن، شاندێکی بیستوشەش کەسی ئورووپایی بە سەرۆکایەتی دوو سەربەگێچەڵی ئینگلیسی بە ناوەکانی سێر ئانتۆنی و سێر ڕابێرت شێرلی لە چاوەڕوانی خۆی‌دا دی. شا ئەم دوو برایەی لەگەڵ خۆی بردنە ئیسفەهانی پایتەختی تازەی و لە مانگی مەی ١٥٩٩دا سێر

ئانتۆنی شێرلی بە کۆمەڵێک نامەی دۆستانەوە بۆ پاپ و پادشایانی دیکەی ئورووپا بەڕێ کرد، وەک: ڕۆدۆڵفی دووەم، ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆم و پادشای بوهمیا (١٥٥٢-١٦١٢ / ٩٦٠-١٠٢٠)، هانری پادشای فەرانسە (١٥٩٨-١٦٢١ / ١٠٠٦-١٠٣٠)، پادشای ئیسکاتلەند، پادشای لەهێستان، شاژنی ئینگلستان، حوکمڕانی وێنیز و دووکی گەورە (مەزنی مەزنان)ی توسکانی. سێر ئانتۆنی ڕاسپێردرابوو کە پشتیوانێتی ئەم پادشایانە لە خەبات دژی دوژمنی هاوبەش کە عوسمانی بێ وەدەست بێنێ. لەم سەفەرەدا یەکێک لە پایەبەرزانی قزڵباش بە ناوی حوسێنعەلیبەگی بەیات و ئێرانییەکی دیکەش کە قەرار بوو وەک باڵوێزی ئێران لە دەرباری تێزار «بووریس گۆدۆنۆف» لە مۆسکۆ بمێنێتەوە، وێڕای ئانتۆنی چوون. سێر ڕابێرت شێرلی وەک بارمتە بۆ دەستەبەرێتی ئاکار و کردەوەی لەباری ئانتۆنی لە بارگای سەفەوییە مایەوە. بە وەبەرچاوگرتنی ئەو کارانەی کە ئانتۆنی لە ئورووپا کردنی، دەسپاراستن و تۆڵەنەکردنەوەی شاعەبباس لە سێر ڕابێرت نیشانەی بەوێژدانی ئەم فەرمانڕەوایە بوو.

جارێکی تر نوقسانییەکانی سرشتی ئادەمی بوو بە هۆی تێکچوونی یەک ڕاسپێراوێتی دیپلۆماتیک. ڕاهیبێکی پۆرتۆغالی ئاگوستینی بە ناوی «نیکۆلا د مێلۆ» وێڕای سێر ئانتۆنی شێرلی بوو کە دەچوو بۆ ڕۆم. شتێکی وانەبوو گەیبوونە ڕووسیا کە دەمەقاڵی توند لە نێوان سێر ئانتۆنی و مێلۆدا هەڵگیرسا و گوتوویانە کە سێر ئانتۆنی هەوڵی داوە کابرای ڕاهیب لە چۆمی قۆڵگادا بخنکێنێ. سێر ئانتۆنی و هاوکارە ئێرانییەکەی حوسێنعەلیبەگی بەیات، پاش شەش مانگ مانەوەی لەخۆڕا لە مۆسکۆ کە تێکڕاچووبوون کامەیان دەمڕاست و لە پێشە، سەرەتاکانی ساڵی ١٦٠٠ (١٠٠٨) بە کەشتی لە «ئارخانگێل»* ڕوویان کردە بەندەری «ئیمدێن»ی ئاڵمان و لە ئۆکتۆبری ١٦٠٠ (ڕەبیعی ئاخری ١٠٠٩)دا بە ڕەوگەیەکی زیاتر ناڕاستەوخۆدا، کە لەبەر تووش نەبوونی هەرێمەکانی عوسمانی بەناچار لایان دا، گەیشتنە پراگ. ئیمپراتۆر ڕۆدۆڵف لە پراگ بە گەرمی شاندەکەی وەرگرت، بەڵام وەختایەک کە ئاوریلی ١٦٠١ گەیشتنە ڕۆم، کێشەیەکی تاڵ و ناخۆش لەسەر کەیخودایەتی و دەمڕاستی لە نێوان سێر ئانتۆنی و «حوسێنعەلیبەگی بەیات»دا ڕووی دا کە دابڕانی بەیاتی لێکەوتەوە و بە تەنیا ڕۆیشتە ئیسپانیا. لە مارسی ١٦٠٢ی زایینیدا،

سێر ئانتۆنی کە نامەیەکی پێبوو بۆ پادشای ئیسپانیا چووە وێنیز. هێندێک لە نامەکانی وی لە لایەن کاربەدەستانی ئینگلیسیڕا دەستیان بە سەر داگیرا و بە خەیانەتاوی هاتنە ژمار. ئیزنی گەڕانەوەی نەدرا بۆ ئینگلستان و دەستوور درا بە باڵوێزانی بریتانیا لە دەرەوە کە مافی هاووڵاتیبوونی لێبستێننەوە. ئانتۆنی لە مانگی ئاوریلی ١٦٠٣دا لە وێنیز گیرا و خرایە زیندان؛ هەڵبەت نازاندرێ لەبەر نەدانەوەی قەرزەکانی یان بە هۆی پیلانگێڕان. شێرلی پاش چوونە سەردەسەڵاتی «جیمز»ی یەکەم ئازاد کرا و ئیزن درا «بۆ ماوەیەکی تر لەوبەری دەریاکان وەمێنێ.»[٦] لەبەر نەگەڕانەوەی ئانتۆنی بۆ ئێران یان بە هۆی نەناردنەوەی چلۆنایەتی پێشکەوتی ڕاسپێراوییەکەی، ڕابێرتی برای بۆ ماوەیەک کەوتە بەر ڕووساردی شا، بەڵام هێندەی پێنەچوو کە خرایەوە سەر کار و لە ١٦٠٨دا نیزیکەی دە ساڵ دوای ئەوەی کە سێر ئانتۆنی ئێرانی جێهێشتبوو، لە لایەن شاوە بۆ کارێکی ئەوتۆ نێردرایە ئورووپا و هەروەها ڕاسپێردرا براکەی بدۆزێتەوە و ڕاپۆرتی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی بۆ شا بێنێتەوە.

حوسێنعەلیبەگ دوای دابڕان لە سێر ئانتۆنی چووە شاری «والادولید» لە لێواری دەریاکانی باکووری ئیسپانیا و فیلیپی سێهەم ئیزنی چوونە خزمەتی دا. باڵوێزی سەفەوی کە پێشتر لەبەر دینگۆڕکەی سێ کەس لە خزمەتکارانی و چوونیان بۆ سەر ڕێبازی کاتۆلیک لە ڕۆم شەرمەزار ببوو، لە «والادولید»یش عەلیقوڵیبەگی برازای و یەکێک لە نووسندەکانی بوونە مەسیحی و ئەوەندەی دیکە داما و داخوڕیا. شا فیلیپ و مارگاریتای هاوسەری بوونە دایک و باوکی وسڵدانیان و بەڕیز ئەم دووانەیان ناونان «فیلیپە» و «خۆئان».[٧] باڵوێز وا لەم کارە دەرهەڵبوو کە هەوڵی دا ڕێ خۆش بکا بۆ کوشتنی «خۆئان». سەبارەت بە حوسێنعەلیبەگی بەیات پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران و دانی ڕاپۆرتی ئەم ڕووداوە پڕ شەرمەزارییانە بە شا، هیچ شتێک لە مێژوودا نەنووسراوە.

ساڵی ١٦١١ (١٠١٩-١٠٢٠) سێر ڕابێرت لە «مادرید» سێر ئانتۆنی دۆزییەوە کە لەوپەڕی هەژاریدا دەژیا. دوای ئەوەی کە ئەو و براکەی هەرکام یەکتریان تۆمەتبار کرد، ڕابێرت چووە ئینگلستان و گەیشتە خزمەت «جیمز»ی یەکەم. بەڵام تەواوی هەوڵ و هەڵسووڕانەکانی بە مەبەستی دامەزراندنی نێوان و پەیوەندی بازرگانێتی مابەینی ئێران و ئینگلستان لەبەر چالاکییەکانی ئەودیو

پەردەی کۆمپانی لێوانت نەزۆک مایەوە. ئەم کۆمپانیایە ئەو دەمی سەرقاڵی تێکگیران و ملانەیەکی گەرموگوڕ بوو لەگەڵ کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلستان - لەسەر وەدەست گرتنی توجارەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵاتی - کە ساڵی ١٦٠٠ی زایینی دامەزرابوو. ڕابیرت ساڵی ١٦١٥ (١٠٢٤) گەڕایەوە ئێران و هەر لەو ساڵیدا بۆ جاری دووەم ڕووی کردەوە ئورووپا و ڕاسپێراوێتی ئەمجارەی تا ١٦٢٧ی خایاند. ئەم نەدیوبوونە درێژخایەنەی لە ئێران هەلی بۆ دوژمنانی ڕەخساند کە متمانە و باوەڕی شای لێداماڵن و کاتێک کە لە کۆتایی دووەمین سەفەریدا گەڕایەوە ئێران، کەوتە بەر شەپۆلی تووڕەیی شا و داماو و پەرێشان لە ئێران سەری نایەوە.

لە گۆشەنیگای ئەو قازانج و دەسکەوتە بنەڕەتییانەرا کە گەورەهێزانی ڕۆژاوایی لە پەیوەندی لەگەڵ ئێران وەدەستیان هێنا، دەبێ سەدەی شازدە بە هی پۆرتۆغالییەکان دابندرێ. ئینگلیسییەکان زۆر چرووپر هەوڵیان دا هەتا بەو جۆرەی کە پۆرتۆغالییەکان لای بەرەوەی ئیمپراتۆرێتی عوسمانییان بە تێپەڕین بە قەپۆزەی «ئومیدنیک»دا دەور لێدابوو، ئەئاوا بە قۆلی باکووری ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا سووڕ بدەنەوە. لە سەرەتای ساڵی ١٥٥٣دا «توجارەتخانە و کۆمپانیای بازرگانانی سەربەگێچەڵ بۆ دۆزینەوەی هەرێم و قەڵەمڕەو و دوورگە و شوێنە نەناسراوەکان» لە لەندەن پێکهات و «سێباستیان کابووت» بوو بە یەکەم بەڕێوەبەری. هەوەڵ ئامانجی ئەم کۆمپانییە دۆزینەوەی ڕەوگەیەک بوو لە باکوورەوە بۆ ڕۆژهەڵات، بە مەبەستی گەیشتنە چین، بەڵام دوای دۆزینەوەی ڕێگایەک کە دەچۆوە «ئارخانگێل»، ناوی گۆڕی بۆ «کۆمپانیای مۆسکۆوی» و «کۆمپانیای ڕووسیا». ئەمە یەکەم کۆمپانیای شەریکەبەشی ئینگلیسی بوو بۆ بازرگانییەتی دەرەوە. دوو گەمیٚ لەو سیٚ گەمێیەی کە ساڵی ١٥٥٣ (٩٦٠) بەڕیٚ کرابوون، لەبەر کەش و هەوای ناخۆش و ڕەشەبا لە باکووری نۆرویژ بزر بوون، بەڵام گەمێی سێهەم بە فەرماندەرێتی «ڕیچارد چێنسلێر» گەیشتە ئارخانگێل. چێنسلێر چووە مۆسکۆ و گەلێکی سەرپشکانەی بازرگانی لە ئیوانی چوارەم (ئیوانی خۆفناک) وەرگرت. لە گەڕانەوەی دووەمین گەشتیدا بۆ ئارخانگێل، چێنسلێر و گەمییەکەی ون بوون.

سەرەڕای ئەم دەسپێکە بێترووسکەیە، «ئانتۆنی جێنکینسۆن» و دوو برا بە ناوەکانی ڕیچارد و ڕابێرت جانسۆن لە ١٥٥٧ (٩٦٤)دا هەوڵێکی دیکەیان دا. ئەوان بە سەلامەت گەیشتنە ئارخانگێل و هەروەها بە گەرمی لە لایەن ئیوانەوە پێشوازی کران. پاشان سەفەریان کرد بۆ «هەشتەرخان»* و بە پەڕینەوە لە دەریای خەزەر چوونە بوخارا. ئەگەرچی جێنکینسۆن و تاقمەکەی بە هەڵە پێیان وابوو ئەوان یەکەم پۆلە مەسیحین کە لە دەریای خەزەردا کەوتوونە دەریاوانی - چونکە جێنۆواییەکان دووسەدە و نیو پێشتر ئەم کارەیان کردبوو - بەڵام دیسانیش کارەکەیان بە کردەیەکی پێشەنگانە دادندرا و ڕێگایەکیان بۆ ئاسیای ناوەندی دۆزیبۆوە. ساڵی ١٥٦١ جێنکینسۆن بۆ جاری دووەم سەفەری کرد و لەم گەشتەدا چەند نامەیەکی شاژن «ئێلیزابێت»ی پێبوو بۆ ئیوانی خۆفناکی خونکاری ڕووسیا و شاتۆماسب کە وەک «سۆفی مەزن»[٨] ناوی هاتبوو. ساڵی ١٥٦٢ (٩٦٩ - ٧٠) جێنکینسۆن جارێکی تر بە مەبەستی تێپەڕین بە دەریای خەزەردا لێی سواری گەمیَ بۆوە و ئەمجار لە شیروان کە بەشێک بوو لە خاکی سەفەوییە لە ڕۆخی ڕۆژاوایی دابەزی. عەبدوڵلاخانی ئۆستاجلوو کە حوکمداری شیروان و ژنبرا و ئامۆزای شا بوو بە گەرمی میوانداریی «جێنکینسۆن»ی کرد و بەڕێی کرد بۆ قەزوێن. جێنکینسۆن لە ٢٠ی نوامبری ١٥٦٢ (٢٣ی ڕەبیعی یەکەمی ٩٧٠ی کۆچی)دا بە خزمەت شاتەهماسب گەیشت و نامەی شاژنی پێشکێش کرد. ئامانجی نامەکە بریتی بوو لە «داگیرساندنی دۆستایەتی و دابینی هاتوچۆی ئازادانەی بازرگانان و خەڵکی ئێمە؛ سەفەر و هاتن و چوون لە قەڵەمڕەوی ویدا بۆ هێنانی شتومەکی ئێمە و بردنی کاڵاکانی خۆیان لەسەر شەرەفی دوو فەرمانڕەوا و بە مەبەستی قازانجی هاوبەشی دوو وڵات و خێروخۆشی جەماوەرەکانیان.» هەموو شتێک بە باشی دەچوو پێش هەتا شا بەوەی زانی کە جێنکینسۆن مەسیحییە و کوتی: «ئەی بێبڕوا، ئێمە هیچ نیازێکمان بە دۆستایەتی لەگەڵ بێباوەڕان نیە.» جێنکینسۆن بێیەکودوو لە هەوێڵی شا دەرکرا و بە دیتنی ئەم دیمەنەی وەختایەک دەچووەدەر خزمەتکارێک «بە داشقەیەکی پڕ لە خیز تەواوی ئەو مەودایەی کە لە نێو کۆشکا پێیدا ڕۆیشتبوو، خیزی لێهەڵدەپڕژاند»[٩] قەڵس بوو. بەڵام هەموو شتێک تەواو نەبوو، چونکە عەبدوڵلاخان بە کەیخودایەتی و قسە لێکردن نەک تەنیا شای ئەوەندە نەرم کرد

کە لە کاتی چوونەوەی جێنکینسۆندا دیارییەکی جوانی دایە، بەڵکوو خۆشی گەلێک سەرپشکانەی گرینگی بازرگانی دا بە کۆمپانیای مۆسکۆوی. مەترسییەکانی ئەم ڕێیە زۆر بوون و ساڵی ١٥٨١ (٩١٩) بەسترا. زیاد لەو مەترسییە سامناکانەی کە ڕێی دەریایی لە ڕەوگەی باکووری ئیسکاندیناوی بۆ دەریای سپی خۆیان لێ مەڵاس دابوو، هێرشی چەتە و ڕێگرانی تاتار لە مەڵبەندی ڤۆلگا و گرێ و کۆسپەکانی دەبوونە هۆی تێداچوونی کەسان و شتومەکێکی زۆر.

چەند ساڵ دوای دیداری جێنکینسۆن لە دەرباری شاتۆماسب، خودی ئیوانی خۆفناک کەوتە توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی چالاکی و هەنگاوێکی هاوبەشی لەشکری لەگەڵ شا دژی عوسمانییەکان. ئەو لە ١٥٦٩دا نێردراوێکی بە ناوی «دولمێت کارپیویچ» ناردە لای تەهماسب. نێردراوەی ڕووس ٣٠ تۆپ و ٤٠٠٠ تفەنگی وەک دیاری بۆ شا هێنابوو؛ هەروەها ٥٠٠ کەسی ئەنگێوەی سێرەڕاستی لەگەڵ بوون کە «دەیانتوانی مەشق بە پیاوەکانی بکەن و ڕایانبێنن بۆ تیرەندازی.» خونکار بەڵێنی دا ئەگەر هاتوو شا ئەو تۆپ و تفەنگانەی پەسند کرد، ئەو هەر چەشنە چەکوچۆڵێکی گەرمی کە بتوانێ لە ئاڵمانییەکانی بگرێ، بە شای بفرۆشێ. شاتەهماسب لەم شاندە و لەم دیارییانە زۆر ڕازی بوو و ئامادەیی دەربڕی ئەوەندەی بۆی دەلوێ یاریدەی خونکار بدا. ئەگەرچی مەسکەو نیزیکتر بوو لە ئورووپای ڕۆژاوایی، بەلام هیچ هەنگاوێک دوابەدوای ئەم خۆنواندنە سیاسییە نەهاوێژرا.[١٠]

هەر لەو ساڵەدا کە تەماگیرا ڕەوگەی باکوور بۆ ڕۆژهەلات هاتوچۆی پێدانەکرێ، بازرگانێک بە ناوی «جان نیوبێری» گەیشتە هۆرمز. ئەو یەکەمین کەسی ئینگلیسی بوو لە ڕێی ویشکانیڕا سەفەری کردبوو بۆ کەنداوی فارس. نیوبێری لە گەڕانەوەیدا بۆ لەندەن پەیوەندی کرد بە بازرگانەکانی دیکەوە بۆ وێنە «ئێدوارد ئەزبورن» یەکەمین بەڕێوەبەری کۆمپانیای لێوانت لە ١٥٨١ (٩٨٩)دا. ئەم کۆمپانیایە پێش ماوەیەکی کورت بەپێی فەرمانێکی شا پاوانی مافی بازرگانێتی لەگەڵ تورکیا بۆ حەوت ساڵان وەدەست هێنابوو. بازرگانانی کۆمپانیای لێوانت بە بیستنی هەواڵەکانی نیوبێری تەمایان گرت چالاکی خۆیان بۆ ئێران و هیند پەرەپێبدەن و کەلک وەربگرن لەو ڕێگا ویشکانییەی کە بە

سووریا و دووچۆماندا تێدەپەڕێ. ساڵی ١٥٨٣ (٩٩٠-٩١) نیوبێری لەگەڵ دەستەیەک بازرگانی تر چوو بۆ هورمز هەتا وەک ڤێنیزییەکان، توجارەتخانەیەک لەوێ دابنێ. بەڵام چەند ڕۆژ پاش گەیشتنی ئەم تاقمە بۆ هۆرمز، ڕکەبەرانی ڤێنیزییان چوونە لای حاکمی پۆرتوغالی دوڕگە و بۆیان تێچاندن کە ئەوانە هاتوون بۆ سیخوڕی و لە دین لاڕێن. ئەم پۆلە گیران و بۆ محاکەمە بە سواری گەمی نێردران بۆ «گوئا»، بەڵام سەرەنجام بە کەیخودایەتی یەسووعییەکی ئینگلیسی و دوو هولەندی ئازاد کران.

ساڵی ١٦٠٠ (١٠٠٨-٩) بازرگانێکی لەندەنی بە ناوی «جان میلدنهاڵ» وێڕای قەشەیەکی پرۆتستان بە ناوی «جان کارترایت» لە حەلەبەوە ڕوویان کردە هیند. کارترایت لە ئێران وێوەتر نەچوو، بەڵام میلدنهاڵ چووە هیند. هەوڵی ئینگلیسییەکان بۆ کردنەوەی ڕێگای وشکانی بۆ کەنداوی فارس هەر بە هەمان ئەندازەی هاتوچۆ بە ڕەوگەی باکوور بۆ ڕۆژهەلات کە بە خاکی ڕووسیادا تێدەپەڕی، سەرکەوتوو بوو. دیار بوو کە بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی پۆرتوغالییەکان لە کەنداوی فارس پێویست بە هێزێکی دەریایی باڵادەستر بوو لەچاو ئەوان. لە ماوەیەکی کورتا ئەم هێزە لە لایەن کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیسی و کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی هولەند دابین و تەیار کرا، کە سەرەتا بۆ شکاندنی پۆرتوغالییەکان یاریدەی یەکتریان دەدا و پاشان بوونە ڕقەبەرێکی ئەوەندە توند کە ئاو نەیدەپاڵاوتن.

لە ساڵی ١٦١٥ (١٠٢٤)دا کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس یەکەم هەوڵەکانی خۆی بۆ خزینە نێو بازاڕی ئێران دەست پێکرد. یەکێک لە کارگێڕانی کۆمپانیا بە ناوی «ڕیچارد ئێستیل» زانیبووی کە زستانەکانی ئێران ساردن و وای لێکدایەوە کە ماهووتی ئینگلیسی چاک دەفرۆشرێ. کۆمپانیاکەی «جان کرادێر»ی ناردە ئیسفەهان و ئەم دووە لەوێ فەرمانێکیان[11] لە عەبباسی یەکەم وەرگرت کە دەستووری دەدا بە ڕعێتان:


«ئەوەندەی بۆتان دەکرێ... بەگەرمی میوانداری فەرەنگییەکانی ئینگلیسی بن و پێداویستی حەسانەوەیان بۆ دابین بکەن. هەر کاتێک کەشتی یان بەرهەمەکانی ئەوان بگاتە «جاسک» یان هەر لەنگەرگایەکی دیکە لە قەڵەمڕەوی حوکمڕانێتی ئێمەدا، ئەوان و کاڵاکانیان بگەیەننە هەر

شوێن یان هەر جێیەکی کە خۆیان مەیلیان لێیە. وریا بن کە لە بەستێنەکانی ئێمەدا، لە بەرامبەر فەرەنگییەکانی دیکەدا، هەر کەسێک بن، داکۆکی و پارێزگارییان لێبکرێ.»[١٢]

ئێتسیل و کرادێر پاش ورد بوونەوە و پێداچوونەوەی چەند لەنگەرگایەک «جاسک»یان لە ڕۆخی موکران (مەکران) لە ڕۆژهەلاتی هۆرمز هەڵبژارد. لە دێسامبری ١٦١٦ (قوربانی ١٠٢٥)دا کۆمپانیا «ئێدوارد کاناک»ی بە سواری کەشتی «جیمز» و بارێک کووتاڵەوە نارد. هەرچەند پۆرتۆغالی هەوڵیان دا کە «جیمز» بگرن، بەڵام بۆیان نەکرا و گەیشتە جاسک. کاناک بارە کووتاڵەی بردە شیراز و چەند توجارەتخانەیەکی لەوێ و ئیسفەهان کردەوە. عەبباس فەرمانێکی بەربلاوتری دیکەی دەرکرد کە تێیدا ئیزنی دەدا بە کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلاتیی ئینگلیس بە ئازادی لە سەرانسەری ولاتا مافی کڕین و فرۆشتنی هەبێ. وا بڕیار درا کە بالوێزێکی هەمیشەیی ئینگلیسی لە ئێران بنەگر بێ و بۆ دانانی کارگێڕان و کاربەدەستان لە کات و شوێنی خۆیدا، خاوەنی دەسەلات بێ. ئازادی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمیی ئایینی بۆ خەلکانی ئینگلیسی دەستەبەر کرا؛ داوەری کردن لە کاروباری قانوونی ئەوانا کەوتە ئەستۆی بالوێز. جگە لەمەش شا گفتی دا هەموو ساڵێک ١٠٠٠ تا ٣٠٠٠ تەلیس ئاوریشم بە نرخێکی دیاریکراو بۆ کۆمپانیا دابین بکا و ئەویش بتوانێ بێ دانی گوومرگانە لە جاسکەوە ڕایگوێزێ.

کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلاتی دەبێ لەم سینگفرەوانییەی شا زۆر شادمان بووبێ. بەلام لەم نێوەدا مەرجێکی بچووک هەبوو. عەبباسی یەکەم لە بەرامبەر ئەم زێدەپشکانەدا چاوەڕوانی یارمەتی ئینگلیسییەکان بوو بۆ دەرکردنی پۆرتۆغالییەکان لە هۆرمز. هەباسی یەکەم هەمیشە قەلاکانی پۆرتۆغالییانی لە دوورگەی هۆرمز و سەرزەوی سەرەکیدا و ئەم ڕاستییە کە حاکمی هۆرمز ژێر حوکمی پۆرتۆغال بوو، بە دەسدرێژی بۆ سەر مافی حوکمڕانێتی خۆی دادەنا، کە هەڵبەت تەواو شتێکی سروشتی بوو. بەلام لەبەر نەبوونی هێزی دەریایی ئەویش وەک پێشینیانی نەیدەتوانی پۆرتۆغالییەکان لە دوورگەی هۆرمز بتارێنێ، گەرچی هەر وەک پێشتر باسی کرا، ساڵی ١٦٠٢، چەکدارانی سەربازگەی زۆر بچووکتری پۆرتۆغالییەکانی لە بەحرەین ڕەپاڵ نابوو. وا دێتە بەرچاو هاتنی

گەمییە شەڕکەرەکانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیسی بۆ سەر شانۆ، ئەو هەلەی کە عەبباس لێیدەگەڕا، بۆی ڕەخساندبوو.



٧ - خانووبەرە و باخی نشیمەنگای بەڕێوەبەری کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی

www.zheen.org

چەند ساڵێک بوو کە نێوانی عەبباس و پۆرتوغالییەکان بەرەو ساردی چووبوو. ساڵی ١٦٠٨ (١٠١٧) عەبباس پورتوغالییەکی سەر بە ڕێبازی ئاگوستینی بە ناوی «ئانتۆنیۆ د گۆویا»ی لەگەڵ پلەدارێکی قزڵباش بە ناوی «دێنگیزبەگی ڕۆملوو» نارده لای «فیلیپ»ی پادشای ئیسپانیا. شا کە هەرگیز هەلی لەباری نەدەدۆڕاند، جگە لە دیاری باو کە ناردی بۆ فیلیپ، پەنجا تەلیس ئاوریشمیشی لەگەڵ ناردن کە داهاتی فرۆشەکەی دەبوو بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی پادشایەتی. وەک هەمیشە بەشێک لە ئامانجەکانی سەفەرەکە سیاسی بوو، وەک دنەدانی شافیلیپ بۆ شەڕ لەگەڵ عوسمانییەکان و بەشێکیشی بازرگانی، وەک گەشە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی بازرگانی نێوان ئێران و ئیسپانیا و پۆرتوغال. ڕاسپێراوییەکە تەواو بەرەورووی شکست بۆوە و وەختایەک کە ئەندامانی شاندەکە لە ١٦١٣ (١٠٢١)دا گەڕانەوە ئێران، شاعەبباس بێ‌سێ‌ودوو فەرمانی

کوژرانی «دێنگیزبەگ»ی دا. نارەزامەندی هەباس لەم پایەبەرزە دەگەڕایەوە سەر چەند هۆکارێک: گرینگترینیان شکاندنی مێوومۆری نامەی شا بوو بۆ پاتشای ئیسپانیا – سووکایەتی پێکردن – نێوەرۆکەکەی بۆ فەرمانداری «کادێس»★ درکاندبوو و هەروها بڕە پارەیەکی دابوو بە بازرگانێک کە نامەی شا بەرێ بۆ پاپ، لە حاڵێکا ئەرکی خۆی بوو نامەکەی گەیاندبا و هەروابێتەوە ژمارەیەک لە ئەندامانی شاندەکەی ببوونە مەسیحی و لە ئورووپا مابوونەوە. واوێدەچوو کە تەنیا هۆکاری هەڵگەڕانەوەیان لە ئیسلام ناڵەبار جووڵانەوەی دێنگیزبەگ بوو لەگەڵیان. گۆویا کە کاتی مانەوەی لە ئیسپانیا کرابوویە نوێنەری پاپ لە ئێران، تۆمەتبار کرا کە لەبری فرۆشی بارە ئاوریشمەکان لە وەکیلایەتی شا، بەخشیونی بە شافیلیپ. گۆویا لە ترسی گیانی ڕایکردە شیراز و لەوێ بە دەستووری ئیمامقولیخانی حوکمڕانی فارس ماوەیەک گیرا، بەڵام چونکە ئیمامقولیخان هیچ فەرمانێکی لەم بابەتەوە پێنەگەیی ئیزنی دا گۆویا بچێتە هۆرمز. فەرمانی شا سەبارەت بە گرتنی گۆویا لە شیراز درەنگ گەیشتە دەستی ئیمامقولیخان. شا لە حوکمڕان تووڕە بوو کە هەلی ڕاکردنی بۆ گۆویا ڕەخساندووە[13] و ئیمامقولیخان بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی پادشا، تەمای گرت پەلاماری بەشێک لە خاکی لێواری بەرەورووی دوورگەی هۆرمز بدا کە بە دەست پۆرتۆغالییەکانەوە بوو. لە بنەبانی ساڵی ١٦١٤ (١٠٢٣)دا لەنگەرگای بچووکی «جەروون» (بەندەرعەبباسی دواتر)ی گرت و لە دوورگەی «قێشم» هێزی پیادە کرد و بەم چەشنە چوونی ئاوی شیرنی بۆ سەربازگەی پۆرتۆغالییەکان هەڵبڕی (چونکە هۆرمز ئاوی خواردنەوەی لێنەبوو) و پێگەی پۆرتۆغالییانی لە «راْس‌الخیمە»ی بەستێنی باشووری کەنداوی فارس هەڵکەند و دەریکردن.

شاعەبباس نیشانی دا کە لە وەرگرتنی پیاوانی ئایینی وەک باڵوێز ماندوو بووە و داوای لە پادشای ئیسپانیا کرد کە نەجیمزادەیەکی مەند و ماقووڵ بۆ باڵوێز بنێرێ. پادشای ئێران لای وابوو کە نەجیمزادەیەکی ئەوتۆ باشتر بەرژەوەندی پادشای ئیسپانیا دەپارێزێ، چونکە «ڕووحانی لە دەرەوەی پەرستگە چەشنی ماسی دەرەوەی ئاو وایە.»[14] هەر بۆیە لە ساڵی ١٦١٣ (١٠٢١-٢٢)دا شافیلیپ «دۆن گارسیا د سیلوا ئی فیگەرۆئا»ی وەک باڵوێزی خۆی نارده ئێران کە مانگی ئۆکتۆبری ١٦١٤ (ڕەمەزان - شەشەکانی ١٠٢٣) گەیشتە

گوئا. ئەگەرچی لە دەمارەکانی ئەم نەجیمزادەیەی ئیسپانیاییدا هەتا ڕادەیەک خوێنی پۆرتۆغالی دەگەڕا، کاربەدەستانی پۆرتۆغالی ئەویان بە کابرایەکی نالەبار لە قەڵەم دا و بە کۆمەڵێک بیانووی ڕەنگاوڕەنگ پتر لە دوو ساڵان لەویێ گرتیان. وەختایەک کە سەرەنجام لە ئاوریلی ١٦١٧ (ڕەبیعی ئاخری ١٠٢٦)دا دۆن گارسیا گەیشتە هۆرمز، جارێکی تر کەوتە بەر شەپۆلی توندی دوژمنایەتی کاربەدەستانی پۆرتۆغالی. ئەو لەبەر مانەوەی دووبارەی لە هۆرمز، دەرفەتی تەواوی بۆ ڕەخسابوو هەتا بە چۆنیەتی دامەزرانی قەڵا و قایمە و پێگەی پۆرتۆغالییەکاندا بچێتەوە و تەماشای کرد بارودۆخیان نالەبارە. دۆن گارسیا هاوینی ساڵی ١٦١٧ (١٠٢٦) گەیشتە ئیسفەهان، بەڵام هەتا هاوینی ١٦١٩، یانی پێنج ساڵونیو زیاتر پاش ئەو دەمەی کە ئیسپانیای جێهێشتبوو، نەیتوانی بگاتە خزمەت عەبباسی یەکەم. کاتی دیداریش لەگەڵ شا، داخوازە غللورانە و نابەجێیەکانی، فەرمانڕەوای قەڵس کرد و ئەویش فەرمانی دەرکرانی دا. دۆن گارسیا داوای گێڕانەوەی بەحرەین و پشتێندەی سەر بەستێنی باکووری هۆرمزی کرد کە ئیمامقولیخان تازە دەستی بە سەردا گرتبوون. هەروەها داوای وەدەرنانی کاربەدەستانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیسی دەکرد. بە تێداچوونی ئەگەری وەدەسهێنانی هەر چەشنە ڕەزامەندییەک لە ئێران، دۆن گارسیا بەرەو ئیسپانیا پێینایە کەشتی، بەڵام لە ڕێی گەڕانەوەدا مرد.

ئەزموونی شا لەسەر کار و ڕاسپاردەکانی گۆویا و دۆن گارسیا ببوو بە هۆی گرژی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پۆرتۆغالییەکان. ئەو هیچ جیاوازییەکی بەرچاوی لە نێوان ئەوان و ئیسپانیاییەکانا دانەدەنا و هەقیشی بوو، چونکە هێشتا پادشای ئیسپانیا و پۆرتۆغال هەر کەسێک بوو. لە ژووەنی ١٦٢٠دا پەلە گەمێیەکی دەریایی بە سەرۆکایەتی «ڕوویی فرئیرە» بە مەبەستی ڕەپاڵنانی ئینگلیسییەکان لە کەنداوی فارس گەیشتە هۆرمز، بەڵام لە دوو شەڕی دەریاییدا لەگەڵ گەمییەکانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس لە ڕۆژانی کریسمەسی ١٦٢٠ و ٧ی ژانوییەی ١٦٢١دا بەزی. لە مانگی مەی ١٦٢١ (جیمادی ئاخر - ڕەجەبی ١٠٣٠)دا «ڕوویی فرئیرە دی ئاندرادە» بە مەبەستی دەس داگرتن بە سەر ئەو چاڵاوانەی کە ئاوی خواردنەوەی سەربازگەی پۆرتۆغالییەکانی دورگەی هۆرمزیان دابین دەکرد، هێزێکی لە دورگەی «قێشم»

پیادە کرد. ڕوویی فرئیرە هێشتا دانانی ئەو قـەڵایـەی بـە مەبەسـتی پاراسـتنی چاڵاوەکان تەواو نەکردبوو کە کەوتە بەر پەلاماری هێزەکـانی سـەفەوییە و لــە فێورییــەی ١٦٢٢ (ڕەبیعــی ئــاخری ١٠٣٠)دا قــەڵا گــیرا. ئینگلیسـییەکان ڕوویـی فرئیرەیان بە دیل گرت. هێرشی پۆرتۆغالییەکان بۆ سەر شار و گوندەکانی سـەر بەستێنی ئێران ئەوەندەیان زیان و زەرەد لێکەوتەوە کە لە ١٦٢١دا ئیمامقولیخان داوای لە دوو کەس لە کەشتیوانانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس بـە ناوەکانی «بلیت» و «وێدڵ» کرد کە بە ئامانجی وەدەرنانی پۆرتۆغالییـەکان لــە دوڕگەی هۆرمز یاریدەی بکەن. بیتوو ملیــان نــەدابا، سەرپشـکانەی بازرگــانی ئەوان لە ئێران و کەنداوی فارسا بەتاڵ دەکرایەوە.

گەمیوانانی ئینگلیسی هیچ مەیلیان بۆ ئەو کارە نەدەچوو، چونکە پۆرتۆغال و ئینگلیس بەڕەسمیی لە باروبواری ئاشتیدا بوون، بــەڵام بــە دنــەی «ئێـدوارد ماناکس» کارگێڕی کۆمپانیــا لــە ئێــران، ملیــان دا و تێوەچــوون. ئــەو خاڵــە سەرەکییانەی کە لەگەڵ ئیمامقولیخان لەسەری ڕێککەوتبوون بریتی بوون لــە: خەنیمەتەکان نیوانیو دابەش بکرێن؛ قەڵاکەی هۆرمز بکەوێتە ژێـر دەسـەڵاتـی ئینگلیس؛ ئینگلیسی بە بێ دانی بارانە بتوانن کاڵا لە هۆرمزەوە بێنن یان بینێرن؛ نیوەی داهاتی گوومرگانەی شتومەکی بازرگانی هۆرمز بۆ ئینگلیسییەکــان بــێ؛ دیلانی ئەرمەنی بدرێنە دەس ئینگلیسییەکان و ئیمامقولیخــان نیــوەی خــەرجی تێچووی پێداویستییەکانی گەمییەکانی کۆمپانیا لە مــاوەی شــەڕدا بــدا. یەکــەم هەنگاوی هاوبەشی ئینگلیسییەکان و هێزەکانی ئیمامقولیخــان، گرتنــی قــەڵای پۆرتۆغالییەکان بوو لە کلکەی ڕۆژهەڵاتیی دوڕگەی قێشم. یەکێک لــەو دەگمــەن ئینگلیسییانەی لەم تێکهەڵچوونەدا کوژرا، گەمیوان «ویلیام بــافین» دۆزەرەوەی کەنــداوی بــافین بــوو. بــەو جــۆرەی کــە نەشــتەرگەری هێــزە دەریــاییەکــە نووسیویەتی: «لە قەڵاوە تەقەیان [لە ئاغای بافین] کرد و زگی لە چەنــد جێــوە برینی سووکی هەڵگرت، بەڵام دوای سێجار ڕاتڵەکان گیانی دەرچوو.»[١٥] قۆناخی دوایی دابەزین بوو لە خودی دوڕگەی هۆرمز. پیاوەکانی ئیمامقولــی بــە گــەمێی ئینگلیسی ڕاگوێزرانە دوڕگە. پۆرتۆغالییەکان و حاکمی دەستندەخۆری هۆرمز بە ناوی مەحموودشا کشانەوە نێو قەڵا. هێزی دەریایی ئینگلیس لەو قوڵەی قــەڵاوە کە شوورە و مەتەرێزەکان هــەتا لێــواری ئــاو داخزیبــوون لەنگــەریان گــرت و

قۆشەنییانی سەفەوی کەوتنە لێدانی خەندەک و هەڵبەستنی سەنگەر هەتا پەنای دیواری قەڵا؛ پاشان چالاکی داڕووخاندن دەستی پێکرد. لایەکی قەڵاچکەی دیدەوانی بە باڕووت تەقێندرایەوە و هێرشی بەپانەوە هەیدێی لێکرا. بە دەرکەوتنی باڵادەستبوونی پەلاماردەران، پۆرتوگالی چەکیان دانا و ڕاگوێزرانە نێو گەمییەکانی ئینگلیسی. قەڵا ڕۆژی ٣ی مانگی مەی ١٦٢٢ (٣ی ڕەجەبی ١٠٣١ی کۆچی) خۆی بە دەستەوە دا. لە نێو ئەو چەکوچۆڵانەی کەوتنە دەست پەلاماردەران، چەند تۆپێکی گەورە و ژمارەیەک تۆپی «قەڵاڕمێن»ی خوار و ژوور هەبوون کە «فەڕەنگییەکان بە کارنەخشینییەکی سەیر سازیان کردبوون و هەرکامەیان کارنامەی وەستاکارانی دەسڕەنگین و تۆپچییانی بێهاوتایانە.»[١٦]

تاقانە ئەزموونی هاوکاری ئێرانی و ئینگلیسییەکان لە هورمز لە ساڵی ١٦٢٢دا بە نێردرانی یەکەم باڵوێزی ڕەسمیی بریتانیا بۆ دەرباری ئێران لە لایەن چارلزی یەکەمەوە ساڵی ١٦٢٧ (١٠٣٦) پێوشوێنی گیرا. باڵوێز نەجیمزادەیەک بوو لە ڕاوێژکارانی خودی چارلزی یەکەم بە ناوی سێر دادمۆر کاتن. سێر دادمۆر وێڕای سێر ڕابێرت شێرلی هات کە لە ١٦١٥ (١٠٢٤)ڕا چووبۆوە ئورووپا و لە ماوەی سەرەقومەی درێژخایەنیدا پلەی بەرزی لای شا بە فیتی دوژمنانی نێو بارگای میری هاتە خوار. هەردک نێردراو لە مانگی مەیدا گەیشتنە قەسری پادشایەتی لە فەرەحئاباد. سێر ڕابێرت کە بەئاشکرا لە لایەن شاوە سووکایەتی پێکرابوو چووە ئیسفەهان و لە ١٣ی ژووئییەی ١٦٢٧دا بە دڵێکی شکاو دیقی کرد. تەنیا دە ڕۆژ دواتر «سێر دادمۆر کاتن»یش «ماڵاوایی لە دنیا کرد». بە گوتەی یەکێک لە هاوڕێیانی بە ناوی سێر تۆماس هێربێرت: «کۆمەڵێک دڵگرانی وەک وی [سێر ڕابێرت]، تێکەوتن لە هەلومەرجی نالەبار و چاردە ڕۆژ زگچوون - کە لام وایە لەبەر خواردنی میوەی زۆر یان هەڵمژینی هەوای ساردی چیای تۆرۆس بوو - ئەم نەجیمزادە دیندار و باڵوێزەی ئێمە سێر دادمۆر کاتنی ناردە دنیای دیکە.»[١٧]

گیرانی دورگەی هورمز نیشانەی دەسپێکی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی پۆرتوگالییەکان بوو لە کەنداوی فارس. هەوڵی پۆرتوگالییەکان بۆ گرتنەوەی هۆرمز لە ١٦٢٥ (١٠٣٤-٣٥)دا شکستی هێنا. کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس نەک تەنیا دەیتوانی توجارەتخانەکانی خۆی لە بەستێن بپارێزێ،

بەڵکوو چالاکییە بازرگانییەکانی خۆشی بۆ نێو خاکی وڵات پەرە پێبدا. هەر بەو جۆرەی کە لە سەرەتای سەدەی شازدەدا، «ئالبووکێرک»ی نوێنەری پادشای پۆرتۆغال بە وریایی تێگەیبوو، هۆرمز یەکێک لەو سێ شوێنە بارناسکانە بوو کە بەخاوەن کردنی، سوار بوون بە سەر کەنداوی فارس، ئوقیانووسی هیند، دەریای سوور و بەم شێوەیە وەدەس گرتنی توجارەتی ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵاتی لێدەکەوتەوە و جڵەوی دەدایە دەس خاوەنەکەی. پۆرتۆغالییەکان بۆ قەرەبوو کردنەوەی لە چنگچوونی هۆرمز خۆیان دایە گەشەپێدانی «مەسقەت» لە ڕۆخی باشووریی کەنداوی فارس، بەڵام مەسقەت لە پشتەوەڕا دەکەوتەبەر پەلاماری خێڵە عەرەبەکانی عومان. ئەگەرچی هێز و دەسەڵاتی پۆرتۆغالییەکان تێکشکابوو، بەڵام کەڵەگایەکی تازە لە بەرامبەر ئینگلیسدا قوت بۆوە و ئەویش کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی هولەند بوو کە ساڵی ١٦٠٢ دامەزرابوو و لە ناخی «ئەنجومەنی توجارەت لەگەڵ وڵاتانی دوورەدەست»ی دامەزراوی ساڵی ١٥٩٧ڕا هەڵقوڵیبوو. هەر لەڕێوە تێکراچوون لەگەڵ ئینگلیسییەکان لەسەر توجارەتی ئەدوا (ئاڵات و زەردەچێوە و ئسیوەت و گیاوگۆڵی بۆنخۆشی تامەچێشت) لە ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵاتی ڕوویدا و تا نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە، هولەندییەکان، پۆرتۆغالییەکانیان لە «مالاکا» و «سیلان» (سێری‌لانکا) دەرکرد و کۆچەرنشینێکیان لە قەپۆزەی «ئومیدنیک» دامەزراند. هولەندییەکان ساڵی ١٦٣٥ (١٠٤٤ - ٤٥) چوونە یاریدەی ئینگلیسییەکان بە دژی هێزەکانی پۆرتۆغال کە دەیانویست سەرلەنوێ هۆرمز بگرنەوە، بەڵام لەوی پاش کەوتنە ملانە و بەربەرەکانی لەگەڵ جێگە و پێگەی ئینگلیسییەکان لە ئێران. بەپێی ڕێککەوتننامەی نێوان کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی بریتانیا و ئیمامقولی‌خان، نیوەی داهاتی گوومرگانەی کاڵای بازرگانی کە بە هۆرمزدا تێدەپەڕی وەبەر ئینگلیسییەکان دەکەوت. هولەندی ملیان نەدا بۆ دانی بارانە. مردنی شاعەبباسی یەکەم لە ١٦٢٩ (١٠٣٨)دا هەلی بۆ هولەندییەکان ڕەخساند هەتا بەشێک لە توجارەتی ئاوریشم بکەن بە ئی خۆیان. سەرپشکانەی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس هەتا ساڵی ١٦٢٣ (١٠٤١-٤٢) نوێ نەکرایەوە و پەسند نەکرا و لەم بەینەدا هولەندییەکان توجارەتخانەیەکیان لە بەندەرعەبباس دانا بۆ هێنانی بیبار، گوێزی هیندی، مێخەک و چەند چەشنە

ئەدوا. ساڵی ١٦٤٥ (١٠٥٤-٥٥) هولەندییەکان پەلاماری دورگەی «قێشم»یان دا و هەباسی دووەمیان ناچار کرد کە ئیزنامەیەک بۆ کڕینی ئاوریشم لە سەرانسەری ئێران و ناردنی بۆ دەرەوە بە بێ دانی بارانەیان بداتێیە و بەم شێوەیە پاوانی پادشایان لەسەر توجارەتی ئاوریشم شکاند کە هەباسی یەکەم داینابوو. پاڵەپەستۆ و گوشاری هولەندییەکان وا بەرز بۆوە کە ساڵی ١٦٤٥ ئینگلیسییەکان توجارەتخانەی خۆیان لە بەندەرعەبباسەوە گواستەوە بۆ بەسرە، بەڵام هولەندییەکان خێرایەکی گەمێیان ناردە بەسرە و توجارەتخانەی تازەیان تەواوێک تێکوەمەکان دا و داریان لەسەر بەردی نەهێشت. بڕی توجارەتی هولەندییەکان لە کەنداوی فارس لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەدا بە ١٠٠٠٠٠ پۆندێک داندراوە و بازرگانێتی ئینگلیسی کەموزۆر تێداچووبوو.

ڕکەبەرایەتی نێوان ئینگلیسی و هولەندییەکان لە کەنداوی فارس، ئۆقیانووسی هیند و ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵاتی، تەنیا بەشێک بوو لە ملانەی جیهانی مابەینی ئەم دوو دەسەڵاتە بۆ پێشاوبڕکەی بازرگانێتی. قانوونی دەریاوانی ساڵی ١٦٥١ (١٠٦١) کە بە مەبەستی خاشەبڕ کردنی بازرگانێتی هولەندییەکان خرابوویەڕوو، هەڵگیرسانی شەڕی لە ئورووپادا خێراتر کرد کە تێیدا دوو دەریاسالاری سەرناسی هولەندی بە ناوەکانی «وان ترومپ» و «ڕۆیتێر» تێکهەڵچوون لەگەڵ دوو دەریاسالاری بریتانیایی بە ناوەکانی «بلێک» و «مانک» کە بۆ ناوبانگ تای ئەوانیان دەکرد. لە ساڵانی ١٦٥٣-١٦٥٤دا کەشتییەکانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس لە کەنداوی فارس دەگیران یان نوقم دەبوون. وەختایەک کە لە ١٦٥٢ (١٠٦٤)دا ئاشتی هاتە ئاراوە، کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیسی ٨٥٠٠٠ پۆندی خەسارەت وەرگرت.

شکستی پادشاهانی خانەدانی «ئۆستوارت» بۆ پشتیوانی کردنی کاروبار و چالاکییەکانی بازرگانی لە ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵاتیدا هەم لەگەڵ سیاسەتەکانی پێشووی خانەدانی «کرامۆل» و هەم لەگەڵ پشتیوانییە پتەوەکانی بازرگانانی هولەندی لە لایەن حکوومەتەکەیانەوە تەواو جیاواز بوو. تێوێنۆ، فرایر و شاردێن سەبارەت بە باڵادەستبوونی توجارەتی هولەندییەکان لە درێژەی نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەمدا لە کەنداوی فارس هاوڕان. لە ١٦٦٤ (١٠٧٤)دا ڕەقیبێکی دیکە لە قەوارەی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی فەرانسە هاتە

مەیدان. فەرانسە کە هەتا ئەو دەم پەیوەندییەکی وای بە ئێرانەوە نەبوو، تەمای گرت بکەوێتە پێوشوێنی هولەندی و ئینگلیسییەکان و وێڕای ئەمە کە وەک دەسەڵاتێکی ئورووپایی دەمێنێتەوە، لەولای دەریاکانیشەوە هیندێک قازانجی وەگیر بکەوێ. هەم کاردینال «ڕیشیلیوو» و هەم باوکە «ژۆزێف»* پێیان ناخۆش بوو کە ئاگوستینییەکانی دانیشتووی ئێران تەنیا پۆرتۆغالی بوون و لە نێو شاندی بڵاوکەرەوەی ڕێبازی کارمێلییەکاندا لە ئێران ژمارەی ئیسپانیایی و ئیتالیایی یەکان زیاتر بوون. ساڵی ١٦٢٧ (١٠٣٦-٧) ڕیشیلیوو شاندێکی ناردە ئێران هەتا ئیزنی دانانی چەند ناوەندێک بۆ شاندەکانی بڵاوکەرەوەی کاپووسن لە ئیسفەهان و شارەکانی دیکە لە عەبباسی یەکەم وەربگرێ. سەفەری شاندەکە سەرکەوتووانە بوو و پۆلی بڵاوکەرەوەی بیروبڕوای ئایینی دامەزران. سەرۆکانی کاپووسن بە نوێنەری پادشای فەرانسە دادەندران. چاوناسترینیان باوکە «ڕافائێل دو مان» بوو کە ١٦٤٤ (١٠٥٣-٤) چووە ئێران، پاشماوەی تەمەنی لەوێ تێپەڕ کرد و ساڵی ١٦٩٤ لە نەوەد و سێ ساڵیدا لە ئیسفەهان مرد. ئەو باش فێرە فارسی بوو و عەبباسی دووەم و شاسلێمان وەک ڕیازیزان (زانای ژمێرەکار) تەماشایان دەکرد. ئەو کتێبی «بارودۆخی ئێرانی لە ساڵی ١٦٦٠دا) بۆ ڕێنوێنی «کۆلبێر»ی وەزیری فەرانسەوی نووسی کە بە وردبینی سروشتی خۆی سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاری بوو سەبارەت بە ئێرانی بەر لە پێکهاتنی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی فەرانسە لە ١٦٦٤ (١٠٧٤)دا. هەروەها تەنینەوەی برشتی فەرانسە لە ئێراندا، بە سازبوونی شاندی ڕێبازی یەسووعی لە ناوچەی مەسیحی‌نشینی ئیسفەهان واتە جولفا و هەروابێتە لە شیراز بە سەرۆکایەتی باوکە «فرانسوا ڕیگوردی» لە ساڵی ١٦٥٣دا، زیادی کرد. دانانی ئەم شاندە، ژمارەی ڕێچکە و ڕێبازە مەزهەبییەکانی دەرەکی چالاک لە ئێرانی گەیاندە پێنج: دۆمینیکەنی، فرانسیسی، ئاگوستینی، کارمێلی و یەسووعی.

پاش دامەزرانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی فەرانسە، هەر لەرێوە سێ نوێنەری کۆمپانیا و دوو نێردراوی لووئی پازدەهەم، بەرەو بارگای پادشای ئێران کەوتنەڕێ. پاش ئەوەی گەیشتنە ئیسفەهان، لە نوامبری ١٦٦٥ (جیمادی یەکەمی ١٠٧٦)دا ئەوانیش تووشی ئەو دمەقرە و پێکهەڵپژانانە بوونەوە کە شاندە دیپلۆماتیکەکانی پێشووش لێی بێبەش نەبوون. سەرەڕای کاردانەوەیەکی

ناڵەباری کە ئەم کێشانە بوویان و هەروەها بێ لەو شوێنە ناڵەبارترەی کە نەناردنی دیاری لە لایەن لوویی چاردەهەم یان کۆمپانیاوە بۆ شا، داینا، پادشا بۆ ماوەی سێ ساڵان کۆمپانیای لە دانی گوومرگانە و ڕێدارانە بەخشی و کۆمەڵێک سەرپشکانەی بازرگانی، وەک ئەوەی پێشتر ئینگلیسی و هولەندییەکان وەریانگرتبوو، دای بە کۆمپانیا. لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدە (یازدە)دا کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی فەرانسە چالاکییەکانی خۆی لە ئێران پەرەپێدا و «شاتۆنۆف»ی باڵوێزی فەرانسە لە ئیستانبووڵ، بازرگانێکی کارزانی بە ناوی «کانسویل» لە مارسێیڕا نارده ئیسفەهان. ئەو کە بە ڕواڵەت وەک قەڵەمداری شاندی پەرەپێدەرانی ڕێبازی کاپووسن لە ئیسفەهان کاری دەکرد، لە ڕاستیدا خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری بوو سەبارەت بە کاروباری ئابووری بۆ کۆمپانیا. کانسویل پاش گەڕانەوەیەکی کەمخایەن بۆ فەرانسە لە ١٧٠٥ (١١١٦-١٧)دا بە مەبەستی پێشکەش کردنی ڕاپۆرت، جارێکی تر گەڕایەوە ئێران. لە مارسی ئەو ساڵەدا، حکوومەتی فەرانسە شاندێکی بە هیوای بەستنی ڕێککەوتننامەیەکی بازرگانی نارده ئێران، بەڵام هەڵبژاردنی «ژان باتیست فابێر» بە سەرۆکایەتی ئەم دەستەیە کارێکی سەیر بوو. فابێر ئەوەندە تووشی دەستەنگی هاتبوو کە بە مەبەستی ئامادە بوون بۆ ئەو سەفەرە بەناچار پارەی بە قەرز لە ماشقەکەی وەرگرت کە خاوەنی قومارخانەیەک بوو لە لەندەن. ئەو دەمەی کە لە مارسی ١٧٠٥دا گەشتەکە دەستی پێکرد، یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە شوالییەیەک بوو کە پاشان دەرکەوت ماشقەی فابێرە لە جلی پیاواندا. شاندەکەی فابێر کە گەیشتە ئیستانبووڵ زۆر وەدرەنگی کەوت، چونکە مەزنەوەزیری عوسمانی هیچ قازانجێکی لە پێهەڵاچوونی بازرگانێتی نێوان فەرانسە و ئێرانی بۆ وڵاتەکەی خۆی وەبەرچاوی نەدەهات. شاندەکە دەبوو لێکهەڵوەشێ؛ فابێر و «ماری پێتی» مەعشووقەی ویڕای چەند خزمەتکارێک درێژەیان بە سەفەر دا و لە ١٧٠٧ (١١١٨-١٩)دا گەیشتنە ئێرەوان کە ئەو کاتی بە دەست سەفەوییەکانەوە بوو. پاشماوەی سەربوردەی شاندی فابێر تەواو کۆمێدی ـ تراژیکە. وادیارە ماری پێتی هەر خێرایەکی حوکمڕانی ئێرانیی ئێرەوانی ئاشقی خۆی کرد. وەختایەک کە یەکێک لە خزمەتکارانی فەرانسەوی فابێر دەیهەویست ماری بکووژی لەسەر ئەوەی پرتەقاڵێکی تێهەڵکردبوو،

حوکمڕان لەسەر داخوازی ماری گرتی. باوکە «موونیە» کە یەسووعییەکی دانیشتووی ئێرەوان بوو و فابێر خێر و سەدەقەکانی خۆی دەدا بە وی کە بیبەخشێتەوە، بەم کارە ئالۆزکا و ڕووداوەکەی گەیاندە گوێی ئەندامانی تری تاقمەکە کە لە نیزیک سنووری ئێران بوون. کاتێک کە باقی ئەندامانی شاندەکە گەیشتنێ، ڕوویان کردە بەندیخانە و کابرای گیراویان ئازاد کرد. لەم ڕووداوەدا دوو ئێرانی کوژران و ژمارەکیش زامار بوون. دوای ئەم قەومانە حوکمڕان هەموو ئەندامانی شاندەکەی بۆ نموونە باوکە «موونیە»ی گرت و دەیەویست بیکوژێ، بەڵام هەموویان بە نێوبژیوانی ماری پێتی ئازاد کران. پاشان حوکمڕان لە لایەن شاوە چەند فەرمانێکی پێگەیی کە شاندەکەی فابێر بەڕێ بکا بۆ ئیسفەهان. بەر لە بزووتنی تاقمەکە، حوکمڕان بە مەبەستی ماڵاوایی هەمووی بانگهێشتن کردن بۆ ڕاو؛ فابێر تا و لەرزی لێهات و چەند ڕۆژ دواتر مرد. حوکمڕان لەبەر دڵدۆڕان و گیرۆدە بوونەوە بە ماری پێتی، گومانی ئەگەری کوشتنی فابێری کەوتە سەر شانی.

لەسەر جێنشینایەتی فابێر وەک سەرۆکی شاندەکە، لەرێوە ناکۆکی سەری هەڵدا. باوکە موونیە هەموو ڕووداوەکانی بۆ ئۆسقۆفی بابل (ئۆسقۆفی دووچۆمان) کە ئەو زەمانی دانیشتووی هەمەدان بوو، نووسی و داوای لێکرد بێ و سەرۆکایەتی شاندەکە وە ئەستۆ بگرێ، بەڵام حوکمڕان نامەکەی لێ ڕاگرت. سەرەنجام بە پشتیوانێتی حوکمڕان، ماری پێتی خۆی کردە سەرۆکی تاقمەکە و نامە و کاغەز و دیارییە تایبەتەکانی شای خستە ژێر چنگی خۆی و ڕووی کردە بارگای سەفەوی کە ئەو کات لە هۆردووگایەکی نیزیک تاران بنەی گرتبوو. باڵوێزی فەرانسە لە ئیستانبووڵ کە لەم ڕووداوانە ترسی ڕێنیشتبوو یەکێک لە قەڵەمدارانی خۆی بە ناوی «پییەر ویکتۆر میشێل»ی بە پەلە ناردە ئێران هەتا هەوڵەکانی شاندی ماری پێتی پەک بخا. ئەو لە نەخجەوان گەیشتە سەریان، بەڵام چونکە باوەڕنامەی بەرزی پێنەبوو، نەیتوانی بەر بە سەفەرەکەیان بگرێ. ماری پێتی پاش ئەوەی لە هۆردووبەزی میری دابەزی، بەرێزەوە لە لایەن وەزیرەوە وەرگیرا و نێردرایە نێو ئەندروونیی فەرمانڕەوایەتی و چی پێویستە بۆ حەسانەوەی دابین کرا. ماری پێتی لە ڕێی گەڕانەوەدا، ئۆسقۆفی بابلی کە بە دەنگ میشێلەوە هاتبوو، بۆ ماوەیەکی کورت

لەگەڵ میشێل بە گرتن دان. بەڵام میشێل دواتر دەستی ڕەسەر دا و دەستووری پێدا بگەڕێتەوە فەرانسە؛ ئەو برێک ویشکەپووڵ و پسوولەیەکی لە حەلەبەوە دایە کە دواتر دەرکەوت بەتاڵە و پووشێکی ناهێنێ. وەختایەک کە ماری پێتی گەیشتەوە فەرانسە دادگایی کرا و گیرا؛ ئەو دەمەی کە لە زیندان ئازاد کرا نەخۆش و دەسبەتاڵ بوو.[١٨] میشێل بە وەلاخستنی ماری پێتی و وەرگرتنی درەنگوەختی باوەڕنامەکان، سەرەڕای دژایەتی توندی ئینگلیسی و هولەندییەکان توانی بکەوێتە وتوویژ سەبارەت بە یەکەمین ڕێککەوتننامەی ڕەسمیی نێوان فەرانسە و ئێران لە سێپتامبری ١٧٠٨ (ڕەجەبی ١١٢٠)دا. ئەم ڕێککەوتننامەیە جگە لە دانی سەرپشکانەی بازرگانێتی تایبەت، تەواوی ڕێچکە و ڕێبازە ئایینییەکانی مەسیحایەتی لە ئێران دەپاراست.

شاسولتانحوسێن تەمای گرت شاندێکی بەرامبەر بنێرێ و «محەممەدڕەزابەگ»ی کەلانتەر (سەرۆکی شارەوانی) ئێرەوانی بە باڵوێز دانا؛ ئەم هەڵبژاردنە تەواوێک بە ئەندازەی هەڵبژاردنی فابێر سەیر بوو. حەمەڕەزابەگ گیر و گرفتی ئاسایی تێپەڕین بە خاکی عوسمانیدا لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژاوا، هەڵبوارد و ماوەیەک لە بەندیخانەی ترکاندا مایەوە. ئەو مانگی مەی ١٧١٤ (جیمادی یەکەمی ١١٢٦) ئێرەوانی جێهێشت و لە فێوریەی ١٧١٥دا گەیشتە پاریس. ئاکاری سەیر و سەمەرەی باڵوێز کە جاروبارە و لەپڕ و لەخۆوە تاسێکی بە سەردا دەهات و لە کەللەی دەدا، لەگەڵ ئەو دیارییە نە هێند گرانباییانەی کە هێنابوونی، لە نێو پایەبەرزانی فەرانسەویدا بۆ وێنە «مۆنتێسکیۆ» ئەم گومانەی ورووژاند کە ئەو تەنیا کابرایەکی تەڵەکەبازە. بە سەرنجدان بەوەی کە نێردراوانی لوویی چاردەهەم بۆ لای شا لە ١٦٦٥دا، هیچ دیارییەکیان نەبردبوو، گومانی دووەم ڕێیتێناچێ و لەخۆڕایە. بەڵام «ماری پێتی» کە لە بەندیخانە کەوتبووە بەر لێپرسینەوە، قسەکەی محەممەدڕەزابەگی سەلماند. لوویی چاردەهەم سێ کەسی لە باڵاترین بەرپرسانی بۆ وتوویژ لەگەڵ محەممەدڕەزابەگ دیاری کرد. وەزیری کاروباری دەرەوە، وەزیری دەریاداری و نرخێنەری گشتیی دارایی. باڵوێزی ئێران کە تامی لە ژیانی ماقووڵانەی خۆی دەچێشت لە پاریس و بە چەند هەڵکەوت و ڕووداوی ئەویندارانە تاماوی دابۆوە، گفتوگۆکانی درێژ دەکردەوە هەتا ئاخرییەکەی لە ١٣ی ئووتی ١٧١٥ (٢٣ی شابانی

١١٢٧)دا ڕێککەوتننامەیەکی تازە مۆر کرا. ڕێککەوتننامەکە زۆر بە قازانجی فەرانسە بوو: چاوپۆشی کرا لە مافەکانی بواری هەنارده و هاوردە بۆ ئێران و تەواوی قفڵ و قەرازەکانی سەر بازرگانێتی فەرانسە لەگەڵ ئێران هەڵگیران و باڵوێزی فەرانسە پلەی یەکەباڵوێزی درایە. (بازرگانێتی فەرانسە لەگەڵ ئێران سەرەڕای بەڵێنی هەڵوێستی لەبار وە بەرەو نەکەوت؛ زنجیرەی خانەدانی سەفەوییە لە ساڵی ١٧٢٢ (١١٣٥)دا دەستی لێکبەردا و بڕایەوە و ڕێککەوتننامەکانی ١٧٠٨ (١١١٩) و ١٧١٥ (١١٢٧) لەسەر فەرمانڕەوایانی داهاتوو ماڵ نەبوو.)



٨ - باڵوێزی ئێران لە دەرباری لوویی چاردەهەم، محەممەدڕەزابەگ

ئاکامی حاشاهەڵنەگر ئەمەیە کە پەیوەندییەکانی دیپلۆماتیک و بازرگانێتی ئێران لەگەڵ فەرانسە لە ماوەی سەدەی حەڤدە و هەژدەدا، لەسەر بنەما و پێوشوێنێکی تەواو جیاواز لەچاو پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ هولەندی و ئینگلسییەکان خولی دەخوارد. جارێکی تر گێچەڵخوازی گاڵتەجاڕانە و بە هەمان ڕادە کارەساتبار قەوما. محەممەدڕەزابەگ لە یەکەم برگەی سەفەری گەڕانەوەیدا بۆ ئێران لە بەندەری «لو هاوێر»ی باکووری ڕۆژاوای فەرانسە لێی سواری گەمی بوو. قوتوویەکی گەورەی کونکون لە ژوورۆچکەی محەممەدڕەزابەگ داندرا کە دەیانگوت پڕە لەو کتێبانەی پێیخۆشن، بەڵام «مارکیز ئۆپینی» کە بوخچەی لەگەڵ باڵوێز پێچابۆوە. خۆی تێدا حەشاردابوو. بۆ چارەڕەشییان محەممەدڕەزابەگ درەنگ پێیزانی کە لە وتووێژەکانیدا سەبارەت بە ڕێککەوتننامەکەی ١٧١٥ زۆری پێ لە بەرەی خۆی زیاتر ڕاکێشاوە و تەمای گرت پێشاوبڕکەی چارەنووسی چاوەڕوانی پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران بداتەوە و خۆی بکوژێ. مارکیز ئۆپینی چووە ئێران و ئیمانی بە ئیسلام هێنا و شووی بە برای محەممەدڕەزابەگ کرد.[19] لە ساڵی ١٧١٧ (١١٢٩)دا شوالییە «ئانژ دو گاردان» ئەربابی «سەنت کرۆئا» وەک قۆنسوولی فەرانسە لە ئیسفەهان بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی لەگەڵ براکەی سەفەری کرد بۆ ئێران. ئەم دوو برایە لە زەمانی گەمارۆ و گیرانی پایتەختی سەفەوییە بە دەست ئەفغانان لە ١٧٢٢ (١١٣٥)دا هێشتا لە ئیسفەهان بوون.

کۆمپانیای هیند ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس بە مەبەستی پاراستنی پێگەی خۆی لە بەرامبەر ڕقەی توندوتیژی هولەندی و فەرانسەوییەکان بەرەبەرە ناچار بوو دەورێکی سیاسیتر وەئەستۆ بگرێ. ڕۆژگارێک داهات کە زۆربوونی کۆمپانیا بازرگانییەکان، هەڕەشەی تێدابردنی لە هەموویان دەکرد، بەڵام ئەوان لە ١٧٠٨ (١١١٩ - ٢٠)دا ناکۆکییەکانی خۆیان چارەسەر کرد و شەریکەکانیان لە «کۆمپانیای یەکگرتووی بازرگانانی ئینگلیسی چالاک لە ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵاتیدا» لێکدا و هەموویان کردن بە یەک. سەرۆکانی ئەو کۆمپانیایە خاوەنی پلە و دەسەڵاتی قۆنسوولی بوون. کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس توانی هەتا کۆتایی سەردەمی سەفەوی جێگە و پێگەی دڵخوازی خۆی لە ئێران بپارێزێ. ساڵی ١٦٩٩ (١١١٠ - ١١) شاسولەیمان وێڕای حەرەمی خۆی چووە

دیداری توجارەتخانەی کۆمپانیا لە ئیسفەهان. کارگێڕی کۆمپانیا بۆ ڕێوڕەسمی دیدەنی پادشا ١٢٠٠٠ پۆندی خەرج کرد؛ لە بەرامبەردا شا گوومرگانەی دواکەوتەی ساڵێکی بەندەرعەبباسی دا و دڵخۆشی خۆی سەبارەت بە کۆمپانیا دەربڕی. شانبەشانی خاشەکێشرانی بەرەبەرەی دەسەڵاتی سیاسی سەفەوییان، تەناهی و هێمنایەتی نێوخۆش کە کۆمپانیاکانی بازرگانێتی دەرەکی زۆری پێوەبەستراببوونەوە، لە کورتێی دا. ساڵی ١٧٢١ (١١٣٣-٣٤) هێزێکی ٤٠٠٠٠ کەسەی خێڵەکانی بەلووچ پەلاماری توجارەتخانەکانی ئینگلیس و هولەندیان دا لە بەندەرعەبباس. ئەوان پاشەکشەیان پێکرا، بەڵام عەمباری هولەندییەکان تاڵان کرا و بایی ٢٠٠٠٠ پۆند شتومەک و کاڵا دزرا. لە سەرەتای سەدەی هەژدەوە، دزی و چەتەیی دەریایی لەم مەڵبەندەدا شتێکی تازە نەبوو؛ نووسەرانی زۆر لەمێژین وەک «پلینی» و «بەتلیمووس» و لە سەدەکانی نێوەڕستا «مارکۆپولۆ» ئاماژەیان پێکردووە. بەڵام لە کلکەی سەدەی حەڤدەدا هێرش بۆ سەر بازرگانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس زیادی کرد. ئەگەرچی وێدەچێ خەڵکی عومان بە خراپترین پەلاماردەران دانرابن، بەڵام هەموویان دزانی دەریایی عەرەب نەبوون، بەڵکوو ئینگلیسی و ئەمریکاییشان لە نێودا بوو؛ تەنانەت دەڵێن کاپیتان «کید»ی بەناوبانگ لە ئاوەکانی هیندا چالاکی نواندووە. ئەم مەترسییەی کە هەڕەشەی لە بازرگانان دەکرد هێندە خەست بۆوە کە دەوروبەری ساڵی ١٧٠٠، سێ ڕکەبەر واتە ئینگلیس، فەرانسە و هولەند بەناچار خۆیان دایە هەنگاوی هاوبەش دژی دزانی دەریایی و ئەرکی سەرەکی سەقامگیر کردنی تەناهی لە کەنداوی فارس درایە دەس فەرانسە. لە کۆتایی ڕۆژگاری سەفەوییەدا، هولەندییەکان لە کەنداوی فارس وردەوردە بە قازانجی بریتانیا جێیان پێ‌لێژ بوو و ئەوانیش لە سەدەی نۆزدەدا، چەتەیی دەریاییان دەمکوت کرد و دەسەڵاتی بریتانیایان چەسپاند، هێز و دەسەڵاتێک کە «لۆرد کرۆزۆن» بەوپەڕی ڕەوانی کەوتە پێداهەڵدانی: «لە نێو هەموو تاقمەکاندا، دیمەن و قەڵافەتی بەهێزی بریتانیا کە بە دەسەڵات و دادپەروەرانە یاسا سەقامگیر دەکا، خۆی دەنوێنێ.»[٢٠]

ئەگەرچی برشت و دەسەڵاتی هولەندییەکان لە کەنداوی فارس و ئۆقیانووسی هیند لە ئاخرین چواریەکی سەدەی حەڤدەی زایینیدا کەم بۆوە، بەڵام کۆمپانیای

هیندی ڕۆژهەڵاتیی هولەند هەموو ئومێدەکانی خۆی بۆ پاراستنی پێگەی باڵای توجارەتی لە دەست نەدا و ساڵی ١٧١٧ (١١٢٩) شاندێکی بە سەرۆکایەتی «جان جاشوا کێتلار» یەکێک لە پایەبەرزانی کۆمپانیا، نارده ئێران. لە کۆتایی مانگی مەی ١٧١٧ (ڕەجەبی ١١٢٩)دا، شاندی کێتلار بە شەش سەر فیلەوە کە دیاری بوو بۆ شا، گەیشتە ئیسفەهان. کێتلار پاش وتوویژ و دانیشتنی دووروودرێژ لەگەڵ فەتحعەلیخانی داغستانی، وەزیری شاسولتانحوسێن، سەرکەوت کە زۆرێک لە سەرپشکانە بازرگانییەکانی هولەندییان نوێ بکاتەوە، بەڵام کۆسپ و تەگەرەکانی تەواو نەبڕابوونەوە. بێگومان وەزیر کە سەرکەوتنی شاعەبباسی یەکەمی بە پشتیوانی و هاوکاری ئینگلیسییەکان دژی پۆرتۆغالییانی لە ساڵی ١٦٢٢ (١٠٣١) لە هۆرمز لە یاد بوو، داوای هاریکاری هولەندییەکانی کرد دژی عەرەبەکانی مەسقەت کە دورگەکانی بەحرەینیان داگیر و گەفیان لە بەندەرعەبباس دەکرد. داخوازی ئەتۆی پێشووی شا لە ئینگلیسی و فەرانسەوییەکان ڕەت کرابۆوە. کێتلار خۆی لە مەبەستەکە کلا کرد و مانگی ژانوییەی ١٧١٨ هەوڵی دا سواری کەشتییەکی هولەندی بێ لە بەندرەعەبباس، بەڵام فەرماندەی سەفەوی ئەو جێیە دەیهەویست کەشتییەک بە کار بێنێ دژی عەرەبان. وەختایەک کێتلار ئیزنی ئەم کارەی نەدا، ئێرانی دەورەی توجارەتخانەی هولەندییەکانیان دا و تەواوی ڕێگاکانی دابینی پێداویستییەکانیان هەڵبڕی. کێتلار زۆر نەخۆش کەوت و تاوتێی توندی لێهات و مرد.

باڵوێزی ڕووسیا، وێلینسکی، هاوکات لەگەڵ کێتلار لە ئیسفەهان بوو. دەستێوەردانی ڕووسان لە کاروباری ئێرانییەکان دەرکەوتنی ئاسۆیەکی تازەی لە پەیوەندییەکانی ئێران و ڕۆژاوادا دەخستەڕوو. لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا ڕووسیا و بریتانیا بوونە دوو وڵاتی بەهێزی ڕۆژاوایی لە ناوچەکەدا و خولێکی سەدوپەنجا ساڵەی خەبات و بەربەرەکانی ئەم دووە بە مەبەستی پێشاوبڕەی سیاسی و بازرگانی و هەروەها هەوڵی ئێران بە مەبەستی پاراستنی هەبوونی خۆی وەک وڵاتێکی سەربەخۆ بە لێکڕاستکردنەوەی دوو ڕکەبەرەکە، دەستی پێکرد. بێگومان ڕاپۆرتی وێلینسکی، پێتری گەورەی دنە دا بۆ پەیکەردەی سیاسەتی بەرفرەوانخوازانەی لە ئێران. وێلینسکی بێهێزی لە ڕادەبەدەری ئێرانی شی کردەوە و پێشبینی کرد ئەگەر بێتوو فەرمانڕەوایەکی دەسەڵاتدار و

کارزان جێی شاسولتانحوسێن نەگرێتەوە، زنجیرەی میرانی سەفەوی دەبڕێتەوە. پێشبینییەکەی تەنیا چەند ساڵ دواتر هاتەدی. یەکێک لە ئامانجە گرینگەکانی پێتری گەورە ئەوە بوو کە وڵاتە دەورەدراوەکەی بە ویشکانی دەستی بگاتە ئوقیانووسەکانی جیهان. ئەو پێشتر بە شەڕ و لێکدان لەگەڵ سۆئێدییەکان دەستی بە دەریای باڵتیک ڕاگەیشتبوو و بە پەلاماردانی ترکان هیوادار بوو پەنجەی بگاتە دەریای ڕەشیش. ڕاپۆرتی وێلینسکی ئاواتی وی بۆ زاڵ و سوار بوون بە سەر لەنگەرگایەکی لە ئاوە گەرمەکانی کەنداوی فارسا، ورووژاند. بڕانەوەی خانەدانی سەفەوییە لە ١٧٢٢ (١١٣٥)دا، گیرانی ئیسفەهان لە لایەن ئەفغانەکانەوە و داخوازی یارمەتی تەهماسبی دووەمی ناشیاو بۆ شەڕ لەگەڵ ئەفغانان، لە ساڵی ١٧٢٣دا هەلی بۆ ڕەخساند کە «دەربەند» و «باکۆ»ی سەر لێواری دەریای خەزەر بگرێ. مردنی پێتری گەورە لە ١٧٢٥ (١١٣٧)دا و تەنینەوەی دەسەڵاتی نادرقولی ئەفشار - لە ١٧٣٦را نادرشا - لە ئێران، تەوژمی خوشینی ڕووسانی بەرەو باشووری خاکی ئەم وڵاتەی وەدوا دا، بەڵام بە هیچ چەشنێک کۆتایی پێنەهێنا.

داگیرکرانی ئیسفەهان لە لایەن ئەفغانانەوە و لە ئاکامدا تێکەوەپێچرانی بەروبوخچەی یاسا و ڕێسا لە سەرانسەری ئێران، بێشک گەلێک گرێ و گرفتی بێچارەسەری بۆ کاربەدەستان و کارگێرانی کۆمپانیاکانی هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس، هولەند و فەرانسە بەدیهێنا و ژمارەیەکیان لە ماوەی شەش مانگ گەمارۆی ئیسفەهاندا کە جەماوەرێکی زۆر لە برسان و نەخۆشییان مردن، گیانیان لە دەست دا یان دوای گیرانی شار لە ١٢ی ئۆکتۆبری ١٧٢٢ (١٢ی محەڕڕەمی ١١٣٥)دا ئەفغانی کوشتیانن. هێندێک توانیان بە دانی بەرتیل و دەمچەورانە بە پلەدارانی ئەفغانی گیانیان دەرباز کەن. هەر بەو جۆرەی کە «ئوون فیلیپس» کاربەدەستێکی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس لە ٣٠ی نوامبری ١٧٢٢دا بۆ لەندەنی نووسی: «سپاس بۆ خودا کە بەپارێزەوە لە کاتی خۆیدا گیانمان قوتار کرد، بەڵام پارەیەکی زۆری تێچوو کە دوور بوو لە چاوەڕوانی... تێکڕا هیوادارین ئەوانەی بەو کارەی ئێمە دەزاننەوە، ئەوەندە دڵڕەق نەبن کە ئۆباڵ نەکێشن بۆ ڕزگار بوونی گیانمان بەپێی ئەو هەلومەرجەی کە خۆمان بە دەستییەوە دا.»[٢١]

# پەراوێزەکان

★ Hippo شارێکی کەونارایە لە باکووری ئەفریقا، نیزیک شاری بوونە لە ئەلجەزایری ئێستا.

1 . Sir Arnold Wilson, The Persian Gulf (Oxford 1928), p. 121.

2 . A Chronicle of the Carmelites in Persia, 2 vols. (London 1939), vol. I, p. 29.

ئەم بەرهەمە باسی ٢٠ تۆپ و ١٠٠٠٠ کەس دەکا. بەتایبەت ژمارەی دووەم جێی باوەڕ نیە.

3. Carmelites, vol, I, pp. 84-7.

4. Carmelites, vol. I, pp. 90-1.

5. Hakluyt Society, A Narrative of Italian Travels in Persia in the Fifteenth and Sixteenth Centuries.

6. See R. M. Savory, "The Sherley Myth", in Iran, v (1967), pp. 76-7.

7. Don Juan of Persia: a Shiah Catholic 1560-1604, ed.G.Lé Strange (London 1926).

[ ئەم کتێبە کراوەتە فارسی: ئۆرووجبەگ بەیات، دۆن ژوانی ئێرانی، وەرگێڕدراوی مەسعوود ڕەجەبنیا، تاران ١٣٣٨ی هەتاوی (١٩٥٩)، ناوەندی وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی کتێب.] بۆ زانیاری زیاتر بڕواننە ئەم سەرچاوەیە.

★ هەشتەرخان شارێکە لە هەرێمی ڤۆلگای سۆڤییەت کە لە ڕاستیدا ناوی «حاجیتەرخان» بووە و ئەمڕۆ پێیدەڵێن «ئەستەراخان».

٨. نووسەرانی ڕۆژاوایی بەگشتیی ئەم واژانەیان بۆ پادشاهانی سەفەوی دەکار کردووە: «Sophi»، «Sophie»، «Sophy»، «Soffi». ڕەنگە تەواوی ئەم وشانە پیتگۆڕکەکراوی سەفی بن کە ناوی دامەزرێنی ڕێبازی سەفەوییەیە، نەک سۆفی کە لایەنگرانی سەفەوی لە خۆیان نابوو.

9. Anthony Jenkinson, Early Voyages and Travels to Russia and Persia, Hakluyt Society. Ist, nos. LXXII and LXXIII, 2 vol. (London 1886), vol, I, p. 147.

10. A Short Account of the Journey from Poland to Constantinople and from there to Astrakhan, by Master Andrew Taranowsku, chamberlain ti His Majesty the King.

١١. ئەو حوکمەی کە تەنیا لە لایەن شاوە دەردەکرا.

12. Samuel Purchas, Hakluytus Posthumus or, Purchas his Pilgrims, 20 vols. (Glasgow 1905-71), vol. IV, p. 279.

★Cadiz (قادێس) بەندەرێکە لـە باشـووری ڕۆژاوای ئیسـپانیا (ئـەم نـاوە بـە «گادیـث»یـش هاتووە.)

١٣. بەخت ڕووی نەکردە گۆویای بەدشانس. لە گەڕانەوەیدا بۆ ئیسـپانیا کەوتـە داوی دزانی دەریایی ئەلجەزایری و بە مەبەستی قـەرەبووی خەسـارەت دوو سـاڵ بـە دیلـی مایەوە. پاش ئەوەی سەرەنجام گەیشتە پۆرتۆغال، تەمای گرت پاشماوەی تەمەنی لـە پەرستگەیەک تێپەڕ بکا.

14. Quoted by C.R.Boxer in his introduction to the Commentaries of Ruy Freyre of Andrada (London 1930), p. XXII.

15. George N. Curzon, Persia and the Persian Question, 2 vol. (1892; repr. London 1966). Vol. II, p. 411, n. I, quoting Purchas his Pilgrims.

[ئەم کتێبە کراوەتە فارسی: جۆرج ن. کرۆزۆن، ئێران و مەسەلەی ئێـران، وەرگێـڕدراوی غ. وەحیـد مازنـدەرانی، ٢ بـەرگ، تـاران ١٣٤٩-٥٠ی هـەتاوی (١٩٧٠-٧١)، ناوەنـدی وەرگێڕان و بـڵاوکردنەوەی کتێب.]

١٦. عالەمئارا، ل .٩٦١

17. Some Yeares' Travel, quoted in Curzon, vol. I, p. 36, n. 3.

★ Joseph père (١٥٧٧-١٦٣٨) چاکسازێکی ئایینیی فەرانسەوی کـە سـەر بـە ڕێچکـەی کاپووچین بوو و لە کردەوەدا بە وەزیری دەرەوەی ڕیشیلیوو دادەندرا.

١٨. بە مەبەستی شیکردنەوەی زیاتر بڕواننە:

Laurence Lockhart, "Marie Petit and her Persian Adventure", in The Äsiatic Review XLII, no. 149 (1946), pp. 273-7.

19. Laurence Lockhart, The Fall of the Safavï Dynasty and the Afghän Occupation of Persia (Cambridge 1958), pp. 463-4.

20. Curzon, vol. II, p. 464.

٢١. ئەم قسەیە لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:

Persia and the Persia Gulf Records, vol. XIV. In the India Office Library.

هەروەها سەبارەت بە بابەت و نێوەرۆکی ئەم بەشـە خـۆم بـە ئەمەگـداری دۆسـتەکەم «لارێنس لۆکهارت» دەزانم کە بە ماوەیەکی کورت بەر لە مردنی نابوویە بەردەستم.

## ٦

# گەشەی هونەر لە سەردەمی سەفەوییەدا

شی کردنەوەی هێندێک لە دەسکەوتەکانی بەستێنی میعماریی سەفەوییە لە بەشی حەوتا دەخرێتەڕوو. لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین پوختەیەکی کار و دەسکەوتەکانیان لە بواری هونەری وردەکاری و شێوازە کارپێکراوەکانی هونەر بخەینە بەرباس. لە ئێرانا هونەر هەمیشە گەڕاوەتەوە نێو چوارچێوەی مەزنەوەجاخی «بەو مانایە کە تەنیا خانەدانی پادشایەتی و ئەندامانی چینە باڵاکان دەجووڵان و داخوازییان بۆ شوێنەوارە هونەرییەکان بەدی دێنا و لێیان دەبوونە مشتەری. بەم شێوەیە دنەی هونەرمەندان و سنعاتکارانیان دەدا بۆ کار و چالاکی و ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم لایەنگر و پشتیوانە مەزنوەجاخانە زۆرجاران چەشنی هونەر و جۆری دەسکردەکەیان دیاری دەکرد.»[١]

### شێوەکاری (وێنەگەری) و «هونەری کتێبسازی»

لە زۆر بارانەوە، سەفەوییەکان میراتگرانی ڕێوشوێن و نەریتە هونەرییە درەوشاوەکانی دەرباری تەیمووریيانی هیرات بوون لە خوراسان. «شاڕوخ»ی فەرمانڕەوای تەیمووری (١٤٠٥-١٠٤٧ / ٨٠٧-٨ تا ٨٥٠) و «بایسفۆنقور»ی کوڕی

دوو لە لایەنگرانی هونەر و کتێبخۆشەویستان بوون و هێندێک لە جوانترین دەقی کتێبەکانی ئیسلامیی بەردەست بە ڕاسپاردەی ئەوان سازکراون. سوڵتانحوسێنی بایقورا (١٤٧٠-١٥٠٥ / ٨٧٤-٩١١ی کۆچی) پشتیوانی قوتابخانەی سەربەدەرەوەی هیرات بوو لە وێنەگەری‌دا کە «بێهزاد» بە لووتکەی دادەندرا. ساڵی ١٥٠٧ (٩١٢-١٣) یانی دوو ساڵ دوای مەرگی سوڵتانحوسێن، ئۆزبەکان خوراسانیان وەبەر خۆیان دا و بێ هیچ بەربەرەکانی و بەرهەڵستێک لە هیرات دابەزین. سێ ساڵ دواتر لە ١٥١٠دا شاسمایلی یەکەم سپای ئۆزبەکانی لە شەڕی مەرودا تەفروتونا کرد و خوراسانی خستە سەر ئیمپراتۆریتی سەفەوییە. ئەگەرچی «تەورێز»ی پایتەختی شاسمایلی لە باڵی باکووری ڕۆژاوای ئێران بوو، بەڵام ئەو هیراتی کردە دووەمین شاری ئیمپراتۆریتی و نشیمەنگای جێنشینی دوابەدوای خۆی. بەم شێوەیە ئەو داب و نەریتە هونەرییەکانی ئەو شارەی کە بە «ئاتێن»ی ئێران ناودێر کراوە[٢] بە میراتی برد. یەکێک لە کار و هەنگاوەکانی شاسمایل بردنی هونەرمەندی شێوەکار بێهزاد بوو لەگەڵ خۆی بۆ تەورێز. بێهزاد کرایە سەرپەرستی دەستەیەک لە هونەرمەندان کە چەند ساڵ پێشتر لە هیراتەوە ڕەویبوون و قوتابخانەی «تەورێز»ی لە شێوەکاری‌دا بنیات نا. وادیارە شاسمایل ئەوەندە پەرۆشی و دڵنیگەرانی سلامەتی گیانی بێهزاد بووە کە لە کاتی شەڕی چاڵدێران‌دا لەگەڵ «شامەحموود»ی خەتخۆشی خۆشەویستی لە ئەشکەوتێکی پەنا و بێترسا حەشاری داوە.[٣] شاسمایل ساڵی ١٥٢٢ (٩٢٨) بێهزادی کردە بەڕێوەبەری کتێبخانەی میری. فەرمانی هەڵبژێرانی بێهزاد بە قەڵەمی مێژوونووسی هێژا «غەیاسەددین خواندەمیر»ە کە دۆستی بێهزاد و نووسەری «حبیب‌السیر» یەکێک لە باشترین مێژووەکانی فەرمانڕەوایەتی شاسمایلی یەکەمە. لە سەردەمی سەفەوییەدا کتێبخانەی میری بەو مانایە نەبوو کە ئێمە لامان وایە و هەستی پێدەکەین، بەڵکوو کارگەیەک بوو لە ژێر چاوەدێری شادا کە وەستاکارانی جۆراوجۆر لەوێ خەریکی سازکردنی کتێبی زۆر جوان دەبوون و لووتکەی خەتخۆشی، نەخشاندن، نیگارکێشی و پەرپەندی کە سەرجەم «هونەری کتێبسازی»یان پێکدێنا، دەخرانەڕوو.[٤]

لە ڕۆژگاری دوورودرێژی فەرمانڕەوایەتی شاتەهماسبدا (١٥٢٤-٧٦) ئەو وردەکارییانەی کە هونەری کتێبسازکردنیان پێکدێنا گەیشتنە ئەوپەڕی خۆیان.

زیاتریش بۆیە وابوو کە تەهماسب نە تەنیا پشتیوانێکی تامەزرۆی هونەر بوو، بەڵکوو خۆشی لە تافی لاویدا کاتوساتێکی زۆری بەختی فێربوونی وێنەگەری کردبوو. گەلێک لە هونەرمەندانی هەڵکەوتەی سەردەم، دۆستانی گەرموگوڕی بوون و خۆشی لە نەخشاندنی سەرپەڕی سەردێڕاندا چاکی لێدەزانی.[٥] شاتۆماسب «پشتیوانێکی ناسکخەیاڵ و سەختگر بوو کە کاری هونەرمەندەکانی لە نیزیکەوە دەخستە ژێر چاوەدێری، هەروەک ئەوەی کە کاری خۆی بێ.»[٦] بە وەبەرچاوگرتنی ڕادەی ئۆگربوونی سمایلی یەکەم و تەهماسب بە هونەری کتێبسازییەوە، سەیر نیە کە بێهاوتاترین نووسراوەی سەردەمی سەفەوییە شوێنەوارێک بێ کە لە ١٥٢٢ڕا بە چاوەدێری شاسمایل بۆ تەهماسبی کوڕی دەنووسرایەوە، بەڵام هەتا دوای مردنی سمایل تەواو نەبوو. ئەم بەرهەمە «شانامەی شاتەهماسبی»یە.[٧] تاقانەبوونی ئەم شوێنەوارە لێرەوە دەردەکەوێ کە هیچکام لە نووسراوەکانی هاوچەرخی خۆی کە ئێستا بە دەستەوەن، پتر لە چاردە وێنەی «مینیاتۆر»یان تێدا نیە، کەچی «شانامەی شاتەهماسبی» زیاتر لە ٢٥٠ قەڵەمکێشی مینیاتۆری تێدایە. ئەم کتێبە «نیگارخانەیەکی گەڕۆک»ە چونکە زۆربەی بەناوبانگترین هونەرمەندانی دەرباری ئەو چاخی دەورێکیان لە خوڵقاندنیدا گێڕاوە.[٨] هەرکام لەم شێوەکارییانە وەک پێویست بەتەواوی کاری هونەرمەندێک نین. «جاری وایە مینیاتۆری وامان وەبەرچاو دێ کە گەڵاڵە و خەتوکووزی سەرەکی شێوەکارییەکە هی وەستاکارێکی یەکجار گەورەیە، بەڵام چەند بەشێکی وەک کۆمەڵێک زەرد و ماهی دوورەدەست یان پۆلە سەربازێک، لە ژێر چاوەدێری سەروەستادا، بە دەست شاگرادنێک کێشراونەوە کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن بەپارێزەوە کاریان کردووە و تەنیا مەودایەکی کەمیان بووە لەگەڵ مامۆستای خۆیان.»[٩] جاری دیکە وابووە:

«قوڵەوەستاکان و بەردەستانیان وێنەکانیان بەتەواوی و بە تەنیایی یان بە یارمەتی سەروەستاکانیان دەکێشایەوە. کەڕەتی وابوو مامۆستایەک گەڵاڵەی دادەڕشت و درێژە و تەواو کردنی دەخستە ئەستۆی بەردەستانی. هاوبەشی مامۆستا لە وێنەگەریدا لە کێشانەوەی چەند هێڵەوە کە چۆنیەتی نواندنی قەڵافەت یان دیمەنی کۆشک و خانووبەرانی نیشان دەدا، هەتا کێشانەوەی ورد و باریکی گەڵاڵەی سەرەتایی کە تا

تەواو بوون هەر تەنیا پێویستی بە ڕەنــگ بــوو ، خــوار و ژووری دەکــرد. وەختایەک کە بەردەست کارەکەی تــەواو دەکرد، جــاری وابــوو مامۆســتا بایەدایەوە سەری هەتا چەنــد هەڵــە و پەڵــەی بــۆ هەڵــبگرێتەوە یــان تەنانەت یەکدوو ڕوخسار و قەڵافەتی تەواوی لێ زیاد بکا.»[١٠]

بەشــی هــەرەزۆری تــەواوی تایبەتمەندییــەکانی شــێوەکاریی ئێرانــی لــەم مینیاتۆرانەدا هەن: کــەمکردنــەوەی جیهــانی ســێڕووبــەری بــۆ دووڕووبــەر و وەبــــەرچاوگرتنی ڕێوشـــــوێنی جیــــاواز بــــە مەبەســــتی دەربــــازبوون لــــە گیروگرفتەکانی، دەکار کردنی دروست و مامۆستایانەی ئــەو ڕەنگانــەی یــەکتر دەخوێننەوە و پڕ کردنەوەی هەر کەلێنەی بە قەدرایە ســەرەقامکێک بــە وێنــەی باڵندان، بوونەوەران، دار و دەوەنان و هێندێک دیمەن کە نیشاندەری ڕووداوێک زیاد لە ڕووداوی سەرەکی تابلۆکەن. «ئاسمــانی زێــڕین، ئــاوی زێــوین، پۆلــە سەوڵی سەوزی تۆخ لە بەرامبەر داروباری بە شکۆفەی سپیدا، لکوپۆپ و گەڵای پاییزی لە دەشتی کاکی بــە کــاکیدا، ڕەوەی ئەســپانی هەبڵــەق لــە ســەحرای ڕەنگزەردا، کۆمەڵانی خەڵک بە جلوبەرگی ئاڵ و سوورەترشی و شینبنــەوش، کاشی نەخشین و قەڵەمکێشی جوان لــە ســەر دیــواری ســپیکار و کۆمەڵــەباغی بەرگزینگی هەتاو لە پشت پەرژینی باریکی ڕەنگ گڵەسوور، هــەموویان پێکــەوە بە تێکڕایی شادترین سەمفۆنیاکانیان بەدی دێنا.»[١١]

بەڵام «شانامەی شاتەهماسبی» هەر تەنیا گەنجینەیــەکی نیگارکێشــی نیــە، بەڵکوو یادگارێکی هونەری خەتخۆشیشــە، چونکــە شــانامەی فیردەوســی کــە کەژاوەی ئەم خەزێنە وێنەداریە، پتر لە ٦٠٠٠٠ بەیتە. هەڵبەت هەر لە ســەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامڕا، ئەم باوەڕەی دینی کە قورئان کــەلامی پــەروەردگارە وەک فەرمانێکی خودایی لێهات بۆ ڕێزگرتنی خۆشنووسی لــە دنیــای ئیســلامدا. ئــەم ڕاستەقینەیە وێڕای ڕێگرتن لە بەرامبەر نواندنی قەڵافەت و ڕوخساری ئادەمی لە ئیسلاما - ئەو مەبەستەی کە زۆربەی جاران لە ئێرانا پشتگوێ دەخرا - پلەیەکی بەرزتری دا بە خۆشنووسی لە فەرهەنگی ئیسلامیدا لەچاو هەر شارستانییەتێکی دیکە. ڕەوتی خۆشنووسی لە جەغزی بەرهەمهێنانی کتێب و دەقی دەسنووس زۆر واوەتر ڕۆیی و نووسراوەکانی عەرەبی بە خەتی ئاسایی (خەتی درشت) یــان بــە شێوازەکانی تر، دەورێکی بــەرچاویان لــە ڕازاندنــەوەی مزگــەوتان و ناوەنــدە

ئایینییەکانی دیکەدا بینی. بە واتایەکی تر هەست و سۆزی ئایینی هەم لە خۆشنووسی و هەم لە نەخشاندنی خەیاڵاوییانەی نووسراوەکاندا هەلی خۆنواندنی بۆ ڕەخسا. نووسراوەکان بە یەک یان چەند پەڕی تەواو نەخشێندراو دەڕازانەوە و دەقەکان بە کۆبەی نەخشاو و زێڕکفتکراو و قەڵەمکێشی تر خاڵومیلیان دەڕێژرا. سەردێڕی بەشەکان پتر دەکەوتنە نێو چوارچێوەیەک کە هەرکام شاکارێکی بچووک بوون لە هونەری هونەرمەند. کارنەخشینی مینیاتۆر شەقڵ و شووخاڵی گەیشتە سەر بەرگی چەرمی کتێبان و وێنەگەرانی بارگای میری لاکەڕەنگیان بە لێزانی خۆیان دێنا بەرکاران و نە تەنیا لە بەرگتێگرتنی کتێباندا بەڵکوو بۆ تویژەڕەنگی دەسکاری وەک پاڵتەبەک، کۆجیلە، قەڵەمدان، ئاوێنەدان، جەواهێردان و مجریش، دەکاریان دەکرد.

هەروەک «ئانتۆنی وێلش» ئاماژەی پێکردووە، شاعەبباسی یەکەم وەکوو شاتەهماسبی باپیری ئاوا گەرموگوڕ و یەکلایەنە دڵی بە هونەری نەخش و نیگارکێشانەوە نەدەنووسا. «بەگشتی وادیارە کە هەباس زیاتر سەرنجی دەدایە دەسکار و هونەرە پێویستەکان بۆ وڵات وەکوو نژیاروانی و شارسازی و هونەرە بەرهەمدارەکانی ئابووری چەشنی سواڵەت و کووتاڵ و مافوورەی شیاوی ناردن بۆ دەرەوە هەتا سازکردن و دەرهێنانی کۆمەڵێک کتێبی گرانبایی کە تەنیا کەسانێکی تایبەت لێیان دەبوونە مشتەری.»[١٢] سەرەڕای ئەمەش عەبباس بە شێوەیەکی بەربڵاو پشتیوانی لە هونەرمەندان دەکرد و وادیارە پەیوەندییەکی گەرموگوڕی خۆمانەی لەگەڵ هونەرمەندەکانی بووە. دەڵێن جارێکیان وەختایەک شا چاوی بە تابلۆیەکی قەڵەمکێشی «ڕەزا عەبباسی» کەوت، وای بە دڵییەوە نووسا، کە دەستەکانی ماچ کرد.[١٣] زۆر جاری دیکە باسی کراوە کاتێک «عەلیڕەزا»ی خەتخۆشی خۆشەویستی کاری کردووە، شەمی بۆ ڕاداشتووە.[١٤] خەتی زۆر جوانی عەلیڕەزا ڕازێنەوەی بەرهەیوانی دەروازەی مزگەوتی شای ئیسفەهان، مزگەوتی شێخ لوتفوڵڵا و گومبەزی ئیمامڕەزایە لە مەشەد.

لە دەورانی پادشایەتی عەبباسی یەکەمدا لانیکەم دوو شێوازی جیاوازی شێوەکاری بەدیهاتن. لە لایەکەوە ڕەزا عەبباسی دەسکەوتەکانی پێشینیانی لە هونەری قەڵەمکێشیی نێو نووسراوەکاندا گەیاندە کەشکەلان و لەم شێوازە شێوەکارییەدا کەس تۆزی نەشکاند.[١٥] لە لایەکی دیکەوە بلیمەتی تووڕە و توندەتەبیات، سادقبەگی ئەفشار، کە گەیشتە پلەی باڵای بەڕێوەبەرایەتی

کتێبخانەی میری، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن لە کێشانەوەکانیدا کەوتە سەر باری نواندێکی ڕێئالیستی کە نیشاندەری جووڵانەوەیەکی تازە بوو لە هونەری سەفەویدا و سەردەق شکاندنێک بوو بۆ ئەو شێوازە پەرەگرەی بنەبانی سەدەی حەڤدە و هەژدەی زایینی. کەسایەتی وی بە چاکی لە لایەن شاعیری سەفەوی «غرووری»ڕا خراوەتە بەرچاو و لە ڕووی ئەم ڕووداوەڕا کە ئانتۆنی وێلش گێڕاویەتەوە بە ڕوونی دیارە:

«قەسیدەیەکم بۆ پێداهەڵدانی سادقی* نووسی و چوومە چایخانەیەک کە بیخوێنمەوە. هێشتا تەواوم نەکردبوو کە سادق لە چنگی دەرهێنام و گوتی «ئیتر تاقەتم نەماوە لەوەی زیاتر گوێ بدەمێ!» هێندێک دواتر هەستا و پێنج تمەنییەکی کە لە دەسرۆکەیەوە پێچرابوو، لەگەڵ دوو کوتەکاخەز بۆی فڕێدام. کاخەزەکان هەرکام بە قەڵەمی ڕەش نەخشابوون. ڕووی تێکردم و گوتی: «بازرگانان هەر پەڕێکی کاری من بە سێ تمەن دەکڕن و دەیبەنە هیندووستان، بە هەرزانتر مەیانفرۆشە!» پاشان چەند جارێک داوای لێبووردنی کرد و ڕۆیی.»[١٦]

خاڵێکی بەرچاوی زۆربەی شێوەکارییەکانی بەرهەمهاتووی نێو کارگەکانی میری لە دەورانی عەبباسی یەکەمڕا بەرەودوا ئەمەیە کە ئەوانیان بۆ نەخشاندنی نووسراوان نەکێشاونەوە، بەڵکوو قەڵەمکێش و هێڵکارییەکان یەکپەڕین کە وێدەچێ بۆ ئالبۆمی کەسانی خانەدانی پادشایەتی یان مەزن و ماقووڵان یا بۆ فرۆشتن بە جەماوەری چین و توێژەکانی خواردەستە کێشرابنەوە.[١٧] شتێکی تازەی دیکە ئەمەیە کە ئەم نەخشونیگارە یەکپەڕانە وەکوو پێویستی پەیوەندییان بە باس و بابەتی ئەدەبی کۆنباوەوە نیە. هەتا ساڵی ١٥٩٦-٧ (١٠٠٥) کە سادقبەگی ئەفشار بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی میری لێوەرگیرایەوە، ڕەزا عەبباسی کە وەک هونەرمەندێکی بلیمەت و داهێنەر دەرکەوتبوو، خێرایەکی پلەی خۆی وەک مامۆستای شێوەکاری یەکپەڕی کە ئێستا بە سەرتر دادەندرا، چەسپاند، هەروەک بەرلەوەش مەزنەمامۆستای مینیاتۆر بوو. «کاری وی بە دەوری نواندنی جوانییەکانی هەرەباڵای مرۆڤاندا دەسووڕێ. ئەم مرۆڤانەی کە زۆربەیان نەناسراون و ڕەنگە هەر نەشبن. نێوەرۆکی نیمچەئاییینی و ئەم جیهانییەی نەخش و نیگاری کۆنباوی ئێران - لەسەر پێوشوێنی کاکڵەی

شـــكۆداری «شـــانامە»، «خەمســـەی نیزامـــی»، «حـــەوت ئـــەورەنگی جـــامی» و شوێنەوارەكانی تر - لە سەردەمی شـاعەبباس‌دا تـا ڕادەیـەكی زۆر وەلانـرا.»[١٨] هونەرمەندانێكی دیكەی وەک «میرزاعەلی» و «شـێخ محەممـەد»یـش پەیـڕەوی شێوازی وی بوون: «لاوانی جوانچاک كە بە قـەڵافـەتێكی ئارەزوومەندانـە و لـە بێخەبەرییەكی تەواودا وێستابوون، لە حاڵێكا كە ڕوومەتگوڵانی تر بەوپـەڕی ناسكی پیاڵە و تونگەی لەباری شەرابیان بە دەستەوەیەوە یان دەیگێـڕن. نێـر و مێ یەكتریان گرتۆتە ئامێز و دەڵێی هەست و سۆزیان پتـر لـەوەی بـەرەوڕووی یەكتر بێتەوە، شەرمێونانە ڕووبەڕووی هونەرناسانی پێداهەڵـدەرە.»[١٩] ڕەوتـی كێشانەوەی نەخش و نیگاری یەک‌پەڕی، بـوو بـە هـۆی كـەمبوونـەوەی دەقـە دەسنووسە جوانەكانی سەفەوی لە سەرەتاكانی سـەدەی حەڤـدەدا. بـە بـڕوای ئانتۆنی وێڵش، كۆكەرەوانی ئەم شێوەكارییە یەک‌پەڕانە، مـەزنانی قزڵـباش و تاجیک و دەرەبەگانی تازە و دەوڵەمەندان بوون. ئەو هەروەها دەڵێ كە پەسندی جوانی‌ناسیی ئەم لایەنگرە تازانەی هونەر هەتا ئەندازەیـەک لەگـەڵ دڵـخواز و پەسندی سەرەكی هونەرمەندان یانی شاعەبباسی یەكەم یەكتری نەدەخوێندەوە. ئانتۆنی پێی‌وایە ئەگەرچی شاعەبباسی یەكەم بەتاسەوە برەوی دەدا بە هونـەر، بەڵام بێبەهرە بوو لەو شـوێن و دەورەی شاتەهماسـب كـە ڕەوتـی گوڕانكـاری هونەری لە چواریەكی دووەم و سێهەمی سەدەی شازدەدا دیاری كردبوو.[٢٠]

بە نیزیک‌بوونەوەی بڕانەوەی سەدەی حەڤدە، مەیل و تامەزرۆیی و داخوازی دەروونی و دڵتەڕانە كە لە شوێنەوارەكانی ڕەزا عەبباسی‌دا بە ئاشكرا بەدی كرا، لـــە بـــەرهـــەمی جێنشـــینەكانی‌دا وەک محەممەدقاســـم، میرئـــەفزەل و موعین‌موسەوویردا تەواو بێباكانە خۆی نواند. نووسەرانی كتێبـی «شـێوەكاریی مینیاتۆری ئێران» بە ڕاوێژێكی گران و سەنگین دەڵێن: «موعین هێنـدێک تـابلۆی ڕووتی هەوسبازانەی لە پاش بەجێماون كە بۆ نیشاندانی جەماوەر شیاو نـین.» (دەبێ لەبیرمان بێ كە كتێبەكە لە ساڵی ١٩٣٣دا نووسـراوە).[٢١] ئـانتۆنی وێڵـش گومانی نیە كە نیگاركێشانەوەی لای ئـاخروئۆخری سـەفەوییە بـەرەو نزمـی و گلۆربوونەوەی خزیوە:

«وردەكاری نێو بەرهەمەكانی دەسپێكی ڕەزا كە هێشتا وەبیرهێنـەوەی وەچەی پێشووی شێوەكارانی سەفەوی بوو لە كارەكانی داوترا قورسـایی




٩- دوو شێوەکاری قەڵەمی ڕەزا عەبباسی، دەوروبەری ساڵانی ١٦١٠ – ١٦٢٠

خستە سەر تای تەرازووی ڕواڵەتپەسندانە: هێڵە چەماوەکان جۆوڕێیەکی کەمتر پڕ دەکەنەوە، ڕەنگەکان بە قەدرایە جاران تێر و گەش نین؛ لێکدانەوەکان ناسکی خۆیان لە دەس دەدەن و کەمتر بە دڵەوە دەنووسێن. لە کارەکانی شاگردان و پەیڕەوانی زۆروزەوەندی ڕەزادا جەخت لەسەر پێوانی ئەم ڕەوتە کراوەتەوە. مەبەستەکان لەبری ئەوەی پتر بن، کەمتر دەبنەوە و زۆر پێداگیرێ لەسەر جوانی ڕواڵەتی. پیاوانی گەنج ناسک و شەنگ و ژنانی گەنج کەسەربار، چونکە گۆیا دەوری دیمەن و ڕوخساری نائاییني خراوەتە ئەستۆیان. ئەمانە کە بەڕواڵەت بەژن باریک و شۆخ و شۆڕەلاون، بەڵام لە دەروونەدا بەتاڵن و نیشاندەری دەسپێکی ئەوپەڕ دڵخوازی ڕەوت و ڕێوشوێنێکی تازەی کۆمەڵایەتین. لەو شوێنەی کە خاوەنی دیمەنێکی هەوسبزوێنن و زۆربەشیان وان، شێوەی ئاکاریان هەستێکی تیژتێپەڕ دەخاتە ناخی مرۆڤەوە کە زیاتر هەوەسبزوێنە هەتا سۆزی دەروون ورووژێن... ئەم هونەرە پتر نامەعنەوییە و خوازیاری بینەرێکی جوانیپەسندە نەک وێڵ بە شوێن مانادا.»[٢٢]

لە لایەکی دیکەوە «ڕیچارد ئێتینگهاوزێن» ئاوا بەڵگە و بۆنە دەخاتەڕوو:

«ئاڵوگۆڕەکانی شێواز لە سەردەمی شاعەبباسدا و درێژەدانی لە لایەن جێنشینەکانییەوە، تەنیا هێمای ئەو داڕووخان و گلارانە نەبوون کە نیشاندەری تێداچوونی خێرای دەسڕەنگینی و هەستەوەریی ئێرانییەکان بوون لە بواری هونەری و وەستایەتیدا، بەڵکوو واوێدەچێ کە خوردبوونەوە لە ڕاستییەکان و ژیانی خەڵکی ئاسایی و هەروەها سەرنجدانە کەشوهەوا و بزووتن، لە ڕاستیدا نیشانەی وەرسووڕانێکی شۆڕشگێڕانەی ئێرانییەکانە لە حاند بەرەوڕووبوون لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا. لەپڕ چوارچێوەی کۆن تێکشکا و شتێکی نوێ سەری هەڵدا کە ڕەنگە ڕەقوتەق و نالەبار بێ، بەڵام جیهانی بەو چەشنە دەخستە بەرچاو کە هەبوو، نە بە شێوەی چەمکێکی پێگەیشتوو کە درێژەی ڕابردوو بێ.»[٢٣]

بە بڕوای من ئەم دوو بۆچوون و هەڵسەنگاندنە چەند لا و لایەنێکی ڕووکار و دیمەنی گشتین. حاشای لێناکرێ کە لەسەر ڕوخساری هێندێک لەو لاوە



١٠ - وێنەی ڕەزا عەبباسی بە قەڵەمی موعینموسەووير

خومارانەی کە بە سستی و وەڕەزییەوە بۆن بە گوڵێکەوە دەکەن و «وێڵش» تێیهەڵپێچاون، چۆنیەتییەک دەبیندرێ کە خاڵی زەقی کۆتایی سەردەمێکە. لە لایەکی دیکەوە بێگومان ئێتینگهاوزێن لەسەر هەقە کە پێدادەگرێ شۆڕشێکی هونەری ڕووی داوە. لەجیاتی باس و مەبەستێکی داندراو سەبارەت بە قارەمانان و ئەویندارانی ئەفسانەیی ڕابردوو، ڕوو دەکرێتە نیشاندانی ڕاستییەکان و دەرخستنی دیمەن و قەڵافەتی پیاوان و ژنانی ئاسایی، بەو جۆرەی کە هەن. ئێتینگهاوزێن هەروا بە سەری زمانان باسی هێندێکیان دەکا: «کووتاڵفرۆشێک کە

چۆکی داداوە و کالاّ نیشانی مشتەرییەکەی دەدا؛... پیاوێکی گـەڕاوە کـە مێـزەری گەورەی لە سـەری هەڵـگرتووە و کەللـەی بـێتـووکی دەخورێنـێ.» تەنانـەت وەختایەک مەبەستەکەش کۆنباوە، شێوەی نیشاندانی بە ڕووکاری ڕاستەقینەدا ڕەنگ دەداتەوە. خوردبوونەوەی «خوسرەو» لە مەلەی «شیرین»، هەڵبەت ئەگەر بێتوو قەت ڕووداوێکی وا قەومابێ. بابەتێکی کۆنـە بـوو، بـەڵام ئیـدی شـیرین «خاوەنی ئەنـدامێکی ناسـک و ئاسمـانی نیـە؛ بەڵـکوو قـەڵافـەتێکی خـاکی و مرۆڤانەتری هەیە کە ڕەنگە وەک ئەو ژنانـە بچـێ وا دیونـاس و ئاشـنای ڕەزا عەبباسی بوون.»[٢٤] هەر بەم جۆرە ئێتینگهاوزێن خستنەڕووی بێپەردەی چێـژەی هەوەس وەکوو «ڕەنگدانەوەیەکی پەیوەندییـەکانی ئاسـایی نێـوان مرۆڤـەکان» دەبینێ کە دیسانیش نیشانەی تەواو دابڕانـە لـە نـەریتی ڕابـردوو کـە تێـیدا پەیوەندیی نێر و مێیەک پتر بە شـێوەی نەزیلەیـەک و لـە بازنـەی ئـەوینێکی عارفانەی عاشق بە مەعشووقی یەزدانی لێکدەدرایـەوە.[٢٥] بـە بـڕوای وی ڕەنگـە شەنگەلاوانی ئەم دیمەنانە «کوونیلەیەک» بووبن بۆ نێربازان.[٢٦]

## مافوورە

وەختایەکی چێژە و پەسندی مامۆستایانەی گەڵاڵە و ڕەنگ کە هونەرمەندانی نێو کاری هونەری کتێبسازی گەیاندبوویانە نووچکە، کەوتە هەرێمی هونـەری وەک قوماش تەنی و فەرشکردن، ئاکامی سەرسوڕهێنی لێکەوتـەوە. ئەگـەرچی تەونگەری لە ئێراندا ڕەگ و ڕیشەی کۆنە، بەڵام ئەمە سـەفەوی بـوون کـە لـە ئاستی دەسکردێکی گوندەکیڕا هەڵیانکێشا و بردیانە نێو هەموو وڵات و کردیانـە بەشێکی گرینگ لە ئابووری نیشتمان. وێدەچێ یەکەم کارگای مـافوورەکردن لـە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایـەتی شاعەبباسـی گـەورەدا (١٥٨٨-١٦٢٩) لـە ئیسـفەهان سازکرابێ.

سەرچاوەی مافوورەی ئێران بەو چەشنەی کە ئەمڕۆ دەیناسین، دەگەڕێتـەوە سەر بەڕە و لاکێشی خێـڵاتی کە بە دەست ژنان و منالاّنی خێڵە نیمچەکۆچەرەکان و بە کەلک وەرگرتن لە خوری و مووی مەڕ و بزنی خۆیان و ڕەنگەکانی سروشتی دەتەندران و دەنەخشان. بەڕەکانی خێـڵاتی زۆرتر خاوەنی ڕەنگی گەش و شاد و نەخش و کری تازە و هەتا ڕادەیەک ساکار بوون. ئەم بەڕانە بە نـەخش و کـری

تایبەت و تاقانە زۆر جاران یەک ئەندازە نەدەهاتنەوە و ڕەنگی ریسەکەیان دەگۆڕا (و دەگۆڕێ) کە لەبەر چۆنیەتی ڕەنگ تێکەڵ کردن و خەمگرتنەوە بەدی دێ. شاتەهماسب ئەوەندە ئۆگر و دڵبەستەی سنعاتی مافوورە بوو کە هەتا پلەی هونەرێک هەڵیکێشا. هەموو دەزانن کە ئەو دەستووری تەندرانی مافوورەی هەرەباشی دا و باربووی مزگەوتی «سولەیمانییە»ی ئیستانبووڵی کردن و گوتوویانە کە خۆی نەخش و کری بۆ مافوورەکان کێشاوەتەوە. لە ڕاستیدا چونکە تەهماسب لە تافی لاویدا خولی ڕاهێنانی هونەری دیبوو، مەبەستەکە جێی سەرسوڕمان نیە. «ئێ. ئاپێم پۆپ» ئاماژە بە وێکچوون و تێکەڵی نیزیکی نێوان هونەرمەند و نەخشەکێشەوەی مافوورەی سەردەمی سەفەوی دەکا و لەم پەیوەندییەدا ناوی سێ کەس لە گەورەترین مامۆستایان دەخاتەڕوو: بێهزاد (کۆچکردووی دەوروبەری ١٥٣٥-٦ / ٩٤٢)، سوڵتانمحەممەد (کۆچکردووی دەوروبەری ١٥٤٣ / ٩٤٩-٥٠) و سەیدعەلی.

بەشێک لە ناوبانگی بێبڕانەوەی مافوورەی ئێرانی دەگەڕێتەوە سەر چۆنیەتی هەرەباشی و بەشێکیشی لەبەر نەخش و ڕەنگی هەرەباڵایەتی. ڕەنگەکان پتر شین (شینیئاسمانی و شینبنەوش)، سوور (خەنەیی و سووراوڕەنگ) و زردن؛ قاوەیی و کەسک کەمتر دەکار دەکرێن. خاوەی مافوورە خورییە و تان و پۆیەکەی هەم لە خوری و هەم لە لۆکە دەڕێسرێ. لە جوان و ناسکترین مافوورە عەنتیکەکاندا، ئاوریشم تێوەدەدرێ کە جاری وایە تاڵە زێڕ یان زێویشی لەگەڵ تەندراوە و ڕای وایە ڕایەڵ و پۆش ئاوریشمن. نەخشەکان زیاتر گوڵدار یان ئەندازەیین، ئەگەرچی دیمەنی ئادەمی و جانەوەریش لە هێندێک فەرشاندا وەبەرچاو دێ، بەتایبەت لە کرێکدا کە بە ناوی «نەخشی ڕاوگە» ناسراوە. تورنجێکی گەورە (گوڵە مافوورە) لە نێوەڕاستی زۆربەی نەخش و کرەکاندا بەدی دەکرێ و تەواوی مافوورەکانی ئێرانی حاشیەیان هەیە کە دەکرێ لە ژمارەیەک خەت و کووزی هاوتەریب وەک باڵاشە و زنجیرە پێکهاتبێ. وێنەی تێوەدراوی نێو ئەم خەت و کووزانە زیاتر گەڵا و شکۆفەن کە زۆر جاران لەسەر شکڵێکی پێوانەیی و دیاریکراون. مافوورەی ئێرانی لە ئورووپا گەلێکی مشتەری و خوازیار بووە و بوونیان لە ماڵە دەوڵەمەندە شارنشینەکانی سەدەی حەڤدەدا لە تابلۆکانی «ڕۆبنێس»، «وندایک»، «برووگێل» و کەسانی دیکەدا بە ئەمانەتەوە تۆمارکراوە.

لەبەروەی کە مافووره بە پێچەوانەی کارەکانی کانزایی و سواڵەتی، زووتر تێدادەچێ و دەپوێ، مووزەکانی دنیا هیچ نموونەیەکیان لە مافوورەی ئێرانی سەر بە ڕۆژگارانی بەر لە سەدەی شانزدەهەم لێنیە. یەکێک لە کۆنترین نموونە بەجێماوەکان، فەرشی مەنشووری ئەردەوێڵە کە شوێنەوارێکە لە گەورەترین گەنجینەکانی مووزەی ویکتۆریا و ئالبێرت لە لەندەن و ساڵی ١٥٣٥-١٥٣٦ یانی دوازدە ساڵ دوای چوونە سەر دەسەڵاتی شاتۆماسب تەندراوە و فەرشی «نەخشی ڕاوگە»ی «میلان» تەنانەت لەویش کۆنترە و دەچێتەوە ساڵانی ١٥٢٢-١٥٢٣، یانی ڕۆژگارانی فەرمانڕەوایەتی سمایلی یەکەم. فەرشی ئەردەوێڵ کە ئەمڕۆ لە مووزەی ویکتۆریا و ئالبێرتە لە لەندەن، جووتێک فەرشی یەکتەختەیە کە لە سەر داوای شاتەهماسب و بۆ باربووی نێو گومبەزی باب و باپیرانی لە ئەردەوێڵ، لە کاشان کراوە. هەر لایەکی فەرشی ئەردەوێڵ شاکارێکی هونەری مافوورەکردنە. ئەم فەرشە لەو تاقم فەرشە کۆنباوانەیە کە تورنجێکیان لە نێوەڕاستیدایە و لە تورنجەکەدا:

«سێ لیزگە نەخش و نیگاری دوابەدوای یەک و سێ چەشنی جیاواز کەر و ڕەنگی پتەو و تەواو لێکوەشاوە پاڵیان ڕێکداوە. لە نێوەڕاستی تورنجەکەدا گۆمیلکەیەکی سەوزی بچووک خۆی دەنوێنێ کە گوڵ دەورەیان داوە و شکۆفەی لەیلووپەڕ تێیدا مەلەوەرن. نەخش و نیگاری هاوخشتی ئیسلیمی وەک چەند لەچکەیەکی گەورە ناوەندی ئەم نەخشەیان پەرە پێداوە بۆ شتێک کە لە ڕاستیدا قەراغ و بیجاغی سێسووچەی تورنجەکە هەڵدەپێچن و دەیبەستنەوە بە چەپکی تورنجەکانی دەرەکی. هەر لە تەختی ئەو تەونەدا بە تێوەدانی باری چەپەوانە کۆمەڵێک شۆڕابەی هەورینەی گەواڵگەواڵ لەنگەریان گرتووە کە هەر بەو شێوەیە و لە درێژەی هەمان تەوەرەدا تەندراون. ڕەنگی ئەم شۆڕابە هەورانەی کە شین و سپییەکی گەشترن، ئەوەندە لە ڕەنگی تەختی کرەکە نیزیک کەوتوونەوە کە ڕوون دەرکەوتنیان زۆر کەمترە لە نەخشەکانی ئیسلیمی و تەواو بە جێوڕێ گەڕانگەری گوڵەمافوورەی نێوەڕاست پڕ دەکەنەوە. نەخشی سێهەم بریتییە لە چڵە لاولاوە و گوڵەوردیلە. دیمەنی نەخشونیگارەکە لە تاریف نایا و هەرچی بیڵێی

کەمە. تەختی مافوورەکە ڕەنگێکی شینی ئاسمانییە کە شەپۆلەکانی پرشنگێکی دڵڕفێن دەخەنە سەر تێکڕای نەخش و تەونەکە. بەژن و چڵ و پەلی لاولاوەکە هەرکام بەرەو شوێنێک تێهەڵدەچن، زۆر جاران بە سەر یەکتر دەکشێن و تێکڕادەچن. لەبەر خوارەکە و پێچەکە و تێکبەزینی لق و پۆپان واوێدەچێ کە شکۆفەکان بە دەسبڵاوی بە دەوروبەران وەربوون و هەموو جێیەکیان پڕ کردووە؛ بەڵام لە ڕاستیدا ژمارەی شکۆفەکان بە چەشنێکی سەرسوڕهێن کەمن و وا چاک لە شوێنی خۆیان کەوتوون و لک و پەلەکان هێندە ڕێکن کە بەر بە هەر چەشنە ئاڵۆزکان و تێکهاویشتنێک دەگیرێ.»[27]

مافوورەی بەناوبانگی میلان کە ئەویش وەکی وی مەشهوورە نموونەیەکی شکۆمەندە لەو تاقمە گەورانەی تری مافوورەکانی ئێرانی – یەمەنی «نەخشی ڕاوگە». ناوبانگی[28] وەستاکاری مافوورەکە «غەیاسەددین جامی» دەریدەخا. کە ئەو لەو «جام»ی خوراسانەوە هاتووە. لەبەروەی کە زۆروکەم هیچکام لە چۆنیەتی و نیشانەکانی خوراسانی لە مافوورەکەدا نیە، «ئێ، ئاپێم پۆپ» بە دروستی بۆی دەچێ کە باوکی غەیاسەددین «ڕەنگە یەکێک لەو کەسانەی نێو ئەو پۆلە هونەرمەندە هەڵکەوتانە بووبێ کە سەرەتای سەدەی شازدە خوراسانیان بەجێهێشت هەتا ئەو هەلەبار و تازانە بقۆزنەوە کە ئەودەم بە دەسپێکردنی ڕۆنێسانسی سەفەوی لە بارگای شاسمایل [لە تەورێز] ڕەنگی دابۆوە.»[29] ئەم مافوورەیە هەستی مەزنایەتی و جوانی لە ناخی بینەردا دەبزوێنێ و دەچەسپێنێ.[30] تورنجی نێوەڕاستی مافوورەکە سوورە و بە نەخش و نیگاری تێکبەزیوی خونچە و گوڵ و گەڵای لەپلەوپەڕ و هەورەشینکەی بە دابی چینی، داپۆشراوە. «تەختی سەرەکی مەیدانی جێڕاو شینێکی توندی ئاسمانییە» و بە پۆلە گوڵی یەکجار خۆشڕەنگ تەندراوە. لە بەرامبەر ئەم تەختە نەخشینەدا «ڕاوچی سواری ئەسپی کوێت یان چەرمگن و بە پڕتاو ڕوویان کردۆتەوە دەوروبەران و زۆر بە تینوتاو سەرقاڵی گلاندنی نێچیرێکی قەڵەون. هەر لەو کاتەدا گەلێک جانەوەری خۆماڵیی باکووری ئێران کە زۆر زیندوو و سروشتی خراونە بەرچاوان و جۆراجۆری ژمارەیان لە هیچ مافوورەیەکی دیکەدا بەدی ناکرێ، لە گەرمەی ڕاو و بگرەوبەردەدا ڕادەکەن بۆ ئەملا و ئەولا.»[31] ڕەنگە

نەخشینە دەکارکراوەکانی مافوورەی میلان کە سەریان هەتا بیست دەڕوا، ژمارەیان زیاترە لەوەی کە لە هەر فەرشێکی کۆنی ڕۆژهەڵاتی دیکەدا کەلکی لێوەرگیراوە.[٣٢]

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەمە شاعەبباسی یەکەم بوو کە بە دانان و کردنەوەی کۆمەڵێک کارگەی تەونگەری لە ئیسفەهان، کاشان و ناوچەکانی تر، مافوورە کردنی گەیاندە ئاستی سنعاتێکی نەتەوەیی. مافوورەی ئاوریشم و زێڕچن لە کاشان دەکران و لە ئیسفەهان نە تەنیا فەرشی گرانبایی تایبەت لەسەر داخوازی شا، بەڵکوو فەرشی چاک و ڕیزباف بۆ کەسانی دیکەش بە دەستی وەستاکارانی تەونگەری کارگەکانی پادشایەتی دەتەندران. زۆرێک لەو مافوورانە بە مەبەستی ناردنە هەندەران دەکران و بەختەوەرانە وردەکاری یەکێک لەم داواکارییانەی ئێستا بە دەستەوەیە و لە دەرەوەڕا هاتووە و هی «سیگیسمۆند»ی سێهەمی خانەدانی واسا (١٥٨٧-١٦٣٢) پادشای لەهێستانە. فەرمانڕەوایەتی وی تەواوێک هاوکات بووە لەگەڵ پادشایەتی شاعەبباسی یەکەم. «سیگیسمۆند لە ساڵی ١٦١٠ (١٠٠٩-١٠)دا «سێفێر مووراتۆویچ»ی بازرگانی ئەرمەنی کە چاوەدێرێکی باوەڕپێکراوی خەرجوبەرجی خۆی بوو لە بارگادا، بە مەبەستی بە کڕدندانی چەند مافوورەیەک و بە سەرڕاگەیشتنی کاری تەونگەرەکان، لە «وەرشەو»ڕا ناردی بۆ ئێران. بنەماڵەی ئەرمەنی مووراتۆویچ لە دوو پشت پێشتریانەوە ڕەگەزنامەی لەهێستانییان وەرگرتبوو هەتا بتوانن مامەڵەی ئاوا ئەنجام بدەن.»[٣٣] مووراتۆویچ ڕۆیشتە کاشان و فەرشەکانی بە کردن دا و چووە خزمەت شاعەبباسی یەکەم و بۆ شای ڕوون کردەوە کە باڵوێز نیە و تەنیا «کابرایەکی بازرگانە» دوابەدوای وی لە ١٦٤٢دا شا سیگیسمۆند کاتێک کچەکەی لەگەڵ میری ناوچەی «پاتین» لە «ڕاین» زەماوەندی کرد، چەند تەختە لەو مافوورانەی وەک گیاز ڕەگەڵ خست. ڕەنگە ئەو دەستێوەردان و ئاڵوگۆڕانەی کە تەونگەرانی ئێرانی بە مەیلی خۆیان لە هێمای پادشایەتی لەهێستاندا کە سیگیسمۆندی فەرمانڕەوا پێیخۆش بوو لە کرەکەدا بتەندرێ، ئەنجامیان دابوو، بە دڵی نەبووبێ:

«تاجی سەرووی تاتەڵەنووسەکە لە هێمای پادشایەتیدا بە کۆمەڵێک وردەکاری کە لە ڕۆژاوادا نەناسیاوە، ڕازاوەتەوە، بەو جۆرەی کە گەڵا و

خونچەکانی سەر ئاڵقەکەی گەڕانگـەڕی، ئێمـە دەخاتـەوە یـادی گەمییـەکانی ڕۆژهەڵاتی. سەری هەڵۆ لە هێماکەدا لەبری وەی بۆ لای چەپ وەسووڕابێ بۆ لای ڕاستە. باڵ و کلکی لەجیاتی وەی سپی سـاماڵ بـێ، زەرد و ڕەشـی تێـوەدراوە. لاقەکانی لەجێی سوور، شینن و هەروەها دروشمی گوڵەگەنمی خانـەدانی واسـا وەک گوڵێکی شینی مەیلەو زەمەقی لێهاتووە.»[٣٤]

## قوماش

قوماشتەنیش وەک تەونگەری لە ئێـراندا ڕیشـەیەکی کـۆنی هەیـە. چەنـد کوتێک پارچەی ساسانیمان بە دەستەوەن کە دەریدەخەن کـاری ئـەو سـەردەمی هەم لە نەخش و نیگار و هەم لە تەنیندا هەوراز چووە. کووتاڵـی ئاوریشـمین و زێـڕچن بـاو بـوون و دیمـەنی جـوان و ناسکی بوونـەوەران کـە لـە زەمـانی ساسانییەکانا گەیشـتە ئەوپـەڕی خـۆی، دوایـی تـر لـە بیـزانس و وڵاتـانی دوورەدەستی وەک چـین و ئاڵـمان لاسـایان کرایـەوە. وێنـە و کـری تـازە کـە دەگەڕانەوە سەر نەخش و نیگاری ئیسلیمی و گوڵدار و گـەلێ جـاران کۆمەڵـێک نیشانەی کارتێکردنی چینی دەخستەڕوو، دوابەدوای هرووژمی مەغوول بۆ سـەر ئێران لـە سـەدەی سـێزدە (حەوتـەم)دا گەیشـتە ئـەم وڵاتـە. بـەڵام هـەروەک مافوورەکردن، سەردەمی سەفەوییە چڵەپۆپەی قوماشتەنینیشە. گەشەی ئێـران لە ڕۆژگارانی سەفەوییەدا داخوازی نێوخۆی پێهەڵابرد:

«جلوبەرگی گرانبـایی و کۆشـک و باڵـەخانـەی ڕازاوە بـە پـەردەی نەخشین و جوان، هەستی ئەو گەڕۆکانەی دەبزوات کـە ڕوویـان دەکـردە بارگای ئێران و بە تاریفاتیاندا دەچوونـەوە و لـە ئورووپـای سـەردەمی ژیانەوە و ڕووسیادا مەیل و داخـواز سـەبارەت بـە کـەلوپـەلی جـوان و جوانکاریی ئێرانی پەیدا بوو. دەسنەخشینی لە تەنینی شـکڵ و شـێوازی گـران و پـڕ وردەکـاریدا، لێکـدانی ڕەنگـی گـەش لـە نـەخش و کـرە ڕەنگاوڕەنگەکاندا و تازەگەری بێکۆتایی لە کەلک وەرگـرتن لـە وێنـەی ئیسلمی بۆ ڕازاندنەوە، ڕێی بۆ ئێرانییەکان خۆش کرد کە بتوانن پارچـەی وا بەرهەم بێنن کە کەس دەسکیان لە دوو نەکا و چەشناوچەشن و برەودار و تاقانە بن.»[٣٥]

بۆ کووتاڵیش هەروەک مافووره دیسان ئەمە شاعەبباسی یەکەم بوو کە سنعاتەکەی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن گەشە پێدا. «کرۆسینسکی» لە ڕاپۆرتێکا بە ناوی «سەبارەت بە جلوبەرگی و پۆشەمەنی دەرباری پادشایەتی ئێران» ئاوا دەنووسێ:

«بیرکردنەوەی شاعەبباسی گەورە لە پاشەڕۆژ، دانان و سازکردنی گەلێک کارگەی چەندکارەی لە خودی ئیسفەهانی پایتەخت و هەروەها لە ناوچەکانی شیروان، قەراباغ، گیلان، کاشان، مەشەد و ئەستەرابادی لێکەوتەوە کە تێیاندا پارچە و مێزەری ئاوریشمی بۆ خانەدانی میری و خەڵکانی تر... بە چەشنێکی شکۆدار و سەرسوڕهێن و لە ژێر چاوەدێری وردی چاوەدێراندا دەتەندرا. لە هەمان کاتا قاڵی و چی دەسکری دیکەی چندراوە هەمیشە بۆ بارگای فەرمانڕەوایەتی سازدەکرا...»



١١ - قەوارەیەک مەخمەری نەخشینی تەندراوی سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە

کرۆسینسکی لەم ڕاپۆرتەدا باسی یەکێک لە ناوەندە گرینگ و بەرچاوەکانی وەک یەزد ناکا؛ هەروەها خۆ لە شوێن و شارە ناسەرەکییەکانی پارچە کردنی وەک ڕەشت، ئەردستان، ساوە و کرمان دەبوێرێ. کرۆسینسکی لە درێژەی باسەکەدا دەڵێ کە بە مەبەستی پاراستنی «تایبەتمەندییەکانی هونەری قوماشتەنینی تایبەتی هەر ناوچەیەک، شا دەستووری دا کە هەر کارگەیەک دەبێ لەسەر پێوشوێن و شێوازی خۆی کار بکا.»[٣٦] بەشێکی بەرچاوی ئەو کووتاڵانە بە مەبەستی ناردن بۆ دەرەوە ساز دەکران:

«ئەم کارگایانە نە تەنیا ئەوەی پێویستی بارگا و بارگانشینانە سازی دەکەن و بێجگە لە نرخی هەودای زێو، خەرجێکی وا ناخەنە سەر شانی خەزێنە، بەڵکوو داهاتێکی نەهێند کەمیشی دەخەنە سەری، چونکە پارچەکانی ئاوریشمی و ئەو کووتاڵانەی کە بە هەودای زێڕ و زێو ئەوەندەی دیکە دەنەخشێن، گەمێگەمێ لەگەڵ فرۆشەرانی حکوومەتی بۆ خوردکردنەوە لە ئورووپا و تەنانەت زۆر جاران دەنێردرێنە هیند.»[٣٧]

بێجگە لە بەرهەم هێنانی پارچەی تەندراو و زێڕچن و مەخمەری زور چاک، سنعاتکارانی سەفەوی لە گوڵدۆزی و قەڵەمکاری کە بریتی بوو لە شەقڵ پێوەنانی پارچە بە چەند کوتەدارێکی نەخشداری جۆراوجۆر، وەپێش پێشینیانی خۆیان کەوتنەوە. پارچەی دەسکرد لە ئیسفەهان زۆر باش پەرەی گرتبوو. دەڵێن کە لە بازاڕدا بۆ ٢٥٠٠٠ کرێکار بۆتکە داندراوە و سەرۆکی سنفی جۆلایان یەکێک لە دەسەڵاتدارترین پیاوانی وڵات بووە و تەنانەت حاکمیش بە هێندی داناوە. گوتوویانە دەزگاکانی جۆلایی دەربار تەواوی مەودای نێوان مەیدانی ناوەندیی شار و چلستوونی کە ٥٠٠ گەزێکە دایگرتووە.[٣٨] هەروەک سەرەتاکانی سەردەمی سەفەوییە هونەرمەندانێکی گەورەی وەک ڕەزا عەبباسی نەخش و نیگارەکانی خۆیان دەنایە بەردەستی قوماشتەنان. «زۆربوونی مەیل و تاسەی ئینسانتەوەرەی سەردەم کە دەستی دایە نەخشاندنی ڕوخسار و قەڵافەتی مرۆڤەکان»[٣٩] بەم مانایە بوو کە لەبری دیمەنی پەیکەرەی بچکۆلە و تا ڕادەیەک دەگمەن کە لە سەر پارچەکانی کۆنتر هەبوون، زیاتر لە پێشوو پەردەی وا ساز دەکران کە دیمەنی ئادەمی بەتەنێ لایەکی تایبەت دابوو بە خۆی.

ئەگەر هێندێک وەستاکاری لێزان پێیان وایە کە چۆنیەتی و چاکی مەخمەر و قوماشەکانی دیکەی سەردەمی عەبباسی یەکەم ناگەنە پای بەرهەمەکانی پێشووتری سەفەوییە، بەلام گومانی تێدا نیە کە نەخش و نیگار و ڕەنگی پارچەکانی دەورەی هەباسی یەکەم زۆر زیاترن. زیاد لە تەواوی ڕەنگە باوەکانی ڕۆژگار، دەستەیەکی بەربلاوی ڕەنگی خۆلەمێشی دلگر، ئەرخەوانیی گەش، بنەوش و ڕەشبنەوش و چیوچی دەکار دەکرێن کە هێندە زۆرن ناودێر کردنیشیان ئادەمی وەڕەز دەکا .لێکدانی ڕەنگەکان بە کەمی و زۆری دەگۆڕێن و مامۆستایانەن و سەرچاوەی بێبڕانەوەی دیمەنی باغەکانی ئیسفەهان و مێرگ و چیمەنی زەنوێر و جارەگوڵی هەراو لەبەر دەس نیگارکێشانی نموونەکێشەوەدا بوو.»[٤٠] لە ڕاستیدا دیمەن و مەبەستی وەرگیراو لە دنیای بوونەوەران و گولان هەمیشە یەکچەشن بوون: پڵینگ، ئاسک و کەروێشک زۆر وەبەرچاو دێن و تووتی لە هەموو باڵندەیەک زیاتر لە سەر قوماشان باڵی دەنگێوێ. لە نێو گوڵاندا مێلاقە، ڕوز، سونبول و سوێسن زیاتر بەدی دەکرێن، بەلام گەلێکی دیکەش دەکەوتنە بەر دەسکری وەستاکاران. «کۆمەڵێک دیمەن و مەبەستی بەرفرەوانتر سەبارەت بە هەموو شتێک کە قەت لە هونەری قوماشتەنیدا نەدیتراوە خراوەتە بەرچاوان.»[٤١] بۆیە هیچ سەیر نیە کە لە ئورووپادا بازارێکی گەرم بۆ مەخمەر، ئاوریشم، هەریر، ئەتڵەس و کیمخوای ئێران لە برەودا بووە. لە پارچە زێڕچنەکانی یەزدا بەتایبەت نەخشی گوڵ و گیا (ناودێر بە هەرمێ یان گەلاخورما) کە هەمیشە و لە هەموو شوێنێک بوو، کەلکی لێوەردەگیرا. وەختایەک ئەم پۆلە سەرسوڕهێنەی قوماشان، ئەو گشتە دەسکردە گوڵدۆزیکراوانەیان بخەینە سەر، بێئەم و ئەولا دەکرێ بڵێین کە پارچەی سەردەمی سەفەوییە بە باری نەخش و وێنە و وەستاکاریدا قەت تۆزی نەشکاوە و پێشاوبڕەی نەدراوەتەوە.

## هەورگەری


دیزە و گۆزەکردنی ئێرانی کاریگەرییەکی یەکجار زۆری کردۆتە سەر هەورگەری ڕۆژهەلات و ڕۆژاوا و لە مێژووی هەورگەریدا، گۆزەکەریی ئێران تەنیا دەکەوێتە دوای چین. لە حاڵێکا کە گۆزەکەریی ئێران لە سەردەمی

سەلجووقییان و مەغوولاندا (سەدەکانی دوازدە تا چاردەی زایینی) گەیشتە ترۆپکی خۆی، دەسکاری هەورگەرانی سەفەوی زۆر چاک خۆی نواند و خشتی سووریان بێوێنە بوو. وشەی فارسی بۆ خشتی رووکەش کراو (ڕەنگاودراو) «کاشی»یە و لە ناوی شاری کاشان وەرگیراوە کە لە سەرەتاکانی سەردەمانی ئیسلامیدا وەک ناوەندی سنعاتی ئەشکەوگەری بەناوبانگ بوو. لە ڕۆژگارانی سەفەوییەدا ئیسفەهان و مەشەدیش ببوونە ناوەندی گەورەی ئەو پێشەیە و ژیانەوەیەک لە هونەری سواڵەتگەریدا بەڕێوە بوو. گۆزەکەرانی سەفەوی بە شێوەیەکی کوێرکوێرانە نەکەوتنە دوای شێواز و نموونەکانی کۆن، بەڵکوو بەرهەمی تازەیان پێگەیاند و وزەی خەیاڵ و داهێنانی خۆیان خستەگەڕ. ڕەنگە باشترین سواڵەتینەی نوێ بریتی بووبی لە:

«دەستەیەک دەفر کە بەتایبەت زۆر خۆشڕەنگن و بە دار و گوڵی زۆر ناسک و ساکار و بە ڕووکەشی سپیشیری ڕەنگاو دراونەوە. ڕەسەنترین نەخش و نیگاری جوانکاری ئیسلیمی لە ڕەگەزی تورنجی ئەستێرەیانە، زۆر ناسک و وردەکارانە کێشراونەوە. مەتینی ڕەنگاوەکان، سادەیی ڕەنگ و نەخشان و ڕووکەشی ساکاری ئەم دەفرانە شکۆیەکی یەکجار زۆریان پێدەبەخشێ.»[42]

بنکەی ژین
www.zheen.org

«پێشکەوتێکی سەرنجڕاکێشیش شانبەشانی سازکردنی هەوروهاڵی سەوزڕەنگی ڕووکەشکراو، پتر بە شکڵی بوتری و تونگە، بە نەخش و دیمەنی دەرزەقیوی کۆمەڵێک پەیکەرە لە جلکی ئورووپاییدا» لە گۆڕێدا بوون. «دەستەیەکی گەورەی دیکەی دەفران کە تەنیا چەند نموونەی ساخیان لێبەجێماوە، بە لق و پۆپ و گەڵای تێکچڕژاوی شینیڕوون و ئاڵیکاڵ لە نێو تەختی سپیدا ڕازاونەوە. ئەم شێوە و شێوازە بۆ نەخشاندنی هەموو چەشنە دەفرێکی وەک گڵێنە، دەوری، تونگە و پیاڵە کەلکی لێوەر دەگیرا.»[43] هەورگەرانی سەفەوی بە دەکارکردنی کۆمەڵێک ڕەنگی مەتین و سێبەری کاڵ، ئاکامی سەرسوڕهێنیان خوڵقاند: بۆری گەش؛ ئەو کەسکانەی کە وردەوردە بەرەو زەردی دەچوون؛ سەوزی قەوزەیی کە بەرەبەرە بەرەو سەوزێکی کاڵی سپیلۆخ دادەخزی؛ ڕەنگە شینەکان، لەگەڵ چەند هەوێنێکی کۆنباوی توندتری شینی ئاسمانی، کارەبایی و پیرۆزەیی؛ دەستە ڕەنگێکی مەتینی وەک شینی کاڵ، شینی



١٢ - کاشان

ئاسمانی، شینی کاڵی مەیلەو خۆڵەمیشی و ئەرخوانیی کاڵ. دیزە و گۆزەکەرانی ئیسفەهانی زۆر ئۆگر بوون بە ڕەنگی زەردەوە و ڕەنگی گۆزەکان و تونگەڵەکانی دەسکردیان لە سوورنارنجەوە دادەگەڕا بۆ زەردی لیمۆیی ڕوون.[٤٤]

گرینگترین ڕاستی سەبارەت بە مێژووی هەوڕگەری لە سەردەمی سەفەوییەدا دەستاودەست کردنی بەربڵاوی شکڵ و شێوازی بەرهەمەکان بوو کە لەو ڕۆژگاریدا لە نێوان ئێران و چینا خولی دەدا. لانیکەم بەر لە سەدەی پازدەوە «وادیارە گۆزەکەرانی ئێرانی نەکەوتنە ژێر کاریگەریی وەستاکارانی چینی بۆ هێنانی ڕەنگی شین و سپی.»[٤٥] شاعەبباسی یەکەم کە لە بابەت سنعاتی سواڵەتگەرییەوە، وەک هەموو شتێکی دیکە کە قامکی لەسەر دادەنا، ڕووی دەکردە شێوازێکی کرداریانە و دەیخستە گەڕ، [ئاوای بیر دەکردەوە]:

> «پێیوابوو لەخۆڕایە ئەگەر بێتوو ئورووپایی هەموو چینیی پێداویستی خۆیان لە چین بکڕن. چونکە هەر بەحاڵودووبەلا هەوڵیان دابا لە ئێران وەچنگیان دەکەوت و هەزاران کیلۆمیتریان ڕێی دوور بۆ نیزیک دەبۆوە. شا بە مەبەستی ڕێخۆش کردن بۆ داهێنانی شێوە و شێوازێکی وا کە بتوانێ ئەوەندە باش خۆی بنوێنێ کە تای هەوڕوهاڵی گڵینی چینی بێتەوە لە ئورووپا، سێسەد گۆزەکەری چینی وێڕای بنەماڵەیان هێنایە ئێران و نیشتەجێی کردن. واوێدەچێ ئەو ماڵانە زۆربەیان لە ئیسفەهان بنەگر بووبن. هێندێک لە شێوازەکانی تایبەتی چینییەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەروا پارێزران، بەڵام هەروەک هەمیشە ئێرانییەکان خێرایەکی شەقڵ و نەخشی خۆیان لێزیاد کردن و وردەوردە ئەم چینییانە پتر لە پێشوو کەوتنە ژێر کاردانەوەی کەلتووری ئێرانی.»[٤٦]

ئاکامی ئەم هاوکارییەی ئێرانی - چینی سواڵەتێکی سپی بوو کە بەر لە ڕووکەش و ڕەنگاودران، شین کرابوو، بۆ چاکیان دەتگوت چینییە و لاساکردنەوەیەک بوو لە چینیی شین و سپی وڵاتی چین لە سەردەمی «مینگ»دا.[٤٧] بۆ ماوەی سەدان ساڵ چینییە حەسڵەکانی چین زۆریان لا لێدەکرایەوە و بەرسەرنج بوون و فەرمانڕەوایانی ئاسیای ناوەندی و ڕۆژاوایی زۆریان خۆ بە کۆکردنەوەیانەوە ماندوو دەکرد. ئەو کۆمەڵە چینییە بەناوبانگانەی کە شاعەبباس لە ١٦١١ (١٠١٩-٢٠)دا باربووی موغبەرەی سەفەوییەی کرد لە

ئەردەوێڵ، پتر لە ١٠٠٠ کوت بوو کە ڕەنگە لە ماوەی دوو سەدەونیودا گەیشتبێتە ئێران.[٤٨]



١٣- دەوری شین و سپی چینی، ئێران، سەدەی ١٦

سازکردنی چینی چین لە خودی ئێراندا هەتا سەرەتاکانی سەدەی شازدە چاکی جێخۆش کردبوو. «ئوولیاریووس» دەگێڕێتەوە کە لەو ڕۆژگاریدا لە ئەردەوێڵ دوو تاجری چینی دووکانی چینیفرۆشتنیان هەبوو و زۆرێک لە گۆزەکەرانی ئێرانی چاویان لە کارەکانی ئەوان دەکرد. بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان وەدەس نەهێنا هەتا عەبباسی یەکەم ئەو کۆمەڵە وەستاکارە باسکراوەی هێنانە ئێران. لە ژێر چاوەدێری ئەواندا دەفری سپی و شینی ئێرانی کە زۆر وەک حەسڵەکە دەچوون، کەوتنە کێبەرکێ لەگەڵ هەوڕوهاڵی حەسڵی دەسکاری چین و تەواوێک لێی نیزیک بوونەوە. «ڕەنگی شین لە چینیی سپی و شینی ئێرانیدا زۆر جاران دەگاتە ئەوپەڕی چاکی و تەنانەت لە دەسکری

ئاسایی‌دا ناکەوێتە خوارتری نموونەی چینییەکەی. ئەم ڕەنگە هەتا ئەندازەیەک مەیلەو ئەرخەوانییە و زۆر وەک ڕەنگی شینبنەوشی سەردەمی «مینگ»ە[٤٩] و دیارە جاری وایە شێوازەکانی ئێرانی و چین لە دەفر و ئامانی شین و سپی ئێرانی‌دا تێکەڵ دەبوون. «پۆپ» باسی دەورییەک دەکا لە مووزەی ویکتۆریا و ئالبێرت کە «دیمەنێکی تایبەتی چینی بە شێوەی ئێرانی لە سەر نەخشاوە و بە چەند پلێنگێکی سەمەرە ڕازاوەتەوە.» ئەم دەفرانە لە گەلێک ناوچە و مەڵبەندی وڵات ساز دەکران: شیراز، مەشەد، یەزد، کرمان، زەرەند و کۆنترین نموونەیەکی کە پۆپ تۆماری کردووە سەر بە ساڵی ١٦١٦ (١٠٢٥ی کۆچی)یە.[٥٠] لە ساڵی ١٦٨٢ (١٠٩٣)دا کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس، مەشەد و کرمانی بە دوو شار دادەنا کە لەوێ بەڕاستی بەدەڵی هەرەباش چینیی چین سازدەکرا.[٥١]

ئەگەرچی دەفری شین و سپی ئێران بەناوبانگترین چەشنی سواڵەتی سەفەوییەیە، بەڵام زۆر جۆری دیکەش هەن کە تای ئەوانە دێنەوە. لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدەدا، ڕووسەکان چەند نموونەیەکی چەشناوچەشنیان دەفری‌گڵین لە گوندی دوورەدەست و کێوپارەی «کووباچی» لە داغستان دۆزییەوە. لەبەروەی کە جەماوەری خێڵەکانی داغستان، هەروەک زۆرێکی تر لە چیانشینان، بە ڕاووڕووتی کاروانان بەڕێدەچوون و قەت دیزە و گۆزەیان نەکردووە، زانایان ماوەیەکی زۆر لەو بیرەدا بوون کە چلۆن ئەو کۆمەڵە بەرچاوە هەوڕوهاڵە هەرەباشانە گەیشتوونە وێندەرێ. واوێدەچێ وڵامەکە ئەمە بێ کە سەفەوییەکان ئەم دەفرانەیان بەو چەقۆ و کێردە چاکانە گۆڕیبێتەوە کە لە کووباچی ساز دەکران. زۆربەی ئەم هەورانەی کە لە کووباچی دۆزراونەوە بە درێژی لە لایەن پۆپەوە باسیان لەسەر کراوە و بریتین لە دەفرێکی شەوەڕەنگ بە ڕووکەشی پیرۆزەیی یان کەسک و دەفرێکی نەخشین کە بەر لە ڕووکەش کران ڕەنگ کراوە. سەرچاوەی چەشنی یەکەم نادیارە، چونکە هیچ شتێکی وەک وی لە ئێرانی ناوەندی‌دا نەدیتراوەتەوە. کەچی نەخش و نیگارەکانی بێگومان سەفەوین؛ پۆپ پێی‌وایە ڕەنگە تەورێز یەکێک لە سەرینچاوەکان بووبێ. جۆری دووەم ڕەنگە لە «ساوە» سازکرابێ، چونکە ئەو دیزە و گۆزە و گڵێنە و تونگەڵە و دەوری و شاکاشی و سەرجەم دەفرانەی لەوێ دۆزراونەوە، ئەگەرچی زۆریش چاک نین، بەڵام تەواوێک وەک وی دەچن.[٥٢] هەڵبەت لە چاخی سەفەوییەدا

دەفری ڕەنگکراو بەر لە ڕووکەش کران وەک دەفرەکانی سەوزی شینباو لــە زۆر ناوچەی ئێران ساز دەکران. لە سەردەمی سەفەوییەدا هەروەها نــویێبوونــەوە و ژیانەوەیەک لە بەرهەمهێنانی هەوڕوهاڵی مەشــهوور بــە «ســەوزی بزڕکــاو»دا بەدیهات کە دیسانیش لە بنەڕەتەوە لاساکردنەوەیەکی دەفرەکانی دەسکاری چین بوو کە لە سەدەی نۆیەمی زایینیڕا لە ڕۆژاوا ناسرابوو. هەوڕی یەکـڕەنگ وەک سەوزی چیمــەنی، ئەرخــەوانیی کــاڵ و شــینیکــاڵ لــە ژێـر چــاوەدێری ئــەو وەستاکارانەی چینی کە شاعەبباسی یــەکــەم هێنــابوونی ســازدەکران. چینیــی بەدەڵی سپیواشی ناودێر بە «گێمــبروون» کــە وێــدەچێ لــە «نــائین» کرابــێ و هەروەها چەنــدین جــۆر دەفــری خــۆجێیی وەک پیرۆزەیــی و شــینی ئاسمــانی «وەرامین» لە سەدی شازدەدا، هەموویان دەورێکیان لە بــەدیهێنــانی چەنــدین چەشنی کەموزۆر بێسنووری هەوڕوهاڵی چاخی سەفەویدا گێڕا.[٥٣]



١٤ - دەروازەی شیراز

ئەگەرچی بەرهەمەکانی هەوڕگەرانی سەفەوییە سەرەڕای چەشناوچەشــنی و جوانی نەدەگەیشتنە پای دەفرەکانی دەورانی سەلجووقییان و مەغوولان، بــەڵام هەوڕگەرانی سەفەوییە لــە بــوارێکی دیکــەی بــەرفرەوانی سواڵــەتگەری یــانی

کاشیسازیدا پێشاوبڕکەی هەموو لایەکیان دایەوە. ئەم کاشییانە بەگشتیی دوو جۆر بوون: کاشی تەواو و ڕەنگاوڕەنگ (حەوتڕەنگ) کە بۆ ڕووکەشی دیواری مزگەوتان، حوجرەی فەقێیان (قوتابخانەکانی ئایینی) و سایری بیناکانی دیکە دەکار دەکران و کاشی موزاویک کە نەخشەکەی بە زەحمەتێکی زۆر دەردەهات و کوتولەتی پێویست و شکڵ و شێوازی دڵخوازی کاشی هەمەڕەنگ دەبڕدرا و لە پەنا یەکتر ڕیز دەکرا؛ ئەم چەشنە کاشییە بەتایبەت بۆ ڕازاندنەوەی خۆشنووسییەکان، دیوی ژوورەوەی گومبەزان و کاری لەم جۆرە دەکار دەکرا.


ڕووبەری کاشییەکانی حەوتڕەنگ نیزیک دەبۆوە لە ١٦/٥١ سانتیمیتری چوارگۆشە و لە گڵەسوورە و تۆزە خیزێک سازدەکرا. کاشییەکان بە تێکەڵەیەکی هاڕدراوی بەردەسپی و کاربوناتی سۆدیۆم ڕەنگاو دەدران، سوور دەکرانەوە و لێواریان لێک و لووس دەکرا هەتا لە کاشیکاریدا جوان جووت بن و پاڵ ڕێکدەن. پاشان نەخش و نیگاری سەر کاشی دەکێشرایەوە و وەستای کاشیساز ڕەنگەکانی دەخستە بەر کار. بەپێی باوی ڕۆژگار، حەوت ڕەنگی کاشی حەوتڕەنگ بریتی بوون لە: ڕەش، قاوەیی، سوور، زەرد، سپی، شینیتۆخ و پیرۆزەیی. بەگوێرەی باوێکیتر ئەم حەوت ڕەنگە بریتی بوون لە: زەرد، شین، نارنجی، سوور، بنەوش، سەوز و ئاسمانی. ئەوەی کە تەماشا دەکەی ڕەنگی کاشییەکانی ئێرانی دوای سەدان ساڵ تێچەقینی هەتاوی بەتینی ئێران، هێشتا تەواو کاڵ نەبوونەوە هەتا ئەندازەیەک دەگەڕێتەوە سەر کارزانی لە ڕەنگاودانەوە و سوور کردنەوەدا و تا ڕادەیەکیش لەبەر دەکارکردنی ڕەنگەکانی کانگایی ئاوا بەرگە دەگرن. ڕەنگە هەمەچەشنەکانی شین لە ئۆکسیدی کوباڵت، ڕەش لە مەنگەنێز، قاوەیی لە مەنگەنێزی تێکەڵ بە ئۆکسیدی قورقوشم بەرهەم دەهاتن. کارەکانی موزاویکی لە قالبی تەخت، کووڕەکی و پیاڵەکیدا دادەڕژان و ڕووکاری ڕووکەشکراو بە ڕەنگاو دەکەوتە ژێرەوە. پاش تەواو بوونی موزاویکەکە، دیوی پشتەوەی دۆغاوی گێچی بە سەر دادەکرا هەتا هەموو کەلێن و نێوانی تێکڕای کوتولەتەکان پڕ ببنەوە و پێکەوە بنووسێن.[٥٤]

## کانزاگەری

لە هەرێم و بەستێنی چالاکی فکریدا، بە چەند هۆیەک کە شتێکی وا لە شان و شکۆی زانایانی ئێران و ڕۆژاوا زیاد ناکا، سەرلەبەری ئەدەبیاتی سەردەمی

سەفەوییە بۆ وێنە هۆنراوە، مێژوونووسی و بەرهەمەکانی دەوڵەمەند و گرینگی فەلسەفی ئیسفەهان، هەتا ڕۆژگارانی تازە کەوتبوونە ژێر پەردەی لە بیرچوونەوە. هونەرەکان، سنعاتەکان و نژیاروانی (میعماری) سەفەوییە بەختێکی زیاتر رووی تێکردبوون، بەڵام تەنانەت لێرەشدا کانزاگەری سەیر کەوتۆتە بەر شەپۆلی کەمتەرخەمی و ئەمە دروست بەپێچەوانەی ئەم ڕاستییە بووە کە چاخی سەفەوی گەلێک تازەگەری گرینگی لە بواری کانزاگەریدا بە خۆیەوە بینیوە. «مێژووی کانزاگەری ئێران هێشتا دەبێ بنووسرێتەوە... بەڵام هیچ سەردەمێک وەکوو سەردەمی سەفەوییە و نیوسەدە دەسەڵاتی تەیموورییەکان کە بنەمای بەشی هەرەزۆری هونەری سەفەوییەی تێدا داندرا، ئاوا بەئاشکرا پشتگوێ نەخراوە.»[55] «ئەلف. س. مەلیکیانی شیروانی» کە ئەم برگەیەی لێگێڕدرایەوە، یەکەم کەسێکە کەوا تێکۆشاوە خۆی بداتە توێژینەوە و خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە سەبارەت بە کانزاگەری سەفەوییە و یان یەکەم کەسە کە ویستوویەتی لەگەڵ میراتی سەردەمانی پێشوو گرێی بداتەوە.

بەتازەیی لەساڵی ۱۹۳۹دا بوو کە بە بڵاوبوونەوەی شوێنەواری نەمرینی «ئی. ئاپێم پۆپ» بە ناوی «توێژینەوەی هونەری ئێران» بەشێکی بەربڵاوی کانزاگەری سەفەوییە لە کتێبێکدا کەوتە بەر لێکۆڵینەوە. پاشان مەودایەکی پتر لە چل ساڵان پێچوو هەتا چەند قاپ و کاسەی مەفرەقی و مسی سپیکراوە بە قەڵایی لە کتێبی «ئەلف. س. مەلیکیان»دا بە ناوی «مەفرەقەکانی ئێرانی» (۱۹۷۳)* کەوتە بەر توێژینەوە. «ک. ئێی. سی. کرێسوێڵ» لە کتێبەکەیدا بە ناوی «کتێبناسیی نژیاروانی، هونەرەکان و سنعاتەکانی ئیسلامی» کە ساڵی ۱۹٦۱ بڵاو کرایەوە تەنیا وتارێکی دەربارەی بابەتێکی تەواو تایبەت بە سەردەمی سەفەوییەی تێدایە و دەکرێ باسی بکرێ.[56] ئەلف. س. مەلیکانی شیروانی، لە پێداچوونەوەکەیدا هەتا ئەم زەمانە، گەیشتۆتە سێ ئاکامی بەرچاو سەبارەت بە کانزاگەری ڕۆژگارانی سەفەوییە: ۱- کانزاگەری سەفەوییە درێژەی میراتی چاخی تەیمووری و بەتایبەت خوراسانییە. ۲- لە سەردەمی شاعەبباسی یەکەمدا دوو قوتابخانەی دیار و بەرچاوی کانزاگەری لە ئێرانا هەبوو، یەکیان لە خوراسان و ئەویتر لە ئازەربایجان. ۳- لە کار و شوێنەوارەکانی دەورەی سەفەوییەدا دەکرێ هەم مەیل و تاسەی سۆفییانە و هەم شیعەگەرانە بەدی بکرێ و قوتابخانەی خوراسان «بێ ئەوەی بیدرکێنێ



١٥- شەمدانی مەفرقی، کلکەی سەدەی شازدەی زایینی

www.zheen.org

کاریگەرییەکی قووڵی کردە سەر قوتابخانەی کلاسیکی ڕۆژاوای ئێران.»[٥٧] لەم پەیوەندەییەشدا ڕەنگە کانزاکارانیش وەک هونەرمەندان سنعاتکارانی دەسڕەنگین و لێزان لە بوارەکانی هەمەچشنی هونەری کتێبسازیدا، لە خوراسانەوە ڕوویان کردبێتە ڕۆژاوا بەرەو پایتەختی سەفەوییە لە تەورێز.

تازەگەرییەکانی سەفەوییە لە کانزاکاریدا بریتی بوو:


«لە جۆرە شەمدانێکی بڵندی هەشتگۆشەی پێچکەخڕ؛ چەشنێک ئاوخۆری نوێ کە وێنەی لە ڕووی دەسکردی چینییەکان هەڵگیرابۆوە و تەواوێک نووسراوەکانی عەرەبی نەمابوون و هۆنراوەی فارسی جێیان گرتبوونەوە. نەخشی تێکەڵاوی دار و گوڵ زیاتر لە بەژن و باڵا و ڕوخسار بە دڵەوە دەنووسان، ڕەنگە لەبەروەی کە بوارێکی لەبارتریان بۆ نووسراوەکان بەدی دێنا. نووسراوە پتر لە هەر زەمانێکی دیکە ڕووبەریان

بۆ تەرخان دەکرا و سەرەڕای شێوازی شەقڵ کردنیان لەسەر چەند بازنەیەکی پانکەڵەی دەوری دەفرەکە، بە شێوەی تاتەڵەی دەورە مشاری دەرزەقیویش هەڵدەکەندران. چەند پارچەیەک کە لەسەر داوا و ڕاسپاردەی ئۆگرانی ئەرمەنی ئەم هونەرە سازکراون، چەپکێ شێعری عیرفانی فارسی لەگەڵ نووسراوەکانی ئەرمەنی کەوتوونە پەنا یەکتر. وادیارە زەردە زیاتر بە قەڵایی سپی دەکرایەوە هەتا وەک زێو بنوێنێ، ئەگەرچی ڕووکاری دەسکری زۆر جوان و گرانبایی... ئاوەزێڕ و گەوهەربەند دەکرا.»[٥٨]

سەبارەت بە نووسراوەکانی سەر ئەم چەشنە دەفرانەی سەفەوی، بە شێوەیەکی سروشتی باس و مەبەستی عیرفانی لە شاعیرانی گەورەی کلاسیکی وەک حافز و سەعدی بۆ جامی شەراب و پیاڵە و ئاخۆری، زیاتر بەرسەرنج بوو. هەڵبژاردنی هۆنراوەی عیرفانی بۆ مەشخەڵدان و شتی لەم جۆرەش بابەتێکی سروشتی بوو، چونکە نیشانە و ئاماژەی سوورانەوەی پەپوولە بە دەوری شەمدا بە مەبەستی باڵئەنگاوتن بەرەو یەکایەتی لە ڕێگای بوونە خەلووز لە گڕەکەیدا زۆر لێرەوبەر بە چەشنی بەشێک لە نەقڵ و نەزیلەی دووپات و دەقگرتووی هۆنراوەکانی عیرفان لێهاتبوو. هەڵوێست گرتنی «شۆڕشگێڕانە» لە کانزاگەری سەفەوییەدا کە «مەلیکیان» توانیویەتی بیدۆزێتەوە، بریتی بوو لە دەکار کردنی کۆمەڵێک نووسراوە بە نێوک و نێوەرۆکی شیعەگەرییەوە:

«بە دەرکەوتنی دەسەڵاتی سەفەوییە، گەلێک نووسین بە نێوەرۆکی خەباتکارانەی شیعەگەرانەوە لە سەر کارە کانزایییەکان ڕەنگی دایەوە کە لێرەوبەر پێشینەی وەبەرچاو نایا. ئەم هەڵوێستانە لەسەر سێ باس و تەوەرەی خوارەوە دەخولانەوە: پاڕانەوە لە درگای خوداوەند بۆ ناردنی ڕەحمەت بۆ سەر ناوی دوازدە ئیمامان یان زۆربەی جاران بۆ سەر چاردە پاکان. کۆمەڵێک دوعا بۆ یادکردنەوەی عەلی و زۆر بە کەمی نووسینی چەند شێعرێک لە تاریفی عەلیدا کە جاری وابوو ڕاوێژێکی یەکجار توند و تیژی پێهەڵابردنی بۆ دەخرایەڕوو.»[٥٩]

هێندێک لەو هۆنراوانە هەتا ئەندازەیەکی مەترسیدار نیزیک دەبنەوە لە بە یەک دانانی عەلی و خوداوەند و نە تەنیا لە سەر دەفرەکانی سازکراوی قۆناخی شۆڕشگێڕانەی دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوییەدا، بەڵکوو تەنانەت لە سەر



١٦- كـڵاوزرێی شاعەبباس، سەر بە ساڵی ١٦٢٥-٦ / ١٠٣٥ی كۆچی

جامێکی ساڵی ١٦٢٠-١٦٢١دا، واتە چاخی فەرمانڕەوایەتی شاعەبباسی یەکەمیشدا وەبەرچاو دێن.[٦٠]

هەڵبەت لە سەردەمی سەفەوییەدا بوارێکی بەرچاوی کانزاگەری، سازکردنی زرێ و چەکوچۆڵ بوو. بەداخەوە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەربارەی چەکوچۆڵ و زرێیەکانی چاخی سەفەوی نەکراوە، بەڵام دەزانین کە هەردکیان لە ئاستێکی بەرزدا بوون. باشترین پۆڵا بۆ سازکردنی شمشێر لە هیندەوە دەهێندرا و شمشێرسازانی سەفەوی لە هونەری شەقڵکاری‌دا دەسنەخشینێکی تایبەت بوون. شاردێن دەڵێ: «شمشێرەکانی ئەمانە زۆر چاک شەقڵکراون و دەکەونە سەرووی کارە هەرەباشەکانی ئورووپایی‌یەکان.»[٦١] لە سەدەی حەڤدەدا باشترین لەپەشیر لە «قوم» سازدەکرا، بەڵام هەتا سەدەی هەژدەهەم دمەشیری دەسکاری خوراسان ئەم شانازییەی بە باڵای خۆی بڕی. ناوی هێندێک لەو شمشێرسازانە لە ئێمە ڕوونن، هەڵبەت «ئەسەدوڵلا ئیسفەهانی» کە گەلێکی شیر بۆ شاعەبباسی یەکەم سازکرد شتێکی ناوازەیە. کالان و دەسکی شیران و خەنجەران زۆریان جوانکاری لە سەر دەکرا، هێندێکیان ڕووکەشی مینایان بە سەر دەکێشان و بەشێکی دیکە - بەتایبەت ئەوانەی بو دیاری و ڕێوڕەسمیی تەشریفاتی دروست دەکران - لێیان هەڵدەکەندن و گەورهەربەندیان دەکردن.

لە سەدەی شازدەهەم (دەهەمی کۆچی)دا جۆرێک زرێی تازە بە ناوی «چوار ئاوێنە» هاتە گۆڕێ. ئەم زرێیە بریتی بوو لە چوار پەڕەی ئاسنین کە بە لاولاوە یان چەند لاولاوەی یەکسەرە تێکدەخران. دوو پەڕە سینگ و پشتیان دەگرت و دووەکەی‌تر دەکەوتنە سەر کەلەکە و تەنیشتان و جێ‌قۆڵیان لێ‌دەرهاتبوو.* زرێیەکی ئەوتۆیان زیاتر لە سەر زرێیەکی گەوچن دەکردەبەر. دەستە زرێیەکی تەواو بریتی بوو لە جووتێک قۆڵبەند، مەتاڵێکی پۆڵای سێڵەکی و کڵاوخوودێک. کڵاوخوودی سەفەوی زۆربەیان قووچەکی سازدەکران. خوود و قۆڵبەندی شاعەبباسی یەکەم لە مووزەی بریتانیایە. خوودەکە ڕێکەوتی ١٦٢٥-٦ (١٠٣٥ی کۆچی) لە سەرە و بە چەند هۆنراوەیەکی «بووستانی سەعدی» ڕازاوەتەوە. «دیوی دەرەوەی خوودەکە پۆڵای زەردی ئاودراوەیە کە هەر چوار لاجی نەخشی تورنجی لە چەند چوارچێوەیەکی لێکولووسکراودا پێوە دیارە و بە ئاوەزێڕ نووسینیان تێدا نەخشاوە.»[٦٢] تۆقی سەری کڵاوخوود زیاتر لەگەڵ

دیوی دەرەوی یەکسوامە دادەڕژا و لە نووچکەکەی ششێکی نووک تیژی چوارباڵ پێچ دەکرا و تۆڕێکی ئاڵقەبەندی ئاسنین بە لێواری داوێنیدا بەر دەدرایەوە کە جاری وابوو لفکەی دەگەیشتە سەر شانان. یەکێک لە نیشانە و تایبەتمەندییەکانی خوودی سەفەوی چندرانی دوو کووزی پرگەوە بە شوێن یەکتردا. قەڵغانی پۆڵا کە لەگەڵ تەنینەوە و پەرەی چەکوچۆڵی ئاگردار جێی مەتاڵەکانی قامیشچنەیان گرتبۆوە، بەستێنێکی بەرفرەوان بوو بۆ کانزاگەری. «نەخشاندن بە زێڕ و زێوی خالیس یان قەڵب، هەڵکەندن، شەقڵاندن و دەکار کردنی کۆمەڵێک ڕەنگ - لە حەسیرییڕا بگرە هەتا ڕەش - بۆ ڕازاندنەوەی دیوی دەرەوەی پۆڵای ئاودراو دەخرانە بەرکار.»[٦٣] بەگشتیی زرێ هەم سووکەڵە و هەم وا ساز کرابوو کە ڕێ لە چورتە و جووڵەی سوارەی زرێپۆش نەگرێ. زرێ قورسەکانی دەسکردی ئورووپای سەدەکانی نێوەڕاست لە ئێرانا نەناسراو بوون. لە سەدەی شازدەدا، وادیارە سەرجلزرێی ئەسپیش کەلکی لێوەرگیراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

# پەراوێزەکان

1. R. M. Savory, “Land of the Lion and the Sun”, in the World of Islam, ed. Bernard Lewis (London 1976), p. 251.
2. Anthony Welch, Shäh’Abbas and the Aris of Isfahan (The Asia Society Inc. 1973), p. 13.
3. Laurence Binyon, J.V.S. Wilkinson and Basil Gray, Persian Miniature Painting (New York 1971), pp. 106-7.
4. Binyon et al., p. 109.
5. Binyon et al., pp. 109-10.
6. Welch, Arts, p. 13.
7. Stuart Cary Welch (ed), Metropolitan Museum of Art (New York 1972).
8. Book of Kings, p. 15.
9. Book of Kings, p. 25.
10. Book of Kings, p. 24.
11. A. Upham Pope, An Introduction to Persian Art since the Seventh Century A.D. (London 1930), p. 109.
12. Anthony Welch, “Painting and Patronage under Shah’Abbas I”, in Iranian Studies, vol. VII (1974): Studies on Isfahan Part II, p. 458.
13. Calligraphers and Painters, A Treatise by Qädï Ahmad, son of Mïr-Munshï (circa A.H. 1015/A.D. 1606). Translated by V. Minorsky (Washington 1959), 192.

**لە وەرگێڕانی ئەم بەشەدا مینۆرسکی سەرنج ڕادەکێشێتە سەر ئەم خاڵە کە ئەوانەی دواتر کەوتوونە دووبارە نووسینەوەی دەقەکە، لەبەروەی بڕوایان نەکردووە شا کاری ئەوتۆ بکا، دەستەواژەی خوارەوەیان ئاوا گۆڕیوە: شا «لەڕێوە هەزار جار گوتی بارەقەڵلا و ئافەریم.»**

بنکەی ژین
www.zheen.org

[دەقی سەرەکی ئەم کتێبە بە فارسییە: قازی میرئەحمەد مونشی، گوڵستانی هونەر، بە هەوڵی ئەحمەد سوهەیلی خوانساری، هاوینی ١٣٥٢ی هـ. (١٩٧٣) دەزگای بڵاوکردنەوەی دامەزراوەی فەرهەنگ، ئێران، لە ڕووی ل ١٥٠ – ٥١ڕا گێڕدراوەتەوە.]

14. Welch. "'Abbas I", p. 484.

15. Welch, "'Abbas I", p. 481.

16. Anthony Welch, Artists for the Shah (New Haven 1976), pp. 186-7.

★ سادقی نازناوی سادقبەگی ئەفشار بوو.

17. Welch, "'Abbas I", p. 485.

18. Welch, "'Abbas I", p. 486.

19. Welch, "'Abbas I", p. 487.

20. Welch, "'Abbas I", pp. 490-1.

21. Binyon et al.,p. 161.

22. Welch, Arts, p. 21.

23. Richard Ettinghausen, "Stylistic Tendencies at the Time of Shah'Abbas"' in Iranian Studies, VII (1974): Studies on Isfahan Part II, p. 610.

24. Ettinghausen, pp. 600-1.

25. Ettinghausen, pp. 602-3.

بنکەی ژین
www.zheen.org

26. Ettinghausen, p. 602.

27. Arthur Upham Pope (ed). A Survey of Persian Art, 6 vols. (Oxford 1938-58; repr. 1964-8), vol. IV, p. 1647.

٢٨. بەشێک لە ناوی مسوڵمانێک کە نیشاندەری زێدی ئەوە.

29. Pope, Survey, vol. VI, p. 2296.

30. Ibid.

31. Pope, Survey, vol. VI, p. 2297.

یادداشتی یەکەم لەم لاپەڕەیەدا پێرستێکی تەواوی گیانلەبەران، باڵندان و ماسییانێکە کە لە فەڕشی میلاندا هاتوونە ناسین.

32. Pope, Survey, vol. VI, p. 2298.

33. Pope, Survey, vol. VI, p. 2433.

34. Pope, Survey, vol. VI, pp. 2434-5.

ئەم مافوورانە ئێستا لە مووزەی «ڕۆزیدێنتس»ی موونیخن.

35. R.M. Savory, "Safavid Persia", in Cambridge History of Islam, 2 vols. (Cambridge 1970), vol. 1, p. 421.

٣٦. لەم سەرچاوەیەدا گێردراوەتەوە: Pope, Survey, vol. VI, p. 2431.

37. Pope, Survey, vol, VI, p. 2432.

38. Pope, Introduction, p. 165.

برگەکەی پێشووش هەر لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە.

39. Pope, Introduction, p. 160.

40. Pope Introduction, pp. 160- 1.

41. Pope, Introduction, p. 161.

42. Pope, Introduction, pp. 93-4.

43. Ibid.

44. Pope, Survey, vol. VI, p. 1647.

45. Margaret Medley, "Islam, Chinese Porcelain and Ardabil", in Iran, XIII (1975), p. 36.

46. Pope, Introduction, p. 95.

47. J.A. Pope, Chinese Porcelains from the Ardabil Shrine (Washington, D.D., 1956).

48. Pope, Survey, vol. IV,p. 1649.

49. Pope, Survy, vol. IV, p. 1650.

50. Pope, Survy, vol. IV, pp. 1650-1.

51. Arthur Lane, Later Islamic Pottery, 2nd edn (London 1971), pp. 97-8.

52. Pope, Survy, vol. IV, pp. 1651-5.

53. Pope, Survy, vol. IV, pp. 1659-63.

54. Farajollah Bazl, in Pope, Survey, vol. IV, pp. 1705-6.

55. A.S.Melikian-Shirvani, "Safavid Metalwork: A Study in Continuity", in Iranian Studies, VII (1974): Studies on Isfahan Part II, p. 543.

★ A. S. Melikian-Shirvani, Le Bronze Iranien.

★ K. A. C. Creswell, A Bibliography of the Architecture, Arts and crafts of Islam.

56. Shirvani, pp. 543-4.

57. Shirvani, p. 544.

بنکەی ژین
www.zheen.org

58. Robert Hillenbrand, “Art in the Persian Gulf”, in The Persian Gulf States, ed. A. Cottrell et al. (Baltimore 1980) (at press).

59. Shirvani, p. 558.

60. Shirvani, p. 560.

61. Pope, Survey, vol. VI,p. 257.

★ وادیارە نووسەر تووشی هەڵە بووە چونکە چوار پەڕەی ئاسنی لووسکراو لە زرێی چوارئاوێنەدا، دوو کوتیان دەکەوتنە سەرپشت و سینگ و دووەکەی تر ڕانیان دادەپۆشی. بڕواننە وشەدانی دێهخودا و فەرهەنگی موعین.

62. H. Russell Robinson, Oriental Armour (New York 1967), p. 38.

63. Russell Robinsone, Oriental Armour, p. 46.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ٧

# «ئیسفەهان نیوەی جیهان»
# ئیسفەهانی سەردەمی شاعەبباس


ئیسفەهان بەپێچەوانەی شیراز کەسێکی وەک «حافز»ی نەبوو کە پێیهەڵبڵێ و بە تاریفاتیدا بێتەخوار. لە نێو هاونیشتمانانیدا، جەماوەری ئیسفەهان ئەوەندە خۆشناو نین خەڵک ئاواتیان بۆ بخوازێ و بە قرنیس و ترسەنۆک ناسراون، هەر ئەو مەبەستەی سێر وینستۆن چرچیل بە «بێجەرگی» ناودێری دەکرد.* «لارێنس لۆکهارت» پێیوایە لە ژێر پەردەی زۆربەی ئەو فڕپێدادان و هێرشانەی کە دەکرێنە سەر ئیسفەهانییان ئێرەیی پێبردن خۆی حەشار داوە و سەرنج ڕادەکێشێتە سەر ئەم ڕاستییە کە «ئیبنووبەتووتە»ی گەڕۆکی مسوڵمانی سەدەی چاردەی زایینی خەڵکی مەغریب کە بەپێی ڕێسا و وەک شتێکی سروشتی دەبێ بیلایەن بووبێ، وێنە و دیمەنێکی جیاواز لە بابەت خەڵکی ئیسفەهانەوە دەخاتەڕوو:[1] «ئازایەتی و نەترسان [دەرهەڵبوون] تایبەتمەندی بەرچاویانە. ئیسفەهانی جەماوەرێکی دڵاوان.»[2] هەرچۆنێک بێ ئیسفەهانی دەبێ دڵخۆش بن بەم شانازییەی کە مێژوو بەخشیویەتی بە شارەکەیان، چونکە کەموزۆر تەواوی ئەو کەسانەی کەمترین مەبەست سەبارەت بە ئێران دەزانن، ئەو قسە باوەیان

بیستووە کە دەڵێ: «ئیسفەهان نیوەی جیهان». هۆنەرەوەی ئەم کەلامە دەیهەوێ ئێمە لێمان حاڵی بێ کە بەهەشت نیوەکەی دیکە پێکدێنێ.* ئەم خۆنواندنە غلloورانەیە بەرهەمی دەسکەوتەکانی کەسێکە: شاعەبباسی گەورە. هەروەک «ویلفرید بلانت» بە دروستی دەڵێ: «ئیسفەهان یادگاری شاعەبباسە، ئەگەر دەتهەوێ تەماشای کۆشک و تەلار و خانووان بکەی، وەرە ئێرە!»[٣]

لە بەستێنی مێژوودا بەدەگمەن تەواوی شارێک بە دەستی کەسێک گەڵاڵە و خەت و کووزی بۆ داندراوە یان نەخشەی گۆڕدراوە. لە دەورانی هاوچەرخ، لە رۆژگاری ناپلئۆنی سێهەمدا، پاریس بە هیممەتی «بارۆن ئۆسمان» دوو بەرامبەر بەرین بۆوە. واشینگتۆنی سەردەمی «لانفان»یش[٤] نموونەیەکی دیکەیە کە بە بیردا دێ، بەڵام ئیسفەهانی شاعەبباسی یەکەم نموونەیەکی زۆر کۆنترە. «ئەگەر بەوردی خوردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بیناسازی سەفەوییە لە زەمانی فەرمانڕاوەیەتی شاعەبباسەوە دەس پێدەکا.»[٥]


لە خودی میعماری‌دا ماکە و داهێنانی نوێ کەم بوو. دەسپێک و سەرەتای شارسازی شاعەبباس لە بڕشتی خەیاڵ و پێودانی مەزنی نەخشە و گەڵاڵەکەدا خۆی دەنواند کە بریتی بوو لە دانانی پایتەختێکی گەورەی «پڕ لە شەقام، کۆشک، دیوانخانە، مزگەوت، حوجرەی فەقێیان، بازاڕ، گەرماو، قەڵا و باخ.»[٦] دەستەڕاستی شا لە کاروباری سازکردنی ئەم پلانە بەرزەفڕانەیەدا، پیاوێکە بەڕاستی هەڵکەوتە بە ناوی «شێخ بەهائەددین محەممەد عاملی» کە ناسراوە بە «شێخی بەهایی». ئەو وەک دانایەکی پایەبەرزی یەزدانی، فەیلەسووف، شیکاری قورئان، شەریعەتزان، ئەستێرەناس، مامۆستا، شاعیر و ئەندازیار، پوختەیەکی کۆمەڵی سەفەوی سەردەمی شاعەبباسی گەورە بوو: پاک، بلیمەت، زانا و خواترس. وەختایەک لە ٣٠ ئووتی ١٦٢١دا* کۆچی‌دوایی کرد، ئەو مەزن و ماقووڵانەی کە لە پایتەخت بوون.

«لە پاش و پێشی تەرمی خوالێخۆشبوودا بە پێیان دەڕۆیشتن و هەژار و دەوڵەمەند شانەچرکە و بڕەمبڕەمیان بوو کامیان دەستی دەگاتە دارەمەیتی هەتا شانی وەبەر بدا. جەماوەر ئەوەندە کۆببۆوە کە لە مەیدانی نەخشی جیهانی ئاوا پان وبەرینی‌دا بە سەریەکدا دەکەوتن و لەبەر شەپۆلی خەڵک بردنی تەرمەکە دژوار بوو.»[٧]



www.zheen.org

١٧- ئیسفەهان - دیمەنی مەیدانی نەخشی جیهان



١٨- ئیسفەهان - مەیدانی نەخشی جیهان

یەکێک لەو مادەتاریخانەی کە بە بۆنەی مردنی داندرابوو، چاک لەگەڵ ڕووداوەکە دەهاتەوە: «افسوس ز مقتدای دوران!»[٨] (حەیف بۆ پێشەنگی ڕۆژگار!)

هەڵبەت ئیسفەهان شارێکی کۆنەساختە، بەڵام گەورەیی و درەوشانەوەی لە ساڵی ١٥٩٧-٨ (١٠٠٦ی کۆچی)ڕا دەسپێدەکا کە شاعەبباس پایتەختی ئیمپراتۆریتی سەفەوییەی لە قەزوێنەوە ڕاگوێزتە وێندەرێ. ئیسفەهان دەکەوتە ناوەندی سروشتیی ـ جوغرافیایی ئیمپراتۆریتی سەفەوییە کە ئەو دەم لە گورجستانەوە هەتا ئەفغانستان پەڕی هەڵدابوو. شاعەبباسی یەکەم بە هەڵبژاردنی ئیسفەهان وەک پایتەختی تازەی، لەڕێوە ئەنجامدانی هەڵمەت و پەلاماری دژی ئۆزبەکان لە سنووری باکووری ڕۆژهەڵاتی هاسانتر کرد و لە هەمان کاتا دڵنیایی خۆی نیشاندا سەبارەت بەوەی کە ئەو بەشە لە سنوور ئاخرییەکەی هێور و هێمن دەبێتەوە. هەروابێتەوە شوێنی هەلکەوتنی ئیسفەهان لە نیزیک جەرگەی وڵات ڕێی بۆ خۆش کرد کە چاکتر بە سەر کاروباری کەنداوی فارس ڕابگا کە ئەو کاتی لەبەر زۆربوونی جموجووڵی بازرگانی و چالاکی دیپلۆماتێک لەوێ و لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی ئەودا، بە پرسێکی گرینگ دادەندرا.

ئیسفەهان کە کەوتۆتە بەرزایی نیزیک ١٥٨٥ میتری، ناوچەیەکی سەوزی ئاوەدانی تەواو کشتوکاڵییە لە نێو دەشتێکی چۆل و بیابان و قاقڕ و کەسنەکێڵدا. شاعەبباس و گەلالەدارێژی سەرەکی وی کە شێخی بەهایی بێ، بە هەڵبەستن و ڕاکێشان و لێدانی تۆڕی جۆگە و جۆباری ئاوەدێری و ڕێگاوبان و سازکردنی شاری بازرگانێتی و برەوداری نەجەفئاباد لە ٢٥ کیلۆمیتری شانی ڕۆژاوای ئیسفەهان بە مەبەستی دابینی ئازۆخە و پێداویستییەکانی خورد و خۆراکی شار، بنەمایەکی پتەوی کشتوکاڵییان بۆ پایتەختی تازە دانا. ئاوی ئاوەدێری لە ڕووباری «زایەندەڕوود»ەوە کە ناوێکی تەواو پڕ بە پێستە، ڕاکێشرا و ئیستاش هەروایە. سەرچاوەی ئەم ڕووبارە دەچێتەوە سەر چیاکانی زاگرۆس و بەرەو باڵی ڕۆژاوا - باکوور - ڕۆژاوا داژوێ هەتا دەگاتە ئیسفەهان. دوای تێپەڕین بە شارا، بە شانی ڕۆژهەڵاتیدا ڕادەبوورێ و بە زۆنگاوی «گاوخوونی» لە قەراخ دەشتی شۆرەکاتا ڕۆدەچێ. تەنانەت لە زەمانی سەفەوییەشدا ئاوی زایەندەڕوود پاراو و تێراوی پایتەختی تازەی پێنەدەکرا و شاعەبباس هەوڵی دا

بەشێک لە ئاوی چۆمی «کووهـرەنگ» هەڵـگێڕێتەوە و وەسـەر زایەنـدەڕوودی بگێڕێ. بۆ ئەم ئامانجە پێویسـت بـوو کـە یـاڵ و بەنـدەنی کێوپـارەی نێـوان سەرچاوەی ئەم دوو رووبارە بدڕن کە لە دوو باڵـی بـەرەوڕووی سـەرینچاوەی زاگرۆس لە یەکێک لە بـەرزترین شـوێنی ئـەم زنجیرەکێـوەی نیزیـک زردکێـو (٤٥٤٨ میتری)ڕا دێنەخوار. ئەم نەخشە و گەڵاڵە گەورەیە لــە پـێشدا بـە بـیری شاتۆماسبدا هات، عەبباسی یەکەم دەستی پێکرد و عەبباسی دووەم درێژەی دا و لە ١٩٣٥دا «سێر ئەلێکساندر گیـب» و هاوکـارانی گەیاندیانـە ئـەنجام. ئـەوان تەماشایان کرد شوێنی ڕاکێشانی ئەو خەندەکەی کـە ئەنـدازیارانی شـاعەبباس لێیان داوە، لەگەڵ ڕەوگەی دروست مەودایەکی کەمی نێوانە.




١٩ ئەلف- ئیسفەهان مزگەوتی شا، حەوشەی سەرەکی بە لای باکووردا

دوو تایبەتمەندیی گرینگی گەڵاڵەی سەرەکی شاعەبباس بۆ ئیسفەهان بریتـی بوون لە چوارباخ و مەیدانی نەخشی جیهان. دەڵێن شەقامی گـەورەی چواربـاخ ناوی لەو چوار باخە ترێیە وەرگرتووە کە شا دەبوو بۆ کێشانی ڕێگاکە بیانکڕێ. چوارباخ کە لە خاڵێکی نیزیـک قەسـری «چـلسـتوون»ەوە دەسـتی پێـدەکردە.

هەزاروپێنسەد هەنگاوێک بەرەو باشوور دادەکشا و لە ڕێی پردی «ئەڵڵاوێردیخان»ەوە بە زایەندەڕوودا دەپەڕییەوە و دووهەزار هەنگاوی تر بەرەو باشوور ئەخوشی هەتا دەگەیشتە دەشتی هەراوی بە دار و باخی سەیرانگای ناودێر بە «هەزار جەریب» (چوارهەزار دۆنم = هەزار هیکتار) کەماڵی زۆربەی پیاوانی دەربار لەوێ بوو. ئەم باخانە ئەگەرچی کەوتبوونە نێو ملکی تایبەتی حکوومەت، بەڵام گەشت و سەیران بۆ هەمووان ئازاد بوو. بەم شێوەیە سەرجەم درێژایی چوارباخ دەگەیشتە چوارهەزار گەزێک و بەرینایی شەقامەکە لە لای سەرووی هەتا پەنا دیوارەکانی ئەوبەرەوبەری ٤٨ گەز بوو.

دووەمین تایبەتمەندیی بنەڕەتی ئیسفەهانی شاعەبباس مەیدانی گەورەی نەخشی جیهان بوو کە درێژایی و بەرینانی دەگەیشتە نیزیک ٥٠٧ و ١٥٨ میتر لە ڕۆژهەڵاتی کلکەی باکووری چوارباخ و گۆشەیەکی بچووکی لە دوورەوە ئەو شەقامەی دەخوێندەوە. «دونالکێد ویلبێر» لەوەیدا کە ڕەوگەی چوارباخ شانبەشانی نەخشی جیهان هەڵنەکەوتووە پێی شتێکی سەیر نیە. «بە چڕکردنەوەی وردەکاری و سەرنج خستنە سەر بیناسازی دیوی ژوورەوەی مزگەوت و موغبەران کە تەنانەت جاری وابوو نەدەکرا بە دەوریاندا بخولێیەوە، ڕێوشوێن و تەگبیری وا کە بکرێ لە دوورەوە ڕووکاری بنیاکان وەبەرچاو بێن و پاراستنی بەرزی و نزمی خانووەکانی پاڵەوپاڵ و پێکهێنانی پەیوەندییەکی لەبار و بەجێ لە نێوان ئەم بینا گرینگانەدا کە کەوتوونە جەغزێکەوە، زۆر کەم ڕەچاو دەکرا.»[9] ئەم مەیدانە گەورەیە کە بە ناوی نەخشی جیهان ناسرابوو، شوێنی دیداری شا و هاوڵاتیان بوو.[10] شەقەجۆگەیەکی ٢ گەز قووڵ و ٣/٥ گەز پان بە دەوراندەوری کەنارەی مەیدانەکەدا دەسووڕایەوە و دەڕۆیی. بە درێژایی جۆگەلەکە ڕیزێک دارە چنار سێبەریان دەخستە سەر ڕێبواران. مەیدانەکە بە ڕۆژ پتر بە خێوەتی دەسفرۆشان دادەپۆشرا و لە عەنباری بازرگانان‌دا لە دەوری مەیدان «هەموو جۆرە کەلوپەلێکی بازرگانی و بە لای زۆریدا چێشتەخۆشکە (ئەدوا) خرابوویە سەر یەک و ڕۆژانە تۆرەمە و ڕەگەزی هەمەڕەنگی وەک ئینگلیسی، هولەندی، پۆرتۆغالی، عەرەب، جوولەکە، ئەرمەنی، ڕووسی و هیندی ڕوویان تێدەکرد.»[11] شەوانە مەیدانەکە دەبوو بە شوێنی هاتوچۆی جەماوەرێکی زۆری شانۆگێڕان، تەڕدەستان، تەنافبازان، حیکایەتخوانان، جندان، بیبێجانبازان و دەروێشان.



١٩ ب-  ئیسفەهان، منارەکان و گومبەزی مزگەوتی شا

جاریوابوو شا و بەتایبەت لە کاتی نەورۆزا بۆ جێژنەپیرۆزە لە باغەکانی گەڕانگەڕی مەیدان لەنگەری دەخست. ڕووداونووسێکی هاوچەرخی ئەو ڕۆژگارە ئاوا ڕێورەسمیی یەکێک لە جێژنەکانی ساڵی ١٦١١ (١٠١٩) دەخاتە بەرچاوان:

«... پادشای دەس لە دوودراوی سەرکەوتە لەوپەڕی شادمانی و کەیفخۆشیدا بەپێی داب و نەریت لە نێو باخی ناوبراودا [باخی نەخشی جیهانی ئیسفەهان] لە تەنیشت ئەو جۆگەلەی بەوێدا تێدەپەڕێ، جێژنێکی گەورەی بەرپا کرد... تێکڕای مەزن و ماقووڵانی پایتەخت و هەرێمەکان و خەڵکانی خوراسان و ئاغاواتی تەورێز و تاجران و

جەماوەری پیشەوەران کە لە پای تەختی مبارک کۆببوونەوە هەر کەس بەگوێرەی پلە و شانی خۆی فەرمووی کۆزیلە ببەستن و لێیدانیشن... لە بەرامبەر هەر کۆڕێکدا وەستاکارانی دارتاش و ئەندازیارانی بێوێنە تاقی جوانیان هەڵدان و بە فەندوفرتی سەیر و سەمەرە کۆمەڵێک هەیکەلیان لە خەرەک و تیفەتیفە دا و پاچرا و مەشخەڵدانیان لە سەر ئاوێ هەڵاوەسێ و هەموو شەو تا بەیانی ترووسکەدارانی ئاسمانی شین کە ڕازێنەوەی کۆڕی جیهانی باڵا و بەزمگێڕانی شادیسەرای یەزدانین، چاوێک و هەزار چاوی بە خۆزیا و بریا لەم پۆلەچرا و کۆرە سەرسوڕهێنانەیان دەڕوانی... گۆرانیبێژانی دەنگخۆش و ژەنیارانی پەنجەنەخشین بە هەوای دڵگر و ورینگەی شەکربارەوە خەمشۆرەوەی دڵ و دەروونان بوون؛ ڕوومەت گوڵانی گوڵاڵەڕوخسار مێشک و بیری کۆڕنشینانیان بە بادەی سارد و سووک و سازگار زاخاو دەدایەوە و وەسەر کەیفیان دێنان. وەلحاسڵ کۆڕی بەزم و شادی نۆ شەووڕۆژی کێشا و شادمانی و دڵخۆشی سەری لە پەرپەرۆچکان دا.»[١٢]

لە هەمان کاتا مەیدانەکە گۆیەنیشی لێدەکرا و ئەو دەروازە مەرمەڕانەی کە شاعەبباسی یەکەم هەڵیخستن، هێشتاش لە هەرد جەمسەری مەیدانەکە ماون. هەروەها وەرزش و یاری و کێبەرکێی وەک تیرەندازی بە ناوی «قەبەقئەندازی = کوولەکە ئەنگاوتن) کە سواران بە چوارناڵە غاریان دەدا و تیریان داویشتە جامێکی زێڕین یان ئامانجێکی کەمبایختری داکراوی سەر کۆڵەکەیەکی بەرز، لەوێ بەڕێوە دەچوو.

بەپێی یەکێک لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی نەخشەی تازەی شاعەبباس بۆ ئیسفەهان، کۆنەشار پێویستی بە تێکدان نەبوو. شاری تازە تەواو لە جێیەکەوە دەستی پێدەکرد کە ئیسفەهانی کۆن بنەی دەهات. «نەخشەی تازە لەسەر زەوییەکی بەرئاوەڵا (باخ و زەویوزاری گشتیی) و دوور لە جەغز و گرێ و کوسپەکانی کۆنەشار پیادە دەکرا.»[١٣] بەم شێوەیە نەخشە و گەڵاڵەی شا لە ماوەی کەمتر لە پەنجا ساڵاندا گەیشتە ئەنجام. مزگەوتی نوێژی هەینی لەمێژن و شکۆدار کە دەگەڕایەوە سەردەمانی سەلجووقییەکان و بازاڕە قەوغا و برەودارەکانی کە گەڕیدەی سەدەی یازدەهەم (پێنجەمی کۆچی) و داعی ئیسماعیلی

www.zheen.org

«ناسرخوسرەوە» وا بە جوانی باسی لێوەکردوون، نەک تەنیا دەستیان لێنەدرا، بەڵکوو لە ڕێی مەیدانی گەورەی نەخشی جیهانەوە کە ڕاستەوخۆ لە زارکی سەرەکی قەیسەری یان بازاڕی شاوە دەستی پێدەکرد، بە مەودایەکی کەمەوە لەگەڵ شاری تازە تێکەڵ کرانەوە. ناوەندی کڕین و فرۆشتن گوێزرایەوە خودی مەیدان کە ریزێک دووکانی دوونهۆم ئاڵقەیان لە دەوری دابوو و مزگەوتی شێخ لوتفوڵڵا، مزگەوتی شا و باڵەخانەی قالیقاپۆ، کە تەنیا بینا سەرەکییەکانی سەر ڕووکاری مەیدانەکە بوون، دەکەوتنە مابەینی ئەم لیزگە دووکانانە.

لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی شاعەبباسدا دوو لە گەورەترین شاکارەکانی میعماریی سەفەوییە سازکران: مزگەوتی شێخ لوتفوڵڵا کە کەوتۆتە دەستی ڕۆژهەڵاتیی مەیدانەکە و ساڵی ١٦٠٣ (١٠١١-١٢) دەستی پێکرد و ساڵی ١٦١٨ (١٠٢٧) تەواو بوو. ئەم مزگەوتە وەقفی خەزووری شا کرا کە یەکێک لە بەناوبانگترین خوتبەدەرانی ڕۆژگاری خۆی بوو. مزگەوتی شا کە کەوتۆتە سەری ئەو سەری داوێنی مەیدان، دووەمین شاکاری نۆیاروانییە کە لە ژێر چاوەدێری شاعەبباسدا بناغەی داندرا. سازکرانی ئەم مزگەوتە ساڵی ١٦١١ (١٠١٩-٢٠) دەستی پێکرد. بەڵام لە ١٦٢٩ (١٠٣٨-٣٩)دا دوای مەرگی شاعەبباس کۆتایی پێهات. ئەم دوو بینایە هەم بە باری نەخشە و گەڵاڵەدا و هەم بە باری کەلک لێوەرگیراندا، جیاوازن. مزگەوتی شا وەک سازکراوەیەکی گشتیی و وەکوو «دەس لە دوودانێکی ئەم خانەدانە [لە لایەن شاوە] بۆ ڕۆیشتن لەسەر ڕێبازی شیعەگەری»[١٤] نەخشەی بۆ داڕژابوو. لەبەر تامەزرۆیی شا سەبارەت بە تەواوبوونی مزگەوتەکە لە سەردەمی ژیانیدا، هێندێکی هەلەوپەلە تێدا کرا. بۆ نموونە لەبری ئەوەی کاشی موزاویکی تێبگیرێ، کەلک لە کاشی حەوتڕەنگیلە ورگیرا. هەروەها شا گوێی نەدایە «ئەبولقاسم»ی سەروەستای مزگەوتەکە کە دەیگوت مەترسی ڕۆچوونی بناغەکانی لە گۆڕێ دایە و درێژەی بە کارەکەی دا؛ ماوەیەک دواتر دەرکەوت کە قسەی نۆیاروان لەخۆڕا نەبووە.[١٥] لەگەڵ ئەمەشدا مزگەوت و هۆدەکانی دوای تەواو بوون ڕووکاریان جوان و دڵگر بوو. هەیوانی سەر دەروازەی چوونە ژوورەوە سەری دەگەیشتە ٢٧ گەزێک و بە دەوراندەوری تاقەکەدا، پەڕاوێزێکی دەرزقیوی سێ کووزی بە ڕەنگی پیرۆزەیی کشابوو و لە بنەوەڕا بە تاقەتاقەی کاشیکاری نەخشین و خۆشخەت و زۆر جوانی عەلیڕەزا عەبباسی ڕازابۆوە.

پۆپ پێی وابوو ئەو هەیوانە «یەکێک لە جوانترین و دڵگرترین سەردەرک و دەروازەکانی ئێرانە و تەنەنات یەکێک لە بەرچاوترین و زەنگینترین هەیوانەکانی جیهانە.»[١٦]

«گۆڕان و کارتێکردنی دوولایەنەی ڕووکاری هەیوانی ژوورەکان و گومبەز، سەیر دەیانەخشێنێ و گیانیان وەبەردێنێ. ئەم وردەکارییە ئەوەندەی دیکە توخمی زۆر پێویستی بیناسازی کە دژوازییە زیاتری دەکا. ڕووکاری لانکەیی هەیوان لەگەڵ نیوگۆی گومبەز یەکتر ناخوێننەوە. منارە بەرز و تیشکەڵەکان هەردک ئەم دیمەنانە بە شێوەی ئەستوونی دادەبڕن. لەگەڵ ئەمەشدا کۆبەی تاقەکە لەگەڵ کەمەرەی گومبەز لێکدەوشێنەوە و نیوگومبەزی هەیوان، وێنەی تەپکەخڕیلەی گومبەز دووپات دەکاتەوە.»[١٧]

بە تێپەڕین بە ژێر بەرهەیوانی دەروازەدا، کەموزۆر بێ‌ئەمەی کە هەست پێبکرێ، نیوخولێک بە شانی ڕاستەدا لێدەدرێ کە وا دەکا تەواوی ڕووکاری مزگەوتەکە و لە ئاکامدا میحرابەکە بەرەو مەککە بکەوێ. خاتوو «ل. و. گولومبێک» بەو شتەی کە پێی دەڵێ: «هەڵخرانێکی سەیر و بێ‌بنەما» گێژ بووە و گەیشتۆتە ئەم ئاکامە کە «شێوەی تێکبەزین و پلانی پێشووی شار وای کردووە کە مزگەوتەکە ئاوا ساز بکرێ.»[١٨] بەڵام «دۆناڵد ویلبێر» پاش ئاماژە بەوەی کە «شاردێن» باسی هیچ بینایەکی بەر لە سەفەوییەی نەکردووە لە بازنەی ئەم کۆمەڵەیەدا، هۆکارێک بۆ جیاوازی «بەرواڵەت بێ‌بنەمای» نێوان لابالی درێژایی مەیدان و هەڵکەوتنی میحرابەکە بەرەو مەککە دەخاتەڕوو. ئەو دەڵێ: «ئەگەر ئەم تەوەرانە دوابەدوای یەکتر هەڵخرابان گومبەزی سەر ژووری مزگەوتی شا، لەبەر هەیوانی بەرزی سەردەرانە بەدی نەدەکرا، مەگین لە مەودایەکی بەرچاوی باڵی باکووری مەیدانەکەڕا. جیاوازی تەوەرەیی و شێوەی هەڵکەوتنی نێوان مەیدان و میحراب وا دەکا تا گومبەز و منارەکانی لە هەر شوێنێکی گۆڕەپانەکەوە وەبەرچاو بێن.»[١٩]


مزگەوتی شێخ‌لوتفوڵڵا بەپێچەوانەی مزگەوتی شا نوێژگەیەکی تایبەتی بوو کە بۆ پەسن و پەرستن و پاڕانەوەی خودی شا بناغەی داڕژابوو و تەواوێک کەوتە بەر کەترەخەمی و وەبەرچاو نەهاتنی گەرۆکانی ئورووپایی کە لە ماوەی

سەدەی حەڤدەدا چوونە دیدەنی ئیسفەهان، چونکە ئەوان نەیاندەتوانی لێیەوەژوور بکەون و تێیبگەڕێن. مزگەوتی شێخ لوتفوڵلا لەچاو مزگەوتی شا بە کر و نەخشێکی ساکار سازکراوە و تەنیا بریتییە لە گومبەزێکی بەرفرەوان کە کەوتۆتە سەر تالارێکی چوارگۆشەیی. ئەو شوێنە حەوشە و هەیوانی ژوورەوەی نیە. بەڵام بۆ سازکرانی باشترین کەرەسە دەکار کراوە و دەسڕەنگینترین وەستاکاران کاریان لێکردووە. من دیوی ژوورەوەی گومبەزی ئەم مزگەوتە بە باشترین نموونەی مرخی ئێرانی ئیسلامی دەزانم:

«لە نێو گومبەزەکەدا تۆڕێک لە نەخش و نیگاری وێنە لیمۆیی زیاد کراوە کە بە دوور کەوتنەوە لەو خرمانەخۆرەی کەوتۆتە نێوەڕاست، گەورەتر دەبنەوە. ئەم خاڵومیلە بە خشتی سووری ساکار دەورە دراون و لە نێو هەر نەخشێک‌دا بە دیمەنی لق و پۆپ و گەڵا کە لە سەر گێچ شەقڵ کراون ڕازاوەتەوە. دیوارەکانیش ئاوا بە وێنەی دار و گوڵی پێچ‌پێچی دابڕاو لە سەر گێچی قاوەیی‌زردباو نەخشێندراون و پەراوێزەکانیان بە نووسراوەی پانکەڵەی سپی‌ڕەنگ لە سەر تەختی شینی توند، داپۆشراوە. تەواوی ئەم نەخش و نیگارانە شینی توند و شینی ڕوونی مەیلەو سەوزن و کاڵەڕەنگێکی جوانی وەکوو ڕەنگی شەرابیی نەخشاندوونی. تەواوی تاق و کەوانەکان بە نەخشی پێچ‌پێچی پیرۆزەڕەنگ پەراوێزیان بۆ سازکراوە. لە سەر رووکاری میحرابەکە گوڵەوردیلە لە ڕووبەرێکی مێرگینەی مەیلەوشین‌دا کێشراونەوە.»

«هەر بەشێکی کار و کرەکە، هەر پەڕێک، هەر دیمەنێکی دووپات، هەر چڵ یان شکۆفەیەکی جوان، لە جێی خۆی دڵگرە. بەڵام جوانی سەرجەمی گەڵاڵەکە کاتێک دەردەکەوێ کە تێی‌دا بخولێینەوە. ڕەنگدانەوەی ڕووبەری ڕەنگاودراو و بێڕەنگاو دەبنە هۆی گۆڕانی نەخشە هەڵکەندراوەکانی سەر ڕووکار و بە هەڵێنانەوەی هەر هەنگاوێک پۆلێکی بێژماری پرشنگداری بەرەو گۆڕان لەبەرچاوان خۆ دەنوێنن. لێرەدا گزینگی نووریش کە بە نێو لەپ و پەنجەی ئەستووری پەنجەرەکاندا دەدرەوشێ لە سەر یەک هەوا ڕاناوەستێ و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر توێی دەرەوەی پەنجەرەکان کە چەند بستێک دوورتر تێگیراون و چەشناوچەشنی نسێڕوونە

بەرەوگۆڕانەکان دوو هێندە پێهەڵدەبا. مـن هـەرگیز شـکۆمەندیی ئـاوام نەدیبوو.»[٢٠]



٢٠- ئیسفەهان، مزگەوتی شێخلوتفوڵـلا

سێهەمین بینای سەرەکی ڕووی مەیدانەکە، عالیقاپۆ بوو کە لە «هەمانکاتـا نشیمەنگا، جێگا، تالاری چوونە خزمت فەرمانڕەوا و ڕێڕەوێکی دەوڵەتی بوو کە دەچۆوە سەر دەرک و بانی قەسرێ.»[٢١] شاعەبباس ئەو کۆنەعیمارەتەی کە سـەر بە چاخی تەیمووری بوو، دەستی تێوەردا و سێ نهـۆمی دیکـەی لـێزیـاد کـرد. جوانیی عـالیقـاپۆ کـە «ڕابێـرت بـایرۆن» دەیباتـەوە پـاش و بـە ڕاوێژێکـی گاڵـتەجاڕانە باسـی دەکـا و نـاوی دەنـێ «قودوولـەی کەوشـان لـە خشـتی

سوور»[٢٢]، لە ڕووکاریدا نیە کە خۆی بنوێنێ و بە بەرچاوانەوە بێ، بەڵکوو لە دیوی ژوورەوەی دایە. دڵنشینی ئەم باڵەخانەیە لەو هۆدە بچووکانەدا بوو کە بۆ کۆبوونەوەی خۆمانە ساز کرابوون و نەخش و نیگاری وردەکارانە و قەڵەمکێش و شەقڵی سەر سپیکاری دیوار و میچان و ئەو تیشکە نەرمانەی کە لە پەنجەرەکانەوە دێنە ژوور و دڵبزوێنن. بەشی سەرەکی عالیقاپۆ بریتییە لە تالار یان بەرهەیوانەکەی کە لەوێوە عەبباسی یەکەم و جێنشینەکانی تەماشای گۆیەن و تێکڕای یاری و وەرزش و شانۆکانیان دەکرد.

تاریکەبازاڕ (قەیسەری) یان بازاڕی شا دەکەوتە بنەبانی باڵی باکووری مەیدانی نەخشی جیهان کە پایتەختی تازەی لەگەڵ کۆنەشار پێکەوە دەبەستەوە. جێی دووتەپڵە کوتان و زوڕنا لێدان لە بانی سەردەرانەی دەرگای سەرەکی سازکرابوو. هەموو بەیانان و تاوپەڕی ئێواران کە شا لە ئیسفەهان بووبا لەوێڕا دووتەپڵە و زوڕنایان لێدەدا. لە دەستەڕاستی دەروازەی سەرەکی، سکەخانەی حکوومەتی هەڵخرابوو. خودی بازاڕ بریتی بوو لە چەندین گەرماو، کاروانسەرا، مزگەوت و قوتابخانەی دینی. لە کاروانسەریان کاڵا و شتومەک وەردەگیران، دەکێشران، دەنرخێندران و پاشان لە عەمبارانەدا دەخرانە سەریەک. کۆمەڵێک بازاڕۆکەی بە حەوشە و دووکان شانبەشانی کاروانسەرایان سازکرابوون و لەوێ کەلوپەل دەخرانە بەرچاوی مشتەری و کڕیاران. بەگشتیی هەر بەشەی بازاڕ سەرقاڵی توجارەتێکی تایبەت و کەموزۆر خۆبژێو بوو. هەر قۆڵێک بە دەروازەی خۆی جیا دەکرایەوە و نیگابان و ئاگرکوژێنەوەی تایبەتی پارێزگارییان لێدەکرد و چەند کەیخودایەکی نێوخۆی بەڕێوەیان دەبرد و بۆ کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان بازرگانەکانی دەبوونە داوەر. ژمارەیەک لە مزگەوتەکانی بازاڕ سادە و ساکار و تەنیا بۆ نوێژ و نزا و پاڕانەوە سازکرابوون. سایری مزگەوتەکانی تر شاکارێک بوون کە مامۆستایانە نەخشێندرابوون. قوتابخانەکان (مەبەست حوجرەی فەقێیانە) زیاتر وەک مزگەوت و کاروانسەرایان بەپێی نەخشەی «چوارهەیوان» ساز دەکران. بەرهەیوانی کەناری قوتابخانەکان پەڕی سێبەریان هەڵدەدا و حەوزی نێوەڕاست حەوشەی گەورە هەوای فێنک دەکردەوە. بازاڕ بریتی بوو لە ڕووبەرێکی ٣٠ کیلۆمیتری چوار گۆشە.[٢٣] «فرایر»کە ساڵی ١٦٧٧ (١٠٨٧-٨) ڕووی کردە ئیسفەهان، زۆر کەوتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵە دیمەنگای بازاڕ و بۆ تاریفات و وێناکردنی گوتی: «ئەمە


سەرسوڕهێنترین نموونەی شکۆدارە بۆ بەرز نرخاندنی بازرگانێتی و تەواوی دنیا دەتوانێ پێیبنازێ و بازاڕەکانی ئێمە لەچاو ئەم بازاڕە مەشهوورانە تەنیا هێندێک بینای تاقولۆق و پەرتەوازەن.»[٢٤] چەند باخێکی گەورە مەیدانی نەخشی جیهانیان بە شەقامی چوارباخەوە دەبەستەوە و لە ڕۆژاوای ئەم کۆمەڵەباخانە قەسری چلستوون خۆی دەنواند کە شاعەبباسی یەکەم بناغەی دانا و ساڵی ١٦٤٨ (١٠٥٨) عەبباسی دووەم تەواوی کرد. شکۆ و بایەخی چلستوونیش وەک عالیقاپۆ لە لایەن نووسەران و گەڕۆکانی ئورووپایی ئەم سەردەم و سەردەمی هاوچەرخیشەوە نکۆڵی لێکراوە. «ئێستیوونس» ئاماژە دەکا بە «قەڵافەتی زلحۆلی عالیقاپۆ» و «نامۆیی و کەمبایەخی چلستوون». ئەو دەڵێ: «مرۆڤ تێدەمێنێ و تەواوێک بۆی باوەڕ ناکرێ کە لە لایەک بینای ئەوا جوان و لەبار [وەک مزگەوتی شا و مزگەوتی شێخ لوتفوڵلا] و لە لایەکی ترەوە شتی ئاوا ساکار و سەرەتایی لە یەک زەمان و لە ژێر چاوەدێری پادشایەکدا سازکرابن.»[٢٥]



٢١- ئیسفەهان، قەسری چلستوون

بە بڕوای من ئەم شێوە ڕەخنانە لە پلەی یەکەمدا داڕووخان و نەپارێزرانی بیناکانی سەفەوی لە سەردەمی قاجاردا، بەتایبەت لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی

کوڕی «ناسرەددینشا»، «مەسعوود میرزا» (ظل‌السلطان)ی بێئابڕوودا وەبەرچاو ناگرن. بۆ وێنە بیست کۆڵەکەی بەرهەیوانی چلستوون سەرەتا ئاوێنەبەنـدێکی ورد و جوان کرابوون و پاشان وا نەمان. هەروەها گـەلێک قەڵـەمکێشـی دڵـگری سەفەوی لە سەرسەرای گەورە و چەند ژوورێکـی دیکـەدا سـەر لـە نـوێ سـپی کرانەوە و گێچیان تێهەڵسوورا و هونەرمەندانی قاجار کاری کەمبایەخی خۆیـان لە سەر کێشانەوە. «کرۆزۆن» کە بەرفرەوانی زەرەد و زیـانی چـلسـتوونی لـە ماوەی حوکمڕانێتی قاجاردا هەست پێکردبوو، نەیتوانی دەرد و پـەژارەی خـۆی بشارێتەوە. ئەو بە خستنەڕووی دیمەنی ڕەنگ بە سەر کێشراوی کۆبەی بـەردی مەڕمـەڕ تـێگیراوی دیـواران و چوارچێـوە ئاوێنـەبەنـدەکانی سـەرەوەیان و تێدابردنیان، هاوار دەکا و دەڵێ: «ئەگەر بێتـوو ئـەو کـافرەم وەچنـگ کـەوتبا سەرخۆشانە لە بەرمیلە ڕەنگی خۆیدا دەمخنکاند!»[٢٦]




٢٢- ئیسفەهان، قوتابخانەی دایکی شا (مادرشاه).

لە لایەکی دیکەوە ڕەخنەگرتن لەم دوو بینایە، زۆر جاران دەگەڕێتەوە سەر تێگەیشتنی هەڵە و ئاگادار نەبوون لە چۆینەتی کەلک لێوەرگیرانی ئەم شوێنانە و هەروەها شێوەی ژیانی شاعەبباسی یەکەم. هەردک بیناکە لەبەر نەبوونی وشەیەکی باشتر لە ئینگلیسیدا پێیان دەڵێن «کۆشک»، بەڵام ئەم واژەیە هەر خودبەخود شتێکی گەورەتر و شکۆدارتر دەخاتە بەر بیر. ئەم دوو شوێنە هیچیان نشیمەنگای ڕەسمیی پادشا نەبوون بە واتای کۆشکی فەرمانڕەوایەتی لە ئوروووپادا. پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە عالیقاپۆ کەلکی بۆچی لێوەردەگیرا. چلستوون عیمارەتێک بوو کە شا لەوێ بەڕەسمیی چاوی بە باڵوێزی وڵاتان دەکەوت. بۆ جێژنمبارەکی و دیدەنی دانیشت و میوانداری لێدەکرد. لە ڕاستیدا هەردوو بیناکە زیاتر کۆشکەڵەن هەتا قەسر و هاوینان «بۆ میوانداری کردن لە هەوای ئازادا»[٢٧] کەلکیان لێوەردەگیرا. ئەمانە لەچاو قەسرە گەورەکانی ئیمپراتۆرانی تەیمووریی هیند ناچیزەن، بەڵام شاعەبباسی یەکەم خوازیاری ئەو کۆشک و باڵەخانانە نەبوو کە هەر لە دوورەوە خەڵک بتۆقێنن و تەرەیان بکەن. شێوەی جلک پۆشینی ساکار و ئاکاری ئاسایی بوو. زۆری خۆ لە تەشریفات دەبوارد، بەڵام چێژی لە نیعمەتەکانی ژیان وەردەگرت: خوردوخۆراکی چاک، شەرابی باش و هاودەم و هاودەنگی لەبەر دڵان لە شوێنێکی خۆش و جوان پتری کەیف دەبزاوت. عالیقاپۆ و چلستوون ڕەنگدانەوەی ئەم ئاوەز و فکرەیە. بینای گەورە تەنیا شیاوی شکۆی خوداوەندی بوو، هەروەک مزگەوتی شا نموونەیەکی ئەم بۆچوونەیە و جێنشینایی شاعەبباس وە پێوشوێنی ئەو ڕەچەیە کەوتن. شکۆدارترین بینایەکی کە بە دەست جێنشینەکانی وی لە ئیسفەهان داندراوە، قۆتابخانەی دایکی شایە کە لە نێوان سالانی ١٧٠٦-١٧١٤ لە لایەن شاسوڵتانحوسێنەوە سازکراوە.

ئەگەر لە چلستوونەوە بەرەو ڕۆژاوا ببزوین، دەگەینە سەری ئەو سەری باکووری چوارباخ. لە ڕۆژگاری سەفەوییەدا هەردک بەری ئەم شەقامە هەتا لێواری ڕووبار کە نیزیکەی کیلۆمیتر و نیویکە، هەمووی باخ بوو. لای ڕۆژهەڵات بریتی بوو لە باخی بولبول، باخی دەروێشان و باخی توو. باخە ترێی باخی تەخت و باخی هەشتگۆشە کەوتبوونە لای ڕۆژاوا. دیوارە کونکون و ڕۆچنەبەندەکانی باخەکانی قەراخ شەقامی چوارباخ، لەوبەریڕا هەلی بۆ

کەسانی نێو باخان دەڕەخساند کە چاویان بە کۆمەڵێک دیمەنی گیانداری شەقام بکەوێ و لەم بەرەشەوە ڕێی بۆ کەسانی سەر شـەقام خـۆش دەکـرد کـە چەنـد دیمەنگایەکی نێو باخان بە چاو بنگێون. هەروەک «ویلبێـر» دەڵـێ: «بـێگومـان تایبەتمەندییەکی ئـەوتۆ هـاواری بـەرزی ناڕەزامەنـدی بـوو دژی خانووبـەرە کۆنباوەکانی وڵات کە دیوارێکی ڕووتیان بـە ڕووی جیهـانی دەرەوەدا دەکێشـا و حەوشەیەک مەچەکی توند لێدەنگاوتن.»[٢٨]



٢٣- ئیسفەهان، چوارباخ

نێو باخەکان جێی حاوانەوە و دانیشتنی پیاوانی دەربار و ژنانی حەرەمخانـە بوو. هەروەها چەند خانووبەرەیەکی وایان تێدا سازکرابوو کە جارجارە دەخرانە بەردەستی باڵوێزانی دەرەکی و مەزن و مـاقووڵانـی تـر. هێنـدێک لـەو قـەڵا و باڵاخانانە لە سەردەمی شاعەبباسی یەکەمدا دروست کران و ئەوانی دیکەش وەک «هەشتبەهەشتی» مەنشوور، گەلێ دواتر سازکرا. شـاردێن کـە بـە لای زۆریدا پارسـەنگ ڕادەگرێ لە وێـناکردنی هەشـتبەهەشتدا دەکـەوێتە بەر شـەپۆلی

خەیاڵات:

«من ناتوانم خۆ لە دەربڕینی ئەم مەبەستە بپارێزم کە دەمی پیاسەکردن بەم شوێنەدا تام و چێژی ئەوین بەدی دێ و هەروەها وەختایەک مرۆڤ بە نێو ئەم ژوور و نێودەرانانەدا تێدەپەڕێ، هەستی وەها دەبزوێ کە کاتی چوونە دەرەوە بەڕاستی هۆشی لە سەر دەپەڕێ.


کەش‌وهەوای هەرێمی غەواران بۆ بەدیهێنانی ئەم باروهەوا ئەویندارانەیە لە سەر ئادەمی شوێنی تەواو دادەنێ، بەڵام بەڕاستی دەکرێ بڵێی کە ئەم کۆشکانە ئەگەرچی زۆر بە سانایی تێکدەچن، بەڵام دیسانیش گەلێک لە قەسرە شکۆمەندەکانی ئێمەی فەرانسەوی و ئورووپایی خۆشدیمەنتر و دڵنشینترن.»[29]

لە سەدەی نۆزدەدا مەسعودمیرزای نەفام ئەسپەکانی لە هەشتبەهەشت دەبەستەوە و خەساراتێکی زۆری پێگەیاند، بەڵام لەم ڕۆژگارەدا کەڵتە و چاککردنەوەی ئەم خانووبەرەیە و زۆرێکی تر لە بیناکانی سەردەمی سەفەوییان لە ئیسفەهان دەس‌پێکردووە.

چوارباخ هەروەک مەیدانی نەخشی جیهان، ناوەند و جێ‌دیدارێک بوو بۆ کاروبار و چالاکییەکانی بازرگانێتی و کۆمەڵایەتی. چوارڕیز دارەچناری شان‌بەشانی بە درێژایی چوارباخ لە باکوور و باشووری ڕووبار کە چوار هەزار گەزێک دەبوو، چەقێندرابوون.

«ئاو بە جۆباری سەنگچنی نێرینەی شەقامدا بەرەوخوار دەئاژاوت و بە هەڵبەستنی ئاوهەڵدێری بچووک، چین‌چین بە سەریەکدا دەڕژان و جاری وابوو لەو شوێنانەی کە ڕێگای دیکە دەهاتنەوە سەر شەقامەکە، ئاوە لە حەوزی گەورەی چوارگۆشە یا هەشتگۆشەدا پۆنگی دەخواردەوە. هەردک بەری جۆگەلەکە، ڕیزێک چنار و پیادەڕێیەکی سەنگچن بۆ هاتوچۆی ڕێبواران نەخشاندبوونی. پاش ئەو ڕیزێک باخچۆلەی بێ‌پەرژینی پتر نەمام لێ‌نێژراو یان ڕازاوە بە گوڵ و گیا و چیمەن خۆیان دەنواند. دوای باخچەکان لە هەردوو لاوە، ڕیزێکی دیکەی چنار تێهەڵچووبوون کە ڕێگایەکی سەنگچنی نێر بە سەر شەقامەکەدا بۆ یەکسم‌سواران دەکەوتە مابەینی ئەوان و دیوارەکە.»[30]

هێندێک لە خانووبەرەکانی تەنیشت شەقام «شـوێنی حەسـانەوەی گشـتیی بوون و وەک قاوەخانە کەلکیان لێوەردەگیرا. شارنشینانی چاکی ئیسفەهان پاش برانەوەی کاری ڕۆژانە لەم چایخانانـەدا کۆدەبوونـەوە هـەتا چـا بخۆنـەوە و نێرگەلەیەک بکێشن.»[٣١] پاش تاوپەڕین، مەزن و ماقوولان بۆ پشوو تازە کردنەوە دەهاتنە دەرەوە. وەک «فرایر» باسی دەکا: «کە ڕۆژ ئاوا دەبوو، تەواوی ئەوانەی مایەی دەمار و بەرزەفڕی ئیسفەهان بوون ڕوویان دەکردە چوارباخ، گەورەپیاوان خۆیان ڕادەنا و بە پۆلی بەرچاوی هاورکێفان و خزمـەتکاران و هاوڕێکانیانـەوە ڕاوێچکـەیان دەکـرد و بـە وڵاتیدا دەسـووڕانەوە و پێشـبڕکەیان بـوو بـۆ وەدەس هێنانی مەزنایەتی و دەسەڵات و دەیانویست لە دڵواییدا کـەس تۆزیـان نەشکێنێ.»[٣٢]




٢٤- ئیسفەهان، پردەکانی مارنان، ئەڵـلاوێری‌خان و حەسەن‌ئاباد (خواجوو)

وەختایـەک ئـادەمیزاد دەگەیشـتە سـەر ڕووبـار، کۆمەڵـێک لەنگـەرگای وەبەرچاوی دەهاتن کە بە درێژایی بەستێن و لە مەودایـەکی دوورتـر لـە ماڵـی دەوڵـەمەندان و بـەرزەوەجاخان خۆیـان دەنوانـد و پاشـان لـە ڕێـی پردێکـی شکۆمەندەوە بە زایەندەڕوودا تێدەپەڕی. ئەم پردە ناوی ئەڵـلاوێردی‌خـانی لـە سەر تۆمار کرابوو، غولامێکی گورجی کە ساڵی ١٥٩٨ (١٠٠٦-٧) کرایە سـەرکردە و

سپاسالاری تەواوی هێزە چەکدارەکانی سەفەوی و هەتا ڕۆژایەکی لە ساڵی ١٦١٣دا مرد، ئەم پلەیەی پاراست. ڕەوگەی سەنگچنی پردەکە ٩ گەز بەرینە و درێژایی پردەکە بە سەرکڵەکانیەوە نیزیکەی ٥٠٠ گەز دەبێ و لە هەردک سەری پردەکە تاقێکی بە کەوانە بەرز کراوەتەوە کە ٧٦ سانتیمیتر پانە. ئەم تاقانە لە ڕێی چەندین دەرانەی هاتوچۆی نێو دیواری ژوورەوەیان دەچنەوە سەر ڕەوگەی سەرەکی پردەکە و هەر یەکەی نیزیکەی نەوەد ڕۆچنەیان لە دیوی دەرەوەدا بۆ سازکراوە و دیمەنگایەکی ڕووبار دەخەنە بەرچاو. هەروەها ئەم پردە پیادەڕێیەکی بۆ پیاسە کردن لە سەرەوە و بەرەوە بۆ سازکراوە. پیادەڕێی سەرەوە بە زنجیرە پلیکانێکدا بۆی هەڵدەکشێی کە لە کڵاوقووچەی بازنەیی سووچی پردەکەدا هەڵبەستراون. بۆ دابەزینە پیادەڕێی بەرەوە زنجیرە پلیکانێک لە نهۆمی خوارەوەی کڵاوقووچان هەڵبستراون و دەکەونە نێو سەرکڵی سەرەکی. پیادەڕێی بەرەوە، بازگەیەکی سەرداپۆشراوە کە کەوتۆتە لای داوێنی کڵەکان و بە نیزیک ئاوی چۆمیدا تێدەکشێ و لە مەودای نێوان کڵەکانیشدا، بە سەر ئەو گابەردانەدا تێدەپەڕێ کە لە نێو ڕووبار ڕیزکراون. ئەم پردە کە دەوروبەری ساڵی ١٦٢٠ (١٠٢٩ی کۆچی) لێدراوە، بە سیوسێ پرد ناسراوە، چونکە سیوسێ کڵی سەرەکی شانیان وەبەرداوە. کرۆزۆن دەڵێ: «مرۆڤ قەت چاوەڕوانی ئەمە ناکا هەتا بۆ دیتنی ئەوەی کە دەشێ زۆروکەم بە شکۆدارترین پردی دنیا ناودێر بکرێ، ناچار بێ سەفەر بکا بۆ ئێران.»[٣٣]

بەڵام زۆربەی گەشتیاریان پردی خواجوویان پێ جوانترە کە هەزار هەنگاوێک کەوتۆتە لای بەرەوە و بە دەستووری شاعەبباسی دووەم لە ١٦٦٠ (١٠٧٠-٧١)دا سازکراوە. پردی خواجوو ١٤٠ گەز درێژە و لە سەر کۆمەڵێک تیشکە و تاشەبەرد هەڵبەستراوە. پردەکە هەر بەپێی نەخش و کری پردی ئەڵڵاوێردیخان داندراوە. بەڵام «ئەوەی سەیر سەرنج ڕادەکێشێ ئەو شەش ژووورە نیوهەشت گۆشانەن.»[٣٤] ئەم هۆدانە سەرەتا بە دەقی عیرفانی و بە شێعر و پەخشان ڕازابوونەوە و دواتر بە کۆمەڵێک شێوەکاریی هەوەسبزوێن نەخشێندران و کاتێک «سێر ویلیام ئووزلی» سەرەتای سەدەی نۆزدە سەردانی ئیسفەهانی کرد، پێیان هەڵبەزییەوە. هەرکام لەم دوو پردانە بکەونە بەردڵ دیسانیش حاشای لێناکرێ کە هەردووکیان شاکاری هونەری پردهەڵبەستنی ئەندازیارانی سەفەوین. هەروەک باسی کرا شەقامی چوارباخ دووهەزار و پێنسەد گەزی دیکە لە باشووری زایەندەڕوودەوە



٢٥- ئیسفەهان، پردی حەسەنئاباد

هەتا دەگاتە باغەکانی هەزارجەریب پەلی رادەکێشا.[٣٥] لە بەشی داوێنی شەقامی چوارباخ وەک لای سەرەوەی «چەند ریزدار نێژرابوون و بە جۆگەلان رازابوّوە. ئاو چیناوچینی دەکرد و لە مەودای رێکوپێک لە حەوز و ئەستێرێکی گەورەدا پەنگی دەدایەوە. قەلا و بالەخانە و کۆشکی شازادان و پیاوماقوولان لەوبەرەوبەری شەقام خۆیان دەنواند.»[٣٦] باغەکانی هەزارجەریب کە کەوتبوونە کلکەی شەقام، چین بۆ چین لێدرابوون و وەک هەموو باغێکی ئێرانی بەسێبەر و ئاو نەخشابوون. «تاوێرنیە» کە دلنشینی ئەو باخە ساکارانەی بۆ رێبواری ماندووی بەر بلێسە و تیشکی خۆر و گەرد و تۆزی دەشتەکانی ئێران هەست پێنەدەکرد، سەبارەت بە هەزارجەریبیش وەک هەموو شتەکانی دیکەی ئیسفەهان بە لایەکی لووتی قسەی لێدەکا: «ئەگەر ئێرانی باخەکانی دەوروبەری ڤێرسای و سایری قەسرەکانی فەرمانرەوایەتییان دیتبا، ئیدی هێندەیان بە باخەکانی هەزارجەریب هەلنەدەگوت.»[٣٧] بەلام «هێربێرت» کە رەنگە وەک «تاوێرنیە» باخەکانی ئورووپای نەدیتبێ بۆچوونێکی تر دەخاتەروو:

«ئەم باخە پێیدەلێن هەزارجەریب و لە باکوورەوە بۆ باشوور هەزار هەنگاو درێژە و حەوسەد هەنگاو بەرینە. ئەم باخە پرە لە دار و میوەی جوان و خۆش و رەنگاورەنگ و بە شەقەجۆگەیەک پاراو دەکرێ کە بە نێو کێوی کارکوناندا* لێدراوە و راکێشراوەتە ئێرە. سەرەتای شەقەجۆگەکە بە توولە ئاوبارەی قورقوشم و زەردە هەلبەستراوە کە ئاویان پێدا دەروا و چەند دیمەنێکی جوان دەنەخشێنێ.

بە درێژایی ئەم باخە کووچەیەک راکشاوە کە دابەش بووە بە سەر نۆ کەردوودا کە هەرکام بستێک زیاتر وەک پلیکان کەوتۆتە هەوراز ئەویتر و ئەم تەختەرێیانە خۆش و دلگرن. لە نێو باخەکەدا ئەستێرێکی دوازدە گۆشەیی رێکوپێک هەلخراوە و چەند فەوارەیەکی تێدا چێکراوە.

لە پەنا دەروازەی باخ، خانووبەرەیەکی بچووک - بەلام خونچیلانە - بۆ رابواردن و کەیفخۆشی سازکراوە کە ژوورەکانی نهۆمی خوارەوەی بە حەوزۆکەی سپی مەرمەرینی پڕ ئاوی روونی وەک چاوی قرژال نەخشاون. وەلێ ئەوەی لە هەمووان زیاتر شایانی تاریفاتە دوورەدیمەنێکی دلرفێنە کە ئەم خانووە دەیخاتە بەرچاوان. چونکە رۆنیشتن لەم شوێنە بەرزە وا

دەکا کە ئادەمیزاد بە سەر شاردا سوار بێ و بەرجەوەندێکی زۆر جوانی لایەکی گەورەی شار خۆی بنوێنێ کە لە هیچ جێیەکی دیکەوە دیمەنی ئاوامان بەرچاو ناکەوێ.»[٣٨]

لە باشووری رووباریش چەند گەڕەکێک هەبوون کە بە لای زۆریدا جەماوەری غەیرەمسوڵمان بنەیان لێدانابوون. گرینگترینی ئەم گەڕەکانە «جولفا» بوو کە دەکەوتە شانبەشانی باڵی رۆژاوای چوارباخ و سەر لێواری باشووری زایەندەڕوود. لە ١٦٠٤ (١٠١٢-١٣)دا شاعەبباسی یەکەم هەزاران خێزانی ئەرمەنی کە بە زۆرەملی لە جولفای رۆخی چۆمی ئاراس لە ئازەربایجانەوە کۆچی دابوون، لێرە بنەجێی کردن. ئامانجی وی هێنانە بەرکاری سرشتی تێکۆشەر و ماڵدار و پسپۆڕیی نێو توجارەتی بازرگانانی ئەرمەنی بوو، بۆ خزمەتی دەوڵەتی سەفەوی. شاعەبباس بە مەبەستی قەرەبووی دووری ئەرمەنییەکان لە خانەولانەی خۆیان، زۆری بۆ تێهەڵێنانەوە و تەواو بە لایانەوە چوو. ئیزنیان دان کە بێ هیچ لەمپەر و بەرگرێک ڕێورەسمی دینیی خۆیان بەجێبێنن و تەنانەت شا بڕە پارەیەکیشی بۆ ڕازاندنەوەی کلیسای «سەنژۆزێف» تەرخان کرد کە ساڵی ١٦٠٥ (١٠١٣-١٤) سازکرا. شا مافی نوێنەرایەتی ئەرمەنییەکانی دایە دەس کەلانتەرێک (شارەوانێک) لە ڕەگەزی خۆیان و بەم شێوەیە تەواوێک وەک کۆمەڵێکی خودموختاری لێکردن. پاش دابینی ئاسایشی مەعنەوی و دەروونی ئەرمەنییەکان بەو جۆرەی کە باسی کرا، شاعەبباس بە دانی دەسقەرز بە بازرگانانی ئەرمەنی، ئامانجی بنەڕەتی خۆی دەستەبەر کرد کە بریتی بوو لە بەشداری پێکردنیان لە گەشەی باری ئابووری وڵاتا. سەیر نیە کە لە کەشوهەوایەکی ئاوا لەباردا، ئەرمەنی گەشەیان کرد. بازرگانانی ئەرمەنی بە هەموو لایەکی ئورووپادا دەسووڕانەوە و لەگەڵ خۆیان کۆمەڵێک کەرەسەی بەرگدروون، کەلوپەلی کانزایی، ئاوێنەی بچووک، ئاڵقەی نەخشین، مرواری دەسکرد، ڕەنگەسوورە، کاتژمێر و کووتاڵ و شتومەکی وردیلەی دیکەیان لە هولەند و بریتانیاوە دێنا. گەلێک لەو بازرگانانە سامانێکی زۆریان وەسەریەک نا. ئاشکرایە کە کەلانتەرێتی ئەرمەنییەکان داهاتێکی چاکی هەبوو، چونکە «تاوێرنیە» ئاماژە بەو مەبەستە دەکا کە ماڵ و دارایی «خواجە پێترۆس»ناوێک کە خاوەنی ئەم پلەیە بوو، جگە لە چەند دەست خانووبەرە و ملکوماش لە

دێهاتان، بایی ٤٠٠٠٠ تمەنی زێـو، گـەواهێرات و دەفـر و ئامـان و کـەلوپـەلی زێڕ و زێویش هەبوو.[٣٩] ئەرمەنی تەنیا دانیشتووی جولفا نەبوون، بەڵـکوو لـە گەڕەکەکانی دیکەی دەوروبەری شار و خودی شاریش دەژیان.

کەمینە بەرچاوە غەیرەمسوڵـمانەکانی دیکـەی دانیشـتووی ئیسـفەهان لـە سـەردەمی سـەفەویدا بریتـی بـوون لـە هینـدی، جوولەکـە و زەردەشـتی. زەردەشتییەکان لە گەڕەکێکی قەراخ شار لە باشـووری زایەنـدەڕوود بـە نـاوی گاورستان دەژیان کە لە چاو جولفا دەکەوتە لای خوارووتری ڕووبار. عەبباسـی دووەم، نەتیژەی شاعەبباسی گەورە، ئەم گەڕەکەی خاپوور کرد و لە جێگاکـەی چەند خانووبەرە و تەلاری بەرز کردەوە بۆ حەرەمخانەی خۆی و نـاوی پـڕ بـە پێستی «سەعادەتئاباد»ی لێنا. لە دەورانی شاعەبباسی یەکەمدا هینـدی هێنـدە زۆر نەبوون، بەڵام دواتر زیادیان کرد. هیندی کە بە «بانیان»ەکان ناسـرابوون، خەریکی دەڵاڵی بۆ بازرگانانی دەرەکی و سووتخواردن بوون و لەبەر ئەو بەهرە زۆرەی کە وەریاندەگرت ناویان زڕا بوو. بە گوتەی «تاوێرنیە» عەبباسی یەکـەم ئیزنی نەدا سووتخۆرانی هیندی لە ئێران جێپێیان پتەو بێ و ئەوان تەنیـا لـە دەورانی سەفی و عەبباسی دووەمدا توانیان لەم وڵاتە لەنگەر باوێن و بنەگر بـن. بەڵام هێربێرت کە ساڵی ١٦٢٨، یانی ساڵێک بەر لە مردنی عەبباسی یەکـەم لـە ئیسفەهان بووە، ئاماژە دەکا بە «بانیانەکان یان بازرگانانی هینـدی» و دەڵـێ: «ئەمانە کەسانیکی سەوزەڕوو، تەڵەکەچی، قسەخۆش، بازرگانـانێکی وریـا و خورافەپەرستن.»[٤٠] بانیەنەکانی هیندووئایین، وەک کەمینەکانی دیکـەی دینیـی دانیشتووی ئیسفەهان ئیزنی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئایینی خۆیـان هـەبوو، ئەگەرچی زۆرجاران کاربەدەستان پێیـانلێهەڵـدەبڕی و کیسـیان لـە هەسـت و سۆزی ئایینی هیندووەکان دێنا و بۆ دانی ئیزنی ئـەنجامی ڕێوڕەسمێکـی دینـی وەک «ساتی» (خۆسووتاندنی ژنانی هیندوو لە سەر تەرمی مێردەکانیان) کە بـۆ مسوڵـمانان قێـزەون بـوو، بـڕە پووڵـێکیان وەردەگـرت. جووەکـانیش وەک هیندییەکان لە بازنەی کاری دەڵاڵـیدا هەڵدەسـووڕان و بەتایبـەت لـە بـواری مامەڵەی چێشتەخۆشکە (تامەچێشت = ئـەدوا) و گـەواهێراتا خۆیـان دەنوانـد. ئەوان لە گەڕەکی تایبەت بە خۆیاندا دەژیان، بەڵام هێندە زۆر نەبوون.

ژمارەیەکی بەرچاویش ئورووپایی دانیشتووی ئیسفەهان بریتی بوون لە: کاربەدەستان و پیاوانی کۆمپانیا ڕکەبەرەکانی هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس و هولەند؛ قەشە و پێشەوایانی ڕێبازە چەشناوچەشنەکانی کاتۆلیک کە شاعەبباس دنەی دەدان بۆ دانانی پەرستگا و کلیسا لە ئیسفەهان و پێڕاگەیشتن بە پێداویستییەکانی مەعنەوی دانیشتووانی ئورووپایی؛ سنعاتکاران و هونەرمەندانی ئورووپایی و ئاسیایی بۆ وێنە سەعاتسازانی سویسی و گۆزەکەرانی چینی.[41] ڕێچکە و ڕێبازەکانی ئاگوستینی، کارمێلی و کاپووسن بوونە نیشتەجێی خودی شار؛ یەسووعییەکان و دۆمینیکەنەکان لە جولفا، لە دەوروبەری شار بنەیان داکوتا.

ئیسفەهانی شاعەبباسی گەورە ئاوا بوو: پایتەختێکی پڕ کار و کاسپی و برەودار و بە چەشنێکی سەرسوڕهێن جوان کە لە شەقام و بازاڕەکانیدا مسوڵمانان، مەسیحییان، زەردەشتییان و هیندووەکان کۆمەڵەیان دەبەست. هەوڵدان بۆ خستنەڕووی دیمەنێکی بێگەرد و تەواو سەبارەت بە پانوبەرینی ئیسفەهان یان قەبڵاندنی ژمارەی دانیشتووانی کارێکی هاسان نیە. شاردێن کە لەسەریەک بە باوەڕپێکراوترین چاوەدێری ئەو سەردەمی ناسراوە دەڵێ جەغزی شار بریتی بووە لە چلهەزار گەز، کەچی هەم «کامپفێر» و هەم «ئێسترویس» بە ٩٠ تا ١٠٠ هەزار گەزیان لە قەڵەم داوە. شاردێن دەڵێ شار خاوەنی ١٢ دەروازە، ١٦٢ مزگەوت، ٤٨ خوێندنگای دینی، ١٨٠٢ کاروانسەرا، ٢٧٣ گەرماوی گشتیی و ١٢ گۆڕستان بوو. هەروەها دەیخاتەڕوو کە لە بازنەی ١٠ فرسەخی (٦٠ کیلۆمیتری) شاردا، ١٥٠٠ ئاوایی هەبوون. شاردێن لای وایە ڕێژەی جەماوەری شار سەری گەیوەتە ٦٠٠٠٠٠ تا ١١٠٠٠٠٠ کەس. وێدەچێ ئەم ژمارانەی شاردێن لە ژمارەی گەڕۆکانی دیکەی ئورووپایی پتر جێیبڕوا بێ. بەڵام هەروەک کرۆزۆن بە دروستی دەیڵێ مەبەستەکە ئاوایە:

«من هەرگیز دەربارەی ڕاپۆرتە ئاڵۆز و دژوازەکانی گەڕۆکانی پێشوو، ئەوەندەی سەبارەتە بە نیشاندان و خستنەڕووی دیمەن و دیمەنگاکانی ئیسفەهانەوە تووشی سەرەگێژە نەبووم. نێوەرۆکی ئەم ڕاپۆرتانە دەربارەی چۆنیەتی قەڵا و باڵەخانە و خانووبەران، گەز و پێوانی ئەم شوێنانە، ژمارەی شەقام و کۆڵەکە و پرد و تاق و چیوچی بە شێوەیەکی

دژاودژ جیاوازن. ڕاست کردنەوە یان تەنانەت وردبوونەوە لەم هەڵە بێئەژمارانە، کارێکی بێهوودەیە.»[٤٢]

بەڵام بێجگە لە «تاوێرنیە»ی ڕووترش، زۆربەی گەڕۆکانی ئوورووپایی شتێکی شایانیان بۆ تاریفی ئیسفەهان دۆزییەوە. با لێگەڕێین هەتا شاردێن هەموویان لەم چەند ڕستەیەدا بە پوختی بدرکێنێ: «جوانیی ئیسفەهان بەتایبەت لەبەر ئەم هەمووە قەسرە شکۆدار و کۆمەڵە قەڵا و باڵەخانە و خانووبەرە دڵفەریح و دەم بە پێکەنینانەیە. ئەم شارە بۆیە لەبەر دڵانە چون پڕە لە کاروانسەرای بەرفرەوان و بازاڕی یەکجار باش و ڕووبار و جۆگە و جۆبار و زنجیرە شەقامی کۆبە و پەراوێز بۆ کراو بە دارەچنار...

لە هەر لاوە بڕوانینە شار، وەک لێڕەوارێک دێتە بەرچاو.»[٤٣]

بنکەی ژین
www.zheen.org

# پەڕاوێزەکان

★ Intestinal Fortitude.

1. Laurence Lockhart, Famous Cities of Iran (Brentford 1939), p. 14.

2. The Travels of Ibn Battuta, vol. II, ed. Sir Hamilton Gibb, Hakluyr Society, 2nd series. No CXVII (Cambridge 1962), p. 295

[تەرجەمە فارسییەکەی بریتییە لە: سەفەرنامەی ئیبنووبەتووتە، وەرگێڕدراوی محەممەدعەلی مووەحێد، ب ١، تاران، ناوەندی وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی کتێب، ١٣٤٨ی هەتاوی (١٩٦٩)، ل ٢١١.]

★ لە لێکدانەوەیەکی دیکەدا «جیهان» بە مانای ئەم دنیایە هاتووە و قسەکە وا دەگەیەنێ کە ئیسفەهان بە تەنیایی بە قەدرایە نیوەی ئەم جیهانەیە.

3. Wilfrid Blunt and Wim Swaan, Isfahan: Pearl of Persia (London and Toronto 1966), p. 13.

بنکەی ژین
www.zheen.org

[ڕستەکەی دوایی لە دەقەکەدا بە لاتین ئاوا نووسراوە: Si monumentum requiris circumspice]

٤. Pierre charles L'Enfant (١٧٥٤-١٨٢٥ی ز.) نەخشەکێش و ئەندازیاری فەرانسەوی کە لە شەڕی سەربەخۆیی‌دا چووە نێو سپای ئەمریکا و نەخشەی شاری واشینگتۆنی گەڵاڵە کرد – و.

5. A. Uphan Pope (ed.), A Survey of Persian Art, 6 vols. (Oxford 1938-58; repr. 1964-8), vol. III, p. 1180.

6. Ibid.

★ ڕێکەوتی کۆچی‌دوایی شێخی بەهایی لە عالەم‌ئارادا بە دوازدەی شەشەکانی ساڵی سی‌وپێنجەمی فەرمانڕەوایەتی شاعەبباس تۆمار کراوە (بڕوانە: عالەم‌ئارا، ل ٦٨١) بەڵام بەپێی «ڕۆژەژمێری بەراوردکاری» ووستنفێلد و ماهلێر، ٣٠ی ئووت بەرامبەرە لەگەڵ شەشەکانی ١٠٣٠ی کۆچی.

٧. عالەم‌ئارا، ل ٦٨١.

٨. عالەمئارا، ل ٦٨١؛ محەممەدعەلی مودەڕڕیسی تەورێزی، «ریحانةالادب»، ب ٣، چاپی دووەم، تەورێز، شەفەق، ل ٣١٩ – و.

9. Donald Wilber, "Aspects of the Safavid at Isfahan", in Iranian Studies, VII (1974): Studies on Isfahan Part II, p. 408.

10. Sir Roger Stevens, The Land of the Great Sophy (London 1962), p. 172.

11. Thomas Herbert A Relation of Some Yeares Travaile into Afrique, Asia, Indies (London 1634), p. 86.

١٢. عالەمئارا، ل ٥٥٠ – ٥٥١.

13. Bagher Shirazi, "Isfahan the old; Isfahan the new", in Iranian Studies, VII (1974): Studies on Isfahan Part II, p. 588.

14. Anthony Welch, Shah Abbas and the Arts of Isfahan (The Asia Society Inc. 1973), p. 18.

15. Stevens, p. 183.

16. Pope, Survey, vol, III, p. 1185.

17. Pope, Survey, vol, III, p. 1186.

18. Wilber, p. 407.

19. Wilber, p. 407.

20. Robert Byron, the Road to Oxiana (London 1950), pp. 177-8.

21. Blunt and Swaan, p. 71.

22. Byron, p. 135.

٢٣. ئەم وێناکردنەی بازاڕی ئیسفەهان لە ڕووی وتاری یەکجار باشی خوارەوەی عەلی بەختیارییە:

"The Royal Bazaar of Isfahan", in Iranian Studies, VII (1974): Studies on Isfahan Part I, pp. 320-47.

٢٤. لەم سەرچاوەیەدا گێڕدراوەتەوە:

Wilfred Bulnt, Pietro's Pilgrimage (London 1953), p.127.

25. Stevens, p. 184.

26. George N. Curzon, Persia and the Persian Question. 2 vols. (1892; repr. London 1966), vol. II, p. 34.

بنکەی ژین
www.zheen.org

27. John Fryer, A New Account of East India and Persia, vol. III, Hakluyt Society 2nd series,no. XXXIX (London 1915), p. 16.

لێرەدا ئاماژەی فرایر بە کۆشک و تەلاری نەجیمزادانە.

28. Wilber, p. 409.

29. Sir John Chardin, Voyages du Chevalier Chardin en Perse, et autres lieux de I'Orient, ed. L. Langlès, IO vols. (Paris 1811), voll, VIII, p. 43, quoted in Curzon, vol. II, p. 37.

[سیاحەتنامەی شاردێن، ب ٧، تاران، ئەمیرکەبیر، ١٣٤٥ی هەتاوی (١٩٦٦)، ل ٣٢٩-٣٠.]

30. Curzon, vol. II, p. 38.

31. Curzon, vol, II, pp. 38-9.

32. Curzon, vol, II, p. 39.

33. Curzon, vol, II, p. 45.

34. Blunt and Swaan, p. 147.

٣٥. هەر جەریبێک بەرامبەری ١٠ هەزار میتری چوارگۆشەیە، بەڵام نابێ پێمانوابێ ئەو باخانە هێند گەورە و بەربڵاو بوون، چونکە «هەزار» لە فارسیدا بەگشتیی بۆ نیشاندانی ژمارە و بڕی زۆر دەکار دەکرێ.

36. Curzon, vol, II, p. 47.

37. Jean Baptiste Tavernier, Les six voyages de Jean Baptiste Tavernier en Turquie, en Perse et aux Indes, 2 vols. (Paris 1677), vol. I, p. 410.

[ئەم کتێبە کراوەتە فارسی، «کتێبی تاوێرنیە»، وەرگێڕدراوی نەزمودەولە ئەبووتوراب نووری، محەڕڕەمی ١٣٣١ی کۆچی (١٩١٢ی ز.) چاپخانەی برایانی باقرۆف.]

38. Herbert, p. 87.

39. Tavernier, p. 418.

40. Herbert, p. 37.

41. Stevens, p. 174.

42. Curzon, vol. II, p. 26, n. I.

43. Sir Roger Stevens, "European Visitors to the Safavid Court", in Iranian Studies, VII (1974): Studies on Isfahan Part II, p. 429.

بنکەی ژین
www.zheen.org

۸

# پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەوڵەتی سەفەوی

## ١- پێکهاتەی کۆمەڵی سەفەوی

کۆمەڵی سەفەوی لە سەر سیستمێکی قووچەکی دامەزرابوو. شا دەکەوتە نووکی قووچەکەکە. فەرمانڕەوایەکی دادپەروەر کە خرمانەیەکی پیاوچاکی ئاڵقەی لە دەورەی دابوو و ژێردەستانی لە پەنایدا دەژیان. «دەوڵەت» سەرەتا تەنیا بریتی بوو لە واتای «بەرەکەت» و «بەختەورەی»، بەڵام لە دەسپێکی سەدەی حەڤدەوە بۆ مانای تایبەتی وڵات هاتە بەر کار و ڕەنگدانەوەیەک لەم بۆچوونە دەگەڕایەوە سەر خودی فەرمانڕەوا. بەپێی ئەم تێڕوانینە، لێپرسراوانی پایەبەرزی دەوڵەتی سەفەوی بە «کۆڵەکەکانی دەوڵەت» دادەندران و وەزیر کە دەکەوتە سەرەوی دیوانسالاران نازناوی «اعتمادالدوله»ی بە بالای بڕا. جەماوەری ئاسایی دەکەوتنە بەرەوەی قووچەکەکە کە بریتی بوون لە وەرزێران و قوڵەئاغاکانی گوندەکی، سنعاتکاران، دووکانداران و بازرگانانی بچووکی شاران. لە مابەینی شا و خەڵکی ئاساییدا، مەزنانی لەشکریی و دەزگای بەڕێوەبەرایەتی وڵات و گەلەجاڕێک مەلا و فەقێی خوار و ژوور بە ئەرک و کاری جیاوازەوە خۆیان دەنواند. هێندێک لەم پیاوانەی ئایینی بەپێی وەسێت

یان باربووی خەڵک ئەرکی سەرپەرستیی و بەڕێوەبردنی زەویوزارێکی بەرفرەوانیان بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کاروباری دینی خرابوویە ئەستۆ. ئەمانە لەگەڵ دەرەبەگان خاوەنی قازانجی هاوبەش بوون. سایری ڕێبەرانی دینی کە هەستیان بە دەوری مێژوویی خۆیان کردبوو وەک لەمپەر و پارێزەرێک لە نێوان دەسەڵاتی بێهەوساری فەرمانڕەوا و مسکێناندا، بەوپەڕی تواناوە تێدەکۆشان کە خەڵکی ئاسایی لە بەرامبەر شەپۆلی زوڵم و زۆری پلەبەرزانی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی وڵات و مەزنانی لەشکریدا بپارێزن. ڕادەی ئەو زوڵم و چەوسانەوەی کە شانی چین و توێژەکانی خواردەستە و هەرەبەرەژێری دەگرتەوە، لەگەڵ دەسەڵاتی شا تەواو پێچەوانە و سەروخوار دەکەوت. هەروەک «سێرجان مێلکۆم» بە ڕوونی تێیگەیشتبوو «ئەو مەترسییەی کە هەمیشە هەڕەشە لە نیزیکانی شا دەکا بە هیچ چەشنێک لەگەڵ ئەو تەناهی و ئاساییشەی کە پاشماوەی کۆمەڵ خۆیان وەژێر باڵی داوە، یەکتر ناخۆیننەوە؛ چونکە هەرکام لە وەزیران یان پیاوانی بارگا بە ناوی ئەوەوە دەست بەرن بۆ زەبروزەنگ یان سەرەڕۆیی دەکەونە بەر مەترسی، مەگین ئەوەی کە شا زور بێدەسەڵات یان گەلێ زاڵم بێ.»[1]

بەپێی دابونەریتی وڵات خەڵکی دەیانتوانی هاوار و سکاڵا بەرنە بەر دەمی پادشا و ئەمەش ئامرازێکی باش بوو بۆ پاراستنی جەماوەر لە چنگ شوولێهەڵکێشانی دیوانداران. مێلکۆم سەبارەت بەم مافە کە لە سەدەی نۆزدەشدا هەر باو بوو دەڵێ: «ڕێوشوێنی سەرەکی ڕاگرتن و بەرپەرچدانەوەی کرداری نالەباری حاکمان، ئاواڵەبوونی دەرگای سکاڵایە لای پادشا و هەر کەس تووشی چەوسانەوە بێ، هەمیشە دەتوانێ ڕووی تێبکا، چونکە لە ئێرانا کەس ناتوانێ بەر بەم ڕەوتە بگرێ. وەختایەک مەزلووم بگاتە بارگا دڵنیایە کە سکاڵاکەی لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێ.»[2] مێلکۆم نەزیلەی سەرپەلێکی بریتانیایی دەگێڕێتەوە کە لە دەوڵەتی ئێراندا کاری دەکرد و سەرکردەی باڵادەستی بەری بە مووچە و مانگانەکەی دەگرت. کابرای سەرپەل کە نەیتوانی ڕەزامەندیی دڵخوازی سەرکردەکە وەدەست بێنێ، ڕاستەوخۆ شکایەتی بردە بەر شا. مێلکۆم دەڵێ وەزیرەکانی شا ئەم شێوازەیان تەواو بە سروشتی و لەبار دەزانی. ئەم سیستمە حکوومەتێکی یەکجار تاکەکەسی لێکەوتەوە وێڕای تەواوی

چاکە و خراپەیەکی ئاشکرای کە شێوازێکی ئاوای حکوومەتی هەیەتی؛ بەڵام چ کەسێک دەتوانێ بڵێ کە بارودۆخی ژیانی ئادەمیزادێکی ئاسایی لە کۆمەڵێکی ئەوتۆدا ناخۆشتر بووە لە هەلومەرجی جەغزی ڕۆژگاری هاونیشتمانێکی ئەمڕۆیی کە هەوڵ دەدا ڕەزامەندیی کاربەدەستێکی کەسنەناس یان کامپیۆتێرێک وەدەس بێنێ؟!



٢٦- جلوبەرگی خەڵکی ئیسفەهان

لە ئێرانی کۆندا شا هەرگیز کەسێکی وەک فیرعەون یان ئیمپراتۆری ژاپۆن نەبوو کە دەستوێرانەکا. بەپێچەوانە، وەک جارێکی بیستم «پیتێر براون» بە وریایی تێگەیشتووە کە پادشاهانی ساسانی بەئانقەست وێنەی خۆیان لە بنی کاسان‌دا دەکێشایەوە هەتا دیمەن و ڕوخساریان بخەنە بەرچاوی جەماوەر. بەم شێوەیە بۆ کەسێکی ئاسایی ناو و دیمەنی ئەو فەرمانڕەوایانە ناسراو بوو و بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی پێکدێنا. لە سەردەمانی نیزیکتردا، چاوەدێرانی ئورووپایی زۆرجاران سەریان سوڕماوە لە دەس‌وێڕاگەیشتنی جەماوەر بە پادشایان و هەڵسوکەوتی ئاسایی ئەوان لەگەڵ پیاوانی بارگا و پایەبەرزان و سەرقاڵ بوونی شێلگیرانەیان بە کاروباری حکوومەتەوە. «تێوێنۆ» دەڵێ کە «ئەوان زۆر بەگەرمی و ڕووگەشی لەگەڵ غەواران و تەنانەت جەماوەری خۆماڵی

دەجووڵانەوە و هەتا رادەیەک بە ئازادی لەگەڵیان دەکەوتنە خواردن و خواردنەوە.»[3] مێلکۆم لە رووی ئەو شتانەرا کە خۆی دیتوونی دەڵێ:

«هیچ وڵاتێک نیە کە پادشا بە ئەندازەی ئێران ئەرکی لەسەر شان بێ... وەختایەک کە لە هۆردووگایە، کاروبارەکانی لەگەڵ پایتەخت جیاواز نین و دەکرێ بڵێی کە هەموو رۆژێک شەش‌حەوت سەعات لە نێو خەڵک دایە و نە تەنیا چین و توێژەکانی خوار و ژوور چاویان پێی‌دەکەوێ، بەڵکوو دەتوانن بچنە دیداریشی. ناکرێ پادشایەک کە داب‌ونەریت ئاوا ئەرکی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ کۆمەڵانی جەماوەرەکەی دەخاتە ئەستۆی لە هەلومەرجی ژیانیان بێخەبەر بێ و ئەم ئاگادارییە دەبێ گەشە و پێشکەوت و تێری و تەسەلی لێبکەوێتەوە، مەگین ئەوەی کە شا هەر زەگماک نەفام بێ.»[4]

بێگومان شاعەبباس لە بارودۆخی ژینی جەماوەری دەزانی، چونکە خۆی دەگۆڕی و بە جلوبەرگی کەس‌نەناسەوە رووی دەکردە چایخانە و قاوەخانە و تەنانەت جندەخانەکانی ئیسفەهان و وەها لەگەڵ ئاپۆرای چڕوپڕی مەیدانی نەخشی جیهان تێکەڵاو دەبوو کە بۆ پۆلیسەکانی ئاییشی ئەمرۆش دەبێتە هۆی نیگەرانی. شا ئەم دەرفەتەی بۆ تاقیکردنەوەی سەرراستی کاربەدەستان و بازرگانان بەکار دێنا. «تاوێرنیە» دەگێڕێتەوە کە «شەوێک شاعەبباس بە بەرگی جووتیارانەوە لە کۆشک دەرکەوت و «مەن»ێک نان (٩٠٠ درەم) و «مەن»ێک گۆشتی لە دووکانەکانی نێو مەیدانی نەخشی جیهان کڕی کە بەرپا کرابوون. شاعەبباس ئەوانەی کڕیبوونی هێنانییەوە کۆشکێ و دەستووری دا وەزیر لەبەر چاوی پایەبەرزانی وڵات بیانکێشێتەوە. نانەکە ٨٤٣ درەم و گۆشتەکە ٨٥٧ درەم هاتەوە. زۆری دەستەوداوێن بوون هەتا توانیان شا لە کوشتنی لەرێوەی سەرۆکی ئاساییش و فەرمانداری ئیسفەهان پەشیمان بکەنەوە و هەر بە هێندە رازی بوو کە نانەواکە لە تەندووری خۆی باوێن و قەسابەکە بە شیشەوە بکەن و بیبرژێنن.»[5]

زۆرجاران ئاماژە کراوە کە یەکێک لە جیاوازییە دیار و بەرچاوەکانی نێوان کۆمەڵی ئیسلامی و کۆمەڵی رۆژاوایی، هەبوونی پۆلێک دامەزراوەی جەماوەریی بەهێزە کە خاوەنی خودموختارییەکی بەربڵاون و لە رۆژاوا پێگەیون، کەچی

کۆمەڵی ئیسلامی لەم بوارەدا قاقڕە و پەپووی لێدەخوێنێ. بەڵام لە نێوخۆی کۆمەڵی ئیسلامی‌دا ژمارەیەکی بەرچاو کۆڕ و دامەزراوەی دێموکراتیکی خۆماڵی هەبوون کە بەتێکڕا هۆکاری یەکگرتوویی ئەو کۆمەڵەیان بەدی دێنا. نموونەی ئەم دامەزراوانە سنفی بازرگانان و سنعاتکاران و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵایەتی ـ ئایینی وەک تاقمەکانی «فتووەت» بوون. ئەندامانی دەستەکانی «فتووەت» زۆربەیان دەروێشان و هەژاران بوون و بنەمای چالاکی و هەڵسووڕانیان دەگەڕایەوە سەر بواری دینی و ئەخلاقی. ئەوان خۆیان دەخستە بەر ڕێنموونی مەعنەوی شێخێکی سەرجەلەی سۆفییان و پەیڕەوییان لەو یاسا و ڕێسایە دەکرد کە لە چەند نامیلکەیەکدا بە ناوی «فتووتنامە» شیکرابوونەوە. بازرگانان و سنعاتکاران خاوەنی دەروویەکی پەیوەندیی ڕەسمیی بوون لەگەڵ دەوڵەت. بە گوتەی مێلکۆم:

«لە هەر شارێکی گەورە و بچووکدا، بە هەر گرینگایەتێکەوە، بازرگانان، کاسپکاران، کەڵتەکاران و کرێکاران هەرکامەیان سەرۆک یان بە واتایەکی تر نوێنەرێکیان هەیە کە... لە لایەن ئەو کۆمەڵەی وا سەر بەوانە، هەڵدەبژێردرێ و شا پەسندی دەکا. زۆر بە کەمی هەڵدەکەوێ کە لەسەر کاری خۆی لابەرن، مەگین لەبەر سکاڵای کەسانێکی کە ئەو بە نوێنەریان دادەندرێ. تەنانەت لەم بابەتەشدا بەرلەوەی لەو پلەیەی هەڵدێرن کە ڕێزی ئەوان بۆی بەدی هێناوە، دەبێ تۆماتی کەمتەرخەمی یا گەندەڵکاری بە شوێنەوە بێ و تاوانەکەی لەسەر سوور کەنەوە.»[٦]

یەکی دیکە لەو پلەدارانەی کە بە مەیلی کۆمەڵ هەڵدەبژێردرا کەیخودا بوو. کەیخودا لە شاراندا وەک کاربەدەستی بەڕێوەبردنی یاسا و ڕێسای گشتیی و بەتایبەت وەکوو داوەر و لە ژێر چاوەدێری سەرۆکی شارەوانی‌دا کاری دەکرد و ئەرکەکانی ڕادەپەڕاند. کەیخودا لە گونداندا بە کوێخادێ دەناسرا. مێلکۆم جەخت دەکاتە سەر کارکردی گەل‌سالارانەی کەیخودا کە بەڕەسمیی هەڵنابژێردرێ:

«بەڵکوو ویستی خەڵک ئەوان دیاری دەکا... ئەگەر دادوەری هەڵبژاردەی شا بە دڵی هاونیشتمانان نەبێ، دادوەر ناتوانێ هەستێ بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆی، چونکە بەڕێوەبردنی کارەکانی پێویستی بە قسەڕۆیشتوویی و لەبار جووڵانەوەی نێو جەماوەرە کە بێتە یاریدەی دەسەڵاتە قانوونییەکەی. لە شارۆچکە و گونداندا هێشتاش مەیلی



٢٧ ئەلف - جلوبەرگی پیاوانەی بارگای میری



٢٧ ب - جلوبەرگی ژنانەی بارگای میری

دانیشتووان بۆ هەڵبژاردنی کەیخودا یان دەمڕاست چارەنووسسازترە و ئەگەر کەسێک ناوی بکەوێتە سەر زمانان و بە دڵیان نەبێ، وای لێدەکەنە هەڵلا و نایبڕنەوە کە بۆخۆی دەس لە کار دەکێشێتەوە یان بە لابردنی دەدەن. ئەم ڕاستییانە گرینگن، چونکە هیچ شانەبەرزەیەک بۆ بەختەوەری جەماوەری کۆمەڵێک ناتوانێ پێویستتر بێ لە مافی هەڵبژاردن یان تەنانەت کاریگەربوون لە هەڵبژاردنی دادوەرەکانیدا.»[٧]

«تاوێرنیە» بەڕوونی دەیدرکێنێ کە شا سەرۆکی شارەوانییەکانی هەڵدەبژارد و کەلانتەر (سەرۆکی شارەوانی) تەنیا لە بەرامبەر شادا وەڵامدەرەوە بوو. ئەرکی کەلانتەر پاراستنی خەڵک بوو لە بەرامبەر زوڵم و زۆری حاکماندا.[٨]

کۆمەڵی سەفەوی لە فەرهەنگی ئەمڕۆدا دەبێ بە «شیاوسالار»* ناودێر بکرێ. ئەم کۆمەڵە بێگومان سیستمێکی حوکمڕانێتی «مەزنسالار» نەبوو، ئەگەرچی توخم و تۆوی بەهێزی مەزنسالاریش خۆی تێدا دەنواند؛ کەمتریش ڕێی تێدەچێ کە بە «تاقمەسالار»* ناودێر بکرێ «ئوولیاریووس» سەرنج ڕادەکێشێتە سەر ئەم لایەنەی کۆمەڵی سەفەوی و دەڵێ کە کاربەدەستان بەپێی لێوەشاوەیی هەڵدەبژێردران نەک بەگوێرەی بنەچەکەیان. پاشان هەر لەسەر ئەم باسە دەڕوا و دەڵێ دەیانزانی کە ئەمە تەنیا ڕێگای گەشە و بەرزبوونەوەیە هەتا بالاترین پلەکان. «ئوولیاریووس» لای وایە کە لە ئێراندا پلەوپایەکان بە میرات نەدەگەڕان و نەدەفرۆشران. ڕاستە کوڕانی پیاوماقووڵان پاش مردنی باوکیان بە نیشانەی ڕێزگرتنی خزمەتە چاک و شیاوەکانی ئەوان بە وڵاتی سەفەوی، بۆ وەرگرتنی جێنشینایەتی پلەی باوکیان وەبەرچاو دەگیران، بەڵام ئەم جێگرتنەوەیە تەنیا دەگەڕایەوە سەر لێهاتوویی و خزمەتەکانی خۆیان.[٩] کارپێکردنی ئەم ڕێوشوێنە وێڕای پڕمەترسی بوونی پلەکانی بالا، بەئاشکرا دژ و بەرهەڵستی پێکهاتنی ڕایەڵوپۆی مەزنایەتییەکی پتەو و ڕیشەدار بوو. ئەگەری گوڵ کردن لە گومناویڕا بۆ بەرزترین پلە شتێکی ڕاستە و ئەفسانە نەبوو. «مێنوارینگ» سەربوردەی پیاوێکی تۆمار کردووە کە لە ئیسفەهان شیری دەفرۆشت. ئەم کابرایە سەرنجی شاعەبباسی ڕاکێشا و سەرەنجام بوو بە سەرکردەی پاسەوانەکانی و فەرمانی بە سەر هەزاران کەسدا لێدەدا.[١٠] محەممەدعەلیبەگ کە «چاوەدێر» بوو تاوێرنیە «بە ڕووڕاست و دەسپاکترین

پیاوی دەزانێ کە ئێران بە درێژایی سەدان ساڵان بە خۆیەوە دیوە» و دەڵێ وەختایەک شاعەبباس سەرقاڵی ڕاو بوو تووشی حەمەعەلی بەرخەوانی مێرمناڵ هات کە دانیشتبوو و بلوێری لێدەدا. کاتێک شا چەند پرسیارێکی لێکرد و وڵامەکانی کوڕێژگەی بیستەوە، ئەوەندەی پێ سەیر بوو کە لەڕێوە بە مەبەستی ڕاهێنان و پەروەراندنی لەگەڵ خۆی بردی بۆ بارگا. دوابەدوای وی گەیشتە پلەی چاوەدێر (چاوەدێری کارگەکانی میری) و شا دەزگای بەشی پەیوەندییەکانی دیپلۆماتیکی لەگەڵ بارگای مەغوول پێئەسپارد.[11] تاوێرنیە هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کە جێگرەوەی محەممەدعەلیبەگ کە ناوی «محەممەدبەگ» بوو، ئەویش لە چین و توێژەکانی خوارەوەڕا پێگەیبوو و لە بەرگدروونەوە لە تەورێز بەخێرایی گەیشتە پلەی «موعەییرباشی» (ئەو کەسەی عەیاری سکەی زێڕ و زێو هەڵدەسەنگێنێ).[12] سەرەنجام محەممەدبەگ گەیشتە باڵاترین پایەی ئیداری کە وزارەت بێ، بەڵام تۆبلێی خاوەنی هەموو مەرجەکانی پێویستی وەرگرتنی ئەم پلەیە بووبێ؟ بە بڕوای من جێی گومانە، چونکە فەرانسەوییەکی فێڵەباز بە ناوی «شاپل دو هان» کە بانگەشەی پسپۆڕایەتی لە بواری دەرهێنانی زێڕ و زێو و مز و کانزای دیکەیدا دەکرد، خەڵەتاندی، بەڵام پاش لێدانی کان و بەرهەمهێنان دەرکەوت تەواوی ئەوەی کە دۆزیویەتەوە کانگایەکی قورقوشمە لە نیزیک ئیسفەهان لەگەڵ هێندێک زاخ و تالک (تەلق = دەلق = میکا). سووتەمەری پێویست بۆ پاڵاوتنی قورقوشم دەبوو لە مەودایەکەوە هاتبا کە پازدەبیست ڕۆژەڕێی وشتران بوو کە خەرجەکەی تەواو بڕی داهاتەکەی تێدەچوو.[13]

نابێ لەبیرمان بچێ کە سیاسەتی پادشایانی سەفەوی بە مەبەستی بەدیهێنانی «هێزێکی سێهەم» لە وڵاتا کە نە لە ڕەگەزی ترک و نە لە تۆرەمەی ئێرانی بوو (بگەڕێنەوە سەر بەشی ٤)، مەیلی بەرەو شیاوسالاری و لە کار وەردانی کەسانی لێهاتووی لە کۆمەڵی سەفەویدا زۆر گەشاندەوە. ڕاستە کە هێندێک لەو گورجییانەی کە بە دڵی خۆیان سەریان وەبەر حکوومەتی سەفەوییان هێنا و قۆڵیان هەڵکرد بۆ خزمەت کردنی، پیاوماقووڵانی گورجی بوون، بەڵام بەشی هەرەزۆری ئەو ئەرمەنی و گورجی و چرکەسانەی کە لە مەودای پەلامارەکانی سەفەوییەدا بۆ سەر قەفقاز لە ڕۆژگاری شاتۆماسبەوە بەرەودوا بە دیل گیران و خرانە بەر ڕکێفی سەفەوییە، وێدەچێ کە لە چین و

توێژەکانی خواردەستەی کۆمەڵ بووبن. بە بیستنی ئەم ناوە ڕەسمییەی «غولامانی تایبەتی خاوەنشکۆ» نابێ ئەم ڕاستییە لە چاوان ون بێ کە کەسانێک هەر لەم غولامانە گەیشتنە بالاترین پلەکانی حکوومەتیی.

تەنانەت قزڵباشانیش کە مەزن و ماقووڵانی سپای سەرەتای سەفەوییان پێکدێنا، تێگەیشتن کە بە تێپەڕینی زەمان و بەتایبەت لە ئاکامی ئاڵوگۆڕی دارشتی کۆمەڵ بە دەس عەبباسی یەکەم کە لە بەشی چواردا باسی کرا، پلە و پێگەی بالایان لە کۆمەڵا بەرەبەرە بەرەو تێداچوون گلۆر بۆوە. زۆرجاران لە نێوخۆی ڕیزی قزڵباشاندا دەسەلات جێگۆڕکەی پێدەکرا. هیچ خێڵێکی دیاریکراو بۆ ماوەیەکی بەرچاو ناوچەیەکی «پاواندەرەبەگی» بە دەستەوە نەدەما و ئەمە بەری دەگرت لە هەڵدان و گەشە و تەنینەوەی مەزن و دەرەبەگانی سەر زەویوزاران بە واتا ڕۆژاوایییەکەی. مانەوەی دەسەلات لە چنگ خێڵ و هۆزێکدا زۆری درێژە نەدەکێشا، ئەو خێلانەی کە لە ئاخروئۆخری سەردەمی سەفەوییەدا تەواوێک پێهەلاچووبوون، لە ڕۆژگارانی پێشووتردا هەر ناویشیان نەدرکاوە. بۆ وێنە ئەفشارەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی شازدەوە بەرەودوا و قاجارەکان لەوەش دەرنگتر بوونە خاوەنی پێگەیەکی بڵند و بالاچوون. هیچکام لە پیاوانی یەکێک لەم دوو خێڵە لە نیوسەدەی سەرەتای دەسەلاتی سەفەوییەدا پلەیەکی بەرزیان پێنەسپێردراوە. کەوایە هیچ وێکچوونێک لە مابەینی بارودۆخی میر و مەزنانی سەدەی هەژدەهەمی فەرانسە یان بەرزەوەجاخانی سەدەی نۆزدەهەمی ڕووسیادا بەدی ناکرێ کە دەیانتوانی لە پاڵەوپشتی سەدان ساڵەی دەرەبەگایەتی بنە و بنەچەکەیان پاڵ بدەنەوە.

ئەگەر سیستمی بەڕێوەبەرایەتی سەفەوییە بە شێوەی ئەستوونی دابەش ببوو بە سەر «ملکی تایبەت» و «ملکی گشتیی» یان هەرێمەکاندا، کۆمەڵی سەفەوییە هەتا زەمانی هاتن و تێکەڵاوبوونی توخم و تۆرەمەکانی گورجی و ئەرمەنی و چرکەس لەگەڵی، لە نیوەی دووەمی سەدەی شازدەدا، بە شێوەی ئاسۆیی و بەپێی هەڵاواردنی ڕەگەزان، لە نێوان دوو ڕەگەزی «بناغەدانەر» واتە ترکانی قزڵباش و ئێرانییان دابەش کرابوو. بێتوو ناکۆکی نێوان ئەم دوو ماکە گرینگەی کۆمەڵی سەفەوی هەوسار کرابا، دەیتوانی داهێنەر و سەرچاوەی دەسەلات بێ یان بەپێچەوانە دەیتوانی هێزێکی دەرەوەی بازنەی دەسەلاتی ناوەند بەدی بێنێ

کە هەرەشەی لێکهەلوەشانی کۆمەلی لێدەکەوتەوە. لە بەشی ٢دا ئاماژەمان کرد بە ڕوانگەی چەقبەستووی ئەم دوو «ڕەگەزە بناغەدانەر»ە سەبارەت بە یەکتر دەربارەی دەوری ئەویتریان لە کۆمەلا. لە سەردەمی شاتەهماسبەوە بەرەودوا فەرمانڕەوایانی سەفەوی بە ڕەچاو کردنی ڕەوت و ڕێبازی ڕاگوستنی کوڕانی پایەبەرزانی قزلباش بۆ نێو بارگای میری بە مەبەستی ڕاهێنان و پەروەرانـدنیان، هەولیان دا قەلشت و کەلەبەری نێوان ترکان و تاجیکان (غەیرەترکان) کەم بکەنەوە، کە لە ڕۆژگارانی پێشووڕا بە وردی پەیڕەو دەکرا. ئەم مەشق و ڕاهێنانە نە تەنیا بریتی بوو لە چالاکی و هەلسووڕانی شیاوی «پیاوانی شمشێر» وەک کەوانداری، ئەسپسواری و شیروەشاندن، بەلکوو فێر کردنی وێنەگەری و نووسەریشی دەگرتەوە کە لە لایەن قزلباشە کۆنەپەرستەکانەوە گالتەی پێدەکرا. لە ئاکامی ڕەچاو کردنی ئەم سیاسەتە لە زەمانی شاعەبباسی یەکەمدا دەستەیەک پلەداری لاوی قزلباش هەبوون کە لەو قزلباشانەی هەر لەسەر بیری خێلەکی کۆن مابوونەوە، خوێندەوارتر و تێگەیشتووتر بوون و لە ئاکامدا توانست و زانستی پێویستیان بۆ بە دەستەوەگرتنی کاروباری بەڕێوەبەرایەتی، یانی ئەو بەشەی کە هەتا ئەو دەمی تایبەتی ئێرانییەکان بوو، وەدەس هێنابوو.

تایبەتمەندییەکی گرینگی کۆمەلی سەفەوی پەیوەندییەکی توند و پتەو بوو کە لە نێوان زانایانی ئایینی و چین و توێژەکانی دیکەی پێکهێنەری بازاڕدا بەدی هات. کۆمەلی پێکهێنەری بازاڕ بریتی بوون لە بازرگانان، ئەندامانی سنفەکان (سنعاتکاران و کاسپکاران و دووکانداران) و ئەندامانی ڕێکخستنەکانی برایەتی نیمچەئایینی وەکوو «فتووەت». ئەم یەکێتییە بە ژن و ژنخوازی نێوان مەزنەمەلاکان و بنەمالەی بازرگانان پتر قایم بوو. ئەمەی کە لە سەردەمی سەفەوییەدا پیاوانی ئایینی بەڕێوەبردنی بەشێکی زۆر پەرەگرتووی مەوقووفاتیان بە دەستەوە گرت، بەدی هاتنی قازانجی هاوبەشی نێوان چینی بازرگانان و ئەوانی لێکەوتەوە. لە هەمان کاتا هێندێک لە مەزنەمەلاکان چوونە چینی دەرەبەگان. جگە لەو زەویوزارەی کە لەبری مووچە و مانگانە تایبەت دەدرا بە پلەدارانی ولات (پاوانەدەرەبەگی)، بەشی زۆری مەزراکان، زەویوزاری وەقفی بوون. شاعەبباسی یەکەم لە سالی ١٦٠٧ (١٠١٥-١٦)دا تەواوی ملکوماش و

سامانی تایبەتی خۆی کردە وەقفی چاردە ئیمامان (پاکان) و خۆی لێی بوو بە سەرپەرست و پاش خۆشی دایە دەست جێنشینەکەی.[١٤] بە قسەی ئەسکەندەربەگی مونشی، مێژوونووسی هاوچەرخی شاعەبباس، ئەم خێرووومەندییە جگە لە لایەن پادشایانێکەوە کە پاش بەخشینی ماڵ و سامانی خۆیان، تەمای کشانەوەیان بووبێ لە فەرمانڕەوایەتی و گرتنەبەری ژیانێکی پیاوچاکانە، پێشینەی نەبووە.[١٥] زیاد لە ملکوماشی خودی شا کە بایی ١٠٠٠٠٠ تمەن شاهیی ئێراقی بوو، میوانخانەکان، تاریکەبازاڕ، دووکانەکانی گەڕانگەڕی مەیدانی نەخشی جیهان و گەرماوەکانی ئەو شارەش بەشێک بوون لە وەقفەکان. هەبوونی ئەم کۆمەڵە بەرفرەوانە کەوتبووە ژێر چاوەدێریی بەڕێوەبەرەکەی. داهاتەکانی پاش کەمکردنەوەی بڕی خەرجوبەرجی بەڕێوەبەرایەتی، بەپێی بەرژەوەندی سەردەم بۆ کاروباری ئیداری و زێدەمووچەی کارگێڕانی شوێنەکە و کەسانێکی کە لە ژێر سایەی ئەم جێیانەدا دەژیان و زیارەتکاران و زانایانی دینی و پیاوچاکان و فەقێیان خەرج دەکرا. بە بڕوای «بەنانی»:

«هەر تەنیا ئەم کارە نە تەنیا ڕاستەوخۆ لە زەویوزاری وەقفی بە ڕێژەیەکی هێندێک بەرچاوی زیاد کرد، بەڵکوو بوو بە سەردەق بۆ دەرەبەگان هەتا ئەوانیش بکەونە پێوشوێنی کارێکی ئەوتۆ. لە ڕێی وەئەستۆگرتنی سەرپەرستێتی ئەوقاف و سپاردنەوەیان بە بنەماڵەکانیان پاش مردنیان، ئەم دەرەبەگانە دوای دانی هێندێک خێر و خێرات کە زیاتر شتێکی ڕواڵەتی بوو، هەروا لە بەروبووی مەوقووفاتەکانیان دەخوارد. بەم شێوەیە هەتا ئەندازەیەک لە مەترسیی دەسبەسەرداگیرانی دارایی و هەروەها دانی پیتاک و کۆنەقەرزان دەخەلەستن... ئەندامانی توێژەکانی ئایینی – بەتایبەت مەزنەمەلایان و سەیدەکان – بە چەشنێکی پەرەگر بۆ سەرپەرست دادەندران... ئەوان وەک سەرپەرستی مەوقووفاتی خەڵک دەستیان پێکرد و کەوتنە کۆکردنەوە و وەسەریەکنانی ملکوماشێکی هەراو بۆ خۆیان و وەک ئاغاوەتی ناوچەکانی خۆیان لێهات و بوونە خاوەنی دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بەرفرەوان.»[١٦]

«زێدە لەمەش پیاوانی توێژەکانی ئایینی داهات یان بەخشران لە پیتاکیان وەک پاواندەرەبەگی لەسەر تۆمار دەکرا. لەبەروەی کە زەوی پاوان دەبوو بە

ملکی یەکجارەکی یان بە میرات دەسوورا. «ئەو ناوچەیەی کە کەسێک وەریدەگرت وەک چەشنێک یەکەی خودموختاری لێدەهات لە نێوخۆی خاکی وڵاتا.»[١٧]

## ٢- کاکڵ و نێوەرۆکی ئابووریی سەفەوییە

**ئەلف) ئابووریی نێوخۆ**

دوو پایەی ئابووریی نێوخۆ بریتی بوو لە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ. لە سەرەتای ئەم بەشەدا کۆمەڵی سەفەوییە وەک کۆمەڵێکی قووچەکیشکڵ وێنا کرا. وەرزێران دەکەوتنە داوێنی ئەم قووچەکەیە. هەروەک لە پلەکانی سەرووی حکوومەتی و بەڕێوەبەرایەتی وڵاتا ناکۆکی و دووتۆوی هەبوو لە نێوان قزڵباشانی شمشێردار و تاجیکان (ئێرانییان)ی قەڵەمدار، لە ڕیزەکانی خوارەوەی کۆمەڵیشدا، دووبەرەکی هەبوو لە مابەینی تورکمانان و وەرزێرانی ئێرانیدا. ڕەوتی ژیانی ئەم دوو ماکە سەرەکییەی دەسپێکی دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوی تەواو لێک جیاواز بوو. خێڵەکانی تورکمان: «ئاژەڵدار بوون و دوورەپەرێز و خۆبژێو دەژیان و گەرمێن و کوێستانیان دەکرد و دەبوونە چەند تایفەیەک و سەریان وەبەر سەرۆکانی خۆیان دێنا.»[١٨] لە لایەکی دیکەوە جووتیارانی ئێرانی سەرقاڵی کشتوکاڵ و ئاواییNشین بوون. لە قۆناخی پێش شاعەبباسی یەکەمدا، زۆربەی زەویوزاری وڵات کرابوونە پاوانی لێپرسراوانی گەورە و مەلاکان و لەبری مووچە و مانگانە بەرهەم و داهاتەکەیان دەخواردن. لە دەورانی شاعەبباسی یەکەمەوە مووچە و مەزرایەکی پتر کەوتنە ژێر دەسەڵاتی خودی شا و ڕاستەوخۆ لە لایەن چاوەدێرانی پادشاوە بەڕێوە دەچوون. بەڵام ئەم گۆڕانە لەسەر بنەمای ئیجارەی زەوی یانی ڕەزامەندی نێوان ملکدار و جووتیار بۆ هاوبەشی لە بەرهەمدا بەپێی هۆکارە پێنجینەکان (زەوی، ئاو، جووت و گا، تۆو و کار) شوێنێکی دانەنا. ئەگەر وەرزێر هەر کاری کردبا تەنیا دەودووی حاسڵاتی وەبەر دەکەوت. بەڵام مەرجەکان بەگوێرەی هەرێمەکانی وڵات و لە پای چەشنی بەرهەم دەگۆڕان.

بە بڕوای شاردێن لە نەزمی شەریکەبەشیدا، خاوەن ملک هەمیشە بە نالەبارترین شێوە لەگەڵ وەرزێڕ دەجووڵایەوە و شاردێن گەلێک لەو فێڵوفرتانە دەخاتەڕوو کە بە گوتەی وی ملکداران بە مەبەستی کڕووساندنەوەی زیاتری وەرزێڕان ڕەچاویان دەکرد. ئەم نووسەرە لای وایە کە وەرزێڕان هێندێک تێروپڕن و پاش بەراوردی هەلومەرجی ژیانی جووتیارانی ئێران لەگەڵ باروهەوای جووتیارانی بەڕێژەوترین ناوچەکانی ئورووپا دەگاتە ئەم ئاکامە کە تاقمی یەکەم لە بارودۆخێکی خۆشتردا ڕایدەبوێرن.

شاردێن دەڵێ جووتیارانی ئێران لە هەموو شوێنێک خشڵی زێڕ و زێو بە خۆیانەوە هەڵداوەسن. جلوبەرگی چاک دەبەر دەکەن و پێڵاوی باش دەکەنە پێ. لە ماڵەوە دەفر و ئامان و کەلوپەلی باشیان هەیە (ڕەنگە مەبەستی ڕاخەر و مافوورە بێ) و لە هەمان کاتا کاربەدەستانی حکوومەتی ناحەزیان لەگەڵ دەجووڵێنەوە. بێجگە لەمە لە هەموو شوێنێک نەخاسمە لە ملکوماشی تایبەتی حکوومەتی و زەویوزاری دەرەبەگاندا، جووتیاران دەدەنە بەر بێگاری و بەم چەشنە بارێکی قورسیان دەخەنە سەر شانی.[19]

کشتوکاڵ لە ئێرانا هەمیشە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هەلومەرجی تەسکەبەری ناوچەیی و دابینکرانی ئاو و ئێستاش هەر وایە. لە زۆربەی مەزراکانی وڵاتا گەلێک لە بەرهەمەکان هەر بە داشتن ڕەنێو دێن و لەو شوێنانەش کە حاسڵات و بەتایبەت دەغڵودان بە دێمەکار و بە هیوای باران دەچێندرێن، ڕەنگە تەنیا چواریەکی بەراوان بەرهەمیان لێهەڵگیرێ. هەموو جۆرە میوەیەک بۆ نموونە ترێ هەم زۆرە و هەمیش گەلێک باش ڕەنێودێ. قەدەغەی ئیسلام لەسەر نەخواردنەوەی شەراب جارجارە و ئەویش هەر بە کەیفە و بە فشە دادەسەپێ.»[20] بەشێوەی بەرچاو جوولەکە و ئەرمەنی خەریکی گرتنی شەراب دەبوون و بەشی زۆری پیاوماقووڵانی دەربار و تەنانەت جاروبارە چین و توێژەکانی دیکەش دەیانخواردەوە و چێژەیان لێدەکرد. تاوێرنیە باسی دیداری لەگەڵ خەتیبێک کردووە و گوتوویەتی «مەلایەکی دەوڵەمەند لە دەرەوەی کرمان بانگهێشتنی کردم بۆ ماڵی خۆی و شەرابێکی چاکی دامێیە.»[21] هەمیشە لە

میواندارییەکانی حکوومەتی‌دا شەراب دەخورایەوە و هێندێک لە شاهان بە شێوەیەکی ئەفسانەیی دەیانتوانی بخۆنەوە و دەروونیان دەیبرد. بۆ وێنە شاعەبباسی دووەم پاش ڕۆژێکی تەواو عەیش و نۆش، هێندە وریا و لەسەر کەیف بوو کە دەتگوت قومێکیشی نەخواردۆتەوە.[٢٢] ئاشکرایە کە لەم بابەتەش‌دا وەک زۆرێکی تر، داب و نەریتی ئێرانییانەی بەر لە ئیسلام بەهێزتر بوو لە پێوە زیاد کراوەکانی دواتری ئیسلامی.

کاتێک دەکەوینە کۆڵینەوە و توێژینەوە دەربارەی ئابووری دراویی نێوخۆ، بۆمان دەردەکەوێ کە شا گەورەترین سەرمایەداری وڵات بووە و زیاترین بەشی هێزی کاری لە ژێر ڕکێفی‌دا بووە. «ئەمین بەنانی» سیاسەتەکانی «سەرمایەداریی دەوڵەتیی» عەبباسی لەسەر ئەم پێوشوێنە داوەتە بەر ڕەخنە و گوتوویەتی سەرەڕای ئەوەی کە شا سەرمایەی دەخستە سەریەک و کەڵەکەی دەکرد، «هەڵوێست و سیاسەتەکانی وی بەری دەگرت بە گەڕان و کەڵەکەی سەرمایە لە لایەن خەڵکانی ترەوە» و «سەرمایەداریی خودی خۆشی هیچ چەشنە فکرێکی سنعاتکاری و فێرە کار کردنی تێدا نەبوو.»[٢٣] بە بڕوای من لانیکەم بەشێک لە سەرکۆنەکانی «بەنانی» لە خۆوەن. بێگومان ئەو سەبارەت بە سیاسەتەکانی عەبباس کە دەڵێ دەبوونە بەرگر و لەمپەر لەبەردەم سەرمایەنانەوەی خەڵک، تووشی هەڵە بووە. گەلێک بەڵگە و نیشانە بە دەستەوەن کە کەسانێک لە نێو بازرگانان، بەتایبەت ئەرمەنییەکان‌دا، ماڵ و سامانێکی زۆریان خستە سەریەک. بەنانی بە مەبەستی سەلماندنی تۆمەتی خۆی کە دەیگوت سیاسەتەکانی شاعەبباس هیچ چەشنە فکرێکی سنعاتکاری و فێرە کار کردنی تێدا نەبوو، باسی کارگەکانی میری دەخاتەڕوو کە لە سەردەمی شاردێن‌دا ٣٢ و لە کاتی نووسینەوەی «تذکرةالملوک» لە ساڵی ١٧٢٤ (١١٣٧ی کۆچی)دا هەتا ٣٣ پێهەڵاچووبوون.»[٢٤]

ڕاستە کە زۆرێک لە کارگەکانی میری وەک چێشتخانەکان، قاپشۆرخانەکان، یەختەرمەخانەکان، ئاغەڵەکان و چەندی تر تەنیا هەر ئەو شوێنانە بوون کە مینۆرسکی پێیان‌دەڵێ «بەشەکانی نێوخۆیی»، بەڵام هێندێک لەوان «بەڕاستی وەک کارگەکانی بەرهەمهێنانی حکوومەتی کاریان دەکرد.»[٢٥]

بنکەی ژین www.zheen.org

بەگشتیی ئەم کارگایانە نیزیکەی ٥٠٠٠ هونەرمەندی سنعاتکار کاریان تێدا دەکردن و لە گەشەی سەرجەمی ئابووریدا بەشدار بوون.

«هێندێک لە کارگەکانی خمگەری و ئاوریشمتەنی دەستیان لە کاری خۆیان کێشابۆوە و لەبری ئەوان سیسمتێک هاتبووەگۆڕ کە تێیدا کەتان بۆ ڕەنگرێژی دەنێردرانە شارە بچووکەکان و ماشەری ئاوریشم و هەودای زێڕ بۆ تەنینی هەر چەشنە تەندراوێک، واتە قوماشی زێرچن و مافوورە دەخرانە بەردەستی تەونگەران و جۆلایان و بەڕێوەبەرایەتی دەزگای بە سەرڕاگەیشتنی میری مزەی کاری ئەنجامدراوی بەپێی نرخێکی دیاریکراو دەدا. مافوورەش لە گوندان بە دەس ئەو تەونگەرانە دەکرا کە شا زەوی دابوونێ و ئەوانیش بە دەسرەنجی خۆیان ملکانەیان دەدا.»[٢٦]

کرێکارانی کارگاکانی میری چینێکی سەرووی پیشەوەران بوون. جگە لە مانگانە کە لە قەراروبڕیدا دیاری دەکرا و هەر بە سێ ساڵانیش جارێک شتێکی دەخرایە سەر، هەر کرێکارێک چواریەکی پێوانەیەک، نیوپێوانە و پێوانەیەکی کەلوپەل دەدرایە. ئەم جیرەیە بریتی بوو لە «تەواوی ئەو شتانەی کە بۆ بەڕێچوون و دابینی ژیان پێویست بوون و بەشی ٦-٧ کەسی دەکرد.»[٢٧] کرێکاران ئەگەر مەیلیان لێ بووبا دەیانتوانی لەبری شتومەک، ویشکەمز وەربگرن. ئەوەندە کەلوپەلەی دەیاندا، بایی ٢٠ تمەنێک بوو و وەختایەک لەگەڵ بڕی مووچەی ساڵانە کە لە نێوان ٢ تا ٥٥ تمەندا خوار و ژووری دەکرد بەراوردی بکەین، ڕوون دەبێتەوە کە جیرەی شتومەک بە زێدەداهاتێکی زۆر گرینگ دادەندرا. هەروابێتەوە کرێکارانی تێکۆشەر خەڵات دەکران و جاری وابوو کرێکاران لەبری زیاد بوونی ویشکەمزی سێ ساڵ جارێکیان، خەڵاتێکی بارتەقای مووچەی ساڵێکیان وەردەگرت. ئەم کرێکارانەی کە لە کارگەکانی میریدا کاریان دەکرد، لە شوغڵەکەیان پشتئەستوور بوون. ئەوان «تەواوی تەمەنیان دادەمەزران و هەرگیز دەرنەدەکران. چما نەخۆش کەوتبان یان هێزی کارکردنیان لە کەمێی دابا، مووچەیان کەم نەدەکرایەوە و پزیشکان و دەرمانسازانی بارگا بەخۆڕایی دەرمانیان دەکردن.» ئەم کرێکارانە چ پادشا کاری پێ ئەسپاردبان و چ پێی نەسپاردبان، نەک تەنیا مووچەی خۆیان وەردەگرت، بەڵکوو هیچ دەستیان

وەبەرنەدەهات کە داخوا چەندە سەرقاڵی ئەنجامی کارن بە قازانجی گیرفانی خۆیان.


«ئەو کرێکارانەی کە دەبوو لە سەفەرەکانی میریدا بەشدار بووبان، وشتر یان یەکسمیان دەخرایە ژێر ڕکێفی، بەڵام زۆر بە هاسانی دەیانتوانی ئیزنی مانەوە لە شوێنی خۆیان وەربگرن یان لەجیاتیان، دوای ٦ تا ١٢ مانگ دووری لە خانەولانەیان بۆ پشوودان بگەڕێنەوە. کرێکاران لە تەمەنی ١٢ تا ١٥ساڵیڕا دادەمەزران و پاش مەرگی باوکیان مووچەی ئەویان وەردەگرت.»[٢٨]


پۆلی پیشەوەران دەبوو هەم بێگارییان کردبا و هەم پیتاکی کاسپوکاریان دابا و دابەشینی پیتاکی کاسپی بە سەر کاسپکاراندا یەکێک لە ئەرکەکانی سەرۆکی شارەوانی بوو.


شاعەبباسی یەکەم سەبارەت بە کارکردی نێوخۆی بازاڕیش بە قەدرایە توجارەتی دەرەوە ئۆگری و تامەزرۆیی دەنواند. «مێنوارینگ» نووسیویەتی کە لە بازاڕی قەزوێندا کە سێ هێندەی بازاڕی بوورسی لەندەن بوو «بەڵام نەک بەو جوانییە»، کۆمەڵێک دووکانی بۆ هەموو چەشنە بازرگانییەک لێبوو کە شا لەوێ تەختێکی تایبەتی بۆ داندرابوو:

«لە نێوەڕاستی ئەو شوێنەدا سەکۆیەکی خڕی شەش کۆڵەکە سازکرابوو... جلوبەرگ و کووتاڵ و کاڵای دیکەیان لە سەر دەفرۆشت. ئەو جێیە بە قاڵی و مافوورەی گرانبایی و زێڕ و زێو و ئاوریشم تێوەدراو بە شێوەیەکی شکۆمەند ڕازابۆوە و تەختی شا لە چەقی وێ داندرابوو. ئەم تەختە لە پەڕپەڕی زێو سازکرابوو و پیرۆزە و یاقووتێکی زۆر و شەش ئەڵماسی تێگیرابوو کە وەک ئەستێرە دەدرەوشان. جێی دانیشتنی میر بە ڕەنگی ئەرخەوانی خۆی دەنواند و مرواریدۆز کرابوو و ئەو چرایانەی کە پێوەی هەڵواسرابوون لە ژماردن نەدەهاتن.»[٢٩]

ئەگەرچی ڕێوبان لە سەرانسەری ئێراندا - جگە لە ڕێگای سەنگچنی بەناوبانگی شاعەبباس لە مازندەران - زۆر ڕێک و لەبار نەبوون و هاتوچۆ و پەیوەندی شل و کول بوو، ڕایەڵەی کاروانسەرایانی وڵات و سەر ڕێوبانە بازرگانییە سەرەکییەکان لانیکەم شوێنێکی ئەمینیان بۆ کەلوپەل و کاڵا و یەکسمی تاجاران بەدی دێنا و هەروەها هەلی نواندنی شتومەک و










**۲۸- کاروانسەرای هەشتگۆشە لە ئەمینئاباد**

**ئەنجامدانی مامەڵەی وردیلەی لە شەوەراندا بۆ دەرەخساندن. «تێوێنۆ» و «تاوێرنیە» هەردک دەیدرکێنن کە کاروانسەراکانی ئێران لەچاو کاروانسەراکانی عوسمانی چاکتر سازکراون و خاوێنترن. کاروانسەراکان بەتایبەت بۆ ڕێبواران و موسافیرانی دەسبەتاڵ سازکرابوون. گەشتیاران ئەوەندی مەیلیان لێبووبا، دەیانتوانی بێئەوەی هیچ پارەیەک بدەن لێیان بمێننەوە. عەبباسی یەکەم بە چەشنێکی بێوچان و ماندوویینەناسانە کاروانسەرای ساز دەکرد کە ئەویش بەشێکی بنەڕەتی دیکەی ڕەوت و ڕێبازەکەی بوو بە مەبەستی گەشە و برەوی**



٢٩ – میوانخانەیەکی گەورە لە کاشان

بازرگانێتی ئیمپراتۆریێتی سەفەوییە و خزمانی پادشا، بازرگانان، دەوڵەمەندان و حوکمڕانانی ناوچەییش دەکەوتنە پێوشوێنی ئەم کارەی وی.[٣٠] لەبەرەوەی کاروانەکان نەرم و ئارام دەبزووتن، کاروانسەراکان دەبوو مەودایان لە شارێیان کەم بێ. کاروانێک کە بە یەکسەم ڕێچکەی دەبەست، بۆبڕینی مەودایەکی دیاریکراو، دوو هێندەی ئەو ماوەیەی پێدەچوو کە سەڵتەسوارێک پێویستی بوو؛ کاروانی وشتران چوار هێندەی پێدەچوو.[٣١] کاروانسەراکان لەسەر رووبەری جیاواز هەڵدەخران. «هێندێک لە کاروانسەراکانی سەر گەورەڕێیان بریتی بوون لە بینای مەزن و شکۆمەند» بەڵام لە لایەکی دیکە تەماشا دەکەین کە کاروانسەرای سەر ڕێگای بەندەری ڕێگ تەنیا سێ ژووری هەبوو.[٣٢]

یەکێکی تر لە سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەت «ڕێدارانە» بوو کە لە کاروانان وەردەگیرا. کۆکردنەوەی ڕێدارانە لە ئەستۆی ئەو ڕێدارخانانە بوو کە لە چەند شوێنێکی وەک ڕەوگەی تێپەڕین بە ڕووبارا دادەمەزران هەتا تەنانەت بازرگانی فیلەبازیش نەتوانن خۆیان لێببوێرن. لە بەرامبەر وەرگرتنی ڕێدارانەدا، ڕێداران بەرپرسی پاراستنی موسافیران و ماڵ و سامانیان بوون و دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی حوکمڕانانی خۆجێیی. وا دیارە ئەم سیستمە بە چەشنێکی کاریگەر کاری کردووە. گەلێک لە گەشتیارانی ئورووپایی تەناهی شارێیانی ئێرانیان لەچاو عوسمانی پێباشتر بوو. بۆ وێنە تاوێرنیە جەخت لەسەر ئەم مەبەستە دەکاتەوە کە پاش تێپەڕین لە ئێرەوان «هەڵبڕان لە کاروان یان تەنانەت بە تەنیایی سەفەر کردن تەواو بێمەترسی بوو.» قافڵەی «تێوێنۆ» دوای ئەوەی دەگەیشتە ئێران شەوکێشکی دانەدەنا. کەسانی تر ئاکار و کرداری ڕێدارانی ئێرانییان لەگەڵ هەڵسوکەوتی هاوکارانیان لە سایری وڵاتاندا پێکەوە بەراورد کردووە: «ئوولیاریووس» کەوتۆتە ژێر کاریگەریی جیاوازی نێوان توندوتیژی و بێشەرمی رووسان و مەندی و بەئەدەبی ئێرانییەکان و «فرایر» لە جیاوازی نێوان ڕواڵەت و ئاکاری هیندییان لەگەڵ ئێرانییان سەری سوڕماوە.[٣٣] ڕێداران «بۆیان هەبوو هەر کەسێکی کە تەنیا و بە ڕێگا لاپەڕەکاندا سەفەر دەکا و بە چاکی نایناسن رایبگرن، چونکە ڕەنگبوو بە تۆمەتی دزی لە پێوشوێنی گەڕابان.»[٣٤] کۆمەڵێک گەشتیاریش باسی دۆزرانەوەی خێرای شتومەکی دزراوی نێو کاروانسەراکانیان کردووە. سزادانی باو بۆ دزانی گیراو کوژران بوو. لە

سەردەمی فەرمانڕەوایەتی دوو پادشای ئاخرینی سەفەوی، شاسولیمان و شاسوڵتانحوسیندا، برشتی ئەم سیستمە کەمتر بۆوە و ڕێداران مەیلیان بەرەو خوارکەوپێچەکە بزووت.[٣٥] بە شێوەیەکی سروشتی لە کاتی شڵەژاویی سیاسی یان شەڕا تەناهی و هێمنایەتی ڕێگاوبانەکان کەم دەبۆوە و جاری وابوو کاربەدەستانی خۆجێیی بێمەیل نەبوون بۆ داڕووتاندنی ڕێبواران بە فێڵ و تەڵەکە، بۆ وێنە بێ وەرگرتنی دەمچەورانە خۆیان لە دابینی وشتری تازەپشوو بۆ کاروانان دەدزییەوە.[٣٦] بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە بە شێوەیەکی گشتیی ئەم سیستمە تەناهی و پارێزرانێکی باشی بۆ گیان و ماڵی بازرگانان بەدی دێنا.

**ب) بازرگانێتی نێونەتەوەیی**

ئەگەرچی دەوڵەتی سەفەوی بە ئەندازەی دەوڵەتی مەغوول لە هیندووستان دەوڵەمەند نەبوو (ئەم هەلومەرجەی کە وای کرد ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی سەفەوی ڕوو بکەنە بارگای حکوومەتی مەغوول) بەڵام لە هەر دەسەڵاتێکی کە لە ڕۆژگارانی مەغوولەوە بەرەودوا بە سەر ئێران ڕاگەیشتبوو، برەودارتر و وێدەچێ دەوڵەمەندتر بووبێ، بێجگە لەم دەوڵەتانەی پاشین. دەوڵەتی سەفەوییە بە شێوەیەکی بەرچاو بە دەرفەتهێنانی زیرەکانە لەو ئاڵوگۆڕە مەزنەی کە لە کلکەی سەدەی پازدەدا لە هاوسەنگیی توجارەتی جیهانیدا ڕووی دا، گەیشتە ئەم پێشوەچوون و گەشە بێوێنەیە.

زۆر و کەم بۆ ماوەی دووسەدە و نیوان بەر لە دەسپێکی سەدەی شازدە (دەهەمی کۆچی) هێزی بالادەستی توجارەت بوو لە بالی ڕۆژهەلاتیی مەدیتەرانەدا، بەڵام دوو ڕووداو لە سەدەی پازدەدا زەبرێکی کوشندەی لەم بالادەستییە وەشاند. یەکەم گیرانی قوستەنتەنییە بە دەس ترکان لە ساڵی ١٤٥٣ (٨٥٧)دا و دووەم دۆزرانەوەی ڕێگای دەریایی بۆ باشووری ڕۆژهەلاتیی ئاسیا بە دەور لێدانی قەپۆزەی ئومیدنیک لە ساڵی ١٤٨٧ (٨٩٢)دا لە لایەن پۆرتۆغالییەکانەوە. وێنیزییەکان هەموو هێزی خۆیان خستەگەڕ هەتا بەر بە توجارەتی پۆرتۆغالییەکان و هیندییەکان بگرن لە ڕێی ڕەوگەی ئومیدنیکەوە، بەڵام هەوڵەکانیان لە کەنداوی فارس و ئوقیانووسی هیندا ڕێوشوێنی کۆنباوی بازرگانێتی ناوچەی گۆڕی. سەدان ساڵ بەر لە هاتنی پۆرتۆغالییەکان، کەنداوی

فارس یەکێک بوو لە شارێ گەورەکانی توجارەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا. بەرهەمەکانی چین، کۆمەڵەدورگەکانی مالایا و هیند بەرەو ڕۆژاوا دەڕۆیی و کالاکانی ئێران، وڵاتانی عەرەب و ئورووپا بۆ لای ڕۆژهەڵات. دەوڵەت - شارەکانی توجارەتی کە هەموویان بەتێکڕایی کەوتبوونە کەنداوی فارس، بەدیهاتبوون و تێداچووبوون، بەڵام هیچ وڵاتێک بە تەنیایی هەرگیز نەیتوانیبوو دەسەڵاتی تەواوی هەرێمەکە بە دەستەوە بگرێ. بەڵام پۆرتۆغالییەکان تەنیا وەک بازرگان نەهاتن، بەڵکوو وەکوو سەرکەوتەیەک داوەرین. ئامانجی ئەوان سەقامگیر بوون و تەنینەوەی دەسەڵاتی پۆرتۆغال بوو بە سەر تەواوی ئاسیادا. کەشتیوانی هەڵکەوتەی پۆرتۆغالی «ئالفۆنس ئالبووکێرک» بە دروستی سێ خاڵی سەرەکی کە دەس بە سەرداگرتنیان، تەنینەوەی دەسەڵات بە سەر ئاسیایدا بە دیاری دێنا، قامکی لەسەر دانان: عەدەن، هۆرمز و گەرووڵەی مالاکا. هەتا داهاتنی سەردەمی ئەتۆم، هیچ ڕووداوێک کە بتوانێ لێکدانەوەکەی ئالبووکێرک بەرێتەوە پاش ڕووی نەدا و تەنانەت ئەمڕۆش ئەم لێکدانەوەیە سەبارەت بە شەڕەکانی نائەتۆمی بەجێیە. پلانی سەرەکی پۆرتۆغالییەکان ئەمە بوو کە بە گرتنی ڕێگا لەمێژینەکانی هاتوچۆی نێوان ئورووپا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، واتە دەریای سوور، کەنداوی فارس و گەرووڵەی مالاکا، تەواوی ئەم توجارەتە ناچار بکەن کە بە قەپۆزەی ئومیدنیکدا گەڕ بدەنەوە. هەموو بارەکان دەبووا بە گەمییەکانی پۆرتۆغالی گوێزرابانەوە. پۆرتۆغالییەکان بە دابەستن و سازکردنی شووره و قەڵا و قایمە لە چەند لەنگەرگایەکی کە داگیریان کردبوون لە ڕۆخەکانی عەرەبستان، کەنداوی فارس و ئوقیانووسی هیند، کەوتبوونە هەلومەرجێکی وا کە بتوانن گەمیوانیی ڕکەبەرانی ئورووپایی خۆیان شەلەل پێبێنن و گوومرگانە و کۆمەڵێک باج و پیتاکی پڕسوود لە گەمییەکانی بێگانان وەربگرن.

دەسەڵاتی پۆرتۆغالییەکان نەک هەر تەنیا زەنگی مەرگی وێنیزی وەک گەلێکی تاجرپیشە وەجرینگە هێنا، بەڵکوو کاردانەوەیەکی یەکجار خراپیشی هەبوو لەسەر گەشەی ئابووری وڵاتانی مسوڵمانی لێواری کەنداوی فارس. بازرگانانی ئەو وڵاتانە سەرقاڵی ناردنی کەلوپەل و ئەم کالایانە بوون بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتیتر کە لە ئورووپاوە دەهاتن و خەریکی کڕینی ئەو

شتومەکانە بوون کە سەرەنجام لە ئورووپا دەفرۆشران، لە ناوەندەکانی کڕین و فرۆشتنی وەک سەیلان، کالیکووت،* لە ڕۆخی مالابار* و کالابار لە بەستێنی ڕۆژاوایی مالایا. دەوڵەتی سەفەوییە یەکێک لەو دەوڵەتانە بوو کە لەبەر تەنینەوەی دەسەڵاتی پۆرتۆغالییەکان بە سەر بازرگانێتی کەنارەکانی دەریادا زەبری لێوەشا.

لە نیگای یەکەمدا هۆرمز وەک شوێنێکی لەبار و جێی سەرنج نەدەهاتە بەرچاو. «ڕاڵف فیچ» بازرگانی ئینگلیسی کە لە ١٥٨٣ (٩٩١)دا سەردانی دوورگەی کردبوو، گوتی: «ئەمە قاقڕترین دوورگەی دنیایە، چون بێجگە لە خوێ هیچ شتێکی لێ بەرهەم نایە.»[٣٧] کەچی لەگەڵ ئەوەشا هۆرمز کلیلی دەسەڵاتی بازرگانێتی پۆرتۆغالییەکان بوو بە سەر ناوچەدا و پادشایانی سەفەوی پتر لە سەد ساڵیان هەوڵ دا بەڵام نەیانتوانی وەچنگی بێنن و هیچیان بە هیچ نەکرد. پۆرتۆغالییەکان بەخێرایی توانییان هۆرمز لە شکڵی خاکێکی ژێرباڵەوە وەرگێڕن بۆ سەر رووکاری کۆیلەدارییەک. لە ١٥٢٢ (٩٢٨)دا کاربەدەستانی پۆرتۆغالی بەرپرسایەتی گوومرگەکانی هۆرمزیان وەئەستۆگرت و تەواوی گەمییەکانی پۆرتۆغالی کە دەهاتنە هۆرمز لە دانی بارانە و گوومرگانە دەخەلەستن. بازرگانێتی دەریایی لەگەڵ «گۆجەرات» و توجارەتی نێوان هۆرمز و شارەکانی نێوخۆی ئێران لە ڕێی کاروانانەوە، کە بنەماکانی گەشەی هۆرمز بوون، لەبەر کار و هەنگاوەکانی پۆرتۆغالییەکان زەبرێکی توندی لێوەشا. وەختایەک کە زیادە لەمانەش پۆرتۆغالییەکان گەلێک باج و پیتاکی قورسیان بە تەنگەی خەڵکی هۆرمزەوە بەست، دارایی هۆرمز رووی کردە دابەزین و سەیریش نیە. دانی پیتاک بە پۆرتۆغالییەکان لە هۆرمز وەدوا کەوت و لە ١٥٤٢ (٩٤٨-٩)دا نوێنەری پۆرتۆغال ناچار بوو لە قەرزەکان خۆش بێ. تەنیا لە ساڵی ١٥٨١ (٩٨٩)دا بوو کە بە هاتنی «جان نیووبێری» بازرگانی ئینگلیسی بۆ هۆرمز یەکەمین نیشانەکانی چڕ بوونەوەی سەرنجی بریتانیا لە سەر هەلومەرجی لەباری بازرگانی لە ناوچەدا و دوابەدوای وی دامەزرانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی لە ١٦٠٠دا دەرکەوتن. شاعەبباس ساڵی ١٦٠٢ (١٠١٠) پۆرتۆغالییەکانی لە بەحرەین دەرپەڕاند، بەڵام تێگەییکە بێ یارمەتی هێزێکی دەریایی ناتوانێ ئەوان لە پێگەی زۆر قایم و پتەوتریان لە هۆرمز دەربکا. شاعەبباس بە وریایی

تایبەتیی خۆی توانی پشتیوانێتی ئینگلیسییەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە وەدەس بێنێ.

شاعەبباس لە ساڵی ١٦١٥ (١٠٣٢)دا فەرمانێکی دایە دەستی دوو کارگێڕی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس کە سەرپشکانەی بازرگانی جۆراوجۆری دەدایە کاربەدەستانی کۆمپانیاکە و ئیزنی دەدان هەتا چەند توجارەتخانەیەک لە ئێران دابمەزرێنن. دوای ئەوەی کە کۆمپانیا چەند توجارەتخانەیەکی لە جاسک، شیراز و ئیسفەهان کردەوە، شاعەبباس کەوتە هەڵومەرجێک کە بتوانێ تین بۆ کۆمپانیا بێنێ و کەلک وەربگرێ بۆ یارمەتی لە هێرشێکی هاوبەشی ئینگلیسی - ئێرانی بۆ سەر هۆرمز (بگەڕێنەوە سەر بەشی ٥).

گیرانی هۆرمز هەواڵی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی پۆرتۆغالییەکانی لە کەنداوی فارس دێنا؛ جێگرەوەکانیان واتە ئینگلیسی، هولەندی و فەرانسەوییەکان وەک بازرگانانێکی سەربەگێچەڵ نەک وەک کۆیلەدار، هاتن. بەند و نێوەرۆکی پەیماننامە بازرگانییەکان لە لایەن کاربەدەستانی ئەم دەسەڵاتانەی ئورووپاییڕا بە سەر پادشاهانی سەفەویدا دانەدەسەپی، بەڵکوو لە کەشوهەوایەکی ئازادا دەکەوتە بواری وتووێژەوە کە ئاکامەکەی دەبوو بە شەریکایەتی دەوڵەتی سەفەوی لە قازانجی وەدەسهاتووی ئەم توجارەتەدا. کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس بە مەبەستی وەچنگهێنانی چەند بەڵێنامەیەکی بازرگانێتی پڕسوودتر هەوڵی دا تەوژم بخاتە سەر شاعەبباسی یەکەم، بەڵام گیرانی بەغدا لە ساڵی ١٦٢٣ (١٠٣٢)دا بە دەس سەفەوییەوە، کارگێڕانی کۆمپانیای لە هەر چەشنە تین بۆ هێنانێک بێبەش کرد کە دەیانتوانی لە ئاکامی دڵپەرۆشی شا سەبارەت بە عوسمانییەکان دەکاری بێنن. بە گیرانی هۆرمز، لەبەروەی کە ئەو دەمی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس لە کەنداوی فارس باڵادەست بوو، وای بە قازانج بوو کە هەوڵ بدا بازرگانێتی نێونەتەوەیی سەفەوییە لە ڕێ و ڕەوگە کۆنباوەکانی بترازێنێ و بیخاتە ڕێگای دەریایی کەنداوی فارسەوە و بەم شێوەیە بەسترانەوەی شا بە کۆمپانیاوە زیاتر پێهەڵابەرێ. بەڵام کۆمپانیا تەنیا بۆ ماوە ساڵێک لە بازرگانێتیدا باڵادەستی نواند. لە ژووەنی ١٦٢٣ (شابان - ڕەمەزانی ١٠٣٢)دا، یەکەم شاندی بازرگانێتی هولەند گەیشتە کەنداوی فارس و توجارەتخانەیەکی دانا و بەم جۆرە

ئینگلیسییەکان هەلی وەدەسهێنانی ئەو چەشنە دەسەڵاتەی پێشووتری پۆرتۆغالییەکانیان لە دەس دا.

زاڵبوونی پۆرتۆغالییەکان بە سەر توجارەتا لە ڕێی کەنداوی فارسەوە بە لە دەسچوونی هۆرمز تۆماری تەمەنی تێکەوەپێچرا. بەڵام لە درێژخایەندا گرینگایەتی ئەم توجارەتە بۆ گەشە و برەوی گشتیی دەوڵەتی سەفەوییە کەمتر بوو لە توجارەتی سەر ڕێ و ڕەوگەکانی کۆنباو بەرەو ئورووپا و شاعەبباسی یەکەم تەمای وابوو کە هەتا ئەو جێیەی بۆی دەلوێ توجارەتی دووەم گەشە پێبدا. بێگومان یەکێک لەو تێبینییانەی کە دیاریکردنی ئەو ڕەوت و ڕێبازەی پادشای ئێرانی لێکەوتەوە، مەیل و تاسەی وی بوو بۆ خۆپاراستن لە بەسترانەوەی لەخۆوە بە هەرکام لە کۆمپانیاکانی هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئورووپایی. بەڵام ڕەوگە لەمێژینەکان بۆ بازرگانێتی چەند گرێ و کۆسپێکی قورسیان دەهاتەبەر. دەسەڵاتی بازرگانێتی ڤێنیزییەکان لە بەستێنەکانی ڕۆژهەڵاتیی مەدیتەرانە بنەی بڕابوو، بەڵام یەکێک لەو هێزانەی کە یاریدەی سەراوبنبوونی دابوو، ئیمپراتۆرێتی عوسمانی بوو کە ئێستا دەکەوتە هەردک بەری گرینگترین ڕەوگەکانی توجارەتی کۆنباوەوە: ڕێگایەک کە بە ئێراق و سووریادا تێدەپەڕی و سەری دەچۆوە نێو لەنگەرگاکانی مەدیتەرانە و ڕەوگەیەک کە بە ئاناتۆلیدا دەخوشی و دەگەیشتە ئیستانبووڵ. ئیمپراتۆرێتی عوسمانی دوژمنی گەورەی دەوڵەتی سەفەوی بوو. ئەم دوو ئیمپراتۆرییە بە درێژایی سەدەی شازدە و هەروەها بەشێکیش لە سەدەی حەڤدە، سەرەتا بێبڕوانەوە و پاشان بە شێوەی نێوەنێوە پێکەوە سەرقاڵی شەڕ بوون.

هەر بۆیە ڕەوگەیەک وەبەرچاو گیرا کە خاکی عوسمانی هەڵدەبوارد: لە گیلانەوە بە ڕێی دەریای خەزەردا دەچوونە هەشتەرخان و پاشان بە ڕەوگەی ڤۆلگادا دەڕۆیشتن و لەوێوە لە ڕێی ویشکانیڕا ڕوویان دەکردە ئۆکراین. ڕەوگەیەکی چوارەمیش هەبوو کە باکووری ئیسکاندیناوی لە ڕێگای دەریاوە دەور لێدەدا و دەهاتەوە بەندەرەکانی دەریای سپی و لەوێوە بەڕێی ڕووسیادا درێژەی ڕێیەی دەدا. ئەم ڕەوگەیە کە یەکەمجار لە لایەن بازرگانانی کۆمپانیای مۆسکۆوی کرابوویەوە لە ساڵی ١٥٨١ڕا لەبەر پڕمەترسی بوونی پێی لێبڕا و بە چۆڵەواری کەوتەوە. ڕێگای گیلان - هەشتەرخان - ڕووسیا، وەختایەک کە

عوسمانی و سەفەوی شەڕیان دەکرد و دەمیان تێکنابوو، کە زیاتریش هەروابوو، یەکجار زۆری بایەخ پێدەدرا. بازرگانێتی نێونەتەوەیی کە لەم ڕەوگەیەوە ڕادەپەڕی بەربڵاو و جۆراوجۆر بوو. کۆمەڵێک کووتاڵی زێڕچن، کیمخوا، چەرمی خۆشنەکراو، چەرمی مەراکەشی، مەخمەر و لە هەمووان سەرتر ئاوریشم، لە ڕێی گیلانەوە بۆ مۆسکۆوی* و لەوێوە بەرەو لەهێستان و تەواوی ئورووپا دەنێردرا. لە سەدەکانی شازدە و حەڤدەدا ئێران لە توجارەتی ئاوریشمدا کە شاعەبباس بە شێوەیەکی تەواو کاریگەر پاوانی کردبوو، خاوەنی پلەیەکی شیاو بوو. کاتێک لە ساڵی ١٦١٩ - ٢٠ (١٠٢٩)دا کارگێڕانی ئینگلیسی «مانگرتنی کڕیارانیان بە مەبەستی گوشار خستنە سەر پادشا بۆ هەرزان کردنەوەی نرخ ڕاگەیاند، تێگەیشتن کە دابینی ئاوریشم لە بازاڕی ئازادا بۆ ناردنە دەرەوە بووز ناخوا.»[٣٨]

«ڕێکخستنی توجارەتی ئاوریشم لە ساڵانی ١٦٢٠ - ١٦٣٠دا دەبێ بە یەکێک لە سەرکەوتنەکانی عەبباسی گەورە دابندرێ لە بواری دامەزراندنی ڕێکخستنەکاندا. ئەو نەیتوانی بگاتە ئامانجی خۆی و ڕێبگرێ بە ناردنە دەرەوەی ئاوریشم لە ڕێگای عوسمانییەوە و بازرگانان هەروا درێژەیان دا بە کاری خۆیان و دەستیان لە کڕینی ڕاستەوخۆ هەڵنەگرت لەو ناوچانەی کە بەرهەم دەهات. بەڵام وەختایەک کڕینەکان دەکەوتنە دەرەوەی بازنەی پاوانەکانی میری، دەبوو بۆ هەر بارێک ئاوریشمی کڕدراو بۆ ناردنە دەرەوە ١٢ تمەن و بۆ هەر بارە ئاوریشمێک بە مەبەستی ڕەنێوهێنان لە ئێرانا ٤ تمەن باج درابایە.»[٣٩]

باڵوێزانی ئێران لە دەرباری فەرمانڕەوایانی ئورووپایی ڕاسپێردرابوون کە وەختی مانەوەیان لە دەرەوە دەبێ هێندێک ئاوریشم بفرۆشن و داهاتەکەی بنێرنەوە بۆ شا. بە گوتەی «شاردێن» لە ساڵانی ١٦٦٠ - ١٦٧٠دا بەرهەمی ساڵانەی ئاوریشم لە ئێرانا سەری گەیبوو ٧٥٠٠٠٠ کیلۆ کە بەشێکی بەرچاوی دەنێردرایە دەرەوە.

یەکێک لەو سەرپشکانەیەی کە شاعەبباسی یەکەم دابووی بە کارمەندانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس، ئازادی بەڕێوەبردنی ڕێورەسمیی ئایینی بوو. ئەم سەرپشکانەیە دەکەوتە دەروونی سیاسەتی شاعەبباس بۆ

گەشەی توجــارەتی دەرەکــی، چونکــە بــەبێ وی، گەشــەیەکی ئــەوتۆ بــووزی نەدەخوارد. ئەگەرچی بازرگانێتی نێوخــۆ بــە لای زۆریدا بــە دەس بازرگانــانی ئێرانی و جوولەکەوە بوو، بەڵام بازرگانێتی دەرەوە تەواوێک هەمووی لە پاوانی ئەرمەنییــەکاندا بــوو.[٤٠] پســپۆڕایەتی بازرگــانی و دارایــی ئەرمەنییــەکان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئوورووپا بۆ ئامانجی شاعەبباس زۆر پێویست بوو. لــە هەمان کاتا ئەو دەیهەویست بازرگانانی ئوورووپایی ســەرنجیان بکەوێتــە ســەر توجارەتی ئێران و هەر بۆیە ڕێچکە و ڕێبازە چەشناوچەشنەکانی کاتۆلیکی هان دا بۆ دانانی دێر و پەرستگە لە ئێران. ئەم سیاســەتە تــەواو ســەرکەوتوو بــوو. تێوێنۆ کە ساڵی ١٦٦٤ لە ئێران بوو دەنووسێ: «ئێرانی تەواو بڕوایان بە ئــازادی بیر و باوەڕی ئایینی هەیە بۆ بێگانان.»[٤١] ئەم هەڵوێستە بە هیچ چەشنێک لەگەڵ ڕێبــازی پێشــینیانی عەبباســی یەکــەم یــەکتری نەدەخوێنــدەوە و لــە بابــەت جێنشینەکانیشــیەوە، بــۆ وێنــە شاعەبباســی دووەم کــە لــە ســەردەمی حوکمڕانییەکەیدا تێوێنۆ سەردانی ئێرانی کردبوو، تەواو یەکتری نەدەگرتــەوە. نموونەیەکی ئەم کــارە خــۆ گێــل کردنــی عەبباســی دووەم بــوو ســەبارەت بــە هەوڵەکانی وەزیرەکەی کە دەیویست بە زۆرەملی جوولەکەی ئیسفەهان بێنە سەر دینی ئیسلام. لەگەڵ ئەمەشدا جێنشینەکانی شتێکیان هەر تێدا هێشتەوە و تەواو ڕێبــازی عەبباســی یەکــەمیان بەرنــەدا هــەتا گەیشــتە ســەردەمی دەســەڵاتــی شاسوڵــتانحوســێن (١٦٩٤ / ١١٠٦). دیــارە ئــەم هەڵوێســت و سیاســەتەش جیاوازییــەکی زۆری هــەبوو لەگــەڵ بــارودۆخی بــاوی ئــایینی لــە زۆربــەی هەرێمەکانی ئوورووپا هەر لەو سەردەمیدا.

ئەرمەنی بەتایبەت ئەم هەلەیان چــاک قۆزتــەوە. گــەورەترین ســەرچاوەی ویشکەپووڵ بۆ خەزێنەی میری بازرگانێتی ئاوریشم بوو کە بازرگانانی ئەرمەنی هەڵیاندەسووڕاند.[٤٢] ئەرمەنییەکان لە گەڕەکی خۆیان لە قــەراخ ئیســفەهان بــە ناوی جولفای نوێ لە لێواری باشــووری زایــەنــدەڕوود «کۆمەڵــێکی جودایــان پێکدێنا؛ ئەوان کەسانێکی دەسبژێر بوون لە بواری بازرگــانیدا بــە دابونــەریتی تایبەتیی کەلتووری و ئایینی خۆیانەوە کە لە کۆمەڵی خۆیانا دەژیان و هەم لــە باری ڕواڵەتی و هەم لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە لــە ئێرانییــەکان جــودا بــوون. پەیوەندی نێوان ئــەم دووانــە پەیوەندییــەکی ناســک و قرچــۆک بــوو لەســەر

پـێوشـوێنی قـازانجی دوولایەنـە، بـڕواپێکی، پێکـەوە بەسـترانەوە و سینگفرەوانی.»[٤٣] ئەرمەنییەکان نە تەنیا توجارەتی پادشایان بـەڕێوە دەبـرد، بەڵـکوو لەگـەڵ بازرگانـانی ئورووپـایی، بـۆ وێنـە کۆمپانیاکـانی هینـدی ڕۆژهەڵاتـیش ڕقبەرقـەیان دەکـرد. لـە نێـو ئەمانـەدا هولەندییـەکان لـەچاو ئینگلیسییەکان پتریان نەرمی نواند و مەیلێکی زیاتریان بۆ وەدیهێنانی مەرجـە پێشنیارکراوەکانی شاعەبباسی یەکەم نیشان دا. لە ئـاوریلی ١٦٢٦دا تـەنیا سـێ ساڵ دوای دامەزرانی یەکەمین توجارەتخانەی هولەندی لە ئێران، هولەندییەکان ڕێککەوتننامەیەکی سێ ساڵەیان لەگەڵ شا مۆر کرد کە هـەم نـرخ و هـەم ڕادەی کاڵای ڕێکوپێک دەکرد. قەرار وابوو کە هولەندییەکان کۆمەڵێک کەلوپەل بـایی ٤٠٠٠٠ تمەن یان ١٦٠٠٠٠٠ فلـۆرینی هولەنـدی بێننـە ئێرانـەوە. لـە سـەدا چلـی هاوردەکان بریتی بوو لە بیبار و بەشی هەرەزۆری ئەوی مابووش لە باشـووری ڕۆژهەڵاتیی ئاسیاوە دەهات؛ تـەنیا هێنـدێک لـە سـەرووی سەداهەشـتەوە لـە ئورووپاوە دەهات. دەبوو ئاوریشم لەبری نرخی ئەم کاڵایانە درابـا. کارگێـڕانی ئینگلیسی، دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیایان دڵنیا کردەوە کە هەلومـەرجی پێکهاتوو لە لایەن هولەندییەکانەوە ناگاتەوە سەر ئەو هەلومەرجەی کە خـودی ئەوان لە ساڵی ١٦٢٤ (١٠٣٣-٣٤)دا وەدەستیان هێنابوو. بەڵام ئـەم ڕاسـتییە کـە پاش دزە کردنی مەرجەکانی ڕێککەوتننامەی هولەندییەکان، ئینگلیسی خێرایەکی چەند ڕاسپاردەیەکیان بۆ وەدەس هێنانی مەرجی ئەوتۆ ناردە لای شای ئێـران، بەئاشکرا دەریدەخا کـە ئیگلیسـییەکان وەپـاش کـەوتبوون و هـەرچۆنێک بـێ هەوڵەکانیان سەرکەوتنی بە شوێنەوە نەبوو.[٤٤] لەم مەودایەدا ڕێککەوتن لەگـەڵ هولەندییەکان ناڕەزامەندیی لایەنی ئێرانیی لێکەوتەوە؛ بازاڕی بیبار نەک هێقی خواردەوە و بوو بە هۆی دابەزینی نرخی لە نێوخـۆدا، بەڵـکوو هولەندییـەکان خاڵێک لە قەراردادەکە کە دەیگوت ١٠٠٠٠ تمەن لە تێکڕای ڕێککەوتنەکە دەبـێ بـە شێوەی ویشکەپووڵ بدرێ، جێبەجێیان نەکرد. بە شکسـتهێنـان لـە بەرامبـەر هولەندییەکاندا، ڕاسپاردەی شا گفتوگۆی لەگەڵ کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیـی ئینگلیس دەسپێکردەوە. کۆمپانیا خاڵەکانی ڕێککەوتننامەکـەی کـە لـە ساڵـی ١٦٢٨دا مۆر کرا جێبەجێی کردن، بەڵام هەناردەی کووتـاڵ و قـەلایـی ئینگلـیس بازاڕەکانی ئێرانیان هەروەک بیباری هولەند پڕ کرد و هێقیـان خـواردەوە و بـە

هــەرزانیدا کــەوتن. قوماشــی ئینگلیســیش ئەوەنــدەی بڵــێی چــاک نــەبوون و سەربازانی سەفەوی کە لەبری مووچەی مانگانــە هێنــدێک لــەو قوماشــانەیان وەرگرتبوو، لەبــەر بەدەڵــیی پارچــەکانیان لــە شــەقامــان دەکەوتنــە شــوێن بازرگانانی ئینگلیسی و جنێویان پێدەدان. ڕاسپاردەی شا سەرەڕای ئەو هەڵەیەی کە لە نرخاندنی باروهەوای بازاڕدا کردی، هەتا ساڵی ١٦٣٢ (١٠٤٢-٣) یانی پاش مەرگی شاعەبباسی یەکەم لە سەر کاری خۆی لانەدرا.[٤٥]

بە هاتنە سەر حوکمی شاسەفی لە ١٦٢٩ (١٠٣٨)دا هەوساری توجارەت بە دەس شاوە نەما؛ کەچی لەبیرمانە لە ڕۆژگاری شاعەبباسی یەکەم توجارەتی ئاوریشم لە پاوانی شادا بوو. شاسەفی لەبەر وەرگرتنی بەرتیلێکی بــەرچاو لــە کۆمەڵــی ئەرمەنی، پسوولەی کڕینی ئاوریشمی دا بە هەر کەس و ناکەسێک. جــارێکیتــر دەسەڵاتی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهــەڵاتیــی هولــەنــد بــە ســەر ئینگلیســییەکاندا شکایەوە و بە ئەنجامدانی بازرگانێتی دوولایەنە هەم لەگەڵ شــا و هــەم لەگــەڵ تــاجرانی خــۆجێیی بــۆ نموونــە ئەرمەنییــەکان کــە خــەریکی پتــەو کردنــی پەیوەندییەکانیان بوون لەگەڵ ئیتالیا و گەشەیان دەدا بــە تــۆڕی توجارەتیــان بەرەو فەرانســە، ئینگلــیس، هولەنــد و ڕووســیا، تــوانی ئــەم هەلــە تازەیــە بقۆزێتەوە.[٤٦] بەپێچەوانەی ئەم نــەرمی نواندنــەی هولەندییــەکان، کارگێــڕانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس خۆیان لە هاوکاری کردنی ئەرمەنییەکان بوارد. «ویلیام گیبسون»ی کارگێڕیان لە ڕاپــۆرتێکی پــڕ سکاڵادا بــۆ لەنــدەن، ئەرمەنییەکانی وەک کەسانێک خستە بەرچاو کە «لە مامەڵەکانیاندا زۆر خەڵک دەچزێنن و فێڵەبازن و بۆ جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانیان گەلێ بــە ساوەســاون.» گیبسون لە دژبەرانی توندوتیژی هاوکاری کردنی کۆمپانیا بوو لەگەڵ ئەوان و بە ڕاوێژێکی پڕ تەنتەنە و سەنسەنە نامەکەی ئاوا کۆتایی پێهێنا: «جــا بــە بــڕوای ئێوەی بەرزەجێ، چۆن دەکرێ دەستی هاوکاری بدرێتــە دەســتی کەســانێکی کــە ڕوون کردنەوەیان لەسەر کرا.»[٤٧]

لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی شاسەفیدا (١٦٢٩ - ١٦٤٢) هولەندییەکان درێژەیان دا بە کــڕینی ئاوریشــمێکی زۆر، بەتایبــەت لــە بــازاڕی ئــازادا. بــاڵادەســتانی حکوومەتی بە دانانی گوومرگانەیەکی قورس لە سەر ئــەو ئاوریشــمەی کــە لــە بازاڕی ئازاد دەکــڕدرا، هەوڵــی قــەرەبوو کردنــەوەی داهــاتی لــە دەسچــووی

دەوڵەتیان دا کە ئاکامی ئەم بارودۆخە بوو. ئەم کارە لە لایەکی دیکەوە وای کـرد کە کاربەدەستانی هولەندی لە «باتاویا» (جاکارتا) دەستوور بدەن بە پیاوەکانی خۆیان لە ئێران کە چی دیکە ئاوریشـم لــە بــازاڕی ئــازاد نەکـڕن. بازرگانــانی هولەندی بە هیچ شێوەیەک تەواو خۆیــان نەبەسـتبۆوە بــە کـڕین و فرۆشـتنی ئاوریشم؛ دوای دامەزرانی توجارەتخانەیان لە «بەندەرعەبباس» کـە بــەخێرایی جێی هۆرمزی گرتەوە وەک بەندەرێکی سەرەکی هــاوردەی ئێـران لــە کەنــداوی فارس، بازرگانانی هولەندی لەڕێوە پاوانی توجارەتی چێشـتەخۆشـکەیان لــە نێوان باشووری ڕۆژهەڵاتیی ئاسیا و ئێرانا وەدەس هێنــا. ڕقەبەرایــەتی نێــوان هولەندییەکان و کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس نەیهێشت هیچیــان بــە سەر ئەویترا زاڵ بن و هەردووکیان دەیانتوانی داهاتی هێنانوبردنی کاڵای نێــوان بەندەرعەبباس و بەنــدەرەکانی ئوقیانووســی هینــد بخەنــە گیرفــانی خۆیــان. گەمییەکانی هەردک کۆمپانیا هەم کەلوپەلی بازرگانانی ئێرانی و هەم شتومەکی بازرگانانی هیندییان دەگواستەوە و ئەم بازرگانانە بە لێکتر ڕاستکردنەوەی ئەم دوو کۆمپانیایە دەیانتوانی لە نرخی کرێدا سەنگوسووکییان پێبکەن و خزمەتی جێیمتمانەیان لێوەرگرن. گوشارێکی کە ئەم بازرگانانە دەیانهێنا وای کـرد کـە ساڵی ١٦٢٩ (١٠٣٨-٩) «یان ئێشمیت»ی باڵوێزی هولەند لە ئێران بە دڵــڕەنجاوی سەرسوڕمانی خۆی دەربڕێ و بڵێ: «ئەوان هەرگیز تێناگــەن کــە وڵاتەکــەیان و دانیشتووانەکەی بە توجارەتی بەربــڵاوی ئێمە چ قازانج و پێشکەوتێک وەچنــگ دێنن، بەپێچەوانە بە بێشەرمی دەڵێن ئەمە ئێمــەین کــە تــەواو بــە توجــارەتی ئەوانەوە بەستراوینەوە و بێ وی خۆمان بــو ڕانــاگیرێ.»[٤٨] ڕوون ئاشـکرایە کــە هێشتا سەردەمی ئەمپریالیزم دانەهاتبوو!

هەتا نیوەی دووەمــی ســەدەی حەڤــدە، هولەندییــەکان هــەم پێشــاوبڕکەی ڕقەبەری ئینگلیسی و هەم ڕەقیبی فەرانسەوی خۆیان کــە لــە ١٦٦٤دا کۆمپانیــای هیندی ڕۆژهەڵاتیی فەرانسەی دامەزراندبوو، دابوویەوە. «تێوێنــۆ»، «فرایــر» و «شاردێن» هەرسێکیان دان بە باڵادەستێتی توجارەتی هولەندییەکان دادەنێن لەو ڕۆژگاریدا. سەرکەوتنی هولەندییەکان لە پلەی یەکەمدا دەگەڕێتەوە سەر خێرایی ئەوان بۆ خۆگونجاندنیان لەگەڵ هەلومەرجی بەرەو گۆڕانی زەمان. ئەوان بــیر و بۆچوونی توجارەتی دوولانەیان وەلانا کــە بنــەمای چــالاکی یەکــەمــین تــاقمی

بازرگانانی هولەندی و ئینگلیسی بوو و ڕوویان کردە توجارەتی چەندلایەنەی هاواهەنگ لە سەرانسەری ئاسیادا و ناوەندی خۆیان لە باتاویا دامەزراند. ئامانجی سەرمایەنانەوەی بازرگانانی هولەندی گێڕانەوەی خێرای سەرمایە نەبوو بۆ سەرچاوە، بەڵکوو ئەو دەسمایەیە دەبوو لە گەڕان و سووڕانی هەمیشەیی دابا لە ئاسیا و لە هەر قۆناخێکا بێپسانەوە قازانجێک بە نسیبی بازرگانانی هولەندی بکا. «کۆن»* لە ١٦١٩ (١٠٢٨)دا ئەم ڕەوت و سیاسەتەی بە شێوەی کلاسیک ئاوا خستە نێو چوارچێوە و داروڵەلەی بۆ دانا:

> «ئێمە دەتوانین قوماش لە گوجەراتەوە لەگەڵ بیبار و زێڕ لە بەستێنەکانی سووماترا بگۆڕینەوە و سکە و لۆکەی لێوارەکانی سووماترا لەگەڵ بیبار لە بانتام*سەودا پێبکەین و داری سەندەڵ و بیبار و سکە بە کالا و تەلای چینی بگۆڕینەوە. ئێمە دەتوانین بە دانی کەلوپەلی چینی، زێو لە ژاپۆن وەربگرین؛ بە ناردنی ئەدوا، ماڵی خەررازی و زێڕی چینی، کووتاڵ لە لێوارەکانی کۆرۆماندێل* بێنین؛ بە دانی چێشتەخۆشکە، شتومەکی خەررازی و سکە، پارچە لە سوورات* وەربگرین و لەبری چێشتەخۆشکە و کەلوپەلی وردیلە، سکە لە عەرەبستان وەدەس بێنین و ئاوا شتێک دەگۆڕێ بە شتێکی دیکە. جا تەواوی ئەمانە دەکرێ بێئەوەی هولەند هیچ پارەیەک دابنێ، تەنیا بە گەمێ ئەنجام بدرێن.»[٤٩]

کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس ناچار بوو دان بەو مەبەستە دابنێ کە ئەگەر قەرار وایە بە تەواوی هەڵنەپرووزێ و لە بازنەی سەودا و مامەڵان دەرناویژرێ، دەبێ خێرا وەخۆبکەوێ و لە ساڵی ١٦٨٨ (١٠٩٩)دا کۆمپانیا هەنگاوێکی بێوێنەی هەڵێنایەوە و لە کاروبار و چالاکی هەڵسووڕاندنی بازرگانیدا پلەیەکی ڕێک و هاوشانی ئینگلیسییەکانی دا بە ئەرمەنییەکان، هەنگاوێک کە سەد ساڵ دواتر جێی بڕوا نەبوو. بەپێی نێوەرۆکی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٦٨٨ ئەرمەنییەکان «ئازاد بوون کە لە هەر شار، سەربازگە یان شارۆچکەی کۆمپانیا لە هیند بنەگر بن و زەوی یان خانوو بکڕن و بفرۆشن و وەک کەسێکی بە ڕەچەڵاک ئینگلیسی بتوانن شوغڵ و پایەی ئیداری وەربگرن و بۆیان هەبێ پلەیان پێهەڵابچێ.»[٥٠] ئومێدەکانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی

ئینگلیس وەبار نەنیشتن. لە لایەکەوە ملانە و ڕقەبەرایەتی لەگەڵ کۆمپانیای «لێوانت» لەوپەڕی خۆیدا بوو و ئەم مەبەستە بەپێچەوانەی گەشەی باری بازرگانێتی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس بوو لە ئێرانا؛ لە لایەکی دیکەوە ئەرمەنییەکان سەرەڕای مۆر کردنی ڕێککەوتننامەی ١٦٨٨ بە هیچ چەشنێک قنیاتیان نەهێنابوو کە سەرەتی دانان بۆ کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی بریتانیا بە قازانجیانە. هەروەک کە لە ١٦٩٧ (١١٠٨-٩)دا بەئاشکرا گوتیان: «لە بابەت هێنانی ئاوریشمەوە بۆ ئیسفەهان، قەرارەکە تێکچۆتەوە.»[٥١] قازانج و داهات لە ڕێگای توجارەتی حەلەبەوە بە هاوکاریی نیزیکی کۆمپانیای لێوانت، هەروا کەڵکەڵەی زیاتر دەورووژاند لەچاو دیمەنگای نادیاری داهاتووی ڕێگای دەریایی کەنداوی فارس. لە سەرەتای سەدەی هەژدەدا تەنانەت ڕێی ڕووسیا سەرەڕای دەسپێکی هیوابڕانەی، لە ڕوانگەی ئەرمەنییەکانەوە باشتری دەنواند. بە گوتەی «ڕ. و. فرایر»: «ئەزموونی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی لە ئێرانا، لە سەدەی حەڤدەدا جەختی لەسەر چەند شت کردەوە: ویشکەپووڵ بۆ توجارەتی ئورووپا لە ڕۆژهەڵات، پتەوکردنی ڕێوشوێنە کۆنباوەکانی توجارەت، دەوری هەستەوەری بازرگانان و دەڵاڵانی خۆجێیی و سەرەنجام پێکەوەبەسترانەوەی دوولایەنە و نیزیکی توجارەتی کووتاڵ و ئاوریشم، بەتایبەت لە ئێرانا.»[٥٢] زۆرجاران بازرگانانی ئینگلیسی لەبەر نەبوونی دەسمایە و نەغدینە کە ئەرمەنی دەیانتوانی ئەو هێندە بەرچاوە دابین بکەن، بە خۆیاندا دەشکانەوە. «ئەگەرچی بازرگانان تەنیا بە ویشکەپووڵ سەودایان دەکرد، پووڵ کەم بوو، چونکە زۆربەی بەرەو خەزێنە لووزەوی دەبەست و لەوێ پاشەکەوت دەکرا.»[٥٣] بە گوتەی بەنانی «نرخی سکە زێوەکان بە باری کێشدا لەوە کەمتر بوو کە لە سەریان نووسرابوو و تاقمێکی زۆر کەم وەریاندەگرتن. سکەی زێڕ تەنیا بۆ بارودۆخی تایبەت و دەگمەن، ئەویش هەر هێندێک لێدەدران و بێگومان پاشەکەوتیان دەکردن. سکەی «دووکات»ی* زێڕی وێنیزی باشتر لە سکەکانی دیکە وەردەگیرا.»[٥٤] «ئەرمەنی نە تەنیا پاشەکەوتی نەغدینەیان هەبوو، بەڵکوو خاوەنی سیستم و ڕێکخستنێکی تۆکمەی جێمتمانەش بوون لە شارەکانی سەر ڕەوگەی کار و کاسپی و توجارەتیان.»[٥٥] هەروەها ئەرمەنی بۆ پەڕینەوە و

خۆدزینەوە لە ڕێوشوێنی دیاریکراو بۆ دراو و دراوی‌قورس (پارەی دەرەکی) چاکیان لێدەزانی و «بە خۆپاراستن لە سکەخانەی پادشایەتی و وەبەرچاو نەگرتنی فەرمانەکانی وی لەسەر ڕێوشوێنی نەبردنە دەرەوەی پارە بۆ هیند و هەرێمەکانی تر»[٥٦] بێپسانەوە ویشکەپووڵیان دێنایە ئێران و دەیانبردە دەرەوە.

لە درێژخایەندا ڕێ و ڕەوگە بازرگانییەکانی دیکە کە بەپێی پێویستییەکانی سیاسی بەدیهاتبوون، یانی ڕێگای دەریایی - ویشکانی لە ڕێی دەریای خەزەر و ڕووسیاوە و ڕێگای دەریایی بە کەنداوی فارسدا، نەبوونە جێگرەوەیەکی شیاو بۆ ڕێوبانە کۆنباوەکان کە بە ئاناتۆلی و ئێراق و سووریادا دەکشانە لەنگەرگاکانی بەستێنی ڕۆژهەڵاتیی مەدیتەرانە. ئەمە سەرەڕای ئەوە بوو کە ڕێگا جێگرەوەکان هەلیان بۆ بازرگانانی سەفەوی دەرەخساند کە بە هەڵبواردنی ئیمپراتۆریتی عوسمانی خۆیان لە دانی گوومرگانە و بارانە و ڕێدارانە بپارێزن و لە تەوژمی ئاوسێنەری ئابووریی عوسمانی سەبارەت بە ئێرانی کەم دەکردەوە.[٥٧] دوای مۆرکرانی پەیماننامەی «زەهاو» لە نێوان عوسمانییان و سەفەوییان لە ١٦٣٩ (١٠٤٨-٩)دا کە سەرەتای خولێکی دوورودرێژی ئاشتی مابەینی دوو خەنیمەکە بوو، زۆربەی توجارەتی هەناردەی ئێران گەڕایەوە سەر ڕەوگە لەمێژینەکانی.[٥٨] یەکێک لە جۆرە بەرچاوەکانی هەناردە کە گەڕایەوە سەر ڕەوگەی ئاناتۆلی، مەڕی زیندوو بوو. تاوێرنیە دەنووسێ کە هێنان و ڕاگواستنی مەڕ لە ناوچەکانی تەورێز و هەمەدانەوە بۆ بازاڕەکانی ئیستانبووڵ و ئەدەنە بە ڕادەیەکی بەربڵاو خۆی دەنواند و هەروەها بەشی هەرەزۆری گۆشتی مەڕی بازاڕەکانی ئاناتۆلی و ڕۆمانی لە ئێرانەوە دەهات. ئەو دەڵێ کە لە مانگەکانی مارس و ئاوریل (بانەمەڕ، جۆزەردان و پۆوشپەڕ)دا ڕێوبانەکان بە کەرکەمەڕی هەزارسەری هەر ژاوەیان دەهات.[٥٩] ئەمەی کە بە درێژایی سەدەی حەڤدە بازرگانانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست توانیان لە نێو ڕقبەرقە و کێشمەکێشمەکانی کۆمپانیاکانی هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئۆرووپایی بە سڵامەتی بۆی قوتار بن و هەروەها توانیان قازانجێکی زۆر چاک وەچنگ بێنن، ڕەنگە بگەڕێتەوە سەر دوو هۆ: ١- هیچ قسەی تێدا نیە و ئاشکرایە کە بازرگانانی ئەرمەنی، جوولەکە، ئێرانی و هیندی لەچاو ڕقەبەرانی ئورووپایی خۆیان زیاتر دەیانتوانی

لایەنەکانیان بسوونەوە و بە نرخێکی هەرزانتر کەلوپەل بکڕن.

٢- بازرگانانی ئورووپایی لەبەر خەرجوبەرجی زۆر، دەبوو هەر نەبێ لە سەدا شێست یان حەفتایان قازانجی نەپاڵاوتە وەگیر بکەوێ هەتا سوودێکی شیاویان بچێتە تەنکەی باخەڵی، کەچی بازرگانانی خۆجێیی ناوچەکە بە قازانجێکی زۆر کەمتر ڕازی بوون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

# پەراوێزەکان

1. Malcolm Sir John, History of Persia, 2 vole, (London 1815), vol. II, p. 482.

2 . Malcolm, vol. II, p. 492.

3. Jean de Thévenot, Travels of M. de Thévenot into the Levant, newly done out of the French [by A. Lovell], part II: Persia (London 1687), p. 99.

4. Malcolm, vol, II, pp. 434-5.

5. Jean Baptiste Taverneir, Les six voyages de Jean Baptiste Tavernier en Turquie, en perse et aux Indes, 2 vols. (Paris 1677), vol. I, pp. 530-1.

6. Malcolm, vol. II, pp. 456-7.

★ Meritocracy.

★ Oligarchy.

7. Malcolm, vol. II, p. 456.

بنکەی ژین
www.zheen.org

8. Tavernier, vol. II, p. 613.

9. Adam Olearius, Voyages très-curieux et trés-renommez faits en Muscovie, Tartarie it Perse, ect, traduits de I'original et augmentez par le sr. de Wicquefort, 2 vols, in 1 (Amsterdam 1727), vol. 1, p. 684.

10. Sir E. Denison Ross (ed.). Sir Anthony Sherley and his Persian Adventure (London 1933), pp. 219-20.

11. Tavernier, vol. 1, pp. 98-9.

١٢. بۆ لێدوان و زانیاری زیاتر سەبارەت بەم پلەیە بڕواننە تەرجەمەی ئینگلیسی مینۆرسکی لە تذکرةالملوک، ل ٥٨ [یان ل ٣٤٦ی ئەم کتێبەی سەرەوە کە هەڵگری دەقی فارسی تذکرةالملوکە.]

13. Tavernier, vol. I, pp. 554-8.

14. Amin Bananl, “The Social and Economic Structure of the Persian Empire in its Heyday”, a paper submitted to the Harvard Colloquium on Tradition and Change in the Middle East, December 1967, p. 18.

١٥. عالەمئارا، ل ٥٣٧.

16. Banani, p. 19.

١٧. تەرجەمەی ئینگلیسیی مینۆرسکی لە تذکرةالملوک، ل ٢٧.

18. A.K.S. Lambton, Landlord and Peasant in Persia (Oxford 1953), p. 106.

[لێمبتۆن، مڵکدار و جووتیار لە ئێرانا، ل ٢٤٨ – ٤٩.]

١٩. هەمان، ل ٢١٤.

20. John Emerson, “Ex Occidente Lux: Some European Sources on the Economic Structure of Persia between about 1630 and 1690”, unpublished University of Cambridge Ph.D. thesis (1969), p. 244.

21. Emerson, p. 245.

22. Thévenot, p. 100.

23. Banani, p. 22.

٢٤. تەرجەمەی مینۆرسکی لە تذکرةالملوک، ل ٣٠.

٢٥. هەمان، ل ٢٩.

٢٦. هەمان، ل ٣٠.

٢٧. هەمان، ل ٢١. بە مەبەستی شیکردنەوەی زیاتر دەربارەی جیرە، بڕواننە هەمان، ل ١٥٣.

٢٨. هەردک ڕستەکە هەر لەو سەرچاوەی سەرەوە وەرگیراون، ل ٢١.

29. Sir Anthony Sherley, p. 209.

30. Emerson, pp. 224-5.

31. Tavernier, vol. I, p. 107.

32. Emerson, p. 222.

33. Emerson, pp. 214-15.

34. Emerson, p. 215.

35. Emerson, p. 218.

36. Emerson, pp. 220-1.

بنکەی ژین
www.zheen.org

★ Caliecut ناوی پێشووی کۆژیکۆدە (Kozhikode)یە لە ڕۆخی دەریای عەرەب لە ئەیالەتی کرالا لە باشووری ڕۆژاوای هیند.

★ Malabar ناوچەیەکی لێواری دەریایە لە باشووری ڕۆژاوای هیند.

37. George N. Curzon, Persia and the Persian Question, 2 vols. (1892; repr. London 1966), vol. II, p. 398.

★ Muscovy دووکنشین (میرنشین)ێک کە بریتی بوو لە مۆسکۆ و دەوروبەری و لە سەردەمی ئیوانی چوارەمدا پەرەی گرتووە و بۆتە ئیمپراتۆریتی ڕووسیا.

38. Niels Steensgaard, The Asian Trade Revolution of the Seventeenth Century (Chicago 1973), p. 377.

39. Steensgaard, p. 381.

40. Tavernier, vol. II, p. 604.

41. Thévenot, vol. II, p. 110.

٤٢. بنەگر کردنی بە زۆرەملەی نیزیکەی ١٣هەزار خێزانی ئەرمەنی لە ناوچەی ئاریشمهێنی گیلان و مازندەران لە پەنا دەریای خەزەر کارەساتی لێکەوتەوە، چونکە ئاو و هەوای شێداری ئەم مەڵبەندە مردنی زۆریانی بە دواوە بوو.

43. R. W. Ferrier, “The Armenians and the East India Company in Persia in the Seventeenth and Early Eighteenth Century”, in Economic History Review, 2nd Series, XXVI (1973), p. 40.

بنکەی ژین
www.zheen.org

44. Steensgaard, pp. 380-1.

45. Steensgaard, pp. 381-5.

46. Ferrier, p. 44.

47. Ferrier, p. 47.

48. Quoted by Steensgaard, p. 402.

★ Coen (١٥٨٧-١٦٢٩ی ز.) یەکێک لە پایەبەرزانی کۆلۆنیالیستی هوڵەند و لە بناغەدانەرانی ئیمپراتۆریتی هیندی ڕۆژهەڵاتیی هوڵەند.

★ Bantam شوێنی نیشتەجێبوونی پێشووی هوڵەندییەکان لە جاوە.

★ Coromandel Coast ناوچەیەکی لێوار دەریایە لە باشووری ڕۆژهەڵاتیی هیند.

★ Surat بەندرێکە لە ڕۆخی گۆجەرات لە هیندی ڕۆژاوایی.

49. Quoted by Steensgaard, p. 407.

50. Quoted by Steensgaad, p. 50.

51. Quoted by Steensgaard, p. 56.

52. Ferrier, p. 62.

**٥٣. تەرجەمەی مینۆرسکی لە** تذكرةالملوک ، **ل ١٩**.

★ ducat **ئەو سکانەی کە پێشتر لە هێندێک وڵاتی ئورووپایی برەویان هەبوو**.

54. Banani, pp. 21-2.

55. Ferrier, p. 56.

56. Ferrier, p. 55.

57. Ferrier, p. 39.

58. Ferrier, p. 40.

59. Tavernier, vol. II, p. 611.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٩

# ژیانی فکری لە سەردەمی سەفەوییەدا

## ئەدەبیات

هەتا ڕۆژگاری تازە ڕوانگە و بۆچوونی قبوڵکراوی نێو زانایان ئەمە بوو کە هیچ شێعرێکی بەرچاو لــە سـەردەمی سـەفەوییەدا نەهۆنراوەتــەوە. «ئێــدوارد براون» بەرپرسی سەرەکی دەربڕین و برەوی ئەم بۆچوونەیە:

«لە نیگای یەکەمدا یەکێک لە پرسـە سـەیر و چارەسـەرنەکراوەکانی چاخی سەفەوییە قاتی و نەبوونی شاعیرانی گرینگە... گەرچی لە توحفەی سامی و ژیاننامە و مێژووەکانی دیکەی ئەو زەمـانیدا نـاوی ئاپۆرایـەکی بەرچاوی شاعیران تۆمار کراوە، بەڵام بۆ ئێمە کارێکی دژوارە کـە یـەکێک لە وان - بێجگە لە جامی و هاتفی و هیلالی و شاعیرانی تری خوراسان کە بەڕاستی پاشماوەی قوتابخانەی ئەدەبیی هیرات بوون - بخەینـە ڕیـزی پێشەوە و لە پلەی یەکەم دایبنێین. لە ماوەی تەمەنی درێژی حەفتاساڵەی ئەمیرتەیموورد، جگە لە حافزی مەزن کە هەمووی خستبوونە ژێر باڵـی درەوشانەوەی پرشنگی خـۆی، لانیکـەم هەشـت هـەتا دە کـەس شـاعیر هەبوون کە هەرکامیان دەیانتوانی لە بواری ئەدەبیاتی ئێرانا کار بکـەن و

ناکرێ پشتگوێ بخرێن. بەڵام لە ماوەی ٢٢٠ ساڵەی فەرمانڕەوایەتی سەفەوییەدا هەتا ئەو جێگای من توانیومە ڕوونی بکەمەوە، بە دژواری کەسێک لە ئێرانا وەگیر دەکەوێ کە بە شێوەیەکی شایان لێوەشاوە و خاوەنی چێشکەیەکی داهێنەر بێ. بەئانقەست گوترا لە «ئێران»دا چونکە پۆلێک لە شاعیرانی ناوداری ئێرانی کە ڕەنگە عورفی شیرازی (کۆچ کردەی ساڵی ١٥٩٠) و سائیبی ئیسفەهانی (کۆچکردەی ساڵی ١٦٧٠) سەرتۆپی هەموویان بن، ڕازێنەوەی دەرباری سوڵتانەکانی مەغوولیی هیندووستان بوون. ئەم کەسانە تۆرمەی کۆچبەران و دراوسێیانی ئێرانی و لەدایکبووی هیند نەبوون، بەڵکوو خۆیان لە ئێرانەوە چوونە هیند و پاش دەوڵەمەندی و وەسەریەک نانی سامان و درەوشانەی ناوبانگ گەڕانەوە نیشتمانی خۆیان. لێرەوە دەردەکەوێ کە هۆی هەژاری و دەسکورتیی سەردەمی سەفەوییە لە بواری هەڵکەوتنی شاعیرانی گەورەدا، زیاتر دەچێتەوە سەر نەبوونی هاندەر و مامۆستا هەتا نەبوونی کەسانی ناسکخەیاڵی هونەرمەند.»

ئێدوارد براون کە پێی وابوو «لە سەردەمێکی ئاوا شکۆمەند و لە نێو دەسەڵاتێکی ئاوا پتەودا هیچ شێعرێکی گەورە ئاسۆگی نەداوە» ئەوەندی پێ سەیر بوو کە نامەیەکی بۆ «میرزا محەممەدخانی قەزوێنی» توێژەرەوەی ئێرانی نووسی و پرسی داخوا ئەویش هەر لەسەر ئەو باوەڕەیە؟!

قەزوێنی لە وڵامدا نووسی: «بەڵێ تازە هەرچۆنێک بێ گومانی تێدا نیە کە لە سەردەمی سەفەوییەدا شێعر و ئەدەبیاتی فارسی بەرەوخوار بووە و تەنانەت شاعیرێکی پلە یەکیش لەم چاخەدا نەدرەوشاوەتەوە.» قەزوێنی چەند هۆیەک بۆ ئەم بەدیهاتە دەخاتەڕوو. یەکەم یەکێتی مەزهەبیی ئێران کە بە دەستی سەفەوییە وەکردەوە گەڕا و برەوی ڕێبازی شیعەی دوازدەئیمامی کە بە گوتەی وی ناتەبا بوو لەگەڵ ئەدەبیات و شێعر و سۆفیگەری و عیرفان. ئەو بە خستنەڕووی ئازار و ئێشاندنی سۆفییان لە لایەن توێژی مەلاکانەوە دەڵێ: «دۆستایەتی و پەیوەندیی شێعر و ئەدەبیات لەگەڵ سۆفیگەری عیرفان بەتایبەت لە ئێرانا ڕوون و ئاشکرایە، بە شێوەیەک کە کووژانەوەی یەکیان دەبێتە هۆی برانەوە و نەمانی ئەویتر. هەر بۆیە لە چاخی فەرمانڕەوایەتی خانەدانی سەفەوییەدا زانین

و ئەدەب و شێعر و عیرفان بارگەیان تێکەوپێچا و مالاوایی‌یان کرد لــە ئێــران.» ئەو هەروەها سەفەوییەکان بە وێران کردنی تێکرای پەرستگا و تەکیە و خانەقا و خەڵوەتخانەکانی دەروێشان لە سەرانســەری ئێرانــا تۆمــەتبار دەکــا. «... لــە سەردەمی سەفەوییەدا لەبری شاعیران و زانایانی گەورە، مەزنەمەلایانی وەکوو «مەجلیسی»★، «موحەقیقی سانی»، «شێخ حوڕڕی عامیلی»، «شێخی بەهایی» و چەندی تر پەیدا بوون کە گەورەیەتی ئەوان گومانی تێدا نیە، بەلام بــێ‌ئەنــدازە توند و وشک و دەمارگرژ و ڕەقوتەق بوون.» بە چاوخشــاندنێک بــە ســەر ئــەم بۆچوونەدا دەکرێ بپرسی باشــە چمــا هــەلومــەرجی بارگــای ســەفەوییە هــەر خودبەخود تۆوی شێعری لێ‌نەدەڕوا، ئەدی چۆن گەلێک لە شاعیرانی سەفەوییە لە سێ دەرباری شیعە لــە هینــد پــەروەردە بــوون: ئەحمەدنیگــەر، گلــکوندا و بیجاپوور؟★

دووەمین هۆکارێک کە قەزوێنی بۆ نەبوونی شاعیری هەرەباش دەیخاتەڕوو و دنەنەدان و پشتیوانێتی پادشایە. بانگەشەی ئەوە کراوە کە هــەم شاتەهماســب و هەم عەبباسی یەکەم پێیان خــۆش بــوو، شــێعری تاریفــات کــە تــەنیا ڕێگــای بەرێچوونی هۆنەرانی دەرباری بوو، بۆ پەسنی ئیمامان بهۆندرێنــەوە نــەک بــۆ پێهەلاگوتنی ئەوان. قەزوێنی لە درێژەی بەلگاندنی بۆچوونەکەی خــۆی‌دا دەلــێ لەبەروەی کە تاریفی پادشایان داهاتی زیاتری هەبوو لە پێهەلاگوتنی ئیمامــان، زۆربەی شاعیرانی سەفەوییە ڕوویان کردە بارگای تەیمووریان لە دێهلی، ئــەو جێیەی کە دەسخۆشانەیەکی زیاتری دنیایی دەکرایە شاباشیان و بــە ســەریان‌دا دەڕژا. ژمارەی ئەو شاعیرانەی کــە ئــاوا کۆچیــان کــرد ئەوەنــدە زۆر بــوو کــە شــێوازێکی تــەواوی شــێعری فارســییان بــە نــاوی «شــێوازی هینــدی» لــە دوورخرانەوەی خۆکردیان‌دا بەدی هێنا.[1]

حوکمدانی گشتیی بــراون لەســەر هــۆنراوەی ســەردەمی ســەفەوی هێنــدێک بەربــلاو بوو، بەلام میرزا محەممەدخانی قــەزوێنی پــەرەی پێــدا و بــالوپــەڕی وێخست و تێکرای چاخی سەفەوییەی بە کەلەوایەکی کەلتووری دانــا کــە تێــی‌دا زانست، شێعر، عیرفــان و تەنانــەت فەلســەفە بــواری ژیــانی پێنــەدرا. ئەمــە بەدیهاتێکی سەیر و لە نیگای یەکەم‌دا غەریبە و ئادەمیزاد تێدەمێنێ کە چلۆن لــە ماوەی دەیان ساڵی دوای مردنــی بــراون، کۆمەلــێک بۆچــوونی وەک مــەحکووم

کردنی مێژوونووسیی سەردەمی سەفەوی لە لایەن وی‌ڕا کە بە هەمان ڕادە گشتگیر بوو و پاشان دەیخەمە بەر باس و شی دەکەمەوە، بێ ڕەخنە و هەڵسەنگاندن قبووڵ کرا؟ ڕەنگە ئەگەر براونیش زیندووبا هەروای گوتبا. «یان ڕیپکا» لە بەشێکی کتێبەکەی‌دا سەبارەت بە وێژەی چاخی سەفەوی ئاوا سەری قسانی دادەگیرسێنێ: «ئەدەبیاتی ڕۆژگارانی سەفەوییە زیاتر بە پووچ دادەندرێ.»[2] پاشان بۆچوونێکی گشتیی و گشتگیر دەدرکێنێ و شتێکی ئاوا دەڵێ: «بێ‌مەیلییەکی بەرهەست سەبارەت بە شاعیران و شوێنەوار و گۆڕەکانیان» لە گۆڕێ‌دا بوو.[3] ئەمە نەک تەنیا هەر بۆچوونی زانایانی ڕۆژاوایی بەڵکوو بیر و باوەڕی ڕەخنەگرانی سەدەی نۆزدە، «ڕەزاقولی‌خان هیدایەت» و «مەلیکوششوعەرای بەهار» (کۆچکردووی ١٩٥١)یش بوو.[4] تەنیا پاش بڵاوبوونەوەی نامیلکەی بە برشتی «ئیحسانی یارشاتر» لە ١٩٧٤دا بە ناوی «ئەدەبیاتی سەردەمی سەفەوییە، گەشە یان پووکانەوە» بوو کە بیر و بۆچوونە توندەکانی براون، میرزا محەممەدخانی قەزوێنی، ڕیپکا و کەسانی تر کەوتنە بەر پێداچوونەوە و لێکدانەوەی ڕەخنەگرانە.»[5]

بەڵگەهێنانەوەی دووەمی قەزوێنی دەربارەی نەبونی شێعری ناسک و تازە لە ئێرانی سەردەمی سەفەوی‌دا، واتە ڕاکێشرانی باشترین شاعیران بۆ بارگای تەیمووری لەبەر خەڵات و دەسخۆشانە، تەواوێک وایە و پتەوە. ئاشکرایە کە لە چاخی تەیمووریانی هیندا، دێهلی کابەی ئاواتی شاعیران بوو. سەدان ساڵ بوو کە بارگاکانی ئیسلامیی هیند بە دڵاوایی پێشوازی و پشتیوانیان لە شاعیرانی ئێرانی کردبوو و ژمارەیەک لەم شاعیرانە وەک «مەسعوودی سەعدی سەلمان» (کۆچکردەی ١١٣١ی زایینی) و «ئەمیر خوسرەوی دێهلەوی» (کۆچکردەی ١٣٢٥ی زایینی) دوو کەس لە گەورەترین شاعیران بوون. بە دامەزرانی ئیمپراتۆرێتی تەیمووری بە دەستی «بابۆر» لە ١٥٢٦ (٩٣٢)دا شتێکی ئاسایی بوو کە ئەم وەژێربال گرتنە بەربڵاوتر بێ، چونکە ئەگەرچی تۆرەمەی بابۆر لە باوکی‌ڕا دەگەیشتەوە سەر تەیموور و دەیگوت کە لە دایکی‌ڕا دەچێتەوە سەر چەنگیز، بەڵام ئەو لە ئاقاری کەلتووریی ئێرانیی ئەوبەرڕووبار (ماوراءالنهر)دا پێی نابوویە جەغز ژیان و پەروەردە کرابوو. فارسی زمانی باوی بارگای تەیمووری بوو و گەلێک لە شازادەکانی مەغوول خۆیان بە فارسی شێعریان دەهۆندەوە و

وەزیران و مەزن و ماقووڵانی دیکــە بــە دڵاوایــی چاویــان بــە ســەر شــاعیرانی ئێرانییــەوە بــوو. لــە نێــو خونکــارانی تــەیمووریدا، ئەکبــەر (١٥٦٦-١٦٠٥ / ٩٦٣-١٠١٤)، جــانگیر (١٦٠٥-١٦٢٧ / ١٠١٤ تــا ١٠٣٦-٧) و شــاجیهان (١٦٢٨-١٦٥٨ / ١٠٣٨-١٠٦٨) گەلێک کۆبوونەوەی شکۆمەندیان بۆ شاعیرانی ئێرانی لە دەربــاری خۆیاندا ساز دەکرد. «کەوایە سەیر نەبوو کە هەر کەسێکی لــە ئێرانــا دەکەوتــە پێوشوێنی هۆنینەوەی شێعر، ئارەزووی چوونــە هینــد لــە ســەری دەدا هــەتا بەختی خۆی لەوێ بەتاقی بکاتەوە.»[٦] «مەلا عەبدورڕەززاقی لاهیجی، زاوای «مەلا سەدرای شیرازی»، فەیلەسووفی ناوبەدەرەوەی سەفەوی ئاوای نووسی:

حبّـــذا هنـــد کعبـــەی حاجـــات
خاصـــه یـــاران عافیـــتجـــو را
هر کـه شـد مسـتطیع فضـل و هنـر
رفـتـن هـنـــد واجـب اسـت او را[٧]

(چ خۆشە هیندی کابــەی ئــاوات، بەتایبــەت بــۆ ئــەو یارانــەی کــە عەودالّــی ئاسوودەیین. هەر کەس دەوڵەمەند بوو لە زانســت و هونــەرا، چوونــە هینــدی لەسەر واجب دەبێ.)

کەوایە سەیر نیە لە ماوەی دەسەڵاتی سەفەوییەدا بەشی هەرەزۆری شــێعری شاعیرانی ئێرانی کە لە ئێران نووسراونەوە، لە هیند هۆندراونەوە. بــە بــڕوای «عەزیزئەحمەد» شاعیرانی سەفەوی بۆیە سەرنجێکی وایان نەدایــە چــاوەدێری کردنی پادشایانی سەفەوی و بارگەیان بەرەو هیند تێکــەوەپێچا «ڕەنگــە لەبــەر سامانی زیاتر و سەرچاوەی ئابووریی دەوڵەمەندتری هیند بــێ لــەو قۆناخــەی مێژوودا.»[٨]

وەختایەک تەواو سەرنج بدرێتە سەر ئەم بابەتە کە لەبەر چاوی شــاعیران، خوانی تەیمووریيان ڕەنگینتر بووە، دەبێ بە شێوەیەکی پتەو بگوترێ کــە ئــەم بۆچوونەی قەزوێنی و زۆرێکی تر هەڵەیە کە گوتوویانە پادشاهانی سەفەوی ئەو جۆرەی کە پێویستە دنەی شاعیرانیان نەداوە. بێجگە لەوەی کە گەلێ لە شاهانی سەفەوی خۆیان شێعریان دەگوت، پادشــایان و کەســانی دیکــەی بنەماڵــەش، پشتیوانی شــاعیران، کتێــبدۆســتان، خۆشنووســان و مووســیقازانان بــوون. شاسمایلی یەکەم چەندین شێعری بە ترکی ئازەری و بە نازناوی «خەتایی»یەوە

هۆندۆتەوە کە بە هیچ لەونێک خراپ نین. سوڵتانمحەممەدشـای سـەفەوی لـە شێعرا نازناوی «فەهمی» بۆ خۆی داناوە. وا وێـدەچێ هەڵـەی دووەم سـەبارەت بەوەی کە پادشایانی سەفەوی برەویان دەدا بـە شـێعری تاریفـات بـۆ پەسـنی ئیمامان نەک پێهەڵگوتنی خۆیان، لەو بڕگەیەی مێژووەکەی «ئەسـکەندەربەگی مونشی» دەربارەی شاتەهماسبەوە وەرگیرابێ و سەری هەڵدابێ:

**باسوخواسی چینی شاعیران و خۆوێژان کە لە کاتی کۆچیدوایی پادشای بەهەشتیدا کۆڕی هەڵبەستیان گەرم بوو**

پیش و پسی بست صفت کبریا          پس شعرا آمد و پیش انبیا

(دوابەدوای یەکتر ڕیز بوون مەزنایەتییەکانی یەزدانی، پێغەمبەران هاتن لـە نواوە و شاعیران بزووتن لە دواوە.)

«لە چینی هێژای شاعیران کە هۆنەرەوەی کەلامی ڕازاوەن و ڕازێنەوەی زنجیرەی خەیاڵی مەعناوەرووژێنن، ئەو کاتی لە نێو هۆردووی بەرزەجێ و هەرێمەکانی وڵاتـا کەسـانی زمـانپـاراو و مامۆسـتایانی بـرەودەری ڕەوانبێژی زۆر بوون. جارجار میرزا شەرەفجیهـان و مـەولانا حیرەتـی هاودەمی بەزمی میری هەرەپیاوچاک و ئاواڵی کۆڕی پیرۆزی بوون، بەڵام لە تاوپەڕی ڕۆژانی ژیانیدا کە زۆری پێ لێهەڵـدێنا بـۆ ئـەنجامی کـاری باش و گەڕانەوە لە خراپـە، چونکـە ئـەم چینـە بـەرزەی بـە خـاوەنی ڕوانگەیەکی کراوە دادەنا و لە ڕیزی ساڵحان و پیاوباشـانی نـەدەزانین، زۆری لا لێنەدەکردنەوە و ڕێی خسـتنەڕووی پارچـە شـێعر و قەسـیدەی نەدەدان. مەولانا موحتەشەمی کاشانی قەسیدەیەکی بەرزی لـە تاریفـاتی ئەو حەزرەتەدا و قەسیدەیەکی دیکەی بۆ پەسـنی ڕووبەندەپۆشـی زەمـان شازادە پەریخان خاتوون هۆندبۆوە و لە کاشانەوە ناردبووی. ئەم شازادە خاتوونە بە خزمەت پادشای بەهەشتیی ڕاگەیاند و ئەویش فەرمووی ڕازی نیم شاعیران بکەونە پـەسـن و تاریفـاتی مـن، وا باشـە خۆیـان بدەنـە پێهەڵگـوتنی سـەرجەلە و فەرمانـڕەوای پیاوچاکـان و ئیمامـانی پـاک (دوازدەئیمامی شیعان) سـڵاویان لێ بێ. بەخششـی یەکـەم لـە ڕووحـی پیرۆزی ئەو مەزنانە و دواتر لە ئێمە بخوازن، چونکە ئەوەی کە بە بـیری

ورد دەیهۆننەوە و بە مانای بەرز دەیرازێننەوە و لــەوپــەڕی ڕوانبێــژیدا دەیاندەنە پاڵ میران زۆربەیان لە جێی خۆیاندا نـین و بــە دەردی کـابرا دەڵێ: کامەی زیاتر درۆیە، لە هەمووانی چاکترە. بەڵام ئەگەر بێتوو ئــەو شتانە بدەنە پاڵ پێشەوایانی ئایینی شانی ئەوان پتری هەڵدەگرێ و ڕەنگە زیاتری وەها بێ کە دەیڵێن. جـا بەڵــێ ئـاوا بــوو کــە جــەنابی مــەولانا دەمخۆشانەی لە میری بەرزەجێ وەدەس نەکەوت و کاتێک ئەو هەواڵــەی پێگەیشت حەوتبەندی* خوداڵێخۆشبوو مەولانا حەسەنی کاشی کــە لــە تاریفاتی حەزرەتی میری پیاوچاکـان، سوڵــتانی تـانجی هیدایــەتا بــە لیزگەی کەلامی هۆندبوویەوە و خودا لە دڵی نابوو و شـاعیرانی ســەردەم هەرگیز دەستیان نەدەگەیشتە ئاتەگی، وڵامی دایەوە و ناردییە خزمەتی و دەمخۆشانەیەکی شیاوی وەرگرت. شاعیرانی پایتەختی پــیرۆز دەســتیان کرد بە هۆنینەوەی حەوتبەندان و نیزیکەی پەنجاشێســت حــەوتبەنــدی بەقەوەت و پاراویان هۆندەوە و وردەوردە نێردرانە خزمەت فەرمانــڕەوا و هەموویان دیاری و خەڵاتیان بــاربوو کــرا و بۆیــان بــوو بــە شــانازی و سەرفەرازی.»[٩]

ئەم ڕاپۆرتەی ئەسکەندەربەگی مونشی کە بە لاتاوی باوی نووســەر دەســتاو دراوەتەوە، دەریدەخا کە ڕەخنەکانی قەزوێنی تەواو بێبناغەن. جارێ لە پلــەی یەکەمدا، تەهماسب سەرەتای حکوومەتەکەی نە تەنیا پشتیوانی شاعیران بــوو، بەڵکوو ئەوانی کردبوو بە دۆستی گــەرموگــوڕی خۆشــی. لــە قۆنــاخی دواتــری ژیانیدا کە سەرنجی پتر کەوتە سەر بار و بواری دینــی و مــەیلی ســەبارەت بــە تێکەڵاوی لەگەڵ کۆڕی بەزمی عەیشونۆشی هێندێک لە شاعیران کەمتــر بــۆوە، پێهەڵاگوتنی ئیمامانی کردە جێگرەوەی پەسن و تاریفاتی خۆی. بــەڵام شــاعیران نەک هەر بێ خەڵات و پاداش نەمانــەوە، بەڵــکوو وادیــارە دەمخۆشــانەکان بــە ئەندازەیەکی وا دڵاوایانە بوون کە بیانهاروووژێنێ و دنەیان بدا بــۆ هۆندنــەوەی شێعری زیاتر و سەبارەت بە مانەوەیان لە بارگای سەفەویدا قنیاتیان پێبێنێ.

شاعەبباسی گــەورەش ئـاوا ڕێــزی شــاعیرانی دەگــرت و هــانی دەدان. ئــەو شاعیرانی دەگەیاندە پلەی «مەلیکوششوعەرایی» «لانیکەم جارێک بۆ نیشاندانی ئەمەگ و ڕێزلێنان، بارتەقای قورسایی‌شاعیرێک (شامی) زیری خەلات کــرد.»[١٠]

عەبباسی یەکەم وەختایەک سەری بە قاوەخانانەدا دەکێشا و تێیان‌دەگەڕا، گوێی هەڵدەخست بۆ شێعری شاعیران و جاری وابوو دنەی دەدان بۆ ئەوەی لەڕێوە و بێ‌سێ‌ودوو شێعرێک بهۆننەوە.[11] بێجگە لە جانگیر (جهانگیر)، ئیمپراتۆرانی تەیمووری خۆیان بایەخێکی ئەوتۆیان نەدەدا بە هۆنراوە. ئەو شاعیرانەی کە لە ژێر سەیوانی سەردەمی ئەوانا کۆمەڵیان بەستبوو، هەر بۆ خۆڕانان و ڕازاندنەوەی بارگای خونکارانی تەیمووری و خۆپێوەهەڵکێشان کەلکیان لێوەردەگیرا. لە لایەکی دیکەوە پادشایانی سەفەوی نە تەنیا خۆیان تامیان لە شێعر دەزانی، بەڵکوو چۆنیەتی و نێوەرۆکی پەیوەندی و نێوانی ئەوان لەگەڵ شاعیران زۆر گەرموگوڕتر و خۆمانەتر بوو لە تێکەڵاوی ئیمپراتۆرانی تەیمووری لەتەک شاعیرانی دەربارەدا.[12]

هەتا ئەم دەورانە بە بیری کەس‌دا نەهاتبوو کە شێعری شاعیرانی ئێرانیی بارگای تەیمووری دەکرێ بە هۆنراوەی «سەفەوی» ناودێر بکرێ. گەلێک لە ڕەخنەگرانی ئێرانی لایان وابوو کە ئەم شێعرانە تەنانەت بە فارسییەکی لێک‌و لووسیش نەهۆندراونەوە. دەستەواژەی «شێوازی هیندی» دەستەواژەیەک بوو بۆ گاڵتە و سووکایەتی و بە مەبەستی نیشان‌دانی شێعرێک کە بە فارسییەکی لەنگ‌ولۆر و نەپاڵاوتە هۆندرابێتەوە. سام‌میرزای برای شاتۆماسب، لە نووسراوەکانی ئەو زەمانی خۆی‌دا، ئەم شاعیرانەی پێ لە شاعیرانی پێشوو سەرتر بووە، بەڵام ڕەخنەگرانی سەدەکانی دوایی زیاتر لە پێشوو لێیان وەخۆ کەوتن و تیر و تانەیان تێهەڵکردن: «خودی میسرەع هەڵە، مانا هەڵە، نێوەرۆک هەڵە، نووسینەوە هەڵە.»[13] (حەزین، کۆچ‌کردووی ١٧٦٦ (١١٨٠ی کۆچی)): «پلە و پایەی شاعیری پاش جەنابی میرزای ناوبراو (صائب) کە داهێنەری ئەم ڕێبازە تازە ناپەسندە بوو، ڕۆژبەڕۆژ ڕووی کردە پووچانەوە، هەتا وای لێهات لە سایە خودایەوە چونکە حەقیقەتی شتێک پارێزەری شتەکەیە، ڕێبازی تازەداهاتووی ئەمان بەتێکڕایی کوێر بووە و ڕێ‌وشوێنی پێشینیان داگیرسایەوە.»[14] (لوتفعەلی ئازەربیگدلی، ١٧١١-١٧٨١ / ١١٣٤-١١٩٥): «لە ڕۆژگارانی ترکان و سەفەوییان‌دا، شێوە و شێوازی ناپەسند داهاتن... جا لەبەروەی کە غەزەل لەسەر ڕێ‌وشوێنێکی دیاری‌کراو نەدەڕۆیی، هەستی نەخۆش

و تێگەیشتنی لارولوێریان چۆنی پێخۆش بوو رووی کردە هاتەرانپاتەران و قسەی مفت و پووچەڵبێژی.»[15] (هیدایەت، ١٨٠٠-١٨٧٢ / ١٢١٥-١٢٨٨)؛ سەرەنجام محەممەدتەقی بەهار (کۆچکردووی ساڵی ١٩٥١) ئاوای دانە بەر تانە:

سبک هندی، گرچه سبکی تازه بود
لیک او را ضعف بی‌اندازه بود
فکرها سست و تخیل‌ها عجیب
شعر پر مضمون ولی نادلفریب
وز فصاحت بی‌نصیب[16]

(شێوازی هیندی، گەرچی شێوازێکی تازە بوو، بەڵام کەموکووڕیی تێیدا بێئەندازە بوو. فکرەکان رووخەک و خەیاڵەکان سەیر، شێعر پڕکاکڵ، بەڵام دڵنەگر و دوور بوون لە زمانپاراوی.)

لە بەرامبەر ئەم گەلەکۆمەگییەدا بە دژی شێوازی هیندی، رەنگە گومان دەربارەی ئەم بۆچوونە بەرواڵەت گشتییەدا بە چەشنێک کەترەخەمی دابندرێ. بەڵام بە خوردبوونەوەیەکی وردتر لێمان روون دەبێتەوە کە حەزین نەک تەنیا «شاعیرانی هاوچەرخی خۆی ئەوەندە بەلاوە گرینگ بووە کە ژیاننامەی پڕ تاریفاتیان بۆ بنووسێ» بەڵکوو پێنج دیوانیشی بە شێوازی رەزاتاڵ و ناخۆشەویستی «هیندی» هۆندۆتەوە! هیدایەتیش بە دەربڕینی ئەم مەبەستە کە جگە لە حافز «کە غەزەلەکانی وەبەر دڵی لایەنگرانی نێوەرۆک و رواڵەتی شێعر [بەڵام وادیارە نەک ئی خودی هیدایەت؟] هاتوون»[17] و ئەو لە هیچ شێعرێکی دوای دەورەی سەلجووقیدا درەوشانەوەیەکی نەدیتووە، خۆی وەک رەخنەگرێک تەواو بێبایی کردووە. هەروەها کەسێکی ناوداری وەک مەلیکوشوعەرای بەهار بانگەشەی ئەمە دەکا کە سەردەمی فەتحعەلیشا (١٧٩٧-١٨٣٤ / ١٢١٢-١٢٥٠) «سەردەمێکی ترووسکەداری شێعری بووە وەک رۆژگاری سوڵتانمەحموودی غەزنەوی»[18]، بۆیە تەنانەت حوکمدانی ئەدەبی ئەویش دەکەوێتە جەغزی گومانەوە. بەڵام رەنگە رەخنەکانی «لوتفعەلی ئازەربیگدلی» و «بەهار» چەند ئاماژەیەکیان هەبێ بە هۆکاری لێزمە و دەسڕێژی قسەی تاڵی رەخنەگرانی ئەدەبی. ئازەر ئاماژە دەکاتە ئەم «شێوازە تازە ناپەسندە» و کاتێک کە شاعیران سەرلەنوێ دەچنەوە سەر دۆخ و رەوتی جاران، پشوویەکی بە ئاسوودەیی

هەڵدەکێشێ و ئۆخژنێکی دەچێتەوە بەری. لەو لاوە تەماشا دەکەین «بەهار» ئاماژە دەکا بە «تازەیی» شێوازی هیندی و دانیپێدادەنێ کە شێعری قوتابخانەی «هیندی» پڕ لە «کاکڵ» بوو، بەڵام بە دڵەوە نەدەنووسا. تۆ بڵێی سەرزەنشت و سەرکوتانەوەی شاعیرانی سەفەوی لە لایەن کۆمەڵەی ڕەسمیی ئەدەبیڕا بەگشتیی نەگەڕێتەوە سەر دۆزین و عەیب لێدیتنەوەی هێنانەگۆڕی باس و بابەتە تازەکان و دەربڕینی ئەم مەبەستانە لەو شێوازە نوێیەدا؟ بێتوو وابێ، ئەزموونی شاعیرانی سەفەوی لەم بوارە نوێیەدا ڕاست وەک خستنەڕووی بابەتە تازە و شێوازە ڕێئالیستییەکانی وێنەگەری وایە بە دەستی هونەرمەندانی سەفەوی کە نیشانەی دابڕانێکی تەواوە لە شێوازی چەسپیو (بگەڕێنەوە سەر بەشی ٦).

بەر لە دوان دەربارەی ئەم بۆچوونە، دەگەڕێینەوە سەر ئەم پرسیارە کە داخوا هۆنراوەی فارسی لە «شێوازی هیندی»دا دەکرێ بە هۆنراوەی «سەفەوی» ناودێر بکرێ؟ خۆش ئەوەیە کە بزانین وەڵامی هێندێک لە ڕەخنەگرانی ئێرانی ئەرێیە. تەنانەت دەستەیەک پێیانخۆشە «لەبەروەی کە بەگشتیی ئەم شێوازە لە ئیسفەهان و لە زەمانی سەفەوی‌دا گووڕا و چرۆی دەرکرد»[19] ناوی بنێن قوتابخانەی «ئیسفەهان». واوێدەچێ کە لانیکەم هێندێک لە ئێرانییەکان ئێستا خەریکی ژیاندنەوەی ئەم بەشەی کەلەپووری ئەدەبی خۆیانن. ڕەنگە وەختی هاتبێ کە دەستەواژەی «شێوازی هیندی» و درکاندنی ئەم مەبەستە بە سەری زەمانان کە توخمی بێگانە تێکەڵ میراتی ئەدەبیی ئێران بووە، وەلایەک بنێین و «شێوازی سەفەوی» لە جێی دابنێین. بەم شێوەیە ڕێگا بۆ ئەم بۆچوونە تەخت دەکرێ کە ئەم فکرە تازانەی ئاوا ڕەخنەگرانیان هەڵگراند، لە چوارچێوەی کەلەپووری ئەدەبی ئێرانا تەماشای بکرێ، نەک وەک بەدیهاتێکی بێگانە لەوی و لاڕێ. نابێ چاو لە ئاست ئەم ڕاستەقینەیە بقووچێنین کە نە تەنیا ڕەخنەگرانی ئەو چاخەی ئێرانی، بەڵکوو ڕەخنەگرانی عوسمانی و هیندی ئەو ڕۆژگاریش، کە یەکجار زۆر بوون، بە یەکدەنگی گوتوویانە کە سەردەمی سەفەوییە هەڵگری گەلێک خاڵی شایان و بەرچاوی ئەدەبی بووە. ئەوەی ڕاستی بێ لە دەرەوەی خودی ئێران، لە هیند، ئەفغانستان، ئەوبەرڕووبار و خاکی عوسمانی‌دا کە لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا کەلەپووری ئەدەبیی ئێران هەروا لە پێشتر بوو،

«شێوازی هیندی» هەتا جەنگەی ئاشکرابوونی کاردانەوەی ڕەوت و ڕێبازە ئەدەبییەکانی ڕۆژاوا، هەروا درێژەی بە ژیانی خۆی دا.[٢٠] بە بڕوای من ئەمە زۆر ماناداره کە «شبلی نوعمانی» (کۆچکردووی ١٩١٤ / ١٣٣٢ی کۆچی) سەرجەمی بەرگێکی کتێبە پێنج بەرگییەکەی خۆی بە ناوی «شعرالعجم» تایبەت داوە بە حەوت شاعیری سەرەکی سەردەمی سەفەوییە. لەم حەوتانە: عورفی، سائیب، فوغانی، فەیزی، نەزیری، تالبی ئامولی و ئەبووتالب، کەلیم کاشانی، تەنیا فەیزی لە هیند پێیناوەتە بازنەی ژیان.» بە بڕوای شبلی نوعمانی، داڕووخانی شێعری فارسی نەک لە سەردەمی سەفەوییەدا، بەڵکوو لە سەدەی هەژدە و پاش بڕانەوەی ئیمپراتۆریێتی سەفەوییە و گلۆر بوونەوەی ئیمپراتۆرێتی تەیمووری، ڕووی دا.[٢١] من تەواو لەگەڵ قسەکەی «ئیحسانی یارشاتر»م کە بەرهەمەکەی «نوعمانی» ئێستاش باشترین مێژووی ئەدەبیاتی ئێرانە لە سەدەکانی سەرتاوە هەتا دەگاتە کۆتایی سەدەی حەڤدە.

ئەگەر بێتوو بیسەلمێنین کە هەڵسەنگاندن و نرخاندنێکی دادپەروەرانەی شێعری سەفەوی بەبێ گونجاندنی شوێنەوارەکانی ناودێر بە «شێوازی هیندی» لە بەستێنی توێژینەوەکەماندا، بوورێ نابێ! دەبێ پرسیار بکرێ کە تایبەتمەندییەکانی جیاکەرەوەی شێعری سەفەوی چین و پێوەندی ئەدەبییەکانی سەردەمی سەفەوییە کامانە بوون؟ یەکەم ئەمەی کە شاعیرانی سەفەوی شێعرەکانی خۆیان بە بەشێک لە ئەدەبیاتی بەرەو پووکانەوە نەدەزانی لەچاو ڕۆژگارانی پێشوو. بەپێچەوانە شاعیرانی سەرەکی ئەم سەردەمە خۆیان بە شاعیرانێکی زۆر بەرزەجێ دەزانی و «هەروەها چەرخی خۆیان بە چەرخ و خولی گەشەی ئەدەبی و خەیاڵی چڕوپڕ دادەنا. بە بۆچوونی ئەوان ئەم سەردەمە گیانی وەبەر هەزاران کاڵ و مەبەستی تازەی شێعری نابوو و لەبەر خەیاڵی ناسک، دەوڵەمەندیی مەعنا و تازەیی پەند و نەزیلەکان لە شێعرا، پێشاوبڕەی ڕۆژگارانی پێشوویان دابوویەوە.» شاعیرانی سەفەوی کەمتر خۆیان لە قەرەی قالبە کۆنەکان دەدا و ئەوەندەیان بڕوا بە هاوچەرخانیان هەبوو کە لەبری هەڵگرتنی شوێنی مامۆستایانی مەزنی ڕابردوو، کێش و سەروای هۆنراوەکانی هاوچەرخانی خۆیان بخەنە بەر کار و تێکەڵی بەرهەمەکانیانی بکەن.[٢٢]

ئەم کاکڵ و مەبەستە تازانەی شێعری کە شاعیرانی سەفەوی پێیەوە دەنازین، چ بوون؟ ئیحسانی یارشاتر لە وتاری گرینگی خۆیدا سەبارەت بە ئەدەبیاتی سەفەوییە کە لەم بەشەدا زۆرجاران قسەم لێهێناوەتەوە، ژمارەیەک لەوانی هێناوە و لە هەر بابەتێکا چەن وێنەیەکی گێڕاوەتەوە. هێندێک لەوان بریتین لە: کەلک وەرگرتن لە وێنواندن یان خوازەی نوێ، بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە مەبەست و نەزیلە کۆنەکەندا، دەکار کردنی وردەکارییەکی یەکجار زۆر بۆ دەربڕینی هەستێکی وەک ئێرەیی پێبردن و هێنانە بەر کاری مانای ورد و باریکی تازەی وێژەوانی وشان و هەڵدانی پەڕی خەیاڵات و ئامرازەکانی زانستی جوانکاری. لە هۆنراوەی فارسیدا کەلک وەرگرتن لە ئامرازی ئەوتۆ بە شتێکی سەیر داناندرێ، بەڵکوو تەواو بەپێچەوانەیە. هەر تەنیا نواندن و وێناکردنی فکرێک شتێکی وا سەرنجی هاونیشتمانانی شاعیرێکی ئێرانی ڕاناکێشێ، ئەوەی گرینگە دەرخستن و نواندنێکی لەبار و لە هەمووان سەرتر مامۆستایانە و پڕ پێچەڵفلۆوچ بوونی ئەو فکرەیە. لە ئاکامدا شێعرێکی کە ڕەنگە بە بۆچوونی خوێنەرانی ڕۆژاوایی زۆری خۆ پێوە جریاوفریا درابێ و تەنانەت بەئانقەست بێ، بە بڕوای ئێرانییەک وا نیە. ناونانی داروپەردووی جوانکاری وەک خشڵی «ڕازاندنەوە» کە زیاتریش وا ناودێر کراوە، سەر لە ئادەمی دەشێوێنێ. شێعری فارسی لە سرشتی خۆیا جوان و تازەیە.»[٢٣] شاعیرانی سەفەوی لە «هەوڵەکانی خۆیاندا بۆ هێنانی شتی نوێ و دۆزینەوەی وتەی ورد و باریک و تازەبابەت» توانیان «دێڕە شێعرێک یان چەند دێڕێکی تێکچڕژاوی کورت و کاکڵدار بخوڵقێنن کە لە ڕۆژگارانی دیکەدا وەدەس ناکەون» ئیحسانی یارشاتر دەڵێ ئەم لایەنە و تەنیا ئەم لایەنەیە کە تایبەتمەندیی تاقانەی شێعری سەفەوییە و نیشاندەری پێشکەوتێکە لەچاو سەردەمانی پێشوو. هەروەها «بەهێزبوونی شەپۆلی ئەم نێوەرۆک و رووکارەیە کە توانی ناوی شێوازێکی نوێ باربووی شێعری سەفەوی بکا.»[٢٤] سائیب سەرترین نوێنەری ئەم شێوازە تازەی سەفەوی بوو. ئێدوارد براون گەرچی لای وایە کە ئەم بڕگەیەی «ڕییۆ» کە دەڵێ: «بە بڕوای هەمووان سائیب لە شاعیریدا داهێنەری شێوازێکی تازە و مەزنترینی شاعیرانی نوێی ئێرانە» زۆری فوو لێکردووە، بەڵام دەڵێ: «بێگومان سائیب سەرترینی شاعیرانی سەرهەڵداوی سەدەی حەڤدەی مەسیحییە و بە بڕوای من تەنیا کەسێکە

کە لەم کتێبەدا شیاوی لێدوان و لێکدانەوەی دوورودرێژە.»[25] براون لە هەرەتی لاوەتیدا سائیبی بە یەکێک لە گەورەترین شاعیرانی فارسی هەموو سەدەکان دادەنا. ئەو دەڵێ:

«نیزیکەی چل ساڵ لێرەوبەر (ڕێکەوتی ١٨٨٥ / ١٣٠٢) بەشی فارسیی کتێبی «خەرابات»م دەخوێندەوە کە بریتییە لە کۆمەڵێک غەزەلی هەڵبژاردەی فارسی و عەرەبی و هیندی و تاک شێعریشی تێدایە و لە پەراوێکدا دەمنووسینەوە و ئەگەرچی وێژەری ٤٤٣ غەزەل و تاک شێعریان کە دەرمهێناون زۆربەیان دیار نیە کێن، بەڵام لە سەدا دەیان پتر (چل و پێنجیان) ئی سائیبن.»[26]

یارشاتر بە تەشەرەوە دەڵێ: «هیچ پێویست نیە کە براون لە هەڵبژاردنەکەی تەریق بیتەوە.»[27] هەرچۆنێک بێ سائیب لە وڵاتی خۆیدا بێبەهرە نەبوو لەو سەرساردییەی کە براون پێی وایە هۆکاری سەرەکی کۆچ کردنی شاعیرانی سەفەوی بوو بۆ هیند، چونکە لە گەڕانەوەیدا بۆ ئیسفەهانی زێدی، شاعەبباس کردی بە مەلیکوششوعەرای بارگای خۆی.

بە بڕوای من نێوەرۆکی قسە و بۆچوونەکانی ڕەخنەگرانی سەدەی هەژدە و نۆزدە، چ ڕەزامەندانە و چ ناڕەزامەندانە، بەڵگەیەکی پتەون بۆ ئەوەی کە نەزمی چاخی سەفەوی شێوازێکی تازەی لە شێعردا بنیات نا. بۆ وێنە بۆیە ڕەخنە دەگیرێتە «تالبی ئامولی» کە «خاوەنی شێوازێکی تایبەتی شێعرییە کە دوای وی زمانپاراوان (شاعیران) نەکەوتوونە پێوشوێنی و خۆیان لێپاراستووە.»[28] ڕەزاقولیخانی هیدایەت دەڵێ کە سائیب «... لە ڕێبازی شاعیریدا شێوازێکی سەیری هەڵبژاردووە کە ئێستا پەسند نیە.»[29] شبلی نوعمانی سەبارەت بە «فوغانی شیرازی» - بە ڕاوێژێکی ئەرێنی - دەڵێ کە ئەو «داهێنەری شێوازێکی تازە بوو لە شێعرا.»[30] ی. ج. و. گیب لە کتێبەکەیدا بە ناوی «مێژووی شێعری عوسمانی» وەختایەک دێتە سەر باسی عورفی و فەیزی، دوو کەسی دیکە لە شاعیرانی سەفەوی کە لەسەر ڕەوتی قێزەونی «هیندی» شێعریان دەهۆندەوە، دەڵێ: «دوای جامی دوو شاعیر لە ئەدەبیاتی عوسمانیدا بە خاوەن بڕشت دادەندرێن، یەکیان عورفی و ئەویتر فەیزی؛ بەڵام دواتر سائیب کەوتەوە پێشیان.» هەروەها ئاماژە دەکاتە شێوازی تازەیان و تێوەدانی هێندێک بۆچوونی نوێ لەسەر کۆمەڵە واژەکانی باوی نێو هۆنراوەی فارسی.[31]

بێگومان «شێوازی سەفەوی» تۆوی تێداچوونی خۆی لە دەروونیدا هەبوو و سەرەنجام چۆلەپێچ کردنی کەلام و شوولێهەڵکێشان لە جوانکاری پێچاوپێچدا گەیشتە ئاستێکی دەسکرد. جاری واش بوو چۆنیەتی واژە لەگەڵ بیری بەرزی بەیانکراو یەکتری نەدەگرتەوە. دوو لایەنی تازەی دیکەی شێعری سەفەوی دەبێ باسیان بکرێ: ١ - «زمانی سەر شەقام و کۆلانان» پتر لەوەی کە مەشقپێکراوانی قوتابخانەی کلاسیک بۆیان قووت بچێ، خرایە ڕیزی شێعرەوە. ٢ - لە سەردەمی سەفەویدا پاراستنی زمانی ڕەسەن و پاڵاوتە هێندەی لا لێنەدەکرایەوە. «ئێی. بووسانی» ئەم ڕەوتە دەباتەوە سەر «چوونەدەری چینی نووسندان و ئەدیبان لە دەربار و جێگیرانەوەیان لە لایەن مەلایانی شیعەوە کە چێشکەیەکی وایان نەبوو لە شێعری کلاسیکدا.»[٣٢] ئەمە ڕەنگە هێندێکی وابێ، بەڵام من لەگەڵ ئەم بۆچوونە نیم کە چینی نووسندان و ئەدیبان لە دەرباری سەفەوی بزر بوون، مەگین ڕەنگە لە دواپین ڕۆژانی برانەوەی دەوڵەتی سەفەوییەدا کە چین و توێژەکانی مەلایان دەسەڵاتیان بە سەر کاروباراندا دەشکایەوە. ئەسکەندەربەگی [تورکمان] مێژوونووسی گەورەی سەفەوی نە تەنیا خۆی لە چینی نووسەرانی پایەبەرزی بارگا بوو و شێعریشی دەهۆندەوە، بەڵکوو گەلێک لە دیواندارانی ناو دەبا کە کەسانێکی فامیدە بوون و ڕێزیان بۆ کەلامی باش دادەنا. بە هەرحاڵ هەڵکەوتووترین نوێنەرانی «شێوازی سەفەوی» زۆربەی تەمەنی خۆیان لە بارگای تەیمووری ڕابوارد و کەوایە لە ژێر گوشاری مەزهەبیی بانگەشە بۆ کراوی دەرباری سەفەویدا نەبوون.

بە بۆچوونی من تایبەتمەندێتی لەشکرییانەی زاڵ بە سەر دەوڵەتی سەفەویدا، لانیکەم هەتا زەمانی شاعەبباسی یەکەم ڕەنگە دەورێکی زۆری لە بەدیهێنانی ئەم ڕەوتە تازە لە زماندا بووبێ. گەلێک لە میرانی قزڵباش دانیشتووی بارگا بوون و بەرپرسایەتی پلەبەرزەکانی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی وڵاتیان بە ئەستۆوە بوو. هەروەها لانیکەم لە زەمانی «جوولیووس سێزار»ەوە پیاوانی لەشکری بە پۆختەبێژی، ساکارویژی و بێپەردەدوان مەشهوور بوون. هۆکارێکی دیکەی کە دەبێ سەرنجی بدرێتێ ئەمەیە کە قزڵباشەکان هەروەک پادشایانی سەفەوی لە دەرباردا پتر بە ترکی ئازەری دەئاخاوتن؛ ڕەنگە ئاشنا نەبوون بە زمانی فارسی دەورێکی گێڕابێ لە دوور کەوتنەوە لە پێوادانە کۆنباوەکانی پاڵاوتە و ڕەسەنی قۆناخەکانی پێشوو. هەروابێتەوە «زمانی نێو شەقام و کۆڵان» لە شێعری فارسیدا بۆ یەکەم جار ناگەڕێتەوە سەردەمی



٣٠- مەلیکوششوعەرا شەفایی

سەفەوییە. ئەم کارە لانیکەم دەچێتەوە بۆ چاخی دەسەڵاتداریّتی مەغوولان و بە توێژینەوەی شاکاری مەزنی عیرفانیی «جەلالەددینی ڕۆمی» (١٢٠٧-١٢٧٣ی زایینی / ٦٠٤-٦٧٢ی کۆچی) لێمان ڕوون دەبێتەوە. لەخۆڕا نیە کە قەسیدە لە ڕۆژگارانی سەلجووقییان‌دا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و مەزنەشاعیرانێکی وەک ئەنوەری، موعیززی، خاقانی و عونسوری پەیدا بوون. لە سەردەمی مەغوولەوە بەرەودوا غەزەل و مەسنەوی بوونە خۆشەویسترین قالبی شێعری فارسی و هەرکام لەم چوارچێوە شێعرییانە هاسانتر لە قەسیدە بە خۆی و یاسا و ڕێسای ڕەقوتەقییەوە، زمانی نێو شەقام و کۆلانی دێنایە مەیدانەوە.[33] هەربۆیە «ڕ. ئێی. نیکڵسۆن» لە وەرگێڕانی «مەسنەوی مەعنەوی» شوێنەواری جەلالەددینی ڕۆمی‌دا وای بە پێویست زانی هێندێک لە دەستە شێعرەکان لەبری ئینگلیسی بیانکاتە لاتین، چونکە ئەوانی بۆ ناسکخەیاڵان لە ڕادەبەدەر (لە هەموو بارێکەوە) بە ڕەمەکییانە دەزانی.

هەروەک دیتمان، بردنەوە پاشی بێئەملا و ئەولای شێعری سەفەوی لە لایەن قەزوێنی‌ڕا بەرەی درایە و تەنییەوە بۆ سەر تەواوی ئەدەبیاتی سەفەوییە و لە ڕاستی‌دا زۆربەی چالاکییە فکرییەکانی سەردەمی سەفەوییەی گرتەوە. سەرکوتانەوەی ناڕەخنەگرانەی هۆنراوەی سەفەوی لە لایەن زۆربەی زانایانی ڕۆژاوایی و ئێرانی‌ڕا دەکرێ بە کەمتەرخەمی لە ڕادەبەدەری ئەوان سەبارەت بە لقێکی گەورە و بەرچاوی ئەدەبیات پێوانە بکرێ کە لە چاخی سەفەوییەدا دەوڵەمەند بوو، ئەویش مێژوونووسییە. «گیب» لە وتارێکی دووروودرێژدا کە کراوەتە پاشکۆی «دایرةالمعارف اسلام» (ساڵی ١٩٣٨)، لە بابەت مێژوونووسیی ئیسلامی‌دا، وادیارە هیچی دەربارەی هەبوونی مێژوونووسیی سەفەوی نەزانیوە و تەنیا بە شێوەی لێڵ و تارماوی گوتوویەتی «مێژوونووسیی ئێرانیش بە دوورەپەرێز» کەوتنەوە و گۆشەنشینی ڕێچکە و ڕێبازەکانی ئێرانی تووشی خەسارەت بۆوە.»[34] لە لایەکی ترەوە ئێدوارد براون دەیزانی کە کەرەسەی پێویست هەیە و لە گۆڕێ دایە، بەڵام گوتی بۆ کەسێکی کە ئۆگرییەکی تایبەتی بە کاروباری لەشکرییەوە نیە، ڕووداونامەکانی مێژوویی سەفەوییە «دژوارن و ئادەمی ماندوو دەکەن.» ئەو دەڵێ: «تەنانەت لە ڕوانگەی مێژووی شەڕانیشەوە

ئەو کتێبانە چەوت و چەوێڵ و ناساخن چونکە هەر لاپەڕێکیان پڕە لە درێـژداڕی بێهوودە و لە ڕاستیدا چوارچێوە و سنووری بەشەکان دیار نیە.»[٣٥]

پێداچوونەوە و نرخاندنی سەرلەنوێی ئەم داوەڕییانەش وەک بابەتی شێعری سەفەوی؛ تەنیا لە ڕۆژگاری زۆر نیزیکدا و بـە پیـاوەتی زانایـان لـە ئێـران و ڕۆژاوادا دەستی پێکردووە. تەنیا لە ماوەی دەوروبەری ئەم بیست ساڵەی دوایـی دایە کە هێندێک لە مێژوونووسانی ئێرانـی، سـەفەوییەکانیان خسـتۆتە پلـەی شیاوی خۆیان، یـانی بناغەدانـەرانی ئێرانـی نـوێ. پێشـتر وا بـاو بـوو کـە سەفەوییەکان بە بەرپرسیاری بێدەسەڵاتیی سیاسی و ئابووری ئێران بزانن لـە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا. بێدەسەڵاتی و لاوازییەک کـە ڕێـی خـۆش کـرد بـۆ زلهێزەکان هەتا بە چەشنێکی بەرچاو دەست وەربدەنە کاروباری ئێرانییـەکان و جڵەوی ئیشەکانیان لە چنگ دەربێـنن. بۆچـوونێکی ئـاوا ئـەم ڕاسـتەقینەیەی وەبەرچاو نەدێنا کە سیستمی یەکبنـەکی و بـەپێچوگـەو بـەلام بەبرشـتی کـە سەفەوییەکان دایانمەزراندبوو، بە ڕادەیەکی زۆر کار و هەنگاوەکانی نادرشـا و شەڕی نێوخۆی زەندییە و قاجارییە لە ماوەی نیوەی دووەمی سـەدەی هـەژدەدا کردیانە بەفری بەر خۆرەتاو. پێشکەوتی شـل و بـە ساوەسـاوی ئێـران بـەرەو چاکسازییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ماوەی سـەدەی نـۆزدەدا کەسـانێک دەیبنەوە سەر پەلوپۆ ئەستووربوونی چین و توێژەکانی مەلایان و ئەم دەسەڵاتە پنجداکوتاوە بە میراتی ڕاستەوخۆی سەردەمی سـەفەوی دادەنـێن. ڕوانگەیـەکی ئەوتۆ ئەم ڕاسـتییە وەبـەرچاو نـاگرێ کـە زاڵبـوونی مـەلایان لـە دەوڵـەتی سەفەویدا تەنیا دەگەڕێتـەوە دەورانـی ئـاخرین نوێنـەری ئـەم خانەدانـە کـە شاسوڵتانحوسێنە و حکوومەتەکەی بوو بە دەسپێکی کووژانەوەی خێرای چـرای بەختی سەفەوییەکان. ڕوانگەی بەرەو گۆڕان دەربارەی سەفەوییە لە ئێرانا بـوو بە هۆی بـلاوبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر دەقی مێژوویی کـە بـە نـۆرەی خۆیـان توێژینەوەی وردتری سەردەمی دەسەڵاتی ئەوانیان ساکارتر کردۆتەوە. ئێستا بە بڕوای زانایانی گەورەی ئیسلامی، ئەسکەندەربەگی مونشی کە بەرهەمەکەی ئاوا لە لایەن ئێدوارد براونەوە هێرشی توندی کرایە سەر، بە سەرترین مێژوونووسی سەفەوی دادەندرێ: «م. ج. س. هاجسۆن» لە شوێنەوارە نەمرەکـەیدا بـە نـاوی

«سەربوردەی ئیسلام» باسی «وردەکاری بیرمەندانە» دەکا لە «مێژووی شاعەبباسی گەورە»دا بە قەڵەمی ئەسکەندەربەگ و هێندێک لایەنی «دەروونناسانە و پێوەماندووبوونی بەربڵاو دەربارەی ڕووداوەکان دەخاتەڕوو.»[٣٦] ئێی. ک. س. لێمبتۆن سەرنجی ڕاکێشاوەتە سەر تایبەتمەندێتی تاقانە و بایەخی زۆری ئەو بەسەرهاتانەی کە لە مێژووی ئەسکەندەربەگدا هاتوون.[٣٧] و. ج. ڕ. واڵش، ئەوی نەک تەنیا چەشنی شوێنەوارێکی گەورە کە لە مێژوونووسینی سەفەوی و ئێرانیدا، بەڵکوو «وەک یەکێک لە مەزنترین بەرهەمەکانی مێژوویی ئیسلام و لە ڕاستیدا بەرهەمێکی کامڵ لە چوارچێوەی جەغزە کۆنباوەکانی خۆیدا» نرخاندوویەتی.[٣٨]

## فەلسەفە و حیکمەت

لە درێژەی ئەو شتەدا کە دەبێ هەتا ئێستا بۆ خوێنەر بووبێتە سەربەندێکی یەکهەوا، بەناچار دەبێ بڵێم کە دەور و بەشی سەفەوییە لە فەلسەفەی ئێرانی و ئیسلامیشدا هەتا سەردەمانی نوێ یان کەمتر لە سەنگی خۆی لای لێکراوەتەوە یان هەر بە هیچ دانەندراوە. بەپێی ئەو بۆنە و نیشانانەی کە بایەخیان زیاتر نیە لە دیاردەکانی «نەبوونی» شێعری سەفەوی یان «نەبوونی» مێژوونووسینی سەفەوی، ئەم باوەڕە سەرجەم جەماوەری گرتبۆوە کە پاش کۆتایی دەورانی کلاسیکی ئیسلام، فەلسەفەی ئیسلامی تەواو لە کورتێی دا و برەوی نەما. گەلێک لە مێژووەکانی فەلسەفەی ئیسلامی کە لە لایەن زانایانی ڕۆژاواییڕا نووسراون «ئیبنوورِوشد» کە لە ڕۆژاوادا بە ناوی «ئاورووئێس» ناسراوە و ساڵی ١١٢٦ی زایینی (٥٢٠ی کۆچی) لە «قۆرتۆبە» پێی نایە بازنەی ژیان و ساڵی ١١٩٨ (٥٩٤) کۆچیدوایی کرد، بە ئاخرین فەیلەسووفی مسوڵمان دەزانن؛ جارجارەش «ئیبنووخەلدوون» کە ساڵی ١٣٣٢ (٧٣٢) لە «توونس» سەرانسوێی ژیانی کرد و ساڵی ١٤٠٦ (٨٠٨) لە قاهیرە ڕووی کردە هەرێمی خامۆشان، دەکەوێتە نێو جەغزی کاریانەوە.[٣٩] بەڵام ئیبنووخەلدوون کە یەکێک بوو لە گەورەترین بیرمەندانی سەدەکانی نێوەڕاستی ئیسلامی، فەیلەسووفێک بوو کە لە بواری

دیرۆک و کۆمەڵا تویژینەوەی دەکرد نەک هەر تەنیا لە بەستێنی فەلسەفەدا. لە ڕاستی ئەو بە ناوی «باوکی کۆمەڵناسی» یادی لێوەکراوە. هەر چۆنێک بێ «دێبۆئێر» وەک کەسێک باسی دەکا کە «نە پێشینەی هەبوو نە پاشینە».[40] ئەم بۆچوونە نادروستە دەربارەی فەلسەفەی ئیسلامی، لە لایەن زانایانی هاوچەرخی عەرەب، پاکستانی و هیندییەوە قبووڵ کرا. «بۆیەش وایە چونکە ئەمانە پتر متمانە دەکەنە سەر کتێبەکانی ڕۆژهەڵاتناسانی نوێ لە مێژووی فەلسەفەی ئیسلامیدا و بە گرینگایەتی قوتابخانەی ئیشراقیان نەزانیوە و ڕەنگە ئەمە بۆیە بووبێ کە حیکمەتی ئیشراق (ناسینی حەقیقەت لە ڕێی دۆزینەوە و پێگەیشتنی دەروونی و نیهانی ڕا) لە ئێراندا گوورا و هەر لەم خاکەدا بووە کە هەتا ئەمڕۆ خۆی ڕاگرتووە.»[41]

ژیانەوە و بووژانەوەی قوتابخانەی گرینگی ئیشراقییە لە فەلسەفەی ئێرانی و لێکۆڵینەوەی بەردەوام دەربارەی فەیلەسووفانی سەردەمی سەفەوی بە شێوەیەکی گشتیی کاری ئێرانناسیی فەرانسەوی «هانری کۆربۆن» و توێژەرەوەی ئێرانی «سەید حوسێنی نەسر»ە. دامەزرێنی ئەم قوتابخانە فەلسەفییە «شەهابەددین یەحیا سۆهرەوەردی»یە کە ساڵی ١١٥٣ (٥٤٧-٨) لە ئاوایی «سۆهرەوەرد»ی نیزیک شاری زەنجان لە ئازەربایجان پێی نایە حەوشەی ژیان و ساڵی ١١٩١ (٥٨٧) بوو بە قوربانیی دوژمنایەتی زانایانی ئایینی و لە بەندیخانەی حەلەب کۆچیدوایی کرد. سۆهرەوەردی ئەگەرچی لە کاتی مردنیدا تەمەنی تەنیا ٣٨ ساڵ بوو، بەڵام پتر لە پەنجا بەرهەمی خوڵقاند کە سەیدحوسێنی نەسر ئەوانی لە پێنج دەستەدا ڕیزبەندی کردووە: شوێنەوارە بەرچاوەکانی ڕاهێنانی و بیردۆزانە سەبارەت بە فەلسەفەی کۆن (فەلسەفەی ئەرەستوو = فەلسەفەی مەشایی) بە لێکدانەوەکانی خودی سۆهرەوەردی و دەربارەی حیکمەتی ئیشراقی کە ئەو لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونە بناغەی بۆ دانابوو؛ کۆمەڵێک نامیلکەی کورتتر هەر سەبارەت بەو باسە بە زمانێکی ساکارتر؛ کۆمەڵێک چیرۆکی ڕەمزی و نەهێنی؛ چەند وەرگێران و لێکدانەوەیەک لەسەر کتێبەکانی فەلسەفی کۆنتر و گەلێک نامیلکەی دوعا و پاڕانەوە وەک کتێبەکانی نزا کە بۆ ئورووپای مەسیحی ناسراون.[42]

ناسین و تێگەیشتنی ئیشراقیی سۆهرەوەردی دەگەڕێتەوە سەر زانیاری و ناسینێکی گشتیی و خۆڕاگر کە هەوداکانی عەقڵانی و دەروونی فەلسەفە لێک گرێ دەدا. ئەو دەڵێ ئەم ناسیارییە گشتییە لە نێو یۆنانییەکان هەتا سەردەمی ئەرەستوو هەبوو. بە بڕوای وی ئەرەستوو کۆتایی بەم ڕێبازەی ناسینە هێنا و بە گەمارۆدانی فەلسەفە بە لایەنی بەڵگاندن و وەبەرچاو نەگرتنی لایەنە دەروونییەکەی‌دا، سنووری بۆ دانا. ئەم بۆچوون و ڕوانگەیە سەبارەت بە فەلسەفەی مێژوو وای کرد کە بە باری ڕاستەڕێ‌دا، سۆهرەوەردی فەیلەسووفە ناودارەکانی ئیسلامی وەک «ئیبنووسینا» (٩٨٠-١٠٣٧ی زایینی / ٣٧٠-٤٢٨ی کۆچی) کە بنەمای بەشی هەرەبەرچاوی بەرهەم و شوێنەوارەکانی خۆیان لەسەر بیروباوەڕەکانی ئەرەستوو ڕۆنابوو، بە باوکانی فکری و مەعنەوی خۆی نەدەزانین، بەڵکوو یەکەمین سۆفییەکانی ئیسلامی و فەیلەسووفانی یۆنانیی بەر لە ئەرەستوو وەک «فیساغورێس» و «ئیفلاتوون» و دوابەدوای ئەوان «نوێ ئیفلاتوونییان»ی بە باوکانی فکری و مەعنەوی خۆی دەزانین.[٤٣] ئەو نە تەنیا سێرەی گرتە پەروەراندنی ڕواڵەتییانەی نەفس، بەڵکوو هەڵکیردە سەر پاکژکردنەوەی رووحیش. بە واتایەکی تر سۆهرەوەردی سەرەڕای پشتبەستن بە بەڵگە و بۆنەی عەقڵانی، گرینگایەتی ڕۆچوون بە دەروون‌دا و دۆزینەوەی ماکەی پێگەیشتن و پەردە لەبەر نەمان و چێشتانی تاڵی و سوێری لە فکری فەلسەفی‌دا پێشنیار دەکرد. ئەو دوو سەمبولی زەردەشتیی نوور و تاریکی بەبێ پایەبەندی بە دووانەپەرستی ڕواڵەتییانەی ئەو دینە هێنانە بەر کار، گەرچی هێندێک لە توێژەرانی هاوچەرخ، تۆماتی پشتیوانی کردنی لە هەست و سۆزی دژی ئیسلامی و هەوڵدان بۆ ژیاندنەوەی ئایینی زەردەشتی دەدەنە پاڵ.[٤٤]

کۆمەڵێک فەیلەسووف و بیرمەندی چەشناوچەشن لە سەدەکانی سێزدە و چاردە و پازدەی زایینی‌دا خۆیان دایە شیکردنەوەی شوێنەوارەکانی سۆهرەوەردی، بەڵام لە سەردەمی سەفەوی‌دا بوو کە بیر و بۆچوون و ڕاهێنانەکانی تەواو پەرەی هەڵدا و گەشەی کرد و زۆر بە قووڵی شوێنی دانایە سەر ژیان و مانی عەقڵانیی ئیسلام.[٤٥] بۆچوونەکانی سۆهرەوەردی بە شێوەیەکی گشتیی لە لایەن دوو فەیلەسووفی سەفەوی‌ڕا زیندوو کرانەوە: یەکیان میرداماد (کۆچکردووی ساڵی ١٦٣١-٢ (١٠٤٠-١) کە نازناوی پڕمانای «ئیشراق»ی

هەڵبژارد و مەلاسەدرا (کۆچکـردووی ساڵـی ١٦٤٠-١ (١٠٥٠). میرداماد سـەرناوی «میرمحەممەدباقری ئەستەرابادی» بوو کە بەشی زۆری تەمەنی خۆی لە ئیسفەهان تێپەڕاند و لای شاعەبباس زۆر بەڕێز بوو. شاعەبباس سەرەڕای ڕێزێکی زۆری کە بۆ میرداماد و زانایان و فەیلەسووفانی گەورەی بارگای خۆی دایدەنا، دەیزانی چۆن نەهێڵێ کە پێ لە بەرەی خۆیان زیاتر ڕابکێشن. لە دەورانی فەرمانڕەوایەتی پادشایانی سەفەویدا بەگشتیی موشتەهیدان (مجتهدان) لە ژیانی خۆیان ڕازی بوون، چونکە ئەگەرچی ئەم پادشایانە لە کردەوەدا مافی ئەوانیان وەک جێگری گشتیی ئیمامی ون، ژێر پەل دابوو، بەڵام ئەوان لە دەوڵەتی شیعەمەزەبی سەفەویدا، سەرەڕای دەسبەسەرداگیرانی ئەم مافە، خاوەنی هێز و دەسەڵاتێک بوون کە لە حکوومەتێکی سوننیدا، ئەو دەمەی کە خاوەنی ئەم مافە بوون، هەرگیز دەستیان پێیڕانەدەگەیی. عەبباسی یەکەم بەمە دەنازی کە لە ڕۆژگاری حکوومەتەکەیدا گێرەوکێشەی نێوان مەلایان نەماوە کە لە سەردەمی پێشینیانیدا هەڕەشەی لە هێمنایەتی وڵات دەکرد. ئەو نەقڵەی کە براون گێڕاویەتەوە دەریدەخا کە میرداماد دەیزانی چلۆن بۆچوونەکانی هەم بۆ شا و هەم بۆ زانایانی ئایینی وا خۆش بکا کە بۆیان قووت بچێ. دوای مردنی میرداماد، مەلاسەدرای قوتابی و زاوای لە خەونیدا دیتی و گوتی: «خەڵک منیان بە لادین دانا و ئێوەیان بە لادەر دانەنا، ئەگەرچی ڕێبازی من تلاسا نیە لە ڕێبازی ئێوە، باشە بۆچی وایە؟» میرداماد لە وڵاما گوتی: «من مەبەستەکانی حیکمەتم وا نووسیون کە فرەزانایانی دینی تێی‌ناگەن و جگە لە ژیرانی بواری حیکمەت ڕێی پێدانابەن و تۆ کاکڵی حیکمەتت سووک کرد و بە چەشنێکت دەربڕی کە ئەگەر کۆڵەمەلایەکیش کتێبەکانت ببینێ تێیان دەگا و بۆیە تۆیان بە لادین دانا و من نا.»[٤٦]

مەلاسەدرا لە هەوڵەکانیدا بۆ تێکەڵ کردنی شێوازی بەڵگاندنی ئەبووسینا و شێوازی ڕووحانی سۆهرەوەردی لە چوارچێوەی دەروونگەرایی شیعەدا، وەپێش میرداماد کەوتەوە:

«ئەو لە سەرجەم ڕوانگە بەرچاوەکانی هرزوانیی سەبارەت بە نیزیکەی هەزار ساڵ ژیانی فکریی ئیسلامیی بەر لە خۆی، تێکەڵەیەکی گەورەی [بەدیهێنا]. ڕاهێنانەکانی قورئانی و پێغەمبەر و ئیمامان،

پەروەراندنـــەکانی فەیلەســووفانی کــۆن و فرەزانایـــانی ئیشــراقی و سـۆفییەکان وەک چەنـد ڕەنگیلــەی کۆلکەزێڕینەیــەک وابـوون کــە لــە «حیکمەتی باڵای» مەلاسەدرادا گرد بوونەوە و ڕێک کـران. هـیچ کەسـێکی دیکە لــە سـەردەمی سـەفەوی‌دا وەک مەلاســەدرا نـەیتوانیوە بــە چــاکی نیشاندەری مرخ و توانستی تایبەتی قۆنـاخی خـۆی بـێ بـۆ سـازکردنی حەوتوینگەی فکری و دەربڕینی یەکێتی لە فرەیی‌دا. چەشنێک بلیمەتی کـە لە هونەری یەکجار دەوڵەمەندی ئەم چاخەش‌دا تەواو دیارە.»[٤٧]

سەدرەددینی شیرازی کە بە ناوی مەلاســەدرا ناسـراوە (١٥٧١-٢ تـا ١٦٤٠-١ / ٩٧٨-٩ تا ١٠٥٠) «یــەکێک لــە گــەورەترین کەسـایەتییەکانی فکریـی ئیسـلامە، ئەگەرچی لە دەرەوەی بازنەی قوتابییەکانی کە ڕەوت و ڕێبازی ئەویان لە ئێران و چەند ناوەندێکی تایبەتیی هیندووستانا هەتا ئەمڕۆ بە زیندوویی ڕاگرتــووە، بیر و بۆچوون و ڕێوشوێنەکانی وی بۆ ماوەیەکی دوورودرێـژ بــە نەناسـراوی ماونەوە.»[٤٨] بە گوتەی سەیدحوسێنی نەسر، بۆیــە نــە تــەنیـا بەرهەمــەکانی مەلاسەدرا بەڵکوو تەواوی شوێنەوارەکانی قوتابخانەی ئیشراقی لــە حیکمــەتی ئێــرانیش‌دا نەکەوتۆتــە بــەر سـیلەی چــاوی زانایـــانی ڕۆژاوایــی، چونکــە بەپێچەوانەی کار و بەرهەمەکانی ئەو فەیلەسـووف و عالمانــەی ئیسـلامی کـە بەرهەمەکانیان لە گوورانی فەلسـەفەی مەدرەسـی (خوێندنگـەیی)* ڕۆژاوا لــە سەدەکانی نێوەڕاستا شوێن‌دانەر بوو، بەرهەمەکانی ئەمانــە هــەرگیز نەکرانــە لاتین.[٤٩] مەلاسەدرا پاش تەواو کردنی خوێندنی زانستەکانی «نەقڵــی» و «عەقڵــی» لەبەر «دەربڕینی گەلێک بـێ‌پــەردەی پەروەراندنــەکانی دەروونی» و «بــەرگری کردنی ئاشکرا لە ڕێوشوێنەکانی گنۆسی* و پەرەپێـدانیان» گـیرۆدەی غــەزەبی زانایانی نــەریتخواز بــۆوە.[٥٠] لــە بەختــەوەریی مەلاســەدرا، میرقەوامــەددینی شیرازی باوکی، وەزیری «مەهدی علیا»ی خاتوونی شا بوو کە لەو دەمــی‌دا بــە هەمەکارەی وڵات دادەندرا (بگەڕێنەوە بەشی ٣). ئەگەر باوکی ئــاوا لــە بارگــادا دەستی نەڕۆیشتبا، ڕەنگە مەلاسەدراش گرفتاری هەمان چارەنووس بووبایــەوە کە لە سەدەی دوازدەدا بناغەدانەری قوتابخانەی ئیشراقی، شەهابەددین یــەحیا ســـۆهرەوەردی گـــیرۆدەی ببـــۆوە. لـــە ئاکـــامی هێـــرش و پـــەلامارەکانی مەزنەمەلایان‌دا، مەلاسەدرا لە گوندێکی نیزیک قوم دوورەپەرێز بـۆی دانیشـت و

بۆ ماوەیەکی درێژخایەن کە بە حەوت تا پازدەساڵ باسی کراوە، خۆی دایە قووڵبوونەوە و بیرکردنەوە. لە کۆتایی ئەم خولەدا لەسەر بانگهێشتنی ئەڵڵاوێردیخانی مەشهوور کە لەو ڕۆژگاری حوکمداری فارس بوو، گەڕایەوە شاری زاگەی و هەتا زەمانی مردنی لە ١٦٤٠-٤١ (١٠٥٠)دا چالاکانە خۆی دایە وانەگوتنەوە و نووسین. خویندنگەی شیراز بە سەرۆکایەتی وی بوو بە یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی زانستی لە ئێراندا و خوازیارانی زانستی لە زۆر ناوچە و هەرێمی دنیای ئیسلامەوە بەرەوخۆی ڕادەکێشا.[٥١]

خاڵی سەرەکی لە جەغزی بیرکردنەوەی مەلاسەدرادا ئەمەیە کە نە توێژینەوەی عەقڵانی و نە بیرکردنەوەی دەروونی ڕۆچوون بە ناخدا بە تەنیایی ناتوانێ ڕێنموونی ڕێبواری [ڕێی ئایین] بێ بۆ تێگەیشتنێکی تەواو لە حەقیقەت؛ ئەوەی پێویستە تێکەڵەیەکی ئەم دووەیە. مەلاسەدرا یەکەمین قۆناخی ژیانی بەختی زانین و زانستی باوی سەردەم کرد؛ قۆناخی دووەمی دانا بۆ قووڵبوونەوە و چلەکێشان و پاکژکردنەوەی ڕووح لە ڕێگەی پەسن و پەرستنەوە؛ لە ئاخرین خولی ژیانیدا لە شیراز کەوتە تێکەڵ کردنی زانستەکانی ڕواڵەتی و دەروونی کە ئاوا وەدەستی هێنابوون و لە زنجیرەیەک نووسینی زۆردا فەلسەفە و پەردە لەبەر نەمانی جیهانی نەبەدی لێک و ڕێک کردن. دانەیەک لەم شوێنەوارانە بە ناوی «ئەسفار یەکێکە لە گەورەترین شوێنەوارەکانی ئیسلامی لە فەلسەفەی یەکەمیندا.» ئەم کتێبە «دەپەرژێتە سەر سەرینچاوە و شوێنی مەبەستی هەموو بەدیهاتەکانی ژیان بەتایبەت ڕووحی ئادەمیزاد.»[٥٢] هەڵبەت مەلاسەدرا یەکەمین بیرمەندی مسوڵمان نەبوو کە هەوڵی دا بۆ ڕێک کردنی عەقڵ لەگەڵ ئیمان یان زانست لەگەڵ ئایین، بەڵام هیچکەس بەرلەوی حەولی نەدابوو کە بە لێکدان و تێوەدانی هەوداکانی موکاشەفەی ئیسلامی، بۆچوونی ئەرەستوویی و نوێئیفلاتوونی، حیکمەتی ئیشراقی سۆهرەوەردی و ڕاهێنانەکانی گنۆسی بیرمەندی «ئاندەلۆسی»* ئیبنووعەرەبی، حەوترینگەیەکی ئاوا ساز بکا. شێوازی یەکخستنی ئەم ڕێچکە و ڕێبازە فرەچەشنانە و ڕێوشوێنێک کە لایەنەکانی دیاریکراوی ڕاهێنانەکانی مەلاسەدرا لە ڕێی ئەوڕا «پێگەیشتووە، ڕێککراوە، بە کۆمەڵێک بەڵگەی بەربڵاو خراوەتەڕوو و لەگەڵ بەڵگەکانی سروشتی چوونەوە سەر یەکتر، بێگومان تایبەتی خودی

مەلاسەدرایە. کەوایە بێ هیچ بێنەوبەرەیەک دەکرێ بگوترێ کە مەلاسەدرا نە تەنیا خوێندنەوە و پێداچوونەوەی فەلسەفەی یەکەمینی لە سەردەمی سەفەوییەدا ژیاندەوە؛ بەڵکوو ڕوانگەیەکی تازەی فکریشی بەدیهێنا و ئاخرین قوتابخانەی ناسیاریی ڕەسەنی لە ئیسلامی زیندوودا بنیات نا.»[٥٣] شێوەی بیرکردنەوەی مەلاسەدرا بەتایبەت لەگەڵ دنیای ڕۆژاوا یەکتر دەخوێنێتەوە کە بە لە دەس‌دانی ئیمانی خۆی بۆ ئاژوانی بواری ئاوەزمەندی و خوردبوونەوەی زانستی بە مەبەستی دۆزینەوەی وڵامی کۆتایی بە نەهێنییەکانی زانین، لە باروهەوایەکی نائومێدیدا، مەیلی بۆ وەرسووڕان بەرەو «ترس و تۆقینە بێ‌سنوورەکانی پووچی و وەخۆنەهاتنەوە پەیدا کردووە. مەلاسەدرا ڕوانگەیەک سەبارەت بە جیهان دەخاتەڕوو کە سەرەڕای ئەوەی بیرکردنەوە دەوری شیاوی دەپارێزێ، لە خزمەت عەقڵدا کە سەرچاوە و کانگای ڕاستەوخۆی ئیلهامیەتی، دەمێنێتەوە.»[٥٤]

## زانست و پزیشکی

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە زەمانی گیرانی ئێرانەوە بە دەست عەرەبان لە سەدەی حەوتەوە بەرەودوا، ئێرانی لە چەند لقێکی زانستا کە بۆ خوێندنەوەی عەرەبان بە نەشیاو دادەندران، پێشکەوتبوون: فەلسەفە، مەنتیق، پزیشکی، ڕیازیات (ماتیماتیک)، ئەستێرەناسی، تالحەگرتنەوە (بەختئەزموون = فاڵگرتنەوە)، مووسیقا، فیزیک (فیزیا) و شیمی (کیمیا).[٥٥] لە ڕۆژگارانی بەر لە مەغوولان ئێران دوو زانای هەڵکەوتەی بواری ڕیازیاتی پێشکەشی جیهان کرد: ١- خارەزمی لە سەدەی نۆیەمی زایینیدا کە زاراوەی «ئەلگۆریتم» لە ناوی ئەوڕا وەرگیراوە و ڕەنگە کتێبی «الجبروالمقابلە»ی بگەڕێتەوە سەر سەرچاوەی وشەی جەبر. ٢- عومەری خەییام لە سەدەی یازدەی زایینیدا کە درێژەی دا بە کارەکەی خارەزمی و «چینبەندییەکی تەواوی لە جۆرەکانی هاوکێشە پلە سێیەکان خستەڕوو و بۆ هەر جۆرێک ڕێچارەیەکی ئەندازەیی دۆزییەوە.»[٥٦] هەروابێتەوە ئێران زێدی یەکێک لە مەزنترین بلیمەتەکانی دنیایە لە سەدەکانی نێوەڕاستا واتە «ئەبووڕیحانی بیروونی» (٩٧٣-١٠٤٨ی زایینی / ٣٦٢-٤٤٠ی کۆچی) کە بەڕاستی

دەریای زانست بوو و نە تەنیا لە ئەستێرەناسی و ڕیازیاتا، بەڵکوو لە فیزیا، جوغرافیا، پزیشکی و مێژووشدا چەند نووسینێکی هەیە. زانا و بیرمەندی مەزنی ئێرانی لە سەدەی سێزدەی زایینیدا «خواجە نەسیرەددینی تووسی»یە کە ڕیازیزان، ئەستێرەناس و فەیلەسووف بوو کە شوێنەوارەکانی ئەوەندە کەوتنە بەردڵی «هۆلاکۆخان»ی پشتیوانی کە لە ساڵی ١٢٥٩ی زایینیدا ناوەندێکی ئەستێرەناسینی تازەی لە مەراغەی پایتەختی لە ئازەربایجان بۆ ساز کرد. خواجە نەسیرەددینی تووسی لەوێ گەلێک خشتەی ئەستێرەناسینی بە ناوی خشتەکانی «ئێلخانی» دارشت و نووسینێکی بە ناوی «نامیلکەیەک سەبارەت بە چوارگۆشەکان» بە پێشکەوتێکی بەرچاو لەسەر کارەکانی پێشوو دەربارەی سێگۆشەکانی گۆیەکی دادەندرا.

هەتا سەدەی شازدەی زایینی زانستەکانی ئیسلامی کە بە شێوەیەکی گشتیی هەمان زانستەکانی ئێرانی بوو، بە میراتی ڕابردوو ڕازی بوو. شێوەئینسکلۆپێدیای پزیشکی ئێرانی، ڕازی (لە ڕۆژاوا بە ڕازێس ناسراوە) بە ناوی «الحاوی» کە یەکەم جار لە ١٢٧٩ی زایینیدا بە ناوی «کتێبی حاوی» کرابوویە لاتین، هێشتاش کتێبی خوێندنی زانکۆ ڕەسمییەکانی ئورووپایی بوو. هەتا ساڵی ١٥٤٢ ئەم «شوێنەوارە بەنرخ و گەورەیە» پێنج جار چاپ کرا.[57] ئەم ڕاستییە کە ئەم بەرهەمە پتر لە شەشسەدساڵان پاش مێژووی ڕێکخرانی، هێشتاش بەشێوەی گشتیی کەلکی لێوەردەگیرا، نیشانەیەکی ڕوونی پلەی بالایەتی لە جیهانی نۆژداریدا؛ هەر لە هەمان کاتا دەریدەخا کە لە سەردەمی ڕازیڕا (دەوروبەری ٨٦٥-٩٢٥ / ٢٥١-٣١٣ی کۆچی) ئەم «گەورەترین پزیشکەی دنیای ئیسلام و یەکێک لە پزیشکانی مەزنی هەموو چاخەکان»[58] پێشکەوتێکی ئەوتۆ لە زانستی پزیشکیدا وەدەس نەهاتبوو. بەرهەمەکانی «ئیبنووسینا»ی هاونیشتمانی ڕازی، تەنانەت لە نێو پزیشکاندا پتر بە دڵەوە دەنووسا و شوێنەوارە هێژاکەی بە ناوی «القانون فی‌الطب» سەدەی دوازدەی زایینی لە لایەن «جرارد کیرموونا»وە کرابوویە لاتین. داخوازی بۆ ئەم بەرهەمە ئەوەندە زۆر بوو کە لە «سی ساڵەی ئاخری سەدەی پازدەدا، شازدەجار چاپ کرایەوە – پازدە جار – بە لاتین و جارێک بە عیبری» و «لە ماوەی سەدەی شازدەدا پتر لە بیست جاران ڕووی چاپی بە خۆوە بینی»؛ ئەم کتێبە «هەتا نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە هەروا چاپ دەکرا و دەخوێندرایەوە.»[59]

لە سەردەمی سەفەویدا، وەک ڕۆژگارانی دیکە پزیشکان خاوەنی ڕێز و پلەیەکی باڵا بوون. لە حاڵێکا کە هەم یۆنانییەکان و هەم ڕۆمییەکان بایەخێکی ئەوتۆی کۆمەڵایەتییان نەدەدا بە پزیشکانی خۆیان. ئێرانی هەر لە کۆنەوە قەدری پزیشکانی خۆیان دەگرت و پزیشکان زۆرجاران لە چاخی سەفەوییەدا «حکیمباشی» (سەرپزیشک) بە پلەیەکی گرینگی بارگا دادەندرا. بەڵام بارودۆخی پزیشکی لە سەردەمی سەفەوییەدا چلۆن بوو؟ «قانوون»ی «ئیبنووسینا» هێشتاش یەکێک لەو دوو کتێبە بەرچاوەی خوێندن بوو کە خوێندکارانی پزیشکی دەیانخوێند. لەبەروەی کە «قانوون» بە عەرەبی نووسرابوو و بەشی هەرەزۆری خوێندکارانی پزیشکیی سەردەمی لەگەڵ ئەم زمانە ئاشنا نەبوون، شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی زۆر لەسەر «قانوون» بە زمانی فارسی لە گۆڕێدا بوون.[٦٠] فیزیۆلۆژی هێشتاش هەر لەسەر بنەمای خەڵتەوخاڵە چوارینەکانی پزیشکیی کۆن و سەدەکانی نێوەڕاست* ڕاوەستابوو و کەڵەشاخ لێگرتن و دانی دەرمانی زگچواندن (ڕەوانی = ڕەوانکەر) هەرەباوترین شێوەکانی چارەسەری بوون. «تێوێنۆ» کە خۆی تووشی بە تووشی نەشتەرگەرانی سەفەوی ببۆوە، سەبارەت بە لێزانی ئەوان بۆچوونێکی باشی دەربڕیوە: «ئێران گەلێکی پزیشک تێدایە و هێندێکیان کەسانێکی شیاون... ئەوان کەڵەشاخیش دەگرن و لەم کارەدا زۆر چاکی لێدەزانن؛ من خۆم لەم بوارەدا خاوەن ئەزموونم. ئەوان قایشێک بە توندی لە دەوری قۆڵ شەتەک دەدەن و پاشان بۆ ئەوەی دایماڵن و دەستی پێدابێنن یان زۆر لە شوێنەکە خورد بنەوە، کەڵەشاخەکەیان دەردەکێشنەوە... ئێرانی زۆر بە چاکی کەڵەشاخ دەوەشێنن.»[٦١] گەلێک نەشتەرگەریی چەشناوچەشن ئەنجام دەدران، بەڵام چاوەدێرییەکانی بەر لە برینکاری نەناسراو بوون؛ لە ڕاستیدا زیاتر جەخت دەکرایەوە لەسەر خۆپاراستنی نەشتەرگەر لە بەرامبەر نەخۆشییەکانی کێماویدا هەتا سەلامەتیی نەخۆش. کڕین و پەیداکردنی چەشنێک دەستەوانەی نەشتەرگەریی سەرەتایی کە لە چەرمی گونەبەران سازدەکرا، لە بازاڕا دەستی نەدەدا.[٦٢] تاکنەشتەرگەریی لە سەر ئەندامێکی لەش تەواوێک نەناسراو بوو و لە سەدا نەوەدی کارەکانی نەشتەرگەریی دەگەڕانەوە سەر ڕووداوی تایبەت و برینی بەدیهاتووی نێو شەڕان. بێهۆشی بریتی بوو لە هۆشبرین لە ڕێگای ماددەی هۆشبەری جۆراوجۆرەوە. لە نێو تەواوی لقەکانی


پزیشکی لە ئیسلاما، دەرمانسازی پتر لە ئەوانی دیکە درێژەی بە مانی خۆی دا. ئێرانی هەمیشە لە بواری دەرمانسازیدا پێشەنگ بوون. کتێبی دەرمانسازی «سەبووری کوڕی سەهل» لە سەدەی نۆیەمی زایینیدا و «ترپاکەکان» شوێنەواری «ئیبنوتەرمەزی» لە سەدەی دوازدەی عیسایی‌دا «بوو بە بەردی بناغەی تەواوی ئەو کتێبانەی دیکەی دەرمانسازی و پێرستی گیاوگۆڵی پزیشکی کە دواتر نووسران.»[٦٣] ئەگەر قەرار بووایە کە پزیشکێکی چاخی سەفەوی دنیای پزیشکیی ئەمڕۆی دیتبا «کەمترین گۆڕانی لە بەشی سەبارەت بە نەخۆش و دەرمانەکانی‌دا بەدی دەکرد.»[٦٤] نەخۆشخانەکان تێروتەسەل دەرمانیان بۆ دابین کرابوو و بۆ ئەو پزیشکانەی کە لە دەرەوەی نەخۆشخانە کاریان دەکرد و دەکەوتنە چارەسەری نەخۆشان، دەرمانگەی تایبەتی هەبوون.

ڕوون و ئاشکرایە کە لە ئێرانی چاخی سەفەوی‌دا بڕوا و کارکردن بە مەشق و ڕاهێنانەکانی پزیشکیی سەدەکانی نێوەڕاست لە ئاستێکی بەربڵاودا درێژەی هەبوو و لە ڕاستی‌دا هەتا سەدەی نۆزدەهەمیشی کێشا. دەسەڵاتی سەفەوییە بۆ ماوەیەکی درێژ بە گیانەڵاوە بوو. ئێدوارد براونی خوالێخۆشبوو دەنووسێ: «وەختایەک ساڵی ١٨٨٧ لە تاران بووم، دوکتۆر «توولووزان» پزیشکی تایبەتی شای خوابەخشیو، ناسرەددین‌شا، لوتفی کرد و وای ڕێکخست کە بەشداری دانیشتنەکانی «کۆڕی لەش‌ساغی» بم لە پایتەخت. زۆربەی پزیشکانی ئامادەبوو لەو دەمی‌دا جگە لە نۆژداریی سەردەمانی ئیبنووسینا، هیچی دیکەیان نەدەزانی.»[٦٥] بە سەرنج‌دان بەم مەیلە کۆن و مایندەیە، داخوا دەکرا بواری پزیشکی لە سەردەمی سەفەوی‌دا چاوەڕوانیی پێشکەوتی لێکرابا؟

وادیارە لە دەرمانسازی‌دا، زانستێک کە ئێرانی هەمیشە پێشەنگی بوون، پێشوەچوونێک بەدی‌هات. کتێبێکی دەرمانسازی بە ناوی «طب شفایی» کە ساڵی ١٥٥٦ ڕێکخراوە، بوو بە بنەمای کتێبی «دەرمانسازیی ئێران» بە قەڵەمی باوکە ئانگێلووس (ئانجێلۆ) و ساڵی ١٦٨١ لە فەرانسە چاپ کرا. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە لە درێژەی سەدەکانی شازدە و حەڤدەدا پەیتاپەیتا گەلێک نامیلکەی زۆر باشی ڕێنموونیی پزیشکی دەنووسران، کەچی بەگشتیی دەکرێ بڵێی کە نێوەرۆکی ئەم کتێبانە جوورانەوە یان لێکدراوێکی دووپاتەی زانیارییەکانی پێشوو بوو کە هیچ خاڵ و مەبەستێکی تازەی بەرچاویان تێدا نەدەخرایەڕوو.

ئەم بەشە نابێ بێ ئامـاژە بـە فالـگرتنەوە داکـووژێنین، چونکـە لـە نێـو پادشایانی سەفەوی‌دا وا باو بوو کە بەر لە تەماگرتن سەبارەت بـە هـەر کـار و هەنگاوێکی گرینگ دەکەوتنە بـاس و ڕاوێـژ لەگـەڵ فـاڵاوێژانـی خۆیـان. لـە ئورووپـای سـەدەکانی نێوەڕاسـتا ئەستیرەناسـی و ئەسـتێرەگەری (پێشـبینی داهاتوو لە ڕووی خولانەوە و تاق و جووت کەوتنی ئەستێران لە ئاسمانـان) لـە ڕوانگەی خەڵکەوە هەر یەکێ بوو. لە دنیای ئیسـلامدا توێژینـەوەی ئەسـتێران، لانیکەم هەتا ڕادەیەک لەبەر تێکەڵاوێتی لەگەڵ ئەستێرەگەری، زۆر تامەزرۆیانە دەکەوتنە پێوشوێنی، بەڵام ئەستێرەناسیش کەمتەرخەمی لێنەدەکرا. ئۆسترلاب ئامرازێکی ئەستێرەناسی بـوو کـە یۆنانییـانی کـۆن دایانهێنـابوو و بـەر لـە گەڕانەوەی بۆ ئورووپا لە سەدەی دەیەمی زایینـی‌دا زانایـانی مسوڵـمان پێـی‌دا چووبوونەوە و گەلێکیان چاکسازی تێدا بەدی‌هێنابوو. لە درێژەی سەدان ساڵدا، مسوڵمانان ئۆسترلابی وایان ساز دەکـرد کـە هونەرمەنـدی و دەسـڕەنگینییەکی زۆریان تێدا دە کار دێنـان و تـەواو بـە وردی و لێزانـی هەڵـدەکەندران. بـەڵام تەنانەت گەورەترین ئەستێرەناسانی ئیسلامیش وەک «بیروونـی» سڵـەیان لـە نووسینی نامیلکەی ڕێنوێنی ئەستێرەگەری نەدەکرد و بە هەڵکەوت نیـە کـە لـە زمانەکانی ئیسلامی‌دا وشەی نجوومگەر هەم بە مانای ئەستێرەنـاس و هـەم بـە واتای ئەستیرەگەر دەکار دەکرێ. ئەسـتێرەگـەری پێویسـتی بـە ئـەنجامدانـی ژمێرەگەرییەکی پڕ پێچ و گەو بوو بۆ دیاری کردنـی جێگـە و شـوێنی لەنگـەری هەسارەکان لـە زەمـانێکی تایبـەتـا، بـۆ وێنـە هـەتا کـاتی لـەدایکبـوونی شازادەیەک، ئەستێرەگەر بتوانێ کاریگەرێتی ئەسـتێرەکان لەسـەر داهـاتوو و بەختی شازادە پێشـبینی بکـا. دیـاریکردنـی وردوبـاریکی کـاتوسـاتی سـاڵ نوێبوونەوە (داهاتنی بەهار) هەموو ساڵێک بۆ ئەستێرەگەران گرینگـی دەنوانـد هەتاکوو بتوانن ڕەوتی ڕووداوەکانی ساڵی داهاتوو پێشبینی بکەن.

لە دەرباری سەفەوی‌دا فاڵاوێژان (ئەستێرەگەران) زۆریان ڕێز لێدەگیرا. ئەوان کاری خۆیان بە پتەوی دەگرت و بەڕاسـتیان دادەنـا و چـاوەڕوانیش بـوون کـە پێشبینییەکانیان لێقبووڵ بکرێ. وەختایەک کە لە ساڵی ١٦٢٥دا عوسمانییەکان شێلگیرانە هەوڵیان دەدا دیسـانەوە بەغـدا بگرنـەوە «مـەولانا محەممـەدتاهیر یەزدی» کە یەکێک بوو لـە ئەسـتێرەگەرانی شـاعەبباس، هـەر لـە سـەرەتای گەمارۆوە بەپێی جێلەنگەری ئەستێران و نیشانەکانی دیکەی ئاسمانی، دەیگوت کە عوسـمانییەکان سـەرناکەون؛ بەڵام لەبـەروەی وا وێدەچوو کە شا قنیاتی بە



٣١- ئۆسترلاب (اسطرلاب) سازکراو لە زەردە (برنج = برۆنز) کە ناوی شاسولتانحوسێنی لە سەر هەلکەندراوە، ١٧١٢ (١١٢٣-١١٢٤ی کۆچی)

قسەکانی نەهێناوە، ئەستێرەگەر ئیزنی خواست کە بچێتە سەربازگەی سەفەوی لە نێو شاری ئاڵقەدراوا هەتا دڵنیابوون لە ڕاستیی پێشبینییەکەی نیشان بدا! ئەم ڕووداوە خاڵێکی لادەستەی سەیری تێدایە و سەرەڕای قبووڵی داخوازی ئەستێرەگەر لە لایەن شاوە، فەرماندەی بەرەی سەفەوی لەوێ ئیزنی چوونی نەدا بۆ نێو بەغدا.[٦٦] ئەم هەڵکەوتە دەیسەلمێنێ و دەریدەخا کە شاعەبباسی یەکەم تەواوێک دەستی سەرکردەکانی ئاوەڵا کردووە و لێیانگەڕاوە لە ناوچەی چالاکیدا بەپێی لێکدانەوەی خۆیان بجووڵێنەوە. بە گوتەی «تێوێنۆ» ئەستێرەگەران (فالاوێژان)ی دەربار «ساڵێ پارەیەکی چاکیان» تێدەچوو. ئەو دەڵێ کە هیچ چین و توێژێکی کۆمەڵ خۆی پێ لە پەتای خورافاتی فالگرتنەوە نەدەپارێزرا: «نەک تەنیا پیاوانی فامیدە و ئەدیبان تامەزرۆیانە ڕووی تێدەکەن، بەڵکوو تەنانەت خەڵکی ئاسایی و سەربازانیش قسەی لێدەکەن... وەختی ئاخاوتن، تەواوی گوتەکانیان دەربارەی ئاسمانان، پەڕپەڕۆچکە، شوێنی هەرەبەرەژێر، خولگەی خڕۆک و خولگەی دەرەوەیە.»[٦٧]

ڕەنگە بە لای هێندێکانەوە سەیر بێ لە جەغزی زانستەکاندا باسی مووسیقا دەکەین، بەڵام «بۆ بیردۆزانی مسوڵمان هەروەک هاوتاکانیان لە ئورووپای سەدەکانی نێوەڕاستا، مووسیقا دەکەوتە ڕیزی زانستەکانی ڕیازییەوە.»[٦٨] هەڵبەت بۆ ماوەی سەدان ساڵی نەپساوەی پاش دەرکەوتنی ئیسلام، گەلێ باسوخواسی پەیتاپەیتا سەبارەت بەوەی کە داخوا لێدانی مووسیقا بۆ مسوڵمانان ئیزنی لەسەرە یان نا درێژەی هەبوو. سەرەنجام سەرەڕای مرچی و مۆنییەکانی زانایانی ئایینی کە مووسیقایان دەبردەوە سەر سەما و هەڵپەڕکێ و هێندێک کردەوەی جێی پرسیار، خۆڕاگرتن لە بەرامبەر شەپۆل و بڕشتی بەهێز و قووڵی مووسیقادا، بەتایبەت لە نێو ئێرانییان، ترکان و مسوڵمانانی هیندیدا، دەستی نەدا و لە نێو ڕێچکە و ڕێبازەکانی سۆفییانەدا کە بە درێژایی سەدەکانی دوازدە تا چاردەی زایینی سەرانسەری دنیای ئیسلامی گرتبۆوە، هەم مووسیقا و هەم سەما هەرگیز لە ڕێوڕەسمیی عیرفانی جیا نەدەکرانەوە. ئەگەرچی مووسیقا هەم لەم بوارە و لە بوارەکانی دیکەشدا دەکەوتە خزمەت مەزەبەوە، بەڵام مووسیقا لە ئیسلامدا ئەو دەورە گرینگەی نەبوو کە لە داب و نەریتەکانی مەسیحایەتیدا دەیگێڕا.

لە نێو جەماوەری خەڵک و لە نێو خێڵ و هۆزەکاندا، مووسیقا بەشێک بوو لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە کاتی تایبەتی وەک زەماوەند و مردووناشتن و جێژنەکاندا مووسیقا لێدەدرا و خەڵک دەیانتوانی بە لۆرانەوە و گۆرانی و چۆپی یان چەپڵە لێدان تێیدا بەشدار بن. لە بەرزترین ڕیزەکانی کۆمەڵا، لە میوانییەکانی دەوڵەتیدا، لە ڕێورەسمیی بە خزمەت گەیشتنی باڵوێزانی دەرەکی و جێژنەکانی بارگادا بە شێوەیەکی گشتیی مووسیقا و سەمای کیژۆڵان بەشێکی هەمیشەیی بوون بۆ شادمانی و کەیفخۆشی کۆبوونەوەکان. تاقمەکانی مووسیقای لەشکریی ئەرکێکی گشتیی گرینگیان لە ئەستۆ بوو. ئەو ئامرازانەی مووسیقا کە لە سەردەمانی سەفەوییەدا کاریان پێدەکرا، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو لەگەڵ ئەوانەی لە مەودای سەدان ساڵان لە ئێرانا کەلکیان لێوەردەگیرا و دیمەن و ڕواڵەتیان لە ڕووی وێنەی نووسراوەکان و شێوەکارییەکانی تر بۆ ئێمە بە باشی ناسراون. ئەوان بریتی بوون لە: شەیپوور (بۆڕی)، کەڕەنا (زڵەزوڕنا)، بلوێر، عوود و چەند ئامێرێکی ژێدار وەک چەنگ و چەند جۆرە تەپڵ و گەلێ ئامێری ژەنین وەک چەقانە، دایرەزەنگوڵە و سەنتوور کە تایبەتی ئێرانە. سەفەوی لە مووسیقادا وەک پزیشکی نەیاندەتوانی شتی تازە دابێنن، بەڵکوو تەواو درێژەدەری دابونەریتی ڕابردوو بوون.

ژینگەی ژین
www.zheen.org

## پەراوێزەکان

★ لە دەقی سەرەکیدا بە شێوەی کۆ هاتووە (Majlisis) کە مەبەست لە «مەلامحەممەدتەقی و میرمحەممەدباقری مەجلیسی» باوک و کوڕن.

★ ئەحمەد نیگەر لە ئوستانی ماهارەشترا لە ڕۆژاوای هیند، گڵکوندا شارێکی کۆن لە ڕۆخی باشووریی هیند، نیزیک حەیدەراباد، بیجاپوور پایتەختی بیجاپوورە لە ئوستانی بەمبەئی هیندووستان.

١. تەواو ئەو بڕگانەی لە سەرەو ئاماژەیان پێکراوە لەم سەرچاوەیە وەرگیراون:

E. G. Browne, A Literary History of Persia, 4 vols. (Cambridge 1925-8), vol. IV, pp. 24-9.

[ئێدوارد براون، مێژووی ئەدەبیاتی ئێران، وەرگێڕدراوی ڕەشید یاسەمی، ب ٤، چاپی ٣، تاران، ئیبنووسینا، ١٣٤٥ی هـ. (١٩٦٦ی ز.) ل ٣٥-٣٦.]

هێندێک لە زانایان دەستەواژەی «شێوازی هیندی» بۆ تێکڕای شێعرەکانی هیندی - ئێرانی دەکار دەکەن. ئەم بەرهەمەی خوارەوە پوختەیەکی زۆر چاک دەربارەی بۆچوون و ڕوانگە جیاوازەکان سەبارەت بەم بابەتە دەخاتەڕوو:

Aziz Ahmad, “The formation of Sabk-I Hindi, in C.E.Bosworth (ed.), Iran and Islam (Edihburgh 1971), pp. 1-9.

2. Jan Rypka et al., History of Iranian Literature, ed Karl Jahn (Dordrecht 1968), p. 292.

3. Aziz Ahmad, “Safawid Poets and India”, in Iran, XIV (1976), p. 117.

4. Ehsan Yar-Shater, “Safavid Literature: Progress or Decline”, in Iranian Studues, VII (1974): Studies on Isfahan Part II, pp. 223-5.

5. in Iranian Studies, VII (1974), pp. 217-70.

6. Yar-Shater, p. 220.

٧. دیوانی ئەبووتالب کەلیمکاشانی، پێشەکی و پێداچوونەوەی، ح. پەرتەو بەیزایی، ١٣٣٦ (١٩٥٧)، کتێبفرۆشی خەییام، لاپەڕەی «هـ» لە پێشەکی بەیزایی، لە نامیلکەی پێشتر باسکراوی یارشاتردا هاتووە، ل .٢٦٠

8. Ahmad, p. 119.

★ شێعرێک کە پێکهاتبێ لە چەند کۆپلەی حەوتبەندی.

٩. عالەمئارا، ل .١٢٦

10. Yar-Shater, p. 250.

11. Ahmad, p. 120.

12. Ahmad, pp. 121;124.

١٣. شێخ محەممەدعەلی حەزین «تەزکەرەی حەزین»، چاپی دووەم، ١٣٣٤ی هـ . (١٩٥٥) کتێبفرۆشی تەئیدی ئیسفەهان، ل ٦، لە نامیلکەی یارشاتردا گێڕدراوەتەوە، ل .٢٢١

١٤. لوتفعەلی ئازەربیگدلی، ئاورگەی ئازەر، هەڵەبڕی و پێداچوونەوە و پەراوێزلێنانی حەسەن ساداتناسری، بەشی یەکەم ١٣٣٦ی هـ . (١٩٥٨)، ئەمیرکبیر، ل ١٢٢-١٢٤. لە نامیلکەی یارشاتردا گێڕدراوەتەوە، ل .٢٢١

١٥. ڕەزاقوڵیخانی هیدایەت، «مجمع الفصحا» ئامادەکردنی مەزاهیر موسەففا، ب ١، پاییزی ١٣٣٦ی هـ . (١٩٥٨)، دەزگای بڵاوکردنەوەی ئەمیرکەبیر، ل ١٠، لە نامیلکەی یارشاتردا خراوەتەڕوو، ل ٢٢١.

١٦. محەممەدتەقی بەهار (ملک الشعرا)، دیوانەکەی، ب ٢، چاپی دووەم، ١٣٤٥ی هـ . (١٩٦٦)، ئەمیرکەبیر، ل ٢٣٦. لە نامیلکەی یارشاتردا گێڕدراوەتەوە، ل .٢٢١

١٧. هیدایەت، «مجمع الفصحا»، ب ١، ل ٩، لە نامیلکەی یارشاتردا گێڕدراوەتەوە، ل .٢٢٢

١٨. بەهار و ئەدەبی فارسی، سەرجەمی سەد وتاری مەلیکوششوعەرای بەهار، بە هەوڵی محەممەد گوڵبون، پێشەکی دوکتۆر غولامحوسێنی یۆسفی، ب ١، چاپی یەکەم، ١٣٥١ی هـ . (١٩٧٢ی ز.) شەریکەی هەرەوەزیی کتێبەکانی گیرفانی، تاران، ل ٤٩. لە نامیلکەی یارشاتردا خراوەتە بەرچاوان، ل .٢٤٤

19. Yar-Shater, p. 220.

20. Yar-Shater, p. 225.

21. Yar-Shater, p. 225-6.

22. Yar-Shater, p. 228.

23. Yar-Shater, p. 237.

24. Yar-Shater, pp. 240-1.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٢٥. براون، مێژووی ئەدەبیات، ب ٤، ل ١٨٩.
٢٦. هەمان، ل ١٥٥.

27. Yar-Shater, p. 240.

٢٨. براون، مێژووی ئەدەبیات، ب ٤، ١٩١.
٢٩. هەمان، ل ١٨٩ - ١٩٠.
٣٠. هەمان، ل ١٧٥.
٣١. هەمان، ل ١٨٣ – ١٨٤.

32. Yar-Shater, p. 244.

33. Yar-Shater, pp. 244-5.

34. H.A.R. Gibb, "Ta'rïkh", reprinted in Studies in the Civilization of Islam (Boston 1962), p. 134.

٣٥. براون، مێژووی ئەدەبیات، ب ٤، ل ١٠٢.

36. M.G.S. Hodgson, The Venture of Islam, Chicago, 1974, vol 3, p. 42.

37. "Persian Biographical Literature", in Historians of the Middle East, eds. B.Lewis and P.M. Holt (Oxford 1962), p. 147-8.

38. "The Hisoriography of Ottoman-Safavid Relations in the 16th and 17th Centuries", in Historians of the Middle East, eds. Lewis and Holt, p. 200 n.8).

39. T.J. de Boer, The History of Philosophy in Islam (1903; repr. New York, 1967).

٤٠. براون، مێژووی ئەدەبیاتی ئێران، ب ٤، ل ٢٩٧.

41. Seyyed Hossein Nasr, Three Muslim Sages (Cambridge, Mass, 1964), pp. 55-6.

[سەید حوسێن نەسر، سێ فرەزانانی مسوڵمان، وەرگێڕدراوی ئەحمەد ئارام، چاپی دووەم، ١٣٥٢ی هـ. (١٩٧٣)، شەریکەی هەرەوەزیی کتێبەکانی گیرفانی، تاران، ل ٦٥.]

٤٢. سێ فرەزانای مسوڵمان، ل ٦٨ - ٦٩.
٤٣. هەمان، ل ٧١ - ٧٢.
٤٤. بەتایبەت ئێی، ڤۆن کرێمێر (A. Von Kremer)؛ بڕواننە: سێ فرەزانای مسوڵمان، ل ١٨٧، یادداشتی ٤٤.
٤٥. سێ فرەزانای مسوڵمان، ل ٩٤ – ٩٥.
٤٦. براون، مێژووی ئەدەبیات، ب ٤، ل ٣٠٠ – ٣٠١.

47. Seyyed Hossein Nasr, "Religion in Safavid Persia", in Iranian Studies, VII (1974): Studies on Isfahan Part I, p. 278.

www.pertwk.org

48. Seyyed Hossein Nasr, “Sadr al-Din Shirazi, his Life, Doctrines and Significance”, in Indo-Iranica, XIV (1961), p. 8.

★ ئێسکۆلاستیسم (Scholasticism) سەرجەمێکە بریتییە لە: مەنتیق، فەلسەفە و زانستی خوداناسی کە لەسەر لۆژیکی ئەرەستوویی، نووسراوەکانی سەرەتایی پێشەوایانی مەسیحی و پشتیوانەی نەریت و ڕێوشوێنە نەگۆڕەکان بناغەی بۆ داڕژابوو و لە درێژایی سەدەکانی دە هەتا پازدەی زایینیدا پەیڕەوییان لێدەکرا.

49. Nasr, “Sadr”, p. 6.

★ Gnostic بریتییە لە کۆمەڵێک باوەڕ کە لە تێکەڵبوونی فەلسەفەی یۆنانی، عیرفانی ڕۆژهەڵاتی و مەسیحایەتی بەرهەم هاتووە و دەگەڕێتەوە سەر ڕزگاری لە ڕێگای پەردە لەبەر نەمانەوە. ئەم ڕێبازە ئایینییە لە سەدەی دووەمی زایینیدا لە ڕۆم پەرەی سەند و پەیڕەوانی ڕوویان کردە دینداریێتی و دوورەپەرێزی.

50. Nasr. “Sadr”, p. 9.

51. Nasr. “Sadr”, p. 9.

52. Nasr. “Sadr”, p. 10.

★ ئاندەلۆس ناوچەیەکە لە باشووری وڵاتی ئیسپانیا کە بە سەر هەشت هەرێما دابەش بووە. لە سەردەمی شکانەوەی دەسەڵاتی مسوڵمانان بە سەر ئیسپانیادا، ئەم ناوە بۆ وڵاتی ئیسپانیا دەکار دەکرا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

53. Nasr. “Sadr”, p. 14.

بۆ زانیاریی تەواو سەبارەت بە بیروڕا و بۆچوونەکانی مەلاسەدرا بڕواننە بەرهەمەکانی سەید حەسەن نەسر و هانری کۆربۆن.

54. Nasr. “Sadr”, pp. 15-16.

55. Cyril Elgood, “persian Science”, in Legacy of Persia, ed. A.J. Arberry (Oxford 1953), p. 293.

56. Elgood, “Science”, p. 300.

57. Max Meyerhof, “Science and Medicine” in The Legacy of Islam. eds. T. W. Arnold and Alfred Guiliaume (London, Toronto and New York 1931), p. 325.

[ئەم کتێبە کراوەتە فارسی: میراتی ئیسلام یان ئەو شتەی ڕۆژاوا قەرزداربارى گەلانی مسوڵمانە، لە ژێر چاوەدێری سێر توماس ئارنۆڵد و ئالفرێد گیوم، تەرجەمەی مستەفا عەلەم، ١٣٢٥ی هـ. (١٩٤٦)، کتێبفرۆشی، مێهر، تاران.]

58. Meyerhof, p. 323.

59. Meyerhof, pp. 329-30.

60. Cyril Elgood, Safavid Medical Practice (London 1970), p. 19.

★ خوێن، بەڵغەم، زنچکاو و زەرداو.

61. Jean de Thévenot, Travels of M. de Thévenot into the Levant, newly done out of the French [by A. Lovell], part II: Parsia (London 1687), p. 88.

62. Elgood, Medical Practice, p. 154.

63. Elgood, "Science", p. 317.

64. Elgood, Medical practice, p. 30.

65. Elgood, Medical Parctice, p. 285.

٦٦. عالەمئارا، ل ٧٣١.

67. Thévenot, p. 105.

68. O. Wright, "Music" in The Legacy of Islam, new eds, Joseph Schacht with C.E.Bosworth (Oxford 1974), p. 489.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ١٠

# داڕووخان و نەمانی سەفەوییە

«کاتێک کە ئەم پادشا گەورەیە [شاعەبباسی یەکەم] بارگەی لەم جیهانە تێکەوەپێچا، گەشە و نەشە و فەرعانیش لە ئێران کۆچباری لێنا!» ئەمە بۆچوونێکی وردوباریکی گەوهەرفرۆشی فەرانسەوی «شاردێن»ە کە پێشتریش گێڕدرایەوە. ئەو وریاترین و وردبینترین ئورووپایی بوو کە لە سەردەمی سەفەوییەدا سەردانی ئێرانی کرد. شاردێن کتێبەکەی خۆی لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی شاسولەیماندا نووسیوە کە ساڵی ١٦٦٦ بەشداری ڕێوڕەسمیی تاج لەسەرنانی بووە. شاردێن کەموزۆر دەیڕوانییە چل ساڵ پێشتر یانی قۆناخی پادشایەتی شاعەبباسی گەورە و سەرەڕای ئەم مەودا زەمانییە لای وابوو کە چاخی فەرمانڕەوایەتی شاعەبباس ڕۆژگارێکی زێڕین بووە و بە مردنی وی نەک تەنیا شانسی زنجیرەی سەفەوییە بەڵکوو بەختی خودی ئێرانیش ڕووی کردە ئاوابوون. دەوڵەتی سەفەوییە بەو چەشنەی کە شاعەبباس سەرلەنوێ سازی کردبۆوە، دیمەنێکی هێندە بەسامی دەنواند کە وای کرد بڕانەوە و نەمانی دەوڵەت لە مەودای نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەمدا کە بەخێرایی بەرەو هەڵدێر دەیئاژاوت، هەتا ڕادەیەکی زۆر ون بێ لە چاوان. لە بەشی چواردا باسی بەرەوڕووبوونەوەی عەبباسی یەکەم لەگەڵ گرێ و کۆسپە گرینگ و




٣٢- شاسەفی

بەربڵاوەکانی سەر ڕێگای و ڕێچارە کورتخایەنەکانی خرایە بەرچاوان، هەروەها ئاماژە کرا کە هێندێک لەم ڕێچارانە تۆوی تێداچوونی داهاتووی لە ناخی خۆیا دەپەروەراند. بۆ وێنە دانان و پێکهێنانی سپایەکی هەمیشەیی لە توخم و تۆرەمەی «هێزێکی سێهەم» تەنگەژەی بەپەلەی کەم کردنەوەی دەسەڵاتی قزلباشەکانی چارەسەر کرد، بەڵام لە ئاکامدا لاوازبوونی دەسەڵاتی لەشکریی وڵاتی لێکەوتەوە. هەروەها گۆڕینی هەرێمەکان بۆ ملکی تایبەتی سەر بە پادشا گرێ و گرفتی تەنگەتاوانەی دانی مووچەی ئەم سپا هەمیشەیییەی چارە کرد، بەڵام لە درێژخایەندا ئەم هەڵوێست و سیاسەتە سەرەڕای کاردانەوەکانی بوو بە هۆی پێهەڵاچوونی قورسایی و تەوژمی بواری باج و پیتاک و دابەزینی چۆنیەتی باری هەڵسووڕانی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی هەرێمەکان. هەروەها سیاسەتی بەستنەوە و بەندکردنی شازادەکانی خانەدانی میری لە حەرەمخانەدا ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کەم توانیبێتی دڵی فەرمانڕەوا سەبارەت بە بەرپەرچدانەوەی پیلان دژی خۆی ئاسوودە بکا، بەڵام لە ماوەیەکی نە هێندە زۆردا گەندەڵی و خاشەبڕانی ئاشکرای ئەم زنجیرەیەی لێکەوتەوە. هەروەها ئەم ڕەوت و هەڵوێستە بوو بە هۆی تەنینەوەی بڕشت و دەسەڵاتی ناڕەوای ژنانی حەرەمسەرا و خواجەکانی بارگا و تێکڕای کاربەدەستانی پەیوەندیدار بە حەرەمخانەوە لە بواری ژیانی سیاسی و گرفتەکانی جێنشینایەتیدا. ئەگەر جێنشینی عەبباسی یەکەم فەرمانڕەوایەکی وەک خۆی بووبا، ڕەنگە تێداچوونی زنجیرەی میرانی سەفەوی وەدوا کەوتبا، بەڵام سیاسەتەکانی خودی عەبباس وای کردبوو کە جێگرەوەکەی شیاوی پادشایەتی نەبێ و کردەوەکانی کوڕێکیان بۆ نەهێشتبۆوە کە بتوانێ جێی بەتاڵی باوکی پڕ بکاتەوە.

ساممیرزای کوڕی محەممەدباقری کوڕەگەورەی شاعەبباسی یەکەم بوو بە جێنشینی باپیری و دەبێ لەبیرمان بێ کە محەممەدباقر بە «سەفی»ش دەناسرا. ساممیرزا وەختایەک لە ١٧ی فێورییەی ١٦٢٩ (٢٠ی جیمادی یەکەمی ١٠٣٨ی کۆچی)دا ڕۆنیشتە سەر تەختی پادشایەتی، ناوی «سەفی» باوکی لە خۆی نا. لە دەورانی فەرمانڕەوایەتی شاسەفیدا سیاسەتی گۆڕانی خاک و مەڵبەندی هەرێمەکان بۆ ملکی تایبەتی سەر بە پادشا کە عەبباسی یەکەم دەستی پێکردبوو، زیاتری پەرەگرت. ساروو‌تەقی وەزیری شاسەفی، قسە و پێشنیارێکی

خستەڕوو کە لەبەرچاوی شا سەرنجڕاکێشی خۆنواند: وەزیر گوتی ئێستا کە دەوڵەتی سەفەوی لە بابەت دوژمنانی دەرەکیڕا کەموزۆر خاترجەمە، هیچ بەڵگە و بۆنەیەک بە دەستەوە نیە کە لێگەڕێین بەشێکی گەورەی وڵات بە دەست حاکمانی قزڵباشەوە بێ کە لە هەشتێ مشتێکی نادەنە خەزێنەی میری. شا پێشنیارەکەی پەسند کرد و هەرێمی دەوڵەمەندی فارسی وەسەر مڵکی تایبەتی گێڕا کە لەبەر مەودایەکی زۆر لەگەڵ سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژاوایی وێدەچوو لە شەپۆلی هرووژمی بێگانان پارێزراو بێ و بەم چەشنە ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر دەستی بەڕێوەبەرایەتی چاوەدێرێکی هەڵبژاردەی شا. بەڵام عەبباسی دووەمی جێنشینی سەفی هەتا قۆناخێکی مەترسیدار کەوتە شوێن ئەم ڕەوت و ڕێبازە. لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەوا تەواوی ناوچەکانی قەزوێن، گیلان، مازندەران، یەزد، کرمان، خوراسان و ئازەربایجان کەوتنە ژێر دەستی بەڕێوەبەرایەتی خودی پادشا، جگە لە جەنگەی شەڕاندا کە حوکمدارانی قزڵباش سەرلەنوێ دادەندرانەوە. ئاشکرایە کە ئەمە تەگبیرێکی لەبار نەبوو، چونکە ژێرخانی ئیداری ئەو دوو سیستەمەی حکوومەتی جیاواز بوون و نەدەکرا کە بە شەوێک لە یەکیانەوە بابدرێتەوە سەر ئەویتر. جگە لەم کێشەیە، کۆمەڵێک گرفتی قورس و گرانیش لە سەر ڕێی گۆڕینی هەرێمەکانی بارناسک و گرینگی وەک خوراسان، ئازەربایجان و کرمان بۆ ناوچە و مەڵبەندی تایبەتی ڕاستەوخۆ سەر بە حکوومەتی ناوەندی لە گۆڕێدا بوو. ئەمە بە هەڵکەوت نیە کە کرمان و خوراسان ئەو یەکەم ناوچانە بوون کە کەوتنە بەر هرووژمی داگیرکەرانی ئەفغان، چونکە لە دەوروبەری ساڵی ١٧٠٥ڕا بەرەودوا ئەفغانەکان بێهێزی و لاوازییەکی ئاشکرا و شلوشەوێقی لەشکری حکوومەتیان بە چاوی خۆیان دەبینی. گیرانەوەی بەغدا بە دەستی عوسمانییەکان لە ساڵی ١٦٣٨دا، تەنیا چاردەساڵ دوای گیرانی لە لایەن عەبباسی یەکەمە و لە دەسچوونی شاری گرینگ و بارناسکی قەندەهار و داگیرکرانی بە جنگ تەیموورییەکان هەر لەو ساڵیدا، یەکەمین نیشانەکانی داڕووخانی ترسێنەری دەسەڵاتی لەشکریی دەوڵەتی سەفەوی بوو.

لەبەر نووسینەکانی باو کە کرۆسینسکی یەسووعی کە پتر لە شێست ساڵ دوای مەرگی سەفی گەیشتە ئێران و «جوونـاس هـانۆی» کـە سـەدەیەک پـاش

نەمانی شاسەفی سەردانی ئێرانی کردووە، دیمەنێکی تار و نالەبار لەم پادشایە خراوەتە بەرچاوان و زۆربەی مێژوونووسانی دواتر لە ڕۆژاوا داوەری ئەم دوو کەسەیان بەبێ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە قبووڵ کردووە. کرۆسینسکی کە هەمیشە پێی لێهەڵدێنێ دەڵێ: «بەپێی توێژینەوە لە ئێرانا ڕۆژگارێکی ئاوا خوێناوی و دڵڕەقانە هەرگیز بەدی نەکراوە» و قۆناخی حکوومەتی وی وەک «زنجیرەیەکی بێپسانەوەی بێڕوحمی و خوێنڕێژی» نیشان داوە و هانۆی باسی ئەو حوکمە درندانانەی کردوون کە [شاسەفی] بە سەر جەماوەریدا سەپاندوون و داوێنی حکوومەتی پێ لە خوێن وەرداوە.[1] لە لایەکی ترەوە نووسەرانی «ڕووداونامەی کارمێلییەکان لە ئێرانا» دەڵێن:

«لە نێو ئەو کۆمەڵە نامە و ڕاپۆرتانەدا کە لە کارمێلییەکانی ئەو چاخی بەجێماون، هیچ شتێک شێوەی ناوزڕاندنی وی لە لایەن مێژوونووسانی دواترەوە ناسەلمێنێ و ئۆباڵی بۆ ناکێشێ، بەپێچەوانە بەگوێرەی بەڵگەنامەکان، بێجگە لە ڕووداوی خاشەکێشانی خانەدانی ئیمامقولیخان و فرزندانی لەبەر هۆکاری نێوخۆیی - کە دەکرێ نموونەکەی لە وڵاتانی ئورووپایی یەک یان دوو سەدە لێرەوبەردا بەدی بکرێ - ئاکار و کرداری شاسەفی مێهرەبانانە و دڵگر دەیتە بەرچاوان.»[2]

کەلک وەرگرتن و بادانەوە سەر ڕاپۆرتەکانی کارمێلییەکان دەبێ بەپارێزەوە بێ، چونکە ئەوان پێیانخۆشە کردەوەی فەرمانڕەوایەک لەگەڵ مەسیحییەکان بکەنە تەنیا پێوەری هەڵسەنگاندنی کەسایەتی وی. سەرەڕای ئەمەش جیاوازییەکی ئەوەندە ڕوون و ئاشکرا لە نێوان ئەم دوو هەڵسەنگاندنەدا هەیە کە پێویستیی گۆڕانی بنەڕەتی لە نرخاندنی کرۆسینسکیدا پتر دەخاتەڕوو.

بێگومان تۆوبڕ کردنی وەجاخی ئیمامقولیخان و فرزندانی، دەوروبەری ساڵی ١٦٣٣ (١٠٤٢) کە لە ڕاپۆرتی کارمێلییەکاندا ئاماژەی پێکراوە، هەر ئەو هەنگاوەیە کە ناخۆشەویستی و بێزرانی گەلێک لە نووسەرانی دواتری لە ڕۆژاوا بۆ شاسەفی بە دیاری هێنا. ڕاپۆرتی کارمێلییەکان ئاماژەش دەکاتە سەر هۆکاری ورووژانی پادشا: «هۆکارەکانی نێوخۆیی». ئیمامقولیخانیش تەنیا نموونەیەکی دیکەیە لە کاربەدەستانی شا کە دەسەڵاتی یەکجار زۆر پەرەدەستێنێ و بەم چەشنە ئێرەیی یان ترسی شا دەهارووژێنێ. ئیمامقولیخان، غولامێکی گورجی و

کوڕی سپاسالاری ناوبەدەرەوەی شاعەبباسی یەکەم، ئەڵڵاوێردیخان بوو. ئەو وەک باوکی لە کاروبار و خزمەتی دەوڵەتیدا گەیشتبووە پلەیەکی بەرز. ئیمامقولیخان کە ساڵی ١٦١٣ (١٠٢٢) کرابوویە حوکمڕانی فارس، بوو بە فەرمانڕەوایەکی بەکردەوەی باشووری ئێران و دەستووری وی زۆر لەولاتری سنوورەکانی فارس و لە درێژایی ڕۆخەکانی کەنداوی فارس هەتا مەکران باڵیان دەنگاوت و بەڕێوەدەچوون. تەنیا ئەو بوو کە توانی دنەی ئینگلیسییەکان بدا و بیانورووژێنێ بۆ پەلامارێکی هاوبەش دژی شووره و قەلا و سەنگەرەکانی پۆرتۆغالییەکانی دانیشتووی هۆرمز لە ساڵی ١٦٢٢دا. سامانی و دەسەڵاتی لە زەمانی ژیانی عەبباسی یەکەمدا ببوو بە پەندی پساتێ و جارێکیان فەرمانڕەوا بە جەفەنگ پێی گوت: «ئیمامقولیخان تکات لێدەکەم ڕۆژی درەمێک کەمتر خەرج کە تا هێندێک جیاوازی هەبێ لە مابەینی خەرجوبەرجی خانێک و پادشادا!»[٣] لە بەختی بەدی ئیمامقولیخان، شاسەفی ئەوەندەی شاعەبباس ئاقڵ نەبوو.

شاسەفی لە مانگی مەی ١٦٤٢ (سەفەری ١٠٥٢)دا وەختایەک سەرقاڵی سازدانی پەلامارێک بوو بە مەبەستی ئەستاندنەوەی قەندەهار لە تەیمووریيان، لە تەمەنی سیودوو ساڵدا، جوانەمەرگ بوو. وادیارە هەموو لایەک پێیانوایە کە شا گیرۆدەی تریاک بووە و بە گوتەی تاقمێک، پزیشکانی بۆیان دانابوو کە وا چاکە بە مەبەستی بردنەوە پاشی کاردانەوەی خراپی تریاک، شەراب بخواتەوە. دەڵێن کاریگەری نالەباری ئەم دووە هێزیان لێبڕی. عەبباسی دووەمی کوڕی بوو بە جێنشینی و لە ١٢ی مانگی مەی ١٦٤٢ لە هەشت ساڵ و نیویدا ڕۆنیشتە سەر تەختی دەسەلات. عەبباسی دووەم کە هاوناوی باپیرەگەورەی بوو لە زۆر بارانەوە وەک وی دەچوو. گەرچی زۆر کاڵ و نەونەمام بوو، بەڵام وەک فەرمانڕەوایەکی بەدەسەڵات و بەهێز خۆی نواند و لە کاتی چوونە سەر تەختی دەسەڵاتەوە زیپک و زاکوونی نیشان دا. بۆ وێنە لە ١٦٤٥دا کاتێک کە هێشتا تەمەنی لە ١٢ ساڵی تێنەپەڕاندبوو، دەستەیەک لە سەرۆکانی قزڵباش بە سەرکردایەتی قۆرچیباشی کە یەکێک بوو لە دەسەڵاتدارترین پایەبەرزانی وڵات، سارووتەقی وەزیریان کوشت؛ دوای چەند ڕۆژان بە فەرمانی عەبباسی دووەم تەواوی هاودەستانی ئەم قەتڵە کوژران. ئەو وەک باپیرەگەورەی سەری لە دادپەروەری دەخورا و خێرایەکی بە سکاڵای خەڵک ڕادەگەیشت دژی زوڵم و

دەسدرێژی و تاوانکاری کاربەدەستانی حکوومەتی. لە ڕاستیدا عەبباسی دووەم هەفتەی سێ ڕۆژان لە دیوانی داپەروەری دادەنیشت و بە سکاڵا و داخوازەکانی لەشکرچییان و غەیری ئەوان ڕادەگەیشت و دوو ڕۆژەکەی تری تایبەت دەدا بە بیستنی هاوار و لیلالی خەڵکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئیمپراتۆرییەکەی. ئەویش هەروەک عەبباسی یەکەم لە کاروباری مەزهەبیدا سەرجەم سینگفرەوان بوو و ئازادییەکی بەرچاوی دەدا بە ڕچە و ڕێبازەکانی کاتۆلیک. بەڵام هەڵسوکەوتی لەگەڵ جوولەکان ناوازەیەکی جێی سەرنج بوو. ئەو بە دنەی محەممەدبەگی وەزیری فەرمانی دا کە نە تەنیا جووەکانی دانیشتووی ئیسفەهان، بەڵکوو جوولەکەی سەرانسەری قەڵەمڕەوی سەفەوییە دەبێ بە ئاشکرا مسوڵمان بن و فێری ڕێوشوێنی ئایینی ئیسلام بن. نیزیکەی ١٠٠٠٠٠ جوولەکەیەک بەڕواڵەت هاتنە سەر دینی ئیسلام، بەڵام لە ژێرەوە هەروا سەبارەت بە ئایینی خۆیان وەفادار مانەوە.

هەروەک پێشتر باسی کرا لە زەمانی عەبباسی دووەمدا ڕەوتی گۆڕینی هەرێمەکان بۆ ملکی تایبەتی سەر بە پادشا بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستی پێکرد و پەرەی سەند و لە ئاکامدا کەموزۆر تەواوی وڵات کەوتە ژێر ڕکێفی هەڵسووڕاندنی ڕاستەوخۆی خودی پادشا، جگە لە کاتی شەڕان کە حاکمانی فەرماندەری تایبەت لە ناوچە گرینگەکانی سەرسنوور و بارناسکا دادەندران. ئەگەرچی ڕەوتی ئەم سیاسەتە بە مانای لاواز کردن و زیاتریش تێدابردنی ئەو خێڵە قزڵباشانە بوو کە لە سەرەتای چاخی سەفەوییەدا ئاوا جوان درەوشابوون، بەڵام عەبباسی دووەم توانی سنوورەکانی ئیمپراتۆرێتی بە دەق نەشکاوی بێڵێتەوە و تەنانەت لە ١٦٤٨ (١٠٥٨ی کۆچی)دا قەندەهاری لە تەیموورییان ئەستاندەوە و سێ پەلاماری پەیتاپەیتای ئیمپراتۆر «ئەورەنگ زیب»ی بۆ گرتنەوەی بردەوە پاش. لە سنووری باکووری ڕۆژاوایی، عەبباسی دووەم سیاسەتی باپیرەگەورەی کە بریتی بوو لە کۆچپێدان و ڕاگوستنی تەواوی جەماوەری ئەو ناوچەیە بۆ ناوچەکانی تر و بەدیهێنانی چەشنێک «ناوچەی بێچەک»، پێچەوانەی کردەوە و هەوڵی دا بە دامەزراندنەوەی دووبارەی چەند خێڵێکی ئازەربایجان لەو مەڵبەندە، بارودۆخی ناوچەکە سەقامگیر بکا.

عەبباسی دووەم هەروەک باپیرەگەورەی ئۆگری هونەر و سازکردنی بینا بوو بۆ خزمەتی گشتیی. بە فەرمانی وی قەسری چلستوون لە ئیسفەهان دروست کرا



٣٣- عەبباسی دووەم

و مزگەوتی شا کە عەبباسی یەکەم داینـابوو کەڵـتەی کـردەوە و دەسـتێکی بـە مزگەوتی کۆنی هەینی لای بازاڕدا هێنا و خستییەوە سەر دەقی جاران؛ هـەروەها لە ١٦٥٤دا بەندێکی لەسەر زایەندەڕوود هەڵبەست. عەبباسی دووەم هەم یـەکجار هۆگر بوو بە شێوەکاریی ڕۆژهەڵاتی و هەم شێوەکاریی ڕۆژاوایی و پێیخۆشبوو خۆشی خەریکی وێنەگەری بێ. عەیبی هەرەگەورەی گیرۆدەبوونی بوو بە بـادەوە و ئەوەندەی خواردەوە کە جەرگ و دڵی داتوڵا و لە تـەمـەنی سـیودوو ساڵـیدا کۆتایی بە ژیانی هێنا، یانی ڕێک تەمەنی باوکی لە کاتی مردنیدا.

بە هاتنە سەر دەسەڵاتی سەفیمـیرزا بـە نـاوی شاسـولەیمان، زنجـیرەی خانەدانی سەفەوییە و وڵات کەوتنە نێو ڕەوتێکی خۆشئـاژۆی بـەرەو نـەمـان. ئاکاری ڕواڵەتیی پادشای تازە دڵنشین بوو:

«ئەو کەسێکی باڵابەرزی، بەقەوەتی، چالاک و وەک پادشایەک زۆر زیاتر لە ئەندازەی خۆی قسەخۆش بوو. کەپۆی وەک ئـی ڕۆمییـەکان دەچوو و لەگەڵ دەموچاوی یەکتری دەخوێندەوە؛ چـاوی زۆر گـەورە و شین و دەم و لێوی لەبار بوو. ڕیشی ڕەش دەکردەوە و خڕ دەوروبـەری دەتاشی و بە جـوانی تەنانـەت هـەتا بناگوێچکـەی هەڵـیدەدایەوە و قەڵەمی دەکرد. ئاکاری مێهرەبانانە و لە هـەمان کاتـا شـاهانە بـوو. دەنگێکی نێر و خۆشی هـەبوو، بـە نـەرمی قسـەی دەکـرد و ئەونـدە خۆشمەشرەف بوو کە وێدەچوو وەختایەک کڕنۆشی لەبـەر دەکـرێ، ئەویش بە دانەواندنی نەرم و بەئەدەبانەی سەری هـەتا ئەندازەیـەک وڵامی دەداتەوە و هەمیشە بزەیەکی ئاوێتەی ئەم کارەی دەکرد.»[٤]

بەڵام ئەم ڕواڵەتە دەمبەپێکەنینە سرشتێکی لاواز و ڕەنگاوڕەنگی دەشـاردەوە. لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ویدا پلەی پادشا وەک سەرۆکی گشتیی پێکهاتـەی دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی وڵات و وەک فەرمانڕەوای بێئەملا و ئەولا و خاوەنی دەسـەڵاتـی هـەرەباڵا لـە کاروبـاری دینـی و دنیـاییدا، بـە شـێوەیەکی زۆر زیانەوەنانە و خاپوورکەرانەتر لـە داگیرکردنـی ئاشـکرا و بـێپـەردەی مـافی پادشایەتی لە دەورانی شاتۆماسبدا، لە کزی دا. لەبیرتانە کە بە گۆڕینی ئەرکی «صـدر»ی سەرۆکی چینی مەلایان بۆ پلەیەکی سیاسی هەڵبژاردەی خودی پادشـا کە دەبوو سەبارەت بە ئاکار و کرداری زانایانی ئایینی بەگشتیی و مەزنەمەلایان

(موشتەهیدان) بەتایبەتی لە بەرامبەر شادا وڵامدەرەوە بێ، شاسمایلی یەکەم جەختێکی تازەی لە سەر پلەی سەدارەت کردبۆوە. ئەگەر بڕیار وابوو کە پلەی شای سەفەوی وەک نوێنەری مەهدی لە سەر زەوی نەکەوێتە بەر هەڕەشە، ئەم هەسدانەوە سیاسییەی مەزنەمەلایان و چینەکانی پیاوانی ئایینی پێویست بوو، چونکە نوێنەرایەتی مەهدی بەڕاستی مافی مەزنەمەلاکان بوو و ئەم هەقە لە لایەن شاوە وەژێر چۆک درابوو. لە ڕابردوودا و لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی شاتەهماسبدا، وەختایەک کە دەسەڵاتی مەزنەوەزیر (صدر) لە کورتێی دابوو، کۆمەڵێک نیشانە کە ڕەنگدانەوەی هەست و ویستی مەزنەمەلایان بوو بۆ وەرگرتنەوەی مافی زەوتکراویان خۆیان دەنواند. حوکمڕانێتی بەهێزی عەبباسی یەکەم دژی هەر چەشنە هەوڵ و تەقەلای مامۆستایانی ئایینی بوو بۆ دەگژڕاچوونی دەسەڵاتی شا و پادشا بەوەی دەنازی کە سەردەمی حکوومەتەکەی دوورە لە ناتەبایی تێکدەرانەی نێوان پایەبەرزانی ئایینی ڕکەبەر و مەیل و تاسەکانی ئەوان بۆ وەدەسهێنانی دەسەڵاتی سیاسی.

«گێراویانەتەوە کە ڕۆژێکی وەختایەک شاعەبباسی یەکەم لەگەڵ دوو زانای ناوبەدەرەوە میرمحەممەدباقری داماد[٥] لە شانی ڕاستی و شێخ بەهائەددینی عاملی[٦] - کە ئەوەندی وی مەشهوور بوو - لە شانی چەپی، بە سواری یەکسم دەبزووتن، شا ویستی بزانێ داخوا هیچ ئێرەیی یان بوغزاندێکی نیهانی لە سینەی ئەم دوو مەلا زانایەدا هەیە یان نا. شا ڕووی کردە میرمحەممەدباقر کە ئەسپەکەی جووتەی داویشت و کۆڕژنی دەکرد و گوتی: شێخ بەهائەددین سواری چ جانەوەرێکی تەپ و تەپلۆس بووە! خۆ هەر ناتوانێ دەنگی بدا بگاتە شانی ئێمە. میرداماد گوتی: سەیر لەمە دایە، باشە ئەم یەکسمە وەختایەک بارێک زانست و زانینی ئاوا لە سەر پشتی دەبینێ، بەڕاستی چۆن دەتوانێ ببزوێ؟ دوای ماوەیەک عەبباس ڕووی کردە شێخ بەهائەددین و گوتی: ئەرێ قەت ئەسپێکی چەمووشی وەک ئەسپی میرمحەممەدباقریت دیوە؟ بۆ دەبێ ئەسپێکی کە مەلایەکی وا گرینگ پێدەنێتە ڕکێفی، ئاوا بە ڕێیەدا بڕوا. شێخ گوتی: دڵنیام کاتێک پادشا وردبێتەوە و بزانێ ئەسپەکە بەڕاستی هەقێتی بە سوارەکەی بنازێ، لێی وەدڵ ناگرێ. شا لە سەر زین سەری دانەواند و

کوورپبۆوە و لەبەر خەلاتی نیعمەتی هەبوونی ئەو دوو پیاوە زانا و دیندارە لە سەردەمی حکوومەتەکەی‌دا کە ئەگەرچی لە بارگایەکدا دەژین، بەلان دلیان بە بوغز و ئێرەیی چەپەڵ نەبووە، شوکری میری مەزنی بەجیٚهێنا.»[٧]

ڕەنگە کۆمبوونەوە شا بەرەوپێش هۆیەکی دیکەشی بووبێ: حەشاردانی بزەیەکی خەست کە زابوویە سەر لێوانی.

لە حاڵێکا کە هەباسی یەکەم دەیتوانی زانایانی ئایینی بارگا ئاوا بحاوێنێتەوە، جێنشینەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ بڕستێکی کەمتریان لەم کارەدا نیشان دەدا. ئەوان خۆیان هەتا ڕادەیەکی زۆر بەرپرسی بەدی هێنانی ئەم بارودۆخە بوون کە تێی‌دا چین و توێژەکانی مەلایان دەیانتوانی دەسەلاتیان پەرەپێبدەن. عەبباسی دووەم دوای ئەوەی ساڵی ١٦٤٢ گەیشتە دەسەلات، پلەی زۆر گرینگی سەدارەت (ڕاوێژکاری بالا = مەزنەوەزیر)ی کرد بە دوو لقی تایبەتی بارگا و هەرێمەکان. ئەگەرچی لە ڕووی گرینگایەتی پێهەلاچوونی لقی تایبەت لە بەشی بەڕێوەبەرایەتی ولاتا، ئەم کارە هەنگاوێکی بەجێ بوو، بەلام دابەشینی پلە، بە مانای هاوبەشێتی، لاوازکردنی دەسەلاتی لێدەکەوتەوە. سەدر هەرووەک پێشوو بەرپرسی بەڕێوەبردنی ملک و مالی وەقفی و ڕاپەڕاندنی هێندێک کار و ئەرکی دادوەریش بوو. بەلام دەوری سیاسی سەدر لە ئەستۆی شێخۆلئیسلام بوو. لە حکوومەتی جێنشینەکەی شاسولەیمان، یانی شاسولتانحوسێن‌دا ئەم ئەرکە خرایە ئەستۆی پلەیەکی تازەی مەزهەبی بە ناوی «مەلاباشی» (سەرۆک مەلا = یەکەمەلا= گەورە مەلا). یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی چاخی عەبباسی دووەم و شاهانی دوای وی ئەمەیە کە چینەکانی مەلایان بە شێوەیەکی بەربلاو خۆیان لە ژێر هێزی بەرگێڕەوەی سیاسی سەرەڕێیان ئازاد دەکرد و لە ئاکام‌دا وەک کۆمەلێکی تایبەت دەسەلات و بڕستیان زیاتر پەلوپۆی داویشت. گەورەمەلای خاوەن دەسەلاتی وەک میرمحەممەدباقری مەجلیسی دەرکەوتن و خۆیان نواند. ئەو لە ساڵی ١٦٨٧ (١٠٩٨)ڕا پلەی شێخولئیسلامێتی لە ئەستۆی بوو و پاش هاتنە سەر حوکمی شاسولتانحوسێن لە ١٦٩٤ (١١٠٦)دا پایەی مەلاباشێتی (سەرمەلایەتی) خرایە سەر شانی و هەتا ڕۆژگاری پێمردنی لە ١٦٩٩دا هەر بەرپرسی ئەو ئەرکە بوو. جێی سەرنجە لە ولاتێکدا کە لە سەرەتاوە

شیعەگەری دوازدەئیمامی کرابوویە مەزهەبی ڕەسمیی، تەنیا لە قۆناخی داکووژانی حکوومەتی سەفەوی‌دایە کە کاری شێلگیر لە بواری خوداناسینی شیعی و یاسادا دەستی پێکرد کە بە شێوەی کۆکردنەوە و بەراورد و لەبەریەکڕۆنانی حەدیسەکانی شیعی، لێکدانەوە و شیکردنەوەی چوار کتێبەکانی حەدیسی شیعە* و لەم چەشنانەدا خۆی دەرخست. ئادەمی بێ‌ئەوەی ئاگای لێ‌بێ ئەم بیرەی بە مێشکی‌دا دێ کە ڕەنگە شاهانی سەفەوی زیاتر لە فکری دەسەڵاتا بووبن هەتا شیعەگەری. لە ئاخروئۆخری چاخی سەفەوییەدا کە قوتابخانەی شیعەی دوزادەئیمامی وردەوردە ڕێک‌وپێک دەکرا و بە شێوەیەکی وا کە سازانی لەگەڵ نەدەگونجا ڕووی کردە باری نەریتخوازی و دیارە زیاتر جەخت دەکرایەوە لە سەر بنەبڕکردنی لادینی (زەندەقە). گێڕاویانەتەوە کە حوججەتولئیسلامێکی ڕەشتی حەفتا کەسی بە تاوانی گوناهان و کۆمەڵێک تازەگەری (لادان لە ڕەوتی باو) کوشتبوو.*

لەم قۆناخەدا ئەوانەی زیاتر لە هەمووان لەبەر لادان لە ڕەوتی باو تووشی ئازار و ئێشاندن بوونەوە، سۆفییەکان بوون. لە ڕۆژانی بەر لە دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوی، ڕێکخستنی تەواو تۆکمەی سۆفییانی ڕێبازی سەفەوی، بانگەوازی سەفەوییەی بڵاو کردبۆوە و گیانی ڕێبەرەکەیانی کە مورشیدی باڵای ڕێبازەکە بوو پاراستبووی و بۆ گەشە و پێشکەوتی شۆڕشی سەفەوییە بێ‌وچان هەوڵی دابوو. دوای کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی ئەم شۆڕشە، شاسمایلی یەکەم هەوڵی دا هەتا ئەم ڕێکخستنە تێکەڵی دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی ڕەسمییانەتری وڵات بکا کە بناغەی دەچۆوە سەر کەلەپووری ئیسلامیی ئێرانییەکان و ئەو لە ئاق‌قۆیوونلوو، قەرەقۆیوونلوو و تەیمووریانی بە میرات وەرگرتبوو. هەروەک دیتمان ئەو تێکۆشانە بەرەورووی شکست بۆوە و ڕێکخستنی سەفەوییە بوونی خۆی پاراست، بێ ئەوەی کە هیچ ئەرکێکی پێ‌سپێراوی ڕێکخراوەیی لە کۆمەڵا بکەوێتە سەر شانی. سەرۆکی ئەو ڕێکخستنە واتە «خليفةالخلفا» گەرچی هیچ چەشنە دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی نەبوو، بەڵام لانیکەم هەتا ڕۆژگاری شاسمایلی دووەم، زۆر بە ماقووڵی چاوی لێدەکرا.

ڕێکخستنی سەفەوییە بۆیە ئیزن درابوو کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن پاش وەدی‌هاتنی ئامانجە بەرایی‌یەکانی درێژە بدا بە ژیان و مافی، چونکە ئەم

ڕێکخستنە ئامرازێکی لەباری بۆ پادشایانی سەفەوی بەدی دێنا کە دەیانتوانی بە قازانجی خۆیان کەلکی لێوەربگرن و چما هەر چەشنە هەڕەشەیەک لە لایەن سەرۆکانی قزڵباش و کەسانی ترەوە، بەرەوڕووی دەسەڵاتیان بووبایەوە، دەستیان پێوەدەگرت و دەیانخستە کارەوە. پرسێکی بنەڕەتی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان هەر سۆفی یان مریدێک لەگەڵ ڕێبەرە ئایینییەکەی (پیر، شێخ، مورشید و مراد) سەروەبەرهێنانی بێ‌سێ‌ودووی دەستووراتی پێشەواکەی بوو. ڕێ‌وشوێنە بنەڕەتییەکانی پەیوەندیی مرید و مراد بریتی بوو لە: «بەرنەدانی لایەنی مورشید (پێشەوا) لە جەنگەی خۆشی و ناخۆشی‌دا؛ تابشت‌هێنان لە بەرامبەر هەر چەشنە لارەبەختی‌دا و دەس‌بەردان لە هەموو ویست و خۆشییەکانی دنیایی لە ئاست خواستی مورشیدا.»[٨] شاهانی سەفەوی ئەم پەیوەندییەیان بە دوو شێوەی بێ‌ئەندازە گرینگ پێگەیاند و پەرەیان پێدا: یەکەم ئەوەی ئەوان شتێکی کە لە بنەڕەتدا پەیوەندییەکی مەزهەبی و عیرفانی نێوان پێشەوایەکی ئایینی و ڕێبوارێکی ڕێگای پاکژکردنەوەی نەفس بوو، ڕایانکێشانە سەر شانۆی سیاسی. ئەوان خاوەنی توانستی ڕاپەڕاندنی ئەم کارە بوون، چونکە نەک تەنیا مورشیدی کامیل بەڵکوو پادشا یان بە فەرمانڕەوای دنیایی جەماوەری ژێردەستەشیان دادەندران. بەم شێوەیە گوێ نەدانە دەستوورەکانی مورشیدی باڵا کە لە ڕێبازەکانی سۆفییەدا بە لێدانی «حدّ» یان دەرکردن لە ڕێبازەکە سزا دەدرا، بوو بە خەیانەتی تەواو بە پادشا و تاوانێک دژی وڵات و لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا چزدانەکە دەیتوانی مەرگ بێ. بەمجۆرە «سۆفیگەری» (کردەوەیەکی شیاو بۆ سۆفی) مانایەکی تازە و گرینگی «وەفاداری بە شا»ی دەگرتەوە؛ بەپێچەوانە «ناسۆفیگەری» (کردەوەیەکی نەشیاو بۆ سۆفی) بوو بە هاوتای «بێ وەفایی سەبارەت بە شا» و خراپە سەر ڕەوتی توندوتیژترین تۆمات کە دەکرا بدرێتە پاڵ کەسێک. لە هەلومەرجی قەیراناوی‌دا هاسان بوو بۆ پادشایانی سەفەوی کە بە پشتیوانێتی شاسەیوانان (شا خۆشەویستان = شاپەرستان) پێمل بوونی مسۆگەری سۆفییەکان سەبارەت بە خۆیان بورووژێنن.

چما هەر بەحاڵ‌ودووبەلا گومانێک سەبارەت بە وەفاداریی خودی سەرجەلەی خەلیفان یان ئەندامانی دیکەی ڕێکخستنی سۆفییان سەری هەڵدابا، شا بە مەبەستی پاراستنی سەرتربوونی خێرایەکی دەکەوتەخۆ. ساڵی ١٥٧٦ شاسمایلی

دووەم بە توندی دژی سەرجەلەی خەلیفان جوولایەوە کە پێشتر بە فەرمانی شا کوێر کرابوو و دوابەدوای وی ١٢٠٠ سۆفی کوشتن کە لە نیزیکەوە یاریدەی سەرجەلەی خەلیفانیان دابوو. تۆماتی پێوەبەستراوی مەزنەخەلیفە ئەمە بوو کە بەئانقەست سەری لە ئاست دەستووری یەکە مورشیدی خۆی، واتا شاسمایلی دووەم باداوە و بەم پێیە لە ڕێبازەکە دەرکرا. بەڵام تێداچوونی خێرای جێگە و پێگەی سۆفییان دوای گەیشتنە سەر دەسەڵاتی عەبباسی یەکەم ڕووی دا. شاعەبباس سەبارەت بە سۆفییەکان دووشک بوو، چونکە لە سەرەتای حکوومەتەکەیڕا بە مەبەستی گێڕانەوەی سوڵتانمحەممەدشای باوکی بۆ سەر دەسەڵات پیلانیان گێڕابوو. سوڵتانمحەممەدشا مەیلی بزووت کە سۆفییەکان دنە بدا هەتا داخوازی دیداری شا بکەن و لەوێ ئەم پرسیارە بورووژێنن: «داخوا پێشەوای ڕووحانیی ئێمە کێیە؟» نێرکی ئەم پرسیارە لێرەدایە چونکە سوڵتانمحەممەدشا هێشتا زیندوو بوو، کەوایە جارێ هەر ئەو بە پێشەوای ئایینی ئەوان دادەندرا و هەباس داگیرکەرێک بوو. سۆفییان هیوادار بوون کە هەباس پێ لەم قسەیە بنێ و سوڵتانمحەممەدشا دووبارە بگاتەوە پایەی ڕێبەرایەتی ڕووحانیی ئەوان و لە ئاکامدا پلەی پادشایەتی وەچنگ بێنێتەوە. پێشتر مەبەستی سۆفییەکانیان دە گوێی هەباس سرەواندبوو. ئەو فەرمانی پێدان ئەگەر قسەیەکیان هەیە بۆ کردنێ سێ نوێنەری بنێرنە لای. وەختایەک کە شاندەکە گەیشتە خزمەتی، هەموویان لەڕێوە کوژران و پاشماوەی سۆفییەکانیش «بێئەوەی لەسەر وەی ڕاوەستن کە پێلاوان لە پێبکەنەوە» دەرپەڕین و بڵاوەیان لێکرد. لەوی بەولاوە عەبباسی یەکەم هەر دەرفەتێکی بۆ وەبەرچاو نەگرتن و سووکایەتی پێکردنی سۆفییەکان و لە ئاکاما داشکاندنی سەنگ و بایەخیان دەخواستەوە. چەند ساڵ دواتر لە ساڵی ١٥٩٢-٣ (١٠٠١)دا کاتێک کە یەکێک لە ڕێبەرانی سۆفییە بە ناوی «شاوێردیخان»ی حاکمی قەراجەداغ بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ عوسمانییەکان لە قۆناخی گیرانی تەورێزا لە دار درا، سۆفییەکان سەرلەنوێ کەوتنەوە بەر هەڵمەتی تووڕەیی پادشا. شاعەبباس وەفادار نەبوونی سۆفییەکانی قەراجەداغی بەتایبەت بە گرینگ دانا، چونکە ئەم تاقمە لە سەرەتاکانی سەردەمی سەفەوییەدا گەلێک پلەی بالایان لە ئەستۆ بوو. باوکی شاوێردیخان خەلیفەی ئەنساری قەراجەداغلوو و سەرۆکی

قەڵای قەهقەهە بوو، شوغڵێک کە تەنیا دەدرا بە باوەڕپێکراوترینی سەرۆکانی قزڵباش. شاوێردیخان نەک هەر تەنیا خۆی ببوو بە پەنانشینی عوسمانییەکان، بەڵکوو پەیڕەوانی خۆشی وا لێکردبوو سوێندی وەفاداری بخۆن بۆ عوسمانییان. شاعەبباس شتی ئاوای قەت لە بیر نەدەچۆوە؛ نیزیکەی بیست ساڵ دواتر، لە ١٦١٤-١٥دا ژمارەیەک لەم پەیڕەوانە دە گازی کەوتن و بە تاوانی ناسۆفیگەری لەڕێوە کوژران.

عەبباس وای هەست پێدەکرد ئەگەر ئیتر بە شێوەیەکی سەرسەرەکیش نەتوانێ پشت بە وەفاداریی سۆفییەکان ببەستێ، پێویست ناکا کە ئیزنیان بدا جێگە و پێگەی باڵایان بپارێزن. ئیدی ڕێیان نەدەدان لە ڕکێفی شادا ببزوون یان وەک پاسەوانی تایبەتی پادشا خەریکی ڕاپەڕاندنی کار و ئەرک بن. لەجیاتیان کاری سووکەڵەی وەک گەسک لێدانی قەڵا و باڵەخانەکانی دەربار (دەوڵەتخانە) و دەرکەوانی و زیندانەوانییان پێدەسپێردرا.[٩] ڕێوڕەسمیی ڕواڵەتییان هەر لە جێی خۆی بوو تا ئەو شوێنەی کە هەموو ئێوارەی پێنجشەممان بۆ بەستنی کۆڕی زکر بە سەر ئاڵقەیەتی مەزنیخەلیفان کۆ دەبوونەوە، بەڵام پایەی خودی مەزنەخەلیفە، هەتا پلەیەکی ئایینی بێئازار لە بارگا دابەزیبوو. لە ڕۆژی جێژندا وێڕای سۆفییەکانی دیکە ئامادەی بارگا دەبوو و بە کاسە نەباتێکەوە لە شا نیزیک دەبۆوە و جێژنەپیرۆزەی شایانی جێژنەکەی لێدەکرد. پاشان پادشا کلۆ نەباتێکی لە کاسەکە هەڵدەگرت و دەینا زاری؛ دواتر تێکڕای مەزن و ماقووڵی وڵاتیش دەکەوتنە پێوشوێنی فەرمانڕەوا و کلۆ نەباتیان بە نیشانەی ڕێز بە سەر چاو و نێوچاوانی خۆیاندا دەکێشا و دەیانخوارد. خەلیفەی خەلیفان ئەرکێکی دیکەشی لە سەر شانی بوو؛ ئەو دەیتوانی خەڵک ببەخشێ. مەزنان و کەسانیتر کە داوای لێبووردنیان دەکرد لەبەر دەم گەورەی خەلیفاندا چۆکیان دادەدا و گەورەیخەلیفان چەند جارێک بە شووڵ لە شان و پشتی دەدان و بەم شێوەیە گوناهانی دەبەخشین. بەم کارەیان دەگوت «دان پێدانان».[١٠]

دوای مردنی شاعەبباسی یەکەم پلە و پایەی سۆفییان هەروا بەرەو تێداچوون گلۆر دەبۆوە و لە کۆتایی سەدەی حەڤدەدا، یانی کەمتر لە دووسەد ساڵ دوای ئەو زەمانەی کە شۆڕ و ئاڵقەبەگوێی سۆفییەکان، سەفەوییەی گەیاندبووە سەر دەسەڵات، محەممەدباقری مەجلیسی یەکێک لە پێشەوایانی ئایینی ئەو

سەردەمە، دەکەوتە پایسەری سۆفیگەری و پێی دەگوت: «ئەم دارە گەڵاوە ژەقنەمووتە!» محەممەدباقری مەجلیسی لە بەرامبەر ئەو تۆمەتانەدا کە دەدرانە پاڵ باوکی عالمی چونکە لە ئاست سۆفییە زۆر نەرمی کێشاوە و هاودڵی لەگەڵ نواندوون، دەکەوتە بەرگری لێکردنی و دەیگوت: «نەکا کەسێک گومانی خراپی هەبێ سەبارەت بە باوکم کە داخوا ئەو لە سۆفییانە، نەخێر وا نیە، چونکە من لەگەڵ باوکم هەستاوم و دانیشتووم بە ئاشکرا و نەهێنی و بە هەموو ژێر و ژووری بیر و باوەڕی دەزانم. باوکم سۆفییەی بە خراپ دەزانین، بەڵام لەبەروەی ئەوان لە سەرەتادا زۆریان پێ لێهەڵدێنا، باوکم بە ڕواڵەت کەوتە لیزگەی ئەوانەوە هەتا بەم شێوەیە بتوانێ خۆی بداتە نەهێشتن و ویشکاندن و قەڵتوبڕی پەلوپۆی ئەم دارە گەڵاوە ژەقنەمووتە.» هەروەها بەرەی دەدا بە قسەکانی و دەیگوت: «دەنا باوکم هەر لەوپەڕی خواترسی و پیاوچاکی و دینداری و پاکیدا ژیاوە...»[11] محەممەدباقری مەجلیسی لە بارستایی نووسراوەکانیدا پەلاماری ڕەگ و ڕیشەی سۆفیگەرێتی دا و ئەم هەڵوێستە توندڕەوانەی نواند کە تێکڕای ڕێچکە و ڕێبازەکانی سۆفییە لادەرن لە ڕێگای ئیسلام. ئەو گوتی پێغەمبەر هەم خودی ڕەبەنایەتی و دوورەپەرێزی و هەم شێوەی ژیانی ڕەبەنانە یان گۆشەنشینی قەدەغە کردووە. هەم زکری نیهانی و هەم زکری ئاشکرا (خەفی و جەلی) بە تلاسابوون و نارەوا دائەندران و بەم پێیە قبووڵ نەدەکران و ڕەت دەدرانەوە. ڕێوشوێنی باوی سۆفییان وەک پەشمینەپۆشی و سەماش کە زیاتر لەگەڵ سۆزەی زکری ناوی خودا بەڕێوەدەچوو، لە لایەن مەجلیسیڕا برایەوە پاش. ڕۆژووگرتن (غەیری لە مانگی ڕەمەزاندا) بەرپەرچ درایەوە، چونکە لەشی ئادەمی لاواز دەکرد و بەم پێیەش مێشکی بەرەو بێتوانایی پاڵ پێوە دەنا و لە ئاکامدا گۆتەکانی پیر هەرچەندە سەیر و سەمەرەش بوون، بڕوایان پێدەکرا. مەجلیسی کە توند بە بۆچوونەکانی خۆیەوە نووسابوو هاواری کرد کە لە ڕوانگەی قوتابخانەی شیعەگەرییەوە، هەموو لقوپۆیەکانی سۆفییە دەبێ بە لادین دابندرێن و هەڵوەشێنەوە و زکر و جەزم بوون و کارەکانی دیکەیان بە کوفر و لادەری بێنەژمار. سەرەنجام هێندێک لە بۆچوونەکانی سۆفییان سەبارەت بە یەکێتی عیرفانی مرید لەگەڵ خواوەند و تێکەڵابوونی، بە بێئیمانی و ئیشی دزێو داندرا. بۆ پاشەواری کەسانێکی کە لە ڕابردوودا تاجی «حەیدەری»یان کە حەیدەر

بۆ پەیڕەوانی سۆفی خۆی دایهێنابوو و ئاوا بە شانازی لە سەر دەکرا، ڕۆژگار چەندە گۆڕابوو!

لە ڕۆژگاری پادشایانی بێزێپک و زاکوون و لێنەوەشاوەدا، مەزنەمەلایان کەیفیان لێبوو بانگەشەی نەبەستراننەوەیان بە دەزگای سیاسی وڵاتەوە زیندوو بکەنەوە. جا بۆیە هیچ سەیر نیە کە لە ماوەی پادشایەتی دوو کەس لە بێدەسەڵاتترین شاهانی سەفەویدا، سولەیمان و سوڵتانحوسێن، کە بە جووتە پەنجا و شەش ساڵیان فەرمانڕەوایەتی کرد (١٦٦٦-١٧٢٢)، زانایانی ئایینی گەیشتنە کەشکەلانی دەسەڵاتیان. لەم قۆناخەدا، موشتەهیدان تەواو سەربەستیی و دابڕانی خۆیان لە پادشا چەسپاند و مافی تایبەتییان کە بریتی بێ لە جێنشینایەتی ئیمامی دوازدەهەم، وەریانگرتەوە و بەم چەشنە لە وڵاتێکی شیعەمەسبدا، بە تەنیا سەرچاوەی ڕەوای دەسەڵات دادەندران. نابێ وا تێبگەین کە تەنانەت فەرمانڕەوایانێکی بەهێزی وەک عەبباسی یەکەمیش توانیویانە بەتەواوی بەرگێرەوەی زانایانی ئایینی بن. براون نەزیلەیەک لە کتێبی «قصص العلما» دەگێڕێتەوە کە دەبێ درۆ بێ، چونکە گوتراوە ئەو مەلایەی کە نووسیویەتی لە ١٥٨٥ (٩٩٣)دا مردووە، کەچی شاعەبباسی یەکەم کە گۆیا نامەکەی بۆ ئەو نووسیوە، لە ١٥٨٨ (٩٩٦)دا چۆتە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی.[12] بەڵام ئەم نەزیلەش وەک زۆر نەقڵی سازکراوی دیکە، هەڵگری ڕاستەقینەیەکی گرینگە. ئەو زانایە بەم ڕستەیە ڕووی کردۆتە پادشا: «خاوەنی دەسەڵاتی کاتی، عەبباس!» کە وێدەچێ مەلا مەترسی تووڕەیی شای بە هێند دانەنابێ. وادیارە عەبباس بە پشوودرێژی ئەم ڕووهەڵماڵاوییەی قووت داوەتەوە و وڵامێکی هێمنی بۆو زانایە ناردۆتەوە و نامەکەی بە ناوی «سەگی دەرگانەی عەلی، عەبباس» مۆر کردووە کە دەستەواژەیەکی زۆر ڕەمەکیپەسندانە بوو.

زانایانی پایەبەرزی ئایینی لە قسە و بانگەشەی پەرەگری دابڕان و نەبەستراننەوەیان بە پادشاڕا وردەوردە گەیشتنە جێیەکی کە لە ڕاستیدا پادشایان کێشایە ژێر حوکمی خۆیان. بە گوتەی بەنانی «بە بڕوای هێندێک لە سەرچاوەکان، تاقمێک مەزنەمەلا لە سەرووی پادشاوە حکوومەتی ڕاستەوخۆی مەزهەبییان دامەزراندبوو.»[13] بە واتەیەکی تر مەترسی خودبەخودی دژی سەقامگرتوویی دەوڵەتی سەفەوی کە سمایلی یەکەم لە سەرەتای

حکوومەتەکەی‌را بە هەرەشەی دەزانی بۆ سەر دەوڵەتی سەفەوی، وەراستی گەڕابوو. مەزنەمامۆستایان بۆ وەچنگ‌هێنانی پێگەیەکی پتەو لە وڵاتا گوشاریان دێنا و سەرنجیان نەدەدایە ئەم ڕاستییە کە بەم کارەیان ڕێ بۆ تێداچوونی وڵات خۆش دەکەن.

هێزێکی سیاسی دیکە کە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی سولەیمان و سوڵتان‌حوسێن‌دا توانی پەرە بدا بە دەسەڵاتی، حەرەمخانە و وێڕای وی خودی وەزیر بوو. هەروەک پێشتر باسی کرا، بەستنەوەی شازادەکانی خانەدانی پادشایەتی لە حەرەمسەرادا دەسەڵاتێکی ڕامیاری یەکجار باڵای دا بەو شوێنە کە شاردێن سەرنجی دەخاتە سەر. ئەو دەڵێ حەرەم: «وەک چەشنێک لێژنەی ڕاوێژکارانەی نارەسمیی وایە و کەموزۆر دەسەڵاتی بە سەر هەموو کارەکان‌دا دەشکێتەوە.»[14] ئەو کۆڕ و «کاکڵەی ڕاوێژە» بریتی بوو لە دایکی شا، خواجەکانی سەرەکی و ژنانی سەرگوڵی پادشا. بە گوتەی شاردێن وەزیران بە وەبەرچاو نەگرتنی ویست و ئاواتەکانی حەرەمخانە خۆیان دەخستە بەر شەپۆلی مەترسی. شازادەکانی بنەماڵەی پادشایەتی لە ژێر چاوەدێری حەرەمدا و لە نەزانینێکی جێی ناباوەڕی‌دا سەبارەت بە دنیای دەرەوە گەورە دەبوون. شاردێن دەڵێ: «بە هیچ چەشنێک بە کوڕی شا ناڵێن کە ئەو میراتگری دیاری‌کراوی تاج و تەختە و تەنانەت زۆرجاران بە هیچ لەونێک نایدرکێنن کە کوڕی شایە، بەڵکوو پێی‌دەڵێن لە بنەماڵەی میرییە، بە جۆرێک کە ئەو هەرگیز نازانێ چارەنووس چی لە نێوچاوانی نووسیوە، مەگین وەختایەکی کە گۆچانی پادشایەتی وەبەردەستی بێ.»[15] کەوایە شتێکی هێندە سەیر نیە پەروەردەکراوانی نێو تانوپۆیەکی ئاوا کەسانێکی بێ‌جەوهەر بوون کە خێرایەکی دەکەوتنە ژێر بڕشتی حەرەمخانە و وەزیرانەوە. حیکایەتێکی ڕەنگە سازکراو، بەڵام دیسانیش گرینگی دیکە دەربارەی جێنشینایەتی سولەیمان گێڕدراوەتەوە. سولەیمان جێنشینێکی دیاری نەکرد، بەڵام دەڵێن گۆیا بە پایەبەرزانی وڵاتی گوتووە چما ئاشتی و ئارامییان دەوێ، دەبێ حوسێنی کوڕی هەڵبژێرن، بەڵام ئەگەر خوازیاری فەرمانڕەوایەکی بەهێزن و دەیانهەوێ ئیمپراتۆرێتی پەرەهەڵبدا، وا چاکە کوڕێکی دیکەی کە عەبباسە بیکەنە جێنشین. حەرەم و وەزیر کە بۆ هەڵبژاردنێکی ئاوا کرابوونە سەرپشک، حوسێنیان هەڵبژارد، چونکە هیوادار بوون کە بتوانن دوولینگە بە



٣٤- شاسولەیمان

سـەر پادشـایەکی تـووکنـەرمدا بێـنن و بـە دڵـی خۆیـان بیهێـنن و بیبـەن. ئومێـدەکانیان بـە زوویـی ودیهـات. شاسولـتانحوسـێن خێرایـەکـی ژیـانی چلەکێشانەی خۆی وەلانا و وەک سولەیمانی باوکی ملـی نـا لـە بادەنۆشـی و ڕابواردن و دەستەملان بوون. (لە نەزیلەیەکی دیکەدا بانگەشەی ئەمە کـراوە کـە کاربەدەستانی بارگا بەئانقەست تووشی مەیخواردنەوەیان کرد و لە سـەر ئـەم ڕەوتە هانیان دا هەتا باشتر بتوانن بیخەنە ژێر برشتی خۆیانـەوە.) ئەوەنـدەی ئیشتیا لە مێبازی بوو کە خەرجوبەرجی تەخشـانپەخشـانی حەرەمخانەکـەی بارێکی قورسی خستە سەر شانی خەزێنە. حوسێن هـەروەک بـاوکی مـەیلی لـە ڕاپەڕاندنی کاروباری وڵات نەبوو، بەڵکوو حەرەمسەرا و وەزیر هەڵسـووڕاندنی چەرخی وڵاتیان لە ئەستۆ بوو. لە بەرامبـەر هاوپەیمانییـەکی بـەهێزی ئـاوادا تەنانەت مەزنەمەلایانیش نەیانـدەتوانی هێنـدە خـۆڕابگرن، گـەرچی جارجـار دەگەیشتنە چەند سەرکەوتنێکی بـەدەنگ و هـەرا، وەک ئـەو کاتـەی کـە ٦٠٠٠٠ بوتری شەراب لە سارداوەکانی میری دەرکێشـرانەدەر و لەبـەر چـاوی خەڵـک وردوپرد کران.

هۆگرنەبوون بە کاروباری وڵاتـەوە لایـەنێکـی پرپەرێشـانی و لـە ئاکـامدا کارەساتبار بوو لە فەرمانڕەوایەتی سولەیمان و سوڵتانحوسێن. لـە نێوخـۆی ئیمپراتۆریدا، ئەم دڵ پێوەنەبەسـتنە ڕۆژبـەڕۆژ زیـاتر ڕێـی خـۆش کـرد بـۆ گەندەڵێتی و لێنەوەشاویی لە حکوومەتی هەرێمەکاندا. نـەبوونی تـەناهی لـە شارێیان کە هەمیشە بە نیشانەی بـێدەسـەڵاتـی حکوومـەت دادەنـدرا پـەرەی سـەندبوو. زۆرجـاران گەشـتیاران بـە دەسـتی ئـەو کەسـانەی کـە دەبـووا بیانپارێزن، ڕووت دەکران. لە بواری پەیوەندییەکانی ئێـران لەگـەڵ هێزەکـانی دەرەکیدا ئەم بێمەیلییە هەم بـە مانـای سەرسـاردی سـەبارەت بـە چـالاکی و هەڵسووڕانەکانی ئەو هێزانە - تەنانەت وەختایەک کە بەرژەوەندییەکانی ئێران لەڕێوە بەرەوڕووی خەسار دەبۆوە - هەم بە واتای کەترەخەمی بـوو لـە حانـد کرژهەڵاتنی ئاشکرای پەرەئەستێنی هێـزە چەکـدارەکان. کارمێلییـەک لـە ١٦٨٥ (١٠٩٦)دا نووسی: «کۆمەڵێک باڵوێز لە لایەن پادشایانی مەسـیحیڕا دێنـە ئێـرە هەتا شا بۆ شەڕ لەگـەڵ ترکـان هەڵـخرێنن، بـەڵام لەخۆڕایـە، چونکـە ئـەو سـەبارەت بـە شکسـتەکانی ترکـان، بەپێچەوانـە نارەزامەنـدی دەنوێنـێ و

پێی‌ناخۆشە؛ جگە لەمەش تاسەی دڵخوازی وی بە شەراب و ژن دەشکێ و ئاواتەکانی لەم دووەدا چڕ دەبنەوە.»[١٦] کاتێک کە ساڵی ١٦٩٨-٩ (١١١٠) تاقمێک لە پیاوەکانی خێڵی بەلووچ پەلاماری کرمانیان دا و گەیشتنە دەوروبەری یەزد و بوونە هەڕەشە بۆ سەر بەندەرعەبباس، بێدەسەڵاتی و لاوازی لەشکری وڵات تەواو دەرکەوت. شاسوڵتان‌حوسێن بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی بەلووچەکان، داوای یارمەتی لە شازادەی گورجی گێئورگی یازدەهەم [گورگین] کرد کە ڕاست ئەو کاتە لە بارگای سەفەوییە بوو؛ گورگین ساڵی ١٦٩٩ کرایە حوکمداری کرمان و پەلاماردەرانی تێکشکاند. ئەم ڕووداوە خۆی دەریدەخا پادشایەکی سەفەوی کە بۆ دە هاناوەچوون پەنا دەباتە بەر شازادەکانی گورجی چەندە جێی شەرمە، بەڵام ئەم ئاکامانەی کە لەم ڕووداوە هەڵدەکرێن وریایی‌دەرن: جا یان شاسوڵتان‌حوسێن بۆ تەیارکردنی پۆلێک چەکدار بە مەبەستی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووداوێکی تەنگەتاوی جێیەکی دیکەی پێشک نەدەهات یان نەخێر سپایەکی هەبوو، بەڵام بڕوای پێنەدەکرد. هەر چۆنێک بێ‌شا هیچ هۆیەکی بۆ نیگەرانی وەبەرچاوی نەدەهات، چونکە ساڵی ١٧٠٦ (١١١٧-٨) بۆ ماوەی ساڵێک پایەختی بەجێهێشت و چووە زیارەتی دوو نەزرگەی گرینگی شیعان لە وڵات: موغبەرەی فاتمی کچی ئیمامی حەوتەم لە قوم و قەبری براکەی و ئیمامی هەشتەم، عەلی‌ڕەزا لە مەشهەد. شاسوڵتان‌حوسێن حەرەمخانە، دەربارییەکان و ٦٠٠٠٠ کەس هاورکێف و غولام و خزمەتکاری لەگەڵ خۆی برد. خەرجی ئەم سەفەرە نە تەنیا خەزێنەی هەڵچوڕاند، بەڵکوو زێدەباجێکی زۆر قورسیشی خستە سەر شانی ئەو ناوچانەی کە کەژاوەی پادشایەتی پێی‌دا تێدەپەڕی. ڕەنگە ئەم بەراوردە نابەجێ بێ، بەڵام هێنانە بەرچاوی شاعەبباس کە ساڵی ١٦٠١ بە پێیان مەودای نێوان ئیسفەهان و مەشهەدی لە ٣٨ ڕۆژاندا بڕی هەتا بچێتە زیارەتی گومبەزی ئیمامی هەشتەم و پێکگرتنی لەگەڵ ئەم سەفەرە، جیاوازییەکی زەق و ڕاتڵەکێن دەخاتەڕوو. لەخۆوە نەبوو کە بە گاڵتە شاسوڵتان‌حوسێنیان ناونابوو «مەلا حوسێن».

دە ساڵ دوای هێرشی بەلووچەکان، بێ‌هێزی ئیمپراتۆرێتی سەفەوییە و بەتایبەت بارودۆخی بێ بەرگێڕەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی سەرلەنوێ خۆی دەرخستەوە و ئەمجارەیان گەلێک شوێنهاتی گرینگتری بۆ دەوڵەتی سەفەوییە بە دواوە بوو. ساڵی ١٧٠٩ (١١٢٠-١) ئەفغانانی غولجایی بە سەرکردایەتی



٣٥- شاسوڵتانحوسێن

«میروەیس»ی ڕێبەریان قەنـدەهاریان گـرت و گـورگینی یازدەهـەمیان کوشـت؛ قەندەهار لە زەمانی گیرانەوەی دووبارەی لە ١٦٤٨ (١٠٥٨)دا بە دەست عەبباسـی دووەم، دەسـەڵاتـی سـەفەوییەی بـە سـەردا شـکابۆوە. شاسولـتانحوسـێن، کەیخوسرەوی برازای گورگینی لە ئیسفەهانەوە گـاڵ دا، بـەڵام ئـەو نـەیتوانی بارودۆخەکە ئاسایی بکاتەوە. واوێدەچێ کە نێوانناخۆشییەک لە مابەینی ئـەو چەکـدارانی قزڵباشـی ژێـر ڕکێفـیدا بووبـێ؛ کۆمەڵـێک نـاکۆکی ئـەوتۆ کـە تێکهەڵچوونەکانی نێوان فەرماندەرانی قزڵباش و تاجیکی (ئێرانی) لە ڕابـردوودا دەخستەوە یاد. ئەگەرچی کەیخوسرەو وەک تـەواوی گورجییـەکانی کـە ملیـان دابوویە خزمەتی سەفەوییە مسوڵمان ببوو، بەڵام ئەم کارە لە بابـەت ئـەویشدا هەروەک زۆرێکی تر تەنیا کردەیەکی ڕواڵەتی بوو و ئەم پرسـەش هەڵگیرسـانی ناکۆکی و ناتەبایی نێوان ئەو و لەشکرچییانی مسولـمانی لێدەکەوتـەوە. جگـە لەمەش واوێدەچوو کە کاربەدەستانی خەزێنەخانە و دیوانداران لـە ئیسـفەهان جێگەیان بە کەیخوسرەو لەق کردبوو. ئـەوان لـە شـکانەوەی دەسـەڵاتـی ئـەم زنجیرەی گورجییە بـە سـەر شاسولـتانحوسێندا زۆر دڵـمەند بـوون و دانـی مووچەی لەشکری کەیخوسرەویان ڕادەگرت یان زۆریان وەپـاش دەدا. گـورگینی یازدەهەم لە ١٦٨٨دا بە فەرمانی شاسولەیمان لێخرابـوو؛ لـە ١٦٩١دا دیسـانەوە کرابوویـەوە حوکمـدار و ساڵـی ١٦٩٥ لـە ئاکـامی پیلانگێـڕیدا جـارێکی تـر حکوومەتەکەی لە دەس دابوو و پەنای بردبووە بەر بارگای سەفەوی.

لێوان (لێئۆن)ی برای گورگین و کەیخوسرەوی برازاشـی لەگەڵـی هاتبوونـە دەربـاری سـەفەوی. «لێـوان» لـە دەوروبـەری ساڵـی ١٧٠٠ (١١١١-٢)دا کرایـە «دیوانبەگی»[17] ئیسفەهان و کەیخوسرەو بە دارۆغـە (حـاکم)ی شـارەکە دانـدرا. کەیخوسرەو تەمای گرت قەندەهار بە برسی کردن بە چۆکدا بێنێ و لە کۆتـایی مانگی دووەمدا ئەفغانەکان بـەپێی چەنـد مـەرجێک ئامـادە بـوون خۆیـان بـە دەستەوە بدەن. بەڵام وەختایەک کەیخوسرەو پێی لەسـەر تەسـلیم بـوونی بـێ مەرج داگـرت، میروەیـس داوای یارمـەتی لـە بەلووچـەکان کـرد و ئـەوان بـە هەڵبڕینی هێڵەکانی پەیوەندی، ڕێگایان بە دابین کردنی کـەلوپـەلی پێویسـتی گەمارۆدەران گرت و بارەکەیان هەڵگێڕایەوە. کەیخوسـرەو کـە بـەناچار خـۆی دابوویە پاشەکشە، کەوتە بەر پەلاماری ئەفغانەکان و لەشکرەکەی بوو بە تۆوی

هەرزن و تەواوی تۆپەکان و بارگەوبنەی سەفەویان تێداچوون و خۆشی کوژرا. هێزێکی دیکە بە سەرکردایەتی سپاسالاری پیر محەممەدزەمانخان نێردرا، بەڵام محەممەدخان بەر لەوەی بگاتە قەندەهار مرد و لە ئاکامدا چەکدارەکانی بڵاوەیان لێکرد. میروەیس لەوی بە دواوە هەتا کاتی مردنی لە ١٧١٥ (١١٢٧)دا بێهیچ سەرێشەیەک قەندەهاری بە چنگەوە بوو. ساڵی پاش مردنی میروەیس، مەحموودی کوڕی ڕێبەرایەتی ئەفغانەکانی غولجایی بە ئەستۆوە گرت.

ئەمەی کە میروەیس بە ئاواتی ڕووخانی دەوڵەتی سەفەوییەوە بووبێ، جێی گومانە، گەرچی وەختایەک کە گورگین وەک زیندانی ناردبوویە ئیسفەهان، دەرفەتێکی تەواوی هەبوو هەتا بێهێزی وڵات لە ناوەندا بە چاوی خۆی ببینێ. بە هەڵگیرساندنی زیرەکانەی ئاگری تووڕەیی دوژمنانی گورگین لە پایتەخت و هێنانەگۆڕی بەرتیل و دانی دەمچەورانە لە کاتی پێویستا، میروەیس توانی سەرنجی شاسوڵتانحوسێن ڕابکێشێ و سەبارەت بە دوور بوونی لە هەر چەشنە کەتن و پیلانێک دژی ئێران و زوڵم و زۆر و دڕندایەتی گورگین لە قەندەهار سکاڵای بردە لای شا. لەم بەینەدا میروەیس هەلی بۆ وەدەسهێنانی بنەمایەکی قانوونی بە مەبەستی ڕاپەڕین دژی ئێران لە داهاتوودا لە کیس نەدا، چونکە لە سەفەری حەجدا - کە خودی سەفەرەکە بەشێک لەو نەخشەیەی بوو وا دەیویست خرمانەیەک لە پیرۆزی بە دەوری خۆیا بکێشێ - فتوایەکی لە پێشەوایانی ئایینی سوننی وەرگرتبوو بەم کاکڵەوە کە شکاندنی سوێندی وەفاداری سەبارەت بە شای ڕافزی (لادەر لە دین) ڕەوایە. کاتێک گەڕایەوە ئیسفەهان، بارگای لە بابەت نیازە ڕاستەقینەکانی شاندێکی ڕووسی بە سەرۆکایەتی «ئیسرائیل ئۆری»ناوێک کە لە لایەن پێتری گەورەوە نێردرابوو، ئاڵۆزکاو هاتە بەرچاوی. خێرایەکی گەلێک دەنگۆ بڵاوبوونەوە کە ئیسرائیل ئۆری لە تۆرەمەی پادشایانی کۆنی ئەرمەنستانە و ڕایگەیاندووە کە دەیهەوێ خاکی باوک و باپیرانی وەربگرێتەوە. غەوارەکانی دانیشتووی ئێران هێندەی بۆیان کرا مەترسی بانگەشەی ئەم دەنگۆیەیان گەورە کردەوە: شاندەکانی کاتۆلیک لایان وابوو «ئۆری» دەیهەوێ ڕێ بۆ دەرکردنی ئەوان خۆش بکا و بازرگانانی ئورووپایی پێیان وابوو بەشێک لە ڕاسپێراوێتی «ئۆری» زیاد کردنی بارستایی توجارەتی ڕووسیایە لەگەڵ ئێران و بە زەرەدی ئەوان دەشکێتەوە. ڕاسپاردەی فەرانسە بە

ناوی «میشێل» کە بە تازەیی پەیماننامەیەکی لەگەڵ شاسوڵتانحوسێن مۆر کردبوو، ئەوەندەی بۆی کرا هەوڵی دا هەتا وەزیرانی شا لە پیلانەکانی ئۆری ئاگادار بکاتەوە و گوتراوە کە ئەو یان کەسێکی تر بە گوێیدا چرپاندن کە ناوی «ئیسرائیل ئۆری» بەراوەژووکراوی «ئەو دەبێتە پادشا»یە!* میروەیس چاکی کیس لەم هەلە ڕوخساوە هێنا و کردی بە دەنگەشە کە پێتری گەورە خەریکە پەلاماری ئێران بدا و گورجستان و ئەرمەنستان بخاتە سەر خاکی ڕووسیا و گورگین بە تەمایە وێڕای چەکدارانی گورجی ببێتە پەنانشینی. ئەم هەرایە وای کرد کە شا خەڵاتی دا بە میروەیس و بە مەبەستی چاوەدێری بە سەر گورگیندا کە گومان لە وەفادار بوونی دەکرا، ناردی بۆ قەندەهار.

دوای مردنی میروەیس لە ساڵی ١٧١٥دا، عەبدولعەزیزی برای ئاشتیخوازی وەک سەرۆکی ئەفغانانی غولجایی جێی گرتەوە. ئەو دەمەی کە عەبدولعەزیز لە ١٧١٦ (١١٢٨)دا پێشنیاری کرد سەر وەبەر شاسولّتانحوسێن بێنن، پیاوانی خێڵ «مەحموود»ی کوڕەگەورەی میروەیسیان دنە دا تا مامی بکوژێ و خۆی ڕێبەرایەتی غولجاییەکان بگرێتە ئەستۆ. گەرچی دیار نیە کە داخوا میروەیس بە ئاواتی سەرەنخوون بوونی شاسوڵتانحوسێنەوە بووبێ یان نا، بەڵام ئاشکرایە کە مەحموودی کوڕی بیرێکی وای لە مێشکیدا بوو. ڕاپەڕینی جەماوەرێکی بەرچاوی دیکەی خێڵەکانی ئەفغان، واتە ئەبداڵییەکان کە دانیشتووی هیرات بوون، خێروبێرێکی زۆریان بە سەر مەحموود دارشت بۆ پێشکەوتی ئامانجەکانی. ئەبداڵییەکان لە گرتنی مەشەدا شکستیان هێنا، بەڵام گەلێک شکستی پڕسووکایەتییان بە سەر هێزە فرەچەشنەکانی سەفەوی داسەپاند کە بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەیان گاڵ درابوون. یەکێک لە خاڵە دیار و گرینگەکانی ساڵانی تێداچوونی زنجیرەی خانەدانی سەفەوی داڕووخانی وەرەی لەشکرییانە کە میراتی چەندین ساڵ کەترەخەمی بوو سەبارەت بەوان؛ نەبوونی سەرکردەی بەتوانا و بەئەزموون ئەم گرفتەی تەواو دەخستەڕوو. هەڵبەت دیارە کە ئاگادار بوون لە شێوەی ژیانی شا نەیدەتوانی وەرەی چەکدارانی بەرز بکاتەوە. «مریەم بەگم»ی پلکی شاسولەیمان، پاش لە دەسچوونی دوڕگەکانی بەحرەین (١٧١٧ / ١١٢٩) شاسوڵتانحوسێنی لەبەر سستی و کەترەخەمی سەبارەت بە چارەنووسی وڵات سەرکۆنە کرد. ئەم خاتوونە بە دانی دراوێکی زۆر

بنكەی ژین www.zheen.org

بە مەبەستی تەیار کردنی لەشکرێکی دیکە بۆ بە گژداچوونەوەی یاغییەکان، ڕچەیەکی بۆ کەسانی تر شکاند و شا لە شەرمان ناچار بوو بارگای بەرەو قەزوێن دەنگ بدا هەتا هێزی تازەپشوو کۆ بکاتەوە، بەڵام جارێکی دیکەش سستی باڵی بە سەر هەمووان‌دا ئەنگاوت:

«سەرۆکان و پایەبەرزانی دەوڵەت، هەرکام لەبەر سوود و قازانجی پووچەکەی خۆیان و دووبەرەکایەتی لەگەڵ دیتران چاویان لە ئاست بەرژەوەندییەکانی وڵات نووقاندبوو. هەرکات کەسێک دەیویست بە [دژی دوژمن] هەنگاوێک هەڵێنێتەوە، ئەوانی تر بیانوویان دێنایەوە و دەبوونە لەمپەر لە سەر ڕێگای. ئەوان چوونیان وەپاش دا و خۆیان دایە ڕابواردن. سێ ساڵان لە قەزوێن بنەیان داکوتا و سەرقاڵی پلە و پایە و وەرگرتنی بەرتیل بوون.»[18]

بە هیچ لەونێک هەر تەنیا ئەفغانانی دراوسێی ئێران نەبوون کە هەستیان پێکردبوو ئەوا ئیمپراتۆرێتی سەفەوی خەریکی لێکهەڵوەشانە و چەند بەشێکی بەبێ هەوڵێکی زۆر دەگیرێ. پێتری گەورە لە نیزیکەوە پەیوەندی هەبوو بە گورجی و ئەرمەنی و ناوچەکانی نیشتەجێبوونیانەوە. تیزار لە ١٧١٥دا «ئەرتێمی پێترۆویچ وێلینسکی» بیست و هەشت ساڵەی وەک باڵوێز نارده لای شاسوڵتان‌حوسێن. ئەو دەبووا پەیماننامەیەکی بازرگانێتی لەگەڵ ئێران بەستبا و بەتایبەت هەوڵی دابا بۆ گۆڕینی ڕەوتی ڕێگای توجارەتی ئاوریشم بۆ خاکی ڕووسیا کە لەو دەمی‌دا لە لایەن بازرگانانی ئەرمەنی بە ڕەوگەی سووریا و تورکیادا ئەنجام دەدرا. هەروەها دەبووا ئەوەندەی بۆی دەکرێ کۆمەڵێک زانیاری سەبارەت بە سپای ئێران و سەرچاوەکانی داهات و پەیوەندییەکانی کۆ بکاتەوە.[19] وێلینسکی خەبەری ناردەوە کە بارودۆخی گشتیی ئێران هێندە هاڵۆزە و ورەی لەشکرچییانی وا کزە و برستیان بە ڕادەیەک دابەزیوە کە بە چووکترین لەشکری ڕووسی بە هاسانی ئەم وڵاتە دەگیرێ. هەم وێلینسکی و هەم «جان‌بێل»ی نەشتەرگەری ئیسکاتلەندی سەر بە شاندەکەی وی، هەواڵیان دا کە شاسوڵتان‌حوسێن بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتی تەواو داوەتە دەست وەزیرەکانی.[20] وێلینسکی لە سەفەری گەڕانەوەی‌دا لە ڕێی شیروانەوە پەیامێکی لە لایەن شازادەی گورجی «واختانگ»ی برازای گێئوورگی یازدەهەم و برازای

کەیخوسرەوی کوژراو لە قەندەهار، پێگەیشت کە پێشنیاری هاوکاریی ڕووسانی تێدابوو، بێتوو پەلاماری ئێرانیان دابا.[٢١]

لە بەختی گەشی مەحموود بوو کە سەردەمانێک سەرۆکایەتی ئەفغانانی غولجایی گرتە ئەستۆ کە نە تەنیا دەوڵەتی سەفەوییە بەڵکوو ئیمپراتۆریتی تەیمووریانی هیندیش بەرەو نەمان شاتللۆرەی بەستبوو. دوای مردنی «ئەورەنگ زیب» لە ١٧١٧دا، ئیمپراتۆریتی تەیمووری لەبەر شەڕ و هەڵلای بێوچانی خوازیارانی تاجوتەختی پادشایەتی دابەش ببوو و مەحموود دەیزانی کە ئەگەر بێتوو پەلاماری نێوخۆی ئێرانی دابا بەرەو شانی ڕۆژاوا، لە پشتەوەڕا لە لایەن هێزەکانی تەیمووریڕا هێرشی نەدەکرایە سەر و هەر بۆیە سەبارەت بە ئەگەری هەڵسووڕانیان بە مەبەستی گرتنەوەی قەندەهار، ترسێکی ڕێنەنیشت. مەحموود دوای وەچنگ هێنانی ئەو شتەی کە شاسولتانحوسێن نەیتوانی وەدەستی بێنێ، یانی بەزاندنی ئەفغانانی ئەبدالی، حکوومەتی قەندەهار و نازناوی حوسێنقولیخانی لە پادشای ئەمەگدار وەرگرت. لە بنەبانی هاوینی ١٧١٩ (١١٣١)دا مەحموود بە دەنگدانی هێزێکی نیزیک یازدەهەزار کەسی، لە ڕێی دەشتی لووتەوە ڕووی کردە کرمان و بێئەوەی کەس دەستی لەبەر بکاتەوە، گرتی و کاکڵی گاڵتەجاڕیانەی نازناوی خەڵاتکراوی پادشای نیشان دا.[٢٢] پاش نۆمانگ مانەوە لە کرمان، مەحموود بە بیستنی ئەگەری کۆدەتا و لێهەڵگەڕانەوەی لە قەندەهار بەپەلە گەڕایەوە ئەو شارە. شاسولتانحوسێن ئەم هەلەی بۆ ڕێکوپێک کردن و پێداچوونەوەی بارودۆخی خۆی نەخواستەوە. ئەو کارانەش کە کران کردوەیەک بوون وەک بەربەرەکانی لەگەڵ عەرەبەکانی مەسقەت، نەک دابەستنی قەڵا و مەتەرێزەکانی بەرەنگاربوونەوە لە ڕۆژهەڵات. سەرەڕای ڕەنجانی یەکجار زۆری خەڵکی پایتەخت، شا هەروا لە قەزوێن مایەوە و ساڵی ١٧١٩ (١١٣١-٢) دووەم پیلان بە مەبەستی بردنە سەر تەختی دەسەڵاتی برا بەتوانا و لێوەشاوەترەکەی شاسولتانحوسێن بە ناوی عەبباس لە پایتەخت ئەنجام درا؛ ئەم پیلانەش وەک جاری یەکەم لە ١٧١٥ (١١٢٧)دا تووشی شکست بۆوە. هەرچەشنە دەرفەتێک بۆ هاویشتنی هەنگاوێکی بەجێ لە لایەن پایەبەرزانی وڵاتەوە لەبەر ململانی و ناتەبایی نێوانیان نەزۆک مایەوە، ئەم ناکۆکییانەی کە شا بە مەبەستی چارەسەری یان کۆتایی پێهێنانیان خۆی

www.zheen.org

نەبزاوت. سەرەنجام لە هاوینی ١٧٢٠ (١١٣٢)دا فەتحعەلیخانی داغستانی، وەزیری شا، تەمای گرت سەرلەنوێ دەسەڵاتی سەفەوییە لە هیرات و قەندەهار ببووژێنێتەوە و ئەم هەنگاوەی خستە بەرایی کاران. نەخشەی وەزیر ئەمە بوو کە هێزەکانی پادشا بە ئارامی و بە چەند قۆناخێک بەرەو خوراسان ببزوون و لوتفعەلیخانی برازاشی کە حوکمڕانی فارس بوو بە خۆی و قۆشەنییەوە لە مەودای ڕێگا بیانگاتێ. وادیارە لەبەر دژایەتی محەممەدحوسێنی مەلاباشی[٢٣] و ڕەحیمخانی حەکیمباشی ئەم گەڵاڵەیە نەیگرت. شا هەتا ئۆکتۆبری ١٧٢٠ هەر لە قەزوێن چورتەی نەکرد و پاش ئەویش تەنیا ڕووی کردە تاران کە دەکەوتە ٩٠ مایلی ڕۆژهەڵاتی قەزوێنەوە. لە دێسامبری ١٧٢٠ (سەفەر - ڕەبیعی یەکەمی ١١٣٣ی کۆچی)دا مەلاباشی و حەکیمباشی بە هێنانی هێندێک بەڵگەی ساختە قنیاتیان بە شا هێنا کە وەزیر لێیخەفتاوە و دەیهەوێ سەری بە گۆمێدا بکا. شای ساویلکە خێرایەکی بڕوای بە نەزیلەکەیان کرد و فەرمانی کوشتنی وەزیری دا، بەڵام پیلانگێڕان کە ئاواتەخوازی وەچنگهێنانی سامانی زۆروزەوەندی بانگەشە بۆ کراوی بوون، تەنیا گرتیان و کوێراندیان. پاشان پیلانگێڕان لوتفعەلیخانی برازای وەزیریان دەردەست کرد و پلەی حوکمڕانێتی و سەرکردایەتی سپایان لێئەستاندەوە. ئەوان کەسێکیان بە ناوی سمایلخان کردە جێنشینی و وەک فەرماندەی پاشماوەی قۆشەنی لوتفعەلیخان گاڵیان دا بۆ خوراسان. بەڵام سمایلخان تەنانەت نەیدەتوانی حاکمی یاغی «توون»یش* پێمل بکا.

سوڵتانی عوسمانیش وەک خونکاری ڕووسیا کۆمەڵێک ڕاپۆرتی دەربارەی هێز لێبڕانی ئێران و دەسلێکبەردانی تاو نا تاوێکی دیکەی پێدەگەیی و لە ساڵی ١٧٢٠ (١١٣٢)دا «دووری ئەفەندی» وەک باڵوێز نارده بارگای شا. وەزیرانی ترسەنۆکی پادشا کە لە بابەت شاندەکەی «ئیسرائیل ئۆری»یەوە سەریان وا لێتێکچووبوو، گومانیان نەما کە دووری ئەفەندی بۆ ڕاگەیاندنی شەڕ لە لایەن سوڵتانی عوسمانیڕا هاتووە. ئەوان کە لەم بابەتەوە دڵنیا ببوون، ڕێیان بۆ دیداری باڵوێزی عوسمانی لەگەڵ شاسوڵتانحوسێن خۆش کرد. دووری ئەفەندی لە ڕاپۆرتێکا کە دوای ئەم دیدارە ناردوویە بۆ سوڵتانی عوسمانی، چەند دیمەنێکی سەیری گێڕاوەتەوە. ئەویش وەک وێلینسکی ئاماژەی کردووە بە

نەفامی بەرپرسانی ئەوسای دەوڵەتی سەفەوی؛ هەروەها باسی کەمبوونی ژمارەی جووتیارانی خستۆتەڕوو کە وای کردبوو نرخی گەنم، جۆ و هەموو شتێک دووهێندەی عوسمانی بێ. بە لایەکی دیکەوە سامان لی شاراندا زۆر خرابوویە سەر یەک و کۆمەڵانێکی بازرگانان دەوڵەمەند و خۆشبژیو دەژیان و خەریکی بەرهەمهێنانی ئاوریشم، ئەتڵەس، کاڵا و شتومەکی دیکە بوون.[٢٤] ئێران شانسی هەبوو کە نیازەکانی سوڵتانئەحمەدی سێهەم ئاشتیخوازانە بوون، چونکە نیازەکانی پێتری گەورە تەواو وێدەچێ بەپێچەوانە بووبن. وێلینسکی دوای ناردنی ڕاپۆرتی هاندەرانەی لە ١٧١٧ (١١٢٩)دا کرایە حاکمی هەشتەرخان و فەرمانی پێدرا کە بارودۆخی ئێران بخاتە ژێر چاوەدێری و ژمارەیەک لە سەرکردەکانی سپا و هێزی دەریایی ڕووسیا بە مەبەستی نەخشەهەڵگرتنەوەی وردی لێوارەکانی دەریای خەزەر و ئامادە کردنی ڕاپۆرتێک سەبارەت بە ڕێگاوبانە لەشکرییەکانی گیلان زۆر بەگەرمە کەوتنەخۆ. ساڵی ١٧١٩، ئیمپراتۆر، «سیمیوون ئاورامۆف»ی وەک کۆنسوول نارده ڕەشت و ساڵی ١٧٢١ بڕیاری پەلاماردانی ئێرانی دا – هەڵبەت ئەگەر پێشتر تەمایەکی ئەوتۆی نەگرتبێ – بۆ ئەم مەبەستە دو ڕووداوی کردە بیانوو کە بۆ کەسانێکی ڕووسی هاتبوونە پێش، هەڵبەت هیچکام لەم دوو ڕووداوانە بە خواستی حکوومەتی ئێران نەقەومابوون، بەپێچەوانە هەردکیان لەبەر خۆ شل کردن و بێمەیلی نواندنی حکوومەت سەبارەت بە دەکار کردنی دەسەڵاتی ڕوویان دابوو. دەستوور درا بە «سیمیوون ئاورامۆف»ی کۆنسوولی ڕووسیا لە ڕەشت کە بچێتە ئیسفەهان و سەبارەت بەم ڕووداوانە نارەزامەندی دەرببڕێ، بەڵام ئەو نەیدەتوانی بڕواتە نێو شار، چونکە لەو دەمیدا ئەفغانی ئاڵقەیان لە دەوری ئیسفەهان دابوو.

لە بنەبانی هاوینی ١٧٢١دا مەحموود دووبارە بە دەشتی قاقری لووتدا تێپەڕی و هەروەک جاری پێشوو ژمارەیەک لە چەکداران و یەکسمانی لە نێو گەرما و ویشکارۆیی بیابانا تێداچوون و لە ئۆکتۆبری ١٧٢١ (قوربانی ١١٣٣ – محەڕڕەمی ١١٣٤)دا گەیشتە کرمان. شار گیرا بەڵام حوکمڕانی وێ ڕۆستەممحەممەدی سەعدلوو، پەلاماری ئەفغانەکانی بۆ سەر قەڵا تێکشکاند و گەلێک کوشتە و برینداری خستنە سەر دەستی. هەتا کۆتایی ژانوییەی ١٧٢٢

سرتوخورتێک لە نێو ڕیزەکانی سپای ئەفغانان‌دا زارەوزار گەڕابوو و هێنـدێک کەس سەری ولاغیان بادابۆوە و گەڕابوونەوە کە لەپڕ بەختێکی چاوەڕوان‌نەکراو بە سەر شانی مەحموود داهات؛ ڕۆستەم‌محەممەدی سەعدلوو مرد و جێنشینەکەی بە ناردنی بەرتەیل بۆ مـەحموود بـۆ کۆتـایی هێنـانی گـەمارۆ، ئابـڕووی وی کڕییەوە. مەحموود ڕووی کردە یەزد و لەوێش هەس درایەوە. ئەویش سەری بەو شوێنەوە نەئێشاند و بەرەو ئیسفەهانی پایتەختی سەفەوییان ئاژاوتی. پایتەخت بیر و بۆچوونی جیاواز خۆی تێدا دەنواند. وەزیر دەیگوت لەبەروەی هێزەکانیان ناتوانن لە دەرەوە بەرەنگاری چەکدارانی ئـەفغان ببنــەوە، وا چاکـە لــە شــار دەرنەکەون و خۆ بدەنە بەربــەرەکانی، تـاقمێکی دیکـە پێشـنیاری پـەلامارێکی لەنــەکاویان دەخســتەڕوو. شـا بـڕیاری هێرشـی دا و لــە نێــو جووتیــاران و بازرگانانی مەشق پێنەکراودا  کە زۆریان پێشــتر هــەر چــەکیان هەڵــنەگرتبوو، بە هەشتاو هێزێک لە ناوچەی ئیسفەهان کۆکرایەوە و ئەم هێزە زار و نزارە کـە تەنیا بە ژمارەیەک لەشکرچی ڕێک‌وپێکی تیپی غولامان و هێندێک دەسکەرەوەی خێـلان هەوێن کرابوو، بــە مەبەســتی بەربــەرەکانی لەگــەڵ مــەحموود بــەرەو «گلۆن‌ئاباد»ی نیزیک ٦ فرســەخی ئیسـفەهان بـزووت. لەبــەر نــاکۆکی نێـوان فەرماندەرانی هاوبەش، واتە وەزیر و حوکمداری عەرەبستان، ئەگەر ئـەم سـپا ڕەنگاوڕەنگە بەختێکی هەبوو بـۆ سـەرکەوتن، ئـەویش تێـداچوو. ڕێ‌وشـوێنی بــێ‌جێــی فەرمانــدەرانی ســپای ســەفەویە لــە بــەرەنگاری‌دا و خــۆڕاگریی «ئەمانوڵـلاخـان»ی سـەرفەرماندەی هێزەکـانی مـەحموود، ئەگـەری بـەزینی ئەفغانەکانی وەسەرکەوتن گێڕا. مەحموود دەیتوانی هەر لەو ڕۆژەی ٨ی مارسـی ١٧٢٢دا پێ‌بنێتە ئیسفەهان، بەڵام بە هەڵــە وای‌زانــی کـە هێــزە پاشکەوتەکانی سەفەوی لە ئیسفەهان بنەگرن و بەرەنگاری دەبنەوە.

بەم شێوەیە دەرد و مەرەدی درێژخایەنی ئیسفەهان دەستی پێکرد. ئەفغانەکان کە بە ژمارە لەوەی کەمتر بوون مەترسی پەلاماردانی شـار بخەنــە سـەر شـانی خۆیان، بە گەمارۆدانی دڵخۆش بوون. لە نێـو شـارا، شـا بـە دەسـت پۆلێـک خەیانەتکاری خۆڕێکخــەرەوە بـوو. لــە ســەرەتاکانی ژووەن‌دا قۆشــەنی والــی (حوکمڕان)ی لوڕستان، عەلی‌مەردان‌خان، گەیشتنە شوێنێک لــە ٦٤ کیلـۆمیتری باکووری ڕۆژاوای ئیسفەهان و داوایان کرد شاسوڵتان‌حوسـێن لــە بەرژەوەنـدی

عەبباسی برای لا کەوێ. شا ئەم داوایەی بردەوە پاش، بەڵام تەهماسـبی کـوڕی سێهەمی کە وەک باوکی بێجەوهەر و لێنەوەشاوە بوو بە نێو بازنەی گـەمارۆی ئەفغاناندا دەرباز کرا، کەچی تەهماسب لەبری تێکەڵ بوونی هێزەکـانی لەگـەڵ عەلیمەردانخان چووە قەزوێن و خۆی بە شاتەهماسبی دووەم ناودێر کرد و جگە لەمەش هیچی دیکەی نەکرد. قـاتی و قڕییـەکی سـامناک پایتـەختی داگرتبـوو؛ خەڵک پشیلە، سەگ، مشک و تەنانەت ئادەمیزادیان دەخوارد. هەزاران جەندەکی بەرەو گەنین لە سەر شەقامان کەوتبوون. سـەرەنجام لـە ١٢ی ئۆکتـۆبری ١٧٢٢ (١٢ی محەڕڕەمی ١١٣٥ی کۆچی)دا، دوای شەشمانگ گەمارۆ، شاسوڵتانحوسـێن بێهیچ پێشمەرجێک شاری ڕادەستی مەحموود کرد. گۆیا لـە مـاوەی گـەمارۆدا لانیکەم ٨٠٠٠٠ کەس لە برسان و بـە نەخۆشـی تێـداچوون. مـەحموود لـە ٢٥ی ئۆکتۆبردا پێینایە ئیسفەهان و ڕۆنیشتە سەر تەختی دەسەڵات. پتـر لـە پـەنجا ساڵ بوو کە بنەماکانی سیاسی، لەشکری و کۆمـەڵایـەتی دەوڵـەتی سـەفەوییە یـەکبین بـەرەو سـوان و پـوان و خاشـەبڕان تلیـان دەدا. وەختایـەک کـاتی سەرەونخوونبوونی هات، تەنیا لەسەر نەرمـەزەبرێکی ٢٠٠٠٠ کەسـێک ئـەفغان ڕاوەستابوو.

ئەگەرچی تازە ئەفغانی بە ناو فەرمانڕەوایانی ئێران بـوون، بـەڵام هـەرگیز نەیانتوانی سەروەرێتی خۆیان بە سەر تەواوی وڵاتا بسەپێنن و بۆ ماوەی چاردە ساڵان تۆرەمەی خانەدانی سەفەوی بوون و مـانێکی سـێبەرانەیان لـە هێنـدێک ناوچە و مەڵبەندی باکووری ئێرانا پاراست. تەهماسبی دووەم، فسفسەشـا، لـە قەزوێن دەرکرا و بەرەو تەورێز پاشەکشەی کرد، بەڵام پاش وی خەڵکی قـەزوێن وەخۆ کەوتن و ئەفغانەکانیشیان لـە شـار دەرپەڕانـد. ئـەم کـارە بـە جـوانی دەریدەخا کە لە سایەی ڕێبەرایەتێکی ڕووڕاستانەتر، پتەوتر و بەتواناتر چیهـا شت وەدەس دێ. مەحموود کە لە سەرهەڵدانێکی ئەوتۆی جـەماوەری ئیسـفەهان تۆقیبوو، کەوتە کوشتاری گەلێک لە پایەبەرزان و مەزن و ماقووڵانـی ئێرانـی و هەروەها نیزیکەی ٣٠٠٠ کەس پاسەوانی قزڵباشـی دایـە بـەر مـەودای شـیران و تیران. ئەم کارە دیسانیش دەسەڵاتی نەبەگە و دەڵەمەی ئەفغانان بە سەر ئێرانا بە ڕوونی نیشان دەدا. لە فێورییەی ١٧٢٥دا وەختایەک هەواڵی ڕاکردنی «سـەفی» یەکی دیکە لە کوڕانی شاسوڵتانحوسێن لە ئیسـفەهان درا بـە مـەحموود، ئـەو

دووباره ترسی ڕێنیشت و فەرمانی قەڵاچۆی تەواوی کەسانی خانەدانی پادشایەتی سەفەوییەی دەرکرد. بێجگە لە شاسولتانحوسێن و دوو شازادەی لاوی دیکە، لانیکەم هەژدە کەس لە بنەچەکەی خانەدانی میری لەم کوشتارەدا تێداچوون. دوومانگ دواتر مەحموود لە کۆدەتایەکدا بە قازانجی «ئەشرەف»ی ئامۆزای، سەرمەقولاتی پێ‌لێدرا و ئەشرەف لە ڕۆژی ٢٦ی ئاوریلی ١٧٢٥دا بە شا ناودێر کرا. ئاکاری مەحموود ماوەیەک بوو کە پێشبینی نەدەکرا و هەتا سنووری شێتی گلۆر ببۆوە. هێندێک لە سەرچاوەکان دەڵێن کە ئەو بە دەس گولییەوە نالاندوویەتی؛ کەسانێکی تر گوتوویانە کە شەپلە لێی‌دابوو. بەڵام بەپێی نیشانەکانی نەخۆشیی مەحموود کە لە یادداشتەکانی کرۆسینسکی‌دا هاتووە، زۆر وێدەچێ کە لە زەمانی سەرنخوونی‌دا گیرۆدەی سفلیسی هەرەخراپ بووبێ.[٢٥] مەحموود ماوەیەک دوای قلێپبوونەوە لە ٢٦ ساڵی‌دا سەری‌نایەوە کە یان بە مردنی خۆی بوو یا بە دەستووری ئەشرەف مته‌قی لێبڕابوو.

ئەو دەمەی کەوا جەماوەری ئیسفەهان بەرەوڕووی دەرد و مەینەتی گەمارۆی ئەفغانان ببوونەوە و لەوپەڕی تاڵی‌وسوێری‌دا دەژیان، پێتری گەورە لە ژووئییەی ١٧٢٢ (شەشەکانی ١١٣٤ی کۆچی)دا بە لەشکرێکی زۆروزەوەندی ١٠٠٠٠٠ کەسییەوە لە هەشتەرخان پێی‌نایە کەشتی و لە ڕۆخی ڕۆژاوای دەریای خەزەر لە ئاوایی «تەرکی» (تێرکی) دابەزی. لە ماوەی پێشڕەوی‌دا بەرەو باشوور بە شانی دەریادا، هێزەکانی تێزار بەو گەرمایە دەژاکان کە پێی ڕانەهاتبوون و زۆریان تاوانگاز کەوتنەوە و پێی‌مردن. پادشای ڕووسیا لە قوڵی باشوورەوە هەتا «دەربەند» نیزیکەی ٢٤٠ کیلۆمیتر لەولاوەتری لێواری دەریا کە دابەزیبوو، پێشڕەوی کرد، بەڵام دابین نەبوونی پێداویستییەکان، دەسپێکی زستان و دژایەتی حکوومەتی عوسمانی لەگەڵ هرووژمی پێتر، وایان کرد بگەڕێتەوە. لەچاو تێداچوونی سێ‌یەکی هێزەکانی ئیمپراتۆر، ئاکامی ئەم پەلامارە ناچیزە بوو.

پێشتر دیتمان کە پەرەی ملانە و بەربەرەکانی مەزنەمەلایانی شیعە لە ماوەی پادشایەتی شاسولەیمان و شاسولتانحوسێن‌دا جەخت کردنەوەی پتری بۆ ڕیشەهەڵکەندنی لادینی لێکەوتەوە. ڕەنگە ئەم قینەبەرایەتی و دوژمنکارییە پەرەگرە کاردانەوەیەکی بووبێ لەسەر ڕاپەڕینی کوردەکانی سوننی لە ساڵی

١٧٠٤ (١١١٥-٦)دا، بەڵام زیاترین گوشار سەبارەت بە ئازار و ئێشاندنی ئایینی، شانی کەمینەکانی غەیری مسوڵمانی دەگرتەوە. شاسوڵتانحوسێن هاندرا هەتا فەرمانێک بۆ گۆڕینی بە زۆرەملی ئایینی زەردەشتییەکان دەربکا و گەلێک جوولەکەش بە کەڵەزەڕی ئیسلامیان بە سەردا سەپی. کەمینەکانی مەسیحی کە بەگشتیی بریتی بوون لە ئەرمەنییەکانی سەر بە کلیسای ئەرمەنی، کەمتر دەچەوسانەوە، بەڵام قانوونێک کە داوای جوولەکە یان مەسیحییەکی نوێمسوڵمانی بۆ وەرگرتنەوەی ماڵ و سامانی خزمانی بە ڕەوا دەزانی و لە ڕۆژگاری عەبباسی یەکەمدا پەسند و لە لایەن عەبباسی دووەمڕا خرابوویە گەڕ و کاری پێدەکرا، جارجار بەڕێوە دەچوو. وێناچێ کە خودی شاسوڵتانحوسێن ڕقی لە مەسیحییان بووبێ، بەڵام پێشەوایانی ئایینی کە ئاوا لە سەری زاڵ و کاریگەر بوون، بەتایبەت محەممەدباقری مەجلیسی، مەلاباشی دەربار و نەوەکەی میرمحەممەدحوسێنی خاتوونئابادی (کۆچکردووی ساڵی ١٧٣٩ / ١١٥١) کە دواتر گەیشتە ئەم پلەیە، پادشایان دنە دەدا بۆ پەسندی دەستووری ناڕەوا و دەمارگرژانە.

ئەگەر شوێنکەوتەکانی ئەم ڕەوت و سیاسەتە بۆ باری هێمنی و ئارامیی نێوخۆ و گەشەی وڵاتی سەفەوی تاڵ و مەترسیدار بوو، ئەنجامەکانی لە ئاست پەیوەندییەکانی ئێران و کەڵەهێزانی دەرەکییەوە خودبەخود کارەساتبار بوو. هەروەک پێشتر باسی کرا، سوڵتانی عوسمانی ئەحمەدی سێهەم (١٧٠٣-١٧٣٠) فەرمانڕەوایەکی ئاشتیخواز بوو. ڕۆژگاری حوکماتی وی بە «سەردەمی گوڵەمێلاقە» ناودێر کراوە و دوایین قۆناخی گەشە و نەشەی دەسکەوتەکانی هونەری عوسمانییانە لە نژیاروانی، شێوەکاری، مینیاتۆر، سواڵەتگەری و قوماشتەنیدا. «دامادئیبراهیم»ی مەزنەوەزیری، پشتیوانێکی دەهندە و دڵاوای وێژە و هونەر بوو کە یەکەم دەزگای چاپی لە ئیستانبووڵ دانا. سیاسەتی وی سەبارەت بە ئێران لەسەر پێوشوێنی دەستێوەرنەدان و دۆستایەتی هەڵدەسووڕا، بەڵام گوشارێکی زۆر دەخرایە سەر ئەستۆی ئەو و سوڵتان هەتا بە فریای جەماوەری سوننی شیروان و داغستانەوە بچن کە لە ئازاری مەزهەبیی شیعان قوتار نەببوون. مۆرکردنی پەیماننامەی «پاسارۆویتس» لەگەڵ ئۆتریش و وێنیز لە ساڵی ١٧١٨ (١١٣٠)دا خەیاڵی ترکانی لە قۆڵی ڕۆژاواڕا ئاسوودە کرد و

مەزنیخوازانی ترکی هــان دا کــە بــە مەبەســتی وەرگرتنــەوەی ئــەو ناوچانــەی باکووری ڕۆژاوایی ئێــران کــە لــە مــاوەی حکوومــەتی سولــتانمحەممەدشــادا خرابوونە ژێر ڕکێفی عوسمانییەکان، بکەونە قسە و باس و ڕێخۆش کــردن بــۆ هەنگاو و هەڵمەتی لەشکریی دژی ئێران.

پاش ئەوەی کە ساڵی ١٧٢٢ ئیسفەهان بە دەستی ئەفغانان گیرا، تەهماســبی دووەم نێردراوێکــی نــاردە «بــابیعــالی» و بــە مەبەســتی ڕادان و دەرپەڕانــدنی ئەفغانانی داگیرکەر داوای یارمەتی کرد. مەزنەوەزیر وڵامی دایــەوە ئەگــەربێتوو تەهماسب تــەواوی ئــەو ناوچــە و مەڵــبەندانەی کــە عوسمــانی داوای دەکــەن بیانداتێ، ترکان یاریدەی دەدەن کــە پاشمــاوەی خــاکی ئێــران بخاتــەوە ژێــر دەسەڵاتی. ئەم مەرجانە، بە هێندێک خوار و ژوورەوە، ڕاست هەر ئەم مەرجانــە بوون کە پێتری گەورە پێشــنیاری کردبــوون بــە تەهماســب. دەســەڵاتنوانــدنی ڕووسیا لە ناوچەکانی لێواری دەریای خەزەر لە ١٧٢٢دا، ڕاسانێکی بەزەبر بــوو دژی ترکان و لە کاتێکــا کــە ئەگــەری هەڵگیرســانی شــەڕی نێــوان ڕووســیا و عوسمانی هەڵدەگرا و ڕۆدەمرکا، شەپۆلێکی چالاکی و هەڵسووڕانی دیپلۆماتیــک لە گۆڕێدا بوو. بەرهەمی ئەم ڕووداوانــە پەیماننامــەی ڕووس و عوسمــانی بــۆ دابەشینی ناوچەکانی باکووری ڕۆژاوای ئێرانی لە ڕێکەوتی ٢٤ی ژووەنــی ١٧٢٤دا لێکەوتەوە.[٢٦] دابەشینی ئێران هێندەی پێنەچوو. ساڵی ١٧٢٣ شــەش بــەتالیۆنی ڕووسی لە گیلان دابەزین و هێزێکی دیکە باکۆی داگیر کرد، بەڵام مردنــی پێتــری گەورە لە ساڵی ١٧٢٥دا بە مانای برانەوەی سیاسەتی بەرزەفڕانەی ڕووسان بــوو بۆ ئەو سەردەمە و نادرخانیش (نادرشای دواتر) لە ساڵی ١٧٢٦ڕا کۆتایی هێنا بە شاڵاو و دەسدرێژییەکانی ترکان بۆ سەر خاکی ئێران.

ئەشرەف لــە ٢٦ی ئــاوریلی ١٧٢٥ (٢٣ی شــابانی ١١٣٧) بــوو بــە جێنشــینی مەحموود. قەڵەمڕەوی وی بریتی بوو لە ناوەنــد و باشــووری ئێــران، هــەرێمی سیستان و بەشی ڕۆژاوای خوراسان. بەڵام لە ڕاستیدا ئەفغانەکان تــەنیا شــارە گەورەکانی ئەو ناوچانەیان بە دەستەوە بوو. ئەشرەف کە لەبەر کوژرانی باوکی بە دەستی مەحموود هەر بە پانەوە دوژمنایــەتی دەکــرد و ناخۆشــی دەویســت، چاخی حوکمڕانێتی خۆی بە کوشــتنی تــەواوی پشــتیوانانی ســەرەکی محمــوود دەسپێکرد. پاشان بە مەبەستی دەســتەبەرکردنــی پــارێزرانی هــەرچی زیــاتری

جێگەی خۆی، ئەو تاقمە لە پایەبەرزانی ئەفغانی کە دایاننابوویە سەر تـەختی دەسەڵات، قەڵتوبڕی تێخستن و چاوی برای خۆشی دەرهێنا. پاشـان هەوڵـی دا پادشای لێخـراوی سـەفەوی، شاسولـتانحوسـێن بـە پێشـنیاری گێڕانـەوەی دەسەڵاتی، هەڵخەڵەتێنێ و بیکوژێ. شاسولتانحوسێن زیرەکانە خۆی لەم داوە پاراست و بە خستنەڕووی پێشـنیاری زەماوەنـدی کچەکـەی لەگـەڵ ئەشـرەف پیلانەکەی هەڵوەشاندەوە. ئەشرەف کە دڵنیا بوو هیچ مەترسـییەک لـە لایـەن پادشای پێشووڕا هەڕەشەی لێناکـا، هەوڵـی دا قالۆرپادشـا تەهماسـبی دووەم هەڵفریوێنێ و بەرەو دیداری خۆی ڕایبکێشێ، بەڵام هێندێک لە نەجیمزادەکـانی وەفاداری ئێرانی کە دوابەدوای وی بـە فـەرمانی ئەشـرەف سـەریان تێـداچوو، تەهماسبیان لە نیازەکانی ئەشرەف وریا کردەوە. پاشان ئەشرەف بە مەبەسـتی بەرەنگاربوونەوەی تەهماسب پێینایە ڕکێف و پیاوەکانی لە نیزیک تاران خستە تەڵـەوە و تـەفروتونای کـردن. تەهماسـب ڕایکـردە مازنـدەران و سـەرەنجام فەتحعەلیخانی سەرکردەی قزڵباشی خێڵی قاجار، لەوێ دایە پاڵی.

ساڵی ١٧٢٦ (١١٣٩ی کۆچی) عوسمانییەکان بە پشتبەستن بـە پەیماننامـەی ١٧٢٤ لەگەڵ ڕووسیا، بە لەشکرێکی ٦٠٠٠٠ کەسی و ٧٠ تۆپەوە بـە سـەرکردایەتی ئەحمەدپاشا داوەرینە نێو خاکی باکووری ڕۆژاوای ئێـران. ئەشـرەف کـە بـەری پێشڕەوی ترکانی لە نێوان قەزوێن و ئیسفەهاندا گرتبوو، بە بـاری دەروونـیدا پەلاماری دان. ئەو چوار مەلای نارده لای ئەحمەدپاشا هەتا لێـیبپرسـن بـۆچی دەیهـەوێ دەگـژ هاومـەزەبانی سـوننی خـۆی ڕابچـێ «کـە فەرمانـەکان و ڕێوشوێنەکانی ڕەوا هەمان ڕێبازە دینییـە بـۆ ڕووخانـدنی دەوڵـەتی شـیعەی ڕافزی پەیڕەو دەکەن.»[٢٧] ئەحمەدپاشا بە ناڕەزامەندی گوتی کە تەنیا دەستووری سولتان بەڕێوە دەبا، بەڵام هەرای قسە و باسی ئەشـرەف گرتـی و وایکـرد کـە زۆرێک لە لەشکرچییانی کورد و ژمارەیەک ترکـی ژێـر فـەرمانی ئەحمەدپاشـا سەریان وەرسووڕاند و گەڕانەوە. ئەحمەدپاشا بەرلـەوەی هێزەکـانی ئەوەنـدی دیکەش کەمببنەوە بەپەلە لە نیزیک هەمـەدان پـەلاماری ئـەشـرەفی دا، بـەڵام کشانەوەی ٢٠٠٠٠ سوارەی دیکەی کورد و نەبزووتنی گەلێک لە چەکدارانی ترکـی بۆ پێشڕەوی، لە ٢٠ی نوامبری ١٧٢٦دا، ببـوو بـە هـۆی پـەرمەپـەرمەم بـوونی سەرجەمی هێزەکانی بە دەست ئەشرەف. ئەگەرچی سەرکەوتنی ئەشرەف یەکێک

لەو هۆکارانە بوو کە ساڵی ١٧٢٧ بابیعالی وەک پادشای ئێران دانیپێداهێنا، بەڵام ئێرانێکی کە ئەو حکوومەتی بە سەردا دەکرد، نیشتمانێکی دووڵەت کراوبوو. لە ڕاستیدا چما تەهماسبی دووەم ملی دابا و ئەو کارەی ئەشرەفی کردبا، یانی تەواوی ناوچەکانی قەفقازی ئێران و باکووری ڕۆژاوایی ئەم وڵاتەی دابایە عوسمانییەکان، خاک و قەڵەمڕەوێکی کە دەیتوانی حکوومەتی بە سەردا بکا، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئەشرەف نەبوو.

تەهماسب کە لە کەسایەتی نادرخانی ئەفشاردا قارەمانێکی تازەی دۆزیبۆوە هەتا بیکاتە جێنشینی فەتحعەلیخانی قاجار، لە ١٧٢٩دا دیسان کەوتەوە بەر پەلاماری ئەشرەف. ئەشرەف لە دوو شەڕی لەگەڵ تەهماسب و نادردا بەزی و مانگی نوامبری ١٧٢٩ ئیسفەهانی پایتەختی چۆل کرد و ڕۆیی، بەڵام لە نیزیک شیراز دیسان تووشی شەڕ و ئەگەری شکانی سێجارەی بۆوە. خودی ئەشرەف بەرەو قەندەهار تێیتەقاند، بەڵام لە ڕێگادا و ڕەنگە بە دەست پۆلێک لە پیاوانی ئەفغان کە حوسێنی برای گاڵی دابوون، کوژرا. مردنی وی کۆتایی هێنا بە قۆناخی حەوت ساڵەی تراتێن و بۆشایی دەسەڵاتی ئەفغانان لە ئێران، ڕۆژگارێک کە تێیدا وڵات بەرەو گەرداوی کەسبەکەس و پەشێوی خلیسکابوو. نادرخان لە ١٦ی نوامبری ١٧٢٩ (٦ی جیمادی یەکەمی ١١٤٢)دا پێینایە ئیسفەهان و بە دانانی تەهماسبی دووەم لە سەر تەختی پادشایەتی، سەرلەنوێ فەرمانڕەوایەتی سەفەوییەی بووژاندەوە. (شاسوڵتانحوسێنی بێئازار بەر لە تێکهەڵچوونی ئەشرەف و ئەحمەدپاشا، بە فەرمانی ئەشرەف کوژرابوو، چونکە ئەحمەدپاشا ڕایگەیاندبوو دیهەوێ شای لێخراو بگێڕێتەوە سەر دەسەڵات.) نادرخان نەیدەویست بۆ هەمیشە زنجیرەی خانەدانی سەفەوییە بێنەوە سەر حوکم. لە ئووتی ١٧٣٢دا نادر، تەهماسبی دووەمی لە بەرژەوەندی کوڕەی هەشت مانگەی بە ناوی عەبباس لێخست و عەبباس بە ناوی شاعەبباسی سێهەم تانجی نایە سەری. بەڵام تەنانەت جێنشینایەتیمیریش نەیتوانی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هەست و ویستی نارد ڕۆمرکێنێ و ڕۆژی ٨ی مارسی ١٧٣٦ (٢٤ی شەشەکانی ١١٤٨ی کۆچی) خۆی بە ناوی نادرشا و یەکەمین پادشای زنجیرەی ئەفشارییە تاجی نایە سەر. خانەدانی سەفەوییە کە لە ١٧٢٢ڕا تەنیا ناوێکی مابوو، ئیتر تەنانەت ئەویشی نەما و کوێر بۆوە. میرزا عەبدولحوسێنی

مەلاباشی (سەرۆکمەلا) لە سەرەتای تاج نانەسەری نادرا سەری بە فەتەرات چوو، چونکە بەهەڵکەوت بیستیان کە دەڵێ: «هەموو لایەنگری خانەدانی سەفەوییەن.» گەرچی دەوڵەتی سەفەوییە وەک ڕاستەقینەیەکی سیاسی تێداچووبوو، بەڵام بنەمای ڕێکخستنەکانی ئەوەندە بەهێز و سەنگبایی وی هێندە قورس بوو کە وەلاکەوتنی تارمایی وەجاخەکەی نیوسەدەی کێشا و سەرەنجام هەتا ڕۆژایەکی کە ئاخرین پادشای دەستندەخۆری سەفەوی بە ناوی سمایلی سێهەم لە ١٧٧٣دا نەمرد، نەڕەوی و نەفەوتا.[28] پاش تێپەڕینی دوو باڵی ڕقەبەری زەندییە لە باشوور و قاجارییە لە باکوور، ساڵی ١٧٩٥ (١٢٠٩-١٠) قاجارییە، واتە «ئاخرین قزڵباشەکان»، «میراتی پادشایەتی زاڵمانەی سەفەوییان بە ناوێکی تازەوە زیندوو کردەوە.»[29] لە بەختی بەدی قاجاران، ئەوان میراتگەری دامودەزگایەکی حکوومەتی بوون کە کلیلەکانی یان فڕێدرابوون یا ون ببوون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پەراوێزەکان

١. براون، مێژووی ئەدەبیاتی ئێران، ب ٤، ل ١٠٨.

2. A Chronicle of the Carmelites in Persia, 2 vols, (London 1939), vol. I, pp. 350-1.

3. Sir John Malcolm, History of Persia, 2 vols. (London 1815), vol. I, p. 382.

4. Carmelites, vol. I, p. 405.

ئەم بەرهەمە وێناکردنی باوکە نانسۆن دەخاتە ڕوو کە ئەو سەردمی ژیاوە

٥. میرمحەممەدباقری داماد، فرەزانای یەزدانی و فەیلەسووفی هەڵکەوتە کە ساڵی ١٦٣١-٢ (١٠٤٠-١) کۆچیدوایی‌کرد.

٦. شێخ بەهائەددینی عاملی، شێخولئیسلامی ئیسفەهان و نووسەری «جامع عباسی» کە لە یاسای شیعەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو کاری پێدەکرێ. عاملی ساڵی ١٦٢٢ (١٠٣١ی کۆچی) مردووە. بڕوانە: براون، مێژووی ئەدەبیاتی ئێران، ب ٤، ل ٢٨٢ و ٢٩٩.

7. Malcolm, vol. I, pp. 371-2.

★ چوار کتێبە سەرەکییەکانی حەدیسی شیعان کە هەڵگری حەدیسی پاکان و سەرچاوە بنەڕەتییەکانی شەریعەت و ئەحکام و ئەخلاقییاتی شیعەن بریتین لە: «کافی» بە قەڵەمی محەممەدی کوڕی یەعقووبی کولەینی ڕازی، هەڵگری ١٦١٩٩ حەدیس؛ «من لا یحضره الفقیة» نووسراوی محەممەدی کوڕی عەلی کوڕی بابوویەی قومی (شێخی سەدووق)، هەڵگری ٩٠٤٤ حەدیس؛ «تهذیب الاحکام»، نووسراوەی محەممەدی کوڕی حەسەنی تووسی (شێخی تووسی، شیخ‌الطائفە)، هەڵگری ١٣٥٩٠ حەدیس، «استبصار»، نووسینی محەممەدی کوڕی حەسەنی تووسی، هەڵگری ٥٥١١ حەدیس.

★ ئەم ڕستەیە وەرگێردراوی دەقی کتێبەکەیە، بەڵام لە وەرگێڕاوی سەرچاوەی ئەم دەقە: (براون، مێژووی ئەدەبیات، ب ٤، ل ٢٦٢)دا ئاوا نووسراوە: «... سەبارەت بە حاجی سەید محەممەدباقری کوڕی محەممەدتەقی ڕەشتی، ناسراو بە حوججەتولئیسلام، دەگێڕنەوە کە خودی خۆی چەندین کەسی بە تاوانی لە دین لادان و گوناهانی چەشناوچەشن کوشتووە.»

8. R.M. Savory, “The Office of Khalïfat al-Khulafä under the Safawids”, in Journal of the American Oriental Society, LXXXV (1965), p. 502.

٩. نەسروڵلا فەلسەفی، ژیاننامەی شاعەبباسی یەکەم، ب ١، چاپی سێهەم، پووشپەڕی ١٣٤٤ی هـ . (١٩٦٥) دەزگای بڵاوکردنەوەی زانکۆی تاران.

١٠. فەلسەفی، ل ١٨٦.

١١. براون، مێژووی ئەدەبیاتی ئێران، ب ٤، ل ٢٧٩.

١٢. هەمان، ل ٢٦٢.

13. Amin banani, “The Social and Economic Structure of the Safavid Empire in its Heyday”, a paper submitted to the Harvard Colloauium on Tradition and Change in the Middle East, December 1967, p. 6.

١٤. سێرجان شاردێن، سیاحەتنامەی شاردێن، تەرجەمەی محەممەد عەبباسی، ب ٨، خاکەلێوەی ١٣٤٥ی هەتاوی (١٩٦٦)، چاپی ئەمیرکەبیر، ل ١٦٣.

١٥. هەمان، ل ١٦٨.

16. Carmelites, vol, I, p. 421.

١٧. دیوانبەگی لە بنەبانی دەسەڵاتی دەوڵەتی سەفەوییەدا، باڵاترین ناوەندی قانوونیی وڵات بوو و دادگای دیوانبەگی سەرترین مەحکەمەی پێداچوونەوە بوو.

★ Israel Ori.

★ il sera roi.

بنكەی ژین
www.zheen.org

18. Laurence Lockhart, The Fall of the Safavï Dynasty and the Afghän Occupation of Persia (Cambridge 1958), p. 99, quoting the contemporary Safavid historian, Muhammad Muhsin.

19. Lockhart, p. 104.

20. Lockhart, p. 107.

21. Lockhart, p. 108.

22. Lockhart, p. 111.

باسوخواسی سەبارەت بە هرووژم و داگیرکرانی ئیسفەهان لە لایەن ئەفغانەکانەوە کە لە درێژەی ئەم باسەدا دێ، بەشی هەرەزۆری دەگەڕێتەوە سەر ئەم کتێبە.

٢٣. مەلاباشی پلەیەک بوو کە لە قۆناخی فەرمانڕەوایەتی شاسوڵتانحوسێندا وەبەرچاو دێ. بەڕوونی دیارە کە دەسەڵاتی زۆر لە سەدر زیاتر بووە.

★ «فیردەوس»ی ئەمڕۆ.

24. Lockhart, p. 125.

**٢٥. سپاس بۆ دۆستی خۆشەویستم دوکتۆر «ی. لوئلین توماس» کە ناوی ئەم نەخۆشییەی بۆ ڕوون کردمەوە.**

**٢٦. سەبارەت بە دەقی ئەم پەیماننامەیە بڕواننە:**

J.C. Hurewitz, Diplomacy in the Near and Middle East, 2 vols. (Princeton 1956), vol, I, pp. 42-5.

**٢٧. ژێنێڕاڵ سێرپێرسی سایکس، مێژووی ئێران، ٢ بەرگ، وەرگێڕدراوی سەید محەممەدتەقی فخری داعیگیلانی، چاپی سێهەم، چاپی عیلمی، ب ٢، ل ٣٧١ – و.**

**٢٨. بە مەبەستی زانیاری تەواو سەبارەت بە خوازیارانی تاج و تەختی سەفەوی کە دوای لادرانی شاسوڵتانحوسێن خۆیان نواند، بڕواننە:**

J.R. Perry, "The Last Safavids (1772-1773)". In Iran, IX (1971), pp. 59-69.

29. Perry, p. 68.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# پاشکۆ

- نووسینی ئەسکەندەربەگی تورکمان
- وەرگێڕانی هێمن
- پەراوێزلێنانی سەلاحەددین ئاشتی

بنكەی ژین
www.zheen.org

## باسی سەرپێچی و لاساری ئەمیرخانی برادۆست و چوونی جەنابی «ئیعتیمادوددەولە» بۆ مەڵبەندی ورمێ و گەمارۆدانی قەڵای «دمدم» و چلۆنایەتی کارەسات و ڕووداوەکانی

بەسەرهاتی ئەمیرخانی چۆلاق بۆ هەموو کەس دەبێ ببێ بە پەند. ئەی ئەو کەسەی بە دوای قسەدا دەگەڕێی تاوێک گوێڕادێرە تا بەسەرهاتی ئەمیرخانت کە لە عەشیرەتی برادۆستی کورد بوو بۆ بگێڕمەوە.

لە سەردەمی شای بەهەشتیی‌دا »قەراتاج»ناوێکی کورد لە ڕیزی شاپەرستان و خزمەتکاران‌دا بوو و بە سەر تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ کە بە مەڵبەندی «ورمێ» و «ئوشنی» (شنۆ)وە نووساوە ڕادەگەیشت. پاش نەمانی شای بەهەشتیی کە ڕۆمییەکان مرخیان لە ئازەربایجان خۆش کرد، عێل و عەشیرەتە کوردەکانی سەر بەم دەوڵەتە بایانداوە و ڕەگەڵ ڕۆمییەکان کەوتن. «شامومحەممەد»ناوێک

لە میرزادەکانی برادۆست بە فەرمانی خونـدکاری ڕۆم کـرا بـە مـەزن و خـاوەن دەسەڵاتی برادۆست.

ئەمیرخان سەری بۆ دانەنواند و ملی بۆ ڕانەکێشا و هەر دەمە ڕەگەڵ یـەکێک لە ئەمیرە گەورەکانی کورد دەکـەوت. ماوەیـەک لـە کـن عومەربـەگی حـاکمی «سۆهران»[1] ڕایبوارد، لـە شـەڕێک کـە عومەربـەگ دەگـەڵ دژمنـەکانی کـردی، ئەمیرخان دەستێکی لە ئانیشـکەوە پـەڕی، ناوبـانگی بـە ئـەمیرخانی چـۆلاق ڕۆیشت.

لەو ساڵەدا کە ئاڵای بەرزی پادشایی لە ئازەربایجان دەشەکاوە و شـا بـەو پێوقەدەمە پیرۆزەوە بۆ داگیرکردنی نەخجـەوان و ئێـرەوان دەیـاژوا، نـاوبراو هاتە بەردەرکی بارەگای پادشایەتی و خۆی بە شاپەرست و خزمەتکار نیشان دا. خاوەن شکۆ ئاوڕی ڕەحمەتی لێداوە، مەزنایەتی و دەسەڵاتـداریی تەرگـەوەڕ و مەرگەوەڕی پێبەخشی و نازناوی خانی دایە و سەری بەرز کـردەوە. مەڵـبەندی ورمێ و شنۆی کە سەر بە ئازەربایجانە و لە سەردەمی شای بەهەشتیی‌دا لە ژێر فەرمانی یەکێک لە گەورەگەورەکانی قزڵباش‌دا بوو، بـە وی ئەسـپارد. لەسـەر فەرمانی شا، وەستا زێڕینگەرەکان دەستێکیان لە زێڕی سوور دروست کرد و بـە گەواهیرات و مرواریی بەنرخ ڕازاندیانەوە و لە باسکیان بەسـت. چونکـە ئـازا و مەرد بوو، خاوەن‌شکۆ زۆری ڕوو دەدایـە و گـەلێکی چاکـە دەگـەڵ دەفـەرموو. ئەویش دەستی خزمـەتکاریی لـە سـەر سـینگی دانـا. لـە سـایەی دڵسـۆزیی و چاوەدێریی خاوەن‌شکۆدا ڕۆژبەڕۆژ بە پەیژەی مەزنایـەتی‌دا چـووە سـەر و لـە هەموو هاوشانەکانی خۆی تێپەڕاند. چەند ناوچە و مەڵبەندی لـە ئـەمیرەکانی سەر بە ڕۆم ئەسـتاندەوە و وەسـەو وڵاتـی خـۆی گێـڕان و بـەوجۆرە لـە نێـو ئەمیرەکانی کورددا بە پایەبەرزی و لەشکر زۆری ناوبانگی دەرکرد.

زۆر لە خێڵەکان و ئەمیرزادەکان لە دەوری هاڵان و خزمەتی ئەویـان ڕەچـاو کرد. هێندە پێنەچوو هەوا و فیز لە سەری دا و لەخۆبایی بوو. لـەو کاتـەدا کـە «جەغال‌ئۆغڵی» لەشکری بۆ ئازەربایجان کێشا و شەڕ لـە دەوروبـەری تـەورێز قەوما، دەگەڵ ئەوەش‌دا کە زۆر لە شەڕگە نیزیک بوو، خـۆی بـوارد و نەهاتـە

---

١. سۆهران: سۆران. بڕواننە شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، هـەژار کردوویـە بـە کـوردی، چاپی دووەم، پەراوێزی لاپەڕە ٥٥٢، ساڵی ١٩٨١، تاران، چاپخانەی جەواهیری.

مەیدان و بە حـوزووری خـاوەن شـکۆ نەگەیشـت. پـاش شـکاندن و تارانـدنی جەغالئۆغلی لەشـکری زاڵبـوو لـە ناوچـەی سەلـماس خسـتی. ئـەویش بـە دێروژوانەوە هاتە بارەگا؛ لاواندراوە و کـەمخزمـەتیی و خۆبـواردن و نەهاتنـە مەیدانی بە ڕوودا نەدراوە. بۆ ئەوەی دڵدۆنگ نەبێ، ئەو و ئەمیرەکانی کورد کـە وەحشیترین تیرەی ئینسانن دڵخۆشی درانەوە و چاکەیان دەگەڵ کرا. مەرەخەس کرا بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، بەڕواڵەت خۆی لە ڕیـزی خزمـەتکاران دادەنـا، بەڵام لە بنەوە لەبەر تەعەسسوبی مەزەبیی و پیسـیی دەروون دەگـەڵ قزڵباشـی دەوروبەری خۆی دوژمنانە دەجووڵاوە. هـەوای سـەربەخۆیی و سـەرەڕۆیی لـە سەری دابوو. ئەوەندەی برووز ئەستاند کە خەریکی ئاوەدان کردنەوەی قەڵایەکی گەورە و قایم بـێ. بـە بارەگـای دەوڵـەتی ڕاگەیانـد کـە قـەڵای ورمـێ بنکـۆڵ بووە، هەرەسی هێناوە و خۆڕاناگرێ و بۆ ئەوە نابێ پشتی پێببەسـترێ. ئەگـەر ئیزن بفەرموون بناخەی چواردیوارێک لە شوێنێکی لەبار دادەڕێژم. خاوەنشـکۆ کە هەر ڕواڵەتی ئەوی دەدی و ئاگای لە دەروونی نەبوو، ئیزنی دا. ئـەویش لـە سێ فرسەقی شاری ورمێ لە سەر کێوێکی هەرەبەرز کە کەوتۆتە بەشی تەرگەوەڕ بناخەی قەڵایەکی قایمی داڕشت.

لە نێو کوردانەدا باوە دەڵێن: لە پێش ئیسلامدا، لـە زەمـانی ساسـانییەکان (کیسراکان)دا هەر لەو شوێنە قەڵایەک هەبووە کە پێیکوتراوە دمدم و دەسدرێژیی ڕۆژگار خاپوور و وێرانی کردووە. پیربوداقخان[1] ئەمیریئـەمیرانی تـەورێز کـە پیاوێکی بەئەزموون و وشیار و کارامـە بـووە، لـە جـووڵانـەوەی دوژمنانـەی ئەمیرخاندا نیشانەی کەڵەوەکێشی و ملهوڕیی بـەدی کـرد. بۆیـە بـە بارەگـای پیرۆزی ڕاگەیاند کە: «ئەمیرخان لە ڕێگای ڕاستی لاداوە و هـەوای سـەرپێچی و لاساری کەوتۆتە سەر و بناخەی ئەو قەڵا بەرز و قایمەی بۆیە داڕشتووە کـە لـە ڕۆژێ پێویستدا بە کاری بێ. ئەو غوڵامە دروست کردنی ئـەو قـەڵایـە هـیچ بـە قازانجی دەوڵەت نازانم.» فەرمانی پیرۆز بەم جۆرە بەڕێ کراوە:

«بۆخۆت ئەمیریئەمیرانی ئەو سنوورەی، ئەگەر ئەو قەڵادروسـتکردنـە بـە قازانجی دەوڵەت نازانی پێشگری لێبکە.» پیربوداقخان لەسەر فەرمودەی شـا پیاوێکی باوەڕپێکراوی ناردە کن ئەمیرخان و پێیڕاگەیاند: «کـە ئـەو لـە ڕیـزی

---

١. پیربوداقخان: پیربداغبەگ. شەرەفنامە، پەراوێزی لاپەڕە ٥٥٣.

ئەمیرە مەزنەکانی شادا حیساب دەکرێ و پەروەردەی دەستی خاوەنشکۆیە و لافی پاکی و بەندەیی لێدەدا؛ هەرچەند شای عالەمپەنا ئەوپەڕی متمانەی پێ هەیە، بەڵام بەو قەڵادروستکردنەی ئەو، زمانی زمانپیسان دەکرێتەوە. ئەگەر ئەو قەڵایەی لە ترسی پەلاماری ڕۆمییان دروست دەکا؛ ئەگەر رومییان بێنە ئەو وڵاتە هەتا قەڵای قایم و گەورەی وەک قەڵای تەورێز و ئێرەوان لە نێودابێ، ڕوو لە قەڵای وا ناکەن و ئەگەر ترسی لە ئەمیرەکانی کورد بێ، ئەگەر ڕووداوێک بقەومێ ئێمە غوڵامانی بارەگای شا کە پاراستنی ئەم سنوورەمان لە ئەستۆیە چۆن دەتوانین خۆ بگنخێنین؟ ڕەنگبێ هەر ئەو عاشوورە کۆنەی ورمێ بۆ ئەو بەس بێ، وا باشە کە دەست لەو قەڵایە هەڵبگرێ و زمانی پیاوخراپان لە خۆی نەکاتەوە و ئەو ئامۆژگارییەی دۆستانەی ئێمە کە قازانجی ئەوی تێدایە لە گوێ بگرێ و خۆی نەکاتە نیشانەی بوختان و دەمگۆی ئەوتۆ کە بۆنی لاساری و دووبەرەکیی لێبێ.» بەڕاستی ئامۆژگارییەکی دۆستانە و دڵسۆزانە بوو. چونکە بە پشتئەستووری ئەو قەڵایە بوو کە تووشی ئەو چارەنووسە ڕەشە هات و ئەوەی پێگەیی کە دەبوو پێی بگا.

بەکورتی ئەمیرخان هەر گوێی نەدا ئەو قسانە و پیاوەکەی پیربوداقخانیش، بە دەستی کوردە برادۆستییەکان کوژرا. قەڵایەکی یەکجار قایم و گەورەی دروست کرد و ئازووخە و چەکوچۆڵی کێشاوە نێو قەڵاکەوە. ئەوجار لە ورمێڕا ڕایگوێزت بۆ ئەو قەڵایە. ڕۆژبەڕۆژ قەڵاکەی قایمتر و ئامرازی قەڵادارییی پەرداختر دەکرد و لە ڕاستیدا هۆی چارەڕەشیی و لێقەومانی خۆی زیاتر پێکدێنا و کاری ئەوتۆی دەکرد کە بە هیچ بارێکدا دەگەڵ پاکی و یەکڕەنگی یەکیان نەدەگرتەوە. بۆ نموونە خانئەبداڵی موکری برای شێخحەیدەر کە لە خاوەنشکۆ یاغی ببوو و لە ترسی هێزی لەشکر لە هیچ شوێنێکی وڵاتەکەی خۆیدا حەجمین و حاوانەوەی نەمابوو، بە خۆی و بیست کەس لە دەست و پێوەندەکانییەوە پەنای بۆ هێنا و ئەمیرخانیش پەنای دا و کردی بە هاودەم و هاونشینی خۆی. بەڵام بە فێڵ و ڕێویبازی پیاوەکانی خۆی دەنارده دەرگای عالەمپەنا و خۆی بە فیدایی و یەکڕەنگ نیشان دەدا. لە کاتێکدا کە جەلالییەکان ناردرانە کوردستان فەوجێکیان دەگەڵ ناردرا، پیربوداقخانیش سەرکردەی ئەو لەشکرە بوو. ئەمیرخان کە ئەو خەبەرەی بیست بە دەوڵەتی ڕاگەیاند: «نێوانی من و

پیربوداقخان خۆش نیە و قسەی خراپ لە بارەی منــەوە بــە عــەرز دەگەیــەنێ. حاوانەوەی من لە نێو لەشکرێکدا کە ئەو سەرکردەی بــێ، کــارێکی زۆر گــران و ئەستەمە.»

بۆ دڵڕاگرتنی ئەو، ئەم فەرمانە بــە قەڵــەمدا هــات: «لەبــەر خــاتری ئــەو، پیربوداقخان ئەو کارەی لێوەرگیراوە، لە جێــی ئــەو حەســەنخانمــان تــاعین فەرموو کە لــە ئــەمیرەکانی عێراقــە و پیــاوێکی پــاک و سەرورووخۆشــە؛ بــەو حاڵەشەوە ئەگەر بۆخۆی ناتوانــێ ڕەگەڵــی کــەوێ، یــەکێک لــە کورەکــانی و ڕدێنسپێکی کارامە و دووسەد سێسەد کەســێکی ڕەگــەڵ بخــا؛ بــا یەکــڕەنگیی و دڵپاکی ئەو بۆ ئەمیر و حاکمەکانی کورد سوور بێتەوە و خانەنشــینیی ئــەو بــە خۆبواردن دانەنێن.» ئەمیرخان سەرەڕای ئەو هەموو دڵسۆزی و مودارایەوە کە لە لایەن خاوەنشکۆوە دەگەڵی کرا، هەر لەسەر لاساری و سەرەڕۆیی خۆی ڕۆیشت. کە حەسەنخانی «ئۆستاجلوو» و گەورەگەورەکانی قزڵباش لە مەراغە گەیشــتنە موحەممەدپادشــا و جەلالییەکــەن و بــەرەو خزمــەتی خۆیــان کەوتنــەڕێ، بــە ئەمیرخانیان ڕاگەیاند: «لەسەر فەرمانی پیرۆزی خاوەنشکۆ ئەگەر بۆخۆی لــە توانایدا نیە بێ، چەند پیاوی باوەڕپێکراوی خــاوەنئــەزموون کــە لــە چــاک و خراپی کوردستان و ڕێگاکانی ئاگادار بن و ڕەوەی بکەون پرســیان پێبکــرێ و بــۆ ڕاوێژ دەگەڵ کردن بشێن ساز بکا و بنێری.» ئەمیر چەند پەڵپ و بیانووی گرتن.

کورتەی بیانووەکانی ئەوە بوو: «تیرەی جەلالیی لاپەرەسەن و نــەگونجاو و باوەڕپێنەکراون. با گەورەگەورەکانی قزڵباشیش دەگەڵ بن، من نــاتوانم ڕەگــەڵ لەشکرێک بکەوم کە حەوت هەشت هەزار کەسی جەلالیی دەگەڵ بێ. ئەوان لە هەر ڕێگایەکەوە، دەیانەوێ برۆن، منیش لە پاشان هێندێک کەس بــە دوای ئــەواندا دەنێرم.» ئەمیرە گەورەکانی دەوڵەت سەرکێشیی ئەویان لە سەرەتای سەفەردا بە دڵ نەبوو. ئەوەیان بە لاوە باش بوو، ئێستا کە ڕێگایان بە لای ئەو دایە بە هــەر بارێک بێ ڕامی بکەن، چونکە ئەگەر هاتوو ئەمیرخان کە لە نیزیکــانی دەرگــای شایە وا لاساری بکا و بە لاڕێدا بڕوا، دەبێ لە ئەمیرەکانی دیکەی چــاوەنۆڕی چ بین؟ بۆیە وەسەر خۆیان نەهێنا و بە زمانێکی نــەرم و خــۆش لێیــانڕاســپارد، خانەخوێی باش بێ و چەند شــەوێک ڕامــانبگرێ، جــا کــە چاومــان پێککــەوت لەســەرەخۆ ڕاوێــژی لێدەکــەین و ئــەوی قــازانجی ئــەوی تێــدابێ وا دەکــەین.

ئەمیرخان هەر جوابی نامە و پەیامی حەسەنخان و ئەمیرەکانی دیکەی نەداوە و لەسەر کەللەڕەقی و کەڵەوەکێشی خۆی توندتر ڕاوەستا.

کە پێشەکی لەشکر گەیشتە ناوچەی بەرحوکمی ئەو، دەستەیەک لە کوردەکانی برادۆست بەرەنگاری بوون و دەگەڵ ئەو جەلالییانەی کە لە پێشدا بوون بە گژ یەکدا هاتن، دوو پیاوی جەلالیی کوژران و چەند کەسیش لەم نێوەدا برینیان هێنا. حەسەنخان و ئەمیرەکان کە لەو ڕووداوە ئاگادار کران پیاوەکانیان گێڕاوە پاشەوە و شەڕ و کێشەیان ڕاوەستاند و لە نیو فرسەقی قەڵا، لە جێگایەکی پەسیو هەڵیان دا و لەشکریان خست. کوردەکان چوونەوە دە قەڵاوە و هۆردووگایان وەبەر تۆپان دا. حەسەنخان دیسان پیاوی ناردەوە کن ئەمیرخان و هۆی ئەو ڕەفتارە نالەبارەی لێپرسی. هەرچی لەو لایەوە قسەی خۆش و دۆستانە کران، ئەو پەلپ و بیانووی سەیرتری هێنا گۆڕێ و دەرگای دۆستایەتی و ئاشنایەتی داخست. تووشی هەرکەس لە قزڵباش و جەلالیی بووبان کە بۆ جێبەجێکردنی کاروباری پێویست لە هۆردوو وەدەردەکەوتن، دەیانکوشت و ڕووتیان دەکردەوە. دووپاتەبوونەوەی ئەو کارانە دوژمنایەتی لە نێو هەردوو لادا بەهێزتر دەکرد. موحەممەدپاشاش بۆ تۆڵە ئەستاندنەوەی جەلالییەکان وەکارکەوت و پیاوەکانی پۆلپۆل تا بەر قەڵا دەچوون و لەو لاشەوە کوردەکان لێیان وەخۆدەکەوتن و بە پیریانەوە دەهاتن و لە هەردوو لاوە چەند کەس دەکوژران و بریندار دەبوون. کار لە کار ترازا و شەڕ و کێشە گەرمتر بوو. هێندێک کەس لە جەلالییەکان کە لە موحەممەدپادشا دڕدۆنگ بوون، بەتایبەت موحەممەدبەگی برای «تەویل» و دەست و پێوەندەکانی بایانداوە و چوونە کن ئەمیرخان. بەوجۆرە نیزیکەی سێسەد چوارسەد کەس ڕەگەڵ ئەو کەوتن. ئەوەش پتر ئەوی لەخۆبایی کرد و موحەممەدپاشاش بە جارێکی هەراسان و جاڕز بوو. ئاگری دژمنایەتی لە نێوان ئەواندا هەڵگیرسا. فەرمانی قەزا لە بارەی کوردە یاغییەکاندا درا و مڵک و وڵاتیان داگیرکرا. حەسەنخان بەناچاری لە وێندەرێ دامەزرا و چلۆنایەتی بە پێچکی تەختی پادشا ڕاگەیاند. ئەو خەبەرە لە ئەردەوێڵ بە عەرز گەیشت. وەک لە سەرەتاوە نووسیمان عالیجەناب ئیعتیمادوددەولە حاتەمبەگی بۆ ئەو لای ڕەوانە فەرموو کە بە چاوێکی ژیرانە تەماشای ئەم سنوورانە بکا و ئەگەر ئەمیرخان هیچ جێی متمانە بێ دڵی بداتەوە

و بە کەرەمی شاهانە هیواداری بکا. جەلالییەکان لە دەورەی قەلای ئەو ڕاگـوێزێ و وەک سالان جێهەواریان بداتێ. پێنجهەزار تومەن زێڕی نەغـد لـە خەزێنـەی دارمالی شاهانە وەربگرێ و بیدا بە جەلالییەکەن. جـا ئەگـەر ئـەمیرخان هـەر دانەمەزرا و کەللەڕەقی و کەلەوەکێشی کرد، ئـاوێکی بـەو ئـاگرە هەلـپرژێنێ و ملکەکانی ئەو بە سەر جەلالییـەکاندا دابـەش بکـا تـا لـەوێ نیشـتەجێ بـن و ئاسەواریش لە کوردە لاسارەکانی دیکە ببڕێ.

✧✧✧

## باسی چوونە ورمێی «ئیعتیمادوددەولە» و گەمارۆدانی قەلای دمدم و کارەساتەکانی دەوری قەلا

کە عالەجەناب «ئیعتیمادوددەولە» لە ئەردەوێلەوە هاتـە تـەورێز و دەگـەل پیربوداقخان حاکمی تـەورێز و «بەرخورداربـەگی ئـەنیس»ی تـۆپچیباشـی و تفەنگچییەکانی ئیسـفەهانی و خوراسـانی و تـەورێزی و بـافقی وەڕێکـەوت، دووهەزار کەسیش جەلالیی کە لە تالانی قەراچەئەردەهانەوە دەگەڕانەوە ڕەگـەل کەوتن.

لە سەلماس، خانوەلەد غازیبەگی حاکمی ئەوێش وێڕای ئەولیابەگی کوڕی سەیفەددینە کوێرەی حاکمی ئـەنزەلی و سـۆما ڕەگـەل لەشـکر کـەوتن. ڕۆژی سێشەممۆ ۲٦ی شەعبان گەیشتنە هۆردووی ورمێ. حەسەنخان و مەحەممەدپاشا و گەورەکانی بە پیریەوە هاتن و بە خزمەت گەیشتن. هۆردوو لە جێگایەکی باش دامەزرا.

ڕۆژی پاشـێ جـەنابی «ئیعتیمادوددەولـە» پیـاوێکی بـاوەڕپێکراوی دەگـەل مەلیکئاغاموحەممەد «تەسسووجی» کە ئاشنایەتـی کـۆنی دەگـەل ئـەمیرخان هەبوو، نارده کن ئەو. پاش ئامۆژگاری دۆستانە و خێرخوایانە داوایان لێکرد کە مل بدا و لە دەوروبەری قەلا بۆ دیدار ئامادە بێ تا ڕێگا بو نەهێشـتنی نـاکۆکی و ناتەبایی بدۆزنەوە و دلی ئەو بێننەوەجێ. ئەمیرخان ملی دا و لە قەلا هاتە خوار

www.zheen.org

و جەنابی وەزیریش بە چەند کەسەوە چوو. چاویان بە یەکتر کەوت و لە هەموو بابەتێک دوان.

ئەمیرخان بە ئاسوپەڵاسدا دەچوو و بە فرۆفێڵ و درۆودەلەسە خۆی بە غولام و نۆکەر نیشان دەدا و دەیگوت: «لە ترسی بەرەڵلایی و ئاکاری نالەباری جەلالییەکان و دڕدۆنگی لە بەرگری کردنی حەسەنخان پەنام بو ئەو چواردیوارە هێناوە. موحەممەدپادشا بە هیوای ملکوماشی منە و منی لە خزمەت خاوەنشکۆ بۆسۆ و بەدناو کرد. ئێستاش تکام ئەوەیە جەنابی وەزیر لە خزمەت خاونشکۆ عوزرم بۆ بخوازێتەوە. لەو زستانەدا لێمگەڕێن بۆخۆم نەبزووم و یەکێک لە کوڕەکانم لە خزمەت ئێوەدا دەنێرمە بارەگای بەرزی، جا کە بەهاریٚ خاوەنشکۆ بەرەو کوێستان هات، بۆخۆشم دێم بنڕێسمەی ماچ دەکەم.»

جەنابی ئیعتیمادوددەولە دڵنیای کرد هەموو شتی لیٚقبووڵ دەکریٚ بەو مەرجەی بەڵێنی خۆی بێنێتەجیٚ. بڕیار وا درا چونکە قەڵادارییی ئەو دەنگی داوەتەوە، بۆ ئەوەی خەڵک بزانن ئەو یاغی و سەرکێش نیە، بە خۆی و کەسوکار و دەستوپێوەندییەوە بێتە نێو قزڵباش و دەگەڵ گەورەگەورەکان یەکتر ببینن و هیچ ترسی نەبیٚ. ڕۆژێک ئەو میوانی ئیعتیمادوددەولە بیٚ و ڕۆژێک ئیعتیمادوددەولە میوانی ئەو بیٚ تا دەنگوباسی نێوانخۆشی و یەکەتی ئەوان لەو سنوورە بڵاو بێتەوە. ئەمیرخان بەوە ڕازی بوو و قەراری دا سبەینیٚ بێتە خواریٚ.

جەنابی وەزیر (ئیعتیمادوددەولە) کۆڕێکی جوان و باشی ڕازاندەوە. چونکە ئەمیرخان نەیدەویست چاوی بە جەلالییەکان بکەویٚ، بڕیار درا تاقە کەسێک لەو تیرە لەم کۆڕەدا بەشدار نەبیٚ. ئەویٚ ڕۆژیٚ هەرچی چاوەنۆڕ بوون سۆراخی ئەمیرخان نەبوو. دیسان «ئاغاموحەممەدی تەسسووجی»یان نارده کنی، بزانیٚ بۆچی دیار نیە؟ پاش وتووێژێکی زۆر بە ئاغاموحەممەدی کوت: «قسەی ڕاست ئەوەیە ڕیشسپییەکانی برادۆست لە فێڵ و دەهۆی قزڵباش و جەلالیی ئەمین نین و پێیان وایە ئیعتیمادوددەولە کە پیاوێکی تاجیک و خاوەن قەڵەمە، پێشی ئەوانی پێناگیریٚ و ئێمەی پێناپارێزریٚ.

بەکورتی یەخەی خۆم لە دەس ئێوە نانێم و ئەگەر بە قازانجی خـۆمی بـزانم کوڕێکم بە دیاری و پێشکێشەوە دەنێرمە خزمەت خاوەنشکۆ و ئەگەر خەیاڵێکی دیکەیان لە سەردایە ئەوە لەو حەوشە خزاوم و جگە لە قەڵادارییی چارێکم نیە.»

کورتی ببڕینەوە، لەبنەوەبڕی و ناپاکیی ئـەو ئاشـکرا بـوو. دیـاری دا کـە وتووێژەکانی بۆ فرۆفێڵ و خوبواردن بووە. ئەو قەڵا قایمە لەخۆی بایی کردووە و ڕێگای سەرەڕۆیی و لاساری گرتۆتەبەر.

عالیجەناب ئیعتیمادوددەولە دەگەڵ ئەمیرەکان ڕاوێژیان کرد و هاتنــە سـەر ئەوە هێندە نەرمکێشی لە ڕاست ئەمیرخــان بــە هـیچ بارێـک دەگــەڵ قــازانجی دەوڵەت ناگونجێ. هاتنی وەزیری گەورە و باوەڕپێکراوی دەوڵەت بۆ بـن قــەڵای ئەو و بە دەستبەتاڵی گەڕانەوەی زۆر شـوورەیی‌یــە و قبـووڵ نــاکرێ. هــەموو خۆیان لە قەڵاگرتن هەڵکرد، خەبەریشیان بە پێچکی تەختی شا ڕاگەیاند.

لە پێشدا بەڵێنم دابوو ئەم چیرۆکەتان وەک چۆن ڕووی داوە بە تــەواوی بـۆ بگێڕمەوە. جا بۆیە بە پێویستم زانی کەمێکتان باسی قەڵای دمدم بـۆ بکـەم: ئــەو قەڵایە لە سەر دوندی کێوێکی یەکجار بەرز دروست کراوە کە یەکپارچە بــەردێکی درێژووکە و تەسکە و وەک پشتی گا هەڵکەوتووە. لای شـیمال و جنــووبی دۆڵــی زۆر قووڵن کە لە ژێرڕا بۆ سەرێ دەبێ بە پەیژەی خەیاڵ بۆی بچی. لەبەر بەرزی پێویستی بە شوورە نیە و شوورەیان بـۆ نەکێشـاوە. دوو لایەکــەی دیکــەی کــە پانایی قەڵایەکە، لای ڕۆژهەڵاتی پاڵی وەبەرزایی چیــا داوە و شــوورەیەکی زۆر تەواوی بۆ کێشراوە و بورجی بڵندی هەن و دەرگایەکی هەیە. لای ڕۆژاوای کە لــە گۆڕایی نیزیکترە شوورەیەکی یەکجار قایمی هەیە و دەرگایەکی بــەرەو جنــووب دەکرێتەوە. لە دەروازەڕا بۆ عەرزی ڕێگایەک بە نێو بەردیدا هەیە کــە ئەوەنــدە تەنگە بە زەحمەت سوارێکی تێوەدەچێ. سەنگەر بردنە پێش لە لای ڕۆژهــەڵات و ڕۆژاواوە نەبێ ناکرێ. لە لای ڕۆژهەڵات تیرهاوێژێکی بۆ دەرکـی قــەڵا بمێنــێ، یەکپارچە بەردی سەخت و تەخت و ڕەقە. لە بنەوە بــوودڕی بــۆ لێنــادرێ، کــە بەردەکە بڕاوە بورجێکی زۆر بەرز و قایمیان لــێ دروسـت کـردووە کــە بۆخــۆی قەڵاییچەیەکە. تا ئەو بورجە بەردەست نەکرێ، سەنگەر بردنە بن قــەڵا محاڵــە. ئاوی قەڵا لە حەوزێکی گەورەڕا دابین دەکرێ کە بە باران پڕ دەبێ. بــەڵام لــە لای شیمال لە نێو گەڵیدا، نیزیکی قەڵا کانییەک هەیە. ئاوی زۆر کەمە، ئــەمیرخان

جۆگەی بۆ کێشاوە و ڕێی بۆ کردۆتـەوە و دە حەوزەکـەی کـردووە. ئـاوی ئـەو کانییە لە ئێوارەوە تا بەرەبەیانی حەوزەکەی پڕ دەکا. ئاوەکەی بەشی ڕۆژێکـی قەڵانشینەکان دەکا. گومبەزێکیان لە ڕێکی عەرزی لە سەر حەوزەکە هەڵخستووە کە لە پێش چاوان ون بێ، پێی‌دەڵێن «سـوولق»[1]. بـۆ پاراسـتنی حەوزخانەکـە بورجێکیان بە پاڵ قەڵاوە هەڵچنیوە. لـە لای جنووبـەوە سەهۆڵـدانێکیان سـاز کردووە کە لە زستان‌دا بە بەفر و سەهۆڵ داخندرێ. لە تـەنیشـت وێ حـەوزێک هەیە تا ئەو بەفر و سەهۆڵەی لە گـەرمای هـاوین‌دا دەتوێتـەوە و دەبێتـە ئـاو بەفێڕۆ نەڕوا و لە وێ‌دا کۆ بێتەوە و لە کـاتی کـەم‌ئـاوی‌دا بـە کـار بـێ. ئـەو سەهۆڵدانەش قەڵاییچەیەکی لە سەر دروست کراوە و پاسەوان و تفەنگی لە سەر داندراوە؛ بە ویش دەڵـێن «بووزلـق» یـا «قـارلق»[2] ڕێگـای ویـش وەگ ڕێگـای «سوولق» لە دەرەوڕا ونە.

بەکورتی ئەم قەڵایە لە پێنج قەڵا پێکهاتووە. یەکیان ئەسڵی قەڵاکە، یـەکیان قەڵای خوارێ، یەک «سوولق» و یەک «بووزلق» و ئەوی دیکەیان بورجی گەورەی دەرەوەی دەرگای ڕۆژهەڵات کە لە پێش‌دا باسمان کرد. هەر پێنج ئەوەندە بەرز و قـایمن کـە پـەیکی تیـژڕۆی بـیر و مێروولـەی خـەیاڵ ڕێیـان تێنابـا و وێیانهەڵناگەڕێ.

جەنابی وەزیر بە لێزانی و بیرتیژی و وشیاری خۆیـەوە کەمەنـدی زیپـک و زاکوونی هاویشتە کۆنگرەی داگیرکردنی ئەو قەڵا ئەستەمە. خـەریکی سـازکردنی ئامرازی پێویستی قەڵاگیریی بوو. لەو کاتەدا پێنج‌سەد تفـەنگچی لـە لەشـکری تایبەتیی خـاوەن‌شـکۆ بـە سـەرکردەیی «سەفەرقولـی‌بـەگ»ی یووزباشـی[3] و قۆرچییەکانی[4] «چگنی»[5] بۆ کۆمەک گەیشتنەجێ.

«گەنج‌عەلی‌خان»یش کە لە تەورێز بوو، بـە لەشـکرێکی پەرداخـەوە هـات. حەسـەن‌خـان و ئـەمیرانی هـاوڕێی ئـەو و تفەنگچییـەکانی ئیسـفەهانی و

---

١. سوولق: ئاوین←لێرەدا خەزێناو←عەمباراو. (ترکییە).
٢. بووزلق: سەهۆڵین←لێرەدا جێ سەهۆڵ. (ترکییە) قارلق: بەفرین←لێرەدا چاڵەبەفر (ترکییە).
٣. سەرکردەی سەد کەس؛ پلەیەکی لەشکرییە. (ترکییە)
٤. قۆرچی: کۆرچی، کەواندار، تیرهاوێژ، چەکدار. شەڕکەر.
٥. چگنی: چگینی، ناوی خێڵێکی هۆزی قەشقاییە.

«میرفەتتاح»ی سەرکردەیان بۆ بەری ڕۆژهەڵات داندران و بەری ڕۆژئاواش بە پیربوداقخان ئەسپێردرا. مرادخانی سوڵتانچینی و خەلیلسوڵتان و موحەممەدتاقیبەگ بۆ بەرامبەر قەڵاییچەی بووزلق نێردران و پاراستنی دەروازەی ئەولا بە گەنجعەلیخان ئەسپێردرا. تفەنگچی مازندەرانی دەگەڵ سەفەرقوڵیبەگ و قۆرچی چگنی بۆ بەری شیمال تاعین کران. بەرخورداربەگی ئەنیس و تۆپچییەکان بە دوو تۆپی گەورە و یەکی «بالیمز»ەوە دامەزران و قەببانسوڵتان بێگدلی[1] بە سەرکردەی تۆپخانە داندرا. جارێ تۆپێکی پچووکیان لە دەریای ڕەشەوە بە کەشتی هێنا و لە سەنگەری حەسەنخان دابەسترا. موحەممەدپادشا تووشی نەخۆشی دڵ هات، خزمەتێکی پێنەسپێردرا، بەڵام جەلالییەکان بە سەر بەشەکانی لەشکردا دابەشران. پێنجهەزار تومەن زێڕی شایی عەبباسی کە بۆ باربووی جەلالییەکان هێنرابوو، بە سەریاندا بەش کرا. بۆهەر هۆزێکیان جێهەوارێک لە پێشچاو گیرا. لەشکر خێوەتی هەڵدا و هەر دەستەیەک چووە سەر کاری خۆی. ئەمیرخان خەبەردار بوو و ترسا. زۆرجار پیاوی نارد و خەریک بوو بە درۆودەلەسە ئەو کێشەی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، بەڵام چونکە فڕوفێڵەکانی ئاشکرا ببوون گوێ نەدرا قسەکانی. بەناچاری ئەویش خەریکی بەرگری و قەڵادارییی بوو. چەند کەس لە ئەمیرزادەکانی برادۆست لە قەڵا دەرپەڕین و هاتنە ڕیزی شاپەرستانەوە. هەرکەس لە قەڵاوە دەهات دەیکوت: قەڵانشینەکان لەبەر کەمئاوی سەخڵەتن. چونکە لەبەر وشکەساڵی و کەمبارانی ئاوی حەوزەکە زۆری لە کەمی داوە و ئەوی ماوەش بۆگەن بووە و دەیدەن بە چوارپێیان. ئاوی خواردنەوە بریتییە لە ئاوی سوولق، ئەویش تاستاس دەدرێ بە پیاوماقووڵان. ئەگەر سوولق داگیر بکرێ جگە لە خۆ بە دەستەوەدان چاریان نیە. ئەویش بێتوو لە بنەوەڕا بوودڕی بۆ لێبدرێ گیرانی زۆر گران نیە. ئەو تەگبیرە ئاقڵ دەیگرت و ئەگەر بەو جۆرە ناچاریان کردبان خۆ بە دەستەوە بدەن زۆر لە شەڕ و خوێنڕێژی باشتر بوو. هەموو کۆششی خۆیان بۆ ئەو کارە تەرخان کرد. وەستا کەرێزکەنەکان خەریکی بوودڕ لێدان بوون. تا عەرزەکە خاک

---

١. مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی نووسیویەتی «قوبادخان» نەک قەببانسوڵتان، بڕواننە: شەرەفنامە، پەڕاوێزی لاپەڕە ٥٥٦.

و نەرم بوو بە هاسانی چوونە پێش. کە گەیشتنە بەردی، سەوەیان چنین و شەوانە لە ڕێگای دوورەوە گڵیان دەهێنا و سەوەکانیان پڕ دەکرد و بە ڕیز دایاندەنان و کۆلانێکی سەرداپۆشراویان دروست دەکرد. حەسەنخان لە لای ڕۆژهەڵاتەوە ئاوا دەچووە پێش. پیربوداقخانیش لە لای ڕۆژئاواڕا سەربەرەژوور دەچووە پێش و هەر ئەو کارەی دەکرد. کوردەکان لە بەرەبەیانەوە دەڕژانە سەنگەرەوە و شەڕی باشیان دەکرد و دەمبەدەم هاڕەی تیری تیژپەڕی ئەوان پەیامی ئەجەلی بە گوێی غازییەکان[1] ڕادەگەیاند و گوللەی تفەنگ وەک تەرزە بە سەر ئازاکاندا دەباری. دووسێ جار بە ڕۆژی ڕووناک خۆیان دە سەنگەران هاویشت و شەڕی بەسام و گرانیان کرد. غازییەکان زۆر سەیر خۆیان ڕادەگرت و توندیان بەرگری دەکرد. جارێکی پەلاماری مەتەرێزی «نیعمەتولڵاسولتان»ی سۆفییان دا، سۆفییەکان ئازایەتی و مەردایەتییەکی سەیریان نیشان دا. پێنجکەس لە زارکی مەتەرێزەکە یەک لە دوای یەک کوژران و نەیانهێشت کوردەکان خۆی تێباوێن. هەرکەس دەکوژرا گیانبازێکی دیکە جێی دەگرتەوە. لەو ڕۆژەدا هەموویان پیاوەتی و ئازایەتییان نیشان دا. لەو شەڕەدا حەوتهەشت کەس غازی کوژران و پازدێک بریندار بوون. کوردەکانیش تا بیست کەسیان لێکوژرا و سیچل کەسیان برینی هێنا و چیان بۆ نەکرا و چوونەوە دە قەڵاوە. لە سەنگەری حەسەنخانیڕا ئەو تۆپەی بەرەو بورجەکە دابەسترابوو، پاش بیست ڕۆژ، بەڵکە مانگێک تۆپباران چرژێکی لە بورجەکە کردبوو، بەڵام هێشتا وا نەبوو پێیدا وەسەر بکەوی. حەسەنخان هەڵەشەیی کرد و سەربەخۆ بێئەوەی پرس بە ئیعتیمادوددەولە بکا، ڕۆژێک هێرشی بردە سەر بورجەکە، دوازدە لاوی هەڵکەوتوو ئازایانە خۆیان گەیاندە سەر بورج. چەند کەسیان ئەنگووان و هەڵدێران. ئەوانی دیکە چاوترساو بوون و کەس نەیوێرا هەڵکشێ و خۆیان

---

١. ڕەنگە ئەسکەندەربەگ وەک ئاوێنەی بیر کردنەوەی دەوران لە شەڕانی ڕوانیبێ و بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی بە دەگژ یەکڕاچوونی کافر و مسوڵمان داناوە و چەکدارانی بە غەزاکەر ناوبردوون. وشەی «غازی» بۆ شەڕی پیرۆز (جیهاد)ی لە ڕێی خودادا دەکار دەکرێ؛ تێکهەڵچوونی نێوان لادینی و دینداری. لێرەشدا ڕەگەز و مەزەب دوو بەڵگەی چاک بوون بۆ کوشتنی کوردان... .

هەڵداشت. دووسەد کەس کە گەیبوونە بن بورجەکە لەوێ دامەزران، تا نیوەشەو شەڕ بوو و خەریکی کۆڵینی دیواری بورج بوون.

لەو کاتەدا کوردەکان لەپڕ لە پشتەوە پەلاماری غازییــەکانیان دا و بــوو بــە شەڕەشیر. لە سەر بورجەوەش گوللەی تفەنگ داباری، لە قــەڵاشــەوە دەســڕێژ دەکرا و کۆمەک بۆ غازییەکان نەدەنێردرا. ناچار غازییەکان دەســتیان لــە شــەڕ هەڵگرت و گەڕانەوە. لاوی ئازا و هەڵکەوتوو لەو شەڕەدا کوژران و بریندار بوون. حەسەنخان لە ئازایەتی شێتانەی خۆی پەشیوان و شەرمەزار بۆوە. کارێک بوو کرابوو، لەبەر ئەوە جەنابی وەزیر لە دوای چوان نەچوو و دڵخۆشــی داوە. لــە شەڕێدا زۆر کارەساتی وا دەقەومێن. گرتنی قەڵایان بێ کارەساتی وا نابێ.

پاش ماوەیەک کە کەرێزکەنەکان کاریان کرد، لە بــن عــەرزەوە نــەیانتوانی سەرچاوەکە بدۆزنەوە. سەریان لێشێوابوو و نەیاندەزانی بوودڕەکە بەرەو کوێ لێدەن؟ بەناچاری هەرچەند هەنگاوێکی دەچوونە پێش نیشانەیەکیان دەچەقانــد کە دیاربێ بوودڕ بۆ کوێ دەچێ. بەو نیشــانانە کوردەکــان لــە کــەینوبەینەکــە گەیشتن. لەبەر بێئاوی وەک ماسی کەوتبوونە تۆڕ و هەڵبەزهەڵبەزیان دەکــرد. هــەموو شــەوێ هێرشــیان دەهێنــا ســەر بوودڕەکــە و دەگــەڵ تفەنگچییــەکانی مازندەرانی و سەفەرقوڵیبەگ و قۆرچی چگنی کە پاســەوانی بــوودڕ بــوون بــە شەڕدەهاتن. شەڕی زۆر گەورە دەکــران و شــەوبوێریان نــەبوو. کەرێزکەنــەکان دەرفەتی کارکردنیان نەبوو. سێ مانگەی ڕەمەزان و شەشەکان و نێوجێژنان بــەو جۆرە شەڕ و کێشە درێژەی هەبوو. دووسێجار خەڵکێکی زۆری شەڕنەکەر و ژن و منداڵیان لە قەڵا وەدەرنا کە ژمارەیان نیزیک بە هەزار کەس دەبوو.

ئەو خەڵــکە بــە شڵــەژاوی خۆیــان دەگەیانــدە ئــاو. گــەمارۆدراوەکان ئــەو کانیلکــەیان بــە ئــاوی حــەیات دەزانــی و فیداکارانــە بــۆ پاراســتنی ســوولق تێدەکۆشان. لەو لایشەوە ئەوپەڕی هەوڵ بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە درا و بێسوود بوو. چوتکە ئاوی حەیات ون بــوو، جــەنابی وەزیــر تــەگبیرێکی دیکــەی کــرد. بڕیاریان دا کە بە سەر عەرزیدا بۆی بچن و ســەربانی گومبــەزی ســوولق کــون بکەن و تۆپی گەورە لە دیواری پەیژە بەرەو داڵانی ئاو دابەستن و ئاگری بدەن کە کوردەکان نەوێرن هاتوچۆی کانییەکە بکەن؛ بوودڕەکەش بە بن عــەرزیدا هــەر لێبدەن. قەرار درا کە میرسۆفی و میرپازووکی و میرموقەددەم لە سەنگەرەکانیان

بێنەدەر و سەنگەر بگوێزنەوە بۆ سوولق. حەسەنخان پیاوی کارامەی لــە جێــی خۆی دانان و بۆخۆی سەرپەرستی ئەو میرانەی وەئەستۆ گرت. پیربوداقخانیش سەنگەرێکی بەرەو سوولق دامەزراند. جەنابی ئیعتیمادوددەولــە ئەونــدەی ئــەو قەڵاگرتنە بە لاوە گرینگ بوو کە بۆخۆی هاتە سەر تۆپخانە. بیستویەک ڕۆژ لە سەر تۆپخانەی بوو. لــە بەیانــەوە هــەتا ئێــوارە تــۆپهاویشــتن و پاراســتنی سەنگەرەکان لە ژێر چاوەدێری خۆیدا بوو. هەموو شەوێ هەر ئەرکێک بــە هــەر ئەمیرێک ئەسپێردرابایە بەیانی لێیدەپرسراوە و ئەگەر تەنــەخی تێــدا کردبــا، سەرکۆنە دەکرا. کوردەکان زۆر هەراسان بوون؛ کە شــەو ڕادەشــکا لاوی تــەیار و پەرداخ و چەکدار دەهاتنە دەرێ و لــە دەورەی ســوولق شــەڕ دەســتپێــدەکرا و ئازایەتییان نیشــان دەدا. لــەم لایــەشــەوە مەشــخەڵ هەڵدەگیرســان و لەبــەر ڕووناکایی مەشخەلان تفەنگچییــەکان بەربــەرەکانییان دەکــرد. هــەموو شــەوێ ژمارەیەک لە هــەردوو لایــان دەکــوژران و برینــدار دەکــران. لــە لاپاڵــی چیــا ئەشــکــەوتێک هــەبوو کــە بــە ســەر ســوولقدا دەیــڕوانی. کوردەکــان لــە بــن ئەشکەوتەکەوە بوودرێکیان لێدەدا کە لە ئەشکەوت بێنــەدەر و لای ســەروو لــە غازییەکان ببڕنەوە دەریانپەڕێنن و بۆ هەمیشە بەرگری لەو کــارە بکــەن. پــاش ئەوەی ئەو خەبەرە بە ئەمیرەکان گەیشت، وایان بە باش زانی کە پــێشدەســتی بکەن و ئەشکەوتەکە بگرن تــا لــە داگیرکردنــی سوولقدا دەســتیان بکرێتــەوە. نیزیکەی سی لاوی لەخۆبووردوو و هەڵکەوتوو ئەو ئەرکەیان وەئەستۆی خۆیان گرت. دەگەڵ گزینگی هەتاو ئەو لاوە ئازایانە لە زارکی سەنگەرەوە بە بەر قــەڵادا بە غار ڕۆیشتن و خۆیان دە ئەشــکەوت هاویشــت. لــە قــەڵاوە زۆریــان تفــەنگ پێوەنان، بەڵام لە یەک کەس زیاتریان لێنەکوژرا.

کە شەو بەرگی عەبباسییانی[١] دەبەر کرد، ئەمیرە گەورەکان تا نیوەشــەو لــە سەر سەنگەرەکانی خۆیان ڕاوەستان و پاسەوانییان کــرد. پــاش نیوەشــەو دوو دەستە لە کوردەکان هاتنە دەرێ. قۆڵێک ڕوویان دە سەنگەرەکان کرد و شــەڕیان هــەڵایســاند و خەڵــکیان بــە خۆیانــەوە خــەریک کــرد و قۆڵــێکیش لــە بــن

---

١. جلکی عەبباسییان: جلوبــەرگی ڕەش، خەلیفــەکانی عەبباســی زیــاتر جلکــی شــەوەڕەنگیان دەپۆشی.

ئەشکەوتەکەوە سەریان دەرێنا و دەگەڵ ئەوانەی لە ئەشکەوتدا بوون شەڕیان دەستپێکرد. ئەو لاوە ئازایانە چاک وەدەست هاتن و تا گوللەیەکیان پێما و تیرێکیان لە تیرداندا بوو شەڕیان کرد و ئەشکەوتیان بە دەستەوە نەدا. پاش ئەوەی چیان پێنەما و دە کەسیشیان لێکوژرا و چی وای نەمابوو کوردەکان خۆیان دە باڵ باوێن و ئاسەواریان لێببڕن، ئەو بیست کەسەی مابوون دەستیان دا شیران و لە ئەشکەوت دەرپەڕین و بە نێو کوردەکان وەربوون تا بە قوونەشەڕ بڕۆن و ئەوی ئەجەلی وەدرنگی کەوتبێ بە زیندوویی بگاتەوە سەنگەر. هەشتی برینداریان هەر چۆنێک بوو گەیشتنەوە و ئەوانی دیکە ڕێگەی نەمانیان گرتەپێش. کوردەکان دوو برینداریان کە یەکیان تفەنگچێکی ئیسفەهانی و ئەوی دیکە پازووکی بوو بە زیندوویی گرت و بردیاننە قەڵایە. ئەمیرخان لە ئازایەتی ئەوان سەری سوڕمابوو و نەیهێشتبوو بیانکوژن و دەرمانی کردبوون و پاش ئەوەی برینەکانیان ساڕێژ ببۆوە ئیزنی دابوون بێنەوەدەرێ.

بەکورتی لە بەرەبەری بەیاندا ئەو شەڕە دوایی هات و کەلاکی کوژراوەکان کە لەبەر زارکی ئەشکەوت کەوتبوون، دیار بوو. غازییەکان کەمێکیان سام ڕێنیشت. جەنابی ئیعتیمادوددەولە دڵتەنگ بوو و هەرەشەی لە ئەمیرەکانی موقەددەم و سۆفی و پازووکی فەرموو.

بەڵام لە شەڕێدا ئەوانە هەر دەبن و ئەویش بۆ ئەوەی دژمن دڵخۆش نەبن، زیاتر لە ڕۆژان خەریکی کاروباری شەڕێ بوو. هەر ئەوێ ڕۆژێ چل غازی ئۆستاجلوو کە لەگەڵ حەسەنخان بوون ڕقیان هەستا و غیرەتیان بزووت و خۆیان بۆ گرتنەوەی ئەشکەوت ئامادە کرد. ئیعتیمادوددەولە لە ئیزندانیان دوودڵ و لە ڕووداوی دوێشەوێ نیگەران بوو. حەسەنخان زۆری هەوڵ دا و گوتی: ئەمشەو بۆخۆم ئاگام لەوانە دەبێ و بە سێسەد کەسەوە بەرگری لە هێرشی کوردەکان دەکەم. جەنابی وەزیر لایەک خۆش و لایەک ناخۆش ڕەزای دا و بە قەببانسوڵتان بێگدلی و ئیمامقولیسوڵتانی ئاجۆرلووی ئەسپارد کە پشتی حەسەنخانی لەو شەوەدا بە هەموو هێزی خۆیانەوە بگرن. لەسەر داوای

www.zheen.org

ئەمیرەکان دە کەسی دیکەیان ڕەگەڵ خستن و بەتێکڕایی بوونە پەنجا کـەس. بـە تەیاری و چەکداری تێشوو و پێویسـتی چەنـد ڕۆژەیـان هەڵـگرت و لینگیـان دا بەرەو ئەشکەوت. کوردەکان لە ئازایەتی و خۆبەختکردنی ئەوان سەریان سوڕما. کە شەو داهات زووتر لە شەوێ دی هاتنەدەرێ و شەڕ قەوما، شەڕێکی یـەکجـار توند و گەورە. حەسەنخان و ئەمیران لە دەرەوە و کوڕەکوڕەی نێو ئەشکەوت لە ژوورەوە بە گژ کوردەکاندا هاتنەوە و تا بەرەبەری بەیان شەڕ بوو و کوردەکـان هەرچەندی تێکۆشان چیان بۆ بە چی نەکرا و بە شڵەژاوی گەڕانەوە و غازییەکان پیاوانە ئەشکەوتیان داگیر کرد. هەموو شەوێ چەنـد کوردیـان کـە تـا بـەیانی ئاویان دەکێشاوە بە تۆپ و تفـەنگ دەکوشـت و برینـدار دەکـرد. تـا وردەوردە سەنگەر هەڵکشان و گەینە سەر بانی حەوزی سوولق. گومبـەزی حەوزخانـەیان کون کرد و لەوێڕا ڕێگای ئاویان دیتـەوە و زانیـان سـەرچاوەکەی لـە کوێیـە. کوردەکان خەریکی دۆزینەوەی چارە بوون. هـەموو ڕۆژێ لـە نێـو بوودڕەکـەوە شەڕیان دەکرد و بەرگرییان لە کاری ئەو کەسانە دەکرد کـە بوودڕیـان لێـدەدا. ئەمیرە گەورەکان ڕۆژی هەژدەی مانگی قوربـان، جەنگـەی نیوەڕۆیـە، کایـەکی زۆریان دە کونی سوولق کرد و ئاگریان تێبەردا. پاسـەوانی حەوزخانـە خۆیـان لەبەر ئەو قانگدانە ڕانەگرت و هەڵاتنەوە بۆ قـەڵا. غازییـەکان خۆیـان فـڕێدا خوارێ و سوولقیان داگیر کرد و ڕێگای ئاویان باش بە خشت و قوڕ گرت. ئـەوێ ڕۆژێ هەرایەکی گەورە لە بن قەڵا دەسپێکرا. کوردەکان زۆر تێکۆشـان بـەرگری لەو کارە بکەن، بەڵام دەرۆست نەهاتن و هیچیان بۆ نەکرا. پاسـەوانیی سـوولق بە تفەنگچییەکانی مازندەرانی ئەسپێردرا و ئەمیرە گەورەکان هەر یەکە گەڕانەوە بۆ سەنگەرەکانی پێشووی خۆیان. جەنابی ئیعتیمادوددەولـەش لـە تۆپخانـەڕا گەڕاوە بۆ مزڵی خۆی.

ئەمیرخان و گەورەگەورەکانی تا دە پـازدە ڕۆژ بـە ئـاوی کـەمی بووزلـق و خەڵکەکەش بە ئاوی بۆگەنی حەوزی گەورە قەناعەتیان کرد و خەریکی قەڵاداریی خۆیان بوون، چونکە داگیر کردنی سوولق لە زستانەوە تا بەهاری کێشا. وەختی

بارانێ هات و هەورەکان ئەمساڵ بەپێچەوانەی ساڵی ڕابردوو وەک فیلانی مەست کەوتنە شریخوهۆڕ و بە ڕوحمی خوڵای کە کەس نازانێ چەنـد زورە، نیزیکـەی مانگێکی بێنێوبڕ باران باری و لێی‌نەکردەوە و قەڵانشینەکانی لە ئـاو بـێ‌نیـاز کرد. چونکە تەگبیر تەقدیری پێهەڵناوەشێتەوە، ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشانەی لەو سێ مانگەدا بۆ داگیرکردنی سوولق ئەنجام درا بەفیڕۆ چوو؛ قـەڵانشـینەکان پتر لە جاران خەریکی قەڵاداریی بوون.[1]

*[ئەم کارەساتە تا ئێرە لـە ساڵـی بیسـتوسـێیەمی پادشـایەتی شاعەبباسـی سەفەوی‌دا کە ڕێککەوتی ساڵی ١٠١٧ی کـۆچی (١٦٠٨ی زایـینی)یـە ڕووی داوە و لـە لاپەڕەی ٧١٩ تا ٨٠١ی کتێبی عالـەمئـارای عەبباسـی، نووسـینی ئەسـکەندەربەگی تورکمان، چاپی گوڵشەن، تـاران، ١٣٥٠ی هـەتاوی (١٩١٧ی زاییـنـی) نووسـراوە.[2] دوایەکەی دەکەوێتە ساڵی بیستوچوارەمی پادشایەتی شاعەبباس. «هێمن»]*

✧✧✧

## باسی داگیرکردنی قەڵای دمدم و کوژرانی ئەمیرخان و دەستوپێوەندەکانی و کارەساتەکانی دیکە کە هێندێکیان لە سەردەمی ژیانی ئیعتیمادوددەولەدا و هێندێک پاش ئەو ڕوویان داوە

www.zheen.org

چونکە لەبەر بارانی زۆر وەک گوتمان سوولق سـوودێکی ئـەوتۆی نـەبوو، بڕیار درا کە هـەموو ئـەمیرەکان سـەنگەری خۆیـان بـە ڕێگـای کووچـەی بـە سەوەتان‌دا بەرنە پێش و قەڵاکەی بە یارمەتی خودا و هێزی باسک بگرن. جەنابی وەزیر لە مزڵی خۆی باری کرد و بۆ لای سەنگەری حەسەن‌خان هات. سەنگەرێکی

---

١. بەپێی دەقی عالەمئارا (ل ٨٠١-٨٠٢) هەر لەو سەروبەندەدا بە هەزاران کەس جەلالیی لە ورمێ و شنۆ و سەڵماسەوە ڕوویان کردۆتەوە حکوومەتی عوسمانی و چوونـە کـەرکووک و دیاربـەکر و خۆیان لە زەبری قزڵباشان دەرباز کردووە... محەممەدپاشای سەرۆکیان هەر لەو ساڵی‌دا دەمـرێ و لەبەروەی گۆیا پاشەواری نابێ مەڕ و ماڵات و ڕەوە و ملک و ماڵی دەبەخشـرێتە قراسـەعید... دەڵێن کۆڕەوی جەلالییەکان سەری گەیوەتە پازدەهەزار کەس.

٢. لاپەڕە ٧٩١-٨٠١ دروستە و چاپی دووەمە.

به سەرکردەیی سەفەرقولی‌بەگ و پیاوەکانی تایبەتیی شا کردە سەنگەری خۆی و لەوێ‌دا دامەزرا. لە هەموو لاوە شەو و ڕۆژ تێدەکۆشان و شتومەک و کەرستەیان دەکێشاوە. سەوەچنەکان سەوەیان دەچنین و هێندێک گڵ و قوڕیان لە ڕێگای دوورەوە دێنا تا سەوەکان پڕ بکەن. ئاسنیان بە سەر تەختەیەکی ئەستووردا کێشابوو و گەردوونەیەکیان سازکردبوو کە کارگەرەکان لە پشت ئەوی کار بکەن و لە گوللەی زەبرزەن و تفەنگ بپارێزرێن. بەوجۆرە شەوانە کاریان دەکرد و گەز بە گەز دەچوونە پێش. دەگەڵ ئەوەش‌دا هیچ شەوێک نەبوو کە دووسێ کەس نەنگێودرێن و لە نێو نەچن. دە پێش‌دا حەسەن‌خان و ئەلیاس‌خەلیفەی قەراداغلوو و میرفەتتاحی مین‌باشی[1] تفەنگچییەکانی ئیسفەهانییان بەو جۆرەی، گوتمان بردنە پێش و سەنگەریان گەیاندە بن بورجی گەورەی دەرەوەی قەلا و تەنیشت دیواری. «قەرابەگ»ناوێک کە وەکیلی ئەمیرخانی بوو، پاسەوانیی لە بورجەی دەکرد. کەرێزکەنەکان چەند ڕۆژ کاریان کرد و ئەو دارانەیان ئاگر تێبەر دا کە بۆ قایمیی دە نێو چینەی دیواریان کێشابوون. ئەو دارانە سووتان، دیوارەکە هەرەسی هێنا و زگی دا و نیوەڕۆیەک کە کارگەرەکان خەریکی نان خواردن بوون، لایەکی بورجەکە بزووت و تێکڕووخا و دەستەیەک لە پاسەوانەکان دەگەڵ خاک و خۆڵ بۆ نێو دۆڵەکە جالە بوونەوە.

کە ئەوە ڕووی دا جەنابی وەزیر بە حەسەن‌خانی دەستوور فەرموو کە ئیتر چ وەختی ڕاوەستانە، هێرش بۆ بورجەکە بەرن.

حەسەن‌خان فەرمانی هێرشی دا. هەوەڵ کەسێکی پێی لە سەر بورجەکە دانا و تفەنگی لە قەرابەگ دا و سەری بڕی و هێنایەوە، پالاوان موحەممەدناوێک بوو لە تفەنگچییەکانی خۆزانی ئیسفەهانی. لە پاش ئەو دوازدە کەسی دیکە وەسەر بورجەکە کەوتن و حەوت‌هەشت پاسەوانیان لە سەرێ سەر بڕی. خوشکەزای ئەمیرخان کە لاوێکی زۆر جوانچاک و شەنگ و شۆخ بوو، هەڵدێرا و لە خوارێ دەگەڵ گێلەپیاوێکی تیرەی چینی کە لە پاسەوانان بوو تێکئالقان و دەست بە

---

١. سەرکردەی هەزار کەس؛ پلەیەکی لەشکرییە. (ترکییە)

یەخە بــوون. هــەر دەسبــەجێ کوشـتی و سـەری بـڕی و هێنایـەوە. جـەنابی ئیعتیمادوددەولە زۆری پێناخۆش بوو و گەلێک بە سـەر کـابرایدا هـات و ئـەو خەڵاتەی بە هیوای بوو نەیدرایە.

بیبڕینەوە، بورجەکە داگیرکرا و پاسـەوانەکانی زیاتریـان کـوژران و چەنـد کەسیشیان لە بن دار و بەرد و گـڵدا خنکـان. نووسـەری ئـەم پیتانـە کـە لـەو هاتوچۆیەدا ڕەفیقی جەنابی وەزیر بوو، ئەم چوار نیوە شێعرەی بە دڵدا هات و نووسی:

ایـن بـرج کـه یـافتی بـه فـتحش تأییـد
از مطلـع آن برآمـدی چـون خورشـید
کوتـاه بُـدی ز رفعـتش کیـوان را
از دامـن خـاکـریـز او دسـت امـیـد

یانی:

ئەو بورجـە کـە بـۆ گرتنـی دەسـتت گـیرا
لە ئاسـۆی ئـەوی وەک هـەتاو هاتیـە دەر
ئەوەندە بەرز بوو کە دەستی هیوای کەیوان
کورت بـوو بـۆ ئـەوەی بـگاتە توربەڕێژی

www.zheen.org

کاتێک بورجی گۆرین کە وەک بەردی سەر ڕێگای غازییـان بـوو گـیرا، کـار هاسان بوو. لە مـاوەی دە ڕۆژدا سـەنگەرەکانیان گەیانـدە دەوروبـەری قـەڵا و تۆپچییەکانیان دامەزراند. تۆپێکی گەورەی بالمیزیان بەرامبەر بە قەڵای سەرێ و تۆپێکی دیکەیان بەرامبەر بە قەڵای خوارێ لە سەنگەری پیربوداقخاندا دامەزراند و دەستیان بە گوللەباران کرد و تەنگیان بە قەڵانشینەکان هەڵـچنی. ئـەمیرخان سـەر لـێشـێوا و کوردەکـان هیوابـڕاو بـوون. چونکـە گـەلێک لـە خـزم و کەسوکارەکانیان لەو شەڕانەدا کوژران. چونکـە قـەڵانشـینەکان دەسـتیان بـە هاتنـەدەر کـرد. هـەموو ڕۆژێ دە کـەس و بیسـت کـەس لـە کوردەکـان و لـە جەلالییەکان خۆیان دەرباز دەکرد و پەنایان بـۆ سـەنگەرەکان دەهێنـا. لەسـەر فەرمانی پیرۆز پەنا دەدران و خەڵات دەکران و دڵخۆشیی دەدرانەوە.

بەکورتی کاری قەڵا گەیشتە جێگایەک کە ئەورۆ و سبەی بگیرێ. کە ڕووداوی مەرگی ئیعتیمادوددەولە ڕووی دا و چلۆنایەتی ڕووداوەکە ئەوەیە: ڕۆژێکی دەگەڵ ئەمیرەکان لە مزڵی گەنجعەلیخان بوون. ئێوارێ کە هاتنەوە سەرێکی تۆپخانەیان دا؛ سەریشەوێ هاتنە دیوەخان، پاش بەجێگەیاندنی نوێژان دوو بەتڵ لە شەو ڕابرد وەک جاریجاران زۆر بە ڕووگەشی و ڕووخۆشی دەگەڵ خەڵکی مەجلیس قسەی کرد. کاتی خەو چۆوە جێی نوستن. نووسەری ئەم پیتانە هێشتا نەگەیبوومەوە مزڵی خۆم کە بە دوامدا هاتن. منی هەژار سەرم سوڕما کە دەبێ هۆی بانگ کردنم چ بێ؟ یەکی دیکە گەیشتێ و کوتی: جەنابی میرزای بە مەرگی موفاجات تەواو بوو. هەموو تووشی سەرسوڕمان و خەم و پەژارە بوون. خەبەرەکەمان بە خاوەنشکۆ ڕاگەیاند. هەر ئەو شەوی تەرمەکەمان لە بن قەڵا هێنا خوارێ و شوشتمان و کفنمان کرد. ئێوارەی ئەوێ ڕۆژێ ناردمانەوە تەورێزێ. ئەمیرەکان ناردیان لە دووی ئیمامقولیخان کە بە لەشکرێکی تەیارەوە لە سەڵماس بوو.

ئەو ڕووداوە هەموو کەسی پەرێشان کرد و کاری قەڵای کە نیزیک بە تەواو بوون بوو کەمێک وەدواخست. قەڵانشینەکان خوڕاگرتر بوون تا موحەممەدبەگی شاملوو کە کرابووە سەردار گەیشتەجێ. ئەمیرەکانی پێشوو و تازەهاتوو بەوپەڕی لەخۆبووردنەوە خەریکی گرتنی قەڵا بوون. بە ماوەیەکی کورت سەنگەرەکان لە خوارەوە گەیشتنە بن دیوار و بورجەکان بە زەبری تۆپە بەردوەشێنەکان وەلەرزین کەوتن و درز و کەلێنیان لێپەیدا بوو. لە لای سەرەوە ئازایانی قەڵاشکێن هێرشیان هێنا و دوو سێ بورجیان داگیرکرد. لە لای سەنگەری پیربوداقخانیشەوە غازییەکانی تورکمان پەلاماریان بۆ بورجەکانی خوارەوە کە کوڕە گەورەی ئەمیرخان فەرماندەی بوو، برد و پێیهەڵچوون و وەسەر کەوتن. پاسەوانەکان خۆیان بۆ ڕانەگیرا، دەستیان لێهەڵگرت و ڕایانکرد بۆ قەڵای سەرەوە. حەوشەکە کراوە و لەوێڕا خەریکی هەڵکەندنی دیواری نێوان دوو قەڵاکان بوون. پاسەوانەکانی بووزلق پیاویان ناردە خزمەت ئەمیرەکان و ئامانیان خواست و تەسلیم بوون و بووزلقیان بە دەستەوە دا. سێ قەڵای قایم گیران، کوردەکان لە فڕە کەوتن، هەموو ڕوویان لەماڵی ئەمیرخان کرد کە

www.zheen.org

ئەویشیان کردبووە نارینقەڵا.[1] غازییەکان بێترس خۆیان دە قەڵا هاویشت. جگە لە ماڵە ئەمیرخان هەموو کەلێن و قوژبنی قەڵاکەیان داگیر کرد. ئەمیرخان کە تەماشای کرد لە هەموو لاوە بەڵا دەورەی گرتووە، کوردەکانی لە شەڕ کردن مەنع کرد و ناردییە کن موحەممەدخان و تکای کرد کە بۆخۆی دەگەڵ غازییەکانی شاملوو بێتە نێو قەڵا، چونکە لە حەسەنخان دەترسم و زۆرمان خوێن لە یەکتر ڕشتووە؛ ئەو ئاگاداریمان لێبکا خۆم و کوڕەکانم و خێزان و دەستوپێوەندەکانم بە سەلامەتی بنێرێتە بەر بارەگای بەرزی شا.

لەو کاتەدا خانئەبداڵی موکری بە چەند کەس لە نیزیکانی خۆیەوە هاتەدەر. ئەویان ناردە قۆناغی ئەلیاسخەلیفەی قەراداغلوو کە میوانی ئەو بێ. لە پاش ئەو موحەممەدبەگی برای تەویل لەسەر ویستی ئەمیرخان چووە نێو قەڵا. ئەمیرخان و کوڕە گەورەکەی و نیزیکەی سەدکەس لە عەشیرەتی برادۆست، هەموو زرێپۆش و تفەنگ بەدەست و چەکدار بە هەموو ئەسبابی شەڕەوە لە ماڵێ هاتنەدەر، دەگەڵ موحەممەدبەگ یەکتریان دی و دووسەد کەسێکیش لە قەڵادا مانەوە.

موحەممەدبەگ پاسەوانی بە دیاریەوە دانان کە کەس وێیاننەڕژێ و ڕوو لە ماڵیان نەکا. ئەمیرخان و دەستوپێوەندەکانی هێنا ماڵی خۆی و خێوەت و بارەگایەکی گەورەی تایبەتیی بۆ هەڵدان. ناردی لە دووی حەسەنخان و ئەمیرەکانی تر کە بێن ئەمیرخان ببینن. جا ئەو دەمی هەرچی قازانجی دەوڵەتی تێدابوو ئەوەی بکەن. بۆخۆشی وێڕای براکانی لە نێویان دانیشت و بە گەرمی میوانداریی لێکردن. کە حەسەنخان لە خێوەتەکە نیزیک بووە ناردی بە دوای موحەممەدبەگدا و بانگی کردە دەرێ. نەهاتنی حەسەنخان بۆ خێوەت و چوونەدەری موحەممەدبەگ ئەوانی نیگەران و دڕدۆنگ کرد. حەسەنخان بە

---

١. لە نێو قەڵای گەورەی حەوشە بە حەوشە بەو قەڵاچکەیە دەڵێن کە لە هەمووان چووکترە. قەڵای ئەندەروون؛ جەرگەقەڵا. بڕوانە: وشەدانی دێهخودا، بەرگی ١٤، ل ٢٢١٢٧، چاپی دووەم لە خولی تازە، تاران، ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی (١٩٩٨ی ز.)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی زانکۆی تاران.

موحەممەدبەگی کوت: «سەرم لە کاری تۆ سوڕماوە و قـەت وام لــە تێگەیشــتن و لێزانیی تۆ ڕانەدەدی کە بە خۆت و برایانەوە لە نێـو ئـەو یـاغی و سـەرکێش و لاسارانەدا دابنیشی کە دەستیان لە خوێنی خۆیان شوشتووە و جێ‌متمانە نـین و نابێ بە هیچ بارێک بڕوایان پێبکرێ. تەگبیر ئەوەیە کە ئەوان لەبەر یەک بــڵاو بکەی. ئەمیرخان و کوڕەکەی و چەند کەسان لە کن خۆت گل بدوە و ئەوانی دیکـە هەرچەند کەسان بە ئەمیرێکی بسپێرە کـە پـاش ئـەوەی فـەرمانمان بـۆ هـات جێبەجێی دەکەین.»

موحەممەدبەگ ئەو قسەی پێ بـەجێ بـوو. پیـاوی نـاردە کـن ئـەمیرخانی: «مانەوەی ئەو هەموو کەسە پێکەوە لە جێگایەک ئیمکانی نیە، بۆخۆت و کـوڕ و خزمەکانت لێرە بحەسێنەوە و ئەوانی دیکە دادەبەشین.» ئەمیرخان ملی ڕاکێشا، بەڵام ئاواڵەکانی ملیان نەدا و کوتیان: «بۆخۆت دڵنیای کە ئەمیرەکان سەربەخۆ ناوێرن ئەتۆ بکوژن، بەڵام یەکی لە ئێمە ناهێڵن. بڕیارمان وابوو کە لە خۆشی و ناخۆشی‌دا پێکەوە بژین، ئێستا وادیارە تۆ ژیانی دوو ڕۆژەت پێ باشـترە. ئێمـە لێکهەڵنابڕێین و ئەگەر بکوژرێین با پێکەوە بمرین.» جوابیان ناردەوە دەرێ.

لە کاتی ئەو هاتوچۆیەدا لە ماڵە ئەلیاسخەلیفە هەرا پەیـدا بـوو. کاتێـک خانئەبداڵی موکریانی ناردە قۆناخی ئەلیاسخەلیفە، بۆخۆی لە سەنگەر بـوو. پیاوەکانی خـەریکی میوانـداریی و بـەجێگەیانـدنی ئـەرکی پێویسـت بـوون و شەربەتیان بۆ هێنان. لەو حاڵەدا خەلیفە کە پیاوێکی سۆفی و خاوەن ئاکـارێکی ساکار بوو بە سەردا هاتەوە و میوانەکانی زۆر بەخێرهاتن کرد و لە پیاوەکـانی تووڕە بوو کە بەو گەرمایە بۆ چەک و بەرگی شـەڕتان لە برادەران نەکردۆتەوە؟ خزمەتکارێک چوو کە بەرگی شەڕیان لێوەرگرێ و سووکیان بکا. خـانئەبـداڵ و ئاواڵەکانی خەیاڵێکی دیکەیان بە دڵدا هات. دەسبەجێ لە جێی خۆیان ڕاپـەڕین و شیریان هەڵکێشا و چەن شیریان لە ئەلیاسخەلیفە دا و چەند کەسیان لە خزم و پیاوەکانی کە بێچەک بـوون لــە نێـو خێـوەتدا برینـدار کـرد. غازییـەکانی قەراداغلوو پێیـانزانـی و بـە شـیری ڕووتـەوە لــە خێوەتـێ وەژووی کـەوتن.

ئەلیاسخەلیفە و دوو کەس لە خزمانی کوژرابوون و چەند کەسیش برینداربوون. روویان لە خانئەبدال کرد و ئەویان بە ئاوالانەوە لەتوپەت کرد. ئەو رووداوە قسەی حەسەنخانی وەڕاست گێڕا و کەس متمانەی بەوان نەما. قزلْباشی غەزاکەر رۆبوونە شیران و دە سەر کەسەوە نەچوون و شیریان تێنان، هەر کەس لەوڕۆش پێشتر هاتبووەدەر، چ کورد، چ جەلالیی کوژرا. چونکە بەردەستبوونی ئەو چینە غەدارە وەک ئیمانی ناهومێدی بوو. ئەمیرخان و ئاواڵەکانی هێرشی قزلْباشیان بۆ دەورەی خێوەتەکەیان دی و راپەڕین و لبادیان کون کرد و غازییەکانیان وەبەر تفەنگان دا. لەو لاشەوە خێوەت گوللەباران کرا. بیست سی کەسیان وەبەرهاتن و کوژران، ئەوانی دیکە بە شیری رووتەوە دەرپەڕین و بە شەڕکردن بە رێگای نەماندا رابردن. لەشکری رقهەستاو وای دەست بە کوشتار کرد کە ئەو کەسانەی شەش مانگ لەوەی پێش هاتبوونەدەریش، دەرباز نەبوون. تەڕ و وشک پێکەوە سووتا. ئەوانی لە قەلاش مابوونەوە ئاسەواریان لێبڕا. بەکورتی قەزا و قەدەر وای هێنابوو و ئەو رووداوە لە خۆیەوە قەوما. پاداشی نمەکبەحەرامی خۆیان وەرگرت. پاش لێکۆڵینەوە زاندرا کە ئەمیرخان و ئاواڵەکانی تەگبیریان کردبوو و هاتبوونە سەر ئەوە کە رزگارییان لە دەست قزلْباش ئیمکانی نیە. گوتبوویان: «بەرگی شەڕێ لەبەر دەکەین و چەک هەڵدەگرین و دەچینەدەرێ؛ هەموو ئەمیرەکان لەو کۆڕەدا کۆ دەبنەوە؛ دەستیان لێدەدەینە شیران تا لە دەرەوە ئاگادار دەبن جووقەواریان لێدەبڕین. ئەگەر توانیمان وەدەرکەوین و خۆ رزگار بکەین ئەوە باشە، ئەگەر نەمانتوانی بەس نیە تۆڵەی خۆمان لە پێشدا کردۆتەوە و خوێنی خۆمان ئەستاندووە و پیاوانە کوژراوین.» بۆیە ئەو ئازایەتییە لە خانئەبدال رووی دا و لە پێشدا ئەلیاسخەلیفەی کوشت. خودا بۆخۆی دەزانێ.

پاش ئەم رووداوە کوڕە پچووکەکانی و خاوخێزانی ئەمیرخان ئەوی مابوون، هێنایانن بۆ هۆردووگا و ماڵ و سامانی قەلانشینەکان بە سەر غازییەکاندا دابەش کرا، لە حاڵێکدا کە هۆردووی خاوەنشکۆ لە «گاودۆڵ»ی «مەراغە» بوو،

ئەوی قەومابوو بە عەرزی پیرۆزی گەیشت. لەسەر فـەرموودەی چەنـد ڕۆژێـک گەنجعەلیخان[1] بە خۆی و تفەنگچییەکانیەوە لە بن قەڵا مانـەوە و ئـەمیرەکانی دیکە بە لەشکرەوە ڕوویان لە دەرگای خاوەنشکۆی عالەمپەنا کرد. لە چیمـەنی «قەراچووق»[2] گەینە بارەگای پیرۆز. وڵات و سامان و دەستەڵاتـداریی ورمـێ بـە قەببانخانی برای محەممەدبەگی بێگدلی ئەسپێردرا. سێهـەزار تومـەن زێـڕی نەغدیش بۆ پێداویستییەکانی قەڵای دمدم و یارمەتی غازییەکان و پیاوەکانی ئەو دیاری کرا. فەرمان درا لە سنووری سارووقۆرغان و گاوڕوود[3] تا سەڵماس هەموو ئەمیر و حاکمەکان لەبەر حوکمی ئەودا بن و لە قسـەی دەرنـەچن. ئـەویش بـە لەشکرێکی تەیارەوە چوو بۆ وێندەرێ و خەریکی ئاوەدانکردنـەوەی قـەڵا بـوو. گەنجعەلیخانیش بە خۆی و تفەنگچییەکانییەوە تێکەڵی هۆردووی گەورە بوو.

*[ئەم کارەساتە لەساڵی بیستوچوارەمی پادشـایەتی شاعەبباسـی سـەفەویدا ڕووی داوە کە ڕێککەوتی ١٠١٨ی کۆچی (١٦٠٩ی زایینی)یە. ئەسکەندەربەگی تورکمـان لە لاپەڕە ٨٠٧-٨١١دا باسی کردووە. حـەیف ڕۆژ و مـانگی گیرانـی دمدم و کـوژرانی ئەمیرخانی نەنووسیوە. «هێمن»]*

بنکەی ژین
www.zheen.org

✧✧✧

## باسی بەرەو مەراغە چوونی شا و ڕقهەستانی لە تیرەی موکری و قەتڵووعامی[4] ئەو تیرە

عەشیرەتی موکری لە پێڕەوانی ئەم دەوڵەتە و لە سنووری گاودۆڵی مەراغە و سندووس و میانـدواوادا نیشـتەجێ بـوون. لـە سـەردەمی شـای بەهـەشـتیدا

---

١. گەنجالیخان.

٢. قەراجیق: قەراجەقیە، دێیەکە سەر بە مەراغە، شەرەفنامە، ل ٥٣٤؛ دێهخودا، ب ١١، ل ١٧٤٨١.

٣. سارووقۆرغان ناوچەیەکی نیزیک مەراغەیە و لە سەردەمی سەفەویدا هێندێک بەرچاو بووە و لەگەڵ مەڵبەندێکی دیکە کە «گاوڕوود»ە بە میرنشینێک داندراوە. دێهخودا، ب ٩، ل ١٣٢٤٧.

٤. «قاتڵیعام» دروستە، بەڵام لە موکریـان بۆتـە هەڵـەی بـاو؛ مامۆسـتا هـێمن بـە ئانقەسـت هێناویەتی. لە خوارەوە «قاتڵیعام»ی نووسیوە.

سەرکردەی ئەو تیرە بە دەست «ئەمیرە»ناوێکەوە[١] بوو. پاش مردنی شا و لە سەر تەخت دانیشتنی سولتانموحەممەدپادشا کە سولتانی ڕۆم بوو، پەیمانی باوک و باپیرانی خۆی هەڵوەشاندەوە و دنیای هێدی و هێمنی ئالـۆز و پەرێشـان کـرد، شەرهەڵایسێنە بەدفەرەکانی سنوور بازاڕیان گەرم بوو. ئەمیرەی ئاوبراو کە زۆر ساڵان نمەکپەروەردەی ئەو دەوڵەتە بوو، ڕێگای نمەکبەحەرامی و یاغی بـوون و هەڵگەڕانەوەی گرتەپێش. دەگەڵ ڕۆمییان ڕێکەوت و دەسـتی کـرد بـە تـاڵان و کوشتار. لە سندووس و میاندواو و مەراغەدا هاتە سەر ڕەوەی «قەراجیووق» کـە ڕەوەی تایبەتیی حەزرەتی شای بەهەشتی[٢] بوو و بە باشی ناوبانگی بـە دنیـادا ڕۆیبوو. ژمارەیەکی زۆری لە ڕەوەوان و پاسەوانی ڕەوە کوشـتبوون و ڕەوەکـەی داگیر کردبوو. هەمیشە دەگەڵ ئەو میر و قزڵباشانەی دەبوونـە حـاکمی مەراغـە شەڕ و کێشەی هەبوو. دەمێکیش لە خراپە و کوشتار و بە دیلگرتنی ژن و منـداڵ ڕانەدەوەستا. پاش مردنی ئەمیرەبەگ، شێخحەیدەر بە دەستووری بێگلەربـەگی ڕۆمییان بوو بە ئەمیر و لە باوکی زیاتر سەربەخۆیی پەیدا کرد.

بـەڵام لـە زەمـانی فەرمانـڕەوایی سولـتانموحەممـەدخاندا لـە ڕاس جەعفەرپاشای بێگلەربەگی تەورێز سەرکێشی دەکرد. چەند جار نیزیکانی خـۆی ناردە بارەگای عالەمپەنای پادشای مەزن و بچووکی نیشان دەدا. تا شاهەنشا بۆ داگیرکردنی ئازەربایجان چوو. شێخحەیدەر هات بۆ ڕێسمەماچکردن و لاواندراوە و حـەزرەتی شـای پایەبەرز و سێبەری خودا، هەڵەکانی پێشووی تیرەی موکری بەخشی. دەستەڵاتی مەراغە و دەوروپشتی - کە هەمیشە بە دەسـت یـەکێـک لـە ئەمیرە مەزنەکانی قزڵباشەوە بوو - دا بە شێخحەیدەر. ئەو لە بن قەڵای ئێرەوان وەک لە جێی خۆی باسکراوە کوژرا.[٣] خاوەنشکۆ لەبەر هەقناسینی جێی باوکی دا بە قوبادخانی کوڕی کە هێشتا منداڵ بوو. بە کەیخودا و ڕیشسپییەکانی عێلی فەرموو تا کوڕ گەورە دەبێ لە قسەی دایکی کە کچـی پیاوماقولـێکی قزڵـباش و

---

١. دەبێ مەبەستی لە میرەبەگی کوڕی شێخ حەیدەری موکری بێ. شەرەفنامە، ل ٥٣٣.

٢. لە سەراسەری ئەم نووسینەدا مەبەست لە شای بەهەشتی «شاتەهماسب»ە.

٣. شێخحەیدەر لەو شەڕەدا بە گوللەی گەرمـەوە بـووە. ئـەم ڕووداوە لـە حەڤـدەهەمین ساڵـی پادشایەتی شاهەبباسدا قەوماوە. (١٠١١-١٠١٢ی کۆچی / ١٦٠٢-١٦٠٣ زایینی).

ژنێکی وشیار و ئاقڵ بوو، دەرنەچن. بۆ ئەوەی قوبادخـان خـۆبگرێ، برایـەکی شێخحەیدەر کە ناوی ئەمیرخانبەگ بوو لە نێو عێل هێنایەدەر و جـێ و پایـەی دایە و کردی بە حاکمی گەرمروود. براکەی تـری خـانئەبـداڵ داوای مەزنایـەتی دەکرد و سەری بۆ برازاکەی دانەدەنواند و هێندێک پیاوخراپ و بەدفەڕی مـوکری لە خۆ هاڵاندبوو. چەند جار لەشکری ناردرا سەر و دەریانپەڕانـد، تـا ئـاخری وەک باس کرا پەنای بۆ ئەمیرخانی برادۆست برد و لە کن ئەو مایەوە. لوتـف و دڵسۆزیی شاهانە قودباخانی گرتەوە و سەربەخۆیی تەواوی پەیدا کرد و هـەموو هۆزەکانی موکری بەردەسـت بـوو. لـە نێـو سـەرهۆزانی ئـەم تـیرەدا پیـاوی بەرازسروشت و ڕێویسیفەت هەبوون کە لە ڕێگای ڕاست دوور کەوتبوونەوە و لە چۆلی سەرەڕۆییدا گەورە ببوون و دەگەڵ قزڵباشان کە لە مەراغـە خـاوەنملـک بوون خراپ دەجووڵانەوە و بە زۆر زەوییەکانیان داگیر دەکردن. قوبادخانیش کە گەیشتێ لەبەر نەزانی و پیس دەروونی دەگەڵ قزڵباشـان ڕەفتـارێکی نالـەباری گرتەپێش. هەرچەند لەو چەند ساڵەی دواییدا زۆر نافەرمانی و ئاکاری دزێو لـە خۆی و لە ژێردەستەکانی دەبیندرا و گـەرد لـە سـەر دڵـی ممبـارەکی شـاهانە دەنیشت، بەڵام لەبەر بەزەیی و دڵسۆزیی تایبەتیی خۆی و لەپێشچـاو گرتنـی خزمەتی شێخحەیدەر چاوپۆشی لێدەکرا. تا وای لێهـات ئـاوی لـە ئاوەڕۆیـان دەرکرد و سەرەڕۆیی و لاساری لە ڕادە بردە دەر، هەروەکوو ساڵی ڕابردوو حوکم کرابوو کە قوبادخان بچێتە کن ئیعتیمادوددەولە و لە داگیرکردنـی قـەڵای دمدمدا دەگەڵ لەشکر بەشداری بکا، خۆی لەو خزمەتەش بوارد و نەچوو.

لە بەهارێدا کە خاوەنشکۆ خـەریک بـوو بـۆ ڕێکخسـتنی کاروبـاری ئـەو ناوچەیە بەرەو سنوور بچێ، قوبادخانیش ناچار بە خۆی و چەند کەس لە دەور و پشتەکانییەوە لە «یورتقشـلاق» بە خزمـەت گەیشـت؛ چونکـە دڵـی پـاک و ڕووناکی شاهانە لە سەرەڕۆیی و لاساری ئەوان گەردی لێنیشتبوو، هاتـە سـەر ئەوە کە ئەوانە شیاوی لوتف و دڵسۆزیی نین و ڕاوەستان لە تەمێ کردنی توندی ئەوان بە قازانجی دەوڵەت نیە و خراپە و کێشەی پتری لێپەیدا دەبێ، خۆی لـە تەمێ کردنیان خۆش کرد. بەڵام بە لێزانی و وشیاری خۆیەوە جارێ خۆی ڕاگرت و لوتفی دەگەڵ کردن تا گەیشتە مەراغە. قوبادخان و ڕدێـنسـپییەکانی مـوکری

لەوە دەترسان شا داوای ڕەوەی قەراجیووق بکاتەوە. بۆیە بە فێڵ ئەسپە باش و هەڵبژاردەکانین ناردە جێگایەکی دوورەدەست و چەند بارگینی نارەسەنی کوردییان لەوێ هێشتەوە، تا ئەگەر باسی ڕەوە هاتەگۆڕێ ئەوان نیشان بدەن. هەروەها ئاشکرا بوو کە هەمیشە دەگەڵ سەردارانی ڕۆمی کەینوبەینیان بووە و خراپەیان دەگەڵ لێقەوماو و هەژاران کردووە و لەبەر تەعەسسوبی مەزەبیی زۆریان شیعەکانی مەراغەیان ئازار داوە؛ کەوابوو دەستی زۆرداران دەبوو لە یەخەی هەژاران بکرێتەوە.

بەکورتی لە نێوبردنی ئەو تیرە بەدفەڕ و سەرەڕۆیە کە لە مسوڵمانیی هەر ناوێکیان هەبوو، ئەرکی سەر ئەستۆی شای دادپەروەر بوو. ئاگری ڕق و تووڕەیی وا لە دڵی خاوێنی شاهانەدا بڵێسەی گرتبوو کە تەنیا بە خوێنی ئەو بێفەڕانە و وەکارکەوتنی شیری ئاگربار نەبایە نەدەکووژاوە و ڕۆنەدەمرکاوە. لە کاتێکدا کە بارەگای بەرز لە گاودۆڵ هەڵیدابوو، ڕۆژێک قوبادخان بە خۆی و سەدوپەنجا کەسەوە ڕوویان لە بارەگای بەرز کرد. ئێوارەوەخت بوو گەیشتێ. دەگەڵ چوار کەس لە خزمەکانی بۆ حوزوور بانگ کران، کە وەژوور سەراپەردە کەوت لەسەر فەرمانی شا لە وەختی چەکمە داکەندندا غوڵامان بێئەوەی بێڵن ببزوون کوتکوتیان کردن. کەلاکی پیسی ئەوانیان بو کووچەی پشت سەراپەردە ڕاکێشا. بۆ ئەوەی زیانێک لە لایەن ئەو پیاوخراپانەوە بە غوڵامان نەگا، فەرمان بە عەلیقوڵیخان ئێشکئاغاسیباشی شاملوو درا کە لە بەردەرکی سەراپەردە ڕاوەستێ، یەکیەک بانگیان بکا بۆ مەجلیس. کە وەژوور سەراپەردەی پیرۆز کەوتن دەسبەجێ غوڵامان بیانکووژن و کەلاکیان باوێژنە کووچەی پشت سەراپەردە، تا لە پێشچاوان ون بن. تا بیست سی کەس بەو جۆرە کوژران و یەک لە دوای یەکدا فڕێدران. ئەوانی دەرێ کەمێک دڕدۆنگ بوون. یەکیان کە هاتە ژوورێ تەماشای کرد خوێن زۆر ڕژاوە و قوبادخان و ئەوانیش دیار نین، قیژاندی و دەستی دا خەنجەر و موحیبعەلیخانی شاسەیوانی (شاهیسیونی) بریندار کرد. دووسێ کەس کە بە دوویدا دەهاتن کشانەوە و خەریکی ڕاکردن بوون.

غوڵامان و قۆرچییان تێیانوەرووکان، هەر لەوێ پارچەپارچەیان کردن. ئەوانی دەرەوە تێگەیشتن، ڕایانکردە ئەسپان، هێندێک هەر لەو دەوروبەرە و

هێندێک لە وەختی ڕاکردندا کـوژران و تاقیـان لێبـڕا. لـەو وەختـە بەسـامەدا خاوەنشکۆ هاتەدەر و سواری ئەسپی ڕەسەن و خۆشبەز بوو و ڕووی لـە قـەڵای گاودۆڵ کـرد و سـەربازانی قزڵـباش کوشـتن و تـاڵانـی عەشـایری موکرییـان پێئەسپێردرا. خاوەنشکۆ بەتڵێک لە شەو چووبوو گەیشتە قەڵای گاودۆڵ.

هێشتا ئەم خەبەرە نەگەیبووە قەڵا کە لەشکر بـە زۆور قـەڵا وەربـوو و هـەر کەسیان وەگیر کەوت خستیان. عەلیقوڵیخان ناردرا بۆ حەوشەیەکی دیکـە کـە لەو نیزیکانە بوو. غازییە تۆڵەئەسـتێنەکان بـە چاوقووچانـدنێک هـەموویان ناردنە وڵاتی نەبوون. زۆر لەو کەسانەی دەیانهێنان خزمەتکار و پێمـەڕەدارەکان هەر بە زەبری گۆپاڵ و پـاچ و پێمـەڕە سـەر و مێشـکیان دەکوتـان و دەهـاڕین. ئەسفەندیاربەگی ئاوچیباشی عەرەبکەرلوو لەسەر فـەرمانی خـاوەنشـکۆ بـە سەرڕەو ناردرا بـۆ گەرمـڕوود و بـە فێڵـێکی شـەرکەرانەوە ئـەمیرخانی بـرای شێخحەیدەر و ئەو پەنجا کەسەی لە تیرەی موکری کـە دەگـەڵ ئـەو بـوون بـە جارێک کوشت. حوسێنسوڵتان برازای شێخحەیدەر و ئەوانەی دەگـەڵ ئـەو لـە ورمێ بوون، بە دەستی حەسەنخان کوژران.

بەکورتی قەتڵیعامی ئەو تیرە بە قەڵەمی تەقدیر لە سـەر لاپـەڕەی ڕۆژگـار نووسرا. ئەو چەنـد ڕۆژەی کـە شـا لـە قـەڵای گـاودۆڵ مـاوە، هـەموو ڕۆژێ دەستەدەستە و پۆلپۆل دەیانهێنان و لـە سـەریان دەدان. بـەهرامی خوێنخـۆر[1] تاوێک لە تیغوەشاندن و خوێنڕشتن ڕانەدەوەستا. هێندێک لـە «ئوویمـاق»[2] و «ئیبی»[3] و «ئورەیاد»[4] کە لە نێو ئەوان مابوونەوە، بەو تاوانەی لە نێـو تـیرەی دژی دەوڵەتدا خۆیان مات کردووە و لە کاتی دەستەڵاتی ڕۆمییاندا نەگەڕاونەوە نێو قزڵباش، هەموویان کوژران.

بیبڕینەوە ئاورگی تیرەی موکری کوژاوە و نێرەوەزەکان هەموو کەوتنـە بـەر مەودای شیری بەبڕشت و ژن و منداڵیشیان بە دیل گیران. پاش چەند ڕۆژ بڵێسەی

---

١. ڕەنگە مەبەستی لە «بارامی چووبین»ی سپاسالاری هۆرمزی ساسانی بێ کە لە کاژەلاکی ترکان منارەی لێدا و پێویەوە ناسرا. دێهخودا، ب ٤، ل ٥١١٣.

٢. عێل و هۆز، دێهخودا، ب ٣، ل ٣٦٥٢.

٣. لە دەقە فارسییەکەدا نووسراوە بیئی (؟). دەبێ چەکداری خێڵێک بووبن.

٤. ئورەیاد خێڵێکی قەشقاییە، دێهخودا، ب ٣، ل ٣٦٣٢.

ڕقی شاهانە تا ڕادەیەک دامرکاوە و «شێربەگ»ناوێک لەو بنەماڵە کە هەمیشە خۆی بە خزمەتکار دەزانی و «مەخسووربەگ»ناوێک[1] کە برای ئەو و لە ڕیزی ئێشک‌ئاغاسییانی بارەگای بەرزدا بوو، کرانە گەورە و مەزنی موکری و فەرمان درا ئەوانەی لە مەودای شیر ڕزگار بوون و لە کەلێن و پەسیواندا ماونەوە، پەنا بۆ ئەوان بەرن و لە کوشتن و تالآن ئەمین بن. پاش ئەم ڕووداوە شا چەند ڕۆژێک لە نێو ئەسپەکانی ڕەوەدا لە چیمەنی قەراجیووق ڕایبوارد و وڵاتی مەراغەی بە سوڵتان میرموقەددەم ئەسپارد.

*[بەداخەوە ئەسکەندەربەگ کە مێژوونووسێکی زۆر ورد بووە، ڕۆژ و مانگی ئەم کارەساتەی ڕوون نەکردۆتەوە. بەڵام چونکە لە ڕیزی ڕووداوەکانی ساڵی بیست‌وچوارەمی پادشایەتی شاعەبباس‌دا لە لاپەڕە ٨١١-٨١٤ی عالەم‌ئارادا نووسراوە، دیارە ئەو کارەساتە لە ساڵی ١٠١٨ی کۆچی (١٦٠٩ی زایینی)دا ڕووی داوە. «هێمن»]*[2]

✦✦✦

## باسی دەسەڵاتپەیداکردنەوەی کوردانی برادۆست بە سەر قەڵای دمدمدا و دیسان وەدەسکەوتنەوەی بە تەقدیری خاوەنی ئاسمان و ئەستێران

نیکەی ژین
www.zheen.org

خەبەرێکی بەسام کە لە مازندەران بە گوێی خاوەن‌شکۆ گەیشت ڕووداوی سەیر و سەمەرەی دەسەڵاتپەیداکردنەوەی کوردانی برادۆست بە سەر قەڵای دمدمدا بوو. چلۆنایەتی ڕووداوەکە ئەوەیە: وەک لە پێش‌دا باسمان کرد، پاسەوانیی و دەسەڵاتداریی ئەم ناوچە و قەڵایەکەی بە قەببان‌خانی بێگدلی ئەسپێردرابوو.

یەکێک لە ژنەکانی ئەمیرخانی چۆلاق کە لە کچانی خەڵکی خوێری ئەو مەڵبەندە بوو، دەگەڵ هێندێک لە بۆرەپیاوەکانی نەناسراوی کورد لە قەڵادا مابوونەوە و خزمەتی قزڵباشیان دەکرد. قەببان‌خان هەڵەکەی ئەوە بوو کە

---

١. دروستەکەی «مەخسوودبەگ» یان «مەقسوودبەگ»ە بەپێی دەقی سەرچاوەکەی.

٢. ئەم کوشتارە کە بە موکریقڕان ناودێرکراوە، بەپێی لاپەڕە ٥٤١ی شەرەفنامە لە ساڵی (١٠١٩ی کۆچی / ١٦١٠ی زایینی)دا ڕووی داوە.

کـوردی با نەناسراویش بێ، لە قــەڵادا هێشتبۆوە. بۆخۆشی جاروبار دەچوو بۆ ڕاوێ. ئۆلۆغبەگی برادۆست[1] کە خزمی ئەمیرخان بوو، وەک کوند لە وێرانەکانی ئەو سنوورە هەڵکورمابوو و دەگـەڵ ئـەو ژنــە و نۆکــەر و قۆڵــچییە کوردەکــان پەیوەندی بەرقەرار کردبوو. بڕیار وا درا هەر کاتێک قەببانخان بە شەو لە قــەڵا وەدەرکەوت، ئاگاداری بکەن.

ڕۆژێک قەببانخان بۆ ڕاوێ لە قەڵا وەدەرکەوت. بە ئۆلۆغبــەگ ڕاگەیەنــدرا؛ شەوێ بە خۆی و چل پەنجا کەس کوردەوە هاتنــە بــن قــەڵا. ئــەوان بــورجێکی سوولقیان کە بە تەنیشت قەڵاکەوەیــە کــون کــرد، ئۆلــۆغبــەگ و ئاواڵــەکانی یەکیەک هاتنە ژوورێ. لەپڕ پاسەوانی ئەو بورجەیان کە لە خەودا بوو کوشت. هەر کەسێکیان لە هەر بورجێکیدا لە خــەودا دی بــەرەو نــەمانیان بــەڕێ کــرد. چوونە نەقارەخانە و نەقارەی شادمانییان لێدا. ئەو کوردانەی لە قــەڵادا بــوون تێکڕا لێیان کۆ بوونەوە. خەڵکی قــەڵا وەخــەبــەر هــاتن و ئــەوەی هــەرگیز بــە خەیاڵیاندا نەدەهات بە چاوی خۆیان دی. سەریان لێشێوا و دەستێکیان کەوتــە ئەملا و دەستێکیان کەوتــە ئەولایــە. بــەو شەوەڕەشــە هــەراوهوریا لــە قــەڵادا پەیدابوو. قزڵباشەکان بە ئاغا و نۆکەر و پێشخزمەتەوە کــە لــە قــەڵادا بــوون، بێئەوەی ئاگایان لە چەندوچۆنی داگیرکەران بێ، بە دڵێکی پڕترسەوە بە ئــەملا و ئەولای قەڵادا خۆیان فڕێ دا و هەڵاتن و تا بەیانی تاقەکەسێکیان لە قــەڵاکــەدا نەماوە. کوردەکان لە قەڵادا مانەوە و ماڵ و سامانی قزڵباشیان داگیرکــرد و لــە کوردەکانی دەوروبەر داوای کۆمەک و یارمەتییان کرد.

ئەو خەبەرە بەسامە بە قەببانخان گەیشت. ئەنگوستی پــەشــیوانی بــە ددان گەست. ڕووی لە قەڵا کردەوە. ئاغاسوڵتانی موقەددەم لە مەراغە خەبەری زانی و بە سەرڕەو بە یارمەتییەوە هات. یەکێک لە هەڵکەوتە باشەکان ئــەوە بــوو کــە سەدوپەنجا کەس لە کوردە یاغییەکان کە بۆ کۆمەکی قــەببانخــان بــەرەو قــەڵا دەهاتن، تووشی ئاغاسوڵتان و پیاوەکانی قــەببانخــان هــاتن؛ شــەڕ قــەوما و کوردەکــان شــکان، زۆریــان لێکــوژرا و ئــەوی مانــەوە و دەرچــوون هــەڵاتــن.

---

١. مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی لە پەراوێزی لاپەرە ٥٥٦ی شەرەفنامەدا نووسیویەتی: ئۆلۆغبــەگ ڕەنگە کوڕی میرخدر کوڕی ڕۆستەم کوڕی باباعومەر کوڕی سەیفەددینی موکری بووبێ.

پیربوداقخانی حاکمی تەورێز و شەهیرسوڵتانی موکری لە بیستنی ئەم خەبەرە شڵەژان؛ بە ترەختان خۆیان گەیاندێ، قەببانخانیش بە شەرمەزارییەوە تێکەڵ بە ئەمیرە مەزنەکان بۆوە.

ڕوون بۆوە قەڵانشینەکان زۆر کەمن. لە بیری هێرش بردندا بوون کە ئاوی ڕەحمەتی خودا بە سەر ئەم ئاگرەدا کرا. ئۆلۆغبەگ ڕۆژێک باڕووت بە سەر تفەنگچییەکانیدا بەش دەکا، قەزا و قەدەر وا جاری بوو، پریشکێک ئاگر کەوت نێو باڕووت و گڕی لێبڵند بوو و لایەکی ڕوومەتی سووتاند و پەکی خست. ئەو سووتاوانەی ئاگری ناهومێدی لە قەڵادارییی کەوتن و کە دەورەی قەڵایان وا بە تەندراوی هاتە پێشچاو، لە گەیشتنی کۆمەک ناهومێد بوون. ترس و ناهومێدی تەنگی پێهەڵچنین و جگە لە ڕاکردن، هیچیان ڕەچاو نەکرد. لە شەوێکدا کە وەک دڵی نەگبەتباران ڕەش و تاریک و تنووک بوو، هەرچی پێیانهەڵگیرا و توانیان لە ئەسپە حەساوەکانی قەڵایان نا و ئۆلۆغبەگیان بە کەلاکی هاویشتە سەر ئەسپێک و لە دەرفەتێکدا دەروازەیان کردەوە و هەڵاتن. ئەمیرەکان پاش ئاگاداربوون وەدوایان خستن، بەڵام وێیانڕانەگەیشتن.

جارێکی دیکەش ئەو قەڵایە کە لە قایمی و بەرزیدا دەگەڵ ئاسمانی شین بەرامبەری دەکا، کەوتەوە دەستی لەشکری پادشا.[1]

*[ئەم ڕووداوە لە ساڵی ١٠٢٤ی کۆچی (١٦١٥ی زایینی)دا کە بەرامبەری بیست و نۆهەمین ساڵی پادشایەتی شاعەبباسە قەوماوە و لە لاپەرە ٨٨٨ – ٨٨٩ی عالەمئارای عەبباسیدا نووسراوە. ئەوی بۆ من جێی داخە ئەوەیە کە نووسەر ناوی ئەم ژنە قارەمانە تۆڵەئەستێنەی نەنووسیوە. «هێمن»]*[2]

✧ ✧ ✧

---

١. بەپێی نووسینی ئەسکەندەربەگی تورکمان، ئەم قەڵایە تەنیا هەشت نۆ ڕۆژێک وەدەس کوردان کەوتۆتەوە. پاش ئەم هەرایە قەببانخان لەسەر فەرمانی پادشا لێدەکەوێ و پیربوداقخانی برای جێی دەگرێتەوە. بڕواننە لاپەرە ٨٩٠ی عالەمئارای عەبباسی، چاپی دووەم.

٢. ناوی ئەو ژنە «پەریزادخاتوون»ە، بڕواننە: شەرەفنامە، چاپی دووەم، پەراوێزی لاپەرە ٥٥٦ بە قەڵەمی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی.

www.zheen.org

## لیزگەی ناوەکان


ئۆتریش، ٣٧٧
ئۆجان، ٤٥
ئۆزبەک، ٨١، ١٠٦، ١١٥، ١٤٨، ١٦٤
ئۆزبەکان، ١٨، ٧١، ٧٩، ٨٠، ٨٢، ٩٣، ١٠٥، ١٠٦، ١١٠، ١١١، ١١٥، ١٣٠، ١٣٣، ١٣٧، ١٣٨، ١٤٦، ١٤٧، ٢٠٦، ٢٤٥
ئۆستا، ٢٣
ئۆستاجلوو، ٦٢، ٨٥، ٨٧، ٨٨، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١٢٦، ١٣٢، ١٣٣، ١٤٥، ٣٨٩، ٣٩٩
ئۆستوارت، ١٩٣
ئۆسێت، ٥٢
ئۆلۆغبەگ، ٤١٤، ٤١٥
ئۆکراین، ٣١، ٢٩٥
ئۆلامە، ١١٥، ١١٧، ١١٨
ئۆلگا ژیگالینا، ٢٦
ئاخسێقە، ١٥٢
ئاراس (ئاراز) ، ٦٢، ١٥٠، ٢٦٤
ئاران، ٣٢، ٣٥، ٦٢
ئارخانگێل، ١٨٠، ١٨٢، ١٨٣
ئازەربایجان، ١١، ١٤، ١٥، ٣١، ٣٢، ٣٥، ٤٥، ٥١، ٥٨، ٦١، ٦٢، ٦٤، ٧٩، ٨٦، ١٠٤، ١١٢، ١١٥، ١١٧، ١٣٠، ١٣٨، ١٤٩، ١٥٢، ١٧٥، ٣٢٧، ٣٣٣، ٣٤٨، ٣٥١، ٣٨٥، ٣٨٦، ٤٠٩
ئازەری، ١٢، ٣٢، ٥٨، ٣١٣، ٣٢٢
ئاسیای باشووری ڕۆژهەلاتی ، ١٧٣، ١٨٢، ١٩٢، ١٩٣، ١٩٩
ئاسیای بچووک ، ١٥، ٤٠، ٥١، ٦١، ٦٦، ٨٥، ١٧٣، ١٧٤
ئاسیای ناوەندی ، ٣١، ١٦٦، ١٧٣، ١٧٤، ١٨٣، ٢٢٦
ئاشیل، ١١٢
ئالمان، ١٨٠، ٢٢٠
ئاغاسولتان، ٤١٤
ئاغاسولتانی موقەددەم، ٤١٤
ئاققۆیوونلوو، ١٦، ١٩، ٢٠، ٢٣، ٥١، ٥٢، ٥٣، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٦١، ٦٢، ٦٤، ٧١، ٧٩، ٨٠، ٨١، ٩١، ١٣٥، ١٧٥، ٣٥٦
ئاگوستین، ١٧٤
ئاگوستینی، ١٦٦، ١٧٧، ١٨٠، ١٨٧، ١٩٤، ٢٦٦
ئالانەکان، ٥٢
ئالبێرت، ٢١٧، ٢٢٨
ئالبوکێرک، ١٧٦، ١٩٢، ٢٩٢
ئالفرێد گیوم، ٣٤٣
ئاماسیيە، ٨٩، ١٢٣، ١٥٢
ئاناتۆلی، ١٦، ٣١، ٤٣، ٤٩، ٥٨، ٥٩، ٧١، ٧٤، ٨٤، ٨٥، ١١٧، ١٢٥، ١٥١، ٣٠٣
ئانتۆنی وێلش، ٢٠٩، ٢١٠، ٢١١
ئاندەلۆس، ٣٣١، ٣٤٣
ئاندرادە، ١٨٩
ئانگێلووس، ٣٣٥
ئاورامۆف، ٣٧٣
ئاورووئێس، ٣٢٦
ئایالۆن، ٣٢، ٨٩
ئەبدالی، ٦٥، ٣٦٩,٦٦، ٣٧١
ئەبولباقی ئەحمەد، ٣٦، ٦٤
ئەبولفەتح ئیسحاق، ١٠، ٣٤
ئەبولفەتح حوسێنی، ١٠
ئەبولقاسم، ٢٥٠
ئەبووبەکر، ٢٢، ٦٤، ٧٠
ئەبووتالب، ١٢٧، ٣١٩، ٣٤١
ئەبووحەنیفە، ١٥٤
ئەبووسەعید، ٣٩، ٤١


بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەبوومەنسوور شەرەفەددین، ٦٤
ئەبوومحەممەدقاسم، ١٠
ئەتابەیگ، ١٠٣
ئەحمەد ئارام، ٣٤٢
ئەحمەد سوهەیلی خوانساری، ٢٣٨
ئەحمەدپاشا، ٣٧٩، ٣٨٠
ئەحمەدخان، ٢٧
ئەحمەدنیگەر، ٣١١
ئەدەنە، ٣٠٣
ئەرەستوو، ٣٢٧، ٣٢٨
ئەردەوێڵ، ٣، ١١، ١٤، ١٥، ١٧، ١٩، ٢٠، ٣١، ٣٢، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٤٠، ٤٢، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥١، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٦١، ٦٥، ٨٥، ٩٦، ١٠٥، ١١٦، ١٦٨، ٢١٧، ٢٢٧، ٣٩٠
ئەردستان، ٢٢٢
ئەرزەڕۆم، ١١٨، ١٥١، ١٥٣
ئەرزەنجان، ٦١، ٦٢، ٨٥، ٨٦
ئەرمەنستان، ٤٤، ٥٤، ٦١، ٣٦٩
ئەرمەنی، ١٢٠، ١٤١، ١٥١، ١٥٣، ١٥٨، ١٦٦، ١٩٠، ٢١٩، ٢٣٣، ٢٤٧، ٢٦٤، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٨٤، ٢٩٧، ٢٩٩، ٣٠١، ٣٠٢، ٣٠٧، ٣٧٠، ٣٧٧
ئەستەراباد، ١٠٣، ٢٢١، ٣٢٩
ئەسکەندەربەگ، ٧، ٤٨، ٦٧، ٩٤، ١٥٣، ١٧٢، ٢٨٢، ٣١٤، ٣١٥، ٣٢٢، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٨٥، ٤٠١، ٤٠٨، ٤١٣
ئەسکەندەرپاشا، ١١٩
ئەشرەف، ٤٤، ٤٥، ١٦٥، ٣٧٦، ٣٧٨، ٣٧٩، ٣٨٠
ئەڵـڵاوێردیخان، ١٤٤، ١٥١، ١٥٣، ١٥٨، ٢٤٧، ٢٦٠، ٣٣١، ٣٥٠
ئەفریقا ،١٧٤، ٢٠٣
ئەفشار، ٦٢، ١٢٦، ٢٠٢، ٢٨٠
ئەفغان، ١٢٢، ٣٤٨، ٣٦٧، ٣٦٨، ٣٦٩، ٣٧٣، ٣٧٤، ٣٧٥، ٣٧٨، ٣٨٠
ئەفغانستان، ٢٤٥، ٣١٨
ئەفغانی، ٢٠٢، ٣٧٣، ٣٧٥، ٣٧٩
ئەکبەر، ٣١٣
ئەلبۆستان، ٩٢، ١٠٠
ئەلجەزایری، ٢٠٣، ٢٠٤
ئەلقاسمیرزا، ١١٣، ١١٥، ١١٧، ١١٨
ئەلوەند، ٦٢، ٧١، ١٣٥
ئەلیاسخەلیفەی قەراداغلوو، ٤٠٥
ئەمانوڵـڵاخان، ٣٧٤
ئەمیر نیزامەددین عەبدولباقی، ٨٨
ئەمیر یارئەحمەدی ئیسفەهانی، ٨٢
ئەمیرچووپان، ٤٣
ئەمیرخان ،٧ ،٢٦، ٢٧، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٨٧، ٣٨٨، ٣٨٩، ٣٩٠، ٣٩١، ٣٩٢، ٣٩٣، ٣٩٥، ٤٠٠، ٤٠١، ٤٠٢، ٤٠٣، ٤٠٤، ٤٠٥، ٤٠٦، ٤٠٧، ٤٠٨، ٤١٠، ٤١٢، ٤١٣، ٤١٤
ئەمیرە، ٣٨٦، ٣٨٨، ٣٨٩، ٣٩٨، ٤٠٠، ٤٠٩، ٤١٥
ئەمینەددین جوبرەئیل، ١٠، ٣٨
ئەنزەلی، ٣٩١
ئەنوەر سوڵتانی، ٢٦
ئەنوەری، ٣٢٤
ئەوڕەنگ زیب، ٣٥١
ئێپیرووت، ٨٨
ئێپیرووس، ٨٨، ٩٩
ئێدوارد براون، ٦٦، ٣٠٩، ٣١٠، ٣٢٠، ٣٢٤، ٣٢٥، ٣٣٥، ٣٤٠
ئێدوارد ماناکس، ١٩٠
ئێدوارد ماهلێر، ١٧٢
ئێراق، ٦٢، ١١٧، ١٤٩، ١٥١، ١٥٢، ١٧٢، ٢٨٢، ٢٩٥، ٣٠٣
ئێران، ١، ٢، ٦، ٧، ٨، ١٠، ١٣، ١٤، ١٧، ٢٠، ٢٢، ٢٣، ٢٥، ٢٨، ٢٩ ، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٦، ٤٠، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٩، ٥١، ٥٢، ٥٦، ٦٠، ٦٣، ٦٦، ٦٩، ٧٢، ٧٤، ٧٦، ٧٧، ٧٩، ٨٠، ٨١، ٨٣، ٨٤، ٨٦، ٨٨، ٨٩، ٩٠، ٩١، ٩٢، ٩٤، ٩٦، ٩٧، ٩٩، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٧، ١١٠، ١١٢، ١١٤، ١١٥، ١١٧، ١١٨، ١١٩، ١٢٠، ١٢١، ١٢٢، ١٢٣، ١٢٨، ١٢٩، ١٣٤، ١٣٦، ١٣٧، ١٣٨، ١٤١، ١٤٩، ١٥٢، ١٥٤، ١٥٧، ١٥٨، ١٦٥، ١٦٦، ١٦٨، ١٧١، ١٧٢،

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٧٣، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ١٨٤، ١٨٥، ١٨٦، ١٨٧، ١٨٨، ١٩٠، ١٩١، ١٩٢، ١٩٤، ١٩٥، ١٩٦، ١٩٧، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٣، ٢٠٤، ٢٠٦، ٢٠٨، ٢١٠، ٢١١، ٢١٣، ٢١٥، ٢١٦، ٢١٧، ٢١٨، ٢١٩، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٢٣، ٢٢٦، ٢٢٧، ٢٢٨، ٢٣٠، ٢٣١، ٢٣٢، ٢٣٨، ٢٤١، ٢٥٢، ٢٦١، ٢٦٣، ٢٦٥، ٢٧٣، ٢٧٤، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٨١، ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٨٨، ٢٩٠، ٢٩١، ٢٩٢، ٢٩٣، ٢٩٤، ٢٩٥، ٢٩٦، ٢٩٧، ٢٩٨، ٣٠٠، ٣٠٣، ٣١٠، ٣١٢، ٣١٣، ٣١٦، ٣١٨، ٣٢٠، ٣٢٤، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٧، ٣٣٠، ٣٣٢، ٣٣٣، ٣٣٤، ٣٣٥، ٣٣٨، ٣٤٠، ٣٤٢، ٣٤٥، ٣٤٨، ٣٤٩، ٣٥٠، ٣٥٦، ٣٦٤، ٣٦٧، ٣٦٨، ٣٧٠، ٣٧١، ٣٧٢، ٣٧٣، ٣٧٥، ٣٧٧، ٣٧٨، ٣٧٩، ٣٨٠، ٣٨٢، ٣٨٣، ٣٨٤

**ئێرانیی**، ٢٢، ٧٨، ١٩٥، ٢٩٨، ٣١٢

**ئێرەوان**، ١٠٤، ١١٨، ١٥٠، ١٥٣، ١٩٥، ١٩٧، ٢٩٠، ٣٨٦، ٣٨٨، ٤٠٩

**ئێستیوونس**، ٢٥٥

**ئورەیاد**، ٤١٢

**ئورووپا**، ٣١، ٨٦، ٩٠، ٩١، ١٦٨، ١٧٣، ١٧٥، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ١٨٤، ١٨٨، ١٩١، ٢١٦، ٢٢٢، ٢٢٦، ٢٣٥، ٢٣٦، ٢٦٣، ٢٨٤، ٢٩٢، ٢٩٣، ٢٩٥، ٢٩٦، ٢٩٧، ٣٠٢، ٣٢٧، ٣٣٦، ٣٣٨

**ئوشنی**، ٣٨٥

**ئوقیانووسی هیند**، ١٦٦، ١٩٢، ١٩٣، ٢٠٠، ٢٩١، ٣٠٠

**ئولجایتوو**، ٤٢

**ئومیدنیک**، ١٧٥، ١٨٢، ١٩٢، ٢٩١

**ئووزوونحەسەن**، ٩١، ١٧٥

**ئوویماق**، ٤١٢

**ئیبنووبەتووتە**، ٢٤١، ٢٦٨

**ئیبنووبەززاز**، ١٠، ١٣

**ئیبنووتەرمەزی**، ٣٣٥

**ئیبنووخەلدوون**، ٣٢٦

**ئیبنووڕوشد**، ٣٢٦

**ئیبنووسینا**، ٦٦، ٣٢٨، ٣٣٣، ٣٣٤، ٣٣٥، ٣٤٠

**ئیتالیا** ، ١٧٥، ١٧٨، ٢٩٩

**ئیحسان یارشاتر**، ٣١٢، ٣١٩، ٣٢٠، ٣٢١، ٣٤١

**ئیزەدی**، ٧٠

**ئیسپانیا**، ٩٠، ١٦٦، ١٧٨، ١٨١، ١٨٨، ١٨٩، ٢٠٤، ٣٤٣

**ئیستانبووڵ**، ١٥١، ١٩٥، ١٩٦، ٢٩٥، ٣٠٣، ٣٧٧

**ئیستەخری**، ١٩، ٥٥

**ئیسرائیل ئۆری**، ٣٦٨، ٣٧٢

**ئیسفەهان**، ٣، ٢٧، ٤٨، ٩٦، ١٠٧، ١١٨، ١٤٨، ١٤٩، ١٦٣، ١٦٦، ١٧٠، ١٧٧، ١٧٩، ١٨٥، ١٨٦، ١٨٩، ١٩١، ١٩٤، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٩، ٢١٥، ٢١٩، ٢٢١، ٢٢٢، ٢٢٣، ٢٢٤، ٢٢٦، ٢٣١، ٢٣٥، ٢٤١، ٢٤٢، ٢٤٣، ٢٤٤، ٢٤٥، ٢٤٦، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٥٢، ٢٥٣، ٢٥٤، ٢٥٥، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٦١، ٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٥، ٢٦٦، ٢٦٧، ٢٦٨، ٢٦٩، ٢٧٣، ٢٧٤، ٢٧٨، ٢٨٠، ٢٩٤، ٢٩٧، ٣٠٢، ٣١٨، ٣٢٩، ٣٤١، ٣٥١، ٣٦٥، ٣٦٧، ٣٦٨، ٣٧٣، ٣٧٤، ٣٧٥، ٣٧٦، ٣٧٨، ٣٨٠، ٣٨٢، ٣٨٣، ٣٩١، ٣٩٤، ٣٩٩، ٤٠٢

**ئیسکاتلەند**، ١٨٠ ، ٣٧٠

**ئیسکاندیناوی**، ١٨٤، ٢٩٥

**ئیسلام**، ١٨، ٢٥، ٢٩، ٣٣، ٥٩، ٧٢، ٧٥، ١١٤، ١٧٤، ١٧٥، ١٨٨، ١٩٩، ٢٣١، ٢٥٢، ٢٧٤، ٢٨٤، ٢٨٥، ٢٩٧، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٨، ٣٣٠، ٣٣١، ٣٣٣، ٣٣٨، ٣٤٣، ٣٥١، ٣٦٠

**ئیسماعیل**، ١٣، ٤٧، ٦٠، ٦٢، ٧٣، ٧٩، ٨٤، ٨٧، ٩٢، ٩٤، ٩٩، ١٠٢، ١٧٦

**ئیسماعیل حەققی ئووزوون چارشلی**، ١٣

**ئیسماعیلی**، ٢٤٩

**ئیشراق**، ٣٢٧، ٣٢٨

**ئیشراقی**، ٣٢٧، ٣٣٠، ٣٣١

**ئیفلاتوون**، ٣٢٨

**ئیلیریایی**، ٨٨

**ئیمام حوسێن**، ٢٤

**ئیمامی ڕەببانی**، ٣٦

**ئینگلستان**، ٩٠، ١٨٠، ١٨١

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئینگلیس، ١٢، ٦٦، ٦٧، ٩٠، ١٦٦، ١٧٩، ١٨٢، ١٨٤، ١٨٥، ١٨٦، ١٨٧، ١٨٩، ١٩٠، ١٩١، ١٩٢، ١٩٣، ١٩٤، ١٩٥، ١٩٧، ١٩٩، ٢٠١، ٢٤٧، ٢٩٣، ٢٩٤، ٢٩٥، ٢٩٦، ٢٩٨، ٣٠٠، ٣٠١، ٣٠٥، ٣٢٤

ئیوانی، ١٨٢، ١٨٣، ١٨٤، ٣٠٧

ئیوانی چوارەم، ١٨٢، ٣٠٧

بابۆر، ٨٠، ٨٢، ٩٣، ١٢٢، ٣١٢

بابل، ١١، ١٩٦

بادنجانسوڵتانی ڕۆملوو، ١٠٥

باڵتیک، ٩٩، ٢٠٢

باڵکان، ٩٩، ١٧٥

بافین، ١٩٠

باقرۆف، ٢٧٠

باکۆ، ٦٢، ٢٠٢ ، ٣٧٨

بانتام، ٣٠١

بانیانەکان، ٢٦٥

بایەزیدی دووەم، ٨٠، ٨٥، ١٢٣

بایەزیدی یەکەم، ٤٧

بایرامبەگی قەرامانلوو، ٢٣

بایسونقور، ١٩

بای بوورتلوو، ٦١

بەتلیمووس، ٢٠٠

بەحرەین، ١٧٦، ١٧٨، ١٨٦، ١٨٩، ٢٩٣، ٣٦٩

بەدرەددین، ٤١

بەرخورداربەگی ئەنیس، ٣٩١، ٣٩٥

بەسرە، ١٩٣

بەغدا ،٢٨، ٥٩ ، ٧٩، ٨١، ١٠٨، ١١٧، ١١٨، ١٥٢، ١٥٣، ١٥٤، ١٥٥، ١٥٦، ١٦٣، ١٧٢، ١٧٤، ٢٩٤، ٣٣٦، ٣٣٨، ٣٤٨

بەکتاشی، ٥٩

بەلخ، ٣٥، ٤٨، ٤٩، ٩٣، ٩٩

بەلووچ، ٢٠٠، ٣٦٥

بەمبەئی، ٩٩، ٣٤٠

بەنانی، ٢٨٥، ٣٠٢، ٣٦١

بەندەرعەبباس ، ١٨٨، ١٩٢، ٢٠٠، ٢٠١، ٣٠٠، ٣٦٥

بەیتولموقەددەس، ١٥، ٤٩

بێهزاد، ٢٠٦، ٢١٦

بێهشەهر، ١٦٥

بدلیسی، ٨٧، ١٣٦

برادۆست، ٧، ٩، ٢٦، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٩٠، ٣٩٢، ٣٩٥، ٤٠٥، ٤١٠، ٤١٣، ٤١٤

برایمی ئەدهەم، ٣٥

برووگێل، ٢١٦

بریتانیا، ٢٨، ١٨١، ١٩٢، ٢٠٠، ٢٩٣

بڵباس، ٢٨

بلانت، ٢٤٢

بلێک، ١٩٣

بلیت، ١٩٠

بوجنووردیان، ٢٦

بوخارا، ٢٦، ٨١، ٩٩، ١٨٣

بووریس گۆدۆنۆف، ١٨٠

بووسانی، ٣٢٢

بیجاپوور، ٣١١، ٣٤٠

بیروونی، ٣٣٢، ٣٣٦

بیزانس، ٢٢٠

بینالنهرین، ٣١

پۆپ، ٢١٦، ٢١٨، ٢٢٤، ٢٢٨، ٢٣١، ٢٥٢

پۆرتۆغال، ٩٠، ١٦٦، ١٧٥، ١٧٦، ١٧٧، ١٨٠، ١٨٥، ١٨٦، ١٨٧، ١٨٩، ١٩٠، ١٩١، ١٩٢، ١٩٤، ٢٠٤، ٢٤٧، ٢٩٢، ٢٩٣

پاتین، ٢١٩

پارسادووست، ٩، ١٠

پاریس، ١٩٧، ٢٤٢

پازووکی، ٣٩٩

پاکستانی، ٣٢٧

پەرتەو بەیزایی، ٣٤١

پەرەستەرجان، ١٧٤

پەریخان خاتوون، ٣١٤

بنكەی ژین
www.zheen.org

پێتر، ٢٠١، ٣٦٨، ٣٧٠، ٣٧٣، ٣٧٦، ٣٧٨
پێترۆس، ٢٦٤
پێترێزبوورگ، ١٣٦
پێتری گەورە، ٢٠٢، ٣٦٩، ٣٧٣، ٣٧٦، ٣٧٨
پرۆتستان، ٧٧، ١٨٥
پردی ئەڵـلاوێردیخان، ١٦٣، ٢٦١
پردی خواجوو، ٢٦١
پلۆپۆنز، ٩٩
پلینی، ٢٠٠
پیتێر براون، ٢٧٣
پیرووزی کوردی سەنجانی، ١٠

ت. گەنجی، ٦٨
تۆرۆس، ١٩١
تۆغان، ١١، ٣٢
تۆگان، ٣٢
تۆماس هێربێرت، ١٩١
تۆماسب، ١٠٥، ١١٥، ١٢٢، ١٢٦
تاتار، ٧٥، ١٣٠، ١٥٣، ١٨٤
تاتی، ١٢
تاجەددین، ١١، ١٤
تاجیک، ٢١، ٧٤، ١٢٤، ١٣٢، ١٣٣، ١٥٧، ٢١١، ٣٦٧، ٣٩٢
تاران، ٦٥، ٦٦، ٦٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٠، ١٣٥، ١٣٦، ١٩٦، ٢٠٣، ٢٠٤، ٢٦٨، ٢٧٠، ٣٣٥، ٣٤٠، ٣٤١، ٣٤٢، ٣٤٣، ٣٧٢، ٣٧٩، ٣٨٣، ٤٠١
تاروم، ٦٤
تالبی ئامولی، ٣١٩، ٣٢١
تالش، ١٤، ٢٢، ٦١، ٨٣
تاوێرنیە، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٥، ٢٧٤، ٢٧٩، ٢٨٤، ٣٠٣
تەبەررائیان، ٧٠، ٩٨
تەبەرسەران، ١٧، ٥٢
تەرگەوەڕ، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٨٧
تەکەلوو، ٦٢، ٨٥، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٨، ١١١، ١١٥، ١١٧، ١١٨، ١٣٢

تەهماسب، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٩، ١١١، ١١٢، ١١٤، ١١٥، ١١٧، ١٢٠، ١٢١، ١٢٣، ١٢٤، ١٢٦، ١٣٢، ١٣٣، ١٨٤، ٢٠٢، ٢٠٧، ٢١٦، ٣١٥، ٣٧٥، ٣٧٨، ٣٧٩، ٣٨٠
تەهماسبمیرزا، ١١٣
تەورێز، ١٢، ١٩، ٢٢، ٢٤، ٣١، ٣٢، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٥٦، ٥٨، ٦٢، ٦٤، ٦٩، ٧٠، ٧٩، ٨٨، ٨٩، ٩٢، ١٠٣، ١٠٤، ١١٦، ١١٧، ١١٩، ١٢٠، ١٣٤، ١٤٩، ١٥٠، ١٥٦، ٢٠٦، ٢١٨، ٢٢٨، ٢٣٢، ٢٤٨، ٢٦٩، ٢٧٩، ٣٠٣، ٣٧٥، ٣٨٦، ٣٨٧، ٣٨٨، ٣٩١، ٣٩٤، ٤٠٩، ٤١٥
تەویل، ٣٩٠، ٤٠٥
تەیموور، ٢٦، ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٧١، ٧٣، ٨٠، ٩٢، ١٧٥، ٢٠٥، ٢٣١، ٢٥٣، ٣١٢، ٣١٦، ٣١٩، ٣٢٢، ٣٧١
تێسالی، ٨٨، ٩٩
تێوێنۆ، ٢٧٣، ٢٨٨، ٢٩٠، ٢٩٧، ٣٠٠، ٣٣٤، ٣٣٨
ترابووزان، ١٦، ٥٢
تراسی، ٨٨
ترک، ٧، ٩، ١١، ١٣، ١٤، ١٨، ٢٠، ٢٦، ٣٢، ٥٨، ٧٤، ٨٠، ٨٣، ٨٨، ٩٢، ٩٦، ٩٩، ١٠٣، ١١٠، ١١٦، ١٣٦، ١٣٧، ١٥٩، ١٦٠، ١٦٦، ١٧٢، ١٧٤، ١٧٨، ١٧٩، ٢٠٢، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٨١، ٢٩١، ٣١٣، ٣١٦، ٣٢٢، ٣٣٨، ٣٦٤، ٣٧٧، ٣٧٨، ٣٧٩
تورکیا، ١٦٦، ١٨٤
توسکانی، ١٨٠
توووران، ١٣٦
تووورانی، ٢٠، ٨٠
تووس، ١٠٥
توولووزان، ٣٣٥
تووونس، ٣٢٦

جاسک، ١٨٥، ١٨٦، ٢٩٤
جاکارتا، ٣٠٠
جاگیرلوو، ٤٦
جام، ١٠٦، ١١١، ١١٥، ٢١٨

بنکەی ژین
www.zheen.org

جامی، ٢١١، ٢٣٣، ٣٠٩، ٣٢١
جانسۆن، ١٨٣
جانگیر، ٣١٣، ٣١٦
جاوه، ٣٠٧
جەبرید، ١٧٦
جەروون، ١٨٨
جەعفەرپاشای، ٤٠٩
جەلالەددینی ڕۆمی، ٣٢٤
جەلالیی، ٢٧، ٣٨٨، ٣٨٩، ٣٩٠، ٣٩١، ٣٩٢، ٣٩٥، ٤٠٣، ٤٠٧
جەلایری، ٤٤
جەیحوون، ٨٠، ١٤٧
جێنۆوایی، ١٧٥، ١٧٨، ١٨٣
جرارد کیرموونا، ٣٣٣
جولفا، ١١٤، ١٦٦، ١٩٤، ٢٦٤، ٢٦٥، ٢٦٦ ، ٢٩٧
جوولەکە، ٢٦٥ ، ٣٥١
جوولیووس سێزار، ٣٢٢
جیهانشا، ١٦، ١٨، ٥١

چارلزی یەکەم، ١٩١
چاڵدێران، ٢٤، ٨٦، ٨٧، ٨٩، ٩٠، ٩٢، ٩٣، ٩٤، ١٠٠، ١١٢، ١٢١، ١٤٠، ١٧٦
چەشمکەزەک، ٢٣
چەنگیزخان، ٤٥، ١١٤، ١٧٥
چێنسلێر، ١٨٢
چرکەس، ١٦، ١٧، ٥٢، ٦٧، ١٢٠، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٨، ١٤٠، ١٤٤، ١٦١، ١٦٢، ٢٨٠
چلستوون، ٢٤٦، ٢٥٥، ٢٥٦، ٢٥٧، ٣٥١
چوارباخ، ٢٤٦، ٢٤٧، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٦١، ٢٦٣، ٢٦٤
چووهاسوڵتان، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٨، ١١٥
چین، ١٤، ٧٧، ٩٧، ١٦٠، ١٦٣، ١٦٦، ١٧٣، ١٨٢، ٢١٠، ٢١٨، ٢٢٠، ٢٢٣، ٢٢٦، ٢٢٧، ٢٢٩، ٢٣٢، ٢٦٣، ٢٦٦، ٢٧٢، ٢٧٤، ٢٧٩، ٢٨١، ٢٨٤، ٢٩٢، ٣٠١، ٣١٩، ٣٢٢، ٣٢٥، ٣٣٨، ٣٥٥
چینی (تیرەی چینی) ، ٤٠٢

حاتەمبەگی، ٣٩٠
حافز، ١٤٩، ٢٣٣، ٢٤١، ٣٠٩، ٣١٧
حافزئەحمەدپاشا، ١٥٤، ١٥٦
حەزین، ٣١٦، ٣١٧، ٣٤١
حەساری شادمان، ٨١
حەسەن ساداتناسری، ٣٤١
حەسەنبەگ، ١٦، ١٧، ٢٣
حەسەنپاشا، ٥٦
حەسەنخان، ٣٨٩، ٣٩٠، ٣٩١، ٣٩٢، ٣٩٤، ٣٩٧، ٣٩٨، ٣٩٩، ٤٠١، ٤٠٢، ٤٠٥، ٤٠٧، ٤١٢
حەلەب، ١٥٥، ٣٢٧
حەلیمەبەگیئاغا (حەلیمە بەگم) ، ١٩ ، ٥٢
حەمدوڵـلا مستەوفی، ١١
حەنەفی، ١٢
حەیدەراباد، ٣٤٠
حەیدەرمیرزا، ١٢٦
حەیدەرییە، ١٨
حللە، ١٥٥
حوسێنخانی شاملوو، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٨، ١٠٩، ١١١، ١١٦
حوسێنسوڵتان، ٤١٢
حوسێنعەلیبەگی بەیات، ١٨٠
حوسێنی مەدەنی ، ٢٥، ٢٧
حیرەتی، ٣١٤

خۆئان، ١٨١
خۆزانی، ٤٠٢
خاتووپەریخان، ١٢٧
خانمبەگی خەلیفە، ٢٣
خارەزمی، ٣٣٢
خاقانی، ٣٢٤
خانئەبداڵ، ٤٠٦، ٤١٠
خانئەحمەدخان، ٢٧
خەتایی، ٢٤، ٥٨، ٣١٣
خەلیلپاشا، ١٥٣

بنکەی ژین
www.zheen.org

خەلیلسولتان، ٣٩٥
خواجەعەلی، ١٢، ١٥، ٢٠، ٤٦، ٤٧، ٤٨، ٤٩
خوافی، ١٠
خواندەمیر، ٢٠٦
خوراسان، ١٠، ٢٥، ٢٦، ٤٤، ٧١، ٧٩، ٨٣، ٩٤، ١٠٥، ١٠٦، ١١٣، ١٢٥، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٧، ١٣٨، ١٣٩، ١٤٦، ١٤٨، ١٦١، ١٦٨، ٢٠٥، ٢٣١، ٢٣٥، ٢٤٨، ٣٠٩، ٣٤٨، ٣٧٢، ٣٧٨
خووزستان، ١١٨

دۆنالد ویلبێر، ٢٥١
دادمۆر کاتن، ١٩١
داراموون، ١٧٩
داربووم، ٣٢
داریال، ٥٢
داغستان، ٢٢٨
دامادئیبراهیم، ٣٧٧
دەدەبەگی تالش، ٨٣
دەربەند، ٤٣، ٢٠٢، ٣٧٦
دەرەگەز، ٢٦
دەریای خەزەر، ٣٨، ٧٩، ١٦٤، ١٨٣، ٣٧٨
دەریای رەش، ٢٠٢، ٣٩٥
دەریای سپی، ١٨٤، ٢٩٥
دەمیشق، ١٧٤
دێخورگان (دێهخوارقان) ، ١٢
دێسپینا، ٥٢
دێنگیزبەگی رۆملوو، ١٨٧
دێهخودا، ٢٤٠
دێهلی، ٩٣، ٣١١، ٣١٢
دمدم، ٧، ٩، ٢٧، ٣٨٥، ٣٨٧، ٣٩١، ٣٩٣، ٤٠١، ٤٠٨
دورمیشخان، ٨٧، ٩٦، ١٠٣
دونالکێد ویلبێر، ٢٤٧
دووچۆمان، ٢٨، ٣١، ٤٣، ١٦٨، ١٧٢، ١٩٦
دیاربەکر، ١٥، ١٧، ٥١، ٦٢، ٧٩، ٨٦، ٨٧، ٩٢، ١٥٥
دیالە، ١٥٥
دیجلە، ١٥٤، ١٥٥
دینمحەممەدخان، ١٤٧

رۆدۆلفی دووەم، ١٨٠
رۆژبەیانی، ١٢، ١٣، ٣٩٥، ٤١٤، ٤١٥
رۆستەمبەگ، ١٩
رۆستەممحەممەدی سەعدلوو، ٣٧٣
رۆم، ٤٧، ١٦٥، ١٧٣، ١٨٠، ١٨١، ٣٤٣، ٣٨٦، ٤٠٩
رۆمانی، ٣٠٣
رۆمێر، ١٢
رۆمی، ٤٧، ١٧٣، ٣٣٤، ٣٥٣، ٣٨٥ ، ٤١١
رابێرت بایرۆن، ٢٥٣
رابێرت شێرلی، ٩٠، ١٧٩، ١٩١
راجر سێیڤری، ١، ٢، ٧، ٩، ٢٥، ٢٨، ٦٧
رأس‌الخیمە، ١٨٨
رازێس، ٣٣٣
رالف فیچ، ٢٩٣
رافائێل دو مان، ١٩٤
راین، ٢١٩
رەباتی پەریان، ١٤٨
رەحیمخانی حەکیمباشی، ٣٧٢
رەزا عەبباسی، ٢٠٩، ٢١٠، ٢١١، ٢١٢، ٢١٤، ٢١٥، ٢٢٢
رەشت، ٢٠، ٢٢٢، ٣٧٣
رەشیدەددین، ٤٢
رەوادییان، ٦٤
رەی، ١١٦
رووباری کور، ٥٢، ٦٢
رووسیا، ٢٦، ١٨٢، ١٨٣، ١٨٤، ٢٠١، ٢٩٥، ٢٩٩، ٣٠٢، ٣٠٧، ٣٦٩، ٣٧٢، ٣٧٦، ٣٧٨، ٣٧٩
رووسی، ٢٤٧، ٣٦٨، ٣٧٠، ٣٧٣، ٣٧٨
ریچارد ئێتینگهاوزێن، ٢١٣
ریچارد ئێستیل، ١٨٥
ریشیلیوو، ١٩٤، ٢٠٤

بنکەی ژین
www.zheen.org

زاهیدییە، ٤٠
زایەندەڕوود، ١٦٤، ٢٤٥، ٢٦٥
زەرەند، ٢٢٨
زەردەشتییەکان، ٢٦٥، ٣٧٧
زەنجان، ٣٢٧
زەندییە، ٣٢٥، ٣٨١
زەهاو، ٣٠٣
زێرنۆف، ١٣٦
زێنۆ، ٨٩
زولقەدر، ٦٢، ٩٢، ١٠٣، ١٠٦، ١٠٧

ژۆزێف، ١٩٤
ژاپۆن، ٢٧٣، ٣٠١
ژان باتیست فابێر، ١٩٥

سۆئێد، ٢٠٢
سۆما، ٣٩١
سۆهران، ٣٨٦
سۆهرەوەرد، ٣٢٧
سۆهرەوەردی، ٣٢٧، ٣٢٨، ٣٢٩، ٣٣٠، ٣٣١
سائیبی ئیسفەهانی ، ٣١٠، ٣١٩، ٣٢٠، ٣٢١
سادقبەگی ئەفشار، ٢٠٩، ٢١٠، ٢٣٨
سارم (سارمبەگی موکری) ، ٢٣، ٢٤
سارووتەقی، ٣٤٧، ٣٥٠
سارووعەلیبەگی مۆردار، ٢٣
ساروقۆرغان، ٤٠٨
ساری، ١٦٥
ساسانی، ٦٩، ٢٢٠، ٢٧٣، ٣٨٧
سالّح، ٢، ١٠، ٦٤
سامەڕا، ١٥٤، ١٦٨
سامیرزا، ١١٣، ١١٨، ٣٤٧
سانسۆن، ١٥٩
ساوجی، ١٠٨
ساوە، ٢٢٢، ٢٢٨
سەبزەوار، ٤٤
سەدرەددین مووسا، ٤١
سەدرەددینی شیرازی، ٣٣٠
سەراو (سەراب) ، ١٢
سەرەخس، ١٣٤
سەلّماس، ١٢، ٣٨٧، ٣٩١، ٤٠٤، ٤٠٨
سەعادەتئاباد، ٢٦٥
سەعدی، ٩٩، ٢٣٣، ٢٣٥، ٣١٢
سەعید باستانی، ٩٩
سەفەوییە، ٣، ٧، ١٤، ١٧، ٢٣، ٢٥، ٢٨، ٣٤، ٤٠، ٤٢، ٤٣، ٤٤، ٤٧، ٥١، ٥٢، ٥٧، ٥٨، ٦٠، ٦١، ٦٥، ٦٦، ٦٩، ٧٠، ٧٢، ٧٣، ٧٦، ٨٠، ٨١، ٨٤، ٨٧، ٩٠، ٩٢، ٩٤، ٩٧، ١٠١، ١٠٦، ١١٠، ١١٣، ١١٥، ١١٧، ١٢٢، ١٢٤، ١٤٠، ١٥١، ١٥٤، ١٥٧، ١٦٦، ١٦٨، ١٨٣، ١٩٠، ١٩٩، ٢٠٢، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢٠٧، ٢٢٣، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٣١، ٢٣٢، ٢٣٣، ٢٤٢، ٢٤٥، ٢٥٠، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٨٣، ٣٠٩، ٣١١، ٣١٢، ٣١٩، ٣٢٠، ٣٢٤، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٤٥، ٣٥١، ٣٥٣، ٣٥٦، ٣٦٥، ٣٧٥
سەفەوی، ٢، ٣، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١٣، ١٤، ١٥، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٣، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٣٢، ٣٣، ٣٥، ٤٢، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٧، ٤٨، ٥٠، ٥١، ٥٣، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٦٠، ٦٤، ٦٦، ٧٠، ٧١، ٧٣، ٧٦، ٧٨، ٨٠، ٨٧، ٩١، ٩٣، ١٠١، ١٠٨، ١١٠، ١١١، ١١٦، ١١٨، ١٢٠، ١٢٢، ١٢٣، ١٢٧، ١٣٤، ١٣٩، ١٤٤، ١٥٠، ١٥٣، ١٥٤، ١٥٥، ١٥٧، ١٦٠، ١٦٢، ١٦٣، ١٦٦، ١٧٨، ١٧٩، ١٨١، ١٩١، ١٩٦، ١٩٩، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٣، ٢١٠، ٢١١، ٢١٥، ٢١٦، ٢١٨، ٢٢٢، ٢٢٤، ٢٣١، ٢٣٣، ٢٣٥، ٢٤٢، ٢٥٥، ٢٦١، ٢٦٤، ٢٧١، ٢٧٨، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٨١، ٢٨٣، ٢٩١، ٢٩٣، ٢٩٤، ٢٩٥، ٢٩٦، ٢٩٩، ٣٠٣، ٣١١، ٣١٣، ٣١٦، ٣١٨، ٣١٩، ٣٢٠، ٣٢١، ٣٢٢، ٣٢٤، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٧، ٣٣٤، ٣٣٨، ٣٣٩، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٥٤، ٣٥٦، ٣٥٧، ٣٦١، ٣٦٥، ٣٦٧، ٣٦٩، ٣٧٠، ٣٧٣، ٣٧٤، ٣٧٥، ٣٧٧، ٣٨١، ٣٨٤
سەفی، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٧، ١٦٠، ٢٠٣، ٢٦٥، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٧٥
سەلاحەددینڕەشید، ١٠، ٣٦


بنکەی ژین
www.zheen.org

سەلجووقییان، ٢٢٤، ٢٢٩
سەنجار، ١٠، ١٤
سەنگان (سەنجان) ، ١٠
سەیدعەلی، ٢١٦
سەیفەددینی موکری، ٢٣
سێرب، ٨٨
سێرپێرسی سایکس، ١٧٢، ٣٨٤
سێرجان مێلکۆم، ٧٧، ٩٩، ٢٧٢
سلێمان، ١٣٧
سلێمانمیرزا، ١٢٥
سمایلخان، ٣٧٢
سمایلمیرزا، ١٢٦
سمایلی سێهەم، ٣٨١
سمایلی یەکەم، ٢٢
سندووس، ٤٠٨
سورخاببەگ، ٢٨
سوڵتانعەلیپادشا، ١٩
سوڵتانکەیخاتوو، ١٣
سوڵتانمحەممەد، ١٢٩، ١٣٢، ٢١٦
سوڵتانمحەممەدشا، ١٢٨، ١٢٩، ١٣٤، ١٦٠، ٣٥٨
سوڵتانمراد، ٧١، ١٢٠، ١٣٠
سوڵتانمستەفا، ١٥٣
سوورات، ٣٠١
سووریا، ٤٠، ٤٣، ٥١، ٥٤، ٦١، ٩٠، ١٣٦، ١٧٤، ١٨٥، ٣٧٠
سووماترا، ٣٠١
سیاوڕوود، ١١
سیستان، ٣٧٨
سیگیسمۆند، ٢١٩
سیلان، ١٩٢
سیواس، ٨٦ ، ١٥١
سیوسێ پرد، ٢٦١

شاپل دو هان، ٢٧٩
شاتۆنۆف، ١٩٥
شاجیهان، ٣١٣
شاڕوخ، ٤٩، ٢٠٥
شاردێن، ٧٧، ١٠٧، ١٣٥، ١٧١، ١٩٣، ٢٣٥، ٢٥١، ٢٥٨، ٢٦٦، ٢٦٧، ٢٧٠، ٢٨٤، ٢٩٦، ٣٠٠، ٣٤٥، ٣٦٢، ٣٨٣
شارلی پێنجەم، ١٧٩
شاسەفی، ٢٨، ١٤٣، ١٤٥، ١٥٤، ٢٩٩، ٣٤٦، ٣٤٧، ٣٤٩، ٣٥٠
شاسەیوان، ١٤٠
شاسمایل، ٣، ٧، ٩، ١٢، ١٣، ١٥، ١٧، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٦، ٢٧، ٤٢، ٥٤، ٦٦، ٦٧، ٦٩، ٧١، ٧٢، ٧٤، ٧٦، ٧٨، ٨٤، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٩٠، ٩٢، ٩٤، ٩٦، ٩٧، ٩٨، ١٠٣، ١٠٤، ١١٣، ١١٧، ١٢٤، ١٢٨، ١٤٠، ١٤٥، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٩، ٢٠٦، ٢٠٧، ٢١٨، ٣١٣ ، ٣٥٤، ٣٥٦، ٣٥٧
شاسمایلی دووەم، ٢٥، ٢٧، ١٢٨، ١٤٠، ١٤٥، ٣٥٦، ٣٥٨
شاسمایلی یەکەم، ٣، ٩، ٢٣، ٢٤، ٤٢، ٦٩، ٧١، ٧٢، ٧٦، ٧٨، ١٢٤، ١٧٦، ٢٠٦، ٣١٣، ٣٥٤، ٣٥٦
شاسوڵتانحوسێن، ١٩٧، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٩٧، ٣٣٧، ٣٥٥، ٣٦٤، ٣٦٥، ٣٦٦، ٣٦٧، ٣٦٨، ٣٦٩، ٣٧٠، ٣٧١، ٣٧٢، ٣٧٤، ٣٧٥، ٣٧٧، ٣٧٩، ٣٨٠، ٣٨٤
شاعەبباس، ٣، ٧، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٤٢، ٤٨، ٩٢، ٩٧، ١٠٢، ١٠٩، ١٢١، ١٢٢، ١٣٤، ١٣٧، ١٤٠، ١٤١، ١٤٢، ١٤٤، ١٤٥، ١٥٦، ١٥٧، ١٥٨، ١٦٠، ١٦٣، ١٦٤، ١٦٥، ١٦٩، ١٧٠، ١٧٢، ١٧٧، ١٨٠، ١٨٧، ١٨٨، ١٩٢، ٢٠١، ٢٠٩، ٢١١، ٢١٥، ٢١٩، ٢٢١، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٣١، ٢٣٤، ٢٣٥، ٢٤١، ٢٤٢، ٢٤٥، ٢٤٦، ٢٤٧، ٢٤٩، ٢٥٠، ٢٥٣، ٢٥٥، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٦١، ٢٦٤، ٢٦٥، ٢٦٦، ٢٦٨، ٢٧٤، ٢٧٨، ٢٧٩، ٢٨١، ٢٨٢، ٢٨٣، ٢٨٥، ٢٨٧، ٢٩٣، ٢٩٤، ٢٩٥، ٢٩٦، ٢٩٨، ٢٩٩، ٣١٥، ٣٢١، ٣٢٢، ٣٢٦، ٣٢٩، ٣٣٦، ٣٣٨، ٣٤٥، ٣٤٧، ٣٥٠، ٣٥٤، ٣٥٨، ٣٦١، ٣٦٥، ٣٨٣، ٤٠١ ، ٤٠٨
شاعەبباسی دووەم، ٢٦١، ٢٨٥، ٢٩٧
شاعەبباسی یەکەم، ٢٨، ٤٢، ٤٨، ٩٧، ١٢١، ١٢٢، ١٣٤، ١٣٧، ١٤١، ١٤٤، ١٥٧، ١٦٠، ١٦٩،

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٧٧، ٢٠١، ٢١١، ٢١٩، ٢٣١، ٢٣٥، ٢٤٢، ٢٤٥، ٢٤٩، ٢٥٥، ٢٥٧، ٢٦٤، ٢٨٧، ٢٩٤، ٢٩٥، ٢٩٦، ٢٩٨، ٣٢٢، ٣٤٧، ٣٥٠، ٣٥٤، ٣٨٣

شافعی، ١٢

شامەحموود، ٢٠٦

شاملوو، ١٠٦، ١٠٨، ١٣٢

شامی، ٣١٥

شاوێردیخان، ٣٥٨

شبلی نوعمانی، ٣١٩، ٣٢١

شەرەفخان، ٢٥

شەروور، ٦٢، ٧١، ١٠٥

شەمسەددینی لاهیجانی، ٢١

شەمماخی، ١٨، ٥٣

شەنگار، ١١، ١٤

شەهیرسوڵتانی موکری، ٤١٥

شێخ بەهائەددین، ٢٤٢

شێخ بوندار، ١١

شێخ حەیدەر (شێخ حەیدەر سەفەوی)، ١٨، ١٩

شێخ لوتفوڵـلا، ١٦٣، ٢٥٠، ٢٥٥

شێخ محەممەد، ٣٤١

شێخحەیدەر (شێخ حەیدەر موکری)، ٤٠٩، ٤١٢

شێخشا، ١٥

شێخولئیسلام، ٣٨٢

شمیران، ٦٤

شنۆ، ٢٦، ٣٨٥

شیراز، ١٩، ٣٨، ١٠٧، ١٢٨، ١٨٦، ١٨٨، ١٩٤، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٤١، ٢٩٤، ٣١٣، ٣٢١، ٣٣٠، ٣٣١، ٣٨٠

شیروان، ١٦، ١٨، ٥١، ٥٣، ٦٢، ٦٧، ٧٩، ١١٣، ١١٧، ١٢٢، ١٢٥، ١٣٠، ١٤٩، ١٨٣، ٢٢١، ٢٣١، ٣٧٧

شیروانشا، ١٦، ١٧، ١٨، ٥٢، ٥٣، ٦١، ٦٢

شیعە، ١١، ١٨، ٢٠، ٣٣، ٣٤، ٥٣، ٦٩، ٧٠، ٨٥، ١٠٧، ١٢٨، ١٤٧، ١٦٤، ١٦٨، ٣١٤، ٣٦٥، ٣٧٧، ٣٨٢، ٤١١

شیعەی دوازدەئیمامی، ٣١٠

عادڵگرایخان، ١٣٠

عالمشا بەگم، ٥٢، ٥٥

عالیقاپۆ، ١٦٣، ٢٥٣، ٢٥٥، ٢٥٧

عەبدوڵـلاخان، ١٣٣، ١٤٧، ١٨٣

عەبدوڵـلاخانی ئۆستاجلوو، ١٨٣

عەبدولعەزیز، ٣٦٩

عەبدیبەگی شاملوو، ٢٣

عەدەن، ٢٩٢

عەرەب، ٧، ١٠، ٧٥، ١١٧، ١٧٤، ٢٠٠، ٢٤٧، ٢٩٢، ٣٠٧

عەرەبستان، ١٥٢، ١٦٦، ٢٩٢، ٣٠١، ٣٧٤

عەلی، ١٩، ٢٠، ٣٤، ٤١، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٦٠، ٦١، ٦٩، ٧٠، ٧١، ٩٨، ٢٣٣، ٢٦٩، ٣٤١، ٣٦١، ٣٨٢

عەلیقولیخان، ٤١١، ٤١٢

عەلیقولیخانی شاملوو، ١٢٨، ١٣٩

عەلیمەردانخان، ٣٧٤

عەواز، ١٠

عێراق، ٣٨٩

عوبەیدوڵـلاخان، ١٠٥، ١٠٧، ١١٠، ١١٥

عورفی شیرازی، ٣١٠

عوسمان، ٢٢، ٧٠، ٩٨

عوسمانی، ١٦، ١٨، ٢١، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٨، ٤٣، ٥٠، ٥٤، ٥٩، ٧٢، ٧٤، ٨٠، ٨٤، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٠، ٩١، ٩٢، ٩٩، ١٠٨، ١٠٩، ١١٠، ١١١، ١١٢، ١١٥، ١١٦، ١١٧، ١١٨، ١١٩، ١٢٣، ١٢٩، ١٣٠، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٤، ١٣٧، ١٣٨، ١٤٣، ١٤٨، ١٤٩، ١٥٠، ١٥١، ١٥٢، ١٥٤، ١٥٥، ١٥٦، ١٥٧، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٠، ١٨٤، ١٨٧، ١٩٥، ٢٨٨، ٢٩٠، ٢٩٤، ٢٩٥، ٣٠٣، ٣١٨، ٣٢١، ٣٣٦، ٣٤٨، ٣٥٨، ٣٧٢، ٣٧٦، ٣٧٧، ٣٧٨، ٣٧٩

عومان، ١٩٢، ٢٠٠

عومەر، ٢٢، ٣٨، ٧٠، ٩٨

عومەر بارووقی، ٣٨

عومەربەگ، ٣٨٦

عونسوری، ٣٢٤

بنکەی ژین
www.zheen.org

عیوەز، ٣٥

غۆجدۆوان، ٨٢، ٩٩
غازانخان، ٤٢
غەدیری خوم، ٧٠
غەزنەوی، ٣١٧
غەیاسەددین جامی، ٢١٨
غرووری، ٢١٠
غولامحوسێنی یۆسفی، ٣٤١
غولامڕەزا تەباتەبایی‌مەجد، ١٠، ١١
غولجایی، ٣٦٥، ٣٦٨، ٣٦٩، ٣٧١

ڤۆلگا، ١٨٠
ڤێرسای، ٢٦٣

فارس، ٢١، ٢٨، ٤٤، ٥٥، ٦٢، ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٧،
٩٩، ١١٤، ١١٨، ١٣٥، ١٤٥، ١٤٩، ١٧٧، ١٨٥،
١٨٨، ١٩٢، ١٩٣، ١٩٤، ٢٠٠، ٢٠٣، ٢٠٤، ٢٢٤،
٢٣٢، ٢٧٠، ٢٩٢، ٣٠٥,٢٩٤، ٣١٠، ٣١٢، ٣١٨،
٣٢٠، ٣٢١، ٣٢٢، ٣٢٤، ٣٣١، ٣٣٤، ٣٤١، ٣٤٣،
٣٤٨، ٣٥٠، ٣٧٢
فالووجە، ١٥٥
فەتحعەلی‌خانی داغستانی، ٢٠١
فەتحعەلی‌خانی قاجار، ٣٨٠
فەڕوخ‌یەسار، ١٨، ٥٣
فەرانسەوی، ٧٧، ١٠٧، ١٩٤، ١٩٩، ٢٠١، ٢٠٤،
٢٥٩، ٢٦٨، ٢٩٤، ٣٢٧، ٣٤٥
فەرانسە، ٩٦، ١٧٤، ١٧٩، ١٨٠، ١٩٣، ١٩٤، ١٩٦،
١٩٨، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠٢، ٢٨٠، ٢٩٩، ٣٣٥، ٣٦٨
فەرەح‌ئاباد، ١٩١
فەهمی، ١٢٧، ٣١٤
فتووەت، ٢٧٥، ٢٨١
فەیزی، ٣١٩، ٣٢١
فێردیناند ووستنفێلد، ١٧٢
فرانسوا ڕیگوردی، ١٩٤
فرایر، ١٩٣، ٢٥٤، ٢٦٠، ٢٧٠، ٢٩٠، ٣٠٠، ٣٠٢

فوغانی، ٣١٩، ٣٢١
فیرعەون، ٢٧٣
فیرووزشای زێڕینکـلاو، ١٠، ١٤، ٣٢، ٣٤
فیرووزی کورد، ١٣
قۆتڵغ‌مەلیک، ١٣

قۆچان، ٢٦
قۆرتۆبە، ٣٢٦
قاجار، ٦٢، ١٠٤، ٢٥٦، ٣٧٩
قاجارییە، ٣٢٥، ٣٨١
قادێس، ٢٠٤
قارس، ١٥١
قاسملوو، ٢٧
قاهیرە، ٣٢٦
قەبان‌سوڵتان، ٣٩٥، ٣٩٩
قەبچاق، ٤٥
قەراباغ، ١٣٠، ١٣٣، ١٣٨، ١٥١، ٢٢١
قەراجەداغ، ٣٥٨
قەراچووق، ٤٠٨
قەرامان، ١١٧
قەرەچەقای‌بەگ، ١٥٢
قەزوێن، ١٠٥، ١١٩، ١٢٣، ١٢٦، ١٢٧، ١٢٨، ١٣٠،
١٣٢، ١٣٣، ١٣٤، ١٥٠، ١٧٩، ١٨٣، ٣١٠، ٣١١،
٣١٢، ٣١٣، ٣١٥، ٣٤٨، ٣٧٠، ٣٧١، ٣٧٥، ٣٧٩
قەهقەهە، ١١٨، ١٢٦
قەوقاز، ٤٥
قێشم، ١٨٨، ١٨٩، ١٩٠، ١٩٣
قرقیزستان، ٦٧
قزڵباش، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٧، ٢٨، ٥٤، ٥٨، ٦١،
٧١، ٧٥، ٧٦، ٧٨، ٨١، ٨٢، ٨٣، ٩٢، ٩٣، ٩٤،
٩٥، ٩٦، ١٠٢، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٨، ١٠٩، ١١٠،
١١٥، ١١٦، ١١٨، ١١٩، ١٢٠، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٧،
١٢٨، ١٢٩، ١٣٠، ١٣١، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٥، ١٣٧،
١٣٨، ١٣٩، ١٤١، ١٤٢، ١٤٣، ١٤٤، ١٤٥، ١٥٧،
١٥٨، ١٦١، ١٦٢، ١٨٠، ١٨٧، ٢١١، ٢٨٠، ٢٨٣،
٣٢٢، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٥٠، ٣٥٧، ٣٥٩، ٣٦٧، ٣٧٥،

www.zheen.org

٣٧٩، ٣٨١، ٣٨٧، ٣٨٩، ٣٩٠، ٣٩٢، ٤٠٧، ٤٠٩، ٤١٠، ٤١٢، ٤١٤
قوبادخان، ٢٧، ٤٠٩، ٤١٠، ٤١١
قوتبەددینئەبووبەکر، ١٠
قوستەنتەنییە، ٩٠، ١٦٥، ٢٩١
قوم، ١١٨، ١٣١، ٢٣٥، ٣٣٠، ٣٦٥

کۆپەکسوڵتانی ئۆستاجلوو، ١٠٣، ١٠٤
کۆرۆماندێل، ٣٠١
کۆژیکۆدە، ٣٠٧
کۆمپانیای لێوانت، ١٨٤
کۆمپانیای مۆسکۆوی، ١٨٤
کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی ئینگلیس، ١٨٢، ١٨٥، ١٨٦، ١٨٧، ١٨٩، ١٩٠، ١٩١، ١٩٢، ١٩٣، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠٢، ٢٢٨، ٢٩٣، ٢٩٤، ٢٩٦، ٢٩٨، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣٠١، ٣٠٢
کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی فەرانسە، ١٩٣، ١٩٤، ١٩٥
کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی هولەند، ١٨٥، ١٩٢، ٢٠٠، ١٩٥، ٢٩٩
کابووت، ١٨٢
کاپووچین، ٢٠٤
کاپووسن، ١٦٦، ١٩٤، ١٩٥، ٢٦٦
کادێس، ١٨٨
کارپیویچ، ١٨٤
کارترایت، ١٨٥
کارمێلی، ١٦٦، ١٩٤، ٢٦٦، ٣٤٩
کازمین، ١٥٤، ١٦٨
کاشان، ٨٦، ١١٨، ١٤٩، ١٦٣، ٢١٧، ٢١٩، ٢٢١، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٨٩، ٣١٤ ، ٣١٩
کالۆ یووهانس، ٥٢
کالیکووت، ٢٩٣
کامبیز عەزیزی، ٢٨، ٦٤
کامپفێر، ٢٦٦
کانسویل، ١٩٥
کەربەلا، ١٥٤، ١٦٨
کەرکووک، ٢٨، ١٥٤
کەسرەوی، ١٠، ١٢، ٣٢، ٤٦، ٦٥
کەڵخۆران، ٣٦
کەنداوی فارس، ٥١، ١٦٦، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٨٤، ١٨٥، ١٨٨، ١٨٩، ١٩١، ١٩٣، ٢٠٠، ٢٠٢، ٢٤٥، ٢٩١، ٢٩٢، ٢٩٤، ٢٩٥، ٣٠٠، ٣٠٢، ٣٠٣، ٣٥٠
کەیخوسرەو، ٣٦٧
کەیکاوس جیهانداری، ٦٤
کێتلار، ٢٠١
کرۆزۆن، ٢٠٠، ٢٠٤، ٢٥٦، ٢٦١، ٢٦٦
کرۆسینسکی، ٢٢١، ٢٢٢، ٣٤٨
کرادێر، ١٨٥، ١٨٦
کرێسوێڵ، ٢٣١
کرێمێر، ٣٤٢
کرمان، ٤٤، ٦٢، ٨٠، ٢٢٢، ٢٢٨، ٢٨٤، ٣٤٨، ٣٦٥، ٣٧١، ٣٧٣
کریمە، ٣١، ١٣٠، ١٥٣
کورد، ٦، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٨، ٣٣، ١١٨، ١٣٠، ٣٧٩، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٨٧، ٣٨٨، ٣٨٩، ٤٠٧، ٤١٣
کوردستان، ٧، ١٤، ٢٣، ٢٥، ٢٧، ٣٢، ٥٩، ١١٢، ١١٧، ١١٨، ١٣٨، ٣٨٨، ٣٨٩
کوشتا، ١٧٧
کووباچی، ٢٢٨

گۆجەرات، ٢٩٣، ٣٠٧
گۆلی وان، ٤٤
گۆویا، ١٨٨، ١٨٩
گاردان، ١٩٩
گاوڕوود، ٤٠٨
گاورستان، ٢٦٥
گەرمڕوود، ٤١٠، ٤١٢
گەنجعەلیخان، ٣٩٤، ٤٠٤ ، ٤٠٨
گەنجە، ١٣٨
گەیلانی، ١٤

بنکەی ژین
www.zheen.org

گێئوورگی، ٣٦٥، ٣٧٠
گێمبروون، ٢٢٩
گڵۆن‌ئاباد، ٣٧٤
گڵکوندا، ٣١١، ٣٤٠
گوئا، ١٧٧، ١٨٥، ١٨٩
گورجستان، ٦٧، ١٠٤، ١٢٠، ١٢١، ١٢٢، ١٣٠، ١٣٨، ١٥٢، ٣٦٩
گورجی، ٣٦، ١٢٠، ١٢١، ١٢٢، ١٢٤، ١٢٥، ١٤٤، ١٥٢، ١٥٨، ١٦٥، ٢٦٠، ٢٧٩، ٢٨٠، ٣٤٩، ٣٦٥، ٣٦٧، ٣٦٩، ٣٧٠
گورگان، ٧٩
گورگین، ٣٦٥، ٣٦٧، ٣٦٨
گوڵستان، ١٨، ٦٢ ، ٢٣٨
گولومبێک، ٢٥١
گوورەکانییان، ١٠٠
گیب، ٢٤٦، ٣٢١، ٣٢٤
گیلان، ١٠، ١١، ١٤، ٢١، ٣٢، ٣٤، ٣٥، ٣٨، ٣٩، ٤٤، ٥٧، ٥٨، ٦١، ٨٥، ١٠٤، ٢٢١، ٢٩٥، ٣٠٧، ٣٤٨، ٣٧٣، ٣٧٨

لاهیجان، ٢١، ٥٧، ٥٨، ٦١، ٨٤
لاهیجی، ٣١٣
لەندەن، ٢٩، ١٨٢، ١٨٤، ١٨٥، ٢٠٢، ٢١٧، ٢٨٧، ٢٩٩
لەهێستان، ١٨٠، ٢٩٦
لێپیدووس، ١٠٤، ١٣٥
لێمبتۆن، ٦٥، ٣٠٦، ٣٢٦
لێنین، ٥٨
لێوان (لێئۆن)، ٣٦٧
لوئلین توماس، ٣٨٤
لوبنان، ١٣٦
لوتفعەلی‌خان، ٣٧٢
لوڕستان، ١٣٨، ٣٧٤
لووئی پازدەهەم، ١٩٤
لووئی چاردەهەم، ١٩٥

مۆرتۆن، ٦٥
مۆریا، ٨٥
مۆسکۆ، ١٨٠، ١٨٢، ٣٠٧
مۆنتێسکیۆ، ١٩٧
مادرید، ١٨١
مارتا، ٥٢
ماری پێتی، ١٩٥، ١٩٦، ١٩٧
مازندەران، ٧٩، ١٢٨، ١٣١، ١٤٩، ٢٨٧، ٣٠٧، ٣٤٨، ٣٧٩، ٤١٣
مالابار، ٢٩٣
مالاکا، ١٩٢، ٢٩٢
مانەوییەت، ١٧٤
مانک، ١٩٣
ماهارەشترا، ٣٤٠
ماوراءالنهر، ٧٩، ٨٢، ١١٥، ١١٦، ٣١٢
مەجارستان، ١٧٩
مەحموود، ٤٥، ٣٦٨، ٣٦٩، ٣٧١، ٣٧٣، ٣٧٥، ٣٧٨
مەدیتەرانە، ٣١، ٢٩٥، ٣٠٣
مەدینە، ١٧٤
مەراغە، ١٢، ٤٣، ٦٤، ٣٨٩، ٤٠٧، ٤٠٨، ٤٠٩، ٤١٠، ٤١٤
مەرەند، ١١٨
مەرعەش، ٩٢
مەرگەوەڕ، ٣٨٥
مەرو، ٨٠، ١٤٧
مەزاهیر موسەففا، ٣٤١
مەسعوود ڕەجەبنیا، ٦٦
مەسیحایەتی، ١٧٤، ١٩٧، ٣٤٣
مەسیحی، ٥٢، ١٢١، ١٣٦، ١٦٥، ١٦٨، ١٧٤، ١٧٧، ١٨١، ١٨٨، ٣٢٧، ٣٤٣، ٣٤٩، ٣٧٧
مەشهەد، ٨٢، ١٣٤، ١٣٩، ١٤٧، ١٦٨، ٣٦٥
مەشهەد (مەشهەد) ، ٤٩ ، ٣٦٥
مەعسوومبەگی سەفەوی، ١٢٥
مەغریب، ٢٤١

بنکەی ژین
www.zheen.org

مەغوول، ٧، ١٥، ٢٠، ٣٢، ٤١، ٤٢، ٤٩، ٥٩، ٧٥، ٩٣، ١٠٠، ١٢٢، ١٧٥، ١٧٨، ٢٢٠، ٢٢٩، ٢٣٢، ٢٧٩، ٢٩١، ٣١٢

مەقدوونی، ٨٨

مەکران، ١٧٦، ١٨٦، ٣٥٠

مەککە، ٤٩، ٢٥١

مەلیکئاغامحەممەد، ٣٩١

مەلیکوششوعەرای بەهار، ٣١٢، ٣٤١

مەلیکیانی شیروانی، ٢٣١

مەمەلانی کوڕی وەهسودان، ٣٣، ٦٤

مەنووچێهر ئەمیری، ٦٥

مەهدی عولیا، ٣٣٠

مەولانا حەسەنی کاشی، ٣١٥

مەیدانی نەخشی جیهان، ٢٤٢، ٢٤٣، ٢٤٤، ٢٤٦، ٢٥٤، ٢٥٩، ٢٧٤، ٢٨٢

مێسخیا، ١٥٢

مێنوارینگ، ٢٧٨، ٢٨٧

محەممەد دەبیرسیاقی، ٦٦

محەممەد شەیبانیخان، ٨٠

محەممەد عەبباسی، ١٣٥، ٣٨٣

محەممەد گوڵبون، ٣٤١

محەممەدئەمین ڕیاحی، ١٤

محەممەدئیسماعیل، ١٠

محەممەدبەگ، ١٠٢، ٢٧٩

محەممەدبەگی ئۆستاجلوو، ١٠٢

محەممەدپاشا، ١٥٣

محەممەدتەقی بەهار، ٣٤١

محەممەدحافز، ٣٥

محەممەدخانی ئۆستاجلوو، ٨٦، ٨٧، ٨٨

محەممەدخانی قەزوێنی، ٣١٢

محەممەدڕەزابەگ، ١٩٧، ١٩٨، ١٩٩

محەممەدعەلی مودەڕڕیسی تەورێزی، ٢٦٩

محەممەدعەلی مووەحێد، ٢٦٨

محەممەدقاسم، ٢١١

محەممەدمیرزا، ١٠٩

محەممەدی خودابەندە، ٢٥، ١٢٤، ١٢٧

محێدین، ٣٩

مرادبەگی بایندور، ٢٣

مرادپاشا، ١٥٢

مرادخانی سوڵتانچینی، ٣٩٥

مزگەوتی شا، ١٦٣، ٢٠٩، ٢٤٦، ٢٤٨، ٢٥٠، ٢٥١، ٢٥٥، ٢٥٧، ٣٥٣

مزگەوتی شێخلوتفوڵڵا، ٢٥١، ٢٥٣

موحتەشەمی کاشانی، ٣١٤

موحەقیقی سانی، ٣١١

موحەممەدبەگ، ٣٩٠، ٤٠٤، ٤٠٥، ٤٠٦

موحەممەدبەگی شاملوو، ٤٠٤

موحەممەدپادشا، ٣٨٩، ٣٩٠، ٣٩٢، ٣٩٥

موحەممەدتاقیبەگ، ٣٩٥

مورشیدقولیخانی ئۆستاجلوو، ١٣٤، ١٣٩، ١٥٧

موعیززی، ٣٢٤

موعینموسەووير، ٢١١، ٢١٤

موغان، ٣٢، ٣٥، ٦٢

موکران، ١٧٦، ١٨٦

موکریان، ٢٧

موکری، ٢٨ ، ٤١٢

مووراتۆویچ، ٢١٩

مووسا کازم، ١٠

مووسای کازم، ١٠

مووسڵ، ١٤، ٢٨، ١٥٤

موونیە، ١٩٦

موونیخن، ٢٣٨

میرئەفزەل، ٢١١

میرپازووکی، ٣٩٧

میرداماد، ٣٢٨، ٣٢٩، ٣٥٤

میرزا شاحوسێنی ئیسفەهانی، ٨٣، ٩٥

میرزا محەممەدخانی قەزوێنی، ٣١٠، ٣١١

میرزاخان، ١٢٩، ١٣٠

میرزاسەلمان، ١٢٨، ١٣٣، ١٣٧

میرزاعەلی، ٢١١

میرسۆفی، ٣٩٧

میرفەتتاح، ٣٩٥ ، ٤٠٢


بنکەی ژین
www.zheen.org

میرموقەددەم، ٣٩٧، ٤١٣
میرەویس، ٣٦٧، ٣٦٨، ٣٦٩
میسر، ٤٣، ٩٠، ١١٧، ١٧٥، ١٧٨
میشێل، ١٩٦، ٣٦٩
میلان، ٢١٧، ٢١٨
میلدنهاڵ، ١٨٥
مینۆرسکی، ٥٠، ٥٨، ٦٦، ٦٧، ٧٥، ٧٨، ٩٥، ١٤٤، ٢٣٧، ٢٨٥، ٣٠٥، ٣٠٦، ٣٠٨
مینگ، ٢٢٦، ٢٢٨

نۆروێژ، ١٨٢
نائین، ٢٢٩
ناپلئۆنی سێهەم ، ٢٤٢
نادرخانی ئەفشار، ٣٨٠
نادرشا ، ١٦٦، ٢٠٢، ٣٢٥، ٣٧٨، ٣٨٠
نەجەف، ١٥٤، ١٦٨
نەخجەوان، ٦٢، ١٠٤، ١١٩، ١٥٠، ١٩٦، ٣٨٦
نەزموددەولە ئەبووتوراب نووری، ٢٧٠
نەزیری، ٣١٩
نەسروڵــلا فەلسەفی، ١٤، ٩٢، ٩٨، ٣٨٣
نەسووحپاشا، ١٥٢
نەسیرەددینی تووسی، ٣٣٣
نەهاوەند، ١٤٩
نیزامی، ٢١١
نیکۆلا د مێلۆ، ١٨٠
نیوبێری، ١٨٤

واختانگ، ٣٧٠
واسا، ٢١٩، ٢٢٠
واشینگتۆن، ٢٤٢، ٢٦٨
واڵش، ٣٢٦
وان ترومپ، ١٩٣
وەحید مازندەرانی، ٢٠٤
وەرامین، ٢٢٩
وەرساق، ٦٢
وەرشەو، ٢١٩
وەکیلپاشا، ١٤٩
وەهسودانی، ٦٤
وێنیز، ٨٩، ٩١، ١٦٣، ١٨٠، ١٨١، ٣٧٧
وێنیزی ، ٢٢، ٦٠، ٩١، ١٧٥، ١٧٨، ١٨٥، ٢٩١، ٢٩٢، ٢٩٥، ٣٠٢
ورمێ، ١٢، ٢٣، ٢٦، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٨٧، ٣٨٨، ٣٩١، ٤٠٨، ٤١٢
ونڕدایک، ٢١٦
ووستنفیڵد، ٦٧، ٢٦٨
ویکتۆریا، ٢١٧، ٢٢٨
ویلیام ئووزلی، ٢٦١
ویلیام بافین، ١٩٠
ویلیام گیبسون، ٢٩٩
وینستۆن چرچیل، ٢٤١

هۆرمز، ١٧٦، ١٧٧، ١٨٤، ١٨٦، ١٨٨، ١٨٩، ١٩٠، ١٩١، ٢٠١، ٢٩٢، ٢٩٣، ٢٩٤، ٢٩٥، ٣٠٠، ٣٥٠
هۆمێر، ١٣٦
هاتفی، ٣٠٩
هاجسۆن، ٣٢٥
هارِوونئاباد، ١٥٤
هانۆی، ٣٤٩
هانری کۆربۆن، ٦٠، ٣٢٧، ٣٤٣
هەخامەنشییان، ١٧٣
هەژار، ٣٨٦
هەشتبەهەشت، ٢٥٩
هەشتەرخان، ١٨٣، ٢٠٣، ٢٩٥، ٣٧٣، ٣٧٦
هەڵۆخان، ٢٧
هەمەدان، ٤٨، ٧٩، ١٠٨، ١٩٦، ٣٧٩
هێربێرت، ٢٦٣، ٢٦٥
هێمن، ٩، ٣٨٥، ٤٠١، ٤٠٨، ٤١٣، ٤١٥
هولەند، ١٦٦، ١٨٥، ١٩٢، ١٩٣، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٤٧، ٢٦٤، ٢٦٦، ٢٩٤، ٢٩٨، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣٠١، ٣٠٧
هیدایەت، ٣١٢، ٣١٧، ٣٢١، ٣٤١

بنکەی ژین
www.zheen.org

هیرات، ٤٤، ٧١، ٨٠، ٨٢، ٩٦، ١٠٣، ١٠٥، ١٠٦، ١١٠، ١١٥، ١٢٥، ١٢٨، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٤، ١٣٩، ١٤٧، ١٤٨، ٢٠٥، ٢٠٦، ٣٠٩، ٣٦٩، ٣٧٢
هیلالی، ٣٠٩
هینتس، ٣٢، ٦٤
هیند، ٩٣، ١٠٠، ١٢٣، ١٣٦، ١٦٦، ١٧٥، ١٨٤، ١٨٥، ١٩٩، ٢١٠، ٢٢٢، ٢٥٧، ٢٩١، ٢٩٢، ٣٠١، ٣٠٧، ٣١٠، ٣١١، ٣١٢، ٣١٣، ٣١٨، ٣٢١، ٣٤٠
هیندوو، ٢٦٥ ، ٢٦٦
هیندی، ١٦٠، ١٧٦، ١٨٢، ١٨٥، ١٨٦، ١٨٧، ١٨٩، ١٩٠، ١٩١، ١٩٣، ١٩٤، ١٩٩، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٢٨، ٢٤٧، ٢٦٥، ٢٦٦، ٢٩١، ٢٩٣، ٢٩٤، ٢٩٥، ٢٩٦، ٢٩٨، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣٠١، ٣٠٣، ٣٠٧، ٣١٣، ٣١٦، ٣١٧، ٣١٨، ٣١٩، ٣٢١، ٣٤٠

یۆنان، ٩٩
یۆنانی، ١٣٦، ٣٢٨، ٣٣٤ ، ٣٤٣
یارئەحمەدی ئیسفەهانی، ٨٢
یاقووببەگ، ١٨
یان ئێشمیت ، ٣٠٠
یەسووعی ، ١٧٧، ١٨٥، ١٩٤، ١٩٦، ٢٦٦، ٣٤٨
یەکێتی سۆڤییەت، ١٦٦
یەمەن، ٣٢
یەزد، ٣٣٦، ٣٧٤

بنکەی ژین
www.zheen.org